بەرگی یەکەم

بیرەوەرییەکانی د. فؤاد معصوم

THE MEMOIRS OF DR. MUHAMMAD FUAD MASUM

یەکەمین سەرۆکوەزیرانی کوردستان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

نامادەکردن و نووسینەوە
شێرزاد هەینی

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

بیرەوەرییەکانی د. فؤاد معصوم

یەکەمین سەرۆکوەزیرانی کوردستان

بەرگی یەکەم

دەزگای فام
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
FAMpublication
بەڕێوەبەری گشتی: سەنگەر زراری

مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی بۆ دەزگای فام پارێزراوە.

چاپی یەکەم - ٢٠٢٥

د. فؤاد معصوم

یەکەمین سەرۆکوەزیرانی کوردستان

ئامادەکردن و نووسینەوە

شێرزاد هەینی

بابەت: بیرەوەری

پێوانە

١٣.٥•٢١سم (٧٦٨) لاپەڕە

ئەو کتێبە لەسەر ئەرکی "د. فؤاد معصوم" چاپ کراوە.

ISBN: 978-9922-709-42-0

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان، ژمارە سپاردنی (٧٨٥)ی ساڵی ٢٠٢٤ی پێ دراوە.

بیرەوەرییەکانی د. فؤاد معصوم

یەکەمین سەرۆکوەزیرانی کوردستان

بەرگی یەکەم

هەڤپەیقین و نووسینەوە

شێرزاد هەینی

به یادی ڕۆحی پاکی هاوســـەرم "ڕووناک"، زۆر بە من و منداڵەکان و شـــۆڕش و یەکێتییەوە ماندوو بوو، پێشـــکەشـــە و ڕۆحی ئاسوودە بێت.

د. فؤاد معصوم

ناوەڕۆک

ناوەڕۆک..... ٥

ئەوانەی نەنووسراون نووسیمان ١٣

بۆندار دەنووسم ١٤

ئێستا ئامادەم..... ١٥

دەبم بە سەرۆکوەزیران..... ١٧

بەشی یەکەم

کۆیە سەرچاوەیە ڕەچەڵەک و منداڵی و خوێندن..... ٢١

١ باپیری "فؤاد معصوم" لە "هەورامان"ەوە هاتووەتە کۆیە..... ٢٣

٢ مەلا معصوم هەورامی ٢٦

٣ زیرەکیی مەلا معصوم..... ٢٧

٤ مەلا معصوم بەرانبەر مەلیک فەیسەل..... ٣١

٥ نۆرەی دایکە ٣٧

٦ بۆ دایکم ببم بە مەلا..... ٣٨

٧ پەنجەکانی مەلا سابیر..... ٤١

٨ قوتابخانەی میری..... ٤٣

٩ دووبارە دەچمەوە حوجرە..... ٤٥

١٠ خوێندنی ناو مزگەوت..... ٤٧

١١ ئاهەنگ و خواردن..... ٤٩

١٢ لەگەڵ باوکم دەچمە هەولێر ٥١

بەشی دووەم

لە "کۆیە"وە بۆ "قاهیرە" ئەزهەر - سیاسەت..... ٥٣

١ لە مالّی شێخ مستەفا..... ٥٥
٢ نامەیەک بۆ ئەزهەر..... ٥٧
٣ سەعید قەزاز..... ٦٠
٤ شۆڕش بۆ من لە من کرا..... ٦٤
٥ شەوەکانی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨..... ٦٦
٦ خالید بەگداش..... ٧٠
٧ لە قاهیرە سیاسەت دەکات..... ٧٣
٨ ڕادیۆی کوردی لە قاهیرە..... ٧٥
٩ هاوکارەکان..... ٧٨
١٠ تورکیا تووڕە دەبێت..... ٨٢
١١ بۆ قاهیرە ئەوەی کرد؟..... ٨٣
١٢ سووریاش ترسابوو..... ٨٨
١٣ انا بحبک یا مصطفی..... ٩٢

بەشی سێیەم

کوردایەتی لە قاهیرە..... ٩٣

١ لە نێوان زانست و سیاسەت کامیان؟..... ٩٥
٢ کەس ناناسم..... ٩٩
٣ وەک ئەوەی بچمەوە مالّی خۆمان..... ١٠٢
٤ لە قاهیرەش خالید نەقشەبەندی..... ١٠٥
٥ کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراقی "رابطة الطلبة العراقية" لە قاهیرە.. ١٠٧
٦ با قەرزەکانم بدەمەوە..... ١١٠

٧ ئیقامەکەم نوێ دەکەمەوە ١١٣
٨ هەر دەخوێنم ١١٦
٩ ئیمە عەرەب نین ١٢٠
١٠ نەچوومەوە ١٢٦
١١ لە بەسرە دامەزرام ١٢٩
١٢ دیسان دەچمەوە قاهیرە ١٣١
١٣ بیرمەند تەها حوسێن ١٣٤
١٤ بوومە دکتۆر ١٣٦
١٥ نامەی سەرۆک بارزانی ١٣٩

بەشی چوارەم

کۆششەکانم بەر لە رێککەوتننامەی جەزائیری ١٩٧٥ ..... ١٤١

١ نامەی بارزانی بۆ سادات ١٤٣
٢ سادات دەچێتە پاریس ١٤٧
٣ تۆپخانەی ئێرانی ١٤٩
٤ لیبیا و تونس ١٥٣

بەشی پێنجەم

دەستەی دامەزرێنەران ١٥٥

١ نسکۆ و هەڵسانەوە ١٥٧
٢ مام جەلال ١٥٩
٣ دەچمە بەیروت ١٦١
٤ شۆڕشی نوێ ١٦٤

بەشی شەشەم

دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ١٦٧

١ کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەران ١٦٩
٢ کۆبوونەوەی دووەم ١٧٦
٣ کۆمەڵەی خوێندکاران (KSSE) ١٧٧
٤ پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتە ئیشتراکییەکان ١٧٩
٥ پانۆرامای کۆبوونەوەکان ١٨٢
٦ بەڵگەیەکی مێژوویی ٢٥١

بەشی حەوتەم

پاسپۆرت و دیدارەکانی دکتۆر فؤاد ٢٥٣

١ پاسپۆرتی چەند وڵاتێک ٢٥٥
٢ لەگەڵ ئیمام خومەینی ٢٦٣
٣ کۆبوونەوەی لێژنەی قیادی "دەرەوە" ٢٦٨
٤ کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی لە دیمەشق مام جەلال، مەسعوود بارزانی، باقر یاسین ٢٩٢
٥ لە تاران ٢٩٦
٦ لە هەولێر باسی ڕابردوو دەکەین ٢٩٨
٧ کورت بەڵام گەورە ٣١٤
٨ ئێران بە پانی و درێژی ٣١٦

بەشی هەشتەم

بەردەوام لەگەڵ مام جەلال ٣٣٥

١ نامەیەک ٣٣٧
٢ با ئەوانەش لە بیر نەکەینا ٣٤٠

بەشی نۆیەم

دەفتەری ڕۆژانە و نامەکانی مام جەلال ٣٤٧

١ سالّی ١٩٧٥ رۆژ بە رۆژ ٣٤٩
٢ دەفتەری سالّی ١٩٧٧ ..... ٣٦٤
٣ مام جەلال بەردەوام و زۆر بۆی دەنووسێت ٣٨٠
٤ تاکە پەیوەندییەکانیان بە نامە بووە ٤٠٢
٥ ئەو نامەیەش با بە زمانی عەرەبی بێت ٤٢٥

بەشی دەیەم

خانەوادە و خزم و کەس ٤٣٥

١ ڕووناکی کچە خالّم ٤٣٧
٢ "شوان"م نەما ٤٤٢
٣ خەونم دیت ٤٤٧
٤ ئەوانەش زۆر پێویستن ٤٥٥

بەشی یازدەیەم

بەیاننامە و یاداشتەکانی ڕۆژانە ٤٧٥

١ بەیاننامەیەک ٤٧٧
٢ پاککردنەوەی کوردستان لە چریکەکانی کوردستان ٤٨٨
٣ دەفتەری یاداشتی ڕۆژانەی سالّی ١٩٨١ ..... ٤٩١
٤ دەفتەری یاداشتی سالّی ١٩٨٢ ..... ٥٤٨
٥ دەفتەری یاداشتی سالّی ١٩٨٣ ..... ٦٣٠

بەشی دوازدەیەم

دانوستانەکانی یەکێتی لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە سالّی ١٩٨٤ ..... ٦٣٧

١ بۆ دانوستان؟ ٦٣٩
٢ هێزی پشتیوان ٦٤١
٣ عبدالله الاحمر ٦٤٥

٤ لە بەغداوە بۆ هەولێر دیسان بۆ بەغدا ٦٤٩
٥ سەردان و میوانداری..... ٦٥٢
٦ تاران نیگەرانە..... ٦٥٤
٧ لەسێدارەدان ٦٥٧
٨ جەیشی شەعبی ناکەین..... ٦٥٩
٩ سلێمانی دەقلیشێتەوە ٦٦١
١٠ دەرگە داخراو نییە ٦٦٣
١١ ئێمە تووڕە نەبووین..... ٦٦٤
١٢ شێخان..... ٦٦٧
١٣ بە توندی قسەمان کرد..... ٦٦٩
١٤ موجامەلە..... ٦٧٣
١٥ شەڕ هەر هەبوو..... ٦٧٥
١٦ دێنە سورداش ٦٧٦
١٧ ناچمە بەغدا..... ٦٧٨
١٨ هاتنە سورداش..... ٦٨٠
١٩ دەچنە لای سەدام حوسێن ٦٨٥
٢٠ بەردەوامین..... ٦٨٨
٢١ پاشەکشەکردن ٦٩١
٢٢ شەڕ دەبێتەوە..... ٦٩٤

ئەلبووم.....٧٠٣

چەند نامەیەک لە ئەرشیفی دکتۆر خدر مەعسووم هەورامی ٧٢٩

ئەوانەی نەنووسراون نووسیمان

لەبەر زۆری، گەورەیی و پێویستیی هەنووکەیی؛ دیمانە، ئەرشیف، دەفتەر، ڕۆژانەکانی دکتۆر فؤاد معصوم. ئەو لاپەڕانەی لەو کتێبە سوودیان لێ وەرگیراوە، یان ئاماژەیان پێ دراوە، کتێبەکە گەورە دەرچوو، لاپەڕەکان زۆر بوون، بۆیە بڕیارمان دا بیکەین بە دوو بەرگ؛ کە یەکترییش تەواو دەکەن، هیچیان پاشکۆی ئەوی تریان نییە.

ئەو دەق و نووسینانەی پێویست بوون بڵاو بکرێنەوە، وەک خۆیان دانراون، بەڵام کەمێک دەستکاریی ڕێنووس و خاڵبەندییان پێویست بووە، هیچ دەستکاری، هاوێر، بژار نەکراون.

لەو یادنووس، بیرەوەری، هەڤپەیڤینەدا؛ ناو، بابەت، ڕووداو، ڕاستییە نوێیەکان... ئازایانە، ڕاشکاوانە، یەکەم جارە بڵاو دەکرێنەوە.

بۆندار دەنووسم

لە دەستپێکی ئەو نووسین و تۆمارکردنە مێژوویە سیاسییە گەورەیەدا، سەرەتا بیرم لەوە کردەوە، "ناشزانم چۆن ئەوەم بە بیردا هات و ئەوەم کرد!":

جلە ئاسایییەکانی ڕۆژەکەم لەبەرکردەوە، جلی ئۆفیس و پێشوازی و میواندارییم لەبەرکرد، وەک ئەوەی بمەوێ بچمە دیدارێکی ڕەسمی، بە کورتی بڵێم؛ جلی جوانترم لەبەرکرد، بۆنم لە پێستی سەردەستەکانم دا.

بۆندارم و پەنجەرە گەورەکەی ژوورەکەم کردەوە، تا ژوورەکە بە تیشک و ڕووناکیی ڕۆژەکە ڕۆشنتر بێت، چوومەوە بەر ئاوێنە لاکێشەییەکەی ژوورەکەم، وەک ڕم وەستام، دووبارە سەیری دەموچاو و جلوبەرگەکانم کردەوە، لە خۆم پرسی ئایا شیاوم؟! ئێستا بەو شێوەیە ئامادەم شتێ بنووسم؟!

بەو شێوەیە، من وەک نووسەری بیرەوەری و دیدارەکە، دەتوانم بچمە ناو گەنجینەکە، تەلیسمەکە، دەریاکە، نهێنییەکان، دەستنووسەکان! ناو ژیان و سەربردەکانی "یەکەمین سەرۆکوەزیرانی کوردستان"، دکتۆر "فؤاد معصوم"؟!

***

ئێستا ئامادەم

نازانم چۆن دەست پێ بکەم، چەند سەعات تۆماری دەنگی، چەند هەزار وشەیەک لە؛ نووسین، پەیام، نامە، دەفتەری کۆنی ڕۆژانەم لەبەردەستە!

دکتۆر فؤاد معصوم، لە هەموو پێگەکانی ژیان و خوێندن و سیاسەت و مان و بوون و چالاکییەکانی، پاش ئەوەی هەوار و شار و بارەگە و ئۆفیس و مالّی زۆری کردووە، ئێستا ئاسایی و بە سادەیی لە هەولێر دەژیت.

دەمەوێ ئەوە بکەم، شەرەفی ئەوەم پێ سپێردراوە؛ ژیان، خەبات، مۆراڵ و ڕۆژانەکەی بنووسمەوە. دەزانم ئاسان نییە ژیان و چالاکی و نەبەردییەکانی دڵە لۆکە سپییەکە، چاوە زیندووەکە، پیاوە بە ئەزموونەکە، پیاوە نەرم و شیرینەکە بنووسمەوە.

"لەگەڵ هەموو ناسکی و نەرمونیانییەکەی، ئەو زۆر کاری سیاسیی دژواری لە ڕۆژگاری سەخت و ترسناکیش کردووە، پێشمەرگەش بووە.

لەناو شاخ و داروبەرد و ئەشکەوتیش ژیاوە، لە مەرگ نزیک بوویتەوە، حیزبی داناوە، سەرکردایەتیی شۆڕشی کردووە، سامان و دەسکەوتی شۆڕشی لەبن دەستی بووە، پارە و سامانی حیزب و شۆڕشەکەی لە کن بووە، لە ولّاتانیش دەنگ و پەیامنێر و ڕاسپاردەی میللەتەکەی بووە، لەناو ململانێیە گەرمە

دژوارەکانیش، دەربازی بووە و سەرکەوتوو ماوەتەوە، بووە بە یەکەمین سەرۆکۆمارانی هەرێمی کوردستان، لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان سوێندی یاسایی خواردووە.

لە مێژووی نزیکی کوردستان، کۆمار، مەملەکەتی تریش هەبوون، بەڵام ئەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە ڕووی دەستووری و ناساندنی یاسایی و دانپێدانانی جیهانی و دیپلۆماسی جیاواز بووە، بۆیە دەڵێم یەکەمین سەرۆکۆمارانی کوردستان.

وا دەچمە ناو دێڕەکانی تۆمار و دەفتەر و نامەکانی ئەوا ئەوەش ئاسان نییە! بەڵام وا بەرنامەکەمان دارشتووە، زۆریش شانازیی بەو ئەزموونە دەکەم، کە نووسین بۆ بیرەوەرییەکانی ئەو کەسایەتییە گەورەیە تەرخان بکەم، چەندی بتوانم هۆشمەندانە و شایستە بنووسم.

دەمەوێ ئەو ئەزموونەم نووسین و کتێبێک بێت؛ دەوڵەمەند، پوخت، باش، ورد، پربایەخ، زانستی و سەردەمییانە بێت. کتێبێک بێت پشت بە؛ دیکومێنیت و نامە و فۆتۆ و دەستنووس و دیدارەکان ببەستم، ئەوەش بێتە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گەورە.

بەڵێ ئەوە دەکەم، من دەبم بەو نووسەرەی کتێبێک لەسەر ئەو پیاوە ماندووە دەنووسم. من لەسەر یەکەمین سەرۆکۆمارانی هەرێمی کوردستان دەنووسم، ناوی کتێبەکەش دەنێم "دکتۆر فؤاد معصوم، یەکەمین سەرۆکۆمارانی".

دەبم بە سەرۆکوەزیران

جارێکیان "فەقێ بووم، هەنگاوەکانی خوێندنم باش و زیرەکانە بڕیبوو" لە حوجرە و زانینگەکەی باوکم، فەقێیەک هەبوو، برادەرم بوو، من کوڕە مەلا، ئەویش فەقێی باوکم بوو، بە تەمەن زۆریش گەورە نەبووم، گەیشتبوومە ئەو قۆناغەی، کە بتوانم پرسیاران بکەم، ڕامانم هەبێت، ورد و باش لە شتەکان بکۆڵمەوە، لە ئەگەرەکان ورد ببمەوە. برادەرەکەم ناوی "مەلا عەبدوڵڵا" بوو، تەمەن و ئاستی فێربوونەکەی گەیشتبووە ئەوەی پێی بڵێن مەلا، ئەو خەڵکی گوندی "شەوگێڕ"ی دەشتی کۆیە بوو.

ڕۆژێکیان لە منی پرسی:

فؤاد، ئاوات و خەونی تۆ لە ژیاندا چییە؟

"ئەو پرسیارێکی سادەی لەو کردبوو، ڕەنگە بیریشی لەوە کردبێتەوە وەڵامەکە چی بێت، ئاسان بوو ئەوە بزانێت، چونکە کەسێک لە تەمەنی ئەو، لەناو کەشوهەوایەکی ئایینی، مزگەوت، خوێندنەوە و مەلایەتی... دیارە چ دەڵێت، دەیەوێ ببێتە چی! ماندووبوون و بیرکردنەوەی زۆری نەدەویست بڵێت دەمەوێ ببم بە مەلا، زانا، مامۆستایەک و ڕێچکەی باب و باپیرانم لە بواری ئایین و فێرکردن و زانستی ئیسلامی بەرنەدەم!"

بەڵام فؤاد بە وەڵامەکەی، بەرانبەرەکەی زۆر سەرسام کردووە، چونکە گوتوویەتی:

"مەلا عەبدوڵڵا، من گەورە بم و خوێندن تەواو بکەم، پێم خۆشە ببمە سەرۆک وەزیران، کار و بەرنامەکانم بۆ ئەوە دەبێت!"

***

بەڵێ! ئەو لەو دەمانە وا وەڵامی برادەرەکەی داوەتەوە، ئەویش نەیزانیوە چۆن ئەوەی بۆ هاتووە! منداڵێکی ناو حوجرەیەکی کۆیە، بەو جۆرە بیری کردیتەوە؟!

برادەرەکە، مەلا عەبدوڵڵا "بە خەیاڵ" زوو ڕامان و ئارەزووەکەی کوڕەکە قبوڵ دەکات، هەر لەو حوجرەیەدا، لە کۆیە، بە خەیاڵ، لەبەر دڵی کوڕەکە، لەبەر مەقامی مەلا معصومی هەورامیی باوکی. دەبینێت چۆن "مەجلیسی ئەعیان"ی مەملەکەتی عێراقی ڕەزامەندی بۆ دەکەن، هەر چل ئەندامەکەی، ئەوانەی حەوت ساڵ لەو مەجلیسە دەمانەوە، هەمووان دەستی ڕەزامەندی و قبوڵکردنی بۆ بەرز بکەنەوە، ئیمزا و پەنجەمۆری بۆ بکەن، بڕیارەکەی بۆ دەردەکەن، دەیکەنە سەرۆکوەزیرانی مەملەکەتی عێراق.

پاش ئەوە لێی پرسیوە:

فؤاد مەلا معصوم، وا بوویتە سەرۆکوەزیران، هەڵسوکەوتت لەگەڵ خەڵک چۆن دەبێت؟!

ئیتر ئەو لەناو بەغدایە بووە بە سەرۆکوەزیران، فەرمانڕەوایی مەملەکەتێکی پانوبەرین دەکات، دوو ڕووبـاری درێژ و بەبەرەکەتی لەبن دەستە، دەشت و چیا و بیابان و دارخورما و ئەهوارەکانی لەبەر دەستە، ئەویش بە دەنگێکی گەورەوە، بە متمانەیەکی زۆرەوە، پێی دەڵێت:

مەلا عەبدوڵڵا، بەرنامەکانی متمانە و بڕوام پێیان هەیە، جێبەجێیان دەکەم. ئەگەر لە بیریشم چوو، یان سەرقاڵ بووم، وەرە لام، بڵێ من برادەری ئەوم، پێم بڵێ:

باشە فؤاد، بەرنامەکانت جوان و دروست جێبەجێ دەکەیت؟! هاتووم بەڵێنەکەت جێبەجێ بکەیت، من بکەیتە بەڕێوەبەری ئەوقاف، مانگانەش سەد دینارم دەوێت، ئەوە بەڵێنی خۆتە!

فؤاد قسەکانی کردووە، باسی خەون و پێشبینییەکانی بە برادەرەکەی گوتووە. بەڵام پاش ماوەیەک لەیەکتری دابڕاون، ئەو بۆ خوێندن بەرەو قاهیرە ڕۆیشتووە، مەلا عەبدوڵڵای نەدۆزیوەتەوە.

***

فؤادی فەقێ، لە شارێکی بچووکی دوورە پایتەخت، چۆن بیری لەوە کردیتەوە دەگاتە پلە و پۆستێکی گەورە و دیاری وڵاتەکە؟!

ئەوەی گوتووە، چونکە ئەو بە منداڵی زیرەک بووە، باوک و باپیرانی مەلازادە بوون؛ فؤاد کوڕی مەلا معصوم، ئەویش

نەوەی مەلا خدر، مەلا حەسەن، مەلا حوسێن، مەلا حامید، مەلا مستەفا، مەلا خدری گەورە بووە. باپیری مەلا خدریش بە ناوی باپیرە گەورەیان کراوە، دواییش ناوی خدر زیندوو دەکەنەوە، براکەی فؤاد ناو دەنێن خدر!

ئەو لەو ڕەچەڵەکە بووە، لەناو کتێب و زانین و قوتابخانە بووە، بۆیە بیری لەوە کردیتەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێتە "سەرۆکوەزیران"، بۆیەش خەون و خەیاڵەکەی هاتووەتە دی!

بەشی یەکەم

کۆیە سەرچاوەیە ڕەچەڵەک و منداڵی و خوێندن

١

باپیری "فؤاد معصوم"
لە "هەورامان"ەوە هاتووەتە کۆیە

هەموومان، ئەوانەی ناوی دکتۆر فؤاد معصومان بیستبوو، وامان دەزانی ئەو بە ڕەچەڵەک کۆییە، هەر بەو ناوە ناسراو بووە، ڕەنگە کەسە نزیکەکانی، خەڵکی کۆیە سەربردەی هاتن و مانەوەی لە کۆیە بزانن، بەڵام هەمووان نازانن. ئینجا بۆ ناسین و زانینی ڕەچەلەکی ئەو بنەماڵە مەلازادەیە، ئەوەی خوارەوە لەسەر زاری دکتۆر فؤاد دەنووسینەوە:

مەلا خدر لە هەورامان لەدایک بووە

مەلا خدری باپیرم لە خانەوادەیەکی مەلازادە بووە، پشتاوپشت بە مەلایەتی هاتوونەتە خوار، خەڵکی گوندی "خەرپانی"ی ناوچەی هەورامانی لهۆنی نزیک هەڵەبجە بووە.

مەلا خدر لە لای مەلا حەسەنی باوکی دەخوێنێت، هەر بۆ خوێندن ڕوو دەکاتە گوندی "نودشە"، کە ئێستا شارۆچکەیەکە سەر بە نووسود و پاوە، بووە بە پێگەیەکی ڕۆشنبیری و زانستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەو ساڵەی ئەو چووە مەلایەکی زۆر

ناوداری لێ بووە، ماوەیەک لای ئەو خوێندوویەتی، دوای ئەوە چووەتە مەدرەسەی "دار الاحسان" لە سنە.

دەربازبوون لە سنوور ئاسان بووە، یان سنوور هەر بوونی نەبووە، بۆیە فەقێیەکە لە لهۆنەوە چووەتە نودشە، لەوێ بەرەو سنە رۆیشتووە، ئینجا ڕووی لە کۆیە کردیتەوە، لەوێ لە لای حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە ماوەتەوە، ئیجازەی مەلایەتییەکەی لەو وەرگرتووە، لە ڕێورەسمی پێدانی ئیجازەکەی پێی گوتووە:

"بە ڕاستی شایستەی ئەوەیە، ڕۆڵە خوێندکارەکان لە ڕێزی مامۆستاکانی خۆیانی دابنێن!"

مەلا خدر، حەزی لە کۆیە دەبێ، هەر لەوێش لەگەڵ "ڕەحیمە"ی کچی فەقێ مەحموود، کە بازرگانێکی دەوڵەمەندی کۆیە بووە، هاوسەرگیری دەکات.

لە کۆیەوە بەرەو کەرکووک

مەلا خدر بۆ فێربوون و مامۆستایەتی و پلەی مودەڕیسی، لەگەڵ بانگەوازی دەسەڵاتی ئەو دەمەی عوسمانییەکان بۆ بەشداریکردن لە پلەداریی مامۆستایەتی چوویتە کەرکووک، لەوێ وەک مەلایەکی ناسراو و زانای ناودار دەبێت و دەمێنێتەوە، مەلا خدری هەورامی دەگاتە هاوشانی هەردوو مەلا عەلی حیکمەت ئەفەندی و مەلا مەحموودی مەزناوە.

لەوێ ســـێ کوڕی بە ناوەکانی "موحەمەد جەمال، موحەمەد جەمیل، موحەمەد معصـوم" و دوو کچیشـی بە ناوەکانی "حەبیبە و مەهجەم" هەبووە. بەڵام ژنە کۆییەکەی هەر دڵی لە کۆیە بووە، بیری ئاووهەوا و باخچەکانی کۆیە و باواجی و هامۆن و کەوکۆنی کردووە، بۆیە مەلا خدری هێناوەتەوە کۆیە!

کۆییەکانیش بە دڵێکی گەرم و ڕێزێکی زۆرەوە پێشـــوازی دەکەن، دەبێتە مامۆستا و مەلای مزگەوتی "ڕەشە" لە کۆیە.

٢

مەلا معصوم هەورامی

دکتۆر فؤاد بۆ باس و یادی "باوک"ی گوتوویەتی:

مەلا معصـــومی بـاوکم لە ســـالّی ١٩٠٦ لەگەلّ بـاوکی دەگەڕێتەوە، ئەو دەمانە تەمەنی شـەش ســالّان بووە لە کۆیە بۆ خوێندن دەچێتە قوتابخانەی ســـەرەتایی میری، بەتەمەنیش لە هەموو قوتابییەکان بچووکتر بووە، قوتابی تێدا بووە دە ســـالّیش لەو گەورەتر بوون، زیرەک بووە، لەســـەر هەمووشـــیان یەکەم بووە، پۆلی شەش تەواو دەکات، لەو ساڵە باوکی وەفات دەکات، شەڕی یەکەمی جیهانییش هەڵدەگیرسێت و دەچنەوە کەرکووک، لەوێ دەچێتە بەر خوێندن لە قوتابخانەی "دار الخلافة"، کە لە ئاســـتی قۆناغی ناوەندی بووە، لە خوێندنی بەردەوام دەبێت خوێندنی ســێ ســالّییەکە تەواو دەکات، ئیتر لە عێراق خوێندنی تر نەبوو، دەبوایە بچێتە ئیســـتانبوولّ، بەلّام لەبەر بارودۆخی شـــارەکە، گرتن و ڕەشـــبگیری لەگەلّ برا گەورەکەی کە هەلّاتووی سەربازی بووە و حوکمی لەسێدارەدانی لەسەر بووە، ڕادەکەن و دەچنە شـــاری خـانەقین، کە لەژێر هەژموون و دەســـەلّاتی ئینگلیزەکـانـدا بووە. وەک پەنـابەرێـک لە سەربازگەیەکیان دالّدەیان دەدەن، لەوێ مەلا معصوم ئەزموون و لێهاتوویی خۆی نیشـان دەدات و دەکرێت بە جێگری سـەرۆکی شارەوانیی خانەقین.

٣

زیرەکیی مەلا معصوم

لەو ساڵانە "موحەمەد جەمیل"ی برایان لە تەمەنی ٢٢ ساڵی کۆچی دوایی دەکات، "موحەمەد جەمال"یش لەوێ هاوسەرگیری دەکات، مـاڵی خۆی دەکـات و جیـا دەبێتەوە. "حەبیبە"ی خوشکیان سێ کچی هەبووە، کچی یەکەمی لە خانەقین شـوو بە پیاوێک دەکات فەرمانبەری عوسـمانی بووە، بە ڕەچەڵەک خەڵکی دیـاربەکر بووە، دوو کچەکەی تری منـداڵ بوون، هەموویان لەگەڵ کچە بەمێردەکەی دەچنە تورکیـا. یەکێک لە کچەکانی حەبیبە خان شـوو بە "چتون ئاڵتان" دەکات، لەو هاوسـەرگیرییە سـێ منداڵی دەبێت، بە ناوەکانی "ئەحمەد ئاڵتان، موحەمەد ئاڵتان، زەینەب خان" هەردوو کوڕەکە ئێستا لە تورکیا کەسـایەتیی ناودارن، ئەحمەدیان ڕۆماننووس و ڕۆژنامەنووسـە، موحەمەدیش لە زانکۆی ئیسـتانبوولّ پڕۆفسـێرە، هەردووکیان لەسەر پشتگیرییان لە کورد و کوردایەتی، لە لایەن حکوومەتی تورکیـا دەگیرێن، ئەحمەد ئـاڵتـان نووسـەری کتێبی "گەر لە جیاتیی تورک کورد با چ دەبوو؟!"، کە کتێبێکی بەناوبانگە.

دایکە جەرگسووتاو و ماندووەکە فشـار دەخاتە سـەر معصـوم و دەیباتەوە کۆیە. ئەویش بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی دەچێتە گوندی دووگردکانی دەشـتی هەولێر، لە لای مەلا موحەمەدی

پوورزای دەخوێنێت. دوای سالێک دەچێتەوە کۆیە لە لای مەلا سادقی دایە خەجێ لە مزگەوتی "مەلا جامی"، هەروەها لە لای مەلا بەهائەدین لە مزگەوتی "بایز ئاغا" دەخوێنێت، لەبەردەستی مەلای گەورەی کۆیەش ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت.

هەروەک چۆن حاجی مەلا عەبدوڵڵا ستایشی مەلا خدری باوکی کردبوو، مەلا موحەمەدی جەلیزادەش ستایشێکی زۆری مەلا معصوم دەکات، لە کاتی ئیجازەنامەکەی، پێی دەڵێت:

"مەلا معصوم شایستە ئەوەیە ئیجازە بدات، نەک ئیجازە وەرگرێت!"

مەلا معصوم لە کۆیە دەگیرسێتەوە، لەگەڵ "ئامینە"ی کچی حاجی ئاغا مستەفا، کە پیاوێکی دەوڵەمەند و لێهاتووی شارەکە بووە هاوسەرگیری دەکات. مەلا معصوم لەبەر ئەوەی بناغەی خوێندنەکەی لە قوتابخانەی میری بووە، بۆیە زۆر سوودی لەو "مەنهەج"ە وەرگرتبوو، کە پتر خەریکی زانستەکە "علم" بێت و وەریبگرێت نەک خەریکی خودی کتێبەکە بێت. خۆی زۆر ماندوو کردبوو بۆ ئەوەی زانستەکە فێر ببێت، ئینجا گرنگیی بە کتێبەکانیش بدات، چونکە زۆر جار لەنێو مەلاکان تاووتوێ لەسەر کتێب دەکرا، گوایە هیچ پەیوەندی بە زانستەکەوە نەبووە.

***

مەلا معصوم پیاوێکی زۆر زیرەک بووە، لە دەرخکردن هاوتای کەم بووە، یەک جار گوێی لە پارچە شیعرێک، یا وتارێک بووایە، یەکسەر لەبەری کردووە، ئەمەش زۆر یارمەتی

داوە بۆ ئەوەی زانیاریيەکی زۆر وەربگرێت، هەمیشە لە بەردەستیدا بێت و لە شوێنی خۆیدا بەکاریان بهێنێت.

دەستخەتێکی جوان و دەنگێکی خۆشی هەبووە، شارەزایی لە مەقامات هەبووە، بێجگە لە زمانی دایکی، تورکییەکی باشی زانیوە، بە هۆی ئەوەی لە قوتابخانە تورکی زمانی ڕەسمی بووە. ئەو فارسیشی خوێندووە و قسەی پێ کردووە و کتێبی فارسیشی خوێندووەتەوە. لە عەرەبیشدا یەکێک بووە لەوانەی کە لەم بوارەدا بە زانا دادەنرا، چەندین جار لە کۆڕ و کۆبوونەوە لە بەغداد بەشداریی کردووە و قسەی کردووە، لە ڕووی زمانەوانییەوە لە مەلا عەرەبەکان ڕەوانتر و ڕاستتر بووە.

مەلا مەعسووم و مەلا مەستەفا، لەگەڵ ژمارەیەک کەسایەتی لە کۆیە.
لە ساڵانی شێستەکانی سەدەی رابردوو گیراوە.



مەلا مەعسووم هەورامی

٤

مەلا معصوم بەرانبەر مەلیک فەیسەل

لە هاوینی ١٩٥٣ مەلیک فەیسەڵی دووەم لەگەڵ عەبدولئیلاە چووبوونە هەولێر. لەوێ دیداری شاندی قەزاکانیان کردبوو، لە شاندی کۆیە باوکم و مەسعوود موحەمەد و سەمەد ئاغای حەویزی ئامادە ببوون. شەو بۆ نانخواردن هەموو شاند و لێپرسراوانی لیواکە بانگهێشت دەکرێن، لەناو ماڵی موتەسریفی ئەو دەمانە "رەشید نەجیب" چەندان وتار پێشکەش دەکرێت، هەمووی پێداهەڵدان دەبێت بە شانوبالّی مەلیک و عەبدولئیلاە، بەڵام کە نۆرەی مەلا معصوم دێت، پاش بەخێرهاتن و پیرۆزباییەکان، ڕووبەڕوو بە مەلیک دەڵێت:

"پاش بەخێرهاتن و هیوای تەمەندرێژی و سەرکەوتن و پایەداری مەملەکەت، خاوەن شکۆتان بە ناوی شاندی کۆیە داواکانی شار و هاوواڵاتییەکانی کۆیەت پێ ڕادەگەیەنم، داوا دەکەین خزمەتگوزارییەکانی ڕێگەوبان، تەندروستی و... ئەوانەمان بۆ چاک بکەن."

مەسعوود موحەمەدی بیرمەند، یەکێک بووە لەوانەی پاش چەندان ساڵ ئاماژەی بەو ڕووداوە داوە، لە دیمانەیەکی لەگەڵ ڕۆژنامەیەک گوتوویەتی:

" قسە و زمان و دەربڕینەکەی مەلا معصوم، ئەگەرچی

سەرپێی و لەناکاویش بووە، بەڵام وەک ئەوە وا بوو چەندان ڕۆژ خۆی بۆ ئامادە کردبێت، وتارەکەی زۆر بالکێش و جوان بووە، زمانە عەرەبییەکەی، دەربڕینەکەی ناوازە بووە، بۆیە مەلیک و عەبدولئیلاهـــ و ئامادەبوونیش، ئافەرین و دەستخۆشیی لێ دەکەن"

کە باوکم دەگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی، تەحسین قەدری "سەرۆکی دیوانی ملکی" دەچێتە لای و پێی دەڵێت:

"بە ناوی خاوەنشکۆوە هاتوومەتە لات، لەبەر جوانی و باشیی وتارەکەت سوپاست دەکات، خاوەنشکۆ بەڵێن دەدات داواکانتان جێبەجێ بکات، فەرموون بڵێن!"

ئەویش لە وەڵامدا سوپاسی خاوەنشکۆ دەکات و دەڵێت:

"من خۆم هیچ داوایەکی تایبەتیم نییە جگە لەوەی پێشکەشم کردن، خودا پایەداری بکات، وەک چۆن لە وتارەکەم باسم کرد، زۆریش حەز دەکەین، خاوەنشکۆ سەردانی شارەکەمان بکات، تا بە چاوی خۆی ببینێت، شاری کۆیە چەند پشتگوێ خراوە، ڕێگەوبانەکانی خراپن، گەیشتن بە کۆیە ئاسان نییە!"

هەر دەربارەی عەرەبیزانینەکەی مەلا معصوم، کاک مەسعوود محەمەد جارێکیان لەگەڵ باوکم سەردانی دکتۆر "مستەفا جەواد" دەکەن، تاووتوێی هەندێک "نحو و بلاغة"ی عەرەبی دێتە پێش، لەو گفتوگۆیەدا باوکم قسەی تێدا دەکات. مستەفا جەواد، کە لەسەر ئاستی هەموو وڵاتانی عەرەبی بە زانایەکی گەورەی زانستەکانی زمانی عەرەبی داندرابوو. لەسەر

ئەو وردەکارییانەی لە تاووتوێکەدا دەریخستووە، ستایشێکی زۆری باوکم دەکات. مەسعوود موحەمەد زۆر جار ئەوەی گێڕاوەتەوە.

هەروەها مەلا معصوم هەندێک لە زمانی فەرەنسیشی لە بیر مابوو، کە لە کەرکووک لە قوتابحانە خوێندبووی، جگە لەوەی بڕێک زمانی ئینگلیزی لە خانەقین فێر بووبوو.

مەلا معصوم لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی کوردستان، گەشەسەندنی هزری نەتەوەیی و کوردایەتی لە بزاڤەکە نزیک بووە، هاوکار بووە، لە هەموو بۆنە سیاسییەکان بە دەنگ و ڕەنگ بەشدار بووە، لە کاروانەکەش بەشداری کردووە، کەسایەتییەکی نزیکی حیزب و سەرکردە کوردستانییەکان بووە، پرس و بۆچوونی ئەویان وەرگرتووە، مەلایەکی پێشەنگی کوردایەتی بووە.

***

لە حوجرە و مەدرەسەکەیان فەقێیەکی زۆر ڕوویان تێ دەکرد، لە بیرمە ئەو لە بەیانیی زووەوە تا نوێژی نیوەڕۆ، دوای نانخواردن و کەمێک حەسانەوە دەستی پێ دەکردەوە، تەنیا بۆ نوێژی عەسر وانەکان دەوەستان، ئیتر بەردەوام دەبوو تا سەعاتێکی پێش ڕۆژئاوابوون. باوکم مامۆستا و زانا و زمانزان و مەلاش بوو.

مەلا معصـوم لە رۆژی ١٩٦٤/١٢/١٨ بە نەخۆشـی کانسـەر کۆچی دوایی کردووە، لەتەنیشت گۆڕی مەلا خدری هەورامیی باوکی لە کۆیە نێژراوە.

***

ئەو رۆژەی باوکم کۆچی دوایی کرد، من لە قاهیرە بووم، سـێ مانگ بوو کۆچی دوایی کردبوو نەمزانیبووا ئەو دەمانە پەیوەنـدی کەم بوو، گومـانی مردنی ئەوم نەکردبوو، چونکە دەمزانی باوکم چاودێریی تەندروستی خۆی دەکات، دکتۆرەکان بـاش چـارەیـان دەکرد، بـاش و بەردەوامیش دەرمـانەکـانی وەردەگرت، هیچ بیرم لەوە نەدەکردەوە وا زوو و لەنـاکـاو بمرێت!

بەڵێ نەمزانیبوو، تـا رۆژێکیـان ژمـارەیەک برادەریشـم بانگهێشت کردبوو، لەو دەمانە بوو برادەرەکانم بگەنە ژوورەکەم، خواردنەکان سـاز و ئامادە بکەم، "شـەوکت عەقراوی" هاوڕێ و بەرپرسی حیزبییم هات، بە دڵێکی کەساس و خەمبار گوتی:

فؤاد، نامەیەکی مەلا مسـتەفا لە کوردسـتان هاتووە، باسـی ئەوەی کردووە کە بێم پێت ڕابگەیەنم، مەلا معصومی باوکت و برادەرەکەی مەلا مسـتەفـا، کۆچی دوایی کردووە، ئیمڕۆش نەمـردووە، مـاوەیەکە بەڵام تـازە بـوار هەبـووە هەواڵ و سـەرەخۆشـییەکەت پێ بڵێت. بەڵێ ئەو هەواڵە جەرگبڕەکەی پێ گوتم!

بەڵام من بۆ تێکنەدانی ئارەزوو و مەزاجی میوانەکانم، خۆم

نەشێواند، نەگریام، تا میوانەکانم بە ڕێ کرد، ئەوان ڕۆیشتن، ئینجا بەتەنیا لەناو شوقەکەم لە دڵەوە گریام، بە سۆزەوە کوڵام، تەقیمەوە، بەقەد هەموو خزمەکان، فەقێیەکانی باوکم، وەک کۆییەکان، پارتییەکانی مەلا معصومیان خۆش دەویست، گریام. هەر خۆم و بەتەنیاش پرسەم دانا، بە خەیاڵ چوومە سەر گۆڕەکەی، فاتیحایەکم بۆ خوێند و درووم بۆ ڕۆحی پاک و جوانی نارد.

کە دایکیشم کۆچی دوایی کرد لە دەرەوە بووم، دوور بووم، بەڵام ئەو جارە زوو موحەمەدی برای پەیوەندیی پێوە کردم، بۆ ئەویش خەمبار و پرسەدار بووم. دایکم لە ١٩٩٠/٤/١٩ کۆچی دوایی کرد.

لە ڕاستەوە: دکتۆر فواد، مەلا مەعسووم ، مەقسوود، ئامینە خانی هاوسەری مەلا مەعسووم.
لە پشتەوە: محمەد، دکتۆر خدر.
کۆیە - ساڵی ١٩٥٨

٥

نۆرەی دایکە

دایکم "ئامینە" ژنێکی جوان، ســـپی، چاوکاڵ بوو، بەاڵم کورتەباڵا و نەخوێندەوار و سادەش بوو، ئیماندار و زۆریش لە خودا دەترسا. کە گەورە بووم بەراوردم لە نێوان باوک و دایکم دەکرد، وا دەزانم دایکم لە باوکم بەدینترە، وام دەهاتە بەرچاو. دایکم شـــەونوێژی دەکرد، زوو زووش بەڕۆژوو دەبـــوو، باوەڕ ناکەم بـــــۆ بەرژەوەندییەکی خۆشـــی درۆیەکی کردبێت. زۆر بڕوامان بە خەونەکانی هەبوو، خەونی ئێمەشـــی لێک دەدایەوە، زۆر جـــار تـــووڕەم دەکـــرد و دەمـــگـــوت هەر مـــاوە داوای پێغەمبەرایەتی بکەیت!

دایکم تا کۆچی دوایی کرد، کەسـێکی مەحرەم بوو، کەس دەموچاوی نەدیبوو، کە بە سالاّچووبوو پێم دەگوت:

"ئێســـتا پیر بوویت، بە شـــەرعیش هیچت لەســـەر نییە گەر خۆت دانەپۆشی!"، گورج وەاڵمی دەدامەوە، دەیگوت:

" شەرع نەزەری حەرام کردووە، تەمەنی بۆ دانەناوە، بەتەمای دینەکەم بگۆڕی؟!"

٦

بۆ دایکم ببم بە مەلا

دایکم حەســـرەتمەند بووە کوڕێکی نەبووە، کچەکانیشـــی نەژیاون. هۆکاری مردنی خوشـکەکانم و هەزاران منداڵانی تری ئەو شـارە و گوندەکانی دەوروبەری، ئەوە بووە لە کۆیە دکتۆر کەم بووە، ڕێگـاوبـانی نێوان هەولێر و کۆیە نـاخۆش بووە، ڕێگەش لەگەڵ کەرکووک، کە زســـتان دادەهـات، ئۆتۆمبێل بەزەحمەت هـاتوچۆی پێـدا دەکرد و لە ڕێگەکە دەچەقین، دەبووایە سـەرنشـینەکانی دەسـت بدەنە بێڵ و خاکەناس، پاڵ بە ئۆتۆمبێلەکانەوە بنێن، تا لە شوێنە چەقیوەکە دەریانبهێنن، تۆزێک دەڕۆیشت دیسان دەچەقییەوە!

ئەگەر چەقینەکە لەنزیـک گونـدێـک، ئـاوەدانییەک بووایە، هانایان بۆ ئاوایەکە دەبرد، بۆ دەرکردنی ئۆتۆمبێلەکە یارمەتییان بدەن، ئەگەر درەنگیشـیان بەسـەردا بهاتایە، ئەوا بەسـەر ماڵەکانی ئەو ئاوایـەدا دابەش دەبوون یان دەچوونە مزگەوت، دادەبڕان و دەمانەوە.

***

من دوای پێنج کچ لەدایکبووم، کچەکانیش هەموو مردوون، بۆیە دایکم بۆ بوون و مانی من، ســـەردانی مەزاری شـــێخ و مەلای زۆری کردووە، نەزرشـی کردووە، ئەگەر کوڕێکم ببێت

دەبێ مەلایەتی بخوێنێت، ببێتە مەلا، وەک باب و باپیرانی، دوای چاوەڕوانی و ئەزیەتێکی زۆر من لەدایک دەبم.

هێشتا تەمەنم سێ ساڵان بووە، بۆ خوێندنی مەلایەتی دەمێرێتە سوختەخانە، کە ئەوەندە گچکە بووم، بە باوەش منیان بردووە. سوختەخانەکە هی ژنێک بووە لە کۆیە، ناوی (فەقێ پیرۆز) بووە. ژنێکی زۆر بەڕێز و لێهاتوو بووە.

***

دایکم وای دەزانی لەبەر دوعا و نزاکانی بووە، کوڕێکی دەبێت، ئیتر بۆ ئەو کۆتایی دونیا بووە. کوڕی هەیە، باواجی لەسەر شان لاچووە، باخ و ڕەزکانی کۆیە مولکی ئەون، مزگەوتەکان پڕ بوون لە مەلا و فەقێ، کوڕی بووە و تەواو!

سەرلەبەیانیی ڕۆژێکی دووشەممە کوڕێکیان دەبێت. باوکم دەفتەر و حوبری هەبووە، زۆر حەزی لە نووسین بووە، لە یاداشتی گیرفانیدا نووسیویەتی:

"خوا ئەمڕۆ کوڕێکی پێ بەخشین، تەمەن درێژ بێت، کردەوەی ساڵح بێت."

لە دووشەممەی داهاتوو ۱۹۳۸/۳/۲۸ مەلای گەورە، تەشریفی هێناوە، ویستوویەتی ناوی بنێت، "بەڵام داپیریان ناڕازی دەبێت، ویستوویەتی ناوی بنێت "خدر"، دوایی قورعەیان کردووە، ناوەکەی بووە بە محمد فؤاد. ئەو بە "دکتۆر فؤاد" موعجیب بووە، کە تورکەکان لە ساڵی ۱۹۲۲ لەسێدارەیان دابوو.

***

ناوم بووە بە فؤاد! ئەو ناوە لەگەڵ من، لەگەڵ زۆر پۆست و نازناو و پاسپۆرت و کاری سیاسی و ئەکادیمی هاتووە، ناوی فؤاد لە چەندان شار و ولاّت و کۆبوونەوە و کۆنفرانسی جیهانی ڕۆیشتووە! لە کۆیە و لەسەر زاری مەلای گەورەی کۆیە ڕۆیشتووە، چوویتە، شاری گەورە، گوندی گەورە، زانکۆی گەورەش! چەندان کاروان و شوێن و دیداری لەناو؛ کۆیە، هەولێر، سلێمانی و بەغدا و بەسرەش کردووە، تا گەیشتووتە ولاّتان و جیهانیش. فؤاد ئەگەر دڵ بووبێت، بووە بە ناوی کەسێک هەداری نەبووە، هێمن و نەرم و جوانیش خەباتی کردووە، بە ڕووی تۆندوتیژییەکان نەرم و ئاسان بووە، بە ڕووی خیانەت و دوودڵی و گومانەوە ئامۆژگاریی بووە!

"فؤاد" بووم، بەڵام کە ڕووبەڕووی تفەنگ بوومەتەوە، لوولەکەم ماچ کردووە! پەرۆشی پەیداکردنی چەک بووم، حەزم لە کتێب و خوێندنەوە بووە، ویستوومە ببم بە مامۆستا، بەڵام بۆ خزمەتی نەتەوەکەم، بۆ ولاّتەکەم بووم بە پێشمەرگە، وەک شەپۆلی دەریا وەستانم نەبووە. هەموو جۆرەکانی خەباتم کردووە، تۆزقاڵێک لەو خەبات و کاروانە پەشیمان نەبووم، زۆریش پێشڕەو بووم.

٧

پەنجەکانی مەلا سابیر

بابوباپیرانم مەلا بوون، خوێندەوار بوون، دەبووایە منیش هەر بخوێنم! بەردەوامم و گوێزرامەوە سوختەخانەی مەلا سابیری مەلا حەبیب، لە گەڕەکی بەفری قەندی، ئەویش پیاوێکی پوخت و خاوێن، تەمەنی لە نێوان ٣٥ و ٤٠ ساڵان دەبوو، کەوا و سەڵتەی لەبەر نەبوو، شەروال و موڕادخانیی لەبەردەکرد. دەستی چەپی یەک دوو ئەنگوستی نەمابوو، هەموومان لەو شارە یەکترمان دەناسی، دەمانزانی ئەو کە منداڵ بووە، لەگەڵ برادەرەکانی گەمەی بە پاشماوەی کۆنە بۆمبەکانی ئینگلیز کردبوو، کە بۆردومانی "شیوی ڕەزان"یان کردبوو، ئەوانەی نەتەقیبوونەوە منداڵان گەمەیان پێی کردووە، بۆیە بۆمبێکیان لەناویان تەقیوەتەوە، ژمارەیەک منداڵ بوونەتە قوربانی، مەلا سابیریش پەنجەکانی دەستێکی پەڕیبوون.

مەلا سابیر لەسەر کورسییەک، قاچ لەسەر قاچ دادەنیشێت، داریکی باریکی دریژی بە دەستەوە بوو، کە پرسیاری لە سوختەیەک دەکرد، ئەگەر نەیزانیبایە، هەڵنەدەستا، لە جێگای خۆیەوە دارەکەی تێ دەگرت! بەڵام داری ئەوم بەرنەکەوت،

چونکە زیرەک بووم، ڕەنگە حیسابی بۆ پێگەی باوکیشم کردبێت.

***

زیرەک بووم لە تەمەنی حەوت ساڵیدا قورئانم تەواو کردووە، ئەوەش بۆ دایکم دیاری و شتێکی گەورە بووە، باوکیشم دیار بوو بەوە خۆشحاڵ ببوو، لە بیرمە وەک پاداشت جلوبەرگی نوێ و پێڵاوێکی تازە، هەندێک نوقڵیشیان بۆ کڕیم، لەگەڵ ئەوانە سەد فلوسیان پێ دام، هەر بەو بۆنەیەوە، باوکم خزم و ناسیارێکی زۆری بۆ نانخواردن دەعوەت کردبوو.

٨

قوتابخانەی میری

خزمەکان بە باوکم دەڵێن فؤاد بنێرنە بەر خوێندنی میری، وا "مەلای گەورە"ش منداڵەکانی ناردووە، قسەکان کاریان لە باوکم کردبوو، بەڵام دایکم پێی خۆش نەبوو، زۆر حەزی کردووە ببم بە مەلا! ئەو گوتبووی نەزرم کردووە کوڕەکەم بکەم بە مەلا.

دیار بوو باوکیشم بە دڵ پێی خۆش بوو ڕێبازەکەی بنەماڵەکەی بەرنەدەم، زنجیرەکە بەردەوام بێت و تەواو بکەم و نەپچڕێت. لەسەر خوێندنی مەلایەتی و زمانە عەرەبییەکە بەردەوام دەبم! بەڵام بۆ ماوەیەک زنجیرەکە دەیەوێ بپچڕێت، بە ماوەیەکی کورت دەچمە مەکتەبی میری!

***

بەڕێوەبەری قوتابخانەکە مامۆستا سابیر ئیسماعیل، مامۆستایەکی لێهاتوو و زیرەک بوو، برادەری باوکیشم بوو، بۆیە ڕازیی دەکات بچمە بەر خوێندن و لە پۆلی دووەمم دادەنێت.

کە من چوومەتە بەر خوێندنەکە، لەو ماوەیەی دەمخوێند لەناو پۆلەکە قوتابییەکانیان بە سێ ڕیز پۆلێن کردبوو: ڕیزی شێران، پڵنگان، ڕێوییان، سەرەتا من لە ڕیزی پڵنگان داندرام،

دوای ســـێ ڕۆژان لەبەر ئەوەی زۆرم لە حوجرەکان و لەکن باوکم خوێندبوو، زۆریش کۆششم دەکرد، منیان بردە ناو ڕیزی شێریان!

لەو ســاڵانە مام جەلالیش لەوێ بوو، ئەو پۆلی شــەش بوو، مامۆســتاکان بۆ خوێندنەوە، ســرووود و شــیعر... ئەو و "وریا عەلی"یان دەردەهێنا پێشــەوە، دەنگ و ســۆزی شــیعرەکانیان دەچووە دڵی هەموان.

ئەوەش بڵێم خوێندن دوو دەوام بوو، قوتابییەکان تا عەســـر دەمــانەوە، بەڵام بۆ نــانی نیوەڕۆ بەپەلە و هەر بە غــاردان دەچووینەوە ماڵەوە، دەبووایە زووش بگەڕێینەوە قوتابخانەکە.

٩

دووبارە دەچمەوە حوجرە

نیوەڕۆیان بۆ خواردن لە قوتابخانە دەچووینە مالّ، ڕۆژێکیان کە چوومەوە بینیم دایکم دەستی لەناو ئیشوکارەکانی ناومالّ و حەوشە و بانەکە بوو، پێی گوتم:

فؤاد، بڕۆ خواردنەکەت لەناو نانەدینەکەیە، لەسەر فەردە گەنمەکە!

منیش بۆ هێنانی نانەکە، زۆریش ورد و گچکەش بووم، چوومە نانەدینەکە، بۆ داگرتنی خواردنی سەر فەردە گەنمەکە بەربوومەوە و کەوتمە بن فەردە گەنمەکە، بەو کەوتنە ئازاری زۆرم بەرکەوت! لەبەر ژان و تووڕەبوونەکە گوتم؛ چیتر ناچمەوە مەکتەب!

چیتر نارۆم، دیارە خودا پێی خۆش نییە، من ئەو دەرسانە دەخوێنم، باشترە بچمەوە مزگەوت و حوجرە! ئەگەرچی ئازارم زۆر بوو، بەلّام دایکم بەو قسەیەی کە گوتم ناچمە مەکتەب و دەچمەوە حوجرە دلّی خۆش بوو، ئازار و گریانەکەی منی لە بیر کرد! دوایی کە باوکم سەربردەکە دەزانێت، ئەویش زۆر پێی ناخۆش نەبووە نەچمەوە مەکتەب، بۆیە ئاسان و بە ڕەزامەندی هەموومان چوومەوە مزگەوت.

***

دکتۆر فؤاد معصـــوم ئەوە دەگێڕێتەوە؛ چەنـد و چۆن لە مزگەوت و حوجرەکاندا دەخوێنێت. لە بیرەوەری و قسـەوباسـی بە نووسـین و دیدارەکاندا باسـی قۆناغەکانی خوێندنی مەلایەتی و حوجرەکـانی کردووە، ئەگەرچی زۆر لە مەلا و مـامۆســـتا بەڕێزەکان زۆر باســـی ئەو پڕۆســـەیان کردووە، بەڵام ئەوەش ئەگەر بە کورتی بێت، بنچینەی دواڕۆژی زانســت و خوێندن و ئاواتەکانی دکتۆر فؤاد معصوم بووە، ئەو گوتوویەتی:

ئیتر کەوتمەوە بەر خوێندنی مزگەوت و کەشـــوهەواکەی، دوایی دوو ســـاڵ و نیو لە لای باوکم دەخوێنم، دەگەمە کتێبی "جامي"، ئەو کتێبە ڕوونکردنەوەیەکە لەسەر "کافية ابن الحاجب" لە زانســـتی "نحو"دا. لەو تەمەنەش حەزم کرد لە لای ئەو "موستەعید-مستعد"انە بخوێنم، کە لە لای باوکم دەیانخوێند.

ئەو زەمانە هەندێک وردەکاری لەناو فەقێ و مەلاکان باو بووە، بەو پێوەرانە فەقێی زیرەک و نازیرەک دیار دەبوو. زۆرتر ئەوانە کتێبیان دەخوێندنەوە، نەک "علم"ەکە. باوکم لە خوێندنی فەقێیەتی کۆشـــشـــی دەکرد خوێندکاران زانســـتەکان فێر بن، بەوەش دەتوانیت زۆرتر زانست بزانیت و فێریان بیت.

حەزم دەکرد لەناو فەقێیەکان پێم بگوترێت زیرەکە! باش لە کتێبەکە تێگەیشـــتووە. لە لای مەلا ئیبراهیم، ناســـراو بە "مەلا ئیبراهیمی ژی"، خەڵکی گوندی ژێی سەر سنووری تورکیا بوو، هەندێک لە کتێبەکانم خوێند. دواتر چوومە لای مەلا عوسمانی تووتمەیی. هەردووکیـان دوو مەلای زیرەک و لێهـاتوو بوون، ئەوانیش لای باوکم دەیانخوێند. دوای ئەوەی کە پلەی خوێندنم بەرزتر بووەوە، بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەم گەڕامەوە لای باوکم.

١.

خوێندنی ناو مزگەوت

لە کۆمەڵگەی کوردەواری، لە هەموو کۆمەڵگە ئیسلامییەکان مزگەوت بۆ خوداپەرستی بووە، لەگەڵ ئەوەش بوون بە خوێندنگە، زانا و مەلای زۆریان پێ گەیاندووە، پۆڵیان زۆر بووە لە بڵاوکردنەوەی خوێندن و خوێندەواری، دوایی زیرەکانە زۆریان چوونەتە مەیدانی تری ژیان، لەوەش سەرکەوتوو بوون.

خوێندن لەو خوێندنگەیانە سێ قۆناغ "بەش" بووە:

قۆناغی یەکەم کە لەدوای قورئان خوێندن و فێربوونی سەرەتاکانی نووسین و خوێندنەوە دەست پێ دەکات، بە قوتابی ئەم قۆناغە گوتراوە "سوختە".

قۆناغی دووەم پێی گوتراوە "مقدمات".

قۆناغی سێیەمیش پێی گوتراوە "مستعد".

ئەو سێ قۆناغانە وەک قۆناغەکانی قوتابخانەی حکوومی بەراورد بکەین: سەرەتایی، ناوەندی، زانکۆ.

لە کوردستان، لەناو خەڵکدا ئەگەر ستایشی مەلایەکیان بکردبایە دەیانگوت "دوازدە عیلم"ە. ئەو زانیارییانەی پتر لەناو

مەلاکانی کوردستان گرنگییان پێ دەدرا، بریتی بوون لە بابەتەکانی: زمانی عەرەبی بە هەموو بەشەکانی وەک: "نحو، بلاغة، منطق، علم الكلام، اصول الفقة، فلسفة - کە پێی دەگوترا "حكمة" و فلک "گەردوون". ئیجازەدانی مەلاکانیش لە لایەن مەلا ناوبارەکان بووە، ئەو پرۆسەیەش نەوە لەدوای نەوە هاتووە، تا گەڕاوەتەوە سەر ئیمامی عەلی "ڕ.خ"، ئەویش دەگەڕێتەوە سەر پێغەمبەری مەزن "د. خ".

١١

ئاهەنگ و خواردن

دەستووری بۆنەی وەرگرتنی ئیجازەکەش خۆش بوو، لەو بۆنەیەدا سێ ڕۆژ و سێ شەوان ئاهەنگیان دەگێڕا، یاریی تایبەتیی فەقێیانەیان دەکرد، خەڵکی ئاواییەکانیش بەشداری خەرجییەکان و خواردنەکانیان دەکرد، بە تایبەتی کەسایەتییە دەوڵەمەندەکان.

ئەوەش زۆر ڕۆژانی پێنجشەممووان دەبوو، فەقێیەکانی دەبوونە مەلا، لە دیوی ڕاستی مەلاکە سەر بە مێزەری سپییەوە دادەنیشتین. نزیکترین کەس لە مامۆستا لەتەنیشت فەقێیەکە دادەنیشت، بوخچەکەی لەپێش خۆی دادەنا. کاتێک مامۆستا ئیجازەنامەکەی دەخوێندەوە، ئەوەی بوخچەکەی لەبەردەم بوو، هەڵدەستا و جوببەکەی لەبەر فەقێیەکە دەکرد. ئەویش یەکسەر دەچووە لای مامۆستاکەی و دەستی ماچ دەکرد. هەموو ئامادەبووان پیرۆزباییان لێی دەکرد، دیارییان پێشکەش دەکرد، ئیتر بۆ ژیان و مەلایەتی عەودالّ بە ڕێ دەکەوت. من خۆم چەند جارێک جوببەم لەبەر ئەو فەقێیانە کردووە، کە ئیجازەیان لە باوکم وەرگرتووە.

ژیانی فەقێ لە مزگەوت لەسەر ئاوایی یان گەڕەک بووە، دوای عەسر سوختەکان دەچوونە ئەو مالّانەی کە بە شێوەیەکی بەردەوام یارمەتیی فەقێیەکانیان دەدا و نانیان کۆ دەکردەوە. فەقێ دەچووە بەردەرگای مالّەکە و دەیگوت:

"ڕاتبەی فەقێیان... ڕەحمەتتان لێ بێت..."

ئێوارانیش پێش بانگدانی نوێژی مەغریبیش، دووبارە دەچوونە بەردەم هەندێک لە ماڵەکان، کە ژمارەیان کەمتر بوو لەوانەی کە نانیان دەدا، بۆ کۆکردنەوەی پێخۆر، فەقێیەکە دەچووە بەردەم ماڵەکە و دەیگوت:

"پێخۆری فەقێیان... بچنە بەهەشتێ..."

ئەو ئێوارەیە ئەو ماڵە چیان هەبووایە، قاپێکیان بۆ فەقێیەکە ئامادە دەکرد و پێیان دەدا. ئەو ڕۆژە ئەو ماڵە چێشتیان نەکردایە، دەیگوت کاک فەقێ ئەمڕۆ هیچمان نییە. پێخۆری فەقێیەکان کە لە چەند ماڵێک کۆ دەکرایەوە تێکەڵ و پێکەڵ بوو، بەپێی بارودۆخی ئابووری و خواردنی ماڵەکان بوو وەک؛ "نیسک، نۆک، ماش، شلەساوەر، دۆینە، برنج، یاپراغ". ئیتر خواردنەکەش بەیەکسانی لە نێوان دەخوارد.

خێزانیش هەبوو جلوبەرگی فەقێیەکانی دەشوشت، ئەگینا دەبووایە فەقێ خۆی جلوبەرگی خۆی بشوات، مەسرەفی گیرفان و پێداویستییەکانی خۆی لەسەر حیسابی خۆی بوو. سەبارەت بەو فەقێیانەی لە لای باوکم دەیانخوێند، جگە لە ڕاتبە و پێخۆر، شەکر و چایان لەسەر حیسابی باوکم بوو، ئەگەر نەیانبووایە، چونکە هەندێک لە دەوڵەمەندانی گەڕەک یارمەتیی شەکر و چایان دەدا.

من لە کۆیە لە ماڵی خۆمان خوێندنم تەواو کردبوو، نەک لەگەڵ فەقێیەکان، بۆیە نەچوومەتە بەردەرگەکان و خواردنم وەرنەگرتووە.

١٢

لەگەڵ باوکم دەچمە هەولێر

هێشـــتا خوێندن و کتێبی "مقدمات"م دەخوێند، تازە هەڵدەچووم، لە ســـەفەرەکاندا باوکم لەگەڵ خۆی دەیبردم. جارێکیان ســـەفەرێکی هەولێری کرد، منیش لەگەڵی بووم، چووینە سەردانی "شێخ مستەفای نەقشبەندی"، زۆر دۆستی یەک بوون. شێخ دوو سێ پرسیاری لێ کردم، منیش زۆر بە جوانی و دروستی وەڵامی پرسیارەکانم دایەوە.

شێخ مستەفا بە بابمی گوت:

"مەلا معصـوم وا باشـە فؤاد بنێریتە ئەزهەر لە میسـر، منیش عەبدوڵڵای کوڕم ناردیە لەوێ دەخوێنێت، کوڕەکەت زیرەکە بچێت باشە!"

باوکیشم گوتی:

"ئینشائەڵڵا یا شێخ، منیش زۆرم لا باشە."

باوکم پێی خۆش بوو، بیمە مەلا، بەڵام لە لایەکی دیکەش حەزی دەکرد، وەک خوێندنی مەکتەب و ئەکادیمیش پلەوپایە و دەسکەوتێکم بێت. قسـەی شـێخ مسـتەفا کاریگەری بەسـەر باوکمەوە هەبوو، کاریگەرییەکی زۆریشـــی لە من کرد، فیکر و خەیاڵم لەســـەر ئەو قســـەیەی شـــێخ مســـتەفا کۆ بووەوە، بە

شـــێوەیەکی زۆر ورد بەدواداچوونم دەکرد. بۆ زانیاریی زۆرتر بەدوای کتێبی نوێدا دەگەڕام، دەمویست ئەو شتانەی پەیوەستن بە زانکۆی ئەزهەر و قاهیرە و میســـر، بەدواياندا بگەڕێم و پەیدایان بکەم. بە ڕاستی چوونە میسر و خوێندنم لە ئەزهەر، بە قوولّی کەوتە مێشـــک و دڵ و دەمارم. خۆم دەهاتە بەرچاو لە قاهیرەم، لەوێ لە زانکۆ وەرگیراوم! دالّغەی ســـەیر ســـەیرم لێ دەدا، بە تایبەتی ناوبەناو هەندێک گۆڤاری میســـریم دەســـت دەکەوت و دەمخوێندنەوە، بەوانە زۆرتر بەجۆش و پەریشـــانتر دەبووم.

دوا پلەی خوێندنی مەلایەتییم ســـەرکەوتووانە تەواو کرد، هەنگاوی سەفەرم بۆ قاهیرە دانا، داوای پاسپۆرتم کرد، ئەوەشم تەواو کرد، پەیوەندییم بە زانکۆی ئەزهەرەوە کرد، بە شێوەیەکی سەرەتایی ڕەزامەندیم بۆ هاتەوە، کە بەپێی بڕوانامەکەم و دیمانە لە یەکێک لە کۆلێژەکانی وەربگیرێم. بەم وەڵامە شـــاگەشـــکە بووم، هەر خزم و برادەرێکم دەبینی یەکســـەر نامەکەم نیشـــان دەدا، وەک ئەوەی هەمووی دونیا مووڵکی من بێت.

بەشی دووەم

لە "کۆیە"وە بۆ "قاهیرە" ئەزهەر - سیاسەت

١

لە ماڵی شێخ مستەفا

پاش ئەو سەردانەمان بۆ ماڵی شێخ مستەفا، من و باوکم لەسەر زۆر بابەت و دواڕۆژ بۆچوون و بەرنامەکانمان دەگۆڕێن. قسەکانی شێخ مستەفا زۆر گۆڕانکاری لە مێشکی باوکیشم دروست کردبوو، ئیدی ئەو مەسەلەیەش لە پرسیارەکەی مەلا عەبدوڵڵا زیاتر کەوتە مێشکم.

تەمەنم شازدە بۆ حەڤدە ساڵی دەبوو. لەو خەیاڵ و بیرکردنەوانانەدا بووم، لە خۆم پرسی؛ دەبێت من ڕۆژێک بیمە سەرۆکوەزیرانی عێراق یان بەرپرسێکی گەورە؟!

زۆر جار ئەگەر لە باریٚکی وا قسەیەک بکەیت، یان شتێک بڵێیت بۆ ئەو ڕۆژە دوور بێت، هەموو پێت دەڵێن؛ ئەوە چییە؟! ئەو خەیاڵپڵاوییە چییە؟!

سەرەنجامیش ئەوەی گوتم بە ڕاست گەڕا، خەون و ئاواتەکەم وەدی هات، بۆیە هەوڵدان و بەرزڕوانین و سووربوون لەسەر ئەوەی دەتەوێ پێی بگەیت، خەیاڵپڵاوی نییە.

***

خاڵم عەبدولواحید مستەفا کۆنە ئەفسەرێکی عوسمانی بوو، لە شاری دیوانییەی باشووری عێراق دەوامی دەکرد، کە

دەهاتەوە کۆیە، دەمبینی، جارێکیان پێم گوت: خاڵە دەتوانی لەگەڵ گەڕانەوەت، ئەو گۆڤار و شـــتانەی بۆت دێن، دوای ئەوەی دەیانخوێنیتەوە بۆمیان بهێنیتەوە کۆیە، حەز دەکەم ئەوانە بخوێنمەوە. ئەویش داواکەی منی زۆر پێ باش بوو.

ئیدی هەر جار کە بە سـەفەر دەهاتە کۆیە، شـتەکانی خۆی بۆ دەهێنـامەوە. ئەو کـاتە گۆڤـاری "کواکـب" هەبوو، زۆریش بەناوبانـگ بوو، ئەوانەم دەســـت دەکەوت و دەمخوێندنەوە. لەگەڵ ئەوانەش هـانی دەدام زیـاتر و زۆرتر بخوێنمەوە، بۆ تەواوکردن و بەردەوامی خوێندنیش بچمە زانکۆی ئەزهەر.

ڕاســـتە من لە خوێندنی مەلایەتی ڕێچکەی باب و باپیرانی خۆم گرتبووە بەر، لەگەڵ ئەوەش وامـان دەزانی خوێنـدنێکی هاوچەرخیش، بۆ من و دوارۆژ پێویستە.

ئەو دەیزانی دەتوانم ئەوە بکەم، دونیـای زۆرتر ببینم و لێی ڕادێم و چاوم دەکرێتەوە، ڕاســـتە لە زانکۆکەش هەر خوێندنی شـــەریعە و بـابەتی ئـایینی بوون، بەڵام لەگەڵ خوێنـدن و پێگەیاندنی حوجرەکان زۆر جیاواز بوو، بۆیە بڕیار دەدەم و بە ڕوونی دەڵێم:

ئیـدی چیتر نـاتوانم لە حوجرە و مزگەوت ئەو مەنهەج و بەرنـامانە بخوێنم، دەمەوێ بچمە شـــوێنێکی ئەکـادیمی، ئەو جێیەش تەنیا ئەزهەرە لە میسر.

٢

نامەیەک بۆ ئەزهەر

فؤاد معصـوم له کۆیەوه، دەرچووی مزگەوت و حوجرەکانی کۆیه و قوتابیی بەردەسـتی باوکی، گەنجه، نەگەڕاوه، نەچوویته دەرەوه، بەڵام پڕ بووه له وزه و پەرۆش بۆ خوێنـدن. لەو کەشـوهەوایەدا، نامەیەک بۆ بەڕپرسـێکی زانکۆی ئەزهەر دەنووسێت، زوو و به متمانەیەکی زۆرەوه پۆستی دەکات!

له نامەکەدا، به وردی باسـی داوا و ئارەزووەکانی خۆی دەکات، باسـی پێگەی بنەماڵەکەی و قۆناغەکانی خوێندنەکەی دەکات! بۆیان دەنووسێت:

من گەنجێکم خەونم هەیه، دەمەوێ زیاتر بخوێنم، خۆم پێ بگەیەنم.

ئەو کاته پەیوەندییەکان له ڕێگەی پۆسـتەوه بوون، بۆیەش نامەکەی به پۆسـته ناردووەته میسـر. نامەکه چووه و مێشـک و حەزەکانی لەگەڵی ڕۆیشـتوون. بۆیه پەرۆش چاوەڕوان بووه، بەڵام متمـانەی به نـاوەڕۆکی نـامەکەی زۆر هەبووه، دەیزانی وەڵامی دەدەنەوه، وەڵامەکەش به دڵی ئەو دەبێت، باش بوو زۆر چاوەڕوانی وەڵامەکه ناکات، هەر به پۆسـت و نامه، له قاهیرەوه بۆ کۆیه وەڵامی دەدەنەوه، بۆیان نووسیبوو:

وەرە دیـدارتـان دەکەین، ڕووبەڕوو بتبینین، ئەزموون و پرسیارمان بۆ وەرگرتنت لە زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرە دەبێت!

بەڵام لە ماڵەوە دایکم بەردەوام پرتەپرتی بووە، دڵنیا نەبووە، ترساوە و حەزی نەکردووە کوڕەکەی بڕوات، بۆیە پێی گوتووە:

کوڕم، فؤاد ئەوە چیبە کەوتووەتە مێشکت؟

دایکی کەســـێکی زۆر لـەخواترس بووە، ئەویش چووە قورئانێکی بۆ ڕاگرتووە، دەســـتی بە قورئانە کە داداوە و پێی گوتووە:

دایە، ڕازی دەبیت بچمە میســـر باشـــە، ئەگەرنا لەگەڵ فەقێیەکـانی بـاوکم، ئەوانەی خەڵکی دەڤەری بـادینـانن، لەگەڵ ئەوان دەڕۆم و ئیتر نـاگەڕێمەوە! دایە ئەو قســـەیەی دەیکەم، گەڕانەوەی تێدا نییە، بڕیاری خۆم داوە، تەواو!

"دڵی دایک خەبەر دەدات، دەترســـێت، دەزانێت کوڕەکە بڕوات بە ئاسانی ناگەڕێتەوە. ژنە ئیماندارەکە، دڵسۆزی منداڵ و خێزانەکەی بوو، لەو دونیایە دەویست ئەوان سەلامەت بن، لەبن باڵی مەلا معصـــوم و خۆی بن، ژنەکە لەخوداترس و ئیماندار بوو، دەیزانی کوڕەکە بڕوات بە ئاســـانی نایەتەوە، نایبینێتەوە! دایکەکە ڕاستی کرد، کوڕەکەی ڕۆیشت و نەهاتەوە، لە دووریی ئەو مرد، بەبێ ئامادەبوون و فاتیحای ئەویش نێژرا!"

باوکی کەمتر لەم بوارەدا خۆی تێگەیاندووە، نەیدەویســـت ناخۆشـــی و ناکۆکی بکەوێتە نێو ماڵەکەمان، بڕیارەکەی ئەوی تا

ڕادەیەک پێ باش و مەعقوولّ بووە، چەند کەســـێک داوایان لێی کردبوو، یان خستبوویانە بەر گوێچکەی، بۆ فؤادی کوڕت بۆ خوێندن نانێریتە زانکۆی ئەزهەر!

***

ئەو بەردەوام لەسەر گێڕانەوەی بڕیار و سەفەر و بەرنامەکەی گوتی:

ســـەرەنجام ماڵەوە ڕازی بوون، بۆ ڕێکارەکانی ســـەفەرەکەم چوومە بەڕێوەبەرایەتیی پاسـپۆرت، هێشـتا سـەردەمی پاشـایەتی بوو. ڕۆژێک بەرپرسێکی "ئەمن"ی کۆیە مەعاونێکی مووسڵاوی بوو. ئەو لەدوای ناردم، بەو داواکردنە ترسم لێ نیشت، چونکە داوای سەفەر و ڕەزامەندیم لێی کردبوو. ئەو گوتبووی:

فؤادم بۆ بنێرنە ئێرە!

لە لایەن خۆمەوە ترســـام و گوتم؛ بە خوا کابرای ئەمن، نیازی باش نییە و پاسپۆرتەکەم لێ وەردەگرێتەوە، بەوەش هەموو خەونەکانم مایەپووچ دەبن.

٣

سەعید قەزاز

لەبەر خۆمەوە گوتم وا باشە باوکم ئیشەکەم بۆ بکات، ئەوە بەو جێیەجێ دەبێت. بۆ ئەوەش باوکم ناچار بوو بچێتە بەغدا، منیش لەگەڵی چووم. باوکم "سەعید قەزاز"ی وەزیری ناوخۆی دەناسی و پەیوەندییان باش بوو، چووە ژوورەوە و قسەیان کرد، دواتر زەنگێک لێ درا، بانگی منیان کرد، منیش چوومە ژوورەوە.

وەزیرە کوردەکە ڕووی تێ کردم و گوتی:

ئەوە چییە، دەچییە میسر و دەبیتە شیوعی؟!

منیش گوتم:

قوربان، لێرە لە زانکۆیەکی ناوخۆ، لە پەیمانگەیەکی فەرمی وەرمبگرن، ناچمە دەرەوە، دەمەوێ بخوێنم، نامەوێ لەو حاڵەتەدا بمێنێمەوە.

ئەویش گوتی: باشە، کەی دەتەوێ سەفەر بکەیت؟

لە وەڵامدا گوتم: کاتی دەوام و دیمانەکەم دوو سێ مانگ ماوە.

گوتی: باشە، کە کاتی سەفەرەکەت هات سەردانم بکەوە یارمەتیت دەدەم.

لە بەغداوە گەڕاینەوە، من چوومە لای ئەو بەڕپرسەی ئەمن، پێم گوت:

سەعید بەگ، ئەو کارتەی پێ داوم، ئەوەش مۆڵەتی سەفەری منە بۆ خوێندن لە زانکۆی ئەزهەر لە میسر!

ئەویش ناو و ئیمزا و مۆرەکەی سەعید بەگی بینی، نووسراوی بۆ کردم، بەوەش دەمتوانی سەفەر بکەم، کەسیش ڕێگرییم لێ نەکات.

لەو دەمانە زۆری پێ نەچوو لە عێراق خوێپیشاندان دەستی پێ کرد، کە ئەو کاتە سەردەمی "نووری سەعید" بوو. ناڕەزایەتی و خوێپیشاندانەکان گەیشتنە هەموو شوێنێک بە شاری کۆیەشەوە، تەنانەت پێکدادان و بریندارییشی لێ کەوتەوە.

منیش ئەو خوێپیشاندانانەم پێ خۆش بوو، خۆم بە هەواداری حیزبی شیوعی دەزانی، نووسین و بڵاوکراوەکانی ئەوانم بە دەست دەگەیشت، پەرۆش دەمخوێندنەوە، زۆریش پێیانەوە سەرسام بووم.

***

ڕۆژێکیان لەگەڵ باوکم دەچووینە مزگەوت، گوێمان لە سروودی "الله اکبر"، هاتوهاوار و دروشم بوو. ئەو سروود و دروشمانەش دژی ڕژێمی پاشایەتی بوون، ئەوەم دەزانی، بەڵام ئاگامان لە هیچ نەبوو، پرسیم گوتیان با باوکت بچێتە مزگەوت،

تۆ وەرە پێت دەڵێن چی بووە، بۆ دروشـــم دەڵێنەوە، خەڵکەکە بۆ خرۆشاوە!

کە گەیشـــتینە مزگەوتی گەورەی کۆیە، ڕێپێوان و کۆبوونەوەیەکی زۆرتر هەبووا بەوە دەزانین شـــۆڕش بووە، ڕژێمی پاشـایەتی لە بەغدا ڕووخاوە. من لە دڵەوە شـۆڕشـەکەم پێ خۆش بوو، پشـــتیوانی چەپم دەکرد، ئـاواتەخواز بووم، پاشـــایەتی بگۆڕدرێت و ڕژێمێکی کۆماری بێتە کایەوە، بەڵام زۆر بیرم لە دواڕۆژ و ســـەفەر و خوێندنەکەشـــم دەکردەوە. دەمگوت لەو بارودۆخە نوێیەدا ڕەنگە نەتوانم سەفەر بکەم، ئیتر ناوچەکە دەشڵەژێت، لە ئێمەش تێک دەچێت.

***

شـەش مانگی مابوو سـەفەری قاهیرە و ئەزهەر بکەم، جانتام ئـامـادە کردبوو، لەبەر ئەوەی دەمزانی هەر دەچمە میســـر، ئارەزووم چووبووە هەموو شـــتەکانی ئەو ولاتە، ئەو کولتوورە، زمان و مێژووەکەیان، هەر کۆنە گۆڤارێکی میســـریم بەرچاو بکەوتبایە وشە بە وشە دەمخوێندەوە!

کۆیە ســـینەمای نەبوو تا فیلمەکانی میســـری ببینم. گۆڤار و بڵاوکراوەکانی ئەو دەمانە، کە زۆریان بە زمانی عەرەبی بوون، ئەوەش بۆ من زۆر ئاســـایی نەبوو، بەڵام تاکوتەرا دەســـتم دەکەوت، ئەوانەش پتر ئەو گۆڤـارانە بوون، کە بـاســـی هونەرمەندەکانی میســـریان دەکرد، لەوانە گۆڤاری "الکواکب" و گۆڤارێکی تریش، کە بۆ باوکم دەهات بە ناوی "لیوا الاسـلام".

تەلەڤزیۆنیش نەگەیشتبووە کۆیە، تا تەماشای فیلمی میسری بکەم، لە سەرانسەری عێراق کەناڵی تەلەڤزیۆنێک هەبوو، ئەویش پەخشەکانی تەنیا لەناو بەغداد بوو. بۆ ئەو قسانەش دەگێڕمەوە، چونکە بیر و هزرم لەسەر چوونە میسر و خوێندن و دیتنی دونیایەکی تر بوو.

٤
شۆڕش بۆ من
لە من کرا

بەیانییەکەی شۆڕش بووبوو، شۆڕشەکە زۆرتر منی داگیر کردبوو، کودەتاکە بەسەر من بوو، بەرنامەی سەفەرەکەی منی خستبووە مەترسی! پاشایەتیی من، کۆشکی خەونەکەم گەمارۆ درابوو، زۆر سەرقاڵ بووم.

شەو ڕادیۆ بڵاوی کردەوە کە "مجلس السيادة"یان لە بەغدا پێک هێناوە، ئەندامانی ئەنجوومەنەکەش ئەو کەسایەتییانە دەبێت:

محمد مهدي كبة، نجيب الربيعي، خالد النقشبندي. واتە سێکوچکەکەی عێراق، پێکهاتەکانی: لە سوننەکان "الربيعي"دانرابوو، وەک نوێنەرانی شیعەکانیش "كبة" و بۆ کوردیش "نەقشبەندی".

ئەوەی باش بوو، دڵم دەکاتەوە و ئاسوودەی کردبووم، خالید نەقشبەندی دۆستی باوکم بوو، ئاشنایەتیی زۆریان لەگەڵ یەکدا هەبوو.

خەڵک بەم گۆڕانکارییە دڵخۆش بوون، لە هەموو لایەک بە

خۆپیشاندان پشتگیرییان لە شۆڕشەکە دەکرد، بەڵام من لە دڵی خۆمدا حاڵەتێکی تایبەتیم هەبوو؛ لە لایەکەوە منیش وەک ئەو خەڵکە، بەو گۆڕانکارییە دڵخۆش بووم، بە تایبەت ئەو کات لەگەڵ چەپ و شیوعییەکان هاوبیر بووم، لە لایەکیشەوە دڵم لێی دەدا ئایا دەتوانم سەفەرەکەم بکەم، دەبێ ڕیسم لێ نەبێتەوە خوری! دڵی خۆم دەدایەوە کە عێراق و میسر لێکنزیکتر دەکەونەوە، سەفەر و خوێندن لە قاهیرە لە جاران ئاسانتر دەبێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دڵنیا نەبووم. هەندێ جاریش دەمگوت؛ ئەگەر کۆسپێکیشم بێتە پێش، ئەوا خالید نەقشبەندی بۆم چارەسەر دەکات.

هەروەها لە دڵیشدا لام گران و ناخۆش بوو، کە مەلیک فەیسەڵی دووەم لەناو چوو، بەڵام هیچ سوودم لە عەبدولئیلاهی خاڵی نەبینیبوو. بەهەرحاڵ، خۆشیی کەوتە ناو خەڵک کە کۆماری عێراق لەدایک بووە و پڕ بە دڵ بۆ خۆشەویستی و پشتیوانیی عەبدولکەریم قاسم هاوارمان دەکرد:

"بژی گەل، ڕۆڵەی گەل..."

٥

شەوەکانی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨

شـــەوەکەی ڕۆژی دواتر، ڕۆژانی دواتریش، بڕیار لەدوای بڕیار دەردەچوو. خالید نەقشـــبەندی زووتر قائیمقامی کۆیە و پاشـــان موتەســـەریفی هەولێریش بوو، لەو بارودۆخە نوێیەدا، دەبێتە ئەنـدامی ئەنجوومەنی ســـیـادەی عێراقی، کە تـازە ڕاگەیاندرابوو، ئەندامەکانی ئەو ئەنجوومەنە دەسـەڵاتی سـەرۆک کۆماریان هەبوو. ئەو ئەنجوومەنە و دەسەڵاتەکانی تا کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بەردەوام بوو.

بە دانـانی ئەو بە ئەنـدامی ئەو ئەنجوومەنە، زۆر دڵم خۆش بوو، گوتم ئەوە برادەری باوکمە و ئیشـەکەی من هەڵناوەشـێتەوە و جێبەجێ دەبێت، خەمم کەم بوو، بەڵام لە هەمان کاتیشـــدا، دڵم هەر لە لێکدانەوە و چۆنیەتیی ئەو ســـەفەرە و میســـریش دابوو. بەردەوام بەدواداچوونم بۆ مەسـەلەی پەیوەندیی عێراق و میسر دەکرد، کە بزانم چۆنە و چۆن دەبێت؟

دوای چەند مانگێک لە شـــۆڕشـــەکە، ئارامبوونەوەیەک لە ولاّت بە دی دەکـرا، بـۆیە مـنـیـش خـۆم ئـامـادە دەکـرد، بەدواداچوونم بۆ ڕێوشـوێن و ڕاییکردنی مامەڵەی ســەفەرەکەم

دەکرد، بۆ وەرگرتنی ڤیزا چوومە بالْیۆزخانەی میســـر، باش بوو، بەبێ کێشە سەفەرەکەم سەری گرت.

***

دەڕۆم

لەو ڕۆژەڤەدا، بزووتنەوەی لوبنـانی لەگەڵ ئەو کۆمەڵانەی لەگەڵ بالْی میســـردی نەبوون، لە ململانێیەکی تونداو بوون. ئەو کاتە پەیوەندیی نێوان میسر و لوبنان باش نەبوو.

چونکە "کەمیل شـەمعوون (١٩٠٠-١٩٨٧)"، دووەم سـەرۆک کۆماری لوبنان، لە کۆتاییەکانی حوکمی ئەودا، لەگەڵ میســـر و هەندێ لایەنی لوبنـانی نـاکۆک دەبن"، ئەوانە دژی پەیوەنـدیی میسری-لوبنانی بوون، وەک ئەوەی من تێیدەگەیشتم.

لەو بارودۆخەدا من دەمەوێ سەفەر بکەم، بەڵام بیر و دڵیشم ئاســـوودە نەبوو، چونکە ناوچەکە شـــڵەژابوو، بەڵام من تکتی ســـەفەرەکەم دەکرم و دەچمە ســـووریا، لەوێش ڤیزای میســـرم دەدەنێ!

کە چوومە ســـووریا، لەوێش ڕۆژەڤی یەکێتیی ســـووری و میســـری گەرم بوو، بەڵام پێشـــهاتەکان ڕوون و بەرچاو نەبوون. لەو چەند مانگەی من دەمویســـت برۆم و بخوێنم، لە ناوچەکە بابەتی نوێی هەســـتیار دەهاتە ئاراوە. کە چوومە ســـووریا،

پێشانگەی دیمەشقی نێودەوڵەتی هەبوو، لەبەر لوبنانییەکان پێنج ڕۆژیان درێژ کردبووەوە، چونکە تازە لەوێ ئاگربەستێک هەبوو، بۆیە دەیانویست لوبنانییەکان لەو پێشانگەیە بێبەش نەبن، چونکە لەبەر ئاڵۆزییەکان بواریان نەبووە، لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، سەردانی پێشانگەکە بکەن!

منیش لەگەڵ خەڵکەکە و بۆ خۆشی و دیتنی بابەتی نوێی بالکێش، سەردانی پێشانگەکەم کرد، یەک لە شتە سەرنجڕاکێشەکانی پێشانگەکە ئەوە بوو، کەسێک خەڵکی دەرەوەی سووریا بووایە، پاسپۆرتی هەبووایە، پارەی چوونە ژوورەوەیان لێ وەرنەدەگرت، منیش بۆ ئەوەی پارە نەدەم پاسپۆرتە عێراقییەکەم دەرهێنا. چەند کەسێکی هەرزەکار و هاوتەمی خۆم، لەو دەمە لێم هاتنە پێش و لێیان پرسیم:

"بدک وحدة، لو أتحاد؟"

منیش نەمدەزانی مەبەستیان چییە، کام لەو دوو ناوە باشترە، دەبووایە وەڵامیان بدەمەوە، بۆیە گوتم:

"أتحاد!"

ئەوانیش کە وشەکەیان بیست، بێ پرسیار و لێکدانەوە پەلاماریان دام. دیارە ئەوانە "وحدوي" بوون!

بەڵام ئەوە باش بوو پێشانگەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، توانیم خۆم

لە دەســـتیان دەرباز بکەم، هەر بەڕێوە، بۆ ســـووکڕاکردن و دەربازبوونم، زوو چاکێت و بۆینباخەکەم داکەند و ڕام کرد و دەرباز بووم.

دکتۆر فؤاد لەبەردەم دەروازەی پێشانگەی دیمەشق ساڵی ١٩٥٥

٦
خالید بەگداش

لەبەر ئەوەی هەواداری حیزبی شـــیوعی بووم، بۆیە گوتم؛ ناکرێ لە دیمەشـــق بم و خالید بەگداشـــی بەرپرســـی حیزبی شیوعی لە سووریا نەبینم. بە پرسیاران ناونیشانەکەم پەیدا کرد و چووم.

لەو سەردانەدا دوو کوڕی دیکەشم لەگەڵدا بوو. کە چووینە لای و دانیشتین ئەو پرسی:

ئەو گەنجانە خەڵکی کوێن؟

من لە لای خۆمەوە وەڵامم دایەوە:

ئێمە خەڵکی کوردستانی عێراقین.

کە وام پێ گوت، دیار بوو وەک ئەوەی بە وەڵامەکەی من قەڵس بێت. جوولەیەکی کرد و دەستی پێ کرد، ڕژێم دەبێت وا بێت... دەستی کرد بە فەلسەفە و بیروبۆچوونەکانی حیزبی شیوعی، هەر کە گوێم لە بۆچوون و قسەکانی بوو، سەرسام بووم، بڕوام نەدەکرد، بۆیە هەر لەو دانیشتنەدا وردەوردە قەناعەتم بە حیزبی شیوعی کەم بووەوە، گومانم لەو حیزبە کرد، کە تێیدا منیش دۆست و ئەندامم.

ئەو لە قسەکانی، بە جۆرێکی سەیر و نامۆ بابەتی نەتەوایەتی ڕەت دەکردەوە، پشتگیری مافە نەتەوەییەکانی کوردی نەدەکرد، بۆیە قسەکانی نەچووە مێشکم، بەرانبەر ئەوەش، بۆچوونێکی نوێ چووە مێشکم و منی گۆڕی! ئەوەی لە کۆیە، لەناو هاوڕێیەکانم گوێم لێی ببوو، ئەوەی فێریان کردبووم، دەرکەوت دوورن لە ڕاستییەوە!

***

ڕۆژی سەفەرەکەم هات، لە هوتێلەوە چوومە فڕۆکەخانەی دیمەشق، لەوێ تکتی میسرم بڕی، لێیان پرسیم: کوا ئەو وەرەقەی لە عێراقەوە پێی هاتیە ناو سووریا، چونکە ئێوە سەفەرەکەتان لە عێراقەوە بۆ سووریا بە پاس بووە؟ داوای شتێکیان دەکرد، مەعقوول نەبوو، هەر منیش نەبووم، ئێمە کۆمەڵێک خەڵک بووین.

لە وەڵامدا گوتم: نازانم!

پێیان گوتم: برۆ بزانە لە هوتێل جێت نەهێشتووە!

بە ناچاری بە تاکسیەک گەڕامەوە هوتێل، لە هوتێلەکەش هاوکارییان کردم و گەڕاین، بەڵام هیچمان نەدۆزییەوە، بۆیە دووبارە دەستبەتاڵ و نائومێد گەڕامەوە فڕۆکەخانە و گوتم:

وەللاّ لەوێش نەبوو. هیچم نەماوە!

یەکێک هاتە لام گوتی:

شتێک پارەم پێ بدە، من بۆتی چارەسەر دەکەم!

منیش دەستم بۆ باخەڵم برد، پێنج جونیەی میسریم هێنادەرێ، پێم گوت؛ فەرموو ئەوە وەرگرە.

ئەویش گوتی: ئەمە کەمە.

گوتم: هیچی دیکەم پێ نییە. خزمم هەنە لە فڕۆکەخانە چاوەڕێم دەکەن، لەبەر ئەوان پارەم هەڵنەگرتووە، پارەی ترم پێ نییە.

ئەو گوتی: باشە بێنە.

پارەکەی وەرگرت و ڕۆیشت. بەڵام ئیزنی نەدام، دیار بوو بەرپرسێکی گەورە بوو، بەپێی هەموو نیشانەکانی سەرشانی ئەفسەرێکی گەورە و بەرپرسێکی فڕۆکەخانەکە بوو. ئەو لەو بینەوبەردەیە بە بابەتەکەمی زانی، لێی پرسیم:

گرفتت چییە؟

منیش گوتم:

کێشەکەم ئەوەیە، فڕۆکەکەش خەریکە بفڕێت، منیش جێ دەهێڵێت. هەروا سەیرێکی پاسپۆرتەکەی کردم، گوتی:

بڕۆ، سوار بە.

منیش ڕۆیشتم و سەرکەوتمە نێو فڕۆکەکە.

بەو دەردەسەرییە گەیشتمە ناو میسر. لەوێ زوو پرسیاری نێو قاهیرە و زانکۆی ئەزهەرم کرد، بۆ دۆزینەوەی شوێنەکان و دۆزینەوەی خوێندکارانی کوردم پرسیاری زۆرم کرد.

٧

لە قاهیرە سیاسەت دەکات

فؤاد معصوم، بەر لەوەی بچێتە قاهیرەش دۆستایەتی لەگەڵ شیوعییەکانی کۆیە هەبووە، بەڵام لەو هزر و حیزبە دوور دەکەوێتەوە، ئەوەش لەبەر ئەوە نەبوو ئەو لە بنەماڵەیەکی مەلازادە بووە، ناکرێ ئەوانە ببن بە شیوعی، لەبەر ئەوە نەبووە، چونکە زۆر لە شێخ و مەلازادەکانیش شیوعی بوون و قوربانیی زۆریشیان دابووا

لە قاهیرە زۆرتر تێکەڵاوی کوردایەتی و سیاسەت دەبێتەوە، بەڵام بە بەرنامەیەکی تر، لەبەر ڕۆشنایی حیزبی ترەوە، ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، کە لێی دەپرسێت، چۆن و کێ تۆی کردە پارتی؟ دەڵێت:

من خۆم نەشئەیەکی سیاسییم هەبوو، دەستبەرداری سیاسەتیش نەبووم، ڕاستە من شیوعی بووم و وازم هێنابوو، ئەوەش مانای ئەوە نییە، پشت لە هەموو پرسە سیاسییەکان بکەم، گوێ نەدەمە گۆڕانکارییە سیاسییەکان. نزیک لە سیاسەت زۆرم دەخوێندەوە و چاودێریی ڕووداوەکانی ڕۆژ و دنیام دەکرد، لە ئەزهەریش لەنێو خۆمان کوردەکان کۆ دەبوونەوە، کێشە و گرفتەکانی یەکدیمان چارەسەر دەکرد، بەوەش وردەوردە زیاتر

کەوتینە نێو ســـیاســـەتەوە، بووم بە ئەندام لە پارتی دیموکراتی کوردستان.

کێ بوو تۆی گەیاندە پارتی دیموکراتی کوردستان؟

لە وەڵامدا گوتی:

شەوکەت عەقراوی.

٨

ڕادیۆی کوردی لە قاهیرە

سەرەتا با باسی ئەوە بکەین، ئەو دەنگ و پەخشە کوردییەکە بۆ لە قاهیرە دامەزرا؟ بۆ ڕوونکردنەوە ئەوە دەڵێم:

لە ئەنجامی ئەو ناکۆکییەی کەوتە نێوان حکوومەتی عێراق و حکوومەتی میسر بە هۆی بڕیاری عێراق، کە لەگەڵ تورکیا و ئێران و پاکستان پەیمانێکیان بە ناوی "پەیمانی بەغداد" بەست، بە پشتئەستووریی بەریتانیا و ئەمریکا. جەمال عەبدولناسری سەرۆکی میسر، ئەو پەیمانەی دژ بە سیاسەتی وڵاتەکەی و نەتەوەی عەرەبی دادەنا. هەردوو حکوومەت "میسر و عێراق" کەوتنە ناو شاڵاوی هێرشی ڕاگەیاندن دژ بەیەکتری، بە تایبەتی لە نێوان عەبدولناسر و نووری سەعید، کە بە وەستای دروستکردنی ئەم پەیمانە دادەنرا.

میسرییەکان دیارە بیریان کردەوە، بتوانن بە زمانی کوردییش ئەم شاڵاوە ڕاگەیاندنەی هەیانە، بڵاو بێتەوە، کە لە تورکیا و عێراق و ئێران ملیۆنان کورد دەژین. لە شەڕی ١٩٥٦، کە ئینگلتەڕا و فەرەنسا و ئیسڕائیل پەلاماری میسریان دا، کورد بۆ پشتگیری لە میسر، چەندین چالاکیی نواند.

لە ڕاگەیاندنی بیستراوی میسردا، بەشێک هەبوو پێی دەگوترا "البرامج الموجهة"، کە بە ٣٦ زمان بوو، بۆ ئەوروپا و ئەفریقیا و ئاسیا پەخش دەبوو، بڕیاریان دا زمانی کوردییش لە تەک تورکی، فارسی، پەشتووی ئەفغانییەکان و هەندێ زمانی تر... پڕوپاگەندەیان بۆ بکات.

١ی حوزەیرانی ١٩٥٧

ئەوە بوو لە لە ١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٧، بەرنامە کوردییەکە ڕۆژانە لە دانی ئێواران، بە سەعاتێک دەستی پێ کرد، کە بریتی بوو لە پێنج دەقیقە قورئان، سروودی "ئەی ڕەقیب"ی لە شیعرەکەی دڵدار و پارچەیەک مۆسیقا یان گۆرانیی کوردی، دەنگوباس، وتاری ڕۆژانە، چەند بەرنامەیەک کە بەسەر ڕۆژەکاندا دابەش دەبوون، لەوانەش:

"مێژووی کوردان، گۆرانیی داواکراو، شیعرخوێندنەوە، نامەی گوێگران، خۆت و بەختی خۆت و..."، وێڕای دەنگوباسی ڕۆژانە. هەفتانەش شێخ عومەر وەجدی ماردینی وتارێکی هەبوو لەسەر مێژووی ناوارانی کورد.

شێخ عومەر سەرپەرشتی زمانەوانی ڕادیۆکەی دەکرد، واتە چاودێر بوو، بێجگە لەوەی کە لە زانکۆی "عین الشمس" مامۆستای ئەدەبی عوسمانی بوو، لە ئەزهەریش شێخی "ڕەواقی کورد" بوو، ئەو بەشەی هەر لە ساڵی ١١٧٦ی زاینی لە لایەن

سەرکردەی ناودار سەلاّحەدینی ئەیوبی بۆ خوێندکارانی کورد، کرابووە. دواتریش ماوەی پەخشی کوردییەکەی لە نێوان سالاّنی: ١٩٦١-١٩٦٨واتە تا داخرانی ئێستگەکە، کرایە کاتژمێرێک و نیو.

٩

هاوکارەکان

ئەوانەی لە سەرەتادا ئیشیان لەم ڕادیۆیەدا دەکرد ئەمانە بوون: هۆشیار تاهیر بابان، ئەو یەکەم بێژەری زمانی کوردی بووە، موحەمەد حوسێن مەلا دزەیی، موحەمەد شەیدا خەڵکی سلێمانی بوو، هەروەها عەبدولوەهاب مەلا کە کوردی ڕۆژئاوا و شاری قامیشلۆ بوو.

دەنگوباسەکانی بەشی کوردی، کورتە دەنگوباسەکانی ڕادیۆی قاهیرە بوو، وتاری ڕۆژیش، هەر هەمان وتار بوو کە لە ڕادیۆی قاهیرە بڵاو دەکرایەوە، وتارەکەمان دەکردە کوردی و بڵاومان دەکردەوە. هەموو بەرنامەکان لە لایەن بەشی کوردی کە یەکێکی میسری سەرپەرشتی دەکرد، بە هاوکاریی بەرپرسەکانی ئامادە دەکرا، ئەو کەسە کوردی نەدەزانی، شێخ عومەر وەجدییش دەبووایە وتارە هەفتانەکەی بە عەرەبی پێشکەش بکات، ڕەزامەندی لەسەر بڵاوکردنەوەی وەربگرێت.

دیارە ڕۆڵی ئەم ڕادیۆیە هاندانی خەڵکی کوردستان بوو لە دژی حکوومەتەکەیان و ڕوونکردنەوەی سیاسەتی عەبدولناسر.

سروودی زۆر نایاب تۆمار کرابوو کە ڕۆژانە هەندێکی بڵاو

دەکرایەوە، وەک: ئـــــەی کوردینە ئەی مەردینە... کەس نەڵێ کـــورد مردووە کـــورد زیندووە... نەورۆز و چەندان سروودی لەو بابەتە. ئەوانەش لە لایەن خوێندکارە کوردەکان بە هاوکاریی تیپی مۆسیقای ئێستگەی ڕادیۆی قاهیرە تۆماریان کردبوون، لە ڕووی دەنگ و مۆسـیقاوە زۆر نایاب بوون، دەشـتوانین ئاماژە بەو تیپی گۆرانی مۆسیقایەش بکەین، کە لە دوو سالّی بەرایی ڕادیۆکە هەبوو.

***

کاکە گیان، مەلا ســالّح، عەزیزم، نووری چاوم چاوت ماچ ئەکەم، لەپاش چاوماچکردن جەژنە پیروزانەکەت دوێنێ ئێوارە کە حەوتی شــەوال بوو بە دەســتم گەیشــت، یەعنی تەقریبەن "١٥" ڕۆژی پێ چووە، کەچی ئی فؤاد کە لە ٢٢ی ڕەمەضـــان نووســـرابوو، لە ٢٨ی ڕەمضـــانی لێرە، یەعنی بە حەوت ڕۆژ گەیشـــت، ئەوجا لەبەر ئەوەی لە جەژنە ئیمڕۆ پێنج ڕۆژی تێپەڕیوە کارتم نەنارد، بەڵکوو حەزم کرد بە کاغەز جوابت بدەمەوە.

برام، چاوم، یاخوا جەژنت پیرۆز و موبارەک بێ، هەموو وەقت لە جەژنە دابن.

کاک مەلا ســـالّح عەبدولحەمید دەڵێ چاوی ماچ ئەکەم، بەڵام گلەییم هەیە کە منی کردووەتە "مـام"، یعنی پیری کردووم!

چاوەکەم کاغەزێکم بۆ فؤاد نووســـیبوو کە "١٠٠" جەژنە

پیرۆزانەم بۆ بە طەبعکردن بدا، بەڵام تەفسیلەکەم لە بیر چوو. لەم "١٠٠" جەژنە پیرۆزانەیە "٥٠"ی جواب بێ. چاوی فؤاد ماچ ئەکەم، کاکە سالّح زۆر ئاگاداری فؤاد بکە، ئەبێ بە هەموو مەعنا ئاگات لێی بێ.

سەلام لە مەلا عوثمان و مەلا نایف ئەکەم. ئیتر لە خودا ئەپارێمەوە هەموو وەقت لە خۆشی و صحەتدا بن.

دایکی فؤاد سەلامی هەیە و منداڵەکان دەستت ماچ ئەکەن.

ئیتر لە ئەمانەتی خودا دا بی وەسەلام.

١٩٥٩/٤/١٦

مامت هورامی زادە

ئیمزا



نامەی مەلا مەعسووم هەورامی بۆ مەلا سالّح برادەری، داوا دەکات چاوی لە فؤادی کوڕی بێت.

١.

تورکیا تووڕە دەبێت

هەر لەو ماوەیەی ئەو ڕادیۆ کوردییە کەوتە چالاکی و دەنگی بڵاو بووەوە، باڵیۆزی تورکیا لە میسر بەپەلە داوای بینینی جەمال عەبدولناسر دەکات، عەبدولناسریش سەرەتا نازانێ ئەم داواکردنە بەپەلەیە بۆ چییە، دیارە شتێکی زۆر گرینگ هەیە، بۆیە بازی بەسەر وەزارەتی دەرەوەی میسر داوە. کە دەگاتە لای عەبدولناسر باسی ئەوە دەکات، کە حکوومەتەکەی زۆر ناڕەحەتە لەوەی میسر هانی کوردەکانی تورکیا دەدات لە دژی حکوومەتەکەیان، داواش دەکات ئەم ڕادیۆیە دابخرێت، چونکە خزمەت بە پەیوەندییەکانی میسر و تورکیا ناکات.

ئەوە بۆ عەبدولناسر سەیر دەبێت، کە بۆ ئەم داوایە هاتۆتە لای، یەکسەر بە باڵیۆز دەڵێ:

"بەپێی زانیاریی من، ئێوە دەڵێن لە تورکیا کورد نییە! کەواتە بۆ ڕووی لە ئێوەیە، ئەگەر حکوومەتی تورکیا بڵێت لە ولاتەکەمان کورد هەیە، هەر ئێستا ڕادیۆکە دادەخەم. ئێوە ئەوەم بۆ یەکلایی بکەنەوە، من ئامادەم داواکەتان یەکسەر جێبەجێ بکەم".

١١

بۆ قاهیرە ئەوەی کرد؟

بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ ببوو بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ سیاسەتی عەبدولناسر، بە تایبەتی لە ولاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتیش پێشوازیی گەرمی لێ دەکەن، بەوەش لێکنزیکبوونەوەی میسر و عێراق ئاشکرا دیار بوو، بەڵام ئەو ئاشتەوایی و هەڤاڵبەندییە زۆری نەبرد، ناکۆکی کەوتە نێوان شیوعییەکان، "کە شەقامی عێراقی لەژێر دەسەڵاتی ئەوان بوو" و نەتەوەپەرستەکانی عەرەبی عێراق، "کە ژمارەیەکی زۆریان لەنێو سوپا و بەڕێوبەرایەتییە ئەمنییەکاندا هەبوون".

نەتەوەپەرستەکان داوایان دەکرد عێراقیش بچێتە پاڵ "کۆماری یەکگرتووی عەرەبی"، کە لە نێوان سووریا و میسردا هەبوو، واتە ببێت بە سێیەمێکی. هەرچی شیوعییەکان و کورد بوون، داوایان دەکرد پەیوەندی لەگەڵ کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لەسەر بنچینەی فیدراڵی بێت، واتە "اتحاد" نەک "وحدة" کە لە ڕووی دەستوورییەوە جیاوازییەکی دیار لە نێوانیاندا هەبوو.

***

وردەوردە ئەم ناکۆکییە لە نێوان ئەم دوو دروشمە، یاخود لە

نێوان کۆماری عەرەبی و عێراق، بەرەو تونـدوتیژی دەچوو، گەیشتنە پلانگێڕان لە یەکتری، بەڵام میسر لەم ڕووەوە بااڵدەست بوو.

عێراقی نووری سەعید کە دژ بە سیاسەتی عەبدولناسر بوو دەستی دەگێڕا، لە کاروباری سووریا و لوبنان و پشتئەستوور بوو بە پشتگیریی بەریتانیا.

بەڵام ناکۆکییەکانی پاش شـۆڕشـی ١٤ی تەممووز بە شـێوەیەکی تر دەکەوێتەوە، یەکەم هەنگـاو میسـرییەکـان دوورخسـتنەوەی عەبدولسـەلام عارف بوو، کە لە سـەرەتای مـانگی ئەیلوولی ١٩٥٨ بە بڕیـارێکی عەبـدولکەریم قـاسـم دەرچووبوو، کە عەبـدولسـەلام عـارف هەر تەنیـا جێگری عەبدولکەریم قاسـم بێت، واتە جێگری سـەرۆکوەزیران و وەزارەتی ناوخۆی لێ وەربگرێتەوە.

ئەم ناکۆکییەی ناو عێراق، گەیشـتە ناو خوێندکارانی عێراقی لە میسر، ئەوە بوو سێ لە بێژەرەکانی ڕادیۆی کوردی "موحەمەد حوسێن مەلا، هۆشیار بابان و موحەمەد شەیدا" لەگەڵ کۆمەڵێک لە خوێنـدکـارانی عێراق گەڕانەوە وڵات، ڕادیۆکە تەنیـا عەبـدولوەهـاب مەلای تێدا مـایەوە. وا بزانم مـاوەیەک عەدنـان شێخ -کە ئەویش خەڵکی قامیشلی بوو- ئیشی تێدا دەکرد، پاش تەواوکردنی خوێندنەکەی میسـری بەجێی هێشـت گەڕایەوە وڵاتەکەی.

ئێستگەی ڕادیۆی میسر لەگەڵ خوێندکارە کوردەکان کەوتنە

پەیوەندکردن تا کەسی گونجاو لەم کارە دابمەزرێنن، تەنیا دوو خوێندکاری کورد چوون بەلایەوە: لەوانە عوسمان نۆغەرانی و عەبدوڵڵا مەعرووف دارتاش، ئەویش دیارە لەژێر پاڵەپەستۆی بارودۆخی ئابووریان بوو. ئەوانی دیکە ڕوویان تێ نەکرد، چونکە ئەم ڕادیۆیە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی میسرە و ڕۆژانە هێرشی تێدا بوو بۆ سەر عەبدولکەریم قاسم، ئەو کاتیش کورد پشتگیری لە سیاسەتی عەبدولکەریم قاسم دەکرد. دوای ماوەیەک عەبدولوەهاب مەلاش ڕادیۆکەی بەجێ هێشت و چوو بۆ ئەڵمانیا، تەنیا ئەم دووەی دیکە مابوونەوە.

***

ئێستگەی قاهیرە بەردەوام هەوڵی دەدا خوێندکاری کورد لەم ڕادیۆیە کار بکەن، تا سەرەتای ساڵی ١٩٦٢، لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی کوردستان لە ١١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١، ململانێ کەوتە نێوان سەرکردایەتیی کورد و عەبدولکەریم قاسم، ئەو کات هەندێکمان بەدوای دەنگی ئێستگەی قاهیرەوە چووین.

لە ئەنجامدا، من و د. موحەمەد ڕەمەزان کە خەڵکی کەرکووک بوو، لەو ئێستگەیە وەرگیراین، لەگەڵ دوو بێژەرەکەی پێش ئێمە، واتە ئەو چوارەمان، لەم ڕادیۆیە کارمان دەکرد، بێ ئەوەی هیچ کێشەیەکمان هەبێت. ڕادیۆکە لە دەستی خۆمان بوو، بابەتی کوردایەتییمان دەخستە ناو پڕۆگرامەکان، بە تایبەت لە گۆشەی گۆرانیی داواکراو، کە ماوەیەک خەڵکێکی زۆر

نامەیان بۆمان دەنارد، بەڵام سانسۆر کەوتبووە سەر ئەو نامانە بۆ قاهیرە دەنێردران، بە تایبەتی لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە. بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەو ناوانەی نامەیان دەنارد، ناوی هەندێک پێشمەرگەمان بڵاو دەکردەوە، یان دەمانگوت:

"بۆ برادەرە دڵسۆزەکانی کوردستان" یان "بۆ شاخوداخەکانی کوردستان"، کە داوای سروودە نیشتمانییەکان دەکەن.

تا ئـــەو ڕۆژەی بەیانی سالّح مەهدی عـــەماش، وەزیری ناوخۆی ئەوسای حکوومەتی بەعس بڵاو کرایەوە، کە داوا لە ســەرکردایەتیی شـــۆڕشی کوردستان دەکات لە مــاوەی ٢٤ سەعاتدا چەکەکانیان ڕادەست بکەنەوە. ئەم هەواڵە یەکێک بوو لە هەواڵەکانی ئەو ڕۆژە، لە زۆربەی زۆری ڕادیۆکانی ولاّتانی ناوچەکە و دەرەوە بانگەوازەکە بڵاو کرایەوە، لەوانە بۆ ڕادیۆ کوردییەکەی قاهیرەش هاتبوو، دەبووایە بڵاو بکرێتەوە.

ئەو ڕۆژە ئەوانەی لە ڕادیۆ دەواممان دەکرد: من، عوســمان نۆغەرانی، د. موحەمەد ڕەمەزان بووین، کاری موحەمەد ڕەمەزان پێشـــکەشـــکردنی بەرنامەکە بوو، من و عوســمان نۆغەرانییش هەواڵەکان و وتاری ڕۆژمان پێشکەش دەکرد. سەری دنیامان لێ هاتبووەیەک، چۆن دەبێ بە دەنگی ئێمە، لە ڕادیۆ کوردییەی قاهیرە شتی وا بڵاو بکەینەوە.

بیرمــان لەوە نەکردەوە هەواڵەکە بڵاو نەکەینەوە، یــان بە شـێوەیەک هەندێک وشــە و ڕستەی لێ هەڵگرین، چونکە لە ڕووی ســانسـۆرەوە کەسـێکی وا نەبوو کوردیزان بێت، ڕۆژانە

چاودێریمان بکات، تەنیا شێخ عومەر وەجدی بوو، کە ئەویش زۆر جار نەدەهاتە ئێستگەکە، لە جیاتیی ئەو دەفتەرەکەمان ئیمزا دەکرد.

بۆ دەربازبوون لەو ئاستەنگە، دەقی هەواڵەکەمان بە شێوەیەکی شۆڕشگێرانەی کوردی گۆڕی، وەک ئەوەی هەموو خەڵکی کوردستان لەم ڕادیۆیە چاوەڕێی ئەم هەواڵە بن! تا وەی خەڵک بەرز کەینەوە. دەقی نووسینەکانی خۆمانم لە بیر نەماوە، بەڵام وتاری ڕۆژانەمان گۆڕی، کە لە بارەی "شۆڕشی جەزائیر و نیشتەجێ فەرەنسییەکان لە جەزائیر" بوو، دامانڕشتەوە. لە باتیی هەڕەشەی عەمماش، گوتمان:

"ئاژانسی ڕۆیتەرز بڵاوی کردووەتەوە، کە ئەم حکوومەتەی عێراق تووشی شکستی زۆر هاتووە، وا چاوەڕوان دەکرێت ڕژێمی عێراق نەتوانێت خۆی ڕابگرێت، چونکە کوردەکان خۆیان بۆ پەلاماردان ئامادە کردووە. هەروەها ئاژانسی یۆنایتد پرێس دەڵێت:

"شۆڕشی کورد دەگاتە ئامانجی خۆی، بزاڤی کوردی زوو ئەم حکوومەتەش دەڕووخێنێت."

١٢

سووریاش ترسابوو

بـە کـورتی؛ لەم سـتۆدیۆ چـوارمەتـرە چـوارگـۆشـەیەدا، حەماسمان گرتبوو، وەک ئـەوەی ئێمە رۆژلّی سـەرەکیمان بـۆ هاندانی میللەتی کورد هەبێت!

دوو رۆژی پێ نەچوو، سـووریا کە ئەوسا بەعس حوکمڕانی دەکرد و هـاوکـار بوون لە دژایەتیی کورد. هێزێکیـان بە سـەرۆکـایەتیی عەقیـد "فهـد الشـاعر" نـاردبووە عێراق بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی کورد، ئەوەشیان بلّاو کردەوە کە میسر لە رێگـای ڕادیۆ کوردییەکەی هـانی کوردەکـان دەدات و یـارمەتییـان دەدات بۆ دژایەتیی حکوومەتی عێراق. دوابەدوای ئەوە، حکوومەتی میسـر وەلّامی سـووریای دایەوە کە ئەمە درۆ و بوختانە، ئەم ڕادیۆیە لەژێر کۆنترۆلّی خۆیەتی، هیچ شـتێکی لەو جۆرە بلّاو نەکراوەتەوە کە هـانـدان و پشـتگیریی کورد بکـات. بەلّام سـووریـا بێدەنـگ نەبوو، بەلّگەی هەبوو، بۆیە کاسێتێکی نارد و دەلّێت:

"ئەمە دەقی بلّاوکراوەی ڕادیۆکەتانە!"

ئێمەش ئەو چەند کەسەی لەو ڕادیۆیە کارمان دەکرد، کەس هیچی لێ نەپرسـین، تا کاسـێتەکە گەیشـت، داوایان کردین و چووینە لای موحەمەد حەدید، کە "بەڕێوەبەری گشـتیی" هەموو

ئەو بەرنامانە بوو، کە بە زمانی غەیرە عەرەبی بۆ جیهان پەخش دەکران، لێی پرسین ئەمە چییە؟ هەر چوارمان گوتمان:

"ئەم زانیارییە ڕاست نییە!"

بەو وەڵامی ئێمە دیار بوو کەوتە گومان. ئێمەیان بردە لای وەزیری ڕاگەیاندن د. عەبدولقادر حاتەم، ئەو گوتی:

"سووریا لە خۆیەوە ئەو قسەیە ناکات، ئەمە کاسێتەکەیە ناردوویانە، گوێی لێ بگرن و ڕاستییەکە چییە پێمان بڵێن.

بیرمان کردەوە چۆن چارەسەری ئەوە بکەین، چونکە ئەوان دەتوانن خەڵک پەیدا بکەن، گوێی لێ بگرن، بەم جۆرەش ڕاستییەکە دەردەکەوێت.

ئێمەش دانمان پێدا نا، کە لەگەڵ بەشێکی هەواڵەکان و وتاری ڕۆژەکە، ئەوانەشمان کردووە، بابەتێکی تری تێ کەوتووە.

وەزیرەکە گوتی:

"بۆ واتان کرد؟!"

ئێمەش گوتمان:

"جەنابت لە شوێنی ئێمەدا بیت، میللەتەکەت هێرشی ناهەقی بکرێتە سەر، پارێزگاری لە میللەتەکەت ناکەیت؟! خۆمان پێ نەگیرا، دەنا ئێمە مەبەستمان نەبووە میسر شەرمەزار بکەین!"

بەو قسانەی ئێمە هەستمان کرد عەبدولقادر حاتەم و موحەمەد حەدید سۆزێکیان بەرامبەرمان نیشان دا، لە کاتێکدا

کە لە عومەر وەجدیان پرسیبوو، لە ترسی خۆی کە سەرپەرشتی بەشی زمانەوانیی بوو، گوتبووی:

"شایستەن هەرچییەکیان لێ بکرێت!"

موحەمەد حەدید گوتی:

"هەوڵدەن لە سەرەتاوە بەرنامەی ڕۆژەکە لە کاسێتێک تۆمار بکەن، بە مەرجێک هەمووی سروشتی بێت، هەواڵەکان مەگۆڕن، کات و شێوەکەی وەک ڕۆژەکە بێت، دەنگی ئەوان بخەنە سەری، بەڵام بە قسە و وتاری تر، لەگەڵ هی ئەو ڕۆژە وەک یەک بێت، بەڵام قسەکانی خۆتانی لێ لابەرن، قسەکان بگۆڕن، تۆنی دەنگەکە تەواو بێت. ئەو قسانە و ڕێنمایی تری پێ گوتین و گوتی کاسێتەکە بەو شێوە تۆمار بکەن! دەی بڕۆن بزانم چ دەکەن!

ئەوە بوو هەر چوارمان، لەگەڵ چەندین ئەندازیاری ئەلیکترۆنی و شارەزا لە بواری دەنگ، بۆ ماوەی چوار ڕۆژ، هەر ڕۆژەی پتر لە هەشت کاتژمێر، ئیشمان کرد تا ئەو کارە ئەنجام بدەین، بەرنامەکانی ڕادیۆی کوردییش هەر بەردەوام بوو.

ئینجا بەیانییەک لە وەزارەتی ڕاگەیاندن بلاّو کرایەوە، کە ئەو کاسێتەی لە سووریاوە نێردراوە بۆ قاهیرە، دوای ئەوەی پسپۆڕەکان لێیان کۆڵییەوە، دەرکەوت دەستکاریی ئەم کاسێتە کراوە. لەگەڵ هەواڵەکە سەرکۆنەی سووریایان کرد، کە چەواشەکاری بلاّو دەکاتەوە و بەدوای کێشەدا دەگەڕێت.

ڕاستییەکەی ئەم کاسێتەیە کە بۆ سوورییەکانمان نارد، واتە ئەو کاسێتەی ئەو چوار ڕۆژە ئامادەمان کرد، باڵێوزی میسر لە عێراق "امين الهويدي" لە کێبی "كنت سفيرا في العراق" باسی ئەم کێشەیە دەکات، کە چۆن وەزیری دەرەوەی عێراق بانگی کردووە، ئەمیش هەمان قسەکانی عەبدولقادر حاتەمی کردووە.[1] ئینجا عەبدولقادر حاتەم بانگی کردینەوە و گوتی:

بەڵێنم بدەنێ جارێکی تر شتی وا ناکەن، بە ئەمانەتەوە بەرنامە و هەواڵەکان بلاو دەکەنەوە.

هیچ ڕێکارییەکی خراپ لە دژتان ناکەین، بەردەوام بن لەسەر خوێندنی خۆتان و کارتان لە ڕادیۆی کوردی.

لەمەودواش ڕاستەوخۆ بەرنامەتان بلاو ناکەنەوە، دوو سێ کاتژمێر پێش کاتی خۆی تۆماری دەکەن، تەنیا یەکێکتان وەک یەدەگی لە کاتی لێدانی کاسێتەکە لە ستۆدیۆ دەبێت.

گوتمان:

"ئێمەش تکامان وایە ئەو شتانەی دژ بە کوردە، بۆ ئەو بەشەی نەنێرن، نەک هەر لەبەر خۆمان، بەڵکوو لەبەر پاراستنی سۆزی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە میسر"، بە پێکەنینەوە ڕووی کردە موحەمەد حەدید و گوتی: "ئاگات لەمە بێت."

---

[1] أمين الهويدي، كنت سفيرا في العراق (١٩٦٣-١٩٦٥)، الفرص الضائعة، دار مستقبل العربي، الطبعة الاولى، ١٩٨٣، ص١٢٥. نووسەر (١٩٢١-٢٠٠٩) ماوەیەک بەرپرسی موخابەراتی میسرییش بووە، سێ کێبی سیاسیی بلاو کردیتەوە، لە میسر پۆستی باڵای زۆری هەبووە، لە شەڕەکانی دژ بە ئیسرائیل کاریگەریی زۆری هەبووە.

١٣

انا بحبك يا مصطفى

هەر لە شتە سەیرەکان، گۆرانیی "انا بحبك يا مصطفى" بوو، کە گۆرانییەکی تێکەڵی عەرەبی و ئیتاڵی و فەرەنسییە، لە لایەن هونەرمەندی میسری "بورنو موری و بوب عزام" لە ساڵی ١٩٦١ گوتراوە، لەو دەمانە زۆر باو بوو، ئێمەش زوو زوو بڵاومان دەکردەوە. ئەو گۆرانییە و زۆر بڵاوکردنەوەی عێراقی تووڕە و هەراسان کردبوو، بۆیە ناڕەزایەتی بۆ میسرییەکان دەنێرن:

کە ڕادیۆی کوردی قاهیرە ئەم گۆرانییە بڵاو دەکاتەوە مەبەستی مەلا مستەفای بارزانییە!

بەڕێوبەری ئێستگە پێی گوتین:

"ئێمە دەزانین ئەم گۆرانییە چییە، بەڵام دیارە ئێوەش مەبەستێکتان هەبووە، وا زوو زوو پێشکەشی دەکەن. تۆزێک کەمی کەنەوە!"

پەخشی ئەو ئێستگەیە تا شوباتی ساڵی ١٩٦٨ بەردەوام بوو، کە بە تەواوەتی لەگەڵ چەند بەرنامەیەکی دیکە، بە ناوی هۆکاری ئابووری ڕاگیران. منیش دوای ئەوەی ماستەرم لە فەلسەفە وەرگرت، گەڕامەوە عێراق.

بەشی سێیەم

کوردایەتی لە قاهیرە

١

لە نێوان زانست و سیاسەت کامیان؟

ئەوەی باسی دەکەن، دەتانەوێ من قسەیەکی لێ بکەم و یەکێکیان هەڵبژێرم، ئەوە بۆ من زەحمەتە، ناکرێ من لەو دووانە یەکێکیان هەڵبژێرم، کاری ئەکادیمی و زانست بکەم و لە سیاسەت دوورەپەرێز بم، یان بە پێچەوانە!

چونکە هەر یەک لەو بوارانە ئیلتیزامی خۆی تێدایە، بە تایبەتی کە من لە خوێندن بکالۆریۆسم تەواو کرد، دوایی ماستەر و دکتۆرام هەر لە قاهیرە وەرگرت، کەوتمە حاڵەت و دنیایەکی نوێ، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا، ئەو شتانەش لە عێراق و کوردستان کەم بوون، ئیدی لەوێ بارودۆخێک هاتە پێش، نەگەڕامەوە و نەکەوتمە ناو کاری ئەکادیمی، پێشهاتێکی چاوەڕوانەکراو هاتە ئارا، بەرەو بانگەوازە نوێیەکە چووم.

ڕادیۆی قاهیرە-بەشی کوردی ڕاگەیاندراوێک بڵاو دەکاتەوە، داوا دەکات کێ دەیەوێ بێتە ئەو بواڕە، توانای ئەوەی هەیە لەو ئێستگەیە ئیش بکات، با بێت تاقییان دەکەینەوە، کەسە گونجاوەکان وەردەگرین، من و چەند کەسێکی دیکە لەو کوردانەی لەو کاتەدا لەوێ بووین، چووینە پێش و وەرگیراین و ماوەیەکیش کارمان کرد.

لەو دەمانەوە دەکەومە ناو جەرگەی کاری سیاسەت، لەوەش

پەشیمان نەبووم و نیم! حەزم لێیە ئەوەش بڵێم ڕەنگە خەڵکێکی زۆریش شاهێدیم بۆ دەدەن لەو بوارە، من بەجددیش ئیشم تێدا کردووە، سیاسەتم بە سەرپێی و لابەلا و خۆپێداشۆڕکردنەوە نەبووە و نەکردووە. هێشتا لە قاهیرە بووم، بە پەرۆشەوە و زیاتر تێکەڵاوی سیاسەت و حیزبایەتی و خزمەتکردن بە دۆزی نەتەوەکەم بووم.

***

بێگومان دوای ئەوەی ڕێککەوتنی جەزائیر لە نێوان شای ئێران و سەدام حوسێن، بە واتای پێکهاتنی هەردوو دەوڵەتی ئێران و عێراق لەسەر حیسابی کورد، کاریگەریی خراپی لەسەر کەشوهەوا و ڕەوشی کوردستان و دڵ و دەروون و پێگەی سیاسیی گەلی کورد دانا، بە تایبەتی لە باشوور، کە سەرەنجام هەرەسی لێ کەوتەوە و کۆمەڵگە و تاکی کورد دووچاری نائومێدی و سەرلێشێوان هات، بزووتنەوەی کوردایەتیی بێهێز کرد و وزە و گڕوتینی زیاتریشی بە ڕژێمی بەعس و دەسەڵاتی بەغدا بەخشی و هەناسەیەکی دووبارەی -بە شێوەیەکی کاتی- خستەوە جەستە و گیانی، بۆ ئەوەی دووبارە پلان و پیلانە نەگریسەکانی لە ڕاگواستن و بەعەرەبکردن، دوا جاریش بەبەعسیکردن، بەردەوام بێت.

خەونی بەغدا ئەوە بوو بەیەکجاری و لە بنوبۆتکەوە شۆڕش و بزووتنەوەی کورد هەڵتەکێنێت، لە کۆتاییشدا نەتەوەکە بتوێنێتەوە و لەناو بەرێت، بەڵام وەک لە ئاکامدا بینیمان ئەوەی

بۆ نەچووە ســـــەر، کورد وەک فریز وایە، لێرە دەیبڕنەوە لە شـــوێنێکی دیکە زۆر جوان و باشـــتر و ســـەوزتر ســـەری دەردێنێتەوە، لە هەر شوێنێک سەرکوتیان بکردایە، زۆر بەپەلە و دەستوبرد چەکەرەی دەکردەوە، وەک دومەڵ لە بەرانبەر دوژمنان هەڵتۆقیووەتەوە. بۆیە من لە هەموو قۆناغەکانی ژیانم، لە دۆزی نەتەوەکەم، لە کاروانەکە دانەبڕاوم، هاوشان بووم!

دکتۆر فؤاد بە گەنجی، بە ستایلێکی کوردەواریی زۆر تایبەتی جوان.

٢

کەس ناناسم

لەو ڕۆژگارەدا، لەگەڵ ڕۆژە ســـەختەکـانـدا، فؤاد؛ کوڕە کۆییەکە، مەلازادەکە، نەوەی هەورامییەکـان، فەقێ و مەلا و زیرەک لە کتێبە ئـایینییەکـان، گەنجێکی وریـا، دەگێڕێتەوە: لە ســـووریام، گەیشـــتوومەتە ئەم شـــوێنە و کەس ناناســـم، هیچ ئەدرێســـێکم لا نییە، بۆ حەوانەوە لە بازاڕ و ناوچەی مەڕجە بەرامبەر عـامووەکەی تەلەگراف، چوومە هوتێلی "بیروت الکبیر".

کە دەرچووم لە بەغـداد پێیـان گوتبووم؛ فؤاد کە چوویتە دیمەشـــق لەو هۆتێلە دابەزە، زۆر جار کوردەکان دەچنە ئەوێ، هوتێلێکی خاوێنە و نرخەکەشـی گران نییە. منیش قاتێک ڕانک و چۆغەم لەگەڵ خۆم بردبوو، ڕۆژێک ئەو بەرگەم لەبەرکرد و پێی چوومە دەرەوە، زۆر نەڕۆیشتم، دوو کورد لەسەر شەقامەکە بەڵامەوە هاتن، یەکێکیان کاک مستەفا مەحموود پێنجوێنی بوو، دوایی دکتۆرای لە شەریعە وەرگرت.

کە چووم پارەکەی خۆم کردبووە جونیەی میســـری نەوەک لێم بدزن و فێڵم لێ بکەن، پارە زۆرەکەم باش شـــاردبووەوە، بۆ ســـواربوونی فڕۆکە زووتر پێیان گوتبووم دەممان چەور نەکەیت

سوارت ناکەین، منیش تەنیا پێنج جونیەی میسریم پێ نیشان دەدان، هەر بەو بڕە پارەیە چاوم قەپات کردن، تەنگاو بە هەنسکە هەنسک و جانتا بەدەست گەیشتمە سەر پلیکانەی فڕۆکەکە، کە پەروانەکانی کەوتبوونە گەڕ.

کە سەر کەوتم لە پشتەوە تەنیا دوو کورسی چۆل هەبوو، لەسەر کورسیی لای پەنجەرەکە دانیشتم و فڕۆکەکە کەوتە جوولّە، کچێکی جوان لەناو فڕۆکەکە وەستابوو، هات لە تەنیشتمەوە دانیشت و پێی گوتم: "پشتێنەکە ببەستە"، لەبەر ئەوەی یەکەم جارم بوو بە فڕۆکە سەفەر بکەم، تەماشای ئەوم کرد چۆن دەیبەستێ، منیش وەک ئەو خۆم بەست.

فڕۆکەکە کەوتە ئاسمان و گوتیان:

"دەتوانن پشتێنەکانتان بکەنەوە."

کچەکە هەڵستا، منیش کە لە تەنیشتم بوو هەر تەماشام دەکرد، لەبەر خۆشمەوە دەمگوت وا دیارە شانسم باشە ئەوەم لە تەنیشت دەبێت. لەبەر ئەو ئاگام لەوە نەمابوو لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوە بکەم، لە دڵەوە پێم ناخۆش بوو کە هەڵسا، نەشمدەزانی بۆ هەڵسا!

هێندەی پێ نەچوو، کێژەکەی زووتر لەتەنیشتم لە پڕیزی دواوە دەستی بە کاری خۆراک دابەشکردن کرد، واتە لە منەوە دەستی پێ کرد، سینییەکی ڕاگرت هێلکە و ڕۆنەکەرە و نان و موڕەبای لەسەر بوو، منیش بڕیاری خۆم دا هێلکەکە هەڵگرم،

چونکه خواردنەکەی ئاسانتر بوو، هەرچەندە برسیشم بوو، کە دەستم بۆ هێلکەکە برد ئەو گوتی:

"سینییەکە هەمووی بۆ تۆیە!"

لە دڵی خۆمدا زۆر تەریق بوومەوە، بەڵام لاشم خۆش بوو، کە هەمووی بۆ منە. هەر لەناو فڕۆکەخانەکە، لەناو فڕۆکەکەش چەند ڕووداو و پێشهات ڕووبەڕووم بوونەوە!

٣

وەک ئەوەی بچمەوە ماڵی خۆمان

لە فڕۆکەخانەی قاهیرە دابەزیم، لەوێ یەکسەر تەکسیم بۆ هۆتێلێکی نزیک لە ئەزهەر گرت. بەیانییەکەی لەتەنیشت هۆتێلەکە چوومە چایخانەیەکی نزیک، گوتیان خوێندکارە کوردەکانی لە ئەزهەر دەخوێنن، زۆر جار لەو شوێنە دادەنیشن، منیش چوومە چایخانەکە، بینیم دەرگەی سەر شەقامەکە کرابووەوە، هەندێک مێزی لەسەر شۆستەکە داندرابوون.

خەڵکانێکی زۆر بە چڕی لەسەر شەقامەکە هاتوچۆیان بوو، پیر و پەککەوتە، قەیرە و گەنج، ژن و پیاو، ژن بە عەبای میسری و بە بەرگی مۆدێرن، جوان و ناشیرین، ئیتر ئاپۆرەیەکی زۆر بوو، ناوچەکە جەنجاڵ بوو، من ئەو جۆرە قەرەباڵغییەم نەدیتبوو. دانیشتم و تەماشای خەڵکەکەم دەکرد، هەستم بە کات نەدەکرد، لەگەڵ ئەوان دەڕۆیشتم، سەیری هاتوچۆکەم دەکرد، ئاگام لە خۆم نەمابوو، لەناکاو گوێم لە دەنگی دوو سێ کەس بوو هاتبوون دابنیشین، بەر لەوەی دابنیشن لەگەڵ یەکتری قسەیان دەکرد، بەڵام بە کوردی قسەیان دەکرد، ئەو دەنگە، ئەو دیدارە، منی هەژاند و خۆم پێ ڕانەگیرا، لێیان نزیک بوومەوە، چووم و خۆم پێ ناساندن، ئەوانیش زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنیان کردم.

یەکێک لەوانەی کە خۆی پێ ناساندم ناوی "جەلال خەلەف" بوو، پێم گوت: من هاتووم لە بەشی زمانی عەرەبی بخوێنم، بۆ خوێندن هاتووم، دەچمە ئەزهەر، چۆن داواکەم بخەمە پێش لێپرسراوانی زانکۆ، هەنگاوە پێویستەکان چین؟

ئەوانیش دیدارەکەی منیان پێ خۆش بوو، شیرین و جوان گوتیان پاش نیوەڕۆ شێخ عومەر وەجدی، شێخی ڕواقی کوردانە لە ئەزهەر، لە ژوورەکەی خۆی دەوام دەکات، لە ڕێگەی ئەوەوە داواکەت پێشکەش دەکەیت، بڕۆ لەوێ ڕێکارەکانت فێر دەکات، ئاسانە! ئەو هەڵوێستە جوان و کوردانەم هەر لە بیرە، هاوشانم هاتن و منیان بردە لای شێخ عومەر.

***

شێخ عومەر وەجدی کابرایەکی بچکۆلانەی کورتەباڵا بوو، لە جیاتیی ئەوەی وەک مەلاکانی ئەزهەر کەوای شۆڕ لەبەرکات، پانتۆڵی لە پێدا بوو، مێزەرەکەشی وەک مەلاکانی جارانی عێراق، چوار پەنجە لە مێزەری ئاسایی بەرزتر بوو، پیاوێکی ئەسمەر، لووتزل، موورەش.

ژوورەکەی کەوتبووە سەر کۆریدۆرێک لە لای ڕاستی دەرگەی سەرکەوتنی ئەزهەر، ژوورەکە خۆش نەبوو، کۆن و چڵکن و ناڕێک بوو، چەند کورسییەکی لێ دانابوو، هەر یەکەی جۆر و ڕەنگێک بوو، کورسییەکان لەبن دانیشتووەکانیان هەر جیرەجیریان بووا خۆشی لەبەردەم مێزەکە دانیشتبوو،

مێزێکی کۆنی پەرپووت، ڕەنگی جوانی نەمابوو، هەموو بزمارەکانی شل بووبوونەوە، بە قەڵەم و کلیل و ئەو جۆرە شتانە، خەتخەتی زۆری لەسەر هەڵکێندرابوو.

بەخێرهاتنێکی گەرمی لێ کردم، دیار بوو ناوی باوکمی بیستبوو، بەڵام نەمزانی کەی و چۆن ناسیبووی! کوردییەک قسەی دەکرد تایبەت بوو بە خۆی، نە بادینی بوو نە سۆرانی، عەرەبی زۆری دەهاویشتە ناو قسەکانی، لەگەڵ ئەوانەش پیاوێکی قسەخۆش و ڕووخۆش بوو، لە ڕێگەی ئەو داواکەم پێشکەش کرد، ئومێدم زۆر بوو لە زانکۆ وەربگیرێم.

شێخ عومەر وەجدی بێجگە لەوەی شێخی ڕواقی کوردان بوو، لە کۆلێجی ئادابی زانکۆی "عین الشمس" مامۆستای زمانی تورکیی عوسمانییش بوو، دوای نیوەڕۆیانیش چاودێری زمان بوو لەو بەرنامە کوردییەی، کە لە ڕادیۆی قاهیرە بڵاو دەکرایەوە.

لە ماوەی دوو سێ ڕۆژێکدا، ناسیاویم لەگەڵ چەند خوێندکارێکی کورد پەیدا کرد و هەندێک ناسیاویشم دۆزییەوە، هەموو ڕۆژێک سەردانی زانکۆم دەکرد بۆ بەدواداچوونی وەرگرتنەکەم، بەڵام هیچ وەڵامێکی دروستیان نەدەدامەوە. دوو مانگ بەسەر خوێندنی زانکۆکە تێپەڕی، خوێندن ماوەیەک بوو دەستی پێ کردبوو، هیچ لە بارودۆخی خۆم تێنەدەگەیشتم، نەمدەزانی وەردەگیرێم یان وەرناگیرێم؟! لە چ پلەیەک وەردەگیرێم؟ هیچم لا ڕوون نەبوو!

٤

لە قاهیرەوش خالید نەقشەبەندی

لەو ســـەروبەنـــدەدا، وەفـدێکی حکوومەتی عێراق بە ســەرۆکایەتیی خالید نەقشــبەندی "ئەندامی مجلس ســیادة" هاتە قاهیرە، خالید نەقشـــبەندی دوو ســـاڵ لە کۆیە قائیمقام بووە، دۆستی باوکم بووە، منیشی دەناسی. چوومە باڵێۆزخانەی عێراقی لە قاهیرە، گوتم دەمەوێ خالید نەقشــبەندی ببینم، دەیناســم و برادەری نزیکی باوکمە، گوتیان ناو و ئەدرێســـی خۆت بەجێ بهێڵە پێی دەڵێین. من ڕۆیشــتم و نەمدەزانی چارەنووســم دەگاتە کوێ! ئایا دەرفەت دەبێت بگەمە خالید نەقشـــبەندی یان نا؟! چاوەڕوانییەکەم زۆری نەخایاند، زۆر دوودڵ و نیگەران نەبووم، هەر بۆ ئێوارە ئاگاداریان کردمەوە کە ســبەی بچمە کۆشــکی قاهیرە، میوانخانەکەی ســەرۆککۆمار، لەوێ شــوێنێکی تایبەت داندراوە بۆ میوانە گرنگەکان، لەوێ دەتوانیت ببینیت!

***

چووم، ئیشــم هەیە، هاتووم و دەمەوێ بخوێنم، وەربگیرێم، ببم بە قوتابییەکی زانکۆی ئەزهەر. کە چوومە هۆڵی دانیشــتنەکە دیار بوو شــاندی عێراق لەگەڵ (انور الســادات و عبدالحکیم عامر و حسین الشافعي) و یەکێکی دیکەی میسری دانیشتبوون،

تەوقەم لەگەڵ هەمووان کرد و دانیشتم، یەکسەر نەقشبەندی گوتی:

"ئەمە کوڕی دۆستێکی نزیکمە، هاتووە لێرە بخوێنێت، لە خێزانێکی پشتاوپشت زانا و دانا و ناسراوی کوردستانن"، هەر بەم بۆنەیەوە لەناو قسەکانی گوتی: "الاکراد یتقنون العربیة احسن من العرب"، واتە: "کوردەکان ڕەوانتر لە عەرەب، بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن".

منیش باسی بارودۆخی خۆمم بۆ کرد، کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانم، هیچ ئەنجامێکم دەست نەکەوتووە. (حسین الشافعي) گوتی:

"سبەی برۆ دوای مامەڵەکەت بکەوە، من ڕایاندەسپێرم کارەکەت بە ڕێ بکەن."

بۆ سبەی کە چوومە لایەنی پەیوەندیدار، دیار بوو هەڵسوکەوتیان لەگەڵم گۆڕابوو، بە جۆرێکی دیکە بوو، گرنگییەکی زۆریان پێ دام. لە ماوەی تەنیا دوو ڕۆژ کارەکەم تەواو بوو، لە کۆلێژی شەریعە کە ناوەکەی ببوو بە "الشریعة والقانون" وەرگیرام، بەڵام دوای دوو ڕۆژ تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ دەستی پێ دەکرد. چووم و بەشداری دەکەم، پاش ئەنجامەکان دەرکەوت لە دوو وانە کەوتووم، لە چوار وانەش سەر کەوتووم، چونکە من دوو مانگ بوو کتێبەکانم کڕیبوو، خەریکی خوێندنەوەیان بووم، خۆم باش ئامادە کردبوو.

٥

کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراقی
"رابطة الطلبة العراقية" لە قاهیرە

لە قاهیرە کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراقی هەبوو، ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی عێراقی گرتبووە خۆ، ژمارەیەکی زۆریان چەپ بوون، سەر بە حیزبی شیوعیی عێراقی بوون، زۆربەیان لەپێش من و چەند ساڵێکیش بوو لە میسر خەریکی خوێندن بوون، ژمارەی خوێندکارانی کورد، لەناویاندا بەو چەند کەسەی کە لە ساڵی ١٩٥٨ەوە چووبووینە قاهیرە، حەفتا خوێندکارێک دەبووین.

سەرۆکی کۆمەڵەکە موحەمەد حوسێن مەلا دزەیی بوو، کە لە کۆلێجی کشتوکاڵی زانکۆی قاهیرە دەیخوێند، بە هۆی ئەو ژمارە زۆرەی کوردەوە پێگەی بەهێز بوو، شیوعییەکانیش دەنگیان پێی دەدا. پێش ئەوەی هەڵبژاردنی ساڵی نوێ دەست پێ بکات، ڕۆژێک موحەمەد حوسێن مەلا داوای کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ خوێندکارە کوردەکان کرد، بۆ ئەو کۆبوونەوەیەش کاتی سەرلەبەیانی دانا. ئەمە سەرنجی منی ڕاکێشا، بۆ کۆبوونەوە لە بارەگەی کۆمەڵە سەرلەبەیانی بێت، کە باو وا بوو ئێواران ئەو جۆرە چالاکییانە دەکران.

کۆبوونەوەکە دەستی پێ کرد، موحەمەد دیار بوو پتر

دەیویست دڵنیابێت هەموومان دەنگی پێ دەدەین، تا مامەڵە بەو دەنگانە بکات لەگەڵ شیوعییەکان، کە خۆشی بە شیوعی لە قەڵەم دەدرا، ئەو کات تا لە سەرکەوتن دڵنیا دەبێت. کە لە قسەکانی تەواو بوو، بە ناوی کۆمەڵەش قسەی کرد، منیش پرسیارێکم لێ کرد:

"ئایا دەستەی کۆمەڵە ئاگادارن لەو کۆبوونەوەیە، یاخود کۆبوونەوەی خۆتە لەگەڵمان؟"

ئەو لە وەڵامی پرسیارەکە پەشۆکانێکی پێوە دیار بوو، ئێمەش ئەو چەند کەسەی بەشداریی کۆبوونەوەکەمان کرد دەمانزانی کەسایەتیی نەتەوەیی عەرەبەکان هەڵوێستیان دژ بە کوردە، لەناکاو موحەمەد حوسێن مەلا هەڵچوو و هێرشی بردە سەرمان! کۆبوونەوەکە سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ئامادەیی نیشان نەدا بۆ چەسپاندنی هەندێک دروشمی کوردستانی لە بەرنامەکەی کۆمەڵە، ئەگەرچی لە بەرانبەر نەتەوەیی عەرەبەکان دەنگمان هەر بۆ ئەو دەدا.

لە شەوی هەڵبژاردن هەندێک کێشەمان لەناو دروست بوو، لە ئەنجامی هەندێک قسەی شیوعییەکان کە بەشێک لە ئێمەیان بە تاقمی دواکەوتوو دادەنا. عەزیز عەولاّ، کە کەمئەندام و کورتەبالاّ بوو، خەڵکی دەشتی هەولێر بوو، لە کۆلێژی زمانی عەرەبی لە زانکۆی ئەزهەر دەیخوێند، کورسییەکی ڕاکێشا و چووە سەری و دەستی بڵند کرد و جنێوێکی پیسی بە هەموو شیوعییەکان دا، کە بێگومان کارێکی نابەجێ بوو. موحەمەد

حوسێن هاتە بەردەمی و جوێنی پێ دا و گوتی:

"ئێستا چیت لێ بکەم؟!"

ئێمەش یەکسەر چووینە پشتی و گوتمان:

"ناتوانی هیچی لێ بکەیت!"

بەپەلە کشـــایەوە دواوە، ئێمەش چەند کەســێک هۆڵەکەمان جێ هێشـــت. پاش ئەو ڕووداوەش ســـەردانی کۆمەڵەمان هەر دەکرد، بەڵام وەک پێشوو نەدەچووین.

٦

با قەرزەکانم بدەمەوە

ناکۆکی لە عێراق لە نێوان نەتەوەییە عەرەبەکان و حیزبی شیوعی توندتر و ئاڵۆزتر ببوو، ئەمە لە میسریش ڕەنگی دایەوە، کە سیاسەتی میسر پشتگیریی نەتەوەییەکانی دەکرد بەرامبەر سیاسەتی عەبدولکەریم قاسم. شەوێک لەناکاو نەتەوەییەکان، کە بریتی بوون لە هەندێک بەعسی و هەندێکی سەر بە کۆنگرە نەتەوەپەرستەکانی عەرەب، پەلاماری کۆمەڵەیان دا. چەند کوردێک ئەو شەوە لە کۆمەڵە بووین، یەکسەر یەکێکیان کە بەعسی بوو ناوی "بەشار" بوو گوتی:

"ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ کوردەکان نییە، تکایە خۆتان مەخەنە ناو شەڕەکە، ئێوە فەرموون بۆ دەرەوە."

ژمارەی کەسە نەتەوەییەکان زۆرتر بوون، ژمارەی ئەوانەی لەناو کۆمەڵە بوون کەمتر بوون، ئێمەش سێ کەس بووین، ناچار دەرچووین، بەڵام هۆشیار بابان "لە کۆلێجی ئەندازیاری دەیخوێند" مایەوە و بەرکەوت. گوێی بریندار بوو، لە ڕادیۆی بەغداد بڵاو کرایەوە کە گوێیان بڕیوە. دیار بوو لایەنە ئاسایشەکانی میسر ئاگادار بوون، زۆر بە هێمنی و هەستیارییەوە هاتن بۆ ڕاگرتنی زرموهۆڕەکەی ناو خوێندکارە عێراقییەکان.

پاش ئەو ڕووداوە کۆمەڵە پەیوەندیی بە باڵیۆزخانەوە کرد،

دوای دوو ڕۆژ لە بەغداد بڕیار درا هەر خوێندکارێک بگەڕێتەوە عێراق لە زانکۆی بەغداد، لە هەمان کۆلێژ وەردەگیرێت. مەسەلەکەش وا هێنرایە پێش: کە ئەوەی لەگەڵ سیاسەتی عەبدولکەریم قاسمە بگەڕێتەوە، ئەوەی دژ بەو سیاسەتەیە، ئەوە خۆی لە هەڵوێستی خۆی بەرپرسیارە!

بەوپێیە ژمارەیەکی زۆرمان ڕوومان کردە باڵیۆزخانەی عێراق لە قاهیرە، پاسپۆرتی خۆمان تەسلیم کرد، بۆ ئەوەی بلیتی گەڕانەوەمان بۆ عێراق بۆ ببڕن. منیش زۆر بیرم لە بارودۆخی خۆم کردەوە، هەموو ئومێدم ئەوە بوو لە میسر بخوێنم، ئێستا دوای ئەو گرووپە بکەوم، نازانم دواڕۆژم چی دەبێت! هەندێک لەوانەی گەڕانەوە قازانجیان بوو، کە زووتر بکالۆریۆس وەردەگرن، هەبوو چەند ساڵ بوو خوێندنی بۆ تەواو نەدەکرا، ئومێدەوار بوو "زەحف"ێک لەم کەینوبەینە وەربگرێت، هەندێکیش لە ترسان ڕۆیشتن. هەشبوو ئەندامێکی پابەندی حیزبی شیوعی بوو. من هەرچەند بیرم لێ دەکردەوە، لەگەڵ گەڕانەوە نەبووم، بەڵام بۆ ئەوەی موزایەدەم بەسەردا نەکرێت، وەک ئەوانی دیکە پاسپۆرتی خۆم بۆ گەڕانەوە تەسلیم کردبوو.

ڕۆژێک بۆ چوونە باڵیۆزخانە دیاری کرابوو، تا بۆ سەفەر بلیت وەربگرین، یەک یەک دەچووینە لای کونسوولْ، کە نۆرەی من هات بە کونسوولْم گوت:

"من لێرە هەندێک پارەی میسرییەکان قەردارم، هێشتا لە مالْەوە پارەم بۆ نەهاتووە، ڕەنگە دوو مانگی پێ بچێت، ئێستا من بگەڕێمەوە، ئەو کات کابرا دێتە لاتان و سکالاْ دەکات،

نامەوێ ئەو تێڕوانینە بدەم، کە لەبەر قەرداری ڕام کردووە و گەڕاومەتەوە عێراق. پێم خۆشە چاوەڕێ بکەم، کە قەردەکەم دایەوە، ئەو کات بگەڕێمەوە!"

کونسوڵ ئافەرینی لێ کردم و پاسپۆرتەکەی پێ دامەوە، ئەگەرچی مامەوە، بەڵام نیگەرانی دڵی باوکم بووم، دەترسام لە هەڵوێستەکەم ناڕازی بێت. نامەیەکی دوورودرێژم بۆ نووسی و هەموو شتەکانم وەک خۆی بۆ ڕوون کردەوە، "هۆی شەڕی ناو کۆمەڵە، جۆری شەڕەکە کە زۆر بە گەورە نیشان دراوە، ئەوەی هانی چەند خوێندکارێکی دا، کە بەرژەوەندیی تایبەتییان لە گەڕانەوە بووە، ویستیان بیکەن بە کارێکی بە کۆمەڵی سیاسی."

باوکم ئەو کاتەی نامەکەی بەدەست دەگات لە بەغدا دەبێت، ئەویش قسە لەگەڵ کاک مەسعوود موحەمەد دەکات، ڕای هەردووکیان ئەوە دەبێت کە نەگەڕێمەوە و لە قاهیرە خوێندنی خۆم تەواو بکەم. دوایی هەردووکیان پێکەوە سەردانی "کامل جادرچی" دەکەن و باس دێتە سەر گەڕانەوەی خوێندکارانی عێراق لە میسر، کاک مەسعوود دەڵێت:

"خۆ مەلا معصوم کوڕێکی لە قاهیرەیە، نامەیەکی بۆ باوکی ناردووە."

باوکیشم بە کورتی ناوەڕۆکی نامەکەی بۆ باس دەکات، ئەویش دەڵێت:

"دەترسم کێشەی بۆ دروست بکەن و تۆش بگرێتەوە، ئەگینا دەقی نامەی کوڕەکەتم لە ڕۆژنامەی —الاهالي- بڵاو دەکردەوە.

٧

ئیقامەکەم نوێ دەکەمەوە

دوای ئەوەی نەتەوەییەکان دەستیان بەسەر کۆمەڵەدا گرت، ئەو خوێندکارە کوردانەی لە قاهیرە مابوونەوە چیتر هاتوچۆی کۆمەڵەمان نەدەکرد. زۆر جار دەهاتنە لامان و داوایان دەکرد ئامادە بین، بەڵام بەدەنگیانەوە نەدەچووین. ئۆپۆزسیۆنی نەتەوایەتیی عەرەبی عێراقی لە قاهیرە مەڵبەندێکیان کردەوە و ناویان نا "التجمع القومي العراقي"، ئەوانەی لەو کۆمەڵەیەدا ناوداربوون، وەک بێتەوە بیرم: "د. جابر عومەر، هیشام ئەلشاوی، عەبدولڕەحمان ئەلبەزاز، سەلمان، عەدنان ئەلڕاوی، هیلال ناجی و..." بوون.

خوێندکاری عێراقی بۆ ئەوەی ئیقامەی پێ بدرێت و بۆی نوێ بکرێتەوە، دەبووایە لەو کۆمەڵەیە نامەیەکی پشتگیری وەربگرێت. دوو سێ جار پەیوەندیمان بە سەلمانەوە کرد، "ئەو لێپرسراوی کۆمەڵەکە بوو"، داواکەی پشتگوێی دەخستین، ماوەی ئیقامەشمان تەواو بووبوو، لەوانە بوو ئەمڕۆ و سبەی لە میسر دەربکرێین. سەر لە بەیانییەک سێ کەس بووین لەنزیک بارەگەکە وەستاین، کە لە هەمان شەقام لە گەڕەکی زەمالک باڵیۆزخانەی عێراقی لێ بوو. سەلمان وردەوردە بەرەو ئۆفیسەکە دەهات، لێی چووینە پێش، پێمان گوت:

"جەناب، ئەوە چەند جارە داوای نامەی پشتگیری دەکەین، کەچی پێمان نادەن، واتە لە میسر دەردەکرێین، خوێندنەکەمان لەکیس دەچێت، بۆ وا دەکەیت؟"

زانی نیازمان باش نییە، ئێمە گەنج و بەتوانا ئەویش پیر و بەسالاچوو بوو، ڕەنگە دڵیشی پێمان سووتابێت کە بەم جۆرەی بینین، خۆشمان بۆ شەڕ ئامادە کردبوو، جلوبەرگمان مالی قیڕوسیا بوو! یەکسەر گوتی:

"فەرموون ئێستا نامەکەتان بۆ دەنووسم!"

ئێمەش لەگەڵی چووینە سەرەوە و نامەکانی پێ داین و گوتیشی:

"ئێوە بۆ ئێرە بە شوێنی خۆتان دانانێن؟ ئێمە دژی کورد نین."

هەندێک لەم قسانەی کرد، ئێمەش گوتمان:

"باشە لەمەودوا سەردانتان دەکەین."

خوێندکارێکی عەرەبمان لەناودا بوو، ناوی نایف موحەمەد سلێمان بوو، دوای ئەوەی دکتۆرای وەرگرت لە زانکۆ بە مامۆستا دامەزرا، بەڵام لە هەولێر گەورە بووبوو و جاروبار عەرەبەکانی دەبینی. ڕۆژێک سەردانێکی بۆ ڕێک خستین بۆ بارەگای "التجمع القومي العراقي"، کە چاومان بە بەرپرسەکە کەوت بە گەرمی بەخێرهاتنی کردین، هەروەها "هشام الشاوي" و چەند کەسێکی تر ئامادە بوون، "دکتۆر جابر عومەر" زۆر میهرەبانانە کەوتە قسە لەگەڵمان:

"کورد و عەرەب بران، هەردووکیان خاوەنی عێراقن، پەیوەندیی هەردوولایان مایەی سەرکەوتن و بەختەوەریی عێراقە."

لەو دیدارەدا داوای لێ کردین بە دوژمنیان نەزانین، لەنزیکەوە یەکتر ببینین، بە ئێمەی هەڵدا و گوتی:

"سبەی خوێندن تەواو دەکەن، هەر یەک لە ئێوە پایەیەک لە وڵات وەردەگرن"، ئێمەش پاساوماں بۆ هەڵوێست و دوورەپەرێزیی خۆمان هێنایەوە، بە هەڵوێستە تووندوتیژەکەی عەدنان ڕاوی بەرامبەر بە کورد، کە خۆشی دانیشتبوو و جارێک هەندێک مشتومڕیشمان لەگەڵی هەبوو، عەدنان ڕاوی هاتە وەڵام و گوتی:

"ئەوەی چوو چوو، ڕۆژێک بانگهێشتی پاچەتان دەکەم و تاووتوێی خۆمان دەکەین"، بەڵام نە پاچەکە بوو، نە هەڵوێستی خۆشی گۆڕی، نە ئێمەش تێڕوانینمان بەرامبەر بەو گۆڕا.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا "هلال ناجي"مان ناسی، کە پارێزەرێکی نەتەوەیی و لەسەر ڕێبازی جەمال عەبدولناسر بوو، شاعیرێکی ناسراو بوو. پەیوەندیم لەگەڵ هیلال ناجی دریژەی کێشا تا ساڵی ١٩٦٤، ئیتر لەو ساڵەوە چاومان بەیەک نەکەوتەوە، تا لەو ساڵانەی دوایی کە هاتە سلێمانی، لەوێ نیشتەجێ بوو، هەر لە سلێمانیش مرد و لەوێش بە خاک سپێردرا. لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکان پارچە شیعرێکی جوانی پێ دام لە ژێر ناوی "یا اخی الکردي، یا رمز الرجولة".

٨

هەر دەخوێنم

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٢ بڕوانامەی لیسانس "بکالۆریۆس" لە شەریعە و یاسا وەردەگرم، ئارەزووی خوێندنی زیاتر و وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر و دواتر دکتۆراشم دەبێت، بۆیە پەیوەندی بە پەیمانگەی خوێندنی باڵاوە دەکەم، ئەو کاتە سەر بە "کۆمکاری عەرەبی" بوو.

پەیمانگەکە چوار بەشی هەبوو، لەوانە: بەشی قانوون، خوێندنەکەشی بۆ ماوەی ساڵێک بوو، بۆ تەواوبوون و سەرکەوتن، دەبووایە بابەتێک دەستنیشان بکەیت، لە پەیمانگەکە تۆماری بکەیت بۆ بەدەستهێنانی ماستەر، خوێندکاریش لە ماوەی ئەم ساڵەدا کاری خۆی ئەنجام دەدا، بڕوانامەی ماستەری پێ دەدرا.

مامۆستاکانی ئەو بەشە، لە گەورە زانا و شارەزایانی "قانوون و فیقهـ"ی تایبەتمەند بوون، لەوانە: دکتۆر سلیمان مرقص: یاسای شارستانی. شیخ ابو زهرة: وانەی فیقهی ئیسلامی دەگوتەوە. دکتۆر جابر جاد عبدالرحمن: یاسای تایبەتی، دکتور غانم: قانوونی دەستووری و... چەندانی دیکەش، بابەت و بەشەوانەکانیان پێ دەگوتین.

مامۆســـتا عەبدولڕەحمان بەزازیش، ڕاگری پەیمانگەکە بوو، کە بابەتی بیری نەتەوەیی عەرەبی پێ دەگوتین.

ئەوەی جەختی لەسەر دەکرایەوە، دەبووایە خوێندکاری پەیمانگەکە، کاتێک پرسیاری ولاتەکەیان لێ دەکرێت، نەڵێن: من میسریم، یان جەزائیری، یاخود عێراقی، بەڵکوو لە وەڵامدا بڵێن: من عەرەبی میسریم، عەرەبی جەزائیریم، عەرەبی عێراقم و... ئیتر بەم جۆرە داواکاریی خوێندکار بۆ وەرگرتنی بڕوانامە یان هەر کاروبارێک ڕەت دەکرایەوە، ئەگەر ڕەچاوی ئەم ڕێنمایی و بەرنامەیەی نەکردبووایە.

من لەگەڵ موحەمەد ڕەمەزانی هاوەڵم "دواتر دکتۆرای وەرگرت"، هەر یەکەمان داواکارییەکمان بۆ وەرگرتنی بڕوانامە پێشکەش کرد، بەو پێیەی ئێمەش لەو پەیمانگەیە خوێندکاری خوێندنی بااڵین، دەمانەوێ دریژە بە خوێندن بدەین. لە شوێنی داواکاری و واژۆکەمان نووسیمان کوردی لە عێراق، دوای چەند دەقیقەیەک بانگیان کردین، ئێمەش چووینە ژوورەوە، لەنێو قسەکانیان پێیان گوتین:

سوپاستان دەکەین لەسەر پەیوەستبوونتان بەوەی خستووەتتانە ڕوو، پێویستە خوێندکارە عەرەبەکانیش چاو لە ئێوە بکەن.

دوای تێپەڕینی چەند مانگێک، حەزم نەدەکرد لەو پەیمانگەیە بخوێنم، لەبەر ئەوەی خوێندکار لە ماوەی ساڵی یەکەمدا هەر ئەوەی لە قۆناغی کۆلێژ خوێندویەتی، ئەوانەیان بۆ دووبارە دەکردەوە، بۆیە بە باشم نەدەزانی و شتێکی زیاتر فێر نەدەبووین. بە کورتی بەرنامە و خوێندنەکانی قوواڵ نەبوون.

لەو دەمانەی بیرم لە پسپۆریی خوێندن و بڕوانامەکەم

دەکردەوە، ئارەزووم لە بواری یاسای کەتن -القانون الجنائي- بوو، هەوڵم دا لە بەشی فەلسەفەی کۆلیژی ئادابی زانکۆی "عین شمس" ئامادەگیم هەبێت، مەیل و ئارەزوویەکی زۆرم بۆ ئەو پسپۆرییە هەبوو، لە هەندێک وانەکانی "دکتۆر عەبدولڕەحمان بەدەوی" ئامادە دەبووم، بەڵام زانکۆ بە هۆی جیاوازیی میتۆدی خوێندن و پسپۆرییەکەم بەوە ڕازی نەبوون.

ڕۆژێکیان بە ئامادەبوونی "شەوکەت عەقراوی"ی نوێنەری شۆڕشی کورد لە قاهیرە، چاوم بە "دووریيە موحەمەد عەلی عەونی"ی ڕۆژنامەنووسی کوردی میسری کەوت، کە لە دەزگای ڕۆژنامەوانیی فەرەنسی لە پاریس کاری دەکرد، پێشنیازم کرد داوایەک بۆ خوێندنی بالا پێشکەشی زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسی بکەم، کە لەم زانکۆیە بەناوبانگەدا بایەخ بە خوێندنی ئیسلامی دەدرێت. بە حوکمی ئەوەی "دووریيە عەونی"، پەیوەندی بە ناوەند و زانکۆکانی فەرەنساوە هەبوو، ئامادەیی دەربڕی لەم بوارەدا هاوکارم بێت. شەوکەت عەقراوییش ئەم پێشنیازەی پێ باش بوو، هانی دام لەسەر خولیا و پێشنیازەکەم و گرۆتینی زیاتری پێ دام.

دواتر لەگەڵ ناخی خۆم لەسەر ئەم بابەتە کەوتمە گفتوگۆ، بەر لە هەر شتێک هیچ سەروبەندێکم لەگەڵ زمانی فەرەنسی نەبوو، شتێکم لێ نەدەزانی، لە نێوان خۆم و بنەماڵەکەشم هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆ نەبوو، ئەمەش بە هۆکاری بارودۆخی سیاسیی باوکمەوە. ئەو دوای ئازادبوونی لە زیندان، خانەوادەکەی پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە دەکات، لە شار دوور

دەکەوێتەوە. لە لایەکی دیکەشـــەوە خوێندکارە کوردەکانی هاوەڵیشم بۆ دریژەدان بە چالاکییە سیاسییەکانمان هانیان دام لە قاهیرە بمێنمەوە، گوتیان خوێندن و بڕوانامەش هەر بڕوانامەیە چ لە پاریس بێت، یان لە قاهیرە! بەڕەبەرە ئەو گەرموگوڕی و ئارەزووەی یەکەم جاریشم دادەمرکایەوە.

ئێستا وا ئەو یاداشتانە دەنووسم هەست بە پەشیمانی دەکەم، بەڵام داری پەشیمانی بەری نییە.

با ئەوەش بڵێم ئەوەی کە دەڵێن: بڕوانامە هەموو شـــت نییە، شوێنیش بایەخێکی ئەوتۆی نییە، کە بڕوانامە و زانست لە کوێ دەســت دەخەیت، لەوەیاندا دیوێکی ڕاستە و مرۆڤ لە خودی خۆی و چالاکی و بەردەوامی و هەڵگەڕانی بەرەو ئاسۆ و ڕووە و لوتکەی وەدیهێنانی خەونەکانی دەتوانێت، ئەگەر کۆڵ نەدات، لە کەوتن و نشـوسـتی سـل نەکاتەوە، هەر سـوور بێت لەسـەر خەون و خولیـاکـانی، بەڵام زۆر جـاریش لە ڕێی خوێنـدن و بڕوانامە و شـوێن و زانکۆیەک و کردنەوەی دەرگە و پانتاییەکی زیاتر دەســـت دەخەیت، هەنگاوەکانت بەگوڕوتینتر دەبن، ئەو شـوێن و زانکۆیە ئاسـۆیەکی گەشـتر و خەڵک و کەسـایەتیی زیاترت پێ دەناسێنێت.

٩

ئێمە عەرەب نین

بیستمان کە سەرۆک جەمال عەبدولناسر، ڕەزامەندی لەسەر وەرگرتنی خوێندکارانی ئەندەلووسی لە زانکۆکانی میسر داوە، کورسیی خوێندنی بۆ خوێندکارانی توێژینەوەی ئیسلامی، کە لە وڵاتی خۆیان بکالۆریۆسیان بەدەست هێناوە، لە هەر بەشێکی کە ئارەزووی دەکەن تێیدا لە زانکۆی ئەزهەر ماستەر بخوێنن، وەربگیرێن.

من و موحەمەد ڕەمەزانی هاوەڵم، سەردانی سەرۆکایەتی زانکۆمان کرد، بۆ ئەوەی لە ماستەر لە بەشی فەلسەفە "العقيدة والفلسفة"، لەسەر هەمان ڕێچکە، ئەو بڕیارەی تایبەت بە خوێندکارە ئەندەلووسییەکان وەرمان بگرن. وەڵامی زانکۆ ئەوە بوو کە ئەوانە عەرەب نین، بەڵام ڕۆڵەکانی وڵاتانی عەرەبی "عێراقیش دەوڵەتێکی عەرەبییە"، چارەنووسی ئێوەش وەک هەر خوێندکارێکی میسرییە، هەر کەسە بەپێی پسپۆرییەکەی، ناکرێت پسپۆرییەک بۆ پسپۆرییەکی دیکە بگوازرێتەوە، ئێوە دەرچووی بەشی شەریعە و قانوونن، ناشێ لە بەشی فەلسەفە وەربگیرێن.

داوایەکمان پێشکەش کرد، بەڵگە و پێداویستییەکانمان هاوپێچ کردبوو، کە ئێمە لە نەتەوەی کوردین، ئەوەتا لە ئەزهەر

بەشی "رواق الاکراد" هەیە و سەدان سالّە دامەزراوە، زمانیشمان لە زمانی عەرەبی جیاوازە کە لە خوێندنگەکان فێری بووین، بۆچی خوێندکارانی کورد کە لە تورکیا و ئێرانەوە دێن مامەڵەی غەیرە عەرەبیان لەگەڵ دەکرێت، کەچی مامەڵەی ئێمە جیاوازە، بۆیە لە کۆتاییدا سەرۆکایەتیی ئەزهەر داواکەمانی لە بەشی فەلسەفە قبوولّ کرد.

بۆ ئەوانەی دەیانویست پسپۆریی خۆیان بە پسپۆرییەکی نوێ بگۆڕن، مەرجی تاقیکردنەوەیان لە چەند ماددەیەکی دیاریکراو دانابوو، تاقیکردنەوەی خوێندکارانی بەشی فەلسەفە لە چوار کتێب بوو: "فەلسەفەی یۆنانی: یوسف کەرەم، فەلسەفەی ئیسلامی، کتێبێکی بەرایی مێژووی فەلسەفەی ئیسلامی بوو: مستەفا عەبدولڕەزاق، کتێبێک لە لۆژیک بەپێی پرۆگرامی دیاریکراو لە بەشی فەلسەفە، کتێبێکیش لە سۆفیگەری – التصوف-، دەرفەتی مانگێکیشمان بۆ دەورکردنەوەی ئەم کتێبانە لەپێش بوو.

ئێمە ئەو دووانە لە تاقیکردنەوەکەدا بەسەر خوێندکارەکانی دیکەدا، کە داواکارییان پێشکەشی ئەو پسپۆرییە کردبوو، سەر کەوتین، بوینە دوو خوێندکاری بەرچاو. ئەمەش بەرهەمی خوێندنی پێشوو و بایەخدانمان بوو بە بواری فەلسەفە، وێڕای شارەزاییمان لە زمانی عەرەبیدا، لە خوێندنی بالّا لە بەشی فەلسەفە وەرگیراین، کۆمەڵێک دکتۆر و پسپۆری شارەزا و ناودار دەرسیان پێ دەگوتین، لەوانە: دکتۆر موحەمەد غەلاب: فەلسەفەی یۆنانی، دکتۆر مستەفا حلمی: تەسەوف، دکتۆر شێخ

فەتحوللاّ بەدران: زانستی کەلام، ئەو خاوەنی ئەم وتەیە: "قورئان دوا چاپی کتێبی خوایە"، مەبەستی تەورات و ئینجیل و...، دکتۆر مستەفا دنیا: فەلسەفەی ئیسلامی، ئی دیکەش لەوانە؛ مامۆستایەکی پاکستانی زمانی ئینگلیزی پێمان دەگوتەوە.

کاتێک ساڵی یەکەممان تەواو بوو، تاقیکردنەوەمان کرد و سەر کەوتین، کۆلێژ لەبەردەم خوێندکارە سەرکەوتووەکان دوو ڕێگەیان دانا، یان دەبێت نامەیەکی ماستەر بنووسن، یان بۆ ساڵی دووەم لەسەر خوێندن بەردەوام بن، بەم جۆرە بڕوانامەی ماستەر بەدەست بێنن. من خوێندنەکەم هەڵبژارد، دەشبووایە لەپاڵ وانە و دەرسەکانمان، توێژینەوەیەک لە دەوری چل لاپەڕەدا لە میانەی پسپۆرییەکەمان چاپ بکەین، ئەو توێژینەوەیەش دەخرایە چوارچێوەی ئەو بابەتانەی تاقیکردنەوەمان تێدا دەکردن، دکتۆر موحەمەد غەلاب، بابەتی "اخوان الصفا"ی بۆ دەستنیشانکردم و گوتی:

"تۆ عێراقی، ئەم کۆمەڵەیەش لە شاری بەسرە دامەزراوە، دواتر چوونەتە بەغدا، دەبێ لێکۆڵینەوەکەت لەسەر ئەوە بکەیت"، هەروەها گوتی:

"کاتێک ماستەر وەردەگریت، ئەگەر ویستت درێژە بە خوێندن بدەیت، من سەرپەرشتیی دکتۆراکەت دەکەم، کە دەبێ ئەویش لەسەر اخوان الصفاء- بێت."

***

لە کۆتایی ساڵدا سەر کەوتم و بڕوانامەی ماستەرم لە

فەلسەفە بەدەست هێنا و گەڕامەوە عێراق، بەو ئومێدەی لە یەکێک لە زانکۆکانی عێراقدا دابمەزرێم. کۆلێژی ئیمام ئەعزەمی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف لە بەغدا، لە بابەتی فەلسەفە پێویستیان بە دەرسگوتنەوەکەی من بوو، داواکارییەکم پێشکەش کرد و خرایە بەردەم "ئەنجوومەنی خزمەت" بۆ ڕاگەیاندنی وەزیفەکە، بەگوێرەی مەرجە دیاریکراوەکان لە ماوەی مانگێکدا، بەپێی زانیاریی خۆشم، جگە لە من، کەس داواکاری پێشکەش نەکردبوو، لە دواڕۆژی مانگدا، پێش کاتژمێر دوازدە، سەردانی مامۆستا مەسعوود موحەمەدم کرد، کە ئەندامی ئەنجوومەن بوو، بۆ وەرگرتنی بڕیاری دامەزراندنەکەم و پێشکەشی دیوانی ئەوقافی بکەم، بەڵام لە جیاتیی پیرۆزباییکردنم، پێی ڕاگەیاندم، کە ئەوقاف ئەو پلەی دامەزراندنەی لە کاتژمێر دەی ئەم بەیانییە کێشاوەتەوە، لێم پرسی:

ئەمە یانی چی؟!

ئەو گوتی: واتە ئەوقاف پێویستی بەم پلەیە نییە، لە قسەکانی بەردەوام بوو هەڵبەتە شتێک لەمەدا هەیە. بەڵێنی پێ دام کە لەگەڵ "تاهیر یەحیا"ی سەرۆکوەزیران قسە دەکات، وادەیەکی بۆم لەگەڵ لیوا "مەهدی حەمووودی"ی وەزیری دەوڵەتی سەرپەرشتیاری ئەوقاف دیاری کرد، منیش چوومە لای وەزیر، ڕاپۆرت و دۆسیەیەکی گەورەی لەبەردەم بوو و سەیری دەکرد، پێی گوتم:

تۆ تاوانباری بەوەی لەنێو زانکۆی ئەزهەر سووکایەتیت بە

ئایین کردووە، کە قورئانی پیرۆزت درێندووە، بۆ ئەو تۆمەتە دەڵێی چی؟!

وەڵامەکەی من ئەوەی خوارەوە بوو:

تەها حوسێن، نە قورئانی درێندووە نە کوفریشی کردووە، بەڵام لە کتێبەکەی "الشعر الجاهلي"دا ڕایەکی سەبارەت بەو چیرۆکانەی لە قورئاندا هاتوون هەبووە، زانکۆی ئەزهەر بڕیاری دا بڕوانامەکەی لێ بسەنێتەوە، حکوومەتی میسریش لە زانکۆ و دەرسگوتنەوە دووری خستەوە و دایبڕی، جا چۆن خوێندکارێکی وەک من، بێ پشتوپەنا لە میسر، کاری نابەجێ و گەمژایەتیی وا دەکات، زانکۆی ئەزهەر و حکوومەتی میسر لێی بێدەنگ دەبن؟!

جەنابی وەزیر ئەم تۆمەتە هەڵبەستراوە، ڕەنگە بوختانی دیکەش لەو ڕاپۆرتەی بەردەمتان هەبێت، دیارە مەبەستیش لێی پێشگرتنە بە دامەزراندنم لەم کۆلێژە، بە هۆکارگەلێکی ناڕوون لەم کاتەدا.

لە دریژی قسەکانی وەزیرەکە هاتە سەر دووەم تۆمەتی سەر من و گوتی:

تۆ ڕۆیشتیتە یەکێک لە تیاترۆخانەکانی شەوانە لە قاهیرە، بە سەرخۆشی و بە دەمانچەوە، بە زۆری ئافرەتێکی سەماکارت لەگەڵ خۆت بردووە، بۆ ئەمە دەڵێی چی؟!

بەو قسەیە، بەو تۆمەتە ناشەریفانەیە زۆر حەپەسام، لە وەڵامدا گوتم:

جەنابی وەزیر، یەکەم من هەرگیز لە ژیانم نەچوومەتە تیاترۆخانەی شەوانە، دواتر چۆن دەزگاکانی ئاسایشی میسری، کە بە تۆندوتۆڵی ناسراون، لە هەموو شوێنە گشتییەکاندا بوونی زۆریان هەیە، چۆن ڕێگە بە سەرخۆشێکی چەکدار دەدەن، بە هێز سەماکارێک بڕفێنێت، یان بێنێتە دەرەوە! بەڕێز جەنابی وەزیر وا پێ دەچێت ئەوانەی ئەو تۆمەتانەیان بۆ هەڵبەستووم، شتێک لە بارەی میسرەوە نەزانن! وڵات و سیستەمی حکوومەتەکە شارەزا نین.

وەزیر زەردەخەنەیەکی هاتێ و سەرێکی لەقاند و گوتی:

سەرم لەم سەخافەتە سوڕماوە، ئەوەی بە منیشیان گوتووە تۆ لە مالّباتێکی ئایینیی بەڕێزی، کەواتە هەفتەیەکی دیکە سەردانم بکەوە!

١.

نەچوومەوە

بۆ دامەزراندن و مانەوەم لە بەغدا، قەدەرێکی دیکە هاتە پێشەوە، حیزبی بەعس لە ڕۆژی ١٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ کودەتای دووەمی بەسەر حکوومەتدا کرد و دەسەڵاتی گرتە دەست. لەو گۆڕانکارییە "د. حمد الدلي الكربولي" بووە وەزیری ئەوقاف.

چوومە کن وەزیرە نوێیەکە، دامەزراندن و گرفتەکەی خۆم بە کورتی بۆ باس کرد، ڕاپۆرتە نەفرەتییەکەشی لەبەردەم بوو، کورتییەکەی پێی گوتم:

ئەگەر باخچەیەکی منداڵان هەبوو، دەکرێت وەحشێک بخەینە باخچەکەوە؟! پێ نەخەیتە نێو کۆلیژی ئیمام ئەعزەمەوە، بۆ خۆت لە کارێکی دیکە، لە شوێنێکی دیکە بگەڕێت باشترە.

بەو وەڵامدانەوە دروست و یەکلاکەرەوەیە هیوای دامەزرانم لە زانکۆیەکی بەغدا لەدەست دا، بۆ ئیشکردن چوومە ولاتی کوێت لەوێ کارێک بدۆزمەوە، لە ڕێی چەند برادەرێکەوە "مستەفا سوباعی"م دۆزییەوە، کە سەرپەرشتی پڕۆژەی ئامادەکردنی "الموسوعة الفقهية"ی دەکرد، ڕەزامەندیی نیشان دا بە شێوەی پاداشت لەم پڕۆژەیە کار بکەم نەوەک مووچەی

فەرمی، تا پرۆژەکە بەڕێوە دەچێت، بە شـــێوەیەکی کاتی و تا یەکی نیســـان، کە بودجە لەو ڕێککەوتە لە هەموو ســـاڵێک پەســـەند دەکرێت. لەوەش تێگەیشـــتم و مۆڵەتی هەفتەیەک سەفەرم بۆ عێراق وەرگرت و دووبارە گەڕامەوە.

ئێوارە گەیشـــتمە شـــاری بەســـرە، بە ڕێککەوت چاوم بە یەکێـــک لە هـــاوڕێیەکـــانم کەوت، پرســـیـــاری بڕوانـــامە و پسپۆرییەکەمی کرد، منیش پێناسەیەکی خۆیندن و زانیارییەکانی خۆم بۆ کرد، ئەویش گوتی:

پێش چەند هەفتەیەک مامۆســتای فەلســەفە تیرۆر کراوە، کە لەگەڵ چالاکوانێکی ئێرانی ئۆپۆزســـیۆنی شـــادا بووە، لەو دەســـتدرێژییەدا بە هەڵە گوللەیەک بەر مامۆســـتاکەی بەســـرە کەوتووە و مردووە.

ڕۆژی دواتر ڕووم کردە کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەســـرە و ڕاگری کۆلیژەکە دکتۆر "وەلید ئەحمەد"، خەڵکی مووسـڵ بوو، پێشـــوازییەکی گەرمی لێ کردم، لەگەڵ خۆی بردمیە بەشـــی زمـــانی عەرەبی، پێشـــوازی ئەوان لە بەخێرهێنـــانی ڕاگرەکە گەرموگوڕتر بوو، دواتر بیســـتم ڕاگری کۆلیژی ئـــاداب وێستوویەتی کەسێکی مووسڵی لەم شوێنە دابمەزرێنێت، بەڵام بەشی زمانی عەرەبی ڕازی نەبوون، بە هەمان شێوە بەشی زمانی عەرەبییش کەســـێکی دیکەیان پێشـــنیاز کردووە، ڕاگر ڕەتی کردووەتەوە، بۆیە هەردوو لایان داواکەی منیان بە چارەســـەری ناکۆکییەکە دەزانی، لە ماوەی کەمتر لە دوو کاتژمێر داواکارییە

فەرمییەکە جێبەجێ کرا، دکتۆر وەلید منی لەگەڵ خۆی بردە لای دکتۆر "سادق خەیات"ی سەرۆکی زانکۆ، بەپێی بۆچوونی خۆم تەمەنی شەست ساڵی تێپەڕاندبوو، کەسێکی بە شکۆ و جوامێر دیار بوو، لە چاولێکردنی داواکاری و پێداویستییەکانم زانی خەڵکی کۆیەم، پرسیاری لێ کردم:

چ پەیوەندییەکت بە مەلا معصومەوە هەیە؟

منیش گوتم:

مەلا معصوم باوکمە!

لەگەڵ وەڵامەکەم جارێکی دیکە بە گەرمی بەخێرهاتنی کردم و گوتی:

دوو جار لەگەڵ خوێندکارەکانم لە کۆلیژی کشتوکاڵ، بۆ تویژینەوە لە ڕووەکەکانی چیاکانی دەوروبەری کۆیە، چوومەتە ئەو شارە، ئەو لە ماڵی خۆی داوەتی کردووین.

١١

لە بەسرە دامەزرام

ئەگەرچی لەسەر ڕاسپاردەی بەشی زمانی عەرەبی دامەزرابووم، بەڵام لە بەشی پەروەردە و دەروونزانیی کۆلیژی ئاداب دەوامم کرد، دەبووایە من ئەو بابەتانە بڵێمەوە:

فەلسەفەی یۆنانی و فەلسەفەی ئیسلامی بۆ خوێندکارانی بەشی زمانی عەرەبی لە کۆلیژی ئاداب، فەلسەفەی زانیاری "فلسفة العلوم" بۆ بەشەکانی کۆلێژی زانست، لەوانە هەفتەی یەک کاتژمێر بوو. دواتر داوام لێ کرا بابەتی فەلسەفەی پەروەردە بۆ خوێندکارانی پۆلی چوارەم لە کۆلێژی پەروەردە بڵێمەوە، ئەوەش هەفتەی چوار کاتژمێر بوو، بۆ ئامادەکردنی ئەو بابەتەش مامۆستایەکی میسری "د. حسن الفقي"ی سەرۆکی بەشی پەروەردە و دەروونزانی هاوکاریی دەکردم، چونکە ئەو بابەتە لە پسپۆریی منداا نەبوو.

لە ساڵی ١٩٧١ بە هۆکاری گواستنەوەی کۆلیژی ماف لە زانکۆی بەسرەوە بۆ بەغدا و گۆڕینی ناوەکەی بۆ کۆلیژی "یاسا و ڕامیاری"، خوێندکارانی پۆلی سێیەم و چوارەم لە بەسرە مانەوە، مامۆستای شەریعەی ئیسلامییش بۆ بەغدا گوازرایەوە، بۆیە داوام لێ کرا بابەتی "میرات" بە خوێندکارانی پۆلی سێیەم

و بابەتی "بنەماکانی فیقهی" بە خوێندکارانی پۆلی چوارەم بڵێمەوە.

پەیوەندییم لەگەڵ خوێندکارەکان یەکجار باش بوو، بەڵام لە هەمان کاتـــــدا لە بواری تاقیکردنەوەکان توند بووم. لەنێو خوێندکارانی زمانی عەرەبی خوێندکارێکی جووم هەبوو، ئەو زۆر لە بارەی مەینەتییەکانی مالّباتەکەی و چاودێریی بەردەوامیان لە لایەن دەزگاکانی حکوومەتەوە قســـەی لەگەڵ دەکردم. لە لایەکی تریشـــەوە هەندێک لە خوێندکاران بڵاوکراوەی نهێنیی تایبەت بە مەزهەبی شیعەیان بۆ دەهێنام، بۆ ئەوەی لێیان ئاگادار بم، ئەو دەمە بەم چالاکوانانەیان دەگوت "فاتیمییەکان" یان حیزبی فاتیمییەکان، متمانەی ئەوەیان پێم هەبوو، کە نهێنییەکانیان ئاشکرا ناکەم.

لە کۆتایی ساڵی ۱۹۷۱ دوای سێ ساڵ وانەگوتنەوەم، پلەی زانستیم لە تویژەرەوە بۆ مامۆستا بەرز کرایەوە، لەو کاتەدا ئەم ســیســتەمە کاری پێ دەکرا. ئیدی بۆ بەدەســتهێنانی دکتۆرا لە قاهیرە داوای مۆڵەتی خوێندنم کرد، داواکارییەکەم بە فەرمی قبووڵ کرا، لە ئەیلوولی ساڵی ۱۹۷۲ گەڕامەوە قاهیرە.

١٢

دیسان دەچمەوە قاهیرە

بۆ خوێندن و دکتۆراکەم بە ڕەسمی سەفەرم کرد، بەڵام بە داخەوە بیستم دکتۆر موحەمەد غەلاب لەوێ کۆچی دوایی کردووە. بۆیە دەبووایە تۆماری تێزی دکتۆراکەم نوێ بکەمەوە بۆ بەڕێکردنی سێ ساڵ، بێ ئەوەی ڕەسمی داواکراو بدەم، ئێستا هیچ سەرپەرشتیارێکیشم نەبوو. گەڕانی سەرلەنوێم بۆ تۆمارکردنی نامەکە و سەرپەرشتیار دەستی پێ کرد. دکتۆر سلێمان دنیا ڕازی بوو سەرپەرشتیی تێزی دکتۆراکەم لەسەر "اخوان الصفا"وە بکات.

دکتۆر سلێمان دنیا ئەزهەرییەکی عەمامەدار بوو، بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی کامبریجی بەریتانیا بەدەست هێنابوو، کتێب و توێژینەوەی زۆری هەبوو، سەرباری "توێژینەوە-تحقیق" لە سەرچاوەی گرنگ لە فەلسەفەدا، لەوانە: "تهافت الفلسفة للغزالي، تهافت التهافت لابن الرشد، الاشارة والتنبيهات لابن سينا".

شێخ دکتۆر عەبدولحەلیم مەحموودی سەرۆکی زانکۆی ئەزهەر لەسەر تۆمارکردنی ئەم بابەتە ڕازی نەبوو، بەڵام دکتۆر سلێمان دنیا پشتیوانییەکی زۆر بەهێزی کردم، هاوشان و هاوبیرم وەستایەوە، هەر ئەو ناونیشانی تێزەکەی دانا، تا وردەکاری و

خالّبەندییەکانیش پێشنیازی ئەو بوون: "اخوان الصفاء... فلسفتهم وغايتهم"، ئەوەش وەک دەقێکی زانستی و بە پشتبەستن بە زۆرتر لە ٤٥ سەرچاوەی باوەڕپێکراوە نووسیوە و دوایی چاپی کردووە.

دکتۆر عەبدولحەلیم مەحموود عەبدولحەلیم، ئەویش ئەزهەرییەکی عەمامە بەسەر بوو، دەرچووی زانکۆی سۆربۆن بوو لە فەرەنسا، بەرهەم و دانراوی زۆری هەبوو، هەروەها لە سۆفیگەریش شارەزا بوو. داوای لێ کردم و هانی دام کە واز لەم بابەتە بهێنم، هێرشی کردە سەر "اخوان الصفا"ش، کە ئەوان پشتگوێ خراون، بۆچی سەبارەت بە دەستەیەکی لەبیرچووەوە دەنووسی! ئەوان ون بوون، لەو بابەتەوە پێی گوتم:

بە وازهێنان لێیان، لەناویان بە!

بەڵام من داکۆکیم لە فیکرەکەم کرد، جەختم لەسەر ئەوە کردەوە کە من تۆیژەرم، هیچ هەڵوێستێکی لەپێشینەم سەبارەت بەو دەستەیە نییە، لێکۆڵینەوەکەم لە ئاکامی کۆتاییدایە، ڕەنگە دژیان بێت، لەوانەشە پشتگیریان بکات، گرنگ ئەوەیە من دەست بە بەهای تۆیژینەوەی زانستییەوە بگرم.

پاش ئەو گفتوگۆیە زانستییە، لە لای ئەو هاتمە دەرەوە و چوومە لای مامۆستاکەم دکتۆر سلێمان دنیا، بە دڵەڕاوکێیەوە گلەیی هەڵوێستی سەرۆکی زانکۆم لە لای ئەو کرد، ئەو بەرچاوڕوون بوو و پێی گوتم:

ئەنجوومەنی زانکۆ تێزەکەت ڕەت ناکاتەوە، لەوەدا تەنیا

مەبەســـتیانە واز لەو بابەتە بهێنیت، لانی کەم لە ماوەی ئەم هەفتەیە بە زۆرینەی دەنگ بڕیار لە بەرژەوەندیی تۆ دەردەچێت. لەو دەمەدا ئاماژەیەکی دکتۆر تەها حوسێنی گەورە نووسەری میسرم بیر کەوتەوە.

بەرنامە و هزری کۆمەڵە زانا و بیرمەندێکی ئیســـلامی لە ســەدەی دەیەمی زایینی لە بەســرە بە ناوی "اخوان الصــفا" کۆ دەبنەوە، ژمارەیەک پەیام و پەنجا فەرموودە لەســـەر بنچینەی بیروبڕوای ئیســـلامی و فەلســـەفەی ئیســـلامی بڵاو دەکەنەوە، زانستەکانی ماتماتیک و فەلەک و سیاسەتیش ئاوێتە دەکەن.

١٣

بیرمەند تەها حوسێن

لە ساڵی ١٩٦٨ لە میانەی نامە و نووسینەکەم سەردانی دکتۆر تەها حوسێنم کرد، چووم پرسی پێ بکەم، چونکە ئەو پێشەکییەکی زۆر نایابی بۆ چاپە میسرییەکەی نامەکانی "اخوان الصفاء" نووسیبوو.

قسەکەی ئەوم بە بیر هاتەوە کە گوتی:

فؤاد، ڕۆڵە ئاسان نییە و سەختە لەو بارودۆخەدا ئازادانە ئەم تۆێژینەوەیە لە ئەزهەر پێشکەش بکەیت!

منیش لە وەڵامی ڕامانەکەی گوتم:

سەرپەرشتیاری نامەکەم دکتۆر موحەمەد غەلاب بوو. ئەو گوتی:

ئەو یەکێک بوو لە ڕۆڵە هەرە باشەکانمان، بەرگریی تەواوی لێ دەکردیت، وا مردن بۆ خۆی بردەوە، بەڵام وا خوا بە دکتۆر سلێمان دنیا قەرەبووی کردیەوە.

دوای چەند ڕۆژێک مامۆستاکەم ڕەزامەندییەکەی پێ ڕاگەیاندم، کەچی بەم سەرکەوتنە ئەوەندە دڵخۆشیم نەدی، کەیف و خۆشیم تا سەر نەبوو، کاتێک خەریکی خوێندنەوە و گەڕان بووم بەنێو سەرچاوە سەرەکییەکان و ژێدەر و بلیتی تۆێژینەوەکەم ئامادە دەکرد، هەواڵێک وەک بروسکە لێی دام، کە دکتۆر سلێمان دنیا بڕیاری سەفەری وڵاتە یەکگرتووەکانی

ئەمریکای داوە و دەڕوات، هۆکارەکەی چی بوو؟! من نەمدەزانی، ناشتوانم و بواریشم نەبوو ببینم سوپاسی بکەم بۆ ئەو هەموو پشتیوانییەی لەو ماوە سەختەی سەبارەت بە من لێی کردم.

دیسان سەرلەنوێ بەدوای سەرپەرشتیارێکی تازە پەڕۆش بووم، ئەوەی ناخۆش بوو، بابەتی تێزەکەم دلگەرمی و هاندانی سەرپەرشتیکردنی لە لایەن مامۆستایانی بەشی فەلسەفە لە زانکۆی ئەزهەر بەدواوە نەبوو.

لە کۆتاییدا بەختم باشی هێنا، دکتۆر عوسمان یوسف ئەبووعەبەش، ڕەزامەندی بۆ سەرپەرشتیکردنەکە دەربڕی، دوو جار دیدارمان بوو و گفتوگۆی لە بارەی بابەتەکە لەگەڵدا کردم.

دکتۆر عوسمان تەمەنی لە دەوری پەنجا ساڵان بوو، لە منداڵی دووچاری نەخۆشی خوریکە ببوو و بینایی لەدەست دابوو، هەروەها تووشی ئیفلیجیی منداڵانیش ببوو، ئەویش وەک مامۆستاکەم، دکتۆری خوالێخۆشبوو موحەمەد غەلاب نابینا بوو، بەڵام خوای گەورە زیرەکییەکی کارا و بەرچاوڕوونی پێ بەخشیبوو. لەگەڵ ئەو تۆێژینەوەکەم لە کاتی دیاریکراودا تەواو کرد، لە لێژنەی گفتوگۆشدا بەرگریی لێ دەکردم، ئەو هەستی بەوە کردبوو، هەندێک لە ئەندامان لێپرسینەوەم لەگەڵدا دەکەن، سەبارەت بیروبۆچوونی "اخوان الصفاء" و لە بارەی هەندێک کێشە و بابەت، منیش وەڵامم نەبوو، کاردانەوەم لەسەر بۆچوونەکانیان نەبوو، ئەویش ئەوەی پێ خۆش نەبوو، دەیگوت بۆ وەڵامیان نادەیتەوە؟! پێویستە هێرشیان بکەیتە سەر، بەڵام لەو دەمانە، وەڵامی من ئەوە بوو، گوتم؛ من تۆێژەرم، نە بانگخوازم نە وتاردەر.

١٤

بوومە دکتۆر

بڕوانامەی دکتۆرام بە پلەی نایاب و پلەی شـــەرەفی دووەم بەدەســت هێنا، وێڕای ئەوەی دەبووایە پلەکەم "شــەرەفی یەکەم" بێت، وەک ئەوەی دکتۆری ســـەرپەرشـــتیارم جەختی لەوە کردەوە.

لەوەیان من قەرزاری دکتۆر عوســمانم، ســەرەڕای چەندان گەشــت و ســەفەرم بۆ میســر، هیچ جارێک بە دیداری شــاد نەبوومەوە، ڕێک نەکەوت دیداری خوێندکار بۆ مامۆســتاکەی ساز بێت، بەڵام کە نەمدیوە، هۆکارەکەی ئەوە بوو ئەو لە وڵاتی سعوودیە دەژیا، تاوەکوو ئەو دەمەی ئەو یاداشتانە دەگێڕمەوە و دەنووسمەوە، نە ناونیشانی، نە ژمارەی تەلەفۆنەکەی ئەوم دەست نەکەوتووە، داواکاریشـــم لە یەزدانی مەزن، تەندروســـت و ســـەلامەت و تەمەندرێژی بکات و خۆی و خانەوادەکەی لە خۆشیدا بژین.



بەرگی دکتۆرانامەکەی دکتۆر فواد، چاپی دەزگەی المدی.

جامعة الأزهر
الإدارة العامة للدراسات العليا والبحوث

002949

مستخرج شهادة

بالاطلاع على قرار مجلس كلية أصول الدين بالقاهرة الصادر بتاريخ ٩ من صفر ١٣٩٥هـ الموافق ١٩٧٥/٢/٢م ومجلس الجامعة الصادر بتاريخ ٢٠ من ربيع الأول ١٣٩٥ هـ الموافق ١٩٧٥/٤/٢م

تم منح السيد:-

﴿ محمد فؤاد معصوم خضر ﴾

وجنسيته عراقي المولود في اربيل – العراق بتاريخ ١٩٣٨/٣/٢١م.

جواز سفر: ١٠٠٦٥٣٥ -

﴿ درجة العالمية (الدكتوراه) في أصول الدين " قسم العقيدة والفلسفة " ﴾

؛؛؛؛؛؛ (مع مرتبة الشرف الثانية) ؛؛؛؛؛؛

وتحررت هذه الشهادة بناء على طلبه لتقديمها إلى من يهمه الأمر.

وقد قام المذكور بسداد رسم الشهادة بالقسيمة رقم (٤٣٠٣٠٠٢) بتاريخ ٢٠١٢/١٠/٢٨م.

وعلى الجهة المقدم إليها هذه الشهادة التحقق من أن مقدمها هو صاحب الشهادة.

المختص | رئيس القسم | مدير الإدارة | المدير العام

يعتمد التوقيع لدى وزارة الخارجية.

VOID VOID VOID VOID VOID VOID VOID VOID

٧٥

دەقی بڕوانامەی دکتۆراکەی دکتۆر فواد

١٥

نامەی سەرۆک بارزانی

لە قاهیرە ببووم بە حیزبی، ئەندام لە پارتی دیموکراتی کوردستان، بە سەردانێکم بۆ کوردستان سەرۆک بارزانی دەبینم، جارێکی تر و زووتر سەرۆک بارزانییم دیتبوو.

لە سەردەمی عەبدولڕەحمان عارف، لەبەر بوونی کەشوهەوایەکی نە شەڕ نە ئاشتی، بڕیار دەدەم بێمەوە کوردستان، زووتر و بەر لە گەڕانەوەم ئاگاداری کاک حاجی ڕەسوولّی خزمم کردبووە، ئەو لە وەزارەتی ناوخۆ لە بەغدا کاربەدەست بوو، بۆیە هاتبووە فڕۆکەخانەش، منی وەرگرتەوە و سەلامەت و ئاسان دەرچووم!

چوومە دیداری سەرۆک بارزانی، ئەو دەمانە شوێنی مانەوەی لە چوارتا بوو، لەوێ دیتم، لە بیرمە "مەسعوود موحەمەد"یشی لەکن بوو، بە بارزانیی گوت؛ ئەو کوڕی مەلا مەعسوومە، عەرەبییەکی لاویش دەزانێت، واتە زمانە عەرەبییەکەی زۆر باشە!

شەوکت عەقراوی بەرپرسی حیزبییم لە قاهیرە "ئەندازیاریی لە بەریتانیا خوێندبوو، پاش نسکۆ لە بەغدا بەعس کوشتی." ئەویش لەوێ بوو.

ئێمە "من و سەرۆک بارزانی" بەیەکەوە دانیشتین، بە منی گوت زمانە ئینگلیزییەکەت باشە! منیش گوتم بەس عەرەبی دەزانم! گوتی باشە من نامەیەک دەنووسم بیبە قاهیرە، لەوێ بیدە دەست بەرپرسێکی یۆگۆسلاڤی، بە مەرجێک بگاتە دەست سەرۆک تیتۆ. وا دیار بوو لەو ماوەیە هاموشۆی قاهیرە و بەلگراد گەرم بووە، لەبەر کۆنگرەکانی ولاتانی بێلایەن کۆڕ و کۆبوونەوەکانی سەرۆکی یۆگۆسلاڤی "جوزیف تیتۆ (١٨٩٢-١٩٨٠)" و میسری زۆر بووە. تیتۆ و جەمال عەبدولناسر دۆست و هاوکار بوون، بۆیە ئەویش بە ئاسانی دەتوانێت نامەیەکی سەرۆک مستەفا بارزانی بگەینێتە تیتۆ!

ئەو، نامەکەی بە زمانی ڕووسی نووسی، منیش نامەکەم بە ئاسانی بردە قاهیرە. زوو گوتبووم لە ڕادیۆی قاهیرە بێژەرم، خزمەکەشم لەگەڵدا بوو، بۆیە لە فڕۆکەخانەکەی بەغدا جانتا و گیرفانیان نەپشکنیم، نامەکەیان نەبینی، ئەوەش یەکێک بووە لە سەرکێشییەکانم، زۆرم کردووە و دەرباز بوومە. نامەکەم بردە قاهیرە، لەوێ بە ڕێککەوت جێگرێکی سەرۆک تیتۆ بە ناوی جەمال ببوفیچ لە قاهیرە بوو، چوومە شوێنی مانەوەی و نامەکەی سەرۆک بارزانییم پێ دا.

بەشی چوارەم

کۆششەکانم بەر لە پێککەوتننامەی جەزائیری ١٩٧٥

١

نامەی بارزانی بۆ سادات

ڕۆژێکی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٩٧٤، پارێزەر نەجیب بابان هاتە قاهیرە، ئەوسا من لەم وڵاتە نوێنەری شۆڕشی کوردستان بووم. ئەو پێی ڕاگەیاندم کە دەیەوێت "ئەنوەر ساداتی"ی سەرۆککۆماری میسر ببینێت، کە نامەیەکی تایبەتی لە "مەلا مستەفای بارزانی"یەوە بۆ هێناوە، داوای کرد ئەم دیدارەی بۆ جێبەجێ بکەم، ئەگەر بینینی ساداتیش زۆر دەخایەنێت، یان زەحمەتە، یەکێکی نزیک لە سادات بۆ ئەو مەبەستە ببینێت.

لێم پرسی:

"هیچ نامەیەکت بۆ من هێناوە لە بارەگای بارزانی، یان لە مەکتەبی سیاسیی پارتی تا هاوکاریت بکەم؟ ئایا نامەی نووسراوت هێناوە بۆ سادات؟"

وەڵامەکەی نەخێر بوو، بەڵگەی هێنایەوە کە لەبەر ئەوەی بەناو ئێراندا هاتووەتە دەرەوە، نەیانویستووە ناوەڕۆکی نامەکە، یاخود ئەرکەکەی ئەو بزاندرێت، ویستوویانە کارەکە نهێنی بێت، بۆیە هیچ نووسراوی ڕەسمییان پێیدا نەناردووە.

ئەوجا پرسیم:

"ناوەڕۆکی ئەو نامە زارەکییە چییە کە دەتەوێت بە سەرۆک کۆماری میسری ڕابگەیەنیت؟"

ئەو گوتی:

"مەلا مستەفا دەیەوێت بزانێت بۆچوون و هەڵوێستی میسر چۆن و چی دەبێت، ئەگەر شۆڕشی کورد لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ڕێک بکەون و حکوومەتێک لە دەرەوە پێکەوە بهێنێن. ئایا میسر پشتگیریی ئەو حکوومەتە دەکات, دانی پێ دادەنێت؟"

منیش بڕوام بە قسەکەی کرد، چونکە حەبیب موحەمەد کەریم "سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان" لە ڕێکەوتی ١٩٧٤/٥/٢٥ هاتبووە میسر و باسی بیرۆکەیەکی وای بۆ کردبووم. ئینجا بڕیارم دا هاوکاریی بابان بکەم، بۆ ئەوەی بگاتە کۆشکی کۆماریی میسر لە قاهیرە. تەلەفۆنم لەگەڵ "عبدالرحن فرید" کرد، کە یەکێک بوو لە کاربەدەستە باڵاکانی کۆشکی کۆماری بۆ کاروباری عەرەبی.

بۆ ڕۆژی دوایی وادەیان بۆ داناین، لەگەڵ سکرتێری سەرۆک ساداتدا کە ناوی د. حەمدی بوو، لە ڕێکەوتی ١٩٧٤/٩/١٨ لەگەڵ نەجیب بابان چووین و "عبدالرحن فرید" و یاریدەدەرەکەی "سمير الحجازي" ئامادە بوون.

بابان، سلاّو و ڕێزی مەلا مستەفای بۆ سەرۆک سادات گەیاند، یەکسەر بەبێ هیچ پێشەکییەک گوتی:

"مەلا مستەفا دەڵێت: مەسەلەی کورد ئەمانەتێکە "ودیعة" و دەیخەمە بەردەست سەرۆک سادات تا ڕێگەچارەیەک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە."

د. حەمدی داوای کرد دووبارە قسەکانی بکاتەوە، ئینجا نووسییەوە و بۆ بابانی خوێندەوە.

ئەویش گوتی:

"بەڵێ، دەقەکە تەواوە."

د. حەمدییش گوتی:

"ئەمشەو کۆنووسێک ئامادە دەکەم و لەبەردەم سەرۆکی دادەنێم، ئومێد دەکەم سبەینێ وەڵامت بدەینەوە."

***

بە ڕاستی من حەپەسام، لای من چ قسەیەکی کرد، ئێستاش قسەیەکی تر دەکات! چونکە ئەوەی لەم کۆبوونەوەیەدا باسی کرد قسەیەکی گشتیی بێسەروبەر بوو، بە قسەی یەکێک دەکات کە لە حاڵەتی ڕووخاندا بێت، خواخوای بێت یەکێک بە هانای بگات، ئەمە لە کاتێکدا کە بارودۆخی شۆڕشی کورد ئەو کات نەگەیشتبووە ئەو حاڵەتە.

کە هاتینە دەرەوە، زۆر بە تونـدی گلەییم لێ کرد، سەرزەنشتم کرد، کە لە لای من چ قسەیەکی کرد لە کۆبوونەوەکەشدا چی گوت! ئەو گوتی:

"مەلا مستەفا وای بە من گوتووە!"

گوتم:

"ئەی بۆ باســـی ئەو قســـانەت نەکرد کە دوێنێ لەگەڵ من دانیشتی؟!"

ئەو هیچ وەڵامێکی نەبوو.

بۆ بەیانی چووینەوە بۆ وادەکە لە ســـەرۆکایەتیی کۆمار، سکرتێری سادات دوای سڵاو و ڕێزی سەرۆک سادات بۆ مەلا مستەفا گوتی:

"هەر لەم ڕووەوە دەکەوینە پەیوەندیی لەگەڵ عێراق و ئێران، بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێک کە باش بێت بۆ هەموو لایەک."

لێم پرسی:

"بەڵام بۆ ئێران؟!"

ئەو گوتی:

"بە بۆچوونی ئێمە، ئەمڕۆ کێشەی کورد لە عێراق بەبێ ئێران چارەسەر ناکرێت."

٢

سادات دەچێتە پاریس

لە یەکەم ســـەفەری بۆ فەرەنســـا لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/١/٢٥ لەســەر بانگهێشـتی ســەرۆککۆماری فەرەنسـا "ڤالێری جیسـکار دیســتان"، ســەرۆک ســادات، بە ســەردانێکی فەرمی چوو بۆ پـاریس، کە تـازە بووبوو بە ســـەرۆککۆمـار. ڕۆژنێک دوای گەیشـــتنی بۆ پاریس لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ســـادات گوتی:

"کوردەکـان لە عێراق داوایـان لێ کردووم بکەومە نێوانیـان لەگەڵ حکوومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان!"

هەر بۆ ڕۆژی دوایی مەکتەبی سـیاسـیی پارتی ڕایگەیاند کە ئەوان ئاگاداری شـــتێکی وا نین، هیچ داوای وایان لە ســادات نەکردووە.

بۆ ڕۆژی دواتر، مام جەلال "نوێنەری شۆڕش لە سووریا" و عەزیز شـــێخ ڕەزا "نوێنەری شـــۆڕش لە لوبنان" لە بەیروونەوە هاتن بۆ قاهیرە، لە هۆتێل شـەپەرد وادەمان دانا، نەجیب بابانیش لەگەڵ من هات بۆ هۆتێلەکە، بەڕێکەوت عەبدولڕەحمان فەرید و سەمیر حیجازییش پەیدا بوون و دانیشتنەکەمان یەکی گرتەوە.

بابەتەکە باس کرا و مام جەلال بە تووندی هێرشـــی بردە ســـەر رژێم و گوتی:

"مەلا مستەفا ڕاسپاردەی وای نییەا"

نەجیب بابان زمانی تێک ئالاّ، ئەگەرچی خۆیشـــی لە قسەکردن زمانی دەگیرا. بۆ فەرید و حیجازی دەرکەوت شتێک لە مەســـەلەکەدا هەیە، نامەکەی بابان بەو شـــێوە نییە کە بە سەرۆکایەتیی کۆماری ڕاگەیاند.

هەرچۆنێک بێت دەربڕینەکەی ســـادات لە پاریس بلاّو بووەوە، وەک لە سەرۆکایەتیی میسر پێیان ڕاگەیاندین کە قسە لەگەلّ عێراق و ئێران دەکەن، من وا بزانم ئەمە ســـەرەتای ڕێککەوتننامەی جەزائیر بوو، بێگومان عێراق و ئێرانیش بیریان لەوە دەکردەوە، خۆیان لەو ململانێ ســـەربازییە ڕزگار بکەن، هەریەکەش لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە.

٣

تۆپخانەی ئێرانی

ئێران کوردی بەکار دەهێنا بۆ سەپاندنی ویستی خۆی بەسەر بەغدا، عێراقیش دەیویست لەگەڵ ئێران ڕێک بکەوێت، ئەو هێزە کوردییەی کە کێشەیەکی زۆری بۆ دروست کردووە لاواز بکات و لەناو بچێت.

پشتگیریی ئێران بۆ ئەو بزاڤە کوردە زەق و ئاشکرا بوو، تۆپخانەی ئێرانی سەر لە ئێواران لەسەر سنوورەوە بە ڕێگای حاجی ئۆمەران، دەچوونە ژوورەوە و لەناوەوەی کوردستان، تا نزیک بەیانی بە خەستی تۆپبارانی سەربازگەکانی عێراقی دەکرد، ئینجا بەرەوە سنووری ئێران دەگەڕانەوە شوێنی خۆیان. هەموشیان بۆ هاتن و چوونەکەیان جلی کوردییان لەبەردەکرد.

ئەو بنکە موشەکییەی فڕۆکە تۆپۆلیفەکەی عێراقی خستە خوارەوە... لەناو خاکی کوردستانی عێراقدا بوو، تۆپۆلیفی ١٦ چەکێکی ستراتیژیی عێراق بوو، ئەمە وای کرد عێراق بیر لە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران بکاتەوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ کە دوو مانگێک مابوو، کۆتاییهاتنی چوار ساڵەی ئاساییکردنەوەی بارودۆخ و پەیوەندیی نێوان حکوومەتی عێراق و بزاڤی کوردی بەپێی بەیانی ئاداری ١٩٧٠ سەدام حوسێن باسی لەوە کربوو:

"ئەگەر ناچار بوون لەگەڵ ئێران ڕێک دەکەوین و کەنداوی عەرەبییش لە کوردستان بەنرختر نییە!" هەروەک بە دکتۆر "مەحموود عوسمان"ی گوتبوو. لە لایەکی دیکەشەوە حکوومەتی شا لە سەرکردایەتیی کورد ناڕازی بوو، کە ڕۆڵی بنەڕەتیی لە شەڕەکاندا نەماوە، بەڵکوو ئەرتەشی ئێرانی شەڕەکە دەکات.

ئێرانیش حیسابی ئەوەی دەکرد، ئەگەر شەڕەکە وا بڕوات دەبێت بە شەڕی عێراق-ئێران و یەکێتیی سۆڤیەت بەپێی هاوپەیمانی لەگەڵ بەغدا، پشتگیری لە عێراق دەکات. ئەو کات ئەمریکاش لەسەر ئێران هەڵدەداتێ، ئیتر مەسەلەکە لە دەست ئێران دەردەچێت. واتە زەمینەی ڕێککەوتن لە نێوان عێراق و ئێران لە ڕووی بابەتییەوە ساز و ئامادە بوو، هەر ئەوەندەی دەویست یەکێک لە دەرگاکە بدات و بڵێت:

"فەرموون!"

ئەنوەر ساداتیش ئەمەی قۆستەوە و کلیلی دەرگاکەی کەوتە دەست، کە سوود لە هەردوولا "عێراق و ئێران" وەربگرێت، بۆ بەهێزکردنی جێپێی خۆی و بەکارهێنانی ئەو پەیوەندییە لەگەڵ ئەو دوو وڵاتە، بۆ سوودی وڵاتەکەی بەرانبەر ئیسرائیل.

دوای ئەوەی پەیوەندیی نێوان بەغدا و تاران دەستی پێ کرد، میسرییەکان ویستیان کوردیش لە خۆیان نەکەن، بە تایبەتی میسر لە دێر زەمانەوە سۆزێکی لەگەڵ کورد هەبوو، ئەوە بوو ڕۆژنامەنووسی ناودار: "ئەحمەد بەهائەدین:

سەرنووسەری ئەوسای رۆژنامەی بەناوبانگی (الاهرام)ی میسری"، کە لە ئەنوەر سادات نزیک بوو، مام جەلالی ڕاسپاردبوو کە مەلا مستەفا ئاگادار بکاتەوە، شاندێکی باڵا بۆ قاهیرە بنێرێت، یەکێک لە دوو کوڕەکانی: "ئیدریس یان مەسعوود"ی لەگەڵدا بێت، ئەوان شاندەکە دەبەنە مەغریب، کە کۆبوونەوەی سەرانی عەرەبی لەپێشە، لەو کۆبوونەوەیەدا باس لە کۆتاییهێنانی ناکۆکیی عێراق و ئێران دەکرێت، میسرییەکان حەز دەکەن شاندێکی کوردی باڵادەستیش ئامادە بێت، بۆ ئاشتبوونەوەیەکی کوردی-عێراقی، لەسەر دەستی ئەوان.

لەسەر ئەوە مام جەلال گوتوویەتی:

"من ئەو ڕاسپاردەیەم زوو گەیاندە ئیدریس و مەسعوود بارزانی"، بەڵام بە داخەوە لە جیاتیی ئەوەی شاندێکی وا بنێرن بۆ ئەو شوێنە و سوود لە هەڵوێستی میسرییەکان وەربگرن... ڕاسپاردەکەیان پشتگوێ خست. لە جیاتیی ئەم شاندە، "عەزیز شێخ ڕەزا"یان دەستنیشان کرد بچێت بۆ مەغریب، کە ئەویش نەیتوانی بچێت، چونکە ڤیزای نەبوو، بە ڤیزاوەرگرتنیش ڕانەدەگەیشت.

***

لە مانگی کانوونی یەکەمی ۱۹۷۵ لە کوردستان بووم، لە دانیشتنێکدا لەگەڵ مەکتەبی سیاسی، بە ئامادەبوونی؛ ئیدریس بارزانی، مەسعوود بارزانی، حەبیب موحەمەد کەریم، مەحموود عوسمان، سامی سنجاری کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوون، دکتۆر فواد و دکتۆر خدر ئامادە بوون، لەوێ دکتۆر فواد

گوتی؛ دوای گەڕانەوەم بۆ میسر، لەوێ بەرپرسانی میسری پێیان ڕاگەیاندم، لەو نزیکانە هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران ئاشت دەبنەوە، دیداریان دەبێت، بۆیە وا باشە سەرکردایەتیی کورد ئەوە بزانێت، بڕیاریشە دیدارەکەیان لە وڵاتی جەزائیر بێت، بەڵام ئەندامەکانی مەکتەبی سیاسی وەڵامی دکتۆریان دایەوە کە ئەو شتە ناکرێ، موستەحیلە، چونکە ئەگەر ئەوە بکرێت، بێگومان ئێران زوو ئاگادارمان دەکاتەوە!

هەروەها داوایان کرد پەیوەندی بە لیبیا و تونسەوە بکەم. منیش کە گەڕامەوە قاهیرە کەوتمە پەیوەندی لەگەڵ چەند لایەنێک، هەندێک ئەم بیرۆکەیان لا باش بوو، ئەوەی زۆر بە گەرمی وەریگرت "ڕەشید موحسین" بوو، کە لە کاتی کودەتاکەی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨ بەڕێوبەری ئاسایشی گشتیی عێراق بوو، کە چووبووە دەرەوەش حیزبێکی بە ناوی "بزووتنەوەی سۆشیالیستی عەرەبی" پێک هێنابوو.

بەڵام فائیق سامەرائی، کە بەرهەڵستکارێکی ڕژێمی پاشایەتی بوو لە عێراق، دوای شۆڕشی ١٩٥٨ بووبوو بە باڵێۆزی عێراق لە میسر، دوایی لە ئەنجامی هەڵوێستی سیاسیی خۆی بەرامبەر بە حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣ لە قاهیرە، وەک پەنابەرێک مابووە، کە قسەم لەگەڵ کرد گوتی:

"هەندێک گۆڕان لە ناوچەکە ڕوو دەدات، دەبێت چاوەڕوان بن، تا دوو سێ مانگێک، ئەو کات دەکرێ قسەی لێ بکەین"، وەک ئەوەی بزانێت شتێک لە ئارادایە و دێتە پێش.

٤

لیبیا و تووونس

لیبیا

به نیسبەت لیبییەکان، نامەیەکم بۆ "ئەیاد سەعید سابت" نووسی، کە ئەویش لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بوو بە "ناسری" دادەنرا، لە تەرابلوس نیشتەجێ بووبوو، وەڵامی دامەوە بە نووسین، نامەکەی بە دەستی "سامی صوفان" بۆی ناردم، کە قسەی لەگەڵ لیبییەکان کردووە و ئامادەن بمبینن، بەڵام لە دەرەوەی لیبیا کە خۆم هەڵبژێرم "عەرەبی یان ئەوروپی".

تووونس

بە نیسبەت تووونسەوە، لەگەڵ باڵیۆزخانەکەیان لە قاهیرە قسەم کرد، کە دەمەوێت بچمە ئەو وڵاتە، بۆ بینینی هەندێک لایەنی بەرپرس، مەبەستیش لە سەردانی تووونس، ئەوە بوو دەنگمان ڕاستەوخۆ بگاتە حەبیب بورقیبە، چونکە وا ناسرابوو کە ئەگەر بڕوا بە شتێک بکات، هەڵوێستی خۆی بەرامبەری دەردەبڕێت. چەند جارێکیش لە دەربڕینەکانی وای نیشان دابوو کە لە مەسەلەی کورد گەیشتووە.

بەڵام لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە دراماتیکییەی هاتە سەر

بارودۆخی کورد، کە خۆی نواند لە رێککەوتننامەی جەزائیر لە نێوان سەدام حوسێن و شای ئێران، لەسەر دەستی هەواری بۆمیدیانی سەرۆککۆماری جەزائیر، لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/٣/٦ دۆخێکی نوێ هاتە پێش، کە هەڕەشەیەکی گەورە بوو لە میللەتی کورد و پلانێکی گەورە بوو لە دژی داڕێژرا.

بەشی پێنجەم
دەستەی دامەزرێنەران

١

نسکۆ و هەڵسانەوە

دکتۆر فؤاد معصوم لە سەرەتای کاری سیاسییەوە لەناو شۆڕشی ئەیلوول بووە، لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان چالاک و سیاسەتمدار بووە، ماوەیەکی زۆریش نوێنەری حیزب بووە لە قاهیرەا لە ولاتەکانی عەرەبی و دەرەوەش بۆ حیزب و شۆڕش دیمانە و چالاکیی هەبووە. پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان پارتی و حکوومەت لە ساڵی ١٩٧٤ و شەڕەکان سەختەکان و قوربانی و بەرگرییە مەزنەکان.

پاش نسکۆی شۆڕش و هەرەسهێنان نائومێد نەبووە، باش ئەو ڕاستییە دەزانێت چارەی ئاشتییانە نییە. دەکەوێتە دۆخێکی سەخت و بیرکردنەوە، بەڵام بڕیار دەدات تەسلیم نەبێتەوە، ئەگەرچی بڕوانامەی باشی لە بواری زانستدا هەبووە و دەیتوانی وەک ئەکادیمییەک کار بکات، لە دۆخەکە دوور بکەوێتەوە، بەڵام ئەو پەرۆشە، ماندووە، دەیەوێ دەروازە و دەستە و بەرنامەیەک بدۆزێتەوە، یان بخوڵقێنێت، بۆ پێشەنگێکی نوێی کوردایەتی و سیاسەت.

لەو ڕوانگەوە، لەناو ململانێیەکی زۆر دژوارەدا، دوور

ناکەوێتەوە، کەنارگیر نابێت، نابێتە کەسی دووەم، دەنگی لاچەپ، بەرنامەی لاسایکردنەوە، بڕیار دەدات، بەدوای ئەوەدا وێل و پەریشان بێت، ببێتە سەرکردە و دامەزرێنەر.

لەو ڕۆژەڤەدا دەگاتە ناو دیدار و کۆشێک لەگەڵ بەردی بناغەیەکی نوێی بۆ شۆڕش و هەڵسانەوە، دەبێتە یەکێک لە کەسە یەکەمەکانی ئەوە، دەبێتە بناغە و جومگە و ناو و پەیڕەوی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان. لەو قۆناغەدا، لەگەڵ ئەم ڕۆژگارەکەدا، لە بەیرووت، دیمەشق و وڵاتانی ئەوروپاوە، حیزبەکە دادەمەزرێنن و شۆڕشەکە هەڵدەگیرسێننەوە، بەشداریی یەکەمی تێدا دەکات.

٢

مام جەلال

ئاڵۆزییەکە، تووڕەبوونەکە، سستبوون و پەشیمانییەکانمان زۆر ناخایەنێت، مام جەلال پەیدا دەبێت، هەڵدەستێتەوە، چالاکی و ناسین و شارەزاییەکانی دەخاتە کار!

ئەو لە بەیرووت بوو، خەڵکی زۆری دەناسی، سەفەری دەکرد، جوواڵەی زۆر بوو، ناوی زۆری لە هزردا بوو، بڕیار دەدات شۆڕش داگیرسێنێتەوە، کوردایەتی گەرم بکاتەوە، بەڵام بە بەرنامەی نوێ، بە کەسایەتیی نوێ! بۆ ئەوە کۆشش دەکات و پەیوەندییەکانمان دروست دەبێت.

من دەگەمە مام جەلال، متمانەی پێ دەکەم، دەزانم وەرەی بەرزە، تاقەتی هەیە، دەتوانێت لەناو کەلاوە و کارەساتەکەدا دەستمان بگرێت، هەڵبستینەوە، تاقەتی هەبوو، دەیتوانی دەڕۆیشت و زووش دەهاتەوە، ڤیتۆی لەسەر کەس نەبوو، هەمووی قبوڵ بوو، لێهاتوو بوو لەوەی خەڵک و بیر و کەسایەتی و بۆچوونەکان کۆ بکاتەوە!

بۆ دامەزراندنی حیزب، هێشتا بابەتی حیزبیش لە ئارادا نەبوو، تەنیا مەبەست کۆکردنەوە و بیرۆکە هەبوو، لە کەسە یەکەمەکان بووم پرسم پێ کرا، لەوانە بووم زوو بڕوا و متمانەم پێی کرد، پەرۆشی ئەو هزر و بەرنامە بووم، چاوەڕوانی ئەو

دەرفەتم دەکردا قسەمان کرد، دیدارمان بوو، چەند برادەرێک لەناو بەیرووت قسەمان دەکرد، لەو دەمانە ئەو گوتی:

سەردانی سۆڤیەت دەکەم، پرس و بۆچوونەکانیان وەردەگرم، دیدارم دەبێت، زۆر دواناکەوم و دەگەڕێمەوە، چاوەڕوانم بکەن!

قۆناغەکە، بریارەکە سەخت بوو، ئاسان نەبوو لەناو ململانێیە کۆنەکە، ڕابردووە تاڵە گەرمەکە، بوونی هزری مەلایی و جەلالی و کۆنە برینەکان، بۆچوونە جیاوازەکان ئەو کارە بکرێت، ئاسان نەبوو، بەڵام مام جەلال ئەوە دەکات، کۆمان دەکاتەوە، بەڵێن دەدەین، بەرنامەکانمان وا دەبێت، بە کردەوە و ئیشکردن دوور بین لەوەی کێ کۆنە مەلایی یان جەلالی بووە، ڕابردوو دەسڕینەوە، بەرنامەیەکی نوێ دادەڕێژین و تەواو! هەموومان بە قەناعەتەوە متمانە بەوە دەکەین، ئەوەی دەیکەین، ئەوەی دایدەمەزرێنن دووڕە لەوەی سەرەوە!

٣

دەچمە بەیروووت

پاش ئاشـــبەتاڵ، "ئەگەرچی ئەو دەســـتەواژەیە بۆ هەندێک خۆش نییە، بەڵام چ بکەم ناوەکە، بارودۆخەکە وا بووا" لە قاهیرە کارم نەما، چیتر نوێنەری شـــۆڕش و مەلا مســـتەفا نەمابووم، ســـەرگەردان و نائومێد بووم، لەناو جەنجاڵییەکانی ڕۆژگار و ئیتر بۆچوون و لێکدانەوەکان پەرۆش ببووم!

ڕۆژگـارەکە خۆش نەبوو، هەموو جۆرە قســـەیەک دەکرا، ئەوەی دەمبینی، ئەوەی دەمبیســـت ڕەخنە و توانج بوو، هەموو ببوون بە دەمڕاســـت و قســـەیان دەکرد، کەســـیش بواریکی دەربازبوونی نەبوو، هەواڵەکان ناخۆش بوون، میللەت، پێشمەرگە هەموو پەریشـــان... ئیتر بارودۆخەکە ســـەخت بوو، چووبوومە بەیروووت! لەوێ دەمپرســـی، چـاوم دەگێڕا، دیـدارم دەبوو، دەچووم و دەهـاتم و نەمدەزانی چی بکەم، دواڕۆژمان دەگـاتە کوێ! لە کوێ دەگیرسێینەوە!

لەو ســـەرلێشـــوان و پەریشـــانییەم هاتبوومە بەیروووت، لەگەڵ دوو برادەر دەمانویســـت خۆمان بگەیەنینە دەزگایەکی میدیایی، نـاو و بـاس و خەمەکـانمـان بۆ ڕۆژنـامەنووس و لاپەڕەی ڕۆژنـامەیەک بـدرکێنین، لە هوتێلەکە دابەزیم، چوومە ســـەر شەقامەکان، نەمدەزانی ڕوو لە کام ئاڕاستە بکەم، کێ بدۆزمەوە!

کێ دەمدۆزێتەوە! لەو گێژاوەدا بۆنی خاکم کرد، سۆزم هەڵسا، هەستم بە گەرمبوونی خوێنم کرد، لەناکاو هەژام، لە دوورەوە دکتۆر خدری هەورامیی برامم بینی، ماندوو و شەکەت دیار بوو، بە پێڵاوە لاستیکییەکانی، بە هیوایە خنکاوەکەی، لێم دوور بوو، بۆنم کرد، یەکترمان لە ئامێز گرت!

تێگەیشتم لە ئێرانەوە هاتووە، تووڕەیە، نازانێت ڕوو لە کام ئاڕاستە بکات، چاک و زۆر و باش دووکەڵی شکان و بەزینەکەی شۆڕشم لێوە بینی، دیار بوو هەراسان و ماندووە، گوتی لە ئێرانەوە هاتووم لەوێ ڕووبەڕوو و ئاشکرا پێیان گوتین: شۆڕش نەما، ئیتر تەواو، خۆتان ئازادن ڕوو لە کوێ دەکەن، پاسپۆرت پەیدا بکەن و بڕۆن، ئیتر هاتووم!

منیش گوتم:

هەموو شت تەواو، هیچ نەما، هیوا و هەواڵێکی نوێ نییە؟!

ئەویش تێگەیاندم، هیچ هیوایەک نەماوە!

بۆیەش نامەوێ بچمە دیداری ڕۆژنامەنووسەکە، قسەش بۆ میدیا ناکەم، دوایی چ بڵێم وا هەموو شتەکان تەواو بوون، خۆمان تەسلیم بووین و کشانەوەمان ڕاگەیاندووە، سەرکردایەتییمان چوونەتە ناو ئێران، هەزاران پێشمەرگەش تەسلیم بوونەتەوە، بوون بە "عائیدون"!

***

نائومێدییەکانی نسکۆکە زۆری نەخایاند، ئێمە لەگەڵ

ژمارەیەک برادەر کۆ بوونەوە، قسەمان کرد و بۆچوونەکامان نزیک بوون، مام جەلالیش سەردانی زۆر لایەن و وڵاتی دەکرد، چووە لیبیاش، چووە ئەڵمانیاش لەوێ برادەرانی زۆری بینی، هەر لە دیداری سەرۆک "موعەمەر قەزافی" بەڵێنی چەک بۆ شۆڕشە نوێیەکە وەردەگرێت، ئەویش بەڵێنەکەی بەجێ دەگەیەنێت، بەڵام چەکەکە ناگاتە دەستمان و کێشەشمان بۆ دەنێتەوە!

ئیتر هەڤاڵان "د. فؤاد، مام جەلال، عەبدولڕەزاق فەیلی، عادل مراد" لە (طلیطلة) لە دیمەشق کۆ دەبینەوە، لە ڕۆژی ١٩٧٥/٥/٢٢ بەیانی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دەنووسین و ئیمزای دەکەین، عومەر شێخموس لە دەرەوە بووە، دوایی ناوی د. کەمال فوئاد و نەوشیروان و عومەر دەبابەیان بۆ زیاد کرد. بەڵام دوایی ڕۆژی ١٩٧٥/٦/١ دەبێتە ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتی، من هەر ڕێکەوتی ١٩٧٥/٥/٢٢ یادی دەکەمەوە، جەژنی بۆ دەکەم! ئێستاش هەر ئەو ڕۆژە بە یادی دامەزراندنی یەکێتیی دەزانم!

٤

شۆڕشی نوێ

ئەوەی بە خەیاڵی بەعسدا نەهاتبێت، هەر بروسکەئاسا، مانگێک دوای هەرەسی شۆڕش و کۆتاییهاتنی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥دا، یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و شۆڕشی نوێ، بە گۆڕوتینێکی زیاتر و مەزنتر و بەربڵاوتر و پڕ سامتر وەک هەڵوێەکی چنگ بە خوێن، بۆ گیانی حیزبی بەعس و دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی بەغدا لەدایک بوو، دامەزرا.

سەدام حوسێن و حیزبی بەعس، زۆر بەرزیان دەڕوانی، ئەوەندە لە خۆیان و دەزگا داپلۆسێنەرەکانیان ڕازی بوون، بەوەی دەتوانن هەرچی بیانەوێ بیکەن و بۆیان دەچێتە سەر، کە بە جۆرێک هەناسەیان لەبەر کورد بڕیوە و خوێنیان وشک کردووە، ئیدی ببڕای ببڕ ناتوانێت جارێکی دیکە سەر قیت بکاتەوە و لێیان یاخی بێت.

یاخیبوونیش بەو زاراوە و مانایەی ئەوان، ئەگەرنا میللەتێک داوای مافی ڕەوای خۆی بکات و دەسەڵاتی زالمانی قبوڵ نەبێت، بە ڕەش بڵێ ڕەش، بە سپیش سپی، پێیان بڵێ ئیدی ئێمەش نەتەوەیەکین، دەمانەوێ حوکمڕانیی خۆمان و نیشتمانەکەمان بکەین.

بۆ دەبێ ناوی بنێن یاخیبوو؟!

جا ڕۆژ بە ڕۆژ زەبروزەنگ و ســـەرکوتکردنیان زیاتر و تۆقێنەرتر دەبوو، لە لایەکی دیکەش لە وێرانکردن و ڕووخاندنی دێهات و بنەوان و پشـــتوپەنای پێشـــمەرگە و دروســـتکردنی پشـــتێنەی ئاســـایش، لە هەر یەکە لە ســـنووری عێراق-ئێران، عێراق-ســـووریا، عێراق-تورکیا، بە قوولاّیی ســـی کیلۆمەتر و ڕاگواســـتنیان، هەرچەندە خۆ ئەو وێرانکارییەیان لە زووەوە -لە ســەرەتای شــەستەکان- لە لادێیەکانی دەوروبەری کەرکووک بە بیانووی پاراســـتنی بیرە نەوتەکان جێبەجێ کردبوو، بە هەمان شـــێوە و بگرە خراپتریش لە کوردســـتانی ســـووریا، دیاردەی تەعریب و لێکدابڕینی دوو گوندی کوردی، بە قووتکردنەوەی گوندێکی عەرەبی، هێنانی هۆز و عەشـــیرەتی عەرەبی بۆ نێو خـــاکی کوردان، وەک ئەوەی لە عێراق دەکرا، لە پێـــدانی ئیمتیـــازات و پـــارە و پێـــداویســـتی، هەموو کـــارئاســـانی و هاوکارییەک، بۆ ئەوەی کورد لەســـەر خاک و زێدی هەزاران ساڵەی خۆی دەرپەڕێنن.

بەرنامەکە ئەوە بوو، بە هەنجەتی ئەو پشـــتێنەیە، تەواوی ئەو گوند و ئاوەدانیانەی دەکەوتنە نێو ئەو ســـنوور و بازنەیە چۆل بکرێن. خەڵکەکە بیـــانخەنە بەر چـــاو و دەســـتی خۆیـــان، لە دەشـــتایی و نزیکە شـــار و لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکان نیشـــتەجێ بکرێن. بە جۆرێک گەمارۆ بدرێن کە هەر کەس و ناوێک بخوازن دەســـتیان بیگاتێ و لێپرســـینەوەی لەگەڵدا بکەن، یان قیرەبڕ و دەســـتگیری بکەن، بیخەنە ژووری تاریکەکان و هەواڵی بە کەس نەگات، لە دادگایەکی ناعادیلانە، بە ناو دادگا یان

سێدارە و گوللەباران، یاخود حوکمە سووکەکە بۆ چاوترساندنی چەند سالێک، لە زیندان و پشت شیشە ئاسنینەکان توندیان بکەن.

بەڵام دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بوو بە وەڵامدانەوەی ئەو سیاسەتە، دکتۆر فؤاد معصوم یەکێک بووە لە دامەرزێنەکانی، هەڵدەستێتەوە و هیوا بە میللەتی کورد دەدات، شۆڕشی نوێ بە ڕابەرایەتیی هەڤاڵ مام جەلال هەڵدەگیرسێنێتەوە.

دکتۆر فؤاد معصوم لەگەڵ دکتۆر کەمال فؤاد

بەشی شەشەم

دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان

١

کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەران

کۆبوونەوەی یەکەم

شوێن: دیمەشق، ماڵی مام جەلال

کات: شەوی ١٩٧٥/١٢/١٧

لە ماڵی مام جەلال بە ئامادەبوونی هەموو هەڤاڵان، بێجگە لە هەڤاڵ عومەر شێخموس.[١]

وردەکاریی کۆبوونەوەکە شرۆڤەی ئەم بابەتانەی تێدا کرا:

١. ڕاپۆری سیاسی لە لایەنی هەڤاڵ مام جەلال پێشکەش کرا.

٢. دۆخی ڕێکخستنی یەکێتی گفتوگۆی لەسەر کرا.

٣. گەڵاڵەکردنی پرۆژەی پەیڕەو و پرۆگرام.

٤. بڵاوکراوەکانی یەکێتی.

٥. پەیوەندیی یەکێتی لەگەڵ هەندێ کەسایەتی، وەک ئەو

---

[١] هۆمەر شێخموس: لە ساڵی ١٩٤٢ لە عامودای ڕۆژئاوای کوردستان لەدایک بووە، لە (٢٧-٢-١٩٦٢) ڕووی کردووەتە هەندەران "ئەڵمانیا و بەریتانیا و سوێد و ئەمریکا"، بە هۆکاری ئەوەی هاوڵاتی و کوردی سووریا بووە، دەسەڵات و حکوومەتی سووری ڕێگەی نەدا بەشداریی کۆبوونەوەکان بێت.

برادەرانەی کە لە سەرکردایەتیی پێشووی حیزب و شۆڕش بوون، هاتوونەتە ناو ڕیزەکانی یەکێتی.

٦. پەیوەندیی لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان.

٧. کۆمەڵەی خوێندکاران.

٨. دەربارەی پاسپۆرتی برادەران.

٩. "تجمع".[1]

١٠. پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتە ئیشتراکییەکان.

ڕاپۆرتی سیاسی

هەڤاڵ مام جەلال ڕاپۆرتی فراوانی گشتیی سیاسی پێشکەش کرد، لە لایەن هەموو هەڤاڵانی دەستەی دامەزرێنەر پەسند کرا.

هەڤاڵ د. کەمال چەند تێبینییەکی خستە ڕوو:

١. وا باشترە زۆرتر باسی ئەوە بکەین، دانوستانی زۆر بکەین؛ ئایا لەو بارودۆخەدا خەباتی چەکداری پێویستە؟ دەتوانین ئەوە بکەین؟ چۆن ئەوە دەگونجێت! تەفسیڵ بەوە بدرێ، کەوا زرووفی ئەمڕۆ زۆر پێویستە بۆ خەباتی چەکداری.

٢. بڕووسکە و یاداشت بنێردرێن بۆ هەموو وڵاتەکان، هەوڵیش بدرێت کۆنگرەیەک بۆ ڕوونکردنەوەی مەسەلەی

---

[1] التجمع الوطني العراقي، کە لایەنە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە: یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی-قیادەی قوتریی عێراق، بزووتنەوەی سۆشیالیستی عەرەبی، حیزبی سۆشیالیست و...

کورد له عێراق و جیهانی له ئەوروپا ببەسترێت.

هەر لەسەر ڕۆژەڤەکە نەوشیروان وای بە باش زانی کە:

١. لەو دیدارە و ئایندەش ئەوە باش ڕوون بکرێتەوە، ئایا حکوومەتی عێراق خۆی پاڵمان پێوە دەنێت بۆ خەباتی چەکداری؟!

٢. چەند وەفدێک بنێردرێت بۆ وڵاتە عەرەبی و ئەورووپییەکان.

دوای ئەم تێبینییانە بڕیار درا:

١. دەستەیەک لە هەڤاڵان ڕاسپێرن، یاداشتێک بنووسن، ئەوانەی بۆ ئەوە دەستنیشان کرابوون ئەمانە بوون؛ نەوشیروان مستەفا، عادل موراد، د. فؤاد معصوم.

٢. وەفدێک لە ئێمە بچێتە "جامعة الدول العربية" ئەگەر بوار و تواناش هەبوو وەفدێکمان سەردانی هەندێ لە وڵاتانی عارەبی بکەین، وەفدەکەش ئەو هەڤاڵان بێت: مام جەلال، د. فؤاد، موحەمەد ئیسماعیلیش بچێتە قاهیرە.

٣. هەر بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوە و باسکردنی بارودۆخی کوردستان، وەفدێکمان بچێتە ئەورووپا، ئەندامەکانی ئەو هەڤاڵانە بن: مام جەلال، عادل موراد. کە دەچنە وڵاتە ئەورووپییەکان ئەندامێکمان لەو وڵاتانە هاوشانیان بن.

٤. کە ئەو ڕاپۆرتەش بڵاو دەکرێتەوە، خاڵە نهێنییەکانی لابەرن.

بارودۆخی ڕێکخستن

لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا:

١. مانگانە، یان نەگاتە دوو مانگ جارێک، ڕاپۆرتی کۆمیتەی ئەوروپا لەسەر ڕێکخستنەکان بگاتە لامان و گفتوگۆیان لەسەر بکەین و بۆچوونمان هەبێت... هتد.

٢. هەر دوو مانگ جارێک، بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی یەکتری بین، یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی کۆمیتەی ئەوروپا بێنە شام ئەگەر گونجا، ئەگەرنا بێتە شوێنێکی نزیکی وەک بەیروووت، یان بێنە عەممان، دەمانەوێ خۆمان لە ناردنی پۆست و نامە دوور بگرین.

٣. بلاّوکراوە و بابەتی چالاکییەکانی کۆمیتەی ئەوروپا لەسەر کورد بلاّوی دەکاتەوە، بۆمان بنێرن و ئاگامان لە چالاکییەکانیان بێت.

٤. لەم ماوەیەدا مام جەلال بۆ پەیوەندیکردن و دۆزینەوەی پشتیوانیی هەمەجۆر بۆ شۆڕشەکەمان، ڕۆژانە و ئیشوکارەکانی بۆ ئەوە تەرخان بکات، سەردان و دیدارەکانی بکات.

٥. هەڤاڵ فؤاد، پەیوەندییەکانی ئێمە و قیادەی قەومی و مەکتەبی کاروباری عێراق بکات، دۆسیەکە تایبەت دەبێت بەو.

٦. عادل موراد کار لەناو مەعەسکەرەکە بکات و بەس.

٧. کەریم "عەبدولڕەزاق فەیلی" دەچێتە قامیشلی، لەوێ دەمێنێتەوە، لەوێش دەژیت.

٨ چالاکی و بەرنامەکانی د. کەمال فوئاد تایبەت دەبێت بە کاری ڕێکخستن لەناو وڵاتە ئەوروپییەکان، پرسیاریش بکات بۆ پەیداکردنی دەزگایەکی ئێستگە و ڕادیۆ و هەنگاوەکانی دەستەبەرکردنی، هەروەها باشیش لە نرخەکەشی بکۆڵێتەوە.

٩. نەوشیروان مستەفا خەریکی ئەوە بێت بزانێت چۆن کەلوپەلەکانی؛ خواردن، پۆشاک، کەرەستەکانی لەو شێوە بدۆزینەوە و بەهایان بزانێت و لە وردەکارییەکان ئاگادارمان بکاتەوە. بەوەش یەکێتی بوار و ڕێگەیەک بدۆزێتەوە ئەوانە بگەیەنێتە شاخەکانی کوردستان و بەردەستی پێشمەرگە.

گەڵاڵەکردنی پڕۆژەی پەیڕەو و پڕۆگرام

لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاریش درا براەرانی دەستەی دامەزرێنەر لە شام بن، ڕۆژانە خەریکی ئامادەکردنی بەرنامەکان بن، تا کۆبوونەوەی داهاتووی یەکێتی دەبەسترێت.

بڵاوکراوەکانی یەکێتی

بڕیار درا:

١. گۆڤارێکی زانستی دەربارەی کورد و کوردستان لە ئەوروپا بڵاو بکرێتەوە، کەسانی شارەزا بەشداری بکەن، دوو

مانگ جارێک یان سێ مانگ جارێک بەپێی توانا دەربچێت، بۆ هەر ژمارەیەکی گۆڤارەکە ٢٥٠ دینار تەرخان بکرێت، د. کەمال فوئاد سەرپەرشتیی ئەوە بکات.

٢. هەموو بڵاوکراوەکانمان یەکسەر ڕەوانەی بەرلین بکرێن، لەوێ دابەش و بڵاو بکرێتەوە. برادەرانی دامەزرێنەر بڵاوکراوەکان ببینن.

پەیوەندیی لەگەڵ بەرپرس و فەرماندەکانی پێشوو

لەگەڵ مەسعوود بارزانی پەیوەندی بگرین، پێی بڵێین ئێمە بەرنامە و خەباتێکی لەو جۆرە بەڕێوە دەبەین، ئەگەر دەتانەوێ لەناو سنووڕەکەمان بەشدار بن، پێشوازیتان لێ دەکەین. لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوون و ڕێکارییانە بڕیار درا:

١. چاوەڕوانی نوێنەرەکەی مەسعوود بارزانی بکرێت، کە بڕیارە سەردانمان بکات.

٢. کە نوێنەرەکەیان هات، داوا و کارنامەکەی لێ وەربگرن و دەستەی دامەزرێنەر شرۆڤەی بکات، قسەش لەسەر داواکانی مەسعوود بارزانی بکەن.

٣. بەرنامە و ئاڕاستەکانی ئێشکردنمان ڕووی لە دوژمنی سەرەکی دەبێت، ئەویش دەسەڵاتی بەغدایە، هاوکاری و پشتیوانییەکانمان لەگەڵ ئەوان پابەندی بیروباوەڕ و ڕێبازەکەمان دەبێت، بەو ئاڕاستەیەش کار دەکەین.

٤. ئەگەر لەو پێشـــهاتە بابەتێکی بەرچاو و گرنگ هاتەپێش، دروست کۆبوونەوەیەکی بۆ دەکەین و قسەی لەسەر دەکەین.

٥. لەو کۆبوونەوە بڕیـار درا عەلی ســـنجـاری لە یەکێتی وەربگیرێ و کارێکی پێ بسپێردرێت.

کۆبوونەوەی ئەمشـــەو کۆتایی هات، کە لەناو ماڵەکەی مام جەلال بووە لە دیمەشق.

٢

کۆبوونەوەی دووەم

شوێن: دیمەشق مالّی دکتۆر فؤاد معصوم

کات: شەوی ١٩٧٥/١٢/١٨

بەرنامەکە وەک بەرنامەی کۆبوونەوەی یەکەم بەڕێوە چوو.

پەیوەندیی لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان

بۆ پەیوەندی و ئالّوگۆڕی هزری و هاوخەباتی بڕیار درا پەیوەندییەکانمان ئێمە لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان لەسەر ئەو بنچینانە بن:

١. ڕێز لە سەربەخۆیی یەکتری بگرین، دەست نەخەینە کاروبارەکانییانەوە، هەموو جۆرە کۆشش و نزیکبوونەوەیەک بۆ هاوخەباتی پەیڕەو بکەین بۆ دانانی بناغەیەکی پتەکەوتنانە.

٢. هاوکاری و هاوخەبات بین بۆ هێنانەدیی مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانمان، بەهێزکردنی پەیوەندییەکان.

٣. لەناوەوە یارمەتیی یەکتری بدەین و کۆششی گۆڕینەوەی بیروباوەڕەکانمان بکەین.

٤. لایەنگری داوا و پێشنیازی کۆبوونەوەی نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتووەکانی کوردستان بکەین.

٣

کۆمەڵەی خوێندکاران (KSSE) [1]

دوای شـــڕۆڤەکردن و لێکۆڵینەوەیەکی تەواوی بارودۆخی کۆمەڵەی خوێندکاران، بڕیار درا هەموو هەوڵێک بدرێت بەپێی توانا بۆ ئەوەی یەکێتیی کۆمەڵە بپارێزرین، دەســـتنیشـــانی ئەو کەســـایەتی و لایەنانە بکرێت کە دەیانەوێ ڕەوت و مانەوەی کۆمەڵەی خوێندکاران بەرەو دواوە و شکست ببەن.

پاسپۆرتی برادەران

کاری باش دەکەین پاســـپۆرت بۆ برادەران پەیدا بکەین، تا بتوانین ڕەوانەی بەرلینیان بکەین.

(تجمع)

لەو کۆبوونەوەیەدا بریارِ درا دووبارە پەیوەندی بکەینەوە بە "تجمع"، دانوســـتانیان لەگەڵ بکەین ناوەکەی بکەن بە "جبهة"، ئەوەش پاش دەســـتپێکردنی شـــۆڕشـــی چەکداری، لەو دەمانە ئاســـایە ناوی بکرێتە بەرە، ئەگەر هەر ڕازی نەبوو، نەیانویســـت

---

[1] کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا KSSE.

ناوەکەی بگۆڕن، دەچینە ناو "تجمع"، بەڵام لەســـەر دوا بڕگەکە هەڤاڵ عادل موڕاد ئیمزای نەکرد.

٤

پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتە ئیشتراکییەکان

پێویستە هەوڵ بدرێت پەیوەندیی دۆستانەمان لەگەڵ وڵاتە سوسیالیستییەکان هەبێت. دانوستان و دیدارمان هەبیت، ئەگەر چووینەوە شاخ و چەکمان دژ بە فاشییەکانی بەغدا هەڵگرت، ئەو وڵاتانە دژایەتییمان نەکەن و بێلایەن بن.

ئەو کۆبوونەوەش کۆتایی هات و بڕیاریش درا کۆبوونەوەی داهاتوومان لە هەفتەی داهاتوو بێت، ڕێکەوتی ٢٩ی شوباتی ١٩٧٦ لە ڤییەننا بێت.

کۆبوونەکە لە ماڵی ئێمە بووە، لە گەڕەکی "برامکة" بوو، خانوویەکی ئاسایی کرێ بوو.

کۆبوونەوەیەک لەسەر "تجمع"

کات: ئێوارەی ڕۆژی ١٩٧٦/١/٣

ئامادەبووان: مام جەلال، عادل موڕاد، عەلی سنجاری، دکتۆر فؤاد

بەرنامەی کۆبوونەوەکە بەو جۆرە بوو:

١. پێداچوونەوە بە پڕۆتۆکۆڵی دانیشتنەکەی پێشوو.

٢. دووبارە باسی پرۆژەی پرۆگرام و پەیڕەومان کرد، تا بۆ هەڤاڵەکانی شام ئامادەی بکەین، لە کۆبوونەوەی داهاتوومان لەدوای ٢٩ی شوبات ئامادە بێت.[١]

٣. بڕیار درا ژمارەی یەکەمی ڕێبازی نوێ[٢]، ژمارەی دووەمی الشرارة[٣] دەربچێت.

٤. هەڤاڵ عەلی سنجاری بکرێت بە ئەندامی لیژنەی پەیوەندیی نیشتمانی و نەتەوەیی.

٥. حەسیب و حەسەن و شەماڵ و بورهان لە یەک خانوو کۆ بکرێتەوە.

٦. هەوڵ بدرێت برادەرەکانی تر ئەوانەی بوونیان لە شامدا پێویست نییە بنێردرێن بۆ قامیشلی.

٧. قسە لەگەڵ ئەفسەرەکان بکرێت، کێ دەیەوێ بگەڕێتەوە وڵات و کێ دەیەوێ بمێنێتەوە و بکرێ بە پەناهەندە، هەڤاڵ فؤاد قسەیان لەگەڵ دەکات.

٨. خانووەکەی عارف و بەهزاد بۆ میوانەکان تەرخان بکرێت و نەچنە هوتێلەکان.

---

[١] لە دەستنووسەکە نووسراوە: ٣٠ی شوبات، کە ئەوەی ڕوونە مانگی شوبات لە ٢٩ زیاتر نییە، بەڵام دیارە هەر مەبەستی ئەو ڕێککەوتە بووە، کە لە لاپەڕەی پێشووش نووسراوە: بڕیار درا کۆبوونەوەی داهاتووی دەستەی دامەزرێنەر لە هەفتەی دوای ٢٩ی شوباتی ١٩٧٦ لە ڤیەننا بکرێت.

[٢] ڕێبازی نوێ: ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بە زمانی کوردی.

[٣] الشرارة: ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بە زمانی عەرەبی.

۹. هەڤاڵ عارف بخریتە لیژنەی قامشلی لە جیاتیی عەبدولڕەحمان سالّح.

۱۰. ناوی نهێنیی برادەرانی دەستەی دامەزرێنەر لەمەودوا بەم جۆرە دەبێ:

مام - ڕەنجبەر، نەوشیروان - شێرکۆ، فؤاد - نەوزاد، عادل - عەلی، شیروان - ڕەزاق - سوارە، د. کەمال و شێخ مووسیش ناوی خۆیان دادەنێن.[1]

[1] لە دەستنووسەکە تێکەڵی و هەڵەنووسینێک لە ناوە نهێنییەکان هەیە، کە لە ڕاستییەکەی بەم جۆرەیە:
مام-ڕەنجبەر، نەوشیروان-شێرکۆ، فؤاد-نەوزاد، عادل-عەلی، عەبدولڕەزاق فەیلی-شیروان، کاک عومەر دەبابە-سوارە.

٥

پانۆرامای کۆبوونەوەکان

کۆبوونەوە

شوێن: ماڵی مام جەلال "ڕەنجبەر"[1]

کات: بەیانیی ڕۆژی ١٩٧٦/١/٢٢

١. چوار کارنامەی گرنگ هاتنە پێش بۆ ئەوەی بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو، قسەیان لەسەر بکرێت.

٢. بە نیسبەت م. فازڵ برپار درا یان "لیسی پاس"، یان پاسپۆرتێکی بۆ پەیدا بکەین عێراقی نەبێت، بە یەکێک لەوانە ڕەوانەی دەرەوە بکرێت.

٣. کۆشش بکرێت لە دەرەوە بەهزاد دابمەزرێت، هەوڵی دامەزراندنی بدرێ لە دەرەوە.

٤. لیستێک بە ناوی دوازدە برادەر بکرێت، بۆ ئەوەی لێرە بکرێنە پەنابەری سیاسی.

٥. دەربارەی برگەی ٩ لە کۆبوونەوەی ڕابردوو برپاری لێ درابوو هەڤاڵ عارف بۆ کاروباری چاپەمەنی لێرە بمێنێتەوە، نەچێتە قامیشلی.

---

[1] لە دەستنووسەکە بە هەردوو شێوە ڕێنووس نووسراوە، کە لە هەردوو باردا مەبەستی "مام جەلال"ە.

٦. بڕیار درا ڕێکخستنی شام و ولاّتە عارەبییەکان لە لایەن هەڤاڵ نەوزاد چاودێری بکرێت.

کۆبوونەوە

شوێن: ماڵی شیروان

کات: ئێوارەی ڕۆژی ١٩٧٦/٢/٥

بە ئامادەبوونی هەڤاڵان: سوارە "عومەر دەبابە"، شیروان "عەبدولڕەزاق فەیلی"، نەوزاد کۆبوونەوەکە کراوە:

١. تەماشای ڕەشنووسی پڕۆگرامی "تجمع" کراوە، ڕێک کەوتین لەسەر ئەو دەستکارییانەی بە باشمان زانیوە.

٢. ڕازی دەبین بە بۆنەی چوونی یەکێتی بۆ ناو "تجمع" یاداشتێک بلاّو بکرێتەوە.

٣. لەبەر بوونی کاری نابەجێ، دەمانچەکان لە چوار ئەفسەرەکە وەردەگیرێتەوە.

٤. لیژنەیەک پێک بێت لە هەڤاڵان: نەوزاد، شێخ، عەلی مستەفا[1]، بۆ لێکۆڵینەوە لە شەڕەکەی نێوانی م. فؤاد و م. حەسەن.

---

[1] عەلی مستەفا: ئەفسەرێکی کوردی کەرکووک بوو.

کۆبوونەوە

شوێن: ماڵی هەڤاڵ ڕەنجبەر

کات: شەوی ١٩٧٦/٢/٢٩

بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوە:

١. دەربارەی ڕێکخستنەکان

أ. لیژنەیەکی مەرکەزی بۆ ڕێکخستن پێکهاتووە لە هەڤاڵان: نەوزاد، شیروان، سواڕە.

ب. لیژنەیەک بۆ ڕێکخستنی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پێک هاتووە لەوانە:

- نەوزاد: سەرپەرشتی ڕێکخراوی کوێت و میسر و لیبیا.
- عەلی ژەنگاری: سەرپەرشتی ڕێکخراوی قامیشلی.
- مونزر: سەرپەرشتیی لوبنان.[1]
- د. جەمال[2]: گەڕ ئەو نەبوو شیروان.
- فەرهاد: بۆ کوێت.

---

[1] مونزر نەقشبەندی: حکوومەتی سووریا گرتی، بە هەوڵی "شا حوسێن" ئازاد کرا و گەڕێندرایەوە عێراق.

[2] دکتۆر جەمال ڕەشید (١٩٤١-٢٠١٦)، قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە کەرکووک تەواو کردووە. بەکەلۆریۆسی لە زانکۆی بەغدا، ساڵی ١٩٦٥، دکتۆرا لە مێژووی کۆنی کوردی لە ساڵی ١٩٧٣دا لە سۆفیای پایتەختی بولگارستان وەرگرتووە.

ج. بۆ لیژنەی شا، م. ئەنوەر[1]، عەدنان گەر حەسەن نەما.

د. لیژنەی قامیشلی: هەڤاڵ کەریم، حوسێن بابا شێخ[2]، جەبار، بوزێ، عەبدولڕەحمان حەسەن، عەبدولڕەحمان حەسەن دێتە شام بۆ ماوەی مانگێک، گەر زانرا بە کەڵکی لیژنەی قامیشلی دێت، ئەگەرنا ڕەوانەی دەرەوەی دەکەین.

٢. دارایی:

یارمەتیی هەڤاڵان جگە لە کرێی خانوو.

مانگانە ١٥٠٠ لیرە بۆ نەوزاد، ٩٠٠ لیرەش بۆ عادل، مونزر، کەریم و ١٢٠٠ لیرەش بۆ م. ئەنوەر، ١٥٠٠ لیرە بۆ عەلی ژەنگاری، ١٠٠٠ لیرە بۆ د. جەمال، گەر مایەوە، ئەو ئەفسەرانەی دەمێنێنەوە سەد لیرەیان بۆ زیاد بکرێت. هەروەها بڕیار درا دکتۆر خدر هەورامی ١٠٠ لیرەی بۆ زیاد بکرێت. هەڤاڵ موحەمەد ئیسماعیل[3] مانگانەی ٨٠٠ لیرە بێت.

٤. بلاوکراوەیەک بە بۆنەی ٦ی ئازار دەربچێت.

٥. ڕۆژنامە "الشرارة" لە مانگی ئازار دەربچێت.

٦. م. عەبدوڵڵا گەر ماوە، لەبەر کاری تایبەت هەزار لیرەی پێ دەدرێت.

---

[1] بە ئەنوەر میسری بەناوبانگ بوو، خەڵکی سلێمانی بوو، دواتر چووە ئەوروپا.

[2] حوسێن باباشێخ: "١٩٧٨-؟" یەکێکە لە شەهیدانی کارەساتی هەکاری، کە پێشمەرگە و کەسایەتییەکی ناسراوی برا ئێزیدییەکان بوو.

[3] هەڤاڵ موحەمەد ئیسماعیل: بەشی مێژووی لە زانکۆی ئەزهەر تەواو کردبوو، ئەو دەمە خەریکی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر بوو، کە دواتر دکتۆراشی وەرگرت و گەڕایەوە عێراق و بووە مامۆستای زانکۆ.

٧. بوزێ کە گەڕاوە، وەک یارمەتییەکی تایبەت هەزار لیرەی پێ دەدرێت.

٨. کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەر لە شاری ڤییەننا دەبێت، بڕیارە لەدوای ٢١ی نەورۆز بێت.

کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەر

شوێن: مالّی مام جەلال

کات: ١٩٧٦/٣/٦ کاتژمێری پێنجی ئێوارە

لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا:

١. شـــەمالّ، کە وازی لە خوێندن هێناوە، با لەگەلّ ســـەلام بچێتە قامیشلی.

٢. بورهـان، لەنـاو ڕیزەکـانی یەکێتی دەربکرێـت، چونکە دەرکەوت سەر بە قیادەی موەقەتەیە.

٣. فازیل هەزار لیرە وەربگرێت و بڕوات.

٤. نەوزاد و سوارە لە ڕۆژی ٣/١٥ بچنە قاهیرە.

٥. بە بۆنەی هاتنی مالّ و منداڵەکەی لە نیشـــتمانەوە، ١٥٠٠ لیرەی سووری بدرێتە بوزێ.

کۆبوونەوەی دەستە دامەزرێنەر

شوێن: شاری ڤییەننا

کات: ١٩٧٦/٣/٢٩

کۆبوونەوەکە بە کۆی ئەندامەکان و بێجگە لە هەڤاڵ ســـوار کۆ بووەوە، لەسەر ئەو خاڵانە ڕێک کەوتن:

١- لەو کۆبوونەوەیەدا ڕاپۆرێکی گشـتی لەســەر بارودۆخی وڵات ئـامـادە کرابوو، گفتوگۆکـان لە ڕووی ڕێکخســـتن و پەیوەندیی نیشـتمانی و هاوکاریی لەگەڵ حیزبە کوردسـتانییەکان و هاوبیری بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆڕش.

هەڤاڵ ڕێنجبەر لە ڕاپۆرتەکەی ئاماژەی بەو باســـانە کرد، دانوستان و گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتانە کرا.

أ. پەیوەندییە کوردستانییەکان:

١. لەسەر پێشنیاری پ. د. ک یەساری[1]، هەموو ڕێکخراو و پارتە سیاسییە پێشکەوتووەکانی کوردستان بانگ بکرێن، بۆ کۆبوونەوەیەکی گشـــتی بۆ لێکۆڵینەوەی باری ســـیاســـی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی نەتەوەی کورد و بارودۆخی ئێســـتای خەباتمان، لەم ڕووەوە نامەیەکیان ئاڕاستە کردن.

٢. دانانی پێوانەی ســـیاســـی بۆ ئەو ڕێکخراوانەی ئێمە پەیوەندییان لەگەڵ دەکەین:

---

[1] پارتی دیموکراتی کوردستانی یەساریی سووریا.

أ. ڕێکخراوەکە پێشکەوتوو بێت، پەیوەندییان بە دامودەزگای ئیمپریالیزم نەبێت، پاک بێت، پەیوەندیی نۆکەرانەیان لەگەڵ عێراق نەبێت.

ب. ئەگەری گەشەکردن و پەرەسەندنی ڕێبازی پێشکەوتووانەیان تیدابێت.

٣. لە ڕووی سەرەتاییەوە ئیمە ڕازیین لەسەر پێشنیاری پێکهێنانی ئەو کۆمیتە نهێنییەی کە لە نوێنەرایەتیی پارتییە پێشکەوتووە کوردستانییەکانەوە بێت، بەڵام ئەمە چاکتر وایە بەجێ بهێڵدرێت بۆ ئەو کۆبوونەوەیەی پێشنیار کراوە.

٤. پەیوەندیمان لەگەڵ ئەم ڕێکخراوانە بەردەوام دەبێت، یارمەتییان دەدرێت:

١. أ. پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا "شوان".

ب. دەرویش سەعدۆ، پەیوەندی بمێنێت، بەڵام جارێ هاوکارییان لەگەڵ نەکرێت، تا هەڵوێستی خۆیان ڕاست دەکەنەوە.

ج. پارتی دیموکراتی شۆڕشگێری کوردستان پەیوەندییان لەگەڵ باش بکەین.

د. هەڤرا پەیوەندییان لەگەڵ باش بکەین.

ه. باهۆز "بەشی چەپ" هەوڵ بدەین، کە مەسەلەکانیان بۆ ڕوون بکەینەوە و پەیوەندیی دۆستانەمان لەگەڵیاندا هەبێت.

٢. ئێران:

حیزبی دیموکراتی کوردستان

أ. پەیوەندیی بەهێز بکەین لەگەڵ ح. د. ک.

ب. هەوڵ بدەین کە دووبەرەکی لە حیزبەکەیاندا نەبێت، ئامۆژگارییەکی دۆستانە بکرێن، کە بە ڕەوتی ڕاست سەر بکەوێ.

٣. سووریا:

أ. پ. د. ک چەپ/ پەیوەندیمان بەردەوام بێت، یارمەتییان بدەین.

ب. پ. د. ک شێخ موحەمەد باقی/ پەیوەندیمان باشتر بکەین.

ج. پ. د. ک حەمید دەرویش.

د. لەسەر ڕۆیشتین بۆ دروستبوونی ئەو لیژنە هاوبەشە.

٤. لوبنان:

بەردەوامبوون لەسەر سیاسەتی پێشوومان بەرانبەر "ڕزگاری" و "ح. د. ک".

٤. پەیوەندی بە هێزەکانی ناوچەکەوە:

ئێران/ پەیوەندیی بەهێز بکەین لەگەڵ ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانیان.

تورکیا/ هەوڵ بدرێت پەیوەندیی لەگەڵ پارتی کرێکار و جووتیاراندا بکرێت، هێزە پێشکەوتووەکانی تر.

عەرەبی/ هەولّ بدرێت بۆ بینینی ڕێکخراوە فەڵەستینییەکان.

حیزبە شیوعییەکانی وڵاتانی عەرەبی، هەولّ بدەین مەسەلەی خۆمانیان تێبگەیەنین.

کۆبوونەوەی ئەمڕۆ کۆتایی هات، بڕیارە سبەی دەستی پێ بکەینەوە.

***

٥. هێزەکانی عێراق

کۆبوونەوەکە لەر ڕۆژی ١٩٧٦/٣/٣٠ کراوە. تێدا باس لە تجمع و ق. م و "وحدة القاعدة"

١. لایەنگری لە هاتنی "وحدة القاعدة"ین، پێمان خۆش نییە هیچ لایەنێک لەناو (تجمع) بڕوات. ئەگەر لایەنێک لەبەر هاتنی لایەنێکی تر نارەزایی و دەڕوات با بڕوات.

٢. هەولّ بدرێت ڕێکخراوەکانی موعارەزەی عێراق، لە "تجمع"دا بەشداربن.

٣. ئەو لایەنانەی کە نایەنە ناو "تجمع"ەوە، لەگەلّ ئەوانە هەولّ بدرێت پەیوەندیی دووقۆڵیان لەگەلّ بکرێت، تا لێژنەی هاوبەش و کاری هاوبەش ساز دەبێت، بەردەوام بین.

٦. دەربارەی وەزعی خۆمان:

١. ئەو هەڤاڵەی نایەوێت لێرە بمێنێتەوە، یارمەتی بدەین بە پسوولەی عبوور لە سووریا، نەک بە پاسپۆرت بڕوات، پارەی فڕۆکەیان بۆ دابین بکەن.

٢. هەڵوێست وەربگرن لەسەر قیادەی موەقەتە.

القیادة الموقتة للحیزب الدیمقراطي الکردستاني، ئەو حیزبەش دریژەپێدانی ڕابەری خێڵەکیی ڕاستڕەو- بورژوازیی ڕاستڕەوی سازشکەرە، دریژەپێدانی ڕێبازی کۆنەپەرستانی سەر بە ئیمپریالیزمی ئەمریکی و کۆنەپەرستی ئێران و دامودەستگەی سەهیۆنیزمە، ئەو ڕێبازەی بووە هۆی هەرەسهێنانی شۆڕشی کورد و شکستی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد، ئەنجامەکەی ئەو کارەساتە نەتەوەییە ڕووبەڕووی گەلەکەمان بووەوە.

بۆ دریژەپێدانیان هیچ پاسا و بیانوویان لەدەست نەماوە، کاتی خۆی ئەوان ڕابەرایەتی ڕاستڕەو بوون، بۆ پاساودانی ئەم پەیوەندییە گومانلێکراوە، کە هیچ بیانووێکیان نییە، چونکە ئەم پەیوەندییەش گومانلێکراوە لەگەڵ ئەمریکا و ئێران و دامودەستگەی سەهیۆنی دوای ئەوەی ڕاستیی دوژمنایەتیان بەرانبەر بە گەلی کورد ئاشکرا بووە، کە خۆی لەم مەینەتییە نەتەوایەتییەدا دەنوێنێ، لە ڕاستیدا پەیوەندییەکی نیهائی و خیانەتکارانەیە بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ئێران و سەهیۆنیەتەوە، کەواتە ئەم پەیوەندییە گومانلێکراوە ئەبێتە نۆکەرایەتیی ئەم لا دوژمنانەی گەلی کورد و خزمەتی پلانەکانی ئیمپریالیزم دژی گەلی کورد و عەرەبی و گەلانی تری ڕۆژهەڵات.

لە هەڵوێست و ڕەفتارەکانماندا بەرامبەر ق. م، پێویستە ئەمانەمان لەبەرچاو بێت.

۷. أ. بڕیار درا بە دەستکردنەوەی خەباتی چەکدار بە زووترین کات.

ب. هەوڵدان بە زووترین کات پێویستییەکان تەواو بکرێت.

ج. وەک چۆن برادەران باسیان کرد، بە هاوکاریی (تجمع)، ڕووماڵی ناوچەکان بکرێن، ئێستگە و چەکیش پەیدا بکرێت.

د. ئێستگە و بێتەل، هۆمەر لێی بەرپرسە، هەروەها هەندێک چەک و هۆکی تۆکی.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ۱۹۷٦/۳/۳۰

۸. پێویستە لە ماوەی سێ مانگی داهاتوودا ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەی ئەوروپا دەربچێت، ئەمە بەڕەو ڕووی هەڤاڵ فەرید[1] کرایەوە.

۹. لەمەولا ناوی ی. ن. ک : PUK Patriotic Union Kurdstan دەچەسپێت. "واتە لەو ڕۆژەدا ناوی "یەکگرتووی نیشتمانی کوردستان" کە لە ڕۆژی ۱۹۷۵/۵/۱۲ لە ڕێستورانتی (طلیطلة) لە لایەن مام جەلال، د، فؤاد، عادل موراد، عەبدولڕەزاق فەیلی دانرابوو، گۆڕا بە ناوی "یەکێتیی نیشتمانی کوردستان".

---

[1] د. کەمال فوئاد.

١٠. دەربارەی رێکخستنی ئەوروپا

أ. خەبات بەپێی بیروباوەڕی یەکێتی، لەسەرخۆ و بە پشووی درێژەوە چالاکی دەکەین.

ب. دەرکردنی گۆڤاری "کوردستان بویلتن" بە ئینگلیزی لە لایەن هەڤاڵ هۆمەرەوە.

ج. تەرجەمەکردنی ئەدەبیاتی سیاسیی ی. ن. ک بۆ ئەڵمانی و ئینگلیزی، لەوانە: بەیانی یەکەم و دووەم و نامیلکەی "الاتحاد الوطني الكردستاني لماذا؟ باری ئێستای خەباتمان، وتاری الاستقلالية والاعتماد على الجماهير، سبيلنا لتخليص القضية الكردية، هاوچارەنووسی کورد...

د. دەربارەی کۆمەڵە[1]: پشتگیری و هاوکاری لەگەڵ کۆمیتەی ئامادەکردن و هەوڵدان بۆ ئەوەی کۆنگرە لە کاتی خۆیدا بگیرێت، پەیوەندی بکرێت بە ئەندامە باشەکانی هەیئەی ئیداری و هەوڵ بدرێت بۆ عەزلکردنی قیادی و مەشبووهەکانیان.

هـ. هەڤاڵانی لقی ئەوروپا، بڵاوکراوەیەکی ناوخۆ بۆ رێکخراوەکانی خۆیان بە شێوەیەکی دەوری دەربکات.

---

[1] مەبەست کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردە لە ئەوروپا.

کۆبوونەوەی رۆژی ١٩٧٦/٣/٣١

١١. چاپکراوەکان:

١. چاپکردنەوەی هەندێک لە بەڵگەکانمان بە عەرەبی و تورکی و فارسی.

٢. دەربارەی الشرارة

هەموو برادەران هاوکاریی تێدا بکەن، ئەم بەشانەی بۆ زیاد بکرێت: لاپەڕەیەکی گفتوگۆ، مەسەلەی کورد لە ڕۆژنامەکانی ئەوروپادا، مێژووی کورد.

لێژنەی بڵاوکراوەکان پێک بێت لەم هەڤاڵانە:

هەڤاڵ نەوزاد، شێروان، شێرکۆ، د. جەمال.

١٢. چالاکیی وەفدی دەرەوەمان:

١. وەفدەکەمان جارێک سەر لە سوید و وڵاتانی ئەسکەندەنافی، ئیتاڵیا، فرەنسا بدات.

٢. ئامادەکردنی وەفدێک بۆ ئەوەی بچن بۆ کۆبوونەوەی ئینتەرناسیونال.

٣. هەوڵ بدرێت کە نوێنەری پارچەکانی تریشی تیدا بێت و پێشکەشکردنی یاداشتێک و ناردنی بروسکە بۆ دەوڵەتە گەورەکانی دنیا: نەتەوە یەکگرتووەکان، جامیعەی دوەلی عەرەبی، منەزەمەی وەحدەی ئەفریقی، ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکی.

١٣. بڕیار درا بۆ ساڵی ١٩٧٦ پێنج هەزار دینار یارمەتی لقی ئەوروپا بدرێ.

١٤. دەرامەتی یەکێتی لای بەرپرسی دارایی دابنرێت.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٦/٥/٧

بڕیار:

١. هەڤاڵ کەریم دەچێتە قامیشلی و ناگەڕێتەوە بەبێ موافەقەی دەستخەتی دەستەی دامەزرێنەر.

٢. لێژنەی شام هی ڕێکخستن پێک بێت لە:

ئەنوەر، عەدنان، عارف، بە سەرپەرشتی نەوزاد.

٣. بۆ فەرید بنووسرێت دکتۆرەکان ئامادە بکات بۆ چوونە وڵات.

٤. بۆ دکتۆر کەمال خۆشناو بنووسرێت بێتە شام[1].

٥. خانووەکەمان دروست بکرێت و ڕۆنیۆیەکیش بکڕین.

کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەر

شوێن: ماڵی هەڤاڵ ڕێنجبەر، بە ئامادەبوونی ئەو و سوارە و نەوزاد

---

[1] ئەو دەمە مامۆستای زانکۆ بوو لە لیبیا.

کات: ئێوارەی ڕۆژی ١٩٧٦/٧/٢٢

بڕیار درا کە:

١. هەڤاڵ ڕێنجبەر بچێتە لیبیا بۆ ئامادەبوونی ئەو کۆنگرەی لەوێ دەبەستریێ لە ٢٤-١٩٧٦/٧/٢٨ لە دژی زانیونیزم.

٢. چوونی هەڤاڵ شـــێر[١] بۆ پاریس بۆ جێبەجێکردنی ئەو شتانەی لەوێ هەمانە و دەستوبرد بگەڕێتەوە.

٣. هەڤاڵ کەمال خۆشـــناو بکرێتە لیژنەی تەنزیمی مەرکەزی و لیژنەی پەیوەندیی دەرەوە.

٤. هەڤاڵ عەباس[٢] وەرگیرێت بە ئەندام لە یەکێتیی نیشتمانی لەسەر داواکردنی خۆی، ببێ بە ئەندام لە لیژنەی قامیشلی.

***

کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەر لە ڕۆژی ١٩٧٦/٩/٩

بێجگە لە هەڤاڵ هۆمەر، هەڤاڵانی تر هەموو ئامادە بوون، باسی ئەم خاڵانەی خوارەوە کرا:

١. لێکۆڵینەوەی باری خەبات و فەرمانەکانی ســەرشـانمان لە قۆناغی داهاتوودا.

٢. پەیوەندیی نیشتمانی و کوردستانیمان.

---

[١] مەبەست لە شێر، شێروانە: عەبدولڕەزاق فەیلی، یان شێرکۆ: نەوشیروان مستەفا.

[٢] عەباس شـــەبەک: دوای ئەوەی چەک و هاوکاری لە لیبیا و ئێران وەرگرت، ڕێکخراوێکی تایبەت بە خۆی پێک هێنا، دواتر ڕووی کردە فەرەنســـا، لەوێ دەژی.

٣. هەڵوێستمان لە تاقمی ق. م.

٤. پیداچوونەوەی بڕیار و ڕاسپاردەکانی پێشوومان.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٦/٩/١١

باسی ئەم شتانەی خوارەوە کرا:

أ. بایەخدان بە چۆنایەتیی پ. م زیاتر لە چەندایەتی.

ب. پەرەسەندن/ ١. ئیمکانیاتی زاتی ٢. یارمەتیی "چەک - پارە".

ج. پاراستنی سەربەخۆیی خۆمان لە پەیوەندییەکانی دەرەوەماندا.

د. هەوڵدان بۆ دۆستایەتی لەگەڵ هەردوولای پێشکەوتوودا "چین - شورەوی".

ه. دەوڵەتانی عەرەبی.

١. دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەموویان بۆ ڕوونکردنەوەی مەسەلەی کورد.

٢. هەوڵدان بۆ هاوخەباتی لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکاندا.

دۆستایەتیی لەگەڵ پێشکەوتووەکانیاندا - بێ فیکری کۆنەپەرستەکانیان، وەرگرتنی یارمەتی تەنیا لە؛ لیبیا، کوێت، یەمەن.

چوونی مام بۆ لیبیا و یەمەن و چوونی نەوزاد بۆ کوێت[1].

"محەمەدی برام لە کوێت زۆر کاریگەر بوو، هاوکاری بەردەوامی دەکردین. محەمەد شەریکێکی هەبوو لە کوێت کە ئیشی بازرگانییان دەکرد. بە هۆی ئەو شەریکەیەوە زوو زوو سەردانی کوێتی دەکرد و زۆر سەرکێشی (مجازفة)ی گەورەی دەکرد بۆمان" د. فؤاد معصوم.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٦/٩/١٢

١. هەوڵدان بۆ لەیەکنزیکخستنەوەی هەڤرا و پ. د. ک. ت[2]، بەهێزکردنی پەیوەندیمان لەگەڵیان.

٢. هەوڵ بدەین کە پارتییەکانی ئێرە بەرەیەک لەناو خۆیاندا دروست بکەن.

دەربارەی چوونەوەی برادەرەکان

١. گەڕانەوەی ٦٠ تا ٨٠ پێشمەرگە لێرەوە لەگەڵ چوار ئەفسەر.

٢. ناردنەوەی وەجبەیەکی تر دوابەدوای ئەوان.

٣. ناردنەوەی وەجبەی پێشمەرگە لە تورکیا.

---

[1] لەو سەفەرەمان بۆ کوێت لەگەڵ نزیکەی ٣٠ کەس کۆ بوونەوە و ڕێکخستنمان دروست کرد.

[2] پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا.

٤. هێنانی چەندین کوڕی باشی بادینانی کە لە ئێرانن.

٥. پەیداکردنی پێویستییەکانی چوونەوە.

أ. چەک و فیشەک و دووربین.

ب. جلوبەرگ و کول و فیشەکدان و پێلاّو و ئیتر...

ج. پارەیەکی موناسب.

د. بێتەل و هۆکی تۆکی.

هـ. دکتۆر و دەرمان.

دەربارەی سەرکردایەتیی ناوەوە

پاش چوونەوەی نەوشیروان، ڕاپۆرتێک بنووسێت لەسەر باری ناوەوە و ئەو هەڤاڵانەی کە بەکەڵکی سەرکردایەتیی پێشمەرگەیی و زیادکردنی دەستەی دامەزرێنەر دەشێن.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٦/٩/١٣

١. أ. باسی مەسەلەی هەڵوێست لە ئاتوورییەکان[1] کرا، باسی ئەم بابەتانەش کرا:

١. دژایەتیکردنی هەموو جۆرەکانی تەمیز و جیاوازی.

---

[1] ئاسووریەکان.

٢. هەقی گەڕانەوەیان هەبێت، دەبێ خۆیان بە هاوواڵاتی کوردستان بزانن.

٣. لە هەرجێیەک زۆرینە بن، هەقی دامەزراندنی وەحدەی ئیداری، هەر لە ناحیە تا لیوایان هەبێت.

٤. هەقی ڕۆشنبیری و نەتەوەیان هەبێت، دامەزراندنی کۆمەڵ و ڕۆژنامە.

٥. بەگوێرەی سەرژمێری، هەقی هاوبەشیان هەبێت لە هەموو دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیدا.

ب. هەمان هەڵوێستمان هەبێت، بەرامبەر تورکمانەکانی کوردستانی عێراق.

٢. هەڵوێستمان لە ق. م

١. دیاریکردنی سروشتی چینایەتی و دەوری سیاسی و عەسکەریی ئەمانە.

٢. ڕیسواکردنی ئەمانە لای جەماهیر لە بەیانێکی سیاسیدا.

٣. نووسینی یاداشتێک بۆ هەموو پارتی و ڕێکخراوە کوردستانییەکان.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٦/٩/١٥

باسی "الحركة الاشتراكية الديمقراطية الكردستانية"[1] کرا:

١. نامەیەکیان بۆ بنووسرێت کە ئاخۆ ئەمانە مەبەستیان "الاشتراكية الديمقراطية" چییە؟

٢. دەیانەوێ وەکوو ڕێکخستنێکی سەربەخۆ هەبن، یاخود دەیانەوێ ببنە هێشوویەکی یەکێتی.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٦/٩/١٦

١. تەرخان کرا بۆ لێکۆڵینەوەی پڕۆژەی پێڕەوی ناوخۆ و پڕۆگرام، بڕیار درا لیژنەیەکی سێقۆڵی لە هەڤاڵان مام جەلال و نەوشیروان و عادل پێک بێت بۆ نووسینی پێشەکی و پڕۆگرام.

٢. پڕۆژەی پێڕەوی ناوخۆ باس کرا و دوای دەستکاریکردن پەسەند کرا.

---

[1] بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، کە سەرەتا ناوەکەی بەم جۆرە بوو.

دەربارەی دکتۆر فازیل[1]

١. خۆی ســـاخ بکاتەوە، یا ببێتە کادری پیشـــەیی یاخود بخوێنێت.

٢. ئەگەر بووە کادر، ئەوەندەی بدرێتێ کە دکتۆرێک لەوێ وەریدەگرێت.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٦/٩/١٩

تەرخان کرا بۆ لێکۆڵینەوەی پێشـــەکی و پڕۆگرام و پاش دەســـتکاری و گفتوگۆ بڕیار درا هەندێ ماددەی تری زیاد بکرێت.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٦/٩/٢٠

١. تەرخان کرا بۆ لێکۆڵینەوەی هەڵوێستمان بەرامبەر بەوانەی کە ڕابردوویان باش نییە، دەیانەوێ لەگەڵ یەکێتی پەیوەندییان هەبێت.

٢. باسی کاروباری ئەوروپا کرا.

---

[1] دکتۆر فازیل: دکتۆرێک بوو ماوەماوە سەردانی دەکردین، دواتر ڕۆیشت بۆ ئەوروپا.

٣. لیژنەی پەیوەندیی دەرەوە پێک دێت لە: کەریم، هۆمەر، کەمال خۆشناو.

٤. لیژنەی پەیوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی "عێراقی و کوردستانی" پێک دێت لە: مام و فؤاد و خۆشناو.

٥. لێپرسراوی کاروباری ڕێکخستن: د. فؤاد و کۆمیتەکەی پێشوو هەڵوەشێنرایەوە.

٦. لە پێداچوونەوەکە خۆشناو یارمەتیی مام بدات.

٧. هەڤاڵان د. فؤاد و عادل سەرپەرشتی ڕادیۆ بکەن، هەڤاڵ فەرهاد دەبێتە بەڕێوەبەری بەشی کوردی.

٨ بڕیار درا هەڤاڵ کەریم لێپرسراوی لیژنەی پەیوەندیی دەرەوە بێت.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٦/١٠/٤

سەعات شەش و نیوی ئێوارە

شوێن: ماڵی هەڤاڵ ڕێنجبەر

بە ئامادەبوونی ئەو و نەوزاد و شێر و سوارە

بڕیارمان دا:

١. بە نیسبەت پەیوەندییەکەی دوایی مەسعوود بارزانی

أ. برادەرانمان لە تورکیا بەردرێن.

ب. خۆی یان نوێنەرێکی بێت... ئەو کات ئێمە قسەی دەکەین لەگەڵیاندا.

٢. بەیانەکە دەرچێت کە هەڤاڵ ڕێنجبەر نووسی و موناقەشە کرا و چاپ بکرێ.

٣. گەرچی لە کۆبوونەوەی ڕابردوو بڕیارمان دابوو، کە قوتابییەکان ڕێگای چوونە دەرەوەیان نەدرێت، با ڕێگا بدرێن و بڕۆن.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٦/١٢/٣٠

بە ئامادەبوونی هەڤاڵان: د. فؤاد، د. کەمال، عادل، کەریم، نەوشیروان، باسی ئەم شتانەی خوارەوە کرا:

١. ئەوانەی داوای چوونە دەرەوە دەکەن، یارمەتی بدرێن و بڕۆن پاش گەڕانەوەی هەندێک لە هەڤاڵان.

٢. بڕیار درا ئاگاداری عەلی سنجاری بکرێت، کە پەیوەندی بە یەکێتییەوە نەمێنێت، هیچ ئیلتیزامێکمان نەمێنێت بەرامبەری و یارمەتی نەدرێت.

٣. بڕیار درا کە یارمەتیی "ابو فارس" لەم مانگەوە نەدرێت، هەروەها یارمەتییەکەی ئەحمەد عەرەب[1] بێتە ٥٠٠ لیرە.

---

[1] ئەحمەد عەرەب: ئەفسەرێکی پۆلیسی عێراقی بوو، ماوەیەک هاتە سووریا و لە ←

کۆبوونەوەی رۆژی ١٩٧٧/١/٢٢

١. دەربارەی کاروباری لیژنەی قامیشلی:

أ. هەڤاڵ بەهزاد بگەڕێتەوە و کاروباری پەیوەندی لەگەڵ پ. د. ک. ت و گواستنەوەی چەک بگرێتە ئەستۆ.

ب. دوو بارەگا بگیرێت، هەموو پێشمەرگەکان کۆ بکرێنەوە.

ج. تەئمینکردنی یارمەتییان.

٢. نامە بنووسـرێت دەربارەی وەرگرتنی ڕائید عەزیز و قەرەنی و... بە پەنابەر.

کۆبوونەوەی رۆژی ١٩٧٧/٢/١٤

بە ئامادەبوونی هەموو هەڤاڵان بێجگە لە "هەڤاڵ هۆمەر" لەم کۆبوونەوەیەدا باسی ئەم شتانە کرا:

باسی هەندێک شتی گشتی کرا.

١. پەیوەندیی نێوان یەکێتی و ق. م[1].

لای ئێمە بوو، ئێمەش یارمەتیمان دەدا، دواتر گەڕایەوە عێراق، بەڵام تا لە ژیاندا بوو دۆستایەتیمان بەردەوام بوو. تا ئەو ساڵانەش مابوو و سەردانی دەکردین.

[1] لە زۆر شوێن لە دەستنووسەکە لە جیاتیی وشەی پارتی دیموکراتی کوردستان: سەرکردایەتیی کاتی، "قیادة مؤقتة"، یان "ق. م".

٢. دۆخی سیاسی بە گشتی.

أ. دۆخی سیاسی و سەربازیی ولّات.

ب. ی. ن. ک و (تجمع).

ج. پەیوەندییەکانی دەرەوە/ عێراقی و کوردستانی و جیهانی.

٣. دارایی یەکێتی و میزانییە.

٤. ئیعلام و ڕێکخستن.

٥. مەسەلەی سەرکردایەتی و ڕێکخستنی یەکێتی.

٦. چارەکردنی پەیوەندیی نێوان ئێرە و ولّات.

٧. چارەکردنی مەسەلەی ناردنەوەی شتومەک.

٨. دانانی دروشمەکانی شۆڕش.

٩. ڕەخنە و پێداچوونەوە.

١٠. بڕیار و پڕۆگرامی ئایندە.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٧/٢/١٥

پێش نیوەڕۆ

١. بە گشتی نمایشی دۆخی سیاسیی عێراق

٢. پەیوەندی نێوان "ی. ن. ک" و "ق. م".

* هەڤالان م. ج[1] ڕەئی خۆی دەربڕی، کە لایەنگری "تعاون عملي"ە لەگەڵ "ق. م"، چونکە لە ڕووی عەمەلی و فیکری زیان بە یەکێتی ناگەیەنێت و بە دوورودرێژی دووا.

* هەڤاڵ فەرید موخالیفی هەموو جۆرە "تەعاونێکە"، لەم ڕووەوە دوا و وەڵامی هەڤاڵ م. ج-ی دایەوە.

* هەڤاڵ ع. د. لایەنگری تەعاونی عەمەلییە، وەڵامی هەڤاڵ فەریدی دایەوە.

* هەڤاڵ د. ف لایەنگری تەعاونی عەمەلییە.

* هەڤاڵ کەریم لایەنگری تەعاونی عەمەلییە.

* هەڤاڵ ع. م. لایەنگری تەعاونی عەمەلییە.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٧/١٢/١٦

کۆبوونەوەی د. د. و کۆمیتەی ئامادەکردن بۆ لێدوان لە دیاریکردنی هەڵوێست بەرامبەر تاقمی ق. م. لەم کۆبوونەوەیەدا بە درێژی هەڤاڵ د. مەحموود دەربارەی خراپیی ڕێککەوتن و مەترسیی لەگەڵ مالّی بارزانی دووا، هەروەها دەربارەی ئەم مەسەلەیە باس کرا بێ ئەوەی بگەینە هیچ ئەنجامێک، لەبەر

[1] لە کۆبوونەوەی ئەو ڕۆژەدا، وا دیارە ناوەکان بە پیت، یان ناوی دیکە نووسراون، جا بە هەر هۆکارێک بێت: "م. ج: مام جەلال، د. ف: دکتۆر فؤاد معصوم، ع. م: عادل موراد، ع. د عومەر دەبابە، کەریم، عەبدولڕەزاق فەیلی، فەرید، د. کەمال فؤاد".

ئەوە کۆبوونەوەکە دواخرا بۆ رۆژی دوایی.

کۆبوونەوەی رۆژی ١٩٧٧/١٢/١٦[1]

کۆبوونەوەی هاوبەشی ل. ت. و د. د.

١. د. د. بە گشتی دەنگ بڕیاری دا کە لەگەڵ ق. م ئەمانە بکرێ:

أ. پێکەوە خەڵک ناردنەوە بۆ وڵات.

ب. دانانی لیژنەی تەنسیق لە تورکیا و سووریا و لە هەموو هەرێمێکی جەنگدا.

ج. هاوکاری لە مەیدانی شەڕدا.

د. هەر جۆرە چەک و تەقەمەنی و پارەیەک بەسەر هەموو پێشمەرگەکاندا بە یەکسانی دابەش دەکرێت.

ئیمزاکان

د. کەمال فؤاد، د. کەمال خۆشناو، عادل، مام جەلال، د. فؤاد کەریم فەیلی، عومەر مستەفا

---

[1] دوو جار نووسراوە ١٩٧٧/١٢/١٦، تەنیا ئەگەر هەمان رۆژ، دوای نیوەڕۆ یان شەو بووبێت، چونکە لەم دەستنووسەی، کە کۆبوونەوەکانی "١٩٧٥/١٢/١٧ - ١٩٧٥/١١/١٠"ی لێ نووسراوەتەوە، لە هیچ رۆژێکی دیکە بەم جۆرە دوو جار رێکەوتی یەک رۆژ دووبارە نەنووسراوە.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٧/١٢/١٧

١. وەزعی سیاسی و عەسکەریی وڵات.

أ. ئەو ڕێکخراوانەی لە کوردستانن و ڕێکخراوەکانی یەکێتی.

ب. باری پێشمەرگە.

ج. یەکێتی و (تجمع).

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٧/٢/٢١

١. پەیوەندیی دەرەوە.

٢. کاروباری مالییە/ سەرچاوەی مالی.

٣. ئیعلام و ڕێکخستن/ دابەشبوونی برادەران. بەسەر ئێرە و لوبنان و لەندەندا، دانانی بێتەل لە شوێنی جیاجیا.

٤. ناردنەوەی شتومەک.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٧/٢/٢٢

أ. مەسەلەی سەرکردایەتی "زیادکردنی هەڤاڵان کاکە "عومەر

دەبابە" و "د. خۆشناو" بۆ د. د "دەستەی دامەزریّنەر"[1].

ب. هەر پێکخراوێک چەند نوێنەرێکی خۆی بنێرێتە (د. د.).

ج. باسکردنی پێکخستنی دەرەوەی ولاّت؛ کوێت، شام.

دەربارەی عەســـکەرییەکان، جگە لە ڕائید عەزیز و قەرەنی، پەنابەری ســـیاســـی بۆ کەس جێبەجێ نەکرێت، داوا لەوانی تر بکرێت بگەڕێنەوە، ئەگەر نەگەڕانەوە خۆیان ئازادن چی دەکەن بیکەن، یاخود بڕۆنە دەرەوە.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ۱۹۷۷/۲/۲۳

پێکخستنی دەرەوەی ولاّت/ قامیشلی/ دروستکردنی لیژنەی بادینان و زیادکردنی عەلی خان و عەبدولغەنی/ دانانی نوێنەری یەکێتی.

لوبنان/ پەیوەندیی بەردەوام بێت و دوایی برادەرانی مەکتەب سەرپەرشتی بکەن.

ئەوروپا/ یارمەتیدانی معین و عەبدۆ[2] تا هاوین.

---

[1] مەبەست لە هەڤاڵان؛ عومەر مستەفا دەبابە و دکتۆر کەمال خۆشناوە، مەبەست لە: "د. د" یش دەســـتەی دامەزریّنەرە، کە ئیزافە بکرێن، کە لە شـــوێنی دیکە نووسراوە: "دە. د، دە. دا".

[2] موحەمەد عەبدۆ: کوردێکی سووری بوو لەگەڵ ئێمە کاری دەکرد.

کۆبوونەوەی رۆژی ١٩٧٧/٢/٢٤

به دریژی باســـی ئەو ڕەخنانە کرا کە هەڤاڵ عادل هەیبوو دەربارەی فەردییەت، مالی، ڕێکخســـتن و هۆشـــیارکردنەوە و بابەتی تر.

کۆبوونەوەی رۆژی ١٩٧٧/٢/٢٦

١. باســی ئەو پڕۆژانە کرا کە مەســعوود لە باتیی پڕۆژەکەی ئێمە داویەتی بۆ "تعاون عملي" لە نێوان هەر ســـێ لادا، پاش تۆمارکردنی دوو تێبینی لە بارەی ئەوەوە کە ئیشـــی لیژنەکان بە کارێکی موتەکامل دادەنرێت و پەکخستنی یەکێکیان کار دەکاتە ســـەر ئەوانی تر، دەربــارەی پڕۆگرامی "اَلتجمع"یش، کە شـێوازەکەی دیاری کراوە بۆ مافەکانی گەلی کورد، پڕۆژەکە بە گشتیی دەنگ پەسند کرا.

٢. بۆ کەمکردنەوەی مەسرەف:

أ. دەربارەی هاتنی هەندێ کەس بۆ شـــام لە قامیشـــلییەوە، دەرگای هاتنە شام دابخرێت، هەر کەسێک دێت لەسەر حیسابی خۆی بێت و ئیشـــوکارەکان لە ڕێگەی لیژنەکە و هەڤاڵان عومەر مستەفا و د. کەمال خۆشناو بێت.

ب. تەسفییەکردنی معاشخۆرەکانی شام.

۳. دەربارەی مالیە

أ. د. فؤاد باسی کاروباری مالیی شام و قامیشلی کرد.

ب. هەڤاڵ فەرید باسـی کاروباری مالیی ئەوروپای کرد، بە تەقدیری ئەو، مانگی ۳۰۰۰ مارک بۆ ئەوروپا و ئەمریکا.

ج. ئەوراقی حیسابات "هی ئەو کاتەی هەڤاڵ عادل بەرپرس بووە" و تەدقیق کراوە لە لایەن هەڤاڵان مام جەلال و د. فؤاد، بسووتێندرێت.

د. هەڤاڵ مام جەلال هەوڵ بدات بۆ بینینی دۆستەکەمان.

ه. هەوڵـدان بۆ گۆڕینەوەی هەنـدێـک چەک بە پـارە و ناردنەوەی بۆ وڵات.

و. بیرکردنەوە لە پەیداکردنی هەندێک سـەرچاوەی مالی و پرۆژەی پارەپەیداکردن.

بڕیارەکانی کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەر

ڕۆژانی ١٤-١٩٧٧/٢/٢٦

۱. بڕیارەکان بەو جۆرەی نووسـراون پێویسـتە بە ڕێکوپێکی جێبەجێ بکرێن. هەموو گۆڕانێک پێویسـتە بە پرسـوڕای ئەو هەڤاڵانە بێت، کە دەتوانرێت و یـاخود پێویسـتە دەنگیـان وەربگیرێت.

٢. دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان "ی. ن. ک" و "ق. م".

أ. وەکوو لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٧/٢/١٦دا بڕیار دراوە ڕەفتار بکرێت، نوێنەریشمان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکەی کوردستانی تورکیا، هەڵاڵان: کەریم و فەرهادن.

ب. ئەو پڕۆژەیەی مەسعود پێشکەشی کردووە قبوول کرا بە دوو تێبینییەوە:

١. ئیشوکاری لێژنەکانی تەنسیق بە کارێکی موتەکامل دادەنرێت، پەکخستنی لێژنەیەکیان کار دەکاتە سەر هەموویان.

٢. سیغەیەکی "اهداف الشعب العراقي" سیغەیەکی "مطاطي"یە و پڕۆگرامی "التجمع" باشترە، چونکە مافەکانی کوردی بە دیاریکراوی تێدایە.

٣. وەزعی سیاسی:

لە کوردستاندا

أ. هاوکاری لە نێوان هەموو ئەو ڕێکخراو و تەیارانەدا بەهێزتر بکرێت، کە ئەمڕۆ لە کۆڕی خەباتی چەکدارانەدا بەشدارن لە چوارچێوەی "ی. ن. ک"دا "بزووتنەوە، کۆمەڵە، یەکێتی"[1].

ب. هەموو جۆرە هاوکاری و هاوخەباتییەک بکرێت لەگەڵ "الحيزب الشيوعي العراقي – القيادة المركزية "وحدة القاعدة"،

---

[1] مەبەست لە ڕێکخراو و تەیارەکانی چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان: "بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، کۆمەڵەی مارکسیی لینینی، یەکێتیی شۆڕشگێڕان"ە.

ئەگەر بەشداریی خەباتی چەکداری بوون هەولّ بدریّ داخیلی "القيادة الميدانية" بکریّن.

ج. هەولّ بدریّ بالّی چەپی کاژیک رابکیّشریّن لە بەشداربوون لە خەباتدا و هاوکارییان لەگەلّ بکریّت.

د. لیژنەی مەرکەزیی "ح. ش. ع".

١. هەلّویّستی ئیّستایان هاوبەشییە لەگەلّ حوکمی فاشیستی عیّراق لە شەڕی میللەتی کوردا، لە داپۆشینی تاوانەکانیان لە دنیادا.

٢. هیچ بەلّگەیەک نەدەینە دەست ح. ش. ع، کە بتوانن قەواعیدیان هان بدەن دژی ئیّمە بۆ چەکهەلّگرتن.

٣. هەولّ بدریّت پەیوەندیی باش و دۆستانە لەگەلّ قەواعید و کادیرەکانیان دروست بکریّت بۆ ڕوونکردنەوەی تاوانەکانی حوکمی عیّراق و هەلّویّستی ناڕاستی سەرکردەکانی ئەوان.

٤. یاداشتێکیان بدریّتێ و بخرێنە بەردەمی مەسئولییەتی میّژوویان.

٥. "ی. ن. ک" پێی خۆشە "پ. د. ک"ل - ت[1] پێک هاتووە بۆ جێبەجێکردن بە سەرکردایەتیی خێلەکی لە کوردستاندا و پێویستە هەلّویستمان دۆستانە بێ لەگەلّیان.

لە عیّراقدا

---

[1] پارتی دیموکراتی کوردستان: لیژنەی تەحزیری.

أ. بەردەوامبوون لەســـەر ئەو هەولّ و تەقەلّایانەی دراوە بۆ بەعێراقیکردنی شـــۆڕشـــەکە لە ڕووی ئامانج و ســـروشـــت و ناوەرۆک و پێکهاتنەوە.

ب. هەوڵدان بۆ بەگەڕخســـتنی هەموو ئەو هێز و ڕێکخراوە پێشـــکەوتووە عێراقییانەی لە ناوچەکانی ناوەڕاســـت و خواروودا هەن، دژی ڕژێمی فاشـــیســـتی عێراق، هەروەها بەهێزکردنی هاوکاری لە نێوانیاندا.

ج. ی. ن. ک و التجمع.

١. هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی چالاکییەکانی "التجمع" و پێشکەشکردنی یاداشتێک لەو ڕووەوە.

٢. هەڤاڵان عومەر مستەفا و د. فؤاد نوێنەرمان دەبن لایان.

٣. ئەو لێژنانەی دانراون بۆ سەرکردایەتی، لە دەرەوە و ناوەوە و بەردەوام بن لەسەر کاری خۆیان.

٤. لەبەر ئەوەی ئێمە ح. ش. ع "وحدة القاعدة" بە حیزبی شـــیوعی "القیادة المرکزیة" دەزانین، هەولّ بدرێت داخیلی "التجمع" بکرێن.

لە دنیادا

بەردەوامبوون لەســـەر هەولّ و تەقەلّا بۆ بەدەســـتهێنانی دۆست و پشتیوان بەو جۆرەی کە دیاری کراون.

٤. وەزعی عەسکەری

أ. هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە.

ب. دانانی سنوورێک بۆ ژمارەی پێشمەرگە بەپێی پێویستی ناوچەکان و توانای یەکێتی.

ج. بەردەوامبوون لەسەر هەوڵدان بۆ پەیداکردنی پێویستییەکانی گەشەکردن و بەهێزکردنی پێشمەرگە لە هەموو ڕوویێکەوە.

د. هەوڵدان بە هەموو تواناوە بۆ دروستکردنی هەندێک دەستەی چەکدار لە بادینان.

ه. هەوڵدان لەگەڵ هێزە عێراقییەکاندا بۆ نواندنی زەبروزەنگی شۆڕشگێرانە لە شوێنەکانی تری عێراقدا.

پەیوەندی و ڕاگەیاندن و سەرکردایەتی

٥. پەیوەندیی کوردستانی، عێراقی، جیهانی

ئەو ڕێبازەی تا ئێستا گیراوە پەسند کرا، بڕیار درا لەسەری بەردەوام و چالاکتر بین.

٦. ڕاگەیاندن

أ. بەردەوامبوون لەسەر دەرکردنی "الشرارة" لە دەرەوەی وڵات و دەرکردنی "ڕێبازی نوێ" لە وڵات.

ب. پێکهێنانی مەکتەبێکی ڕاگەیاندن لە بەیرووت لە هەڤاڵان: عادل، حەمەزیاد، موحەمەد عەبدۆ.

ج. بەشداربوون لە مەکتەبی ڕاگەیاندنی عێراقی لە لەندەن و نوێنەرمان هەڤاڵ کەریم ئەبێت.

۷. سەرکردایەتی

أ. ژمارەی ئەندامانی د. د. پێک دێ لە ۱۵ تا ۲۱.

ب. هەڤاڵان عومەر مستەفا و کەمال خۆشناو ببنە ئەندامی د. د.

ج. داوا لە هەر تەیارێک بکرێت تا پێنج کەس دیاری بکات بۆ ئەندامەتی د. د، بەوانەوە کە ئێستا هەیە.

د. هەڤاڵان مام جەلال و نەوشیروان دەگەڕێنەوە وڵات.

ه. هەڤاڵان عومەر مستەفا، د. فؤاد، د. کەمال خۆشناو لێرە دەمێننەوە، مەرکەزێکی پەیوەندی و ئیعلامی و ڕێکخستن پێک دەهێنن لە دەرەوەی وڵات.

۸ ڕێکخستن

أ. پێکهێنانی لیژنەی بادینان لە "عەباس، شێخ حوسێن، بوزێ، خوفی، عەلی خان، عەبدولغەنی"، بۆ کۆکردنەوەی ڕێکخستنی پێشمەرگە و موستەلزەماتی گەڕانەوەیان بۆ ئامادە بکرێت، تا مانگی نیسان دەست بکەن بە گەڕانەوە بۆ وڵات.

هەڤاڵ عومەر مستەفا سەرپەرشتی ئەم لیژنەیە دەکات.

ب. پاش تەواوبوونی ئەم کۆبوونەوەیە هەڤاڵ کەمال خۆشناو دەچێتە قامیشـــلی. بۆ ڕاگەیاندنی ئەم بڕیارە بە لیژنەکە، لەوێ دەمێنێتەوە تا هەڤاڵ عومەر دەچێتە ئەوێ، لەوێ ســـەرپەرشـــتی هەڤاڵە سۆرانییەکان دەکات.

ج. حەیدەر بۆ تیمارکردن بانگ بکرێتە شام.

د. چەکە سـووکەکان لە بارەگایەکدا کۆ بکرێتەوە، تەسـلیم بە لیژنەکە بکرێت بۆ هەڵگرتن و پاراستن تا چوونی هەڤاڵ عومەر، چەکە قورســـەکان بە ئەمانەت لای مەکتەبی کاروباری عێراق دادەنرێت.

۹. پەیوەندیی نێوان وڵات و دەرەوە

بۆ بەهێزکردنی پەیوەنـدیی لە نێوان ئێرە و وڵاتـدا، هەوڵ بدرێت بۆ:

أ. دانانی چەند دەزگایەکی بێتەلی ژمارە ۹ لە بەینی ئێرە و وڵاتدا.

ب. تا ئەوە دەکرێت دانانی تەتەر لە بەینی ئێرە و وڵاتدا لە ڕێگای تورکیا و شوێنی ترەوە.

۱۰. ناردنەوەی شتومەک

أ. بەپەلە هەوڵ بدرێت بۆ گەیاندنەوەی چەک و تەقەمەنی بە وڵات، لەم ڕێگایانەوە:

١. بە هاریکاری "پ. د. ک - ت".

٢. بە یارمەتیی "ق. م" ئەگەر موافەقەتیان کرد لەسەر "تەعاونی عەمەلی".

٣. بە هۆی ئەندامانی نیشتمانپەروەری تورکیاوە.

ب. هەڤاڵ عومەر لێپرسراوی ئەم کارە دەبێت.

١١. پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ

پێویستە بە زووترین کات بە کوردی و عەرەبی چاپ بکرێت، لێپرسراوی ئەمە نەوشیروان دەبێت بە هاوکاری لەگەڵ هەڤاڵ فەرهاد.

١٢. وردە بابەت

أ. بڕیار درا پەیوەندیی لەگەڵ ئەورووپا و ئەمریکا بەهێزتر بکرێت و هەڤاڵ د. فؤاد لێپرسراوی ئەم کارە دەبێت.

ب. بڕیار درا چاو بە هەموو ئەو نامانەدا بخشێنرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەوانەی پێویست بە هەڵگرتن ناکات بفەوتێندرێن.

ئیمزاکان

عومەر مستەفا، د. فؤاد، مام جەلال، نەوشیروان، د. کەمال فؤاد، د. کەمال خۆشناو، عادل موڕاد، کەریم فەیلی

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٧/٣/٢٣

هەڤاڵان مام جەلال، د. فؤاد، عادل، کەریم، نەوشیروان

١. گێڕانەوەی گفتوگۆکانی (تجمع)

أ. لێژنەی ئیعلام و دانانی نوێنەر بۆ لێژنەی موتابەعە.

ب. داوای حیزبی م. ل. عێراقی بۆ هاتنە ناو تجمع.

ج. هەڤاڵ د. خۆشناو بیێتە ئەندامی لێژنەی ئیعلام.

د. هەڤاڵان د. فؤاد و عومەر بۆ لێژنەی موتابەعە بەگوێرەی ئامادەبوونیان لێرە.

ه. دەربارەی وەرگرتنی ح. م. ل. هەڵوێستمان ئەوە بێت کە بڵێین لە ڕووی سەرەتاییەوە دژی وەرگرتنیان نین، بەڵام بە پێویستی دەزانین کە هەندێک زانیاریی ترمان بدرێتێ دەربارەیان، بە تایبەتی هاتنی وەفدێک بۆ گفتوگۆ لەگەڵ تجمع و ڕوونکردنەوەی مەسەلەی دەرکەوتنی جاسووسێک لە ڕیزەکانیاندا.

٢. باسکردنی ئیستیقالەکەی لقی ئەوروپا.

وەڵامدانەوەیان بۆ کێشانەوەی ئیستیقالەکەیان، دەربارەی وەزع و ناکۆکی سەرەکی و باری ئێستای پێشمەرگە لە لایەن هەڤاڵ نەوشیروان.

٣. وەڵامدانەوەی نامەی لێژنەی بادینان لە لایەن هەڤاڵ د. فؤاد.

کۆبوونەوەی رۆژی ۱۹۷۷/۳/۳۱

هەڤالآن مام جەلال، عومەر دەبابە، د. فؤاد، د. کەمال، عادل، کەریم، نەوشیروان ئامادە بوون.

١. ناردنەوەی هەڤالآن و چوونەوەی.

٢. وەزعی مالی.

٣. ناردنەوەی چەک و تفاقی جەنگ.

٤. سەفەری هەڤالآن: عادل و کەریم.

گێڕانەوەی کۆبوونەوەکانی تجمع

١. أ. ح. ب. ع/ د/ ح. ع. ا/ ح. ا/ لە یەکێتی بەشداربوون لە کۆبوونەوەکاندا.

ب. دانانی مەکتەبی ئیعلامی لە بەیرووت و لەندەن و دەرکردنی رۆژنامەی تجمع.

٢. هەوڵدان بۆ پەیداکردنی موستەلزەماتی گەڕانەوە: چەک و پارە.

٣. هەڤالآن: مام و کاک عومەر و نەوشیروان بە سێقۆڵی باسی چوونەوەی هەڤالآن بکەن.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٧/٥/٣١

هەڤاڵان: کاک عومەر، د. فؤاد، د. کەمال، عادل، کەریم.

١. ئەنجامی ئیشــەکانی کاک عومەر لە ســەفەری دوایی بۆ قامیشلی.

٢. وەزعی پێشمەرگەکان لە تورکیا و هەڵوێستی قیادە موەقەتە لێیان.

٣. لێژنەکانی تەنسیق.

٤. ئەنجـامی لێژنەی لێکۆڵینەوە لە کوشـــتنی جەبـار[1] و هەڤاڵەکانی.

٥. پەیوەندیی نێوان یەکێتیمان و بەعسییەکان.

٦. ئیعلام و مەکتەبی بەیرووت.

٧. باری مالی.

***

١. لەسـەر ڕۆشنایی موناقەشـە و خوێندنەوەی ئەو ڕاپۆرانە و دەربارەی وەزعی پێشـــمەرگەکان گەیشـــتوون، بڕیار درا هەڤاڵ عومەر لایەنی مەعنی ببینێ، لە وەزعیان ئاگاداریان بکات.

٢. دەربارەی لێژنەکانی تەنســـیق بڕیار درا داوای تەجمیدی ئەو لێژانە بکرێت، هەروەها داوا بکرێت ئەبووعەبدوڵڵا و سـەید

[1] جەبار: ئەفسەرێکی عەسکەری بوو، لە تورکیا شەهید کرا.

حەمید هەر یەک لە لایەن حیزبی خۆیەوە بگۆڕێن.

٣. بۆ چارەنووسی پێشمەرگەکانی یەکێتی لە تورکیان، سەرەڕای ئەو بڕیارانەی سەرەوە، چاوەڕێ بکرێت تاکوو عەلی مەلا یاسین و سەلاّح دەگەن و لەگەڵیان وەزعیان موناقەشە دەکرێت.

٤. دەربارەی لێژنەی لێکۆڵینەوە، دەبووایە مەحزەری هەموو دانیشتنێک هەبووایە، هەروەها داواکاری نوێنەری نوێنەری یەکێتی کە ئەو هەڤالاّنەی هێشتا زیندوون و دەستەی "ق. م" بهێنرێتە سووریا بۆ ئیفادەدان، بە ڕاستی دەزانین و ئیستیمراریەتی لێکۆڵینەوە بە هێنانی ئەو هەڤالاّنە ببەسترێت، بۆیە دەبێ نوێنەری یەکێتی داوای کۆبوونەوەیەکی تر بکات، بە مەحزەرە ئەم داوایە بچەسپێنێت.

٥. دەربارەی ئیعلام و مەکتەبی بەیرووت، دوای موناقەشەی بڕیار درا:

أ. تەرخانکردنی هەزار لیرەی لوبنانی بۆ خانوو و مەساریفی تر، هەروەها نۆسەد لیرەی لوبنانی هەر مانگێک بۆ هەڤاڵ عادل، شەشسەد لیرەی لوبنانی بۆ حەمەزیاد و سەفەرکردنیان بە زووترین کات.

ب. هەوڵدان بۆ دامەزراندنی خەتێکی دائیمی لەگەڵ وڵات بۆ زانینی دەنگوباس و بڵاوکردنەوەی دەستبەجێ.

ج. هاوکاری هەموو هەڤالاّن و هەوڵدانیان بۆ دەرخستنی

"الشرارة" و بلاّوکراوەکانی تری یەکێتی لە وەختی خۆیاندا.

٦. دەربارەی باری مالی، برِیار درا بیست و هەشت هەزار لیرەی سووری بنێردرێت بۆ قامیشلی بۆ یارمەتی، بیست هەزار لیرەی سووریش بنێردرێت بۆ پێشمەرگەکانی تورکیا "شێخ حوسێن و هەڤاڵەکانی، دە هەزار لیرەی سووری بنێردرێت بۆ ئەورووپا و ئەمریکا.

کەریم فەیلی، عادل موراد، د. کەمال، د. فؤاد، عومەر مستەفا

کۆبوونەوەی "دە. دا" لە ڕۆژی شەممە ١٩٧٧/٦/١١

بە ئامادەبوونی هەڤاڵان مام جەلال، کاک عومەر مستەفا، دکتۆر فؤاد معصوم، عادل موراد، کەریم "عەبدولڕەزاق فەیلی".

١. ئیستیعڕازی وەزع بە گشتی لە لایەنی مام.

٢. بە نیسبەت مەکتەبی شئوونی عێراق کە ئێستا وا دیارە دەیانەوێ بادەنەوە، برِیار درا کە یاریکارییان لەگەڵ بکرێت... تا بزانین تا کوێ دەڕۆن.

٣. دەربارەی قیادە موەقەتە گەر ڕێگای برادەرانمان درا، داوایان لێ بکەین مەوقیفی خۆیان ڕوون بکەنەوە بەرامبەر

پەیوەندیی مەلا لەگەڵیان و ناوەرۆکی یاداشتەکەی بۆ کارتەر[1]، ئەگەر هاتوو ڕێگایان نەکردەوە، ئەوا ڕێککەوتنە عەمەلییەکە لەگەڵیان ئیلغا بکرێت.

کۆبوونەوەی "دە. دا"ی ڕۆژی ١٩٧٧/٦/٢٣

بە ئامادەبوونی مام جەلال، عومەر مستەفا، کەریم "عەبدولڕەزاق فەیلی"، دکتۆر فؤاد معصوم.

دوای لێکۆڵینەوە و چاوخشاندنی بەسەر چەند مەبەستێ، بڕیار درا:

١. دەربارەی ئەو دە کەسەی (چەرکەسی) کە دەیانەوێ بچنە وڵات، بڕیار درا بچن، بەڵام دوای پرسکردنی، نەبادا لە دواییدا کاردانەوەی خراپی هەبێت.

٢. موافەقە و کارکردن بۆ کۆبوونەوە کوردستانییەکە.

٣. بۆ ناردنی وەفدێ بۆ دەرەوە، گەر تەنیا یەک بێ حەمەزیاد نوێنەرمانە لەسەر مستەوای لێژنەی دیفاع، گەر دوو وەفد بوو لە وەفدی تجمع، هەڤاڵ کەریم نوێنەرمانە.

---

[1] جیمس ئێرلّ کارتەر، سەرۆکی ئەو کاتەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سی و نۆیەمین سەرۆکی ئەمریکا "١٩٧٧-١٩٨١" سەرۆک بووە.

کۆبوونەوەی "دە. دا" لە ڕۆژی ١٩٧٧/٦/٢٤

بە ئامادەبوونی هەڤاڵانی سەرەوە

١. یاداشـــتێک بدرێتە قیادەی قەومی دەربارەی پەیوەندیی لەگەڵ قیـادەی موەقەتە و فەزحکردنیـان، پێیـان ڕابگەیەنین کە ڕێککەوتنە سیقۆلییەکە موقەدیماتی نەماوە.

٢. ژمارەیەکی "الشرارة" دەرکـــەین زیـــاتر قیادەی موەقەتە ڕیسوا بکا.

٣. باســـی تێبینییەکانی د. مەحموود کرا لەدوای گەڕانەوەی ئەوروپا.

٤. هەڤاڵ فؤاد سەری مانگ، سەری کوێت بدات.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٧/٦/٣٠

بە ئـامـادەبوونی مـام جەلال، عومەر مســـتەفـا، د. کەمـال خۆشناو، کەریم، عەبدولڕەزاق فەیلی، دکتۆر فؤاد معصوم.

١. ناردنی هەڤاڵ کەریم بۆ ئینگلتەڕا و لەوێ بە کاروباری یەکێتی لە ڕووی ئیعلام و پەیوەندییەوە هەڵبستێ.

٢. دە هەزار لیرە بدرێت بە د. مەحموود عوسمان.

٣. ســـێســـەد دۆلار بدرێتە ئەبووزیاد بۆ یارمەتیی خۆی و سەفەر.

٤. ٣٥٠٠ لیرەی سووری بدرێتە عیسمەت[1] و جەماعەتەکەی لەسەر بڕیاری پێشوو.

٥. (شرارة) ژمارە ٧ی دەربچێت.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٧/٨/٥

بە ئامادەبوونی هەڤاڵان؛ کەمال، فؤاد، خۆشناو، عادل، کەریم:

١. نامەی مام دەخوێندراوە، کە یەکەم لە ٧/٣٠ نووسراوە، دووەمیش لە ٧/٢٥/ ١٩٧٧، دووەم گەیشتووەتە وڵات ئێستاکە.

٢. باسی کۆبوونەوەکانی دووقۆڵی بەینی ئێمە و بزووتنەوەی سۆشیالیستی عارەبی کرا، لایەنگیری پێشنیازەکان کرا کە:

أ. کۆبوونەوەی دووقۆڵی دەست پێ بکات لە نێوانی یەکێتی و لایەنەکانی تری بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقی، هەروەها لە لایەکی ترەوە لە لایەنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقی.

ب. هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی دارایی.

ج. هەوڵدانی بزووتنەوە بۆ دۆزینەوەی چەک.

---

[1] عیسمەت، هاوڕێیەکیشی هەبوو بە ناوی یوسف، دوو گەنجی کوردستانی سووریا بوون، حیزبێکیان هەبوو، ویستیان سەفەری ئەوروپا بکەن بۆ دینی خەڵک و کەسایەتیی سیاسی، هاوکاریمان کردن.

٣. پێویستە شەڕارە دەرچێت پێش کۆنگرەی خوێندکاران لە ئەورووپا، تێدا باسی سلبیاتی موەقەتە بکرێت.

٤. لوبنان: کاک عادل باسی چەند بابەتی کرد:

أ. پەیوەندی لەگەڵ مقاوەمە کە ئیجابی بووە.

ب. لەگەڵ ئەریترییدا دیدەنی کردووە.

ج. پەیوەندیی لەگەڵ خاڵوان[1] بووە.

د. موحەمەد عەبدۆ هەندێ سلبیاتی هەیە، هەوڵدرێ بەرەو یەکێتی بێ و خەباتگێڕانە ڕەفتار و ژیان بکات.

ە. حەمەزیادیش لەگەڵ خدێ بگەڕێتەوە بەیرووت.

و. یارمەتی خدێ هەر ٩٠٠ لیرەکە دەبێ بە لوبنانی و هی حەمەش ٥٠٠ بە لوبنانی و کرێی خانووەکەش دەدا.

ز. ئەحمەد جەمبوور و مستەفا سۆفی کە هەردووکیان لەگەڵ سەلاح دەرچوون، با پەیوەندییەکیان پێوە بکرێت.

٥. جەماعەتی ئیشتراکی "چەرکەسی" کە داوایان کردووە ئامادەی کۆنگرەکەیان بین، ئەمڕۆ دەبەستێ لە حەلەب یا نامەیەکیان بۆ بنێرین، بڕیارمان دا:

نە کەس بنێردرێ، نە کاغەز بنووسرێت بۆ کۆنگرەکەیان و پێیان بگوترێ: نامانەوێ تەدەخول بکەین لە کاروباری کوردی سووریا، گەر ئامادەی کۆبوونەوەکەیان بین، کار دەکاتە سەر پەیوەندیمان لەگەڵ حیزبەکانی تر.

---

[1] مەبەست لە حکوومەت و دەسەڵاتی عێراقە.

٦. ئەورووپا:

أ. دەربارەی کۆنفرانس و نوێنەری دەستەی دامەزرێنەر لەگەڵ هەردوو برادەری ئەورووپا لە کۆنفرانسەکە نییە، هەوڵدرێ ڕێکخستن بەرەو چالاکی بڕوا لە قیادە و لە کارا. ئەو گلەیی و گازاندەی هێندێ برادەر لە د. کەمالیان کردووە گەر ڕاستە، وا بکرێ کاک هؤمەر لێپرسراوی ڕێکخستن بێت.

ب. بۆ ئامادەبوونی کۆنفرانسی ئەورووپا و کۆمەڵەی خوێندکاران لە دەرەوەی وڵات کە لە فرانکفؤرت دەبەسترێت، بڕیار درا هەڤاڵ فؤاد بێت.

ج. مەوزووعی کەریم:

هەر لەسەر بڕیاری پێشووین کە بچێتە لەندەن و هەوڵ بدرێ بە پاسپؤرتێکی عادی یاخود لەوێ بۆی بگؤڕنەوە.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٧/٨/٩

بە ئامادەبوونی هەر پێنج برادەر کرا.

١. نامەکەی مام خوێندراوە.

٢. دەربارەی کۆنفرانسی برادەرانی یەکێتی لە ئەورووپا نوێنەری "دە. دا" لە وتارەکەیدا تەرکیز لەسەر چەند خاڵێک دەکا:

أ. یەکێتی درێژەی هیچ ڕێکخراوێکی پێشووی سیاسی نییە، شتێکی تازەیە.

ب. هەر کەسێ بیەوێت یەکێتی بە ڕێکخراوێکی پێشـــوو ببەســـتێتەوە، وا دانێ ئیمتیدادی ڕێکخراوێکی پێشـــووە ئەمە هەڵەیە، یەکێتی ئیدانەی دەکات و مەبەستی گێرەشێوێنییە.

٣. مالّی عەلی عەسکەری[1]:

أ. دوو هەزار و پێنجســـەد لیرەی تر بدرێتە مالّی عەلی، کە پێشانیش دوو هەزار لیرەی تریان پێ دراوە، ٩٠٠ لیرە بۆ کرێی خانووەکە کە هەموو دەکاتە پێنج هەزار و چوارســـەد لیرە و هەزار لیرەش بۆ مەسرەفی ئەم مانگەیان کەواتە هەمووی کردی شەش هەزار و چوارسەد لیرە.

ب. یارمەتییان بە خانووەوە مانگی سێ هەزار لیرەی سووری بێت.

٤. لیژنەی بادینان دەبێتە لیژنەی قامیشلی:

لیژنەکەش پێکهاتووە لە: عەباس، بوزێ، عەلی خان، مەلا عەبدولغەنی.

کارنامەی ئەم لیژنەیە:

أ. لەوێ نوێنەری یەکێتییە.

ب. بەهێزکردنی پەیوەنـدیی لەگەڵ لـقەکـانـی پـارتە پێشکەوتووەکانی ناوچەکە.

ج. ســـەرپەرشـــتی کاروباری خێزانانی پێشـــمەرگەکانی

---

[1] مەبەست خانەوادەی شەهید عەلی عەسکەرییە.

گەڕاونەتەوە ولاّت و خێزانی شەهیدەکان.

د. بەهێزکردنی پەیوەندیی لەگەڵ م. شئوونی عێراق.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٧/٨/١٩

بە ئامادەبوونی؛ کاکە، خۆشناو، کەریم، فؤاد شوێن و کات: بەیانی سەعات ١٠ لە مهاجرین[1].

١. بەیرووت.

٢. پەیوەندییەکانی ئەو دواییە.

٣. وەزعی ولاّت.

٤. ئەوروپا - کۆنفرانس.

یەکەم: کاک باسی چوونە بەیرووتی کرد، کە چوون عادل لێرە گوتی: چەکەکان ئامادەنە، کە چوو دەرکەوت چ ئەساسی نییە.

جا عادل نەقد کرا.

أ. لە ڕووی ئەوەی کە مەعلووماتی تەواوی نەداوە.

ب. کە لە نامەکەی دەڵێت: من حەز ناکەم جگە لە ئیعلام بە چیتر هەڵسم، تەکلیفکردن ئارەزوو نییە، بەڵکوو واجبێکە پێی

[1] مهاجرین: ناوی گەڕەکێکی دیمەشقی پایتەخی سووریایە، کە ئەم چێشتخانەیە کەوتبووە، ئەم گەڕەکە و هەر بەو ناوە بوو.

دەسپێردرێت.

ج. عیلاقاتی دەرەوە کە باسی دەکات، ئێمە تا ئێستا لیژنەیەکمان نییە بە ناوی عیلاقاتی دەرەوە.

دووەم: کاکە باسی دیتنی ئەو دۆستانەی کرد، کە نامەکەی مامی پێ دان، هەروەها فؤادیش بە خۆی ئەو نامەی تەسلیم کردبوون.

سێیەم: لەژێر تیشکی نامەکانی لە ولاّت هاتوون، باسی بارودۆخی ولاّت کرا.

چارەم: بڕیار لەسەر ئەو وتارە درا، کە هەڤاڵ فؤاد ئامادەی کردبوو بۆ کۆنفرانسی دوای تەعدیل.

کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەر

بە ئامادەبوونی کاکمان، خۆشناو،کەریم، فؤاد لەگەڵ نوێنەری بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانی هەڤاڵ ڕەسوولّ مامەند لە ١٩٧٧/٩/٤.

لەم بابەتانە دووان:

١. هاتنی ڕەسوولّ مامەند و کارەکانی.

٢. باسی کۆنفرانس و کۆمەڵەی ئەوروپا.

هەڤاڵ ڕەسوولّ باسی وەزعی ولاّتی کرد، دوایی باسی کارەکانی کرد، کە بریتییە لە:

أ. ئامادەبوونی کۆنگرەی خوێندکاران لە ئەورووپا وەک نوێنەری یەکێتی لە وڵات.

ب. داڕشتنی پارتە پێشکەوتووەکانی کوردستان لە کوردستانی عێراق.

ج. دیتنی قاسملووو و تێهەڵچوون بۆ پەیوەندی لە ڕێگەی ئەوەوە لەگەڵ مالّی خالّوان.

د. دیتنی لێپرسراو و لایەنەکانی (تجمع) لێرە.

ه. مام پێی گوتووە کە بانگەوازێک لە ئەورووپا بە ناوی خۆی بڵاو کاتەوە دەربارەی ڕەفتاری دەسەڵاتی شۆڤینی لە عێراق لە دژی کورد.

و. هەروەها مام گوتی سامی[1] و شاوێس[2] ببینە، کە خۆشی نامەیەکی بۆ سامی ناردووە، لە ڕێگەی فازیل جەلال "عادل"ەوە.

ز. ئێستەش دەمەوێ بچمە ئینگلتەڕا، فەرەنسا، هۆڵەندا، سوید، سویسڕا، ئەڵمانیا... بۆ دیتنی هەندێ لەو ناوانەی سەرەوە نووسراوە، هەروەها بۆ دیتنی برادەران، دامەزراندنی ڕێکخراوی بزووتنەوە لە ئەورووپا.

بە نیسبەت دیتنی سامی بۆچوونی هەموومان وایە، دیتنەکەی چ سوودی نییە، بەڵام با ڕای برادەرانی ئەورووپاش بزانین چییە.

---

[1] سامی عەبدولڕەحمان.
[2] نووری شاوێس.

دوایی هەڤاڵ فؤاد باسی کۆنفرانسی یەکێتی و کۆنگرەی خوێندکارانی لە ئەوروپا کرد.

دەربارەی عومەر مستەفا کە لە کۆنفرانس باس کرا، لە کاتی دەرچوونی بۆ شاخ، نامەیەکی بۆ ئێران نووسیوە بۆ یارمەتیدانی و پەناهەندەیی منداڵەکانی لە لەندەن لەسەر دەستی قیادەی موەقەتە جێبەجێ کراوە، هەڤاڵ عومەر گوتی: لجووئەکە چ پەیوەندی بە موەقەتە نەبوو، تەنیا "جەمال عەلەمدار" لەگەڵی چووە وەک تەرجوومانێک. دەربارەی کاغەزنووسینیش بۆ ئێران گوتی: من هیچ نامەیەکم بۆ کەس لە ئێرانییەکان نەناردووە.

عادل مورڕاد کە لە کۆنفرانس باس کرا، دەنگوباسی کۆبوونەوەکانی یەکێتیی نیشتمانی - دەستەی دامەزرێنەر بۆ دەرەوە دەنووسی.

هەڤاڵ عادل گوتی: من هیچ نامەیەکم لەو بارەیەوە بۆ کەس نەنووسیوە، بەڵام لای دکتۆر مەحموود باسم کردووە، ڕووداوەکەی شەوەکەی مانگی مام جەلال کە ئیستیقالەنامەی نووسی. لەم بارەیەشەوە ڕەخنە لە خۆم دەگرم، کە لە لای ئەو باسم کردووە.

"کۆبوونەوەکە کۆتایی هات"

ڕەسوولڵ مامەند کەریم فەیلی کەمال خۆشناو عومەر مستەفا م. فؤاد

تێبینی:

له کاتی کۆبوونەوەکەدا هەڤاڵ عادل له بەیرووتەوە هاتبوو ئامادە بوو.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧٧/٩/٢٧

بە ئامادەبوونی؛ کاکمان، د. خالید، د. کەمال، کەریم، فؤاد

١. بڕیارەکانی کۆبوونەوەی وڵات.

٢. تجمع.

٣. نامەکەی بزووتنەوەی سۆشیالیستی عارەبی.

هەڤاڵ فؤاد بە ناوی برادەرانی دەستەی دامەزرێنەر لە دەرەوە بەخێرهاتنی هەڤاڵ د. خالیدی کرد.

هەڤاڵ د. خالید سوپاسی بەخێرهاتنەکەی کرد.

دوایی دکتۆر خالید باسی وڵاتی کرد، ئەو نامانەی ناردرابوون خوێندرانەوە دەربارەی بڕیارەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، ڕێز لەو بڕیار و ڕێکخستنانەی دوایی نرا.

بڕیار درا کە بەلاغەکەش دەستبەجێ چاپ و بڵاو بکرێتەوە وەک دەقی سەربەخۆ و هەروەها لەناو ڕۆژنامەش.

کۆبوونەوەی رۆژی ۱۹۷۷/۹/۳۰

به ئامادەبوونی هەڤاڵان: کاک عومەر ، د. خالید، د. کەمال، کەریم، فؤاد.

ئەو بابەتانەی باس کران:

١. میزانییە.

٢ پەیوەندیی سیاسیمان لەگەڵ دۆستەکانمان.

٣. سەفەری د. کەمال و هەڤاڵ کەریم.

٤. قامیشلی.

٥. دەنگوباسی دەرەوە.

٦. بەیانی حەرەکەی ئیشتراکی.

٧. د. تالّیب[1].

٨. ئەوانەی داوای سەفەر دەکەن ئێستا.

٩. هاتنی مولازم سەردار[2].

١. دەربارەی ئەو پەیوەندییە تایبەتییەی بە عومەر کراوە بۆ

---

[1] برا گەورەی هەڤاڵی خوالێخۆشبوو عادل موراد بوو.

[2] گەنجێکی هەولێریی ڕاڕا بوو کە لەگەڵ یەکێتی کار بکات!

رێکخستنی دیتنی ئەو، هەندێ برادەری تری یەکێتی لەگەڵ عەلی عەبدوڵڵا، بڕیار درا:

أ. ڕەئی هەموومان لەسەر قیادەی موەقەتە ئەوە بوو کە قیادەکەیان هەمووی بە ئیدریس و مەسعوود و سامی و ئەوانی تر و ڕێکخراوەکانیان بەستراونەتەوە بە ئەمریکا و ئێران، هەر گفتوگۆیەک لەگەڵ ئەوانە زیانی یەکێتی تێدا هەیە.

ب. گەر چ پەیوەندییەکی تریان کرد، پێیان بگوترێ: چیان هەیە بە نامە بینووسن، ئاڕاستەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بکەن.

٢. باسی دیتنی دۆستەکانمان کرا، کە عومەر و د. خالید و د. فؤاد چاویان پێ کەوتن. هەڤاڵ عومەر هەمووی بە دریژیی گێڕاوە.

٣. سەفەری د. کەمال و کەریم:

بە نیسبەت د. کەمال گەر برادەرانی تجمع، کە دەگەڕێنەوە تا دە ڕۆژێک دواکەوی قەیدی ناکات، دەنا با زوو بەرەو ولاّت بڕوا.

هەڤاڵ کەریمیش ڕۆژی یەکشەموو ١٠/٢، کە دەڕوا نامەیەکی تەنزیمی پێ دەدرێت.

٤. قامیشلی:

أ. بە نیسبەت هەڤاڵ عەلی خان و مەلا عەبدولغەنی هەر یەکەی مانگی دوو سەد لیرەیان پێ بدرێت لە دەرەوەی میزانییەی قامیشلی.

ب. هەردوو دەمانچە بچووکەکە بدرێتە هەڤاڵ عەباس.

ج. بە نیسبەت ئەوەی دوو پێشمەرگە بێنە سووریا بۆ حیمایەتیی کاک عومەر، بڕیار درا دوو کەس بنێردرێ و لە قامیشلی لە بارەگا بن، یارمەتی بدرێن، مانگی ١٥٠ لیرە بە مەسرەفی دەرەوەیان.

٥. بە نیسبەت عەبدولڕەزاق عەبدوڵڵا بهاوێشرێتە ئیشکردن. مانگی...[1] پێ بدرێت.

٦. بە نیسبەت ئەوانەی دەیانەوێ بچنە ئەوروپا:

نەریمان: هەڤاڵ د. خالید گوتی: ناردراوە بۆ دەرەوە کە سەفەرەکەی لەسەر حیسابی خۆی بێت.

کەریم کۆ: بنێردرێت بۆ سوید.

کەمال عەلی: ئێمە ج پەیوەندیمان بەوە نەماوە کە خۆی بڕیویەتی.

د. تاڵیب بچێتە یەمەن گەر کاری دۆزییەوە، ئەگەر مەئیووس بوو مەبەدەئییەن دەگەڕێتەوە وڵات، تا ئەو کاتیش یارمەتی دەدرێ مانگی ٦٠٠ لیرەی سووری.

٧. بڕیار درا گەر مولازم سەردار هاتە شام بە گرتن بدرێت.

٨ بنچینەی یارمەتی:

هەر نەفەرە ٢٥٠ لیرەی سووری پێ بدرێت، بۆ خانووش

---

[1] بڕی میزانییەکەی دیاری نەکراوە.

ئەوپەڕی لە ١٢٠٠ لیرەی ســـووری تێنەپەڕێت. یارمەتییەکانی دەدرا بۆ خەرجیی منـدالّ و پـارەی مەکتەب هیچی نەدرێ. هەڤالّ فؤادیش بۆ نەسرییە، مانگی ٣٠٠ لیرەی پێ بدرێ.

٩. بە نیسبەت بەیانەکەی بزووتنەوە موراجەعە کرا:

بەپەسند داندرا جگە لە هەندێ شتی ورد نەبێت.

هەندە تەقیمیش کە هێشتا یەکێتی لەسەری ڕێک نەکەوتووە.

کەریم، عومەر مستەفا، د. خالید، د. کەمال، د. فؤاد

کۆبوونەوەی سێ هەڤالّی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان

هەڤالّان: د. خالید، عادل، فؤاد

لەم خالّانەی خوارەوە دواون:

١. دارایی.

٢. هەڵبژێردراوی ئەدەبیاتی یەکێتی.

٣. وەزعی بەیرووت.

٤. وەزعی تالّیب یادگار کاکەیی و کەریم.

بە نیسبەت خالّی ٣

أ. موافەقەی کرد لەســـەر یـاداشـــتەکەی هەڤـالّ عـادل

نووسیویەتی بۆ بەرگری، دوای دەستکاریی بنێردرێت بۆ وڵات.

ب. بە نیسبەت دارایی مەکتەبی بەیرووت، مانگی معدل: سێ هەزار لیرەی لوبنانی بۆ خانوو و یارمەتیی هەردوو هەڤاڵ و ٣٠٠ لیرەی لوبنانی بۆ نەسرییە و ئەوەشی سەرفی دەکات، زیاتر حیسابی لەگەڵ دەکرێت.

بە نیسبەت خاڵی دووەم:

هەڤاڵ عادل بە کاری چاپکردن هەڵدەستێ، مەوادەکانیش ئێتیفاق لەگەڵ هەڤاڵ فؤاد پێکەوە هەڵیدەبژێرن.

بە نیسبەت خاڵی سێیەم:

موافەقە کرا لەسەر میزانییەی دەرەوە بەو جۆرە:

قامیشلی: ٢٥٠٠٠، دیمەشق: ١٨٩٥٠، لوبنان:...[1].

خاڵی سێیەم تەئجیل کرا بۆ کۆبوونەوەکی فراوانتر.

کۆبوونەوەی لیژنەی سەرکردایەتیی دەرەوە

هەڤاڵان: کاکمان، د. خالید، عادل، فؤاد.

بڕیارەکان:

١. گەڕانەوەی هەڤاڵانی لیژنەی قیادیی وڵات.

---

[1] بڕەکەی دیاری نەکراوە، هەروا بە بۆشی جێ هێڵراوە.

٢. تەنفیزی بڕیارەکانی م. س.

٣. وەزعی دارایی.

٤. ناردنی چەک و پارە.

٥. دەرکردنی بەیانێک بە بۆنەی شـــەهیدبوونی حەســـەن خۆشناو و هەڤاڵانی بە دەستی ق. م.

٦. تەنزیم لە دەرەوە.

بڕیارەکان:

١. کە کاروباری پاسپۆرتیان تەواو بوو، یەکسەر بگەڕێنەوە.

٢. ئێمە هەموومان لەگەڵ بڕیارەکانی م. س، بەرامبەر بە ق. م، دەبێ لە ئەدەبیات و دیتنەکانمان بە هەموو توانایەک ڕیسوایان بکەین.

لە ڕووی عەمەلییەوە دەبێـــت دەســـتوەکەری بکەین و قسوورییان پێ نەکەین.

٣. هەڤاڵ عادل هەڵدەســتێت بە کاروباری ڕزگار و فؤادیش بە کاروباری کارۆخەوە هەڵدەستێت. دکتۆر کەمال بانگ کرێ بۆ هاتنە ئێرە.

٤. هەڤاڵ عومەر بگەڕێتەوە قامیشـــلی و هەوڵدا هەرچی مومکین بێت چەک و عەتاد بنێرێتەوە، بە هەموو ڕێگاکان.

- تەعزیەک لە قامیشلی دابندرێ بۆ هەڤاڵە شەهیدەکان.

- ئەو سلفەی وەردەگیرێت هەمووی بنێردرێتەوە وڵات.

- بە نیســـبەت وەزعی مالیی عومەر، بڕیار درا کە مانگی هەزار لیرەی بە قەرز پێ بدرێت، تا ئاگاداری م. س دەکرێ و بڕیار دەدا ئایا دوو هەزار یان سێ هەزار بێت.

- ڕاپۆرتی مالی بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو ئامادە کرێت.

- دەرکردنی بەیانێ بە بۆنەی شەهیدبوونی حەسەن خۆشناو و هەڤاڵانی تر، قیادەی موەقەتە بە تەواوی ڕیسواکرێت.

- دەربارەی وەزعی تەنزیمی سەرکردایەتیی دەرەوە و وڵات، لە ڕاپۆرتێک بۆ م. س بنووسرێت، ئەو پێشنیازانەی هەیە بۆیان ڕوون بکرێتەوە.

- موخەسەساتی نەسرییەی هەڤاڵان کاک عومەر و کاک عادل و فؤاد، هەر یەکەی ٣٠٠ لیرەی سووری و بۆ کاک عادل ٣٠٠ لیرەی لوبنانی.

- بە نیســـبەت یارمەتی عیزەدین قۆجە، یارمەتییەکەی پێ نــادرێــت و عەدنــان موفتی هەر لجووئەکەی بۆ دەرچوو یارمەتییەکەی دەبڕێت، هەروەها بە نیســـبەت ڕائید عەزیز کە لجووئی بۆ دەرچوو، کۆتایی یارمەتیدانی ڕادەگیرێت. صـــبار ڕاوییش[1] هەر ئەو مانگەی پێ دەدرێت.

د. فؤاد، عادل، عومەر مستەفا، د. خالید

---

[1] صـــبار الراوي: معاونی پۆلیســـی بە ڕەگەز عەرەب بوو، نزیکەی ســـاڵێک لە سووریا لای ئێمە بوو، دواتر گەڕایەوە عێراق.

کۆبوونەوەی رۆژی ۱۹۷۷/۱۰/۲۹

به ئامادەبوونی هەڤالان:

کاک عومەر، ڕەسوولّ، دکتۆر خالید، فؤاد

ئەو خالّانەی باس کران و بڕیار:

۱. ئەنجامی سەفەرەکەی ڕەسوولّ

به دریژی باسی سەفەرەکەی کرد بۆ؛ سوید، هۆلەند فەرەنسا، بەریتانیا، نەمسا و دیدارەکانی لەگەلّ ڕۆژنامەنووس و ئەمنیستی و هەندێ پارتی سۆشیال دیموکرات و سۆشیالیست لە ئەوروپا.

کۆبوونەوەکە کەوتە سبەی شەو:

ئەمشەو ۱۹۷۷/۱۰/۳۰ کۆبوونەوەکەمان دەستی پێ کردەوە و بڕیار درا:

- کۆبوونەوەیەک لەگەلّ لیژنەی تەحزیریی پ. د. ک بکرێت، هەرچوارمان بۆ لێدوان لەو ڕەخنە و قسە و قسەلۆکانەی، کە لەوان دەگێڕدرێتەوە بەرامبەر یەکێتی، بۆ شێوازی یاریکاریی نێوانمان.

هەروەها ڕەخنەمان لە خۆمان گرت، کە تا ئێستا ئەو قسانەمان بیستۆتەوە، داوای کۆبوونەوەمان لێ نەکردوونە، بۆ ئەوەی بە ڕوونی باسی بکەین.

کۆبوونەوەی رۆژی ۱۹۷۷/۱۱/۳

به ئامادەبوونی برایان:

کاک عومەر، کاک ڕەسوولّ، کاک خالید، عادل، د. فؤاد

له خوارەوە ئەو خالّانەیە کە باس کراون و بڕیاریان لەسەر دەرکرا:

یەکەم: دەربارەی وەزعی قامیشلی

دوای چەند دانیشتن و موناقەشەیەک به ئامادەبوونی برا عەباس، بڕیارمان دا:

١. لیژنەی قامیشلی ناوی بوو به ل. ناوچەی گارە.

٢. لیژنەکە پێک دێت له برایان: عەباس، بوزی، عەبدولغەنی، عەلی خان، یەزدین.

٣. برا عەباس لێپرسراوی لیژنەکەیە.

٤. ئەرکی سەرشانی لیژنەکە:

أ. ڕێکخستنی برایانی یەکێتی و دۆست پەیداکردن.

ب. سەرپەرشتیی کاروباری خێزانانی پێشمەرگە و شەهیدەکانی یەکێتی.

ج. پتەوکردنی پەیوەندی لەگەلّ پارتە سیاسییەکانی ناوچەکە.

د. ئاسانکردنی هاتوچۆی پۆستە.

٥. پێویستیی سەرشانی لیژنەکەیە یاریکاریی برا عومەر بکەن بۆ کاروبارە تایبەتییەکەی.

٥. پەیوەندیی ئەم لیژنەیە لە هەموو ڕوویکەوە یەکسەر بە ل. کارگێڕییەوە دەبێ لە شام.

٦. برا عەباس دەربارەی خەتە تایبەتییەکەی پەیوەندی بە برا فؤادەوە دەبێ.

٧. لیژنەکە مافی نییە هەروەها برا عەباس بۆ خەتەکەی داوای پارە و چەک و تەقەمەنی لە برا عومەر بکات ڕاستەوخۆ.

دووەم: لیژنەی ئامادەکردن/ پ. د. ک

أ. لیژنەی ئامادەکردنی پ. د. ک، پارتێکی دۆستی نزیکی ئێمەن.

ب. مومارەساتی عەمەلیات لە کوردستاندا پتر پەیوەندی و مەوقیفیان دەردەخات بەرامبەر یەکێتی.

ج. کۆبوونەوەی دەوری هەبێت لە نێوان هەردوولا.

د. تەنسیق هەبێت لە نێوان هەردوولا بۆ پێناساندن و بلاوکردنەوە.

سێیەم: بە نیسبەت کاروباری تەنزیم لە دەرەوە، بڕیارمان دا:

أ. لیژنەی کارگێڕی پێک بێت لە برایان: عومەر، عادل، د. فؤاد.

ب. کاروباری لیژنەی کارگێڕ بەم شێوەیە:

رێکخستن، دارایی، چالاکیی شۆڕشگێرانە لە دەرەوە

لێپرسراوی ئەم لیژنەیە: د. فؤاد، عادل، د. کەمال فؤاد.

پەیوەندیی نیشتمانی و کوردستانی و دەرەوە، ڕابەری

لێپرسراوی ئەم لیژنەیە: عادل، عومەر، عومەر شێخموس، کەریم.

لیژنەی پەیوەندیی تایبەتی و چەک، لێپرسراوی: عومەر و د. فؤاد.

عادل هەر دە ڕۆژ لە شام، دە ڕۆژ لە بەیروت دەبێت.

د. فؤاد لەگەڵ عومەر ئەندامی تجمع دەبن.

کۆبوونەوەکە دوا خرا بۆ دووسبەی کە لەسەری بەردەوام دەبین.

کۆبوونەوەی شەوی ١٩٧٧/١١/٥

چوارەم:

کۆبوونەوە کوردستانییەکە:

بڕیارمان دا کە کۆبوونەوەی لیژنەی ئامادەکردنی کۆبوونەوە کوردستانییەکە لە بەیروت لە ڕۆژی ١٩٧٧/١٢/١ بێت و بانگ بگێڕینەوە لە پ. د. ک - ئێران، پ. ش. م. ک، هەڤرا، ل. ت/ پ. د. ک - عێراق، پ. د. ک "دەنگی کورد" شێخ باقی، پ. د. ک دیموکراتی"، پ. د. ک. چ.

نوێنەرمان لەم لیژنەدا:

برایان: عومەر مستەفا، عومەر شێخموس، عادل.

ئەو برایانە وەرەقەی کار ئامادە دەکەن، ئاگاداری م. س دەکرێت گەر هات و بیروڕایەکی تری نەبوو، یان وەرامی نەبوو، ئەوا ئەو برایانە تەمسیلی یەکێتی دەکەن لەم لیژنەیەدا.

یەکێتییش میوانداریی ئەندامانی لیژنەکە دەکەن.

پێنجەم: ڕاگەیاندن

١-الشرارة ژمارە ٨ لەو مانگە دەربکریت، ئەو خاڵانەی تێدا بێت:

أ. ئەوەی پارتییە کوردستانییەکان لەسەر قیادە موەقەتە نووسیویانە لەسەر جەریمەکانیان.

ب. نووسین لەسەر ئیلغای ڕێککەوتنەکە.

ج. دەنگدانەوەی مەسەلەی کورد لە ڕۆژنامەکانی دەرەوە.

د. یەکێتی دریژەپێدانی پێشوو نییە.

ه. لەسەر شەهیدان حەسەن خۆشناو و حەمە غەفوور بنووسرێت.

و. وەزعی خێزانانی کورد لە عێراق.

ز. لە جەماهیر فێر بین.

٢. بەیانێک دەرچێت بە بۆنەی شەهیدبوونی حەسەن خۆشناو و برایان بە عەرەبی.

شەشەم: بەیانەکەی کۆمەڵەی خوێندکاران لە دەرەوەی وڵات دەریکردووە:

لەبەر ئەوەی لە بەیانەکەیان چ باسی شۆڕشی ئێستای کوردستان نەهاتووە، ڕەخنە لە برادەرانی خۆمان دەگرین، کە نوێنەری کوردستانی عێراقن لە کۆمەڵە. بۆشمان ڕوون کەنەوە کە بۆ ئەو مەوقیفەیان هەبووە.

حەوتەم: بە نیسبەت ئەو نوقتانەی برا عەباس لەگەڵ برا فؤاد باس کراوە:

- داوای ٢١ پارچە چەکی کردووە کلاشینکۆف بیدرێتێ، بۆ هەر سێ مەفرەزەکەی لەگەڵ ٣٠٠٠ لیرە.

- بە نیسبەت پەیوەندییەکانی کە هەیەتی لەگەڵ هەندێ جیهات لە س. و. ک، دەبێ ئەو پەیوەندییانە ببڕێت.

هەشتەم:

بروسکەیێک بنێردرێت بۆ ل. مەرکەزی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی بە بۆنەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر.

نۆیەم: دارایی

١. یارمەتیی عەوائلی شام هەروەکوو لە کۆبوونەوەکەی پێشوو بڕیار درا هەر یەکەی ٢٥٠ ل. س بۆ خانووش نابێت هی هیچ عائیلەیەک لە ١٢٠٠ تێپەڕێنێ.

٢. یارمەتی کاک عومەر خۆی وەک کادرێکی یەکێتی مانگی ٩٠٠ لیرەی هەیە، هی خێزانەکەشی وەک خێزانەکانی تر

معامەلە دەکرێت. سێ کەسن هەر یەکەی ٢٥٠ و بۆ خانووشیان ١٢٠٠ ل. واتە هەمووی دەکاتە ٢٨٥٠ لیرە.

٣. بۆ هەڤاڵ عادل مانگی ٣٠٠ ل. ل موخەسەسات سەرف دەکرێ.

٤. بۆ پارتی ئیشتراکی ٣٠٠٠ ل. سەرفکرێ. سێ هەزاری تر بۆ خەتەکەی عەباس، یارمەتیی ئەو کوڕاسەش بدرێت کە لە لوبنان چاپ دەکرێت، ئەو مەبلەغانەش لە لایەن کاک عومەرەوە سەرف دەکرێت.

کۆبوونەوەی ١٩٧٧/١١/٨

کۆبوونەوەکەمان لە شەوی ١٩٧٧/١١/٨ دەستی پێ کردەوە باسی ئەو بەیانە کرا، کە لە ولاّت هاتووە... دوای دیراسەتکردن وامان بە باش زانی، بەیانەکەی لێرە نووسرابوو، هەر ئەو چاپ بکرێت، ئەوەی هاتووشە، دوای چەند دەستکارییەک، لە "الشرارة" بلاّو بکرێتەوە.

کۆبوونەوەکەمان لە ١٩٧٧/١١/١٠

- هەڤاڵ عادل ئامادە نەبوو لەبەر چوونی بۆ بەیروت.
- دەربارەی ئەو پارەی مالّی کاک عەلی عەسکەری داوای

دەکەن، کە کاک عەلی قەرزی لەسەر یەکێتی هەیە، تەنزیمییەن پێویستە لە "م. س"ەوە لەو بارەوە بۆمان بنووسرێت.

ڕەسوولّ مامەند، د. خالید، د. فؤاد، عومەر مستەفا

کۆبوونەوەی شەوی ۱۹۷۷/۱۱/۱۸

باسی ئەو بەیانەی کە لە ولّات هاتووە، دوای لێکۆلینەوە وامان بە باش زانی بەیانەکەی لێرە نووسرابوو، هەر ئەو چاپ بکرێت، ئەوەی هاتووشە لە "الشرارة" بلّاو بکرێتەوە، دوای چەند دەستکارییەک.

٦

بەڵگەیەکی مێژوویی

وا لە خوارەوە بڕووسکەیەکی بەپەلە و ترسناک دەنووسینەوە. لەو بڕووســـکەیەدا بە ڕوونی دیارە، کە یەکێتیی نیشـــتمانی کوردستان و پێشمەرگەکانی، پەرۆشی چەک و یارمەتی بوویننە، پارەیان ویســـتووە. گەیاندنی ئەوانەش لە بارودۆخی ئەو دەمانە، ســـنووورەکـان، ململانێ، دژایەتیکردنی لایەنەکـان، دەوڵەتـانی ناوچەکە زۆر بوون، بۆیە بوونەتە قوربانی و نەگەڕاونەتەوە.

دەقی نامەکە

ی. ن. ک

٥/٣٠

برای زۆر بەڕێز کاک دکتۆر کەمال

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

دوای سەلام و ئیحتیرام

ئومێد ئەکەین وەزعی ئێوە باش بێت...

کاکە ئێمە تاکوو ئێســـتا وەزعمان باش بووە، بەڵام لەبەر بێ

ئەرزاقی و نەبوونی پارە، نەگەیشتنی سیلاح، دیارە وەزعمان بەرەو خراپی ئەچێ، ئێمە وا ٥-٦ رۆژە لە بازی نزیک جۆلەمێرگین، هیچ پارەمان نییە، زیاتر لە چوار هەزار دینار قەرزمان کردووە، ماوەی ٢٠ رۆژە ئێمە بەپەلە خەبەر بۆ ئێوە ئەنێرین، دیارە نەکەوتینە جوولّە، وەختە بڵێین وجدانتان مردووەا عەفووشمان بکەن چونکە وەزعمان خراپە، دەبووایە بە هەر حاڵێک بیت، یەکێک بنێرن بە پارەوە، هەردەم دەتانوت نزیک بن بۆ جۆلەمێرگ، هەموو شت ئەبێ، بۆیە زۆر پەلە بکەن، ئێوە تەحەموولی سەرکەوتن و ژێرکەوتنی ئەو مەسیرەیە ئەکەن.

هەموو شت بە پارەیە، وەختە نانمان دەست نەکەوێ، زۆران رۆژ پ. م نانێکی نییە، لە سەرمان هاتووە وەرز ببین. بۆیە وامان نووسی پەلە بکەن لە پارە و چەک و هاتنتان، ئەگەر ئەو شتانە بکەن وەزعی شۆڕشمان بەرەو سەرکەوتن ئەچێ، وەزعمان زۆر باشە.

سلاّو بۆ برایان

براتان

شێخ حوسێن، دکتۆر الید، عەلی عەسکەری

***

دیارە ڕووداو و چالاکییەکە بەشێک بووە لە کارەساتی هەکاری، ئەوەش لە ساڵی ١٩٧٨ بووە.

بەشی حەوتەم

پاسپۆرت و دیدارەکانی دکتۆر فؤاد

١

پاسپۆرتی چەند وڵاتێک

یەکێک لە کەرەستە و ئامرازەکانی کەسایەتیی سیاسی، بە تایبەتی ئەوانەی نوێنەری حیزبی کوردستانی و شۆڕش بوون، پاسپۆرتە. ئەو بابەتە، قسەکردن لەسەر ئەوە بۆ من باڵکێش و پێویستە!

کەسێک وڵات بە وڵات، بۆ کۆبوونەوە، یارمەتی و بانگەواز و بەشداربوون لە دیدارە سیاسییەکان بگەڕێت! سنوورەکان دەبڕێت، سواری فڕۆکە دەبێت، زمانی پەیڤینی دەوێت، پارەی دەوێت، دۆست و برادەر و پەیوەندیی زۆری دەوێت، ئیتر ئەوانە پێکەوە سەرکەوتن و دەرچوونی سیاسییەکان بووە!

***

پرسیم، ویستم سەربردەی ناو و لاپەڕەی پاسپۆرتەکانی بزانم؛ دکتۆر فؤاد معصوم حیکایەتی پاسپۆرتەکانی دەگێڕێتەوە:

منیش وەک هەر هاووڵاتییەکی ئاسایی عێراقی بە پاسپۆرتێکی عێراقی لە بەغدا، بە ڕەسمی لە ڕۆژانی ئاشتی و چوار ساڵەکەی دوای یازدە ئازاری ساڵی ١٩٧٠، بۆ خوێندن، دووبارە بۆ میسر دەرچووم. ڕۆیشتووم و نەمزانیوە کەی دەگەڕێمەوە! ڕۆیشتووم و نەمزانیوە لە کێ و چەند دەمێنێمەوە!

چارەنووسی ئێمە وا بووە، بە تایبەتی کوردەکان، هەموومان بە تایبەتی ئەوانەی سیاسەتیان دەکرد، ئەوانەی ڕامانیان لەسەر بارودۆخەکەی ئەو ساڵانە هەبوو، متمانە بە حیزبی بەعس کەم بوو، بۆیە کە دەرچووم، نەمدەزانی کەی دەگەڕێمەوە، بەڵام بە پاسپۆرتێکی عێراقی، بە مۆر و وێنەی خۆمەوە دەرچووم.

پاسپۆرتی عێراقیم هەبوو، "بە زەحمەتی، بەڵام بە نادڵی وەرمگرتبووا" هەر ئەوم بەکار هێناوە. یەک جار پێی چوومەتە میسر، بۆ خوێندن و زانست ئەوەم ویستووە، ئەوەم بۆ ڕابووردن و دیتنی دونیا و دەریا و بزنس نەبووە، بەڵام پاش گۆڕانکارییە سیاسییەکە و بەشداربوونم لە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و نەچوونەوەم بۆ بەغدا، ئیتر بەکارهێنانی پاسپۆرتە عێراقییەکەم ئاسایی و باشیش نەبووە، نەک ئەوەندە قەدەغە و ترسناکیش بووە! کەسێکم دڕ بە ڕژێم، نەیاری دەسەڵات ئیش دەکەم، لە دەستەی دامەزراندنی حیزبێکی نوێ بەشدارم، بۆ ئەو حیزبە، بۆ هەموو بەرنامەکانی دامانڕشتبوو، دەبووایە سەفەریش بکەم، مل لە چەقۆی تیژیش بنێم. دەمەوێ بەو پاسپۆرتە عێراقییە بۆ کوردایەتی و پەرەپێدانی حیزبە نوێیەکەم بچمە دەرەوە، لە سووریاوە بچمە کوێت، چارەم نەبوو، هیچی ترم نەبوو، دەبووایە بچمە کوێت، بۆیە سەرکەشانە، نالێم ئازایانە "چونکە خۆش نییە مەدحی خۆت بکەیت" لە دیمەشقەوە سواری فڕۆکە دەبم و دەگەمە کوێت.

دەگەمە کوێت و دادەبەزم، بەڵام لەوێ زۆری نەمابوو بگیرێم و ڕەوانەی بەغدام بکەنەوە. بەوەش دوور نەبوو لە سێدارەش

بدرێم! ویستیان بمبەنە سەر سنووری نیوان هەردوو دەوڵەتەکە لە "عەبدلی"، بۆ بەر دەستی ئەوانەی خەبات دژیان دەکەم، خۆم بە پێی خۆم، بە فڕۆکەیەکی تیژڕەو، بە پارە و تیکتی خۆم بچمەوە بەردەستیان، نزیکیان، گوتیان:

تۆ ڤیزات نییە، عێراقی، لە عێراقەوە نەهاتووی، عێراقی و لە دیمەشقەوە هاتوویت، پاسپۆرتەکەت کۆنە، سەیرە! بۆیە تۆ پێویستە ڕەوانەی عێراقت بکەینەوە! ئەو قسەیە، ئەو چەند وشەیە منی هەژاند، منی ترساند، چۆن بگەڕێمەوە؟!

دەبووایە زوو و دەستوبرد خۆم لەو داوایە دەرباز بکەم، دەرفەتێک بدۆزمەوە، خۆم دەرباز بکەم! باش بوو بیرم لەوە کردەوە بە ئەفسەرە ئەمنەکەی فڕۆکەخانەکەی کوێت بڵێم:

"من تازە دکتۆرام وەرگرتووە، هەموو عێراقییەک ئەوانەی دکتۆرا لە دەرەوە وەردەگرن و دەگەڕێنەوە، دوو دەستکەوتیان هەیە، یەکەمیان لێبوردنی باج و پارە لە گومرگ و ئاسانکارییە لە هێنانی ئۆتۆمبێلێکی نوێ. دووەمیان دەتوانم کەلوپەلی ناومان و شتی لەو جۆرەش بێ باج بهێنمەوە! ئەگەر بەو جۆرە بگەڕێمەوە، لەوانە بێبەش دەبم، دەرفەتی تەمەن و بڕوانامەکەم لەکیس دەچێت!"

ئەفسەرەکە پاش ئەوەی زۆر لاپەڕەکانی پاسپۆرتەکەمی هەڵگێڕوەرگێڕ کرد، گوێی لە ڕاز و بیانووەکانم گرتبوو، سۆزێکی بۆ داوا و دەسکەوتەکانم جوولابوو، دڵی نەرم بوو، گوتی:

باشە بگەڕێوە! دوایی خۆت بە ئاسایی و بە هێنانی شتەکانەوە بگەڕێنەوە!

باش بوو، لە گەڕانەوە و گرتن و ئەگەری مردنیش دەربازم بوو. هەر لەوێ بە هەمان فڕۆکە گەڕامەوە چوومەوە بەیروت و لەوێش گەیشتمەوە سووریا.

پاش ئەو ڕووداوە، دوای ئەوەی لە گرتن و تەسلیمکردنەوەکە دەربازم بوو، چیتر من عێراقی نییم، پاسپۆرتم نییە و نەمبووە! ئامادە بووم ڕەگەزنامە، پاسپۆرتی هەر وڵاتێک وەربگرم، بەس تەسلیمی عێراق، تەسلیمی بەعسم نەکەوە، لە یەکێتی و هەڤاڵەکانم دوورم نەخەنەوە، خەونەکەم نەکەن بە سەراب، لە خەباتم لەناو دەستەی دامەزێنەرانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و هاوڕێیەتیی هەڤاڵەکانم دوور نەکەومەوە!

پاش ئەو ڕووداوە، پاش ئەوەی بەسەرهاتە دەگێڕمەوە، تێدەگەم و باش دەزانم ئیتر پاسپۆرتە عێراقییە کۆنەکەم باوی نەما، چیتر ناڕوات، نافڕێت، ناخوێندرێتەوە، مۆری ڕەش و سوور و شینی لێ نادرێت! مام جەلال لە دیمەشق بە دڵی خۆی ناوم دەنێت "فؤاد محمد ڕشید"، بەو ناوە پاسپۆرتێکی خدمەم بۆ دەردەهێنێت، بەوە دەچمەوە کوێت، ئەو جارە عێراقی نییم، بەڵام بۆ ئەوە چووم عێراق بگۆڕم، عێراقی نیم و ئیش بۆ حیزبێکی کوردستانی دەکەم، بۆ ئەوەی عێراق دان بە مافەکانماندا بنێت.

هەر بەو پاسپۆرتەش دەچم بۆ بەشداربوون لە کۆبوونەوەی

دەســـتەی دامەزرێنەرانی یەکێتی، دەچمە ڤییەننـــا، دەچمە لەنـدەنیش. هەر بەو پـاســـپۆرتەش بۆ دیـداری ئەنـدازیـار "حەمەجەزا" ســـەفەر دەکەم، دەمەوێ بچمە ئەبووزەبی، لەوێ ئاســـانکاریم بۆ بکات دیداری "محمد بحر العلوم" و" ســـید مهدی الحکیم"! ئەگەرچی لەو ســەفەرە کێشــەی زۆری جانتا و تیکتم هەبوو، سەرەڕای ئەوەش حەمەجەزام نەدیت و دیدارەکانم نەبوون. هەر بەو پاسپۆرتە سەفەری ئێرانیشم کرد!

***

لە ئێران بۆ زۆرتر خۆپاراستن داوا لە قیادەی قەومی/ مکتب شـؤن العراق دەکەم پاســپۆرتێکی نوێم بۆ بکەن، ئەو جارە ناوم دەبێتە "صبري جارالله"، بەو ناوە و بەو بارودۆخە لە تاران دەبم، وەک نوێنەری یەکێتی کار دەکەم و ســەردانم زۆری ولاتانیش دەکەم، بەوەش زۆر دەناســـرێم، لە هوتێلەکان ناوم زۆر دێت، بۆیە ئەو جارە بە ناوێکی نوێ، بە پاسپۆرتێکی نوێی دەمێنێمەوە، ناوم دەبێتە "جمال أسـعد وهبة" تا ڕۆژانەی دانوسـتانمان لەگەڵ بەغدا، دەگەڕێمەوە ولات، پاســـپۆرتەکە دەنێرمەوە ســـووریا و تەواو! چیتر ناو جمال نابێت.

***

ڕۆژێکیان مام جەلال هات و گوتی بۆ کارێکی گرنگ پێویســتە بچیتە لەندەن! منیش گوتم من پاســپۆرتەکەم تەســلیم کردیتەوە، چۆن دەتوانم سەفەر بکەم!

وەرگرتنەوەی پاسپۆرتەکەم و ڤیزاوەرگرتنەکە کاتی دەویست، ئاســـان نەبوو! بەڵام مـام جەلال زوو چـارەیەک بۆ ئەوە

دەدۆزیتەوە، پاسپۆرتێکی تووندسیم بۆ پەیدا دەکات، لە سووریەوە بوومە تووندسی! پاسپۆرتی تووندسیش ئەوەی باش بوو ڤیزای بۆ ئەوروپا نەدەویست، سەفەر بەوانە ئاسان بوو!

من لە سووریام، بە پاسپۆرتی سووری چووبوومەوە دیمەشق، ئەو جارە دەمەوێ بچمە لەندەن، بەڵام بە پاسپۆرتێکی تووندسی! هەمان کەسم بە پاسپۆرتی سووریی هاتووم، دەمەوێ بە پاسپۆرتی تووندسی بچمە لەندەن! بە رێککەوت ئەفسەرەکەی منی بینیبوو، لە پەنجەرەی بەرێکردنی گەشتیاران بوو، سەیری پاسپۆرتە تووندسیەکەی کردم و گوتی:

وا بزانم تۆ بە پاسپۆرتێکی سووری هاتیتە ناو سووریا، لە بیرمە، دەتناسمەوە، بەڵام ئیمرۆ دەبینم بە پاسپۆرتێکی تووندسی دەردەچێت، سەیرە!

منیش گوتم:

ئەدی نانێین چل کەس لەو دونیایە بەیەک دەچن! ئاساییە!

ئەویش گوتی:

کەواتە هێشتا ٣٩ کەسی تری هاوشێوەت ماوە، بەڵام بڕوا ناکەم، ناکرێ ئەوە بڕوا بکەم. من لە نۆرە لادەدات، مۆرەکەم بۆ ناکات، ئەفسەرە، ئەمنە، لەوانە زۆرزانن، زوو تێدەگەن! بۆیە منیش ناچار بووم تەلەفۆنم بۆ قیادەی قەومی کرد، منیان ناسی و فەرمانیان دا مۆر لە پاسپۆرتە تووندسیەکەم بدەن و بڕۆم.

***

پاش ماوەیەک، بۆ دەرچوون و بەشداریم لە چالاکییەکی

تری سیاسیی یەکێتی داوای پاسپۆرتێکی ترم کرد، چونکە پاسپۆرتە تووناسییەکەم بۆ ولاتانی عەرەبی باش نەبوو، پێویستم بەو دەبوو، لەسەر داوای خۆم پاسپۆرتێکیان بۆ کردم بەڵام بەناوێکی تر، وێنەی خۆم و ناوێکی ترا ئەو جارە ناوم بووە "أحمد عبدالله فخري"، بەوەیان سەفەرم کرد، دیسان لە فڕۆکەخانە گومان لە ناوەکەم دەکەن، چواردەورەم دەگرن، لێم نزیک دەبنەوە، بزەیەک دەکەن و لەناو خۆیان دەڵێن، تەواو گرتمان، بە پێی خۆی هات! پرسیم چییە، کێتان گرتووە، بۆ دەمگرن، چیم کردووە؟! دەرچوو فەڵەستینییەک بەو ناوە هەیە، تاوانباری ڕاکردووە، لەدوای دەگەڕێن! بەڵام پاش ئەوەی لەناو دایکمان دڵنیا دەبن، دەزانن ناوەکانیان وەک یەک نییە، ئازادم دەکەن و مۆرم بۆ لێ دەدەن و دەڕۆم، بەڵام هەر قەناعەتیش ناکەن، تا قسە لەگەڵ قیادەی قەومی نەکەن، دەزانن من کێم و چییم و بەرەو کێ دەڕۆم، ئینجا مۆرەکەم بۆ لێ دەدەن و دەربازم دەبێت.

فؤاد معصوم لە تارانە، نوێنەری یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە، حوکم دەسەڵاتی ئیسلامییە، پێش دانوستانیان لەگەڵ ڕژێمی بەغدا، بەڵام نێوان یەکێتی و تاران خۆش نییە، بۆ مانەوەی ئەو لە تاران و ئیشکردنی، باڵیۆزی سووری لە تاران لیوا ئیبراهیم یونس یارمەتی دەدا، ئەو کەسێکی نزیکی (حافظ الاسد) بوو، عەلەوی بوو، دۆستی ئام جەلال بوو، زۆریش یارمەتیی یەکێتی دەدا. بە هاوکارییەکانی ئەو، بە پاسپۆرتێکی سووری و بە ناوی (جمال اسعد وهبة) ماوەتەوە، ئەوەشی بە ئوسوولێ بووە،

بۆیەش مانەوەی لە ئێران بە پێناوی و یارمەتی ئێرانییەکان نەبووە، نێوانی یەکێتی و ئێران باش نەبووە، بۆیە سەفیرە سووریەکە بە ناوی کارمەندی سەفارەت ئیقامەی بۆ وەرگرتووە. بەو ناوە لەوێ بووە تا ڕۆژێکیان مام جەلال ئاگاداری دەکاتەوە بە زووترین کات بڕوات، ئەگەرنا دەگیرێت، سەفیرەکە یارمەتی دەدات و دەڕوات، بەڵام هەندێ لە کارمەندانی نوێنەرایەتیی یەکێتی لە تاران دەگیرێن.

دکتۆر فؤاد معصوم بەر لە دەستپێکردنی مفاوەزاتەکەیان لەگەڵ بەغدا لە سووریا بووە، هەر بە پاسپۆرتە سووریەکە دەچێتە لەندەن، لەوێ بڕیار دەدەن بچنە بەغدا، ئاگاداری سووریا دەکاتەوە، پاسپۆرتە سووریەکەیان دەداتەوە، بە لیسە پاسێکی عێراقی دەڕوات، لەسەر بەڵێنی خۆی پاسپۆرتە سووریەکە دەداتە سەفارەت. ئەوەش مانای ئەوە نەبووە پەیوەندی و دۆستایەتییان لەگەڵ سووریا تێک بچێت. بە پاسپۆرتێکی عێراقی لە بەغدا دەرچووە، پاش زۆرتر لە دە ساڵ بە لیس پاسێکی عێراقیی ڕەسمی دەچێتەوە و لە فڕۆکەخانەی بەغدا دادەبەزێت، سەرەتا گومان لە ناو و کەسایەتییەکەی دەکەن، بەڵام زوو برادەران، ئەوانەی چاوەڕوانیان دەکرد، فریای دەکەون، دەڕوات و تا دەگاتەوە هەولێر.

٢

لەگەڵ ئیمام خومەینی

ئیمام خومەینی لە گوندێکی نزیک پاریس، لە دەوروبەری "نۆفل لۆشاتوو" نیشتەجێ بوو، ئەمەش لە ڕێگای دۆستانی "سازمانی انقلابی حیزب توده"، کە دوایی بوون بە حیزبی ڕەنجبەران، فیکرەیەک هاتە پێش، کە وەفدێکی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، ئیمام ببینێت. لە هەمان کاتدا لە ڕێگای "ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین"، بە تایبەتی "فەتح"، هەمان مەبەست هاتە پێش.

ئەوە بوو دیدارەکە ڕێک خرا، وا بزانم لە نێوان ١١ و١٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٨دا بوو.

شاندەکە پێک هاتبوو لە: "د. فؤاد مەعصوم، عادل موراد، ئەحمەد بامەرنی"، ڕۆژی دیاریکراو بە تەکسیەک لە پاریسەوە چووینە گوندەکە، کە ناوی گوندەکەمان بە شۆفێرەکە گوت، ئەویش یەکسەر گوتی: بۆ لای ڕیشدرێژەکە دەچن؟!

کاتێک گەیشتینە شوێنی دیاریکراو، کە بریتی بوو لە خانوویەک، هۆڵێکی گەورەی تێدا بوو، خەڵکێکی زۆریش لەوێ بوون، دەوروبەری سێ کەسێک نوێژی عەسرمان بە جەماعەت لە دوو ئیمام کرد، کە لە نوێژ بووە، ڕووی کردە خەڵکەکە و دانیشت، دیار بوو ئەوانەی لەوێ بوون، جگە لە

تاقمی خۆی، ئەوانی تر بۆ زیارەتی هاتبوون، دەستیشیان پڕ بوو، دەهاتنە بەردەمی دەستیان ماچ دەکرد، چەکێکی پارەیان لەبن قەدی بەرمالّەکە دادەنا، هەر یەکەش قسەیەکی دەکرد.

بە یەکێک لەوانەی بەردەستی ئیممان گوت:

ئێمە تەنیا بۆ زیارەتی نەهاتووین، بەڵکوو بە خستەوەی دەمانەوێ بە خزمەتی بگەین.

ئەوانەی لەوێ دیمانن، بێجگە لە: سەید حوسێن و سەید مستەفای کوڕی ئیمام خومەینی، هێندێ کەسی دیکەشمان بینی لە دەوروبەری ئیمام، کە دوایی زانیمان ئەوانە: سادق قوتبزادە و دکتۆر ئیبراهیم یەزدی بوون، مەوعیدیان بۆ دوای نوێژی عیشا بۆ داناین، ئەو جارە ئیمام چووە ژوورێکی تایبەتی، کە ئێمە و دە کەسی دیکەیان بردە ژوورەوە، نەمانویست لەبەردەم ئەوانە قسە بکەین، بەڵام لەبەردەم خۆی، گوتمان؛ دیدار و مەبەستی سەردانەکەی ئێمە زۆر نهێنی و تایبەتە، وادەمان بۆ سبەی نزیک نیوەڕۆ بۆ دانرا.

لە کاتی دیاریکراودا چووینەوە "نۆفڵ لۆشاتوو"، ئەو جارە ئێمەیان بردە ماڵەکەی ئیمام، کە لەمبەری جادەکە بوو، واتە هەر ١٥ مەترێک لە بینایەکەی دیکە دوور بوو. دیار بوو پاسەوانی خۆیان هەبوو لەمبەر و ئەوبەر. ئۆتۆمبێلێکی نەجدەی فەرەنسییش لەنزیک ماڵەکەیان وەستابوو، کە دوو سێ پۆلیسی تێدا بوو. چووینە خانووەکە و سەید حوسێن پێشوازیی کردین، دواتر لەگەڵ ئیمام دانیشتین، دکتۆر ئیبراهیم یەزدی لە نێوانماندا وەرگێڕ بوو.

من بە عەرەبی "فصیح" قسەم دەکرد، ئەحمەد بامەرنی تەرجەمەی ئینگلیزی دەکرد، ئەویش دەیکردە فارسی. بەو عەرەبییە قسەم دەکرد، بۆ ئەوەی کە ئیمام عەرەبی دەزانی، بەڵام قسەی پێ ناکات، دیارە دەیویست باشتر لە مەسەلەکان تێ بگات. کە چووینە لای هەرسێکمان دەستمان ماچ کرد، پیاوێکی بەسالاچوو، پشتی تۆزێ کۆم دیار بوو. زۆر لەسەرخۆ کە هەڵدەستا و دادەنیشیت زۆر بە بەئەستەم وەک یەکێکی نەخۆش، خاوێن، یاخەی کراسەکەی زۆر سپی بوو، جلوبەرگ و عەباکەی نوێ، کۆنیش نەبوو.

هەر تەنیا بەخێرهاتنی کردین، بە شێوەی عەرەبی عێراق، "مساکم الله بالخیر"، چونکە کە چووینە لای دوای نیوەڕۆ بوو.

من قسەم کرد و پوختەی قسەکانم ئەوە بوو:

"ڕژێمی ئێران هەروەک دوژمنی ئێوەیە، خەباتی ڕووخاندنی دەکەن، چونکە هاوکارییەکی تەواو لە نێوان ڕژێمی بەغدا و شادا هەیە، وڵاتەکەمان بەرەو کاولبوون دەڕوات. ئێمە خۆمان بە بەشێک لە ئێوە دادەنێین، بۆ هاتنەدیی ئەم مەبەستە پیرۆزەی ئێوە.

مام جەلال و سەرکردایەتیی یەکێتی لەو کاتەی کە ڕێژێکی زۆریان بۆ جەنابتان هەیە، ئێمەیان ناردۆتە لاتان، کە عەرزتانی بکەین، ئێمە ئامادەین هەموو هاوکارییەکتان بکەین. چ بە ناردنی خەڵکی لێهاتووی خۆمان بۆ مەشقپێکردنی عەسکەری "مبارزان"، یان ئێوە خەڵک بنێرنە لامان، ئامادەین چەکتان بۆ بگوازینەوە لە سنوور.

ئەگەر سوپای ئێرانی ویستی لە شارەکاندا ئەم چالاکییانەی ئێوە بکوژێنێتەوە و ئاگر بەکار بهێنێت، ئێمە دەتوانین لەسەر سنوور تەقەوتۆقێک دروست بکەین، شا ناچار بێت بەشێکی زۆری ئەرتەشەکەی بنێرێتە سەر سنوور، ئەو کات ئەمە بارسووکییە بۆ ئێوە."

ئیمام خومەینی -کە زۆر کەمدوو بوو- لە وەڵامدا گوتی:

"ئێ وا ئیستا خەریکین لە ڕێگای جەماوەر لە شارەکاندا، ئەم ڕژێمە بڕووخێنین. ئەگەر خوانەخواستە لەم قۆناغەدا سەرکەوتوو نەبووین، ئەو کات دەبێ پەنا بۆ چەک و شەڕی چەکدار ببەین، ئەو کات پێویستیمان بە ئێوە دەبێت یارمەتیمان بدەن. سوپاستان دەکەین لەسەر ئەم ئامادەیی دەربڕینەتان.

ئەی ئێوە چیتان لە ئێمە دەوێ؟"

وەڵاممان داوە:

"تەنیا سەرکەوتنتان، دوعای سەرکەوتن بۆ ئێمەش!"

بەمە کۆبوونەوەکە کۆتایی هات، ڕۆژەکە یەکشەممە بوو، لە لای ئیمام هاتینە دەر و زۆر برسیمان بوو، لە گوندەکە چ ڕێستورانمان دەست نەکەوت، ڕوومان کردە وێستگەی شەمەندەفەر کە تۆزێ لە گوندەکە دوور بوو، لەبەردەمی هێندێ لە خانووی گوندەکە دارسێومان دی، کە بنەکانیان سێوی زۆری لێ کەوتبوو، کەوتینە سێو خواردن و باخەڵەکانیشمان پڕ کرد، بە تایبەتی کە قاپووتمان لەبەردابوو زۆری گرت، بەڵام لەبەر

ئەوەی ســـێوەکە تۆزێ ترش بوو، گەدەی هەندێکمان تێک چووبوو، جگە لە گەدەی خۆم، کە هێشتا ساحق و ماحق بوو!

"ئەو دیــدارە، بۆ یەکێتیی و ڕۆژانەی د. فؤاد معصـــوم لاپەڕەیەکی شــکۆدار و کۆشــشــە بۆ خەباتە دوورودرێژەکەی نەتەوەکەمان".

٣

کۆبوونەوەی لیژنەی قیادی "دەرەوە"

بەشداربووانی کۆبوونەوەکە ئەوانە بوو:

عومەر دەبابە، د. کەمال، عادل، فؤاد، سالار

رۆژ: ١٩٧٧/١٢/٣١

لە خوارەوە ئەو خالانەی باس کران، گەر پێویســـت بوو بڕیاریان لەسەر بدرێت:

١. باسی دیتنەکەی سەرسوور و پارتی، "بعث" قيادة قطري عراق و بزووتنەوەی سۆشیالیستی عارەبی کرا.

بڕیار:

هەوڵ دەین لەگەڵ لایەنەکانی "تجمع" و لایەنەکانی تری بزووتنەوەی نیشــتمانی عێراقی، بگەینە شــێوازێکی کاریگەری ڕێککەوتن کە هەرلایەکی بەشدار ئیلتیزامی تێدا دیار بێت.

٢. عادل باســـی دیدارەکان لەگەڵ لایەنەکانی مقاومە و دۆستەکانی خۆمانی کرد، دەربارەی نووسینی یاداشت بۆ ئەو کۆنگرەیە بنێردرێت کە لە بەیرووت بە ناوی: "المجلس السياسي المركزي للحركة الوطنية اللبنانية" دەبەسترێت.

بڕیارمان دا یاداشتەکە بنووسرێت.

پاش ئەوەی ڤیزا وەردەگرێت، عادل بە زووترین کات بچێتە لیبیا.

٣. بریار درا فؤاد بچێتە کوێت، بۆ ڕێکخستنەکان و سۆراغی ئێستگەیەکی ڕادیۆ، کە بەکەڵک شۆڕش بێت.

٤. چوونی ســـالار بۆ ئەوروپا و بڕیارمان دا پاســـپۆرتی بۆ جێیەجێ بکەین.

٥. ئەو برادەرانەی لە ولاّتەوە هاتوون و لێرەن:

ا. بە نیســبەت "زەکی" بنێردرێتە ســوید، دوای ئاگادارکردنی هەڤاڵانی ئەوروپا.

ب. بەهزاد وەک کادر لە قامیشلی دەبێت.

ج. ڕەئووف و عەبدوڵڵا شـــێخە و عەبدوڵڵا و خالید لە قـامیشـــلی لە بـارەگـا دەبن، تـا ڕێگـای ولاّت دەکرێتەوە و دەنێردرێنەوە.

٦. بە نیســبەت برادەرانی کوردی ســووریا، کەس نەنێردرێتە کوردســـتان، ئەوانەی ناردراون و گەڕاونەتەوە، تەبلیغ بکرێن، کە هاوکارییان بۆمان لەسەر ساحەی ئێرە بێت.

ج ئیلتیزامێکی ماددیمان نەبێت بەرامبەزیان، بێجگە لە ســـێ شەهیدەکانیان کە لە کوردستان شەهید بوون.

٧. عومەر و ســـــالار دەچنە بەیرووت بۆ ڕاپەڕانـدنی ئیشوکارەکانیان.

٨ به نیسبەت جەماعەتی عیسمەت و یوسف که داوای یارمەتییان کردووه، تەبلیغ بکرێن، له ئیمکانیاتماندا نییه.

٩. مؤلەتی عومەر که داوای کرد بؤ چوونه لەندەن بؤ سەردانی منداڵەکانی، بؤ ماوەی مانگێک بڕیاری لەسەر درا، بەڵام پاش ئەوەی ئیشوکاری ئێستای تەواو دەبێت.

١٠. قووجەوی:

دەربارەی پەیوەندییه تایبەتییەکەی قووجەوی، پێویستە ئاگاداری م. س بکرێت و ڕەئی ئەوان وەربگرین، کرێی خانووەکەی مانگانه ٨٠٠ ل. س له ١٩٧٨/١/١ەوه بؤ بدرێت. بؤ ماوەی ڕابردووش که داوای قەرزەکانی پێشوو دەکات له مانگی حوزەیرانەوه هەوڵدرێت به ٢٠٠٠ ل. س ڕازی بکرێت، بەڵام عادل لەگەڵ ئەوەدا نەبوو یارمەتی بدرێت.

١١. ئیزن درا برادەرەکەی تورکیا بچێته ئەوروپا، پاسپۆرتی بؤ ڕێکخەین و پلیتی بؤ ببڕین.

١٢. لەبەر ئەوەی وەزعی مالیمان خراپه، ناتوانین قەرزەکانی ولاّت بدەینەوه، ئەوانەی که لەوێ بؤ شۆڕشیان خەرج کردووه، بؤ نموونه وەک قەرزەکەی عەلی عەسکەری.

١٣. به نیسبەت ئەو چوار ئەندامەی پارتی سۆشیالیستی کوردی سووری، که له ولاّت گەڕاونەتەوه، لەوێ له لایەن مام بەڵێنیان پێ دراوه سەر و ٥٠٠ لیرەیان پێ بدرێت... پارەکەیان پێ بدرێت، پێیان بڵێن که ناگەڕێنەوه کوردستانی عێراق.

١٤. ئەو جلـک و بەرگـانەی لە دەرەوە بۆمـان دێن، لێرە بیانفرۆشین، دۆستەکانی ئێرەش ئاگادار بکرێتەوە.

دابەشکردنی ئیشوکار لە نێوان برادەران:

١- پەیوەندیی دەرەوە: عادل، حەمەزیاد.

٢. پەیوەندیی نیشتمانی و نەتەوایەتی: عومەر، فؤاد، د. تالّیب.

٣. ئیعلام: عادل، عومەر، د. کەمال، فؤاد، د. تالّیب.

٤. رێکخستن: عومەر، د. کەمال، فؤاد.

٥. مالیيە: فؤاد لێپرسراوە و کارگێڕ تەماشای دەکات.

دابەشکردنەکانی ئیشوکارەکانی پێشوو هەڵدەوەشێنیتەوە.

١٥. کۆبوونەوەکانی ل. کارگێڕی، مانگی دوو جارە، لە ١٧ی مانگ و ٢ی مانگ دەبێت.

١٦. قامیشـــلی: بڕیار درا برایان ســـالار، عومەر، د. کەمال، فؤاد بچنە وێندەرێ، لەوێ چارەی گیروگرفتەکانی بکەن.

ئیمزاکان:

د. کەمال، د. فؤاد، عومەر مستەفا، عادل، سالار

***

١٩٧٧-١-١٥

کۆبوونەوەی لیژنەی کارگێڕ و ئامادەبوونی سالار

لە خوارەوە بڕیارەکان و ئەو خالّانەی باس کران:

١. مەوزوعی ئەنوەر میسری و چۆنیەتیی گەڕانەوەی بۆ شام، ئەو شتانەی لەسەری هەیە:

بڕیاری لەســـەر نەدرا، تا مەعلوومانی زیاتر لەســـەر کۆ دەکرێتەوە.

٢. سەفەری قامیشلی:

ا. هەڤاڵان عومەر و د. کەمال هەوڵ دەن ڕۆژی سێشەممە بچنە قامیشـــلی، هەڤاڵ فؤادیش کە لە کوێت گەڕاوە، لەگەڵ سالار بچنە وێندەرێ، هەوڵدرێ یەکشەممەی داهاتوو بچن.

ب. هەروەکوو هەڤاڵ د. کەمال باســی کرد، لیستەکانی هێنا پێش، بڕیار درا ٤٠,٠٠٠ چل هەزار لیرەی سووری بۆ قامیشلی تەرخان بکرێت بۆ یارمەتی و قەرزەکانی وێندەرێ.

٣. سەفەری لوبنان:

ئەنجامی دیتنی وەفدەکەمان لە لوبنان لەگەڵ فەســـائیلی مقاوەمە و پارت و ڕێکخراوەکانی لوبنانی باس کرا.

ئەنجامی دیتنەکان زۆر باش بووە، وەفدەکە ســەرکەوتوو بووە لە دیتنەکانی.

٤. برادەر سەلاح - شەهید نەجمەدین کایا "ترکی":

یارمەتییەکەی مانگی ١٠٠٠ "ل. س"یە، لەســـەری بەردەوام دەبین، هەروەها یارمەتییەکەی ڕەمۆ مانگی ٥٠٠ "ل. س"یە.

٥. عیزەدین قووجەوە:

هەر لەســـەر بڕیاری پێشـــووین، کە لە کۆبوونەوەکەی پێش ئەم جارەیە درا.

٦. براده‌ری تورکیا:

بڕیار درا ئەو براده‌ره‌ی له پارتی میللی تورکیا ناردراوه و گوزه‌رنامه‌ی بۆ جێبه‌جێ کرا، بنێردرێته ئەڵمانیا له‌سه‌ر حیسابی یەکێتی بلیتی بۆ دەبڕین.

کۆبوونه‌وه کۆتایی هات.

عادل، د. که‌مال، فؤاد، عومه‌ر مسته‌فا، سالار

***

کۆبوونه‌وه‌ی لیژنه‌ی کارگێڕ به ئاماده‌بوونی هەڤالان د. که‌مال و فؤاد له‌گەڵ سالار ئەندامی م. س. عومه‌ر ئاماده نەبوو له‌بەر ئەوەی له ئیجازه‌دایه، عادل ئاماده نەبوو بێ ئەوەی چ ئیعترازی کردبێت... له ڕۆژی یەکشەممه ١٩٧٨/٢/١٩.

له خواره‌وه ئەو خاڵانه‌ی باسکران له‌گەڵ بڕیاره‌کانیان:

١. کۆبوونه‌وه له‌گەڵ قیاده‌ی قوتریی عێراق "ئەبوویوسف و حازم".

بڕیار درا له‌گەڵیان دانیشین بۆ:

ا. باسکردنی ئەو بنکانه‌ی له‌سه‌ر یەک بیروباوه‌ڕین.

باسی زروفی زاتی و مەوزوعیی بزووتنه‌وه‌ی پێشکه‌وتنخوازی کورد و عەره‌ب له عێراق بکرێت.

ب. دۆزینه‌وه‌ی چارچێوه‌ی ئیشکردنی پێکڕایی.

ج. ئاماده‌یی هەرلایەک له ئیشکردن له نیشتمان.

٢. یاداشتێ بنووسرێت دەربارەی دۆست و دوژمنانی بزووتنەوەکەمان، بدرێتە قیادەی قەومی و قوتریی حەرەکەی ئیشتراکیی عەرەبی.

٣. یاداشتێکی (مفصل) بۆ جەزائیر بنووسرێت، وەفدێک لە یەکێتی پێک بێت لە هەڤالان عادل و فؤاد، بچنە لیبیاش.

٤. هەروەها سەرێک لە برادەرانی قاهیرە بدرێت بۆ رێکخستن و وەزعیان کە هەڤالان عادل و فؤاد دەچنە جەزائیر بەوێدا بێنەوە.

٥. ئەو پارانەی درا سالار بۆ ناردنە ولات، کە هەمووی بەو جۆرە بوو: ١٣٠٠٠ سێزدە هەزار دۆلار + ٣٤٠٠ سێ هەزار و چوار سەد دیناری کوێتی + ١٧٠٠ هەزار و حەفت سەد دیناری عێراقی + ١٤٠٠ هەزار و چوارسەد لیرەی سووری. کە هەمووی گۆرپتەوە بە مارک کە کردی ٧٠.٠٨٠ حەفتا هەزار و هەشتا مارک، دوای ئەوەی ١٠٠ دیناری داوەتە برادەرەکە.

٦. بە نیسبەت ئەنوەر میسری، برپارمان دا بنێردرێ بۆ ئەوروپا وەک پەنابەر، هەروەها بە نیسبەت مولازم عەبدولڵا و برادەرەکەی تورکیا نەجدەت.

٧. بە نیسبەت قامیشلی هەڤاڵ کەمال راپۆرتی خۆی دا، برپار درا لە مانگی داهاتووەوە مانگانە ١٠,٠٠٠ لیرەی سووری بۆ بنێردرێت، ئەوەش بۆ سەفەری بۆ تورکیا، بۆ چالاکیی پێشمەرگانە لەوێندەرێ سەرفی بکات. هەڤالان عیسمەت و یوسفیش مانگی بە هەردووکیان بە ناوی یارمەتییەکەیان ١٠٠٠ لیرەیان پێ بدرێت.

٨. ڕۆژنامەی "الشرارة" ژمارە ٩ی بۆ نەورۆز دەربچێت.

ئیمزاکان

سالار، فؤاد، د. کەمال

***

لە ١٩٧٨/٣/٧ کۆبوونەوەی ل. کارگێڕ بە ئامادەبوونی هەڤاڵان عادل، فؤاد لەگەڵ سالار، ئەندامی مەکتەبی سیاسی، هەڤاڵ عومەر لە ئیجازەدایە، هەڤاڵ د. کەمال ئیشوکاری هەیە نەیتوانی بێت.

لە خوارەوە بڕیارەکان:

١. کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی دەرەوە لە لەندەن لە ڕۆژی ١٩٧٨/٣/٢٣ دەست پێ بکات.

٢. یارمەتی ئەم مانگە بەم جۆرە بێت:

سی هەزار لیرە بۆ قامیشلی، هەشتا هەزار لیرە بۆ بەیرووت، هەشتا و دوو هەزار لیرە، سەد و بیست هەزار لیرەش بۆ ولاّت بنێردرێت.

ئیمزاکان

عادل، فؤاد، سالار

***

لیژنەی کارگێڕ کۆبوونەوە لە ١٩٧٨/٤/٢ بە ئامادەبوونی

هەڤالانی لیژنەکە بێجگە لە هێمن "عومەر دەبابە" کە لە ئیجازەدایە، کۆ بووەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا ئەو نامە خوێندرایەوە، کە لە لایەن مام جەلال و عەلی عەسکەری هاتووە بۆ ک. س "دەرەوە" دوای خوێندنەوە بڕیارمان دا: نامەکە فەقەرە فەقەرە بخوێنینەوە جارێکی تر، بیروڕای خۆمان لەسەر هەر خاڵەی بەتەنیا دەربڕین.

کە گەیشتینە سەر فەقەرە ٢ خاڵی لە نامەکە، پێش ئەوەش ئەو نامە خوێندرایەوە کە مام جەلال بۆ عومەر دەبابەی نووسیوە، دەربارەی چۆنیەتیی پەیوەندیکردن لەگەڵ ئێران، عادل گوتی: من خۆم بە موستەقیل دادەنێم، گوتی: ئیستیقالەکەشم بۆیە یە، چونکە قەناعەتێکی تەواوم هەیە کە "اتحاد" هەموو شتێکی تەکتیکی کرد بە ستراتیجی، قیادەی فیعلی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان هەوڵ و تەقەڵا ئەدا پەیوەندی لەگەڵ دوژمنانی کورد لە ناوچەکە بکات و پەیوەندیشی دروست کردووە لەگەڵ ئێران، کە ئەمە ناگونجێ لەگەڵ پەیڕەو و پڕۆگرامی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان.

عادل داوای لە فؤاد کرد نامەکەی مام و ع. عەسکەری پێ بدات بۆ ئەوەی فۆتۆکۆپی بکات، لەسەر ئەو فەقەرانەی تێیدا هاتوونە ئیستیقالەنامەکەش بنووسێت، بەڵام فؤاد ڕەفزی کرد. فؤاد پێی گوت: دەتوانی ئێستا نەقڵی فەقەراتەکە بکەیت.

تێبینی: هێمن - عومەر مستەفا (دەبابە).

***

کۆبوونەوەی ک. س ینک - دەرەوە لە رۆژی ۱۹۷۸/۵/۲۳

بەئامادەبوونی هەڤالان: عادل، کەمال، فؤاد، لەگەڵ سالار

لە خوارەوە خاڵ و بڕیارەکان:

۱. دوای خوێندنەوەی نامەکەی ولات کە لە ٤/۲۰ هاتووە بڕیار درا:

ا. سالار بگەڕێتەوە.

ب. خۆشناو بچێتە کوردستانی تورکیا بۆ جێبەجێکردنی داواکانی برادەرانی ولات، هەوڵ بدا چاوی پێیان بکەوێت، ئەوجا بگەڕێتەوە قامیشلی بۆ سەر ئیشوکاری خۆی.

ج. ۲۵ هەزار دینار بۆ ولات بنێردرێت، د. کەمال و سالار لەگەڵ خۆیانی ببەن.

د. هەوڵدرێ دۆستانی ئێرە بێتەلمان بۆ جێبەجێ بکەن.

ه. بە نیسبەت ئەو مەفرەزانەی لە نامەی برادەراندا باسیان کردووە، هەڤاڵ خۆشناو ئاگاداری فارس + عوسمان + موحەمەد حەسەن بکات، کە ئامادەبن. لە رۆژی ۵/۱۳ یش ۱۰۰ کلاشینکۆفیان بۆ چووە لەگەڵ ٦۰,۰۰۰ ل. تورکی.

۲. بە نیسبەت کۆبوونەوە کوردستانییەکە:

لەبەر ئەوەی هێندێ کۆسپ لەپێشیان هەیە، بە تایبەتی لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانی "ئێران"، بڕیارمان دا لەسەر پێشنیاری لیژنەی موتابەعەی کۆبوونەوە کوردستانییەکەدا کە:

ا. حەمید دەرویّش بچیّتە پاریس بۆ دیتنی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو و یەکیّتی مەسرەفی بدات.

ب. شەمسەدین موفتی کە سەفەری پاریسی لەپێشە، لێی داواکرێ ئەویش پێش بخات، هەر بۆ هەمان مەبەست.

ج. عومەر مستەفا بە ناوی یەکیّتی بچیّتە پاریس، لە لەندەنەوە بۆ هەمان مەبەست، بەڵام عادل لەسەر ئەم فەقەرەیە موافق نەبوو، چونکە بە ڕەئی ئەو عومەر تەمسیلی یەکیّتی ناکات، بەو کارە ناتوانێت هەڵبسێت، پێشنیار دەکەم عومەر شێخموس بێت.

٣. بڕیار درا عادل سەفەرەکەی لیبیای بکات بۆ:

ا. بەدواچوونی پەیوەندیی نێوانمان.

ب. چەسپاندنی ڕێکخستن لە نێوان برادەرانمان لەوێندەرێ.

ج. هەوڵدا برادەران لە ناوخۆیاندا کۆمەکی شۆڕش بکەن.

٤. دەربارەی مەسئوولیاتی یەکیّتی لە قامیشلی، لە ماوەی سەفەری هەڤاڵ خۆشناو:

ا. هەڤاڵ بەهزاد مەسئوولی چەک گواستنەوەیە.

ب. هەڤاڵ عەباس (عدم) تعرض دەردەهێنێت.

٥. (الشرارة) دەردەچێت بە بۆنەی ساڵی سێیەمی دروستبوونی یەکیّتی، مەوادەکان دابەش کران بەسەر هەڤاڵان: سالار، عادل، فؤاد.

***

کۆبوونەوەی رۆژی ۱۹۷۸/۷/۲۷ بە ئامادەبوونی هەڤالان:

د. کەمال، عادل، سالار، فؤاد.

لە خوارەوە ئەو خاڵانەی باس کران، هەر یەکەش لەگەڵ بڕیاری پێویست:

۱. خوێندنەوەی نامەکەی م. س کە بۆ د. کەمال هاتووە، لەم بارەیەوە بڕیار درا:

ا. دەربارەی ناردنی چەک هەڤاڵ کەمال دەڵێ: ئیمکانیاتمان نییە لە شـــەمدینان تێپەڕێنین، بەڵام تا ئەوێندەرێ مومکینە، جا دەبێت برادەران لە وڵات خەریکی ئەم مەســـەلەیە بن. هەروەها هەڤاڵ شـەماڵ لە گەڕانەوەی بۆ وڵات خەریکی ئەم مەسـەلەیە بێت.

ب. بە نیسبەت هەڤاڵ سالار، دەگەڕێتەوە وڵات، بەڵام پێش چوونە وڵات دەچێتە تورکیـا بۆ ئەنجـام وەرگرتنی بەڵێنی ئەو برادەرەی ئەودیو، هەروەها پێش چوونە تورکیاش موافەقە کرا ســـەردانی ئینگلتەڕا بکات، بۆ دیتنی ئەو برادەرەی لە وڵات هاتووە "فەرەیدوون عەبدولقادر".

ج. هەڤاڵ عادل ئامادەیە بۆ گەڕانەوە.

د. عومەر ئـاگـادار دەکرێ لەســـەر بڕیـارەکەی م. س بۆ گەڕانەوەی وڵات.

۲.دەربارەی گرتنی برادەران و مەوقیف لە موەقەتە بڕیارەکانی م. س لەگەڵ بڕیارەکانی کۆبوونەوەی لەندەن جێبەجێ دەکرێت.

٣. هەڤاڵ کەمال دەچێتە تورکیا، لەگەڵ سەلاح بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ جیهاتی پێشکەوتوو و شەخسیاتی نیشتمانی، بۆ زۆرکردن لە موهقەتە کە برادەران بەردرێن. هەروەها هەڤاڵ فؤادیش، لەگەڵیاندا دەبێت بۆ چەند ڕۆژێ هەر لەم بارەوە.

٤. هەر برادەرە لە لای خۆیەوە هەوڵدەدات، کە پەیوەستی لەگەڵ وڵات بکات.

٥. بە نیسبەت نامەکەی مام بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتیی دەرەوە هاتووە. عادل داوای موناقەشەی کرد، ئەو نامەی بە مێژووی ١٩٧٨/٦/٢٠ هاتووە، بڕیار درا کە:

ا. ئەو تەبریرانەی لە نامەکەدا هاتووە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەهریمەن، ئەو تەبریرانە بە ڕاست نازانین، هەروەها ڕێکیش ناکەوێ لەگەڵ بڕیارەکانی کۆبوونەوەی یەکەمی لەندەنمان لە ١٩٧٨/٣/٢٦.

ب. لەو نامەیەدا دەڵێت پەیوەندیی لەگەڵ ئەهریمەن، هەموو برادەرانی سەرکردایەتی زانیویانە، کەچی لە نامەکەی بۆ عومەری نووسیوە دەڵێت: تەنیا ٤ کەس دەیزانین و نهێنییە.

ج. دەڵێ لە نامەکەی عومەر نووسیومە ئاگاداری فؤاد بکات، لە کاغەزەکەی عومەر وەها نەهاتووە.

د. دەڵێت: نامەم بۆ د. کەمال فؤاد نووسیوە، کە ئاگاداری شێخموس بکات چ کاغەزی وەها بۆ د. کەمال فؤاد نەهاتووە، وەک خۆی گوتی.

٥. ڕەخنە لە مام دەگرین، لەسەر شێوەی نامەنووسینەکەی، هەروەکوو ڕەخنە لە عادل گیرا لە کۆبوونەوەی ١٩٧٨/٣/٢٦.

٦. فؤاد بچێتە کوێت بۆ موتابەعەکردنی ئەو کارانەی ئاڕاستەی هەڤاڵ "سەلام" لە کوێت کرابوو، هەروەها بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ "ئاوات".

٧. قامیشلی: بڕیار:

ا. ناردنەوەی پێشمەرگە و کادرەکان بۆ وڵات، ئەوەی نەگەڕێتەوە یارمەتییەکەی ببڕێت.

ب. ئەو نامەی کە مستەفا خۆخێ بۆ فؤادی نووسیوە، کە ئەویش پیشانی کۆبوونەوەی دا، وەڵام دەدرێتەوە:

کە ئێمە لەگەڵ ئێتیهامکردن بە خیانەت نین، لەو بارەیەوە لەو برادەرە دەپرسین ئایا شتی وەهای گوتووە یان نا؟ دوایی نامەکەی مەرفووزە، چونکە هەڕەشەی تێدایە، ئەگەر دەرکەوت ئیدیعایەکی بێ بناغەیە، دەبێت ئیجرائات بەرامبەر مستەفا خۆخێ وەرگیرێ.

سالار، د. کەمال، فؤاد، عادل

***

کۆبوونەوەی کارگێڕ لە ڕۆژی ١٩٧٨/٩/٢١

ئەو خاڵانەی خوارەوە باس کران، هەر خاڵێە بڕیارەکەشی لەدوای:

١. نامەکانی ولّات لە ٨/٨ و ٨/١٤ و مەحزەری دانیشتنەکەی تێکەڵاو لە ٨/١٤:

ا. پارە و چەک

لێپرسراوی دارایی ڕاپۆرتی دارایی مالی تەقدیم بکات.

لێپرســـــراوی چەک ڕاپۆرتی تەقدیم بکات، دەربارەی ئەو چەکانەی هەمانە لەودیو.

ب. گەڕانەوەی برادەران

١. دکتۆر کەمال ئامادەیە بۆ گەڕانەوە.

٢. عادل: "قەرارم نەداوە تا ئێســـتا، چونکە جەوی ولّاتم بە دڵ نییە، من چـاوەنواڕی نـامەی ســـــالارم، کە دەگەڕێتەوە، ناشمەوێ چوونەوەم بۆ تەوازونات بێت".

٣. عومەر: "بە پێویســـــتی دەزانم بگەڕێمەوە، بەڵام وەزعی ســەحییم موســاعید نییە، ڕاپۆرتەکانیش دیارن، جا بەو ڕێگایەی ئێســـــتا برادەران پێیدا هاتوون "د. عەلی، قادر جەباری"، من تەحەموول نـاکەم، بەڵام گەر بکرێت بە پاســـــپۆرت بچم و ناگیرێم ئامادەم بگەڕێمەوە".

ج. لە ئەدەبیاتی داهاتوومانداا فنشـــــتی خەتی یەکێتی بکەین، کە لە پەیڕەو و پڕۆگرام تەحدید کراوە، کە دۆســـــتانی میللەتی کورد کێنە:

ا. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازان.

ب. پارت و شۆڕشگێڕەکانی ولاتانی کاپیتالیزم.

ج. ولاتانی سۆشیالیست.

د. لەبەر ئەوەی ل. ت لە یەکێتیدا نییە، "قادر جەباری" ئەندامی یەکێتی نییە، لەبەر ئەوەی چووە پێش کۆبوونەوەی وەفدەکەی ولات، کە ئەو و خدر و ئەندامیش نییە لە (تجمع)، کۆ بوونەتەوە لەگەڵ کارگێڕ و چووە زۆر نهێنیی شۆڕش و یەکێتی لای دەرەوە باس کردووە، نابێ قادر جەباری بەشدار بێت لە کۆبوونەوەکانی یەکێتی لەگەڵ تەجەموعدا.

ه. عادل تەحەفووزی لەم بڕیارە نییە.

۲. کۆنفرانس و کۆنگرە:

ڕاپۆرتی عادل دەربارەی کۆنفرانس و کۆنگرە، باسی کۆنفرانسی کرد.

تێبینییەکانی لەسەری:

ا. لە کاتی هەڵبژاردن جەوێکی دیموکراتی نەبوو.

ب. لە کۆنفرانسەکە هێندێ کوردی سووری هەبوون.

ج. لق دوای هەڵبژاردنی کۆبوونەوەیان بێ من کرد.

بە نیسبەت کۆنگرە:

ا. هێندێ لە بردەرانمان بەرامبەر هەڤرا (متشدد) بوون.

د. کەمال، د. فؤاد، سالار

***

کۆبوونەوەی کارگێڕ لە ١٩٧٨/٩/٢٥

بە ئامادەبوونی هەڤاڵان: هێمن، هاوار، هۆشیار

لەو خاڵانەی خوارەوە دوا، هەر خاڵەش بڕیارەکەی لەگەڵە:

١. فەرید نامەیەکی ناردووە دەڵێ:

"مامۆستا" پەیوەندی پێوە کردوومە، کە پەیوەندی بە "مەلا" کردووە. پێشنیاری ئەوە بوو کۆمیتەیەک پێک بێت لە "٧" کەس، دوو لە موەقەتە، دوو لە یەکێتی، سێ بێلایەن، کە مامۆستا یەکێکیانە، ئەو کۆمیتە چی بڕیاردا ئەوا "مەلا" ئامادەیە موافەقەی لەسەر بکات.

لەم بارەیەوە ڕەئی هەڤاڵانی کارگێڕ:

ا. هێمن:

من لە مەسەلەی پەیوەندیی قیادەی موەقەتە، پاش نەکسەکەی تورکیامان بە دووروودرێژی لە کۆبوونەوەی دوایی "لەندەن"مان، ڕەئی خۆم دەربڕیوە، ئێستاش ئەو ڕەئییەم بە ڕاست دەزانم، لێرەشدا بە کورتی دەیڵێمەوە؛ بۆ ڕزگارکردنی هەڤاڵانی گیراومان لای قیادەی موەقەتە و پاراستنی هێزەکەی یەکێتیمان، وەکوو هێزێکی موئەثیر لە شۆڕشدا بمێنێتەوە، بۆ کردنەوەی ڕێگای چەک و تەقەمەنی لە تورکیاوە بۆ هەڤاڵان، بۆ خۆرزگارکردن لەو شەڕەی لە پسان نەهاتووە، لەگەڵ قیادەی موەقەتە بە شێکی باشی دەزانم کە لەگەڵیان ڕێک بکەوین، ئەگەر ڕێککەوتنەکە تەنیا عەسکەری بێت، ئەوا گەلێک باشترە، ئەگەر هەر ڕازی

نەبوون، ئەوا وەکوو جەبهەکردنەوەیەکیش بێت مانعم نییە، بۆیە لەبەر تیشکی ئەو ڕەئییەی سەرەوەم، بەشداربوون لەو کۆمیتەیە شتێکی باشە، بۆ ئەوەی لە داخوازییەکانی ئەوان بگەین، لەپاشان لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا ماددە بە ماددە ڕەئی لەسەر بدەین.

ب. هاوار:

من موافقم لەسەر پێکهاتنی کۆمیتەکە، مەبەستیش تەنیا بەردانی برادەرانە. نوێنەرانی ئێمە لەو کۆبوونەوەیەدا دەوریان ئەوەیە، بزانن مەتالیبی موەقەتە چییە؟ جا ئەو دوو برادەرەی ئێمە، مافی مۆرکردنی چ ڕێککەوتنێکیان نییە. ڕەئیشم وایە: هەر جۆرە ڕێککەوتنێکی سیاسی، لەگەڵ موەقەتە بەو تەرکیبەی ئێستای و بەو نەهجەی زیانی لەسەر یەکێتی و شۆڕش زۆر زۆرە، جا نابێ -بە ڕەئی من- یەکێتی بیر لە ڕێککەوتنی سیاسی لەگەڵ موەقەتە بکاتەوە.

ج. هۆشیار:

من موافقم لەسەر پەیوەندییەکە و کۆمیتەکە، بە مەرجێک ئەم پەیوەندییە هەدەفی سەرەکی بەردانی برادەران بێت، نەک بۆ ئێتیفاقییەی سیاسی بێت لەگەڵیان، چونکە بە ڕەئی من، هەر جۆرە ئێتیفاقێکی سیاسی لەگەڵ ق. م بە زەرەری ی. ن. ک دەگەڕێتەوە، لە نیهایەت لەناوچوونی ی. ن. ک. بە نیسبەت موحایدەکان پێویستە ڕەئیمان لەسەریان هەبێت.

نوێنەرانی ئێمە، دەبێ موڕاجەعەی کارگێڕ بکەن، بۆ ئەوەی بزانین مەرجەکانی موەقەتە چییە لەخۆوە موافەقە نەکەن، بۆ مەسائیلی گرنگ دەبێ ڕەئی ولّات وەربگرین.

د. ڕەئی هەمووان موتەفیقە، کە نوێنەری یەکێتی لەو کۆمیتەیەدا هەڤاڵان: فەرید، هۆمەر... بن.

٢. بۆ پرۆژەکەی دژوار:

هەڤاڵان هاوار و هۆشیار موافقن، بەڵام هەڤاڵ هێمن پەسندی نەکرد، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

ا. ئەمانە تەنیا بۆ چەکوەرگرتنەکەیانە، چونکە ١٠٠ کەس ناتوانێت، بە ناوی یەکێتییەوە بچنە بادینان ئیش بکەن، کە بێگومان قیادەی موەقەتە دێتە سەریان و ئەوانیش، ناتوانن بەرگریان بکەن، بە تایبەتی کە سەرەڕای ئەوەی کە من، خاوەن بیروباوەڕێکی وەهاش نین، کە بەربەرەکانێیان بکەن.

ب. ئەو کەسانەی کە بەتەمان چەکمان بۆ هەڵبگرن، بەشێکیان ئەو کەسانەن کە وەختی خۆی چەکیان لێ وەرگرتووین، بە ناوی ئەوەی ببنە پێشمەرگەی یەکێتی و بچنەوە بادینان، کەچی نەچوونەوە و چەکەکانیشیان خواردین.

ج. یەکێک لە هەر موعتەمیدەکانی ئەو ئیشە، عەلی مەلا یاسینە کە ئێمە تەجرووبەیەکی تاڵمان بەرامبەری هەیە، فێڵی لێ کردووین، چەک و تەقەمەنییەکی زۆری لێ خواردووین، بۆیە ئەنجامی ئەم ئیشەش لەوانی تر باشتر نابێت.

د. ئەو ئیشە، نە دژوار، نە "پشمک" مەسئوولییەتەکەی نەخستە ئەستۆی خۆی.

ه. بۆیە بە ڕەئی من، ئەم ئیشە ئەنجامەکەی فاشیلە، چەک و هەموو مەکر و فێڵمان بە فیڕۆ دەڕوات، بۆیە پەسندی ناکەم کە بکرێت.

٣. ئیستیقالەی سەید حەسەن:

هەموومان لەسەری موافقین، تەنیا یارمەتییەکەی نیهایەتی ئەم مانگە پێ دەدرێت، کلاشینکۆفەکەی لایەتی لێی وەردەگیرێتەوە.

ئیمزاکان

هاوار، هێمن، هۆشیار

***

کۆبوونەوەی کارگێڕ لە ١٠/١٦ و ١٩٧٨/١٠/١٨

بە ئامادەبوونی هێمن و هۆشیار و هاوار، لەگەڵ مەلا ناسیح و دکتۆر عەلی

لەو خاڵانەی خوارەوە دووان:

١. نامەی عادل خوێندرایەوە، کە بۆ کۆبوونەوەی ناردووە، بڕیار درا مەلا ناسیح، لەگەڵی دابنیشێت دوای ئەوەی هێمن گوتی:

من ئیعتیزار ناهێنمەوە بۆ عادل.

٢. دانیشتن لەگەڵ لیژنەی تەحزیری "پدک".

٣. ڕاپۆرتی هۆشیار خوێندرایەوە دەربارەی چالاکییەکانی تورکیا و پەسند کرا.

٤. نامەکەی ع. عەسکەری خوێندرایەوە، کە داوای کردووە:

ا. یارمەتییەکەیان بۆ زیادکرێت.

ب. ١٠٠٠ لیرە قەرزارن، بۆیان بدرێتەوە و بە قیســـت هەر مانگی ١٠٠ لیرە یارمەتییەکەیان بگێڕدرێتەوە.

بڕیار درا:

١٠٠٠ لیرەیــان بــدرێتێ، بۆ قەرزەکە بە مینحە، بەڵام یارمەتییەکەیان هەروەکوو خۆی دەدەینێ.

٥. تەبلیغی عەبدولڕەزاق بکرێت، کە لەندەن بەجێ بهێڵێت و بگەڕێتەوە شام.

٦. نامەیەک بنێردرێ بۆ م. س چالاکیی ک. س - دەرەوە و دەنگوباسێک هەیە بۆیان بنێردرێت. هێمن و هاوار بینووسن.

ئیمزاکان

هۆشیار، مەلا ناسیح، هێمن، هاوار

***

کۆبوونەوەی کــارگێڕ بە ئــامــادەبوونی ئەنــدامــانی بێجگە لە هەڤاڵ هۆشیار، کە لە قامیشلییە، لەگەڵ دوو لە برادەرانی ولاّت مەلا ناسیح و شەماڵ

لە ڕۆژی ١٩٧٨/١١/٨

لە خوارەوە ئەو خالانەی باس کران، هەر خالّەش بڕیارەکەی لەسەری دراوە:

١. مەوقیفی نوێنەرمان لە کۆبوونەوەی سەرسوور لەگەڵ لایەنەکانی تەجەموو٘ع پەسند بووە.

٢. نامەکانی لە ولاّت ناردراون خوێندرانەوە.

بۆ گەڕانەوەی برادەرانیش، هەموومان موتەفقین لەسەر گەڕانەوە بۆ ولاّت.

٣. نامەیەک بۆ تەجەموو٘ع بنووسین، داوای کۆبوونەوە بکەین.

٤. دەربارەی پەیوەندیی نێوان عێراق و سووریا، لێکۆڵینەوەیەک لە وەزعی گشتیی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست.

ا. خەریک بین چالاکیی خۆمان بە تەرکیز بهاوێنە بەیرووت، تورکیا، ئەوروپا...

ب. بۆ عەوائیلەکان پاسپۆرت ئامادە بکرێت.

ج. پەیوەندی بە برادەرانی ئەوروپا بکەین، بۆ ئەوەی شوێنیان بۆ جێبەجێ کرێت.

٥. پێشمەرگە بەشیر:

لەبەر ئەوەی نەخۆشییەکەی لە ئەنجامی پێشمەرگایەتی نییە، دوای ئەوەی عەمەلیات کراوە، بەکەڵک پێشمەرگایەتی نایەت، تەبلیغ کرێ، کە تا سێ مانگی تر تەدبیری حالّی خۆی بکات و یارمەتی نادرێ دوای ئەو سێ مانگە.

٦. دوو برادەرەکەی ق. مەرکەزی کە هاتوونە بچنە سوید.

لەبەر ئەوەی تا برادەرانی سوید ئاگادارمان نەکەن، ئەو دوو برادەرە بچنە وێندەرێ، ئێمە تەحەمووڵی مەسئوولییەتیان ناکەین بۆ ناردنیان.

٧. ئێستگەی ڕادیۆ:

گەر هات ئەو ئێستگەی دۆستەکانمان وادەیە بۆمان جێبەجێ کەن، گەر نەکرا ئەوا سەلام لە کوێت ئیستگەیێ بکڕێت، کە لە دەوروبەری ٧٠٠٠ دینار بێت، سێ هەزاری تەبەرووعی خۆی باقییەکەی تریش خۆمان بیدەین.

٨ باسی چالاکیی دەرەوە کرا بە دووروودرێژی:

بڕیار درا ئاشتی، هاوار بچنە پاریس، بۆ دیتنی ئیمام خومەینی، موباشەرەتەن دوای جەژن.

٩. دەربارەی نامەکەی هەڤاڵ د. هۆشیار

ا. دەمانچەکە پرسی ناوێ با بیکڕێت.

ب. کادرەکانی شوان باسیان دەکات، یارمەتی بدرێن مانگانە موافق نین.

ج. ئەو چەکانەی شوان داوای کردووە نەیدرێتێ.

١٠.لیژنەیەک پێک بێت لە هەڤاڵان: هێمن، هۆشیار، شەماڵ بۆ لێکۆڵینەوە و جەردی ئەو چەکانەی وەرگیراون و ناردراون و ماون.

١١. ڕائید عەزیز لەسەر داواکەی:

یارمەتییەکەی دەبێتە: ١١٠٠ لیرە لە ١٩٧٨/١١/١ەوە، واتە ئەم مانگە پێی دەدرێ.

١٢. دەربارەی ئەو قەرارانەی قووجەوە داوایان دەکات، موفاتەحەی م. س بکرێت لەم مەبەستە.

١٣. سەفەری هەڤاڵ شەماڵ بۆ سوید، هۆڵەندا، ئینگلتەڕا، لەسەر ئیقتیراحی م. س، ئێمەش موافقین پلیتی بۆ دەبڕدرێ و یارمەتی دەدرێ بۆ مەساریفی سەفەرەکەی.

ئیمزاکان:

شەماڵ، عادل، عومەر مستەفا، فؤاد، مەلا ناسیح

٤

کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی لە دیمەشق
مام جەلال، مەسعوود بارزانی، باقر یاسین

١-٣-١٩٧٧

ئەمە دەقی ڕێککەوتنێکە، کە لە سەرەتای ئاداری ساڵی ١٩٧٧ لە دیمەشق، لە نێوان بەڕێزان: "مام جەلال، مەسعوود بارزانی، باقر یاسین" واژۆ کراوە.

ئەمە ڕێککەوتنی نێوان یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانیشە دوای نسکۆی شۆڕش، سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، کە لایەنی سێیەمیش "قیادەی قەومیی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی" بوو.

لەم کاتەدا لەسەر شەش خاڵ و بنەما ڕێک کەوتوون، دواتر چەندی چووە بواری جێبەجێکردن یان پێشێل کران، یان تەنیا هەر وەک نووسراوێک مانەوە! کێ پێشێلی کرد؟ هەر لایەنە و پەنجەی تاوان بۆ بەرانبەرەکەی ڕادەکێشێت، ئەمەش مێژوونووس و کەسانی بێلایەن، دەتوانن یەکلایی بکەنەوە!

***

ئەم دەقە لە ئەرشیفەکەم پارێزراو بوو، بۆیە بە پێویستم زانی، بۆ مێژوو بڵاوی بکەمەوە، چونکە ڕەنگە هەندێک دەق دوای

چەندان ساڵ، لە بڵاوکردنەوەیان تەنیا وەک گەڕانەوە بۆ ئەو ڕۆژانە، هەڵسەنگاندنی تۆیژەران لە ڕابردووی نەتەوەکەمان و ناوچەکە کەڵکی خۆی ببێت، ئەگەرنا لەسەر ئەرزی واقیع بایەخێکی نەمابێت.

***

لە پێناو وەدەستهێنانی هاریکاریی پراکتیکی لە گۆڕەپانی کردەی سەربازی و هەنگاونانی پێویست، بە هاوئاهەنگی هەوڵ و تەقەلای جەنگاوەرە شۆڕشگێڕەکان بۆ سەر حوکمی فاشیست لە عێراق، گەیاندنی چەک و کەلوپەلی سەربازی و یارمەتیی دارایی بۆیان، دابینکردنی تەواوی پێداویستییش، بەردەوامی و سەرخستنی شۆڕشی هەڵگیرساو لە کوردستانی عێراقدا، کە ئەمە بە بەشێکی گرنگ لە شۆڕشی عێراقی دیموکراتی خەباتگێڕانە دادەنرێت، بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی عێراقی، کە بەرنامەی گردبوونەوەی نیشتمانی عێراقی زەمینەیەکی باشیان بۆ پێک دێنێت.

هەر سێ لایەن لەسەر بڕیاردان و جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە پێک هاتن:

یەکەم: هەموو جەنگاوەرە شۆڕشگێڕانەکانی دژ بە فاشییەت لە کوردستانی عێراق، بێ لەبەر چاوگرتنی لایەنگیری حیزبی و سیاسی، بە سەربازی سوپای شۆڕشی عێراقی دیموکراتی دادەنرێن، مامەڵە لەگەڵ کردنیشیان بە یەکسانی دەبێت. سەبارەت بە پرچەککردن و ئازووقە و کەلوپەل و دەستەبەرکردنی تەواوی پێداویستی شەڕیان.

دووەم: پێکهێنانی لیژنەکانی هاوئاهەنگی مەیدانی لە نوێنەری هەر سێ لایەن، لە ناوچە جیاوازەکانی شەڕ، بۆ یەکخستنی هەوڵ و کۆششی پشتیوانان و بەشداریپێکردنیان دژی فاشییەت، وەک هێزێکی یەکگرتوو و هاوکار لە شەڕدا، هەروەها بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان و ئاریشەکانی، کە لە گیانی برایەتی خەباتکارانەوە هەڵدەقوواڵێت و بە هەڤاڵینی چەک لە یەک سوپادا.

سێیەم: یەکسەر دەست بکرێت بە پێکهێنانی لیژنەکانی هاوئاهەنگی لەو ناوچانەی پێویستە، ڕێڕەوە گرنگەکان، بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی کە بۆ دڵنیایی لە گەیاندنی چەک و کەلوپەل بۆ جەنگاوەران لەسەر خاکی نیشتیمان، هەروەها بۆ گەڕاندنەوەی ئەو شەڕکەرانەی دەرەوەش، بۆ ئەوەی لەگەڵ برا جەنگاوەرەکانی خاکی نیشتیمان پشتوپەنای یەک بن.

چوارەم: هەوڵ و تەقەڵای وێکڕا و تاکەکەسی لە نێوان لایەنە هاوبەشەکان بدرێت بۆ وەدەستهێنانی چەکی پێشکەوتوو و چەکی پێویست، بۆ دریژەدان بە شۆڕش، کە تێیدا لیژنەی هاوبەش بۆ پشکنینی چەک و کڕینی و یەکخستنی هەوڵەکان بۆ پێداویستیی جەنگاوەران بەوپەڕی خێرایی پێک بێت.

پێنجەم: ڕاگرتنی هەڵمەتی ڕاگەیاندن، قسە و ئاڕاستەکردنی بنکە بۆ گیانی هاوکاری و برایەتی.

شەشەم: هەر لایەنێک لەم سێ لایەنە، ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتنە بە سەرکردایەتی و دامودەزگا بەرپرسەکانی

ڕابگەیەنێت، جێبەجێکردنیشـــی بکاتە ناچاری، هەموو هەوڵێکی پێویست بدات بۆ ئەوەی بیخاتە پراکتیکی کردارییەوە.

حیزبی بەعسی ئیشتراکی

پارتی دیموکراتی کوردستان-قیادەی موەقەتە

یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان.

ئیمزا

باقر یاسین[1]، مەسعوود بارزانی، جەلال تاڵەبانی

[1] باقر یاسین: ئەندامی قیادەی قەومیی حیزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتراکی.

٥

لە تاران

بۆ پرسەکانی یەکێتی، ڕۆژی ١٩٨٠/٦/٧، ئەمڕۆ مەوعیدمان لەگەڵ وەزیر د. حەسەن تەباتەبائی هەبوو، لەگەڵ د، کەمال خۆشناو چووین، ئەویش تەلەفۆنی بۆ وەزیری بەرگری د. مستەفا چەمرا و داریووشی فرووهەر کرد، بۆ پێداچوونەوە ڕۆژی ١٩٨٠/٦/١٧ چووینەوە لای چەمرا، بەڵام دیدارەکان سەری نەدەگرت، تا ڕۆژی ١٩٨٠/٦/٣٠ دیداریان لەگەڵ کۆمیسیۆنێکی بەرگری ئێرانی کرد، گوتیان دەمانەوێ ئەو چەکانەی وەردەگرن دژ بە ڕژێمی سەدام بەکار بێت، سنووڕەکانمان لە سەردەشت تا بانە بپارێزن و ڕێگە لە خراپەکاران بگرن. بەڵێنیش دەدەن گیراوەکانی یەکێتی ئازاد بکەن. گوتیان بیر لەوە دەکەینەوە بە لۆری چەکەکانتان بۆ بنێرین و سەرەکەی بە خاس و کودوو و تەماتە داپۆشن.

دانیشوەر چەند پرسیارێک دەکات:

١- بەپێی مەعلوومات من، ئێوە لە بەینی بانە و مەریوان کەسی واتان نییە، جەنگەڵەکە لەژێر کۆنترۆڵی ئێوەدا نییە، ناچارین جەماعەتی بارزانی بهێنینە ئەوێندەر.

٢- کلیلی شێخ عزەدین مام جەلال چییە؟

۳- شـــادمهر گوتی: ئەگەر لێتان دڵنیابین وا دەکەین فڕۆکەی دۆستەکانیان لە جیاتیی تاران لە ورمێ دابەزێت.

لەو دانیشـتنانەدا نوێنەرانی یەکێتی، فؤاد معصـوم و د. کەمال خۆشـناو بووە، هەروەها عەبدولڕەزاق فەیلییش فارسـییەکەی بۆ کردوون بە کوردی.

لەو کۆبوونەوانەدا بە نوێنەرانی وەزارەتی بەرگریی ئێرانیـان گوتووە:

چوار کۆپتەری ئێرانی لە بەردەپانیان داوە، دوو کەســـمان شەهید بوونە، بریندارێشمان هەبووە، چادرەکانیان سووتاندوون!

یەکســـەر ڕوکنی دوو گوتی: ئیمە زانیـاریـمـان هەبووە کە سەربازی عێراقی لەوناوە بووە. بەڵام فروەهەر گوتبووی:

ئێوەش وەک پاسداران دەکەن، ئەگەر وایە ئێمە پەیوەندییمان لەگەڵ یەکێتی دەبڕین، بەڵام هەر قسە دەکەن.

لەو دیدارەدا گوتیان بەیانی پێتان دەڵێین چەکەکانتان دەدەینێ یان نا؟!

کۆبوونەوە و دیـدارەکـانی بۆ وەرگرتنی چەکەکـان بەردەوام بووە، بەڵام دەســـت دەســـتیان پێی کردووە و بیانووی زۆریان هەبووە، دیارە هیچیان دەست نەکەوتووە.

٦

لە هەولێر باسی ڕابردوو دەکەین

بەیانییەکەی ڕۆژی ٢٠٢٤/٢/٢٤ لەناو ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی وەزیرانی شاری هەولێر، چوومەوە خزمەتی دکتۆر فؤاد معصوم، کە بە پێشوازییە نەرم و جوان و بەڕێزەکەی شەرمەزارت دەکات.

١

من پرسیم؛ دەمەوێ دیدارێکی کورت بکەین، هەندە قسە بکەین، تاقەتت هەیە، چەند لێرە دەبیت، بەرنامەی سەفەرت بۆ دەرەوەی هەولێر نییە!

ئەو گوتی:

لێرەم و ناڕۆم و زۆر دەمێنێمەوە! ئێستا من خانەنشینم، هەر قسەیەک بکەم، دەربڕین و دیدەکانی خۆمە لەسەر یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و برادەرەکانم، ئێمە پێکەوە و لە سەرەتاوە شانم دابووە کارێکی گەورە، فەرمانێکی پیرۆز بۆ خزمەتی میللەتەکەمان، دامەزراندنی حیزبێکی نوێ و هەڵگیرسانەوەی

شـــۆڕش. ئەوەی بیزانم، دەمەوێ بە ڕوونی باســـی بکەم، هیچ ناشارمەوە، ئەوانەی دەیانزانم، پێویستە بنووسرێن و بزاندرێن.

من گوتم؛ نووسین، دەفتەر و یاداشتت هەیە بڵاو نەکرابنەوە، کەس نەیدیبن و لێرە نیشـانمان بدەیت، ئێمەش هەندێک لەوانە بنووسینەوە! ئەو گوتی:

بابەت و یاداشـــتەکانم تەنیا "تغریدە"یەک نییە و بەس، زۆرن و هەمووش بۆ خەڵکە و دەمـانەوێ بۆ خزمەتی کۆمەڵگەمـان بێت. دەمەوێ؛ ڕووداو، ڕۆژگارەکە وەک ڕووە ڕاستەقینەییەکەی بگێڕمەوە، باس بکەم، مەبەســـتم نەبووە و نییە بابەتەکان ســـاختە بکەم! ئاســـاییە بۆ هەڤپەیڤینی تۆ، کە ڕووبەڕوو قســـەم لەگەڵ دەکەیت باســـی بکەم! ڕاســـتە بابەت هەیە زۆر باس نەکراوە، لەســـەری نەنووســـراوە، نامەوێ هیچ زانیاریی ببەمە ناو گۆڕ، ئامادەم هەموو بۆچوونەکان نیشان بدەم!

٢

من لێم پرســـی؛ نامەکانی بە ناوی "شـــلال"، بۆ ئەبووجیهاد (عبدالله الاحمر) نووسراون، نووسەرەکە، شەلال کەسایەتیی مام جەلالە؟ ئەو بەو ناوە نامەکانی بۆ ســـوورییەکان، ســـەرکردایەتیی حیزبی بەعسی ســـووری نووســـیوە؟! بۆ ناوی شـــەلالی لەو نامانە بەکار هێناوە؟!

بەڵێ، شـــەلال هەڤاڵ مام جەلال بوو، ئەو نامەی بەو ناوە بۆ

سەرکردایەتیی بەعس دەنووسی. پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەوان، بە نامە و داوا و پێشنیارییەکانی ئەو بوو، ناوەکەشی لەوە هاتبوو، ناوچەیەک لە کەرکووک بەو ناوە هەیە، یان دەکرێ بڵێین ناوی یەکێک لە کورەکانی بە عەرەبی ئەوە دەگەیەنێت!

ئەوەندە سـاڵ و ماوەیەی لە سـووریا و دیمەشـق بووم، من نامەکانم دەگەیاند، من پەیوەندییەکانم دروست دەکرد، دەچووم، دیـدارم دەکردن، بەڵام زووتر دەمزانی نـامەکـان تـایبەتن بە چ، مام جەلال چی بۆ یەکێتی داوا کردووە، چی تێدا نووسـیوە! ئەوان بە پێشـوازییەکی رەسـمی ئێمەیان دەدووان، قسـەیان دەکرد، بەڵێن و بەرنامەکانمان لەسـەر بنچینەکانی ڕاسـتگۆیی، لەیەک تێگەیشـتن بوو، لە هەموو پەیوەندییەکانمان متمانە هەبوو، ڕاستە دیدی جیاوازمان هەبوو، بەڵام باش لەیەکتری تێدەگەیشتین!

٣

من پرسـیم: ئەدی کە موفاوەزات لەگەڵ بەعسـییەکانی بەغدا دەکەن، ئەوان وەک بەعسیی نەیاری ئەوان، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکێتیی نیشـتمانی کوردسـتان چۆن بوو؟ چ گۆڕانێکی بەسـەردا هات؟

ئەو گوتی:

ئەوان پێیـان خۆش نەبوو، ئەوان و حیزبە عەرەبییەکـانی تریش، عەرەبە عێراقییەکانی لە سـووریا و وڵاتانی تریش بوو،

ئەوانەی دیدارمان زۆر دەبوو، دیدمان لەسەر دژایەتیی حیزبی بەعسی عێراق هاوبەش بوو، بەڵام کۆسپ و کێشەیان نەبوو، نوێنەرایەتیمان هەر هەبوو، بەڵام دابڕانێک پەیدا بوو.

ئێمە هاوکارییەکانی ئەوان، ئاسانکارییەکانیان بۆ یەکێتی و شۆڕشی نوێ زۆر بوو، لەب یرمان نەدەکرد. دوایی ئێمەش پشتمان بە دانوستانەکان لەگەڵ بەعس و بەغدا زۆر ئەستوور نەبوو، متمانەمان کەم بوو، دەمانزانی ماوەیەکە و بێسوود تەواو دەبێت!

لە سەردەمی سەرۆکی سووری "حافظ الاسد" چاکەی زۆریان بۆمان ببوو، ئێمە پێویستمان بە زۆر شت دەبوو، لەناو قامیلیشی کێشەمان زۆر بوو، ئەندام و پێشمەرگە و نەخۆش و بریندارەکانمان زۆر بوون! هەموو ئەوانەمان بۆ چارەسەر دەبوو.

٤

کە لێی دەپرسی، دکتۆر بۆچوونت لەسەر شەڕ و کارەساتەکانی هەکاری و پشتئاشان و ململانێیەکانتان لەگەڵ قیادەی موەقەتە، هەموو ڕووداوە دژوارە خوێناوییە ناوخۆییەکان چییە؟ بێدەنگ دەبێت، دەکوڵێ، لە ناخەوە بریندار دەبێت، نایەوێ باسی ڕۆژانی تاڵ زۆر بکات، برینەکان بکولێنێتەوە. هەموو ڕووداوە تاڵەکان زۆر شاناز نین لێیان بکۆڵنەوە، باسیان بکرێت، ئەگەرچی زۆریان لەسەر نووسراوە، یەکتری تاوانبار و تۆمەتباریش کراوە، حەق و ناحەقیش، لە گێرانەوە و باسکردنیان

هەبوو. ئەوەی من زانیومە، دکتۆر زۆر جار نەویستووە ئەوانە بوروژێنێت، باسیان بکات!

من لێم پرسی، یان ویستم ئەوە بوروژێنم: ئێوە وەک سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی، پاش ماوەیەکی زۆر لە شەڕی دژوار و هەڵمەتی گەورەی خۆیتاوی لەگەڵ حکوومەتی عێراق، یان بڵێن شەهیدبوون و لەسێدارەدانی زۆر لە تێکۆشەرەکان، ئازار و ئەشکەنجەی زۆری زیندانەکان دەچنە بەغدا، بێ چەک، بێ پشتیوانی دەچنە بەغدا، سواری کۆپتەرەکانیان دەبن، کەسایەتییە دیارەکانتان پێکەوە دەڕۆن، چۆن متمانەتان دەکرد، نەدەترسان، دڵنیابوون سەلامەت دەگەڕێنەوە؟! ئەو گوتی:

ڕاستە زۆرمان بەیەکتری کردبوو، بەڵام ئەوە دانوستان بوو، چ بکەین، ڕاستە گومانمان هەبوو، ترسیش هەبوو، بەڵام ئاگاداری خۆمان بووین، ئەوانیش ماوەماوە نیەتی باشیان نیشان دەدا، دەهاتن و دەگەڕانەوە، چ بکەین! چووبووین و ملمان لێ دەنا. لە گەڕی دووەمی دانوستانەکانمان پێشکەوتن هەبوو، من سەرکردایەتیی وەفدەکەی خۆمانم دەکرد، دابڕان و کشانەوەکەش یەکسەر کتوپڕ نەبوو، نیمچە هاتوچۆ و دیدار و نامە و گلەییش دەبوون، بەڵام دوایی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بڕیاری دا دانوستانەکان بپچڕێن و نەگەیشتە ئەنجامی دڵخۆشکەرە! هەموو بڕیارەکانیشمان بە دەنگدانی ناو مەکتەبی سیاسی بوو، زۆرینە بڕیارەکانی دەدا.

٥

لێم پرسی: خەتی گشتی چی بوو؟ چۆن بوو؟ ناوەکەی لە چییەوە هاتبوو؟

ئەو گوتی:

ئێمە ژمارەیەک کەسایەتی بووین، نزیک لە هەڤاڵ مام جەلال بووین، نازانم چۆن کۆ بووینەوە، ناوەکەمان دانا، ڕێکخستنەکە ساز بوو، من سکرتێری خەتی گشتی بووم، بەڵام لەبەر حورمەتی مام جەلال کەم دەستەواژەی سکرتێرمان بۆ خەتی گشتی بەکار دەهێنا، چونکە مام جەلال سکرتێری یەکێتی بوو، نازانم ناوەکەی لە چییەوە هاتبوو، وەک دەڵێن لە ئاسمانەوە بۆمان دابەزی! دوایی ڕێکخستنەکەمان بە یەکێتیی شۆڕشگێرانی کوردستان گۆڕی، کۆنفرانسمان کرد، چالاکییەکانمان زۆرتر بوو. هەموو ئەندامەکانی خەتی گشتی کەسایەتیی تیکۆشەر و فیداکار بوون، قوربانییان بۆ شۆڕش دابوو.

٦

پێشمەرگایەتی و حیزبایەتی لەناو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان مەترسی و نسکۆ و سەرکەوتن و ململانێی زۆری تێ کەوتبوو، بۆردومانیان لەسەر بووە، بارەگەیان زۆر گواستووەتەوە، بەردەوام لەناو سنووری کوردستان بوو، لە گوندەکان، سەر چیا

و کوێستانەکان بوو، ماوەماوەش دەگەیشتنە گەرمیان، بە کورتی؛ ڕۆژەکان سەخت بوو، یان ئەو سالانەی لە قاهیرە، بەیرووت و دیمەشق و پایتەختەکانی دەرەوە بوویت، مەترسیی پیاوانی ڕژێمتان لەسەر بووە، بۆیە پرسیم:

دکتۆر کەی لەو ڕۆژانە زۆر ترساویت؟

ئەو گوتی:

بە ڕوونی دەڵێم: هەرگیز نەترساوم! بڕوام بە شۆڕش و حیزبەکەم هەبوو، ڕێگەیەک بوو خۆم هەڵمبژاردبوو. ململانێم نەکردووە، بوارم بە خەڵکی تریش داوە بێنە مەیدان، هیچ پێگە و بواریکم قۆرخ نەکردووە! لە دەرەوەش ترسمان لەسەر بووە، ئیشمان بۆ ئەوە کردووە بچینە کام هوتێل، لە کوێ دیدارەکانمان ساز بکەین، لەگەڵ کێ و چۆن خۆمان بپارێزین، ئەو دەمانەش پۆلیسی ئەو وڵاتانە، یان دەستەی پاسەوانی نەبوو، خۆپاراستنمان دەکەوتە سەر خۆمان، برادەران!

***

ناکرێ ڕستەیەکی ئاخاوتنی دکتۆر فؤاد معصوم نەنووسمەوە، کە گوتی:

پاش ئەنفال، پاش سووتماکی خاکی کوردستان، شپرزەبوونی هێزەکانمان و ئاوەدیوبوونمان بۆ ناو ئێران و سەرسنوورەکان، ئێمە نەڕووخاین، نەبەزین، کۆڵمان نەدا، مەفرەزەمان ناردەوە، ڕێکخستنەکانمان مابوون، چەکمان لەسەر

شـــان بوو، ناچار بووین ســـلاّوێکمان له حکوومەتی ئێرانیش دەکرد، تەنیا سلاّوکردن و بەس!

هەر ئێمەش بوو له ڕۆژانی سەرەتاکانی پاش ئینقلابی ئێرانی ســالاّنی ۱۹۷۸ و ۱۹۷۹ بەشـداریی پێشـمەرگەکانی دیموکراتمان کرد، هاوشانی شۆڕشی کوردستان بووین، قوربانیشمان داوە!

۷

ئەوەم بۆ خوێندەوە، گوتم: بەپێی نووســین و دیکۆمێنتەکانی ئێوەی بەڕێز، ئەوەم بۆ چالاکی و ئەزموون و ماندووبوونی مام جەلال نووسیوە:

مام جەلال، ئەفەندییەکی ئاســـایی، بە جانتایەکی ســـادەوە، خوێنەرێکی بـاش و بەردەوام، زمـانزان و عەرەبیزانێکی زۆر باش، لە شـــاری بەیرووتی پایتەختی لوبنان، نە لەوێ لەدایک بووە، نە لەوێ خوێنـدوویەتی، نە لەوێ زۆر حیزبـایەتی و کوردایەتی کردووە، بەڵام لەوێ دەبێتە کەسـێکی "بەیرووتی"ی و برادەر و دڵسۆزی زۆر پەیدا دەکات.

ئەو زووتر لەوێ لە ڕێکخســـتنەکـانی دەرەوەی پـارتی دیموکراتی کوردســـتانی چالاک بووە، ئەو دەمانە واتە ســـاڵی ۱۹۷٤، کەمێـک زووتریش کـاروبـاری حیزبی لە بەیروت کردووە، پەیوەندییەکانی مابوو، زووتر بە ســەردان و چوونە ناو فیکر و چاپ و ئازادییەکانی بەیروت! هاتوچۆی هەبووە، پاش

هەرەس و ڕووخانی شۆڕشی ئەیلوول، ئەو ئەفەندییە بێ چەکە، بێ پارەیە، بە پاسپۆرتێکی بە گومان و کۆنە و سەدان مۆری سەفەری پێوە بووە؛ دەڕوات، دەگەڕێت و سەردانی کۆنە برادەرەکان، گەنجە تینووەکانی ئەوروپا، کەسایەتییەکانی، سەردەمانێک زۆر بە شۆڕش و حیزبەکە ماندوو ببوون، جێپەنجەیان بەو بزاڤەوە دیار بوو، ئەوانە هەموو بەسەر دەکاتەوە، تامی دەمیان وەردەگرێت، قسەیان بۆ دەکات و گوێ لە ڕازەکانیان ڕادەگرێت! دەیەوێ بزانێت، تاقەتی سیاسەتییان مابووە، نسکۆکە هیلاکی کردوون، نیشانەیان هەر ڕاستە و دەرزی هەڵدەگرن! یان شکاو و تەواو بوون!

مام جەلال، لەو شار بۆ ئەو شار، لە ولاتێک ئەو چالاکی و سەرکێشییانە دەکات، زمانی ئاخاوتنی فەرەنسییە، یەکێک ئەڵمانییە، ئینگلیزییە، عەرەبییە، دەڕوات و هەمووان دەبینێت، ژمارەی تەلەفۆنی زۆری پێ بووە، بیرەوەری و یادەرەوەییەکانی تژی بوون، یەک یەک لاپەڕەکانی ژیان و خەبات و ناوبانگیان هەڵدەداتەوە؛ ڕووبەڕوو و یەکسەر پێیان دەڵێت:

دەمەوێ بە هاوکاری و پشتیوانیی ئێوە، حیزبێکی نوێ، بە هزر و بەرنامەی نوێوە دامەزرێنم!

گوتم بەڕێز دکتۆر فؤاد معصوم، تۆ ئەو جوولّە و چالاکییانەت دیبوو، لە تۆوە نزیک بوو، تۆ لە کەسە یەکەمەکان بوویت، ئاگاداری ئەوە بوویت؟

ئەو گوتی:

دروست وا بوو، ئەو کەسێکی زیرەک بوو، لێهاتوو بوو، بیرەوەری و یادی باش بوو، دەڕۆیشت و دەهاتەوە، ڕادەی ئیقناعکردنی زۆر بوو، بە بەڵگەوە قسەی دەکرد، دەستکەوتی هەبوو، دەیزانی قسە لەگەڵ کێ دەکات، کەم کەس هەبوو ئەو قسەی لەگەڵ کردبێت و پەیوەندیی پێوە نەکردبێت، بیرۆکەی دامەزراندنی حیزبێکی نوێی نەسەلماندبێت، زۆر بوون، بەدەگمەن هەبوون پەشیمان ببنەوە، چونکە ئەو دەیزانی دیداری کێ دەکات و بەرنامەکانی بە کێ دەڵێت و پێشوازیی کێ دەکات، بە ڕاستی سەرکردەیەکی ئازاش بوو.

٨

ئەو لە ناوەندی ساڵی ١٩٧٥ەوە دەستی بەو چالاکییانە کردووە، نامەی نووسیوە، تەلەفۆنی کردووە، وای زانیوە کاتەکە درەنگە و ناکرێ ئەو کوردستانە بێ ڕابەر و حیزب و شۆڕش بێت! نەورەسێک بووە لە دەریای سپی و کەنارەکانی، لەسەر شەقامە نازدارەکەی حەمڕای بەیروت، هوتێلەکانی تێدا بەزمی سیاسی و هونەری و چوویتە بەر پەنجەرەکان، سەر لقە بەرزەکان، کۆبوونەوەی کردووە، ئەزموونی حیزب و دەستە و شۆڕشەکانی شرۆڤە کردووە!

لەوێ چوویتە لیبیا، سەر لمە گەرمەکان، ناو عەشیرەتەکانی دەوڵەتیان دانابوو، پترۆلیان بە ڕێککەوت دۆزیبووەوە، لەوێ

دەتوانێت دەنگ و بەرنامەی لەبن ڕەشماڵەکانی سەرۆکایەتیی دەوڵەتەکە ڕاڤە بکات، ئەوانیش ڕێزی بگرن و بەڵێنی بدەنێ، دوایی پشتیوانیی دەکەن!

بەڵام وا بزانم هیچ لە کەسایەتییە دیارەکانی ئەو سەردەمەی هیچیان نووسیوە، باسی جۆری یارمەتییەکانیان نەکردووە، بەڵام دەست، چەک، هەنگاو، پشتیوانییەک هەبووە!

بە ڕاستی دەمویست یان پێویستە لەو بابەتە، لەو دیدارانە، لەو نووسینەدا باسی وردەکارییەکانی ئەو ڕۆژانە بنووسمەوە، ئەوەم بۆ دەستەبەر نەبوو، بەڵام ناکرێ ئەوە نەکرێت، باسی وردەکارییەکانی ئەو ڕۆژانەی ئەو سەرکردانەی یەکێتیی نیشتمانیان لە بەیروت، دیمەشق، ڤیەننا، بەرلین و... دامەزراند نەنووسرێتەوە، زۆرتر باس نەکرێت!

یەکێک لە پێشەنگەکانی مام جەلال لە بەیروت دەیبینێت و زووش متمانە و پشتیوانی و هاوبەشی دڵسۆزانەی دەکات، "فؤاد معصوم"ە.

٩

پارەمان لە سوورییەکان وەرنەگرتووە

من لە دکتۆر فؤاد معصوم دەپرسم؛ تۆ لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و هەڵگیرسانەوەی

شۆڕشی نوێ کەسێکی بڕیاردەر و بەشدار و ئاگاداری هەموو بەرنامە و پەیوەندییەکان بوویت، سەرەتا لە سووریا، ماوەیەک لە ئێران و ڕۆژانی شۆڕشی ئێران و ناکۆکیی حیزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، لە دانوستانەکانیش لە بەغدا بەشدار و سەرۆک وەفدیش بوویت، زۆر چوویتە لیبیا و کەسایەتییە گەورەکانی حکوومەتەکەت دیوە، لەگەڵ حیزبە عێراقییەکان، قەومییەکان، شیوعی، دواییش ئیسلامییەکان، بە کورتی ئەو دەوڵەتانە، حیزبەکان، چەند یارمەتیی یەکێتیان داوە، پارەتان لە سووریا وەرگرتووە؟

ئەو بە پێداگرییەوە گوتی:

ئەوەندەی من لە سووریا بووم، دیداری هەموو بەرپرسانم کردووە، لە کۆنگرەکان بەشدار بووم، لێیانەوە نزیک بووم، دەزانم و ئاگادارم لەو دەوڵەتە، لەو حیزبە، لە سوپاکەیان پارەمان هەرگیز وەرنەگرتووە، چەکیان بە ئێمە نەداوە، یارمەتیی ئەوان بۆ ئێمە مانەوە و ئاسانکاریی دەرچوون و ژیان بووە، ولاتەکەشمان بۆ سەفەر بەکارهێناوە، بەردەوام بێ چەک بووین، دەزگاکانی چاپمان بە پارەی خۆمان بۆ چاپکردنی بلاوکراوەکانمان بەکار هێناوە، بەڵام پارەمان لەوان وەرنەگرتووە، بەوان نەژیاوین.

لەگەڵ ئێرانییەکان نییەتپاکیمان هەبووە، مرۆڤ بەرانبەر مرۆڤ بووین، یارمەتیی ئەوانەم وەرنەگرتووە، لە قسەکانی ترمان دیارە ئەوان لە هەموو پێگە و بڕیارەکانیاندا چەند ڕێگر بوونە لە

هێنـانی چەک، زۆریش کـادیرمـان گیراون، فرەدەنگی و فرەدەسەلاتییش لەوێ هەبووە، زۆریش تۆمەتبار کراوین شەڕی ئەوانمان کردووە، ئەوەشـمان کردبوو، پشـتیوانی دیموکرات و شۆڕشەکەمان کردوون، شەهید و قوربانییشمان داوە.

لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کۆماری ئیسـلامی، هەڵوێسـتی خۆمان پاراستووە، تەسلیمیان نەبووین، ئەوان دەیانزانی ئێمە لە چ گۆشـەیەک داوا و قسـە و ئیش دەکەین، ئێمەش لەوان باش تێدەگەیشـتین! لەو پەیوەندییانەدا ناخۆشـی و بێزاریی زۆرمان دیوە مـانـدوو بووین، هەراسـان کراوین، بەڵام نەبەزیوین، نەڕووخاوین و خیانەتمان لە هەڵوێستەکانمام نەکردووە.

لە لیبیا کەسـایەتییە سـیاسـییە سـەربازییەکانیان باشـتر بوون، کراوەتر بوون، جوان و باش لە داواکانی ئێمە تێدەگەیشـتن، پەیوەندییەکانمان نەرم و ڕێزدار بووە، ئەوان لە هەمووان باشـتر بوون.

سـووریییەکان ڕێزی زۆری منیان دەگرت، من دەمزانی چۆن هەڵسـوکەوتیان لەگەڵدا دەکەم، دەمزانی چیم دەوێ و ئەوان چیمان بۆ دەکەن! بەڵام فەڵەسـتینییەکان کەم یارمەتیی ئێمەیان داوە، هەندێ ئاسـانکاریی ڕۆتینی ئێمەیان کردووە، ئەوەش هەموو لایەنەکان وا نەبوون. ئەوەندەی مالّم لەوێ بووە، کرێچی بووین، منداڵەکانم ناردووەتە خوێندنی ئەهلی. بە کورتییەکەی دەڵێم: ئێمە وەک یەکێتیی پارەمان لە حیزبی بەعسـی سـووریا وەرنەگرتووە!

١٠

ئێستگە لە حەمام

لە دەفتەری تۆماری رۆژانەی دکتۆر فؤاد معصـــوم رۆژی ١٩٧٧/٥/٢ نووسراوە:

ئیمرۆ ئێستگەی ڕادیۆیی بۆمان هاتبوو لە حەمامی ماڵەوەمان "تەڵعەت گلی" تاقیی کردەوە.

"بڕووســـکە، هەواڵە، موژدەکە یەک دێڕە نووســـینی کۆنە، جوان و کورت نووسـراوە، بەڵام سـەربردەکەی زۆرە! ماوەیەکی زۆر و بە چەندان ڕێگە دەتوانن جیهازەکەی هیوای شـــۆڕش و بەڵگەی سەرکەوتن بوو. ئەوەی هەواڵ و سەرکەوتن و لێکدانەوە سـیاسـییەکان و پەیوەندییەکانی شـار و گوندەکان بە شـــۆڕشـی نوێی چاوەڕوانی بوو، سـەرکردەکانی یەکێتی ئازایانە دەتوانن ئەو جیهازە پەیدا بکەن، بگاتە سـووریا، لەوێش سـازی بکەن بگاتە ســـەرکردایەتی، بچێتە گوندێک، بناری شـــاخێک و ناو ئەشکەوتێک؛ شاعیرێک، دوو نووسەر، کادیرێک و سیاسییەکی گەنج، یەکێکی عەرەبیزان و تایپ و چەندان کەرەســـتەی تری بۆ ســـاز بکەن، بێتەل و کتێب و بلاوکراوەکان و ژمارەیەک پێشـــمەرگە، کادیریش خشـــت و بەرد ســـاز بکەن، بارەگە، هەواریکی بۆ ساز بکەن، شـوێنەکە لاچەپ بێت، دوورەدەسـت بێت، زۆریش بەرچاو نەبێت، بۆردومان نەیگرێتەوە!

ئێستگەکەش وەک سەرکردەیەک، فەرماندەیەک، سیاسییەکی شۆڕش و حیزبەکە شیرین و خۆشەویست بووە، دەبووایە چاویان لەسەری بێت، هەموو مەرجەکانی مان و ئیشکردن و بەردەوامیی بۆ ساز بکەن!"

لە دیدارێکی تایبەتی لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو دێڕە کورتە لە دکتۆر فؤادم پرسی: چیت هەیە لەسەر ئەم کورتە یادە؟

ئەو گوتی:

هەموو تان دەزانن و ئاشکرایە، پۆلیس و حیزب و ئەمنی سووریا زۆر کاران، زوو هەواڵ دەزانن و زۆریش لێپرسینەوە دەکەن، کە ئێمە لەناو حەمامەکە ئێستگە ئیش پێ دەکەین، لە شوقە بچووکەکە، لەناو ماڵەکان، لە دەرگە و پەنجەرە ئاساییەکە دەنگ، زیکەزیکە، خشەخش، ورشەورش... دەڕوات، جیرانەکان، بەرانبەرمان، تەنیشتمان هەست بەوە دەکەن، هەموو گوێ و چاو و دەست و پیاوی بەعس و پۆلیس بوون، خەبەر دەدەن، دەڵێن:

لەو ماڵە کوردە، هەست بە بوون و جوواڵەیەکی نامۆ دەکەین!

لەو وڵاتە پۆلیس دواناکەون، سستیی ناکەن، دەگەنە سەرمان، دێنە سەر ماڵەکەمان، بەڵام ئێمەش زوو خەبەرمان دا، بەرپرسەکانیان ئاگاداری ئەوە بوون ئێمە چ دەکەین و ئەوەمان بۆ چییە؟! بۆیە زۆر لێپرسینەوە و بەدواداچوون ناکەن و دەڕۆن.

ئێستگەکە دەگاتە شاخ، دەبێتە سەرەتایەک بۆ دەنگی گەلی

کوردستان، که پەیک، دەنگ، بروسکەی سەرکەوتن و گەیاندنی دەنگی یەکێتیی و حیزبە هاوپەیمانەکانی بوو، هەر ئەو ئێستگەیەش بوو، ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی گەیاند، هەنگاو بە هەنگاو، شار و گوند بە گوند سەرکەوتنی کورد و ڕاپەڕینەکەیان گەیاند، بووە سەرچاوەکانی هەواڵ، بەڵام یەکەم دەنگی لەناو حەمامێکی شوقەکەوە بووە.

١١

کچێکمان بوو

ژیان و ڕۆژانە هەموو کەس تەنیا خەبات و کارکردن و خوێندن و حیزبایەتی نییە، بابەتی کۆمەڵایەتی و خێزانییش بەشێکی هەستیاری تاکە، لە دەفتەر و وردەنووسینێکی دکتۆر فؤاد نووسراوە:

"١٩٧٧/١٠/١٩

ئیمشەو لە خەستەخانەی ڕازی لە دیمەشق کچێکمان بوو، ڕووناک وەزعی باش نەبوو، دکتۆرەکەش (احمد الدهمان) بوو."

لەو ڕۆژە زۆزان لەدایک بووە، لە لایەن بەهاری کاکەزیادی کۆیی، هاوسەری دکتۆر مەحموود عوسمان، پاش دوو ڕۆژ ناوەکەی لێ نراوە.

٧
کورت بەڵام گەورە

١

١٩٧٧/١٠/٢٠

لەگەڵ "ابو خالد" دانیشتووە، دیارە بەرپرسێکی سووریی بووە، باسی ئەوەیان کردووە چۆن رێگە خۆش بکرێت، یەکێتیی لە سووریا چەک بهێنێت. گوتوویانە ئەگەر ئێران ئاسانکاریی بکات، ئێمەش ئاسانکاریی دەربازبوون لە هەکاری دەکەین.

٢

١٩٧٧/١٠/٢٣

ئیمڕۆ بەیانی د. کەمال فؤاد تەلەفۆنی بۆ کردم کە نامەی د. کەمال خۆشناوی بۆ هاتووە: لە ١٠/١٨ نووسیویەتی دەڵێ: ڕۆژی ١٩٧٧/١٠/١٣ قیادەی موەقتە ڕێگەیان گرتووە بە مەفرەزەیەکی ئێمە کە سەرکردەکەی ملازم حەسەن خۆشناو بووە. نۆیان شەهید بوون بە حەسەن خۆشناوەوە، ١٦ دیلن لە لایان، یەکێک لەوانە مستەفا خوخییە، ١٠ دۆشکایان بردووە.

پێش نیوەڕۆ عومەر دبابە لە قامیشلییەوە گەیشتە دیمەشق، نامەی مام جەلالی پێ بوو باسی ڕووداوەکە دەکات وەک لە سەرەوە باس کرا.

٣

بۆ کۆبوونەوەی یەکەمی دەستەی دامەزرێنەر، نەوشیروان مستەفا لە ١٩٧٥/١٢/١٣ لە ڤییەننا‌وە گەیشتووەتە دیمەشق، ڕۆژی دوایی د، کەمال فوئاد لە بەرلینەوە چووە، بەڵام عومەر شێخموس لەبەر ئەوەی سووریی بووە، نەیتوانیوە بچێتە سووریا، بۆیە لەوێ نەبووە. لە ڕۆژی ١٢/١٧ یەکەمین کۆبوونەوەیان لە ماڵی مام جەلال بووە، کۆبوونەوەی دووەمیان بۆ ڕۆژی دواتر لە ماڵی دکتۆر فؤاد معصوم بووە.

٤

١٩٧٧/٧/٢١

ماڵی مام جەلال کورێکیان بوو، ناویان ناوە قوباد.

٨

ئێران بە پانی و درێژی

١

دووشەممە ١٩٧٩/٦/١٨ مەهاباد

شــەو لەگەڵ دیموکرات دانیشــتین، ئەوان؛ قاســملوو، ئەمیر، بلووریان... باسی هەڵوێستەکانی خۆمان کرد بەرامبەر دیموکرات، هەر لە یەکەم رۆژی دامەزرانـدنی یەکێتی، کە چەنـد ئیجـابی بووە، چەند جار نامەمان بۆ ناردبوو، کە داوای کۆبوونەوەمان لێ کردن و وەڵاممان نەبووە. هەروەها هەڵوێســتیان بەرامبەر بە ڕژێمی عێراق، کە چۆن بێـدەنـگ بوون، بەرامبەری لەگەڵ ســـەلیباتەکانی تریان، وەک ڕێپێگرتن و گومرگدانان، لە نۆکان، شەوێ ئەوان تەرکیزیان کردە سەر:

١- کوردی عێراق خۆیان بە کوێخای هەموو کوردســـتان دەزانن.

٢- تەداخوول لە کـاروبـاری نـاوخۆی ئێران دەکەن، "بەبێ ئەوەی نموونە بهێننەوە".

٣- ئێوە زەحمەتکێشانتان بەرز کردیتەوە لە دژی ئێمە.

٤- عێراق بە نیسبەت ئێمە ئیحتاتێکە، عیلاقەشمان لەگەڵیان لەسەر حیسابی کوردی عێراق نەبووە. دەنا ئێستا عێراق ئامادەیی خۆی نیشان داوە، بە ملیۆن دینار و هەزاران چەکمان بداتێ بەکار بێنین لە دژی ڕژێمی ئێران، بەڵام ئێمە نەمانکردووە.

٥- حکوومەتی ئێران هەر ئیجازەی حیزبمان بداتێ، ڕازین، نامانەوێ شەڕی بکەین، دۆستایەتیی "خومەینی"مان دەوێ.

٦- قیادە موەقەتە موشکیلەیە بۆ کوردی عێراق نەک بۆئێران. جاران سەر بە ساواک بوون، ئێستاش ساواک نەما، دەیانەوێ خۆیان لە خومەینی نزیک خەنەوە، ئێمەش ئەوەمان دەوێ!

٧- مەلا شێخ عزەدین وەک مەلایەک وەک وەتەنییەک قبوولمانە، بەڵام ڕەهبەری سیاسی نا، نامانەوێ بارزانییەک دروست کەین، هەڵوێستێکی سەلبی هەیە لە شۆڕش و خومەینی، ئەمە باش نییە، جەمعییەکان لەبن باڵی ئەو شەڕی ئێمە دەکەن، مامۆستا حەز بە چەپڵە و مەزاهیر دەکا، کە مەمعییەکان ئەوەی بۆ دەکەن.

٨- غەنی بلووریان دەیگوت: من کۆمۆنیست بوومە و هەر کۆمۆنیستم، من لەو مەوقیعەوە دەڵێم: ئیمڕۆ قۆناغەکەمان هی ڕزگاریی نیشتمانییە، بۆیە لەناو دیموکرات ئیش دەکەم.

ئەمە بوو قسە ئەساسییەکان، وا نەبوو بگەینە ئەنجام و ڕێککەوتن، لەبەر ئەوە کە سەبەی ئێوارە لەگەڵ مام جەلال مەوعیدمان هەیە لەنزیک سنوور، بۆ ئەو کۆبوونەوە داندرا.

٢

دووشەممە ٦/١٨ مەهاباد

لەگەڵ ئەبووحیکمەت، فاتیح، ئەحمەد بانیخێلانی دانیشتین، بابەتی سەرەکی قیادە موەقەتە بوو، زۆر قسەی تریش کرا، ڕوئیا دەربارەی قیادەی موەقەتە:

١- ئەوان هێزێکن ئینسانی باشیان تێدا هەیە، ڕاکێشانی باشەکانیان بە دوژمنایەتیکردنیان نابێ.

٢- شەڕی ڕژێمی بەغدا، کۆکردنەوەی هەموو هێزەکانی دەوێ. گلەییان لەوە هەیە کە "تەجەموع"، ئێستا دەیەوێ بێتە پێش، هەندێ قسەی پووچیان کرد، کە بۆ منداڵ دەکرێ، وا دیارە د. مەحموود تا ڕادەیەک کاری تێ کردوون.

پێمان گوتن تەجەموع هەوڵ دەدا جەبهە بەرپا بێ، تەجەموع شتێکی تازە نییە، ئێوەش تا ئێستا هیچ هەڵوێستی ڕەسمیتان نییە.

٣- وایان نیشان دا، کە حەز دەکەن پەیوەندیی ئێمە و دیموکرات باش بێ، گوتیشیان "بە سوعبەتەوە" بۆ عەلاقەکان، ئێوە هەردەم لەگەڵ ئەنتی شیوعییەکانن!

٤- نامەیەکیشیان داینێ بۆ "عادل"، کە بە هۆی ئەوەوە تووڕە ببینین.

٥- لە ئاخریش لەگەڵیان ڕێک کەوتین، کە بەرامبەر موەقەتە "تبارکە"یەک بکەین، نەک تعاون.

٣

پێنجشەممە ١٩٧٩/٦/٢١

عەبدوڵڵا نەگەڕایەوە کە سەفەری کرد... پێش نیوەڕۆ لەگەڵ سەلاح دانیشتین باسی سەفەرەکەی خۆمان بۆ کرد، کە دەچینە تاران. گوتی: چوونتان باشە بەڵکە بەلای کەمەوە، هاوکاریی نێوان حکوومەت و موەقەتە تۆزێ دوادەخەن. ئێمە بڕواییمان وایە، تا ئێستا ئەو تەحلیلەی کردوومانە، هەر وا دەبێ.

- ڕەخنەمان لەسەر برادەرانی زەحمەتکێش:

ئێمە کە گەیشتینە بۆکان، عەبدوڵڵامان ئاگادار کرد، کە کاری ئێمە چییە، دەبێ دانیشتنێک بکەین، کەچی عەبدوڵڵا سەفەری کرد و نەگەڕایەوە، کەسی تریان نەهات، ناچار بە سەلاحمان گوت هەندێ قسە هەیە دەمانەوێ ئاگادارت بکەینەوە.

- بە ڕاستی ئەوەندەی لە بۆکان ماینەوە لە ڕووی سیاسییەوە بە خۆڕایی ڕۆیی.

٤

ڕۆژی ١٩٧٩/٦/٢٦ تاران

لەسەر دیداری سازمانی ئینقیلاب:

د. عەلی و جەماعەتەکە، یەکێکیان دیار بوو لێپرسراویان بوو، کورد بوو.

١- ڕەئیان بەرامبەر بە ڕژێم ئەوەیە کە نوێنەری بۆرجوازیی بچووک و بۆرجوازیی میللییە، ئەو دوو بەشـــە لەملانێدان، لە ئەنجامی ئەو ململانێیە، بۆرجوازیی بچووک بەرەو ســـۆڤییەت دەڕوا، بۆرجوازیی میللی بەرەو ئەمریکا، جا بۆیە دەبێ وەحدەی ســـیراع بەکار بهێندرێ لەگەڵ ڕژێمدا، شـــیعاریان لەو قۆناغەدا "استقلال، ئازادی، ڕافاهی اجتماعي".

٢- جا نابێ ئێســـتا زۆر پێدا بکوترێت، لەســـەر خواســـتە دیموکراســـییەکان، چونکە دەبێ حکوومەت تەنگاو نەکرێت، ئیستیقلالی ئێران لەدەست بدات.

٥

١٩٧٩/٦/٢٧ تاران

چریکی فدائي:

ئەوەی دیمان ناوی مەحموود بوو، لەگەڵ کچی ناوی فاتیمە.

١- دەربارەی سـوڵتەی عێراق و قیادەی موەقەتە، ڕەئیان ڕوون و ئاشکرا بوو، لە ڕۆژنامەی "کار"یشدا لەسەر عێراقیان نووسیبوو.

٢- هەست دەکەن حکوومەت پاشەکشە دەکات، دەیەوێ لە ڕێبازی شۆڕشەکە لابدا، پەیوەندییە کۆنەکانی تری پێشوو، زیندوو کاتەوە.

٣- چریکەی فیدائی، نایەوێ تووشی موجابەهە بێ لەگەڵ حکوومەت، بەڵکوو دەیەوێ لە ڕێگای جەماوەرییەوە، هەوڵ دەدەن مافە دیموکراسییەکانیان وەدەست بهێنن. لە وەڵامی پرسیار گوتیان: گەر جەنگی ڕوو بدات لە نێوان حکوومەتی مەرکەزی و یەکێ لە گەلانی ئێران، لەسەر مافی دیموکراسی، ئەو حاڵەتەیە، ئێمە پشتیوانی ئەو مافە دیموکراسییە دەکەین.

٤- دەربارەی یەکگرتنی هێزی چەپ و پێشکەوتنخواز، هیچ بەرنامەیەک لە پێش نییە، بەڵام کاری بۆ دەکەین، هەرچەندە چریکە لە خەتی دووەم و "خەتی سازمانی سیاسیی چەکدار"ە، بەڵام حیزبی تووده بە هیچ شێوەیەک قبوڵ ناکەین.

٥- گوتیان بەرەو خەباتی نهێنی دەڕۆین، ڕەنگە بارەگەکەشمان لێرە لێ بستێندرێتەوە، پەیوەندیشمان گەر لە ڕێگەی شاخی کوردستان بێ باشترە.

٦

١٩٧٩/٦/٢٦

جەبهەی دیموکراتی میللی.

لە لایەن ئێمە: کاک عومەر، ئەبوویوسف، کاک سدیق

لە لایەن ئەوانیشەوە:

شـــوکروڵلاّ پـاکنەژاد، د. فـاخیر بـاکـدامن، مەنووچێهری هەزارخان.

پێکەوە باسی پەیوەندییەکان کردبوو، حیزبە کوردستانییەکان، ئارەزووی بەردەوامییان کردبوو.

٧

١٩٧٩/٦/٣٠

تووده

لەوانەوە؛ کیا نووری ســکرتێری گشــتی و ڕەزا شــەلتووکی ئەندامی لیژنەی مەرکەزی، ئەندامێکی کوردی لیژنەی مەرکەزی؛ ئەوە یەکەم جارە لەگەڵیاندا دانیشین.

کیا نووری زوو گوتی کورد بۆ یەک ناگرن؟

باسی عێراقمان کرد، هاوڕا بوون کە ڕژێمی بەغدا فاشیستە، لە عێراق سێ هێز هەیە بە؛ کورد، شیعە، سوننە. دەبێ هەر سێ یەک بگرن.

-گوتیان ئێمە پشتگیری لە دەوڵەت دەکەین، کە تەمسیلی بۆرجوازییەت دەکات، خومەینی ئینسانێکی قاتعە، دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکایە.

حەز دەکەین پەیوەندیمان بەردەوام بێت، سڵاو لە مام جەلال بکەن.

- بەرامبەر حیزبی دیموکرات، ڕەئیان خراپ بوو، کیا نووری گوتی: چۆن ئێوە بڕوا بە موەقەتە ناکەن، ئێمەش بڕوا بە قاسملوو ناکەین، ئەمە سی ساڵە دەیناسم، هیچ قسە و ڕەنگێکی نییە، هەر ڕۆژە شتێکە پەیوەندیی لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا هەیە، خومەینی بە عەمیلی زایۆنیزم دەناسێ، جا بۆیەش لە ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی هێزە سیاسییەکان قەدەغە کرا، لە وەزارەتی دەرەوە لەسەر بانگهێشتی وەزیری دەرەوە.

باسی غەنی بلووریانی کرد: وەک فەردێک پیاوی باشە، بەڵام قاسملوو ئەساسی خراپە، ئەو بەرپرسە لە ڕووداوەکەی نەغەدە.

- کیا نووری هێرشی کردە سەر چەپ، کە ئیشوکارەکانیان خزمەتی ئەمریکا دەکا... نموونەی هێنایەوە بە ڕیفراندۆم، کە گوتمان بەشدار نەبوون لە ڕیفراندۆم، مانای ئەوە نییە عەمیلی ئەمریکان، بەڵام لە سیاسەت تەماشای ئەنجام دەکەن.

- داوامان لێ کرد کە سەردانێکمان بکات، یارمەتیشمان بدەن بە:

بە نووسین و فەزحکردنی پلانەکانی عێراق و موەقەتە، کە بە نیسبەت موەقەتە، ڕەئیان وا بوو بڕیارەکەی ئێمە پێشنیاری دەکەین ئیشی باشە. داوامان لێ کرد یارمەتیمان بدەن بە دەرمان و دکتۆر.

لە مەعرەزی قسەی دەرکەوت، نووری شاوێس پەیوەندیی لەگەڵیان هەیە.

ئەم چەند خاڵەی دیش لە لایەن ئەوانەوە:

١- ئێمە هیچ پەیوەندیمان لەگەڵ موەقەتە نییە.

٢- مەلا مستەفا خیانەتێکی گەورەی کرد بەرامبەر بە میللەتی کورد.

٣- ئێمە دۆستی بزووتنەوەی کوردین لە عێراق، دەمانەوێ موەحەد بن لە دژی ئیمپریالیزم.

٤- دەمانەوێ گەلی عێراق یەک بگرن.

٥- ڕەئیشمان وایە موەقەتە، هەمووی خراپ نییە، "دیارە بوو مەبەستیشیان نووری شاوێس بوو".

٨

١٩٧٩/٧/١

موجاهیدینی خەلق

ئێمە: عومەر، ئازاد، من.

لەوان: داوود، فازیل، کە عەرەبیشی دەزانی.

- ئەمە یەکەم جارە لەگەڵیان دادەنیشین.

ئێمە کورتەیەکی یەکێتیمان بۆ باس کردن. هاتینە سەر باسی دۆخی ئێستا، ئەو پلانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئیمپریالیزمی ئەمریکی دەیەوێ جێبەجێی بکات لە ڕێگای دۆست و نۆکەرەکانی، کە ڕژێمی عێراق دەستێکی بااڵی تێدا هەیە، قیادەی موەقەتە، خزمەتکاری دڵسۆزی ئیمرپالیزمی ئەمریکی و ساواک و مۆساد و میت، ئێستا چۆن وا خەریکی خۆی ڕەپێش کا لە ڕژێمی ئێران و... هتد.

داوامان لێ کردن، کە موەقەتە ڕیسوا بکەن لە بلاوکراوەکانیاندا.

ئەوانیش کەوتنە قسە:

١- چواردە ساڵە خەبات دەکەین لە دژی ئیمپریالیست.

٢- ساڵێکە پەیوەندیی باشمان هەیە لەگەڵ فەڵەستین.

٣- ئێمە دژی چەوسانەوەین، کورد چەوسانەوەکەی دوولایەن بووە، ئێمە پشتگیری لە خودموختاری دەکەین.

٤- ئەو پیلانەی ئێوە باسی دەکەن، دژی هەموو پێشکەوتنخوازانە، کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە.

پاشەکشەی ئەرتەش لە ئێران، لە کاتی شۆڕش مەدروس بوو، بۆ ئەوەی زیاتر هێزە پێشکەوتووخواز و ڕادیکاڵەکان ڕەگ دانەکوتن، چونکە موجابەهەی گەل، ئەرتەش تەنها لە توانای هێزە ڕادیکاڵەکانی یەمینیی موعتەدیل، چی لە توانادا نەمابوو ئەمریکاش دەوری هەبوو.

لەو پاشەکەشەیەدا، بۆ هەمان مەبەست. بە نیسبەت خومەینی دەڵێن: قسەکانی لایەکی دژی ئیمپریالیستی هەیە، هەروەها لەسێدارەدانە شۆڕشگێڕییەکان و میللیکردنی بانک و پیشەسازییە گەورەکان، لەسەر داخوازییەکی عارمی جەماوەر بوو.

٦- گەر ئێمە لەگەڵ هێزی چەپ خەریک بین یەک بگرین، زیاتر تەشخیس دەبین لە دژی ئەو حەملەیەی کە دەکرێتە سەر چەپ و کۆمۆنیست، گەر ئێمە نەبووینانە ئەو حەملەیە زۆر توندتر دەبوو. سەرکەوتنی نەوەی شۆڕشی ئێران، بووە هۆی دروستبوونی چەندین ڕێکخراو و گرووپی چەپ، کە قاڵ نەبوونەتەوە لە خەباتدا و پرسەکان زۆر کرچوکاڵ دێتە پێش، جگە لە چریکە، کە دۆستی ئێمەشن.

ئێمە لەگەڵ موسوڵمانە ڕۆشنبیرەکان خەریکین جەبهەیەک بەرپاکەین وەک "جنبشی انقلابی مسلمانی ایران -جاما" و هێزێکی تریش.

۷- حەز دەکەین پەیوەندییەکە جارێ نهێنی بێ... چونکە ئێمە حەملەمان زۆر دێتە سەر، ئێستا لە مەوقیفی دیفاعین.

۸- ڕێک کەوتین کە بەردەوام بین لە پەیوەندییەکان.

۹

۱۹۷۹/۷/۵

ئەمشەو لەگەڵ عومەر دەبابە و "هاني الحسن"مان دی.

۱-کەوتە قسە گوتی: لێرە ڕەئیان وایە کەوا مەلا شێخ عزەدین تەحجیم کراوە، بارودۆخ لە کوردستان بەرەو ئارامی دەڕوا.

من پرۆژەیەکم پێشەکەش کردبوو، بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان دابوومە خومەینی، کە ئەویش حەوالەی ئەنجوومەنی وەزاریی کرد، بەڵام وا دیارە حکوومەت، پلانی خۆی لا باشترە.

۲- گوتی: موەقەتە "خومەینی"یان دیوە، کە گوتمان دەڵێن لە ڕێگای تۆ بووە، چونکە موەقەتە وا ئیدیعا دەکا، گوتی: من لێرە نەبوومە و ئاگادار نیم، بەڵام وەک بزانم لە ڕێگای مکارم شیرازی بووە.

مەسعوود چووەتە لای خومەینی لەگەڵ سامی و یەکێکی تر گوتوویەتی:

ئێمە داوای خودموختـاری دەکەین، چونکە حکوومەتی عێراقی ئیسـلامیی نییە، گەر حکوومەتێکی ئیسـلامی بێتە سـەر حوکم لە عێراق، ئێمە واز لە داوای خودموختاری دەهێنین.

٣- کە هاتینە سـەر باسـی ئەوە دەمانەوێ خومەینی ببینین، گوتی؛ باشە من سەفەرێکم بە دەستەوەیە بۆ "قوم"، بزانم لەوێ جێبەجێی دەکەم.

٤- گوتی: وەعدم دابوو هەندێ لەو پارەی لای ئوم شـەلال هەبوو بۆ ئێوە لەگەڵ خۆم بیهێنم، بەڵام لە شـام زانیم کە حازم و ئەبووعومەر لەو کـارە دێن و دەچن، جـا من حەزم نەکرد، داخیلی کارێک بم ئەوانی تێدا بێ.

١٠

١٩٧٩/٧/٦

- ئەمڕۆ فرووهەرمـان دی لە بـارەگـای حیزبەکەی حیزبی میللەتیی ئێران.

- بـاسـی کـارەکەمـان کرد، کە یـاداشـتیکمـان پێیە بۆ سـەرۆکوەزیران، دەربارەی هاوکاری و یارمەتیدانی قیادە موەقەتە لە کوردسـتانی ئێران، کە ئەمە کارێکە بە دوژمنایەتیی خۆمانی دەزانین... گوتی:

بە مەعلووماتی من، موەقەتە هیچیان پێ نەدراوە، ئێمە بە هیچ

جۆرێک چەک نادەینە ئەوان بۆ دوژمنایەتیی ئێوە، هەروەها نادەینە ئێوەش بۆ دوژمنایەتیی ئەوان.

دوایی گوتی: من قسە لەگەڵ مەهدی بازرگان دەکەم و ئاگادارتان دەکەمەوە.

١١

١٩٧٩/٧/١٨

ئەمشەو لای فرووهەر دەعوەت بووین، لە بارەگای حیزبەکەی قیادەی حیزبەکەی هەموو لەوێ بوو، دوای نانخواردن گوتی:

١- ئەمانە برادەرانی ئەودیوی سنووری هەڤاڵانی تێکۆشەری گەورە جەلال تاڵەبانیین، ئێمە هومێدەوارین برادەرانی کورد یەک بگرن و گیروگرفتیان نەهێڵن، تا هەموو پێکەوە دژی ڕژێمی بەغدا خەبات بکەین.

٢- میللەتی کورد بە نزیکی خۆمانی دەزانین. مەسەلەی کورد لە ڕووی مەبدەئییەوە، دەمانەوێ پشتگیری لێ بکەین، حیزبەکەمان حیزبی میللەتی ئێران لە پان ئێرانیزمەوە هاتووە، مەسائیلمان دەربارەی کورد زۆر ڕەوشەن بووە.

٣- سلاّومان بۆ تێکۆشەر جەلال تاڵەبانی.

١٢

١٩٧٩/٧/٩

ئەمڕۆ "هانی"مان دیتەوە گوتی: قسەم لەگەڵ حوسێن کردووە، ڕۆژی شەممەی داهاتوو ٧/١٤ بچینە لای خەریکی بن، بۆ لای خۆتانی ڕاکێشن، گەر تیبینی ئیشەکەتان بکات زۆر باش دەبی.

هیندێ قسەی لەسەر هانی-مان بیستووە:

١- محەمەد سالّحی لای مونتەزیری بە عومەر دەبابە و ئەبوویوسفی گوتبوو:

ئێمە زۆر لە هانی عاجزین، چونکە ئەو مەسعوودی بردە لای خومەینی، لای عەرەفات شکاتمان لێی کرد، گوتمان ئێمە خاوێنترین کەس بە ئێوە دەناسێنین، ئێوەش پیسترین کەس بە ئێمە دەناسێنن.

٢- عەباس شاهین گوتی:

جەماعەتی موەقەتە، پەیوەندییان لەگەڵ فەتح لە دەرەوە هەبووە، نامەیان بۆ هانی هێناوە یارمەتییان بدات، عەلی سنجاری سێ شەو لە مقەڕی هانی میوان بووە. عەلی سنجاری و جاسم ئەلمەشهەدانی پێکەوە چوونەتە لای هانی و پەیوەندییان لەگەڵ کردووە.

عەباس گوتی:

ئەو ماوەیە حەلیم لە مقەڕی فەڵەستین لە تاران زۆر ڕۆیشتووە لە پەیوەندی لەگەڵ موەقەتە، چەند جار عارف تەیفووری دیوە. لە ڕۆژی فەڵەستین لە تاران، موەقەتە ١٠٠ کەسێکی بە بەرگی کوردی هێناوەتە ناو مەسیرەکە و عارف خوتبەی داوە.

هەروەها عەباس گوتی: بەڵام مانگێکە ئەو عەلاقەیە لەگەڵ موەقەتە بڕاوە.

٣- موحەمەد کە لە پلان بوو لە بەیرووت، هاتە لامان گوتی:

هانی موەقەتەی بە خومەینیی ناساندووە، هانییش لەو نەوعەیە تەنفیز دەکا.

هانی گوتی:

کە لەگەڵ حوسێن قسەم کرد گوتی:

ڕات چییە لەسەر موەقەتە، منیش پێم گوت زۆر ترس هەیە بیانەوێ دزە بکەنە ناو ڕیزتانەوە، گەر دەتەوێ لە عێراق شتێک بکەیت، لەگەڵ جەلال ڕێک کەوە.

١٣

١٩٧٩/٧/٢١

چوومە لای "هانی" بەتەنیا، بەم جۆرە قسەمان کرد:

١- سبەی سەردانی باڵیۆزی عێراق دەکەم، بە بۆنەی هاتنی بۆ ئێرە و وەک ڕەدی زیارەت.

٢- ســـبەی مەوعیدم هەیە لەگەڵ یەزدی، چونکە لە کاتی پێشوازیی (جابر الصباح) پێی گوتم: حەز دەکەم بەیانی بێیتە لام تۆزی لەسەر کوردستان قسە بکەین.

٣- عێراق و ئێران کەوتوونەتە گفتوگۆ، ئێران دەیەوێ ڕێک کەوێ.

بێگومان ئەو ڕێککەوتنەیە لەسەر حیسابی ئێوە دەبێ، جا بە ڕای من، گەر وا نیشـــان دەن، دەتانەوێ مفاوەزەیەک بکەن، شـــەرت نییە جـددییش بێ لە لای ئێوە، بەڵکوو بـا وەک بەگەرهێنانی مۆتۆڕی ئۆتۆمبێڵ بێت، هەر لە شـــوێنی خۆشـــی نەجوولێتەوە. جا حەز دەکەم، گەر ئەو ڕەئییەتان بۆ باش بوو، ئاگادارم کەنەوە.

١٤

کە لە لای هانی هاتمەوە، گۆڤاری "المســتقبل"م کڕی، لێی نووســـرابوو بڕیـارە هـانی نەقـڵ بکرێتەوە بۆ بەیروت، کە پایەیەکی گەورەی لە "الفتح" پێ دەدرێ.

دوای سێ ڕۆژ عادلی پارتی شیوعیم دی، گوتی:

بـاڵێوزی عێراقی گلەیی زۆری لە هـانی کردووە، کە پەیـوەنـدیـی بەتـینـی هەیە لەگەڵ ئێمە و ئێوە، نیـمـچە هەڕەشەئامێزیش بووە قسەکانی.

***

جا دەبێ بزانم ئەو قسەی عادل ڕاستە یان نا؟ گەر ڕاستە، ئەو گلەییە لەو کاتە بوو باڵێۆز سەردانی هانی کردووە -کە ئەوە پێش دینتەکەی من و هانییە- یا لە کاتی سەردانی هانی بووە بۆ باڵێۆز.

گەر ئەمە پێش دینتەکەی من بێ، دەبێ بە گومانەوە سەیری ئەو پێشنیارە بکەین.

١٥

دەرئەنجام

دکتۆر فؤاد معصوم، لەگەڵ برادەرانی سەرکردایەتی لەناو ئێران وەک نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، بە بەرنامە وەک حیزبێکی ناودار، وەک کەسایەتییەکی ناسراو، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە تا تاران دیداری سیاسییان دەبێت، لەگەڵ حیزبەکانی کوردستانی و ئێرانی کۆبوونەتەوە، شەڕۆڤەی باردۆخی ئێرانی نوێیان کردووە.

لەو دیدارانەدا هەستیان بەوە کردووە، حکوومەتە نوێیەکە، شۆڕشەکە... دوژمنی سەرخەستی حکوومەتی بەعسی بەغدایە، ئەوەش لەگەڵ خەبات و شۆڕشەکەیان هاوسۆزە.

پێش ئەوەی حیزبی بەعس، پێش ڕووداتی شەڕەکە و پەلاماردانی سوپای عێراقی و داگیرکردنی ڕووبەرێکی زۆری

سەرسنووورەکان، نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان زانیویانە ئێرانییەکان، حیزبە چەپ و ئیسلامییەکانی ئێران، حکوومەتی عێراقیان بە دوژمنی سەرسەختی ئەزموون و شۆڕشەکەی ئێران زانیوە!

ئەوەی لە دیدارەکاندا، ئەوەی لە ڕۆژانەکەی د. فؤاد معصوم نووسراوەتەوە، زۆربەیان، نوێنەری حیزبەکان پێیان گوتووە: کوردەکان یەک بگرن، بە یەکگرتوویی دەتوانن دژایەتیی بەعس و هەر حکوومەتێکی بەغدا بکەن! دیارە هەستیان بە بوونی ئەو ناکۆکی و دووبەرەکییە زۆرە کردووە!

ئەوەی بە ڕوونی دیارە، حیزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات لە ساڵی ١٩٧٩، لە سەرەتاکانی شۆڕشی گەلانی ئێران؛ بەرنامە و کارنامەی دواڕۆژیان ڕوون نییە، نازانن داوای چی دەکەن، ئایندەی سیاسییان لەو ڕژێمە نوێیەدا چییە! هەڵوێستیان لەسەر یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بە دروستی چییە! بەڵام هەموویان لەسەر سیاسەتی قیادەی موەقەتە هەڵوێستیان دیار بووە.

بەشی هەشتەم

بەردەوام لەگەڵ مام جەلال

١

نامەیەک

١٩٧٩/١٢/١١

برای خۆشەویستم کاک فوئادی بەڕێز

سلاّوێکی گەرم...

شـــادی و خۆشـــیتانم داوایە و ئێمەش باشـــین، هیوادارم ســـەرکەوتوو بووبن لە کـاروبـارەکـانـت، هەروەهـا لە بیرتـان نەچووبێت کە پەیوەندی بە برایانی دەرەوە بکەن بۆ هاتنەوەی هەردوو کاک عومەر و کاک حەســەن و کوڕەکانی تریش کە دەیانویست بێنەوە.

تکایە ئەگەر کاک حازم نەهاتووە، تەلەفۆنێکی بۆ بکە یان نـامەیەکی بۆ بنووســـە تـاکوو ١٩٨٠/١/١دا یـارمەتییەکەمـان بۆ وەرگرێت و بۆمان بنێرێت بۆ تاران و بۆ هەمان شـــوێن، واتە بە هەمان ڕێگەی پێشـــوودا، وا بکەن ئیتر لەومەدوا پارەکەمان بە ئیستمرار بەو ڕێگەوە بۆ بێت. بۆ دەرەوەش با ٤٠ هەزار مانگانە بگێڕنەوە، گەر پتر پێویست بوو لێرەوە بۆیان دەنێرین.

هەوڵدەن "شـــووڕای ئینقیلاب" ببینن و قســـەی ڕاســـتیان لێ وەرگرن: وا دیـارە قەولەکەی داریۆش درۆزنـانە و بەفرتوفێـڵ

قسەمان بۆ دەکەن: سەد بەڵێنیان پێ داوین و هیچ دیار نەبوو... هەروەها براکانی کاک عەزیز دەرمان و خواردەمەنییەکی زۆریان ساز داوە، تکایە عینوانێک وەرگرە تاکوو ئێمە بیاندەینێ تا پێیدا شتمان بۆ بنێرن.

زۆر بێ پارەین لەسەر پرینگ دەڕۆین: لە کاک عباس ٤٠٠ دینارمان قەرزکردووە، تکایە بیدەرەوە. هەروەها زۆر زوو میقدارێک پارەمان بۆ بنێرە.

خۆشتان زۆر دواکەوتن، هیوادارم هۆی خێر بێت! سەفەرەکەتان بەری بووبێت هەر قسەی ڕووت نەبێت، کە ناچێتە ناو گیرفانەوە!

بۆ مەسەلەکەی کاک سالار بۆی چووە زۆر هیممەت بکەن.

سۆراخی کاک (صفاء) و ئەوانیش بکە بزانە بۆ دواکەوتن لەگەڵ کاک هۆمەر شێخموس تەلەفۆن بکە، بزانە ئەگەر دەتانەوێ "ئۆفسێت" و چاپەمەنیی ترمان بۆ پەیدا بکات، با بیکات و بینێرێت بەو عینوانەی خۆت دەیدەیتێ، هەروەها بزانە سەفەرەکەی لای کابرای کۆنەدۆستی کردووە؟ ئەنجامی چی بووە؟

نازانم دایکی بافل بۆ ئەوەندە دواکەوت؟ ئایە سەبارەت بە نەخۆشییەکەیەتی؟ سڵاوی لێ بکە و پێی بڵێ با شتێکم بۆ بنووسێت. تکایە زۆر بێهووە دوامەکەون.

وەزعمان باشە: ئیلتیحاقات دەستی پێ کردۆتەوە- هەر لەو

مانگانە ٥٣ پێشـــمەرگە بۆ لای خۆمان لە شـــارەکانەوە هاتوون/ چوار پۆلیس بە ١٧ کلاشـــینکۆف و ڕەشـــاشـــەوە لە چوارتاوە گەیشتن.

سـلێمان بیرێژی و ١٢ پێشـمەرگەی سـەید سـەلیم و ١٠ لای عەبدۆ ســـوور هاتوونەتەوە ژێر ئاڵای ی. ن. ک، واتە ئێســـتە خۆشناوەتی هەمووی لەگەڵ "ی. ن. ک"ن. مەسەلەکەی حەمەی حاجی مەحموودمان بە خۆشی حەل کردوون و هەموولایەکمان ئاشت کردنەوە.

ئیتر وەکیلی سلاّوان بن و هەر شاد و سەرکەوتوو بن...

برای دڵسۆزتان

مام جەلال

ئیمزا

٢

با ئەوانەش لە بیر نەکەین!

١٩٨١/١٢/٧

ئێوارە من و سامی عەبدولڕەحمان بەرەو دیمەشق گەڕاینەوە.

***

١٩٨١/١٢/١١

دلێر تەلەفۆنی کرد کە مامۆستا موحسین عەلی ئەکبەر و شیهاب لە گەڕانەوەیان بۆ وڵات، لە دەوربەری ڕەزائییە گیراون، چ زانیارییەکی کەی لا نەبوو!

پێم گوت: خۆت لەوێ بمێنەوە تا سەری مانگ.

ئیمڕۆ لەگەڵ کاک عومەر دەبابە و کاک دارۆ ئیشوکارەکانمان دابەش کرد.

***

١٩٨١/١٢/٢١

لەگەڵ شێخ محەمەد سەرگەڵوو دانیشتم کە دوێنێ لە تارانەوە هاتووە، ئەمە قسەکانی بوو:

١- مام زۆر بەلای "وانێکلوو" قاسملوو چووە.

٢- نەوشیروان بە دەستی خۆی عەبدوڵڵا سووری کوشتووە کە لە شەڕدا تەسلیم بووە.

٣- سواراغا بە ئاشکرا چەک و پارە و ئازووقەی بۆ دێ "لەو لا" "حکوومەتی بەغدا" زۆر کەس دەڵێن: شـــەڕی یەکێتی و موەقەتە شەڕی عێراق و ئێرانە.

٤- لە دانیشتنە چوارقۆڵییەکە بڕیار درا هەڵوێست لە موەقەتە وەرگیری، گەر قبووڵیان نەکرد "قیادە و چەکداریان لە ئێران دەرچن، بێنە کوردستانی عێراق دوورکەونەوە لە ئێران، شەڕی کوردی ئێران نەکەن" کە مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی و د. مەحموود چوونەتە لای موەقەتە، مەسعوود بارزانی و عەلی عەبدوڵڵایان دیوە ڕەفزیان کردووە، عەلی عەبدوڵڵا گوتوویەتی:

ئێمە شەڕی ئیمپریالیزم دەکەین لە ئێران، یان لە عێراق فەرقی نییە، شەڕی عێراقیش دەکەین، یەعنی شەڕی جاش و عومەلاکانیشی کە قاسملوو یەک لەوانەیە، دەیکەین.

٥- شێخ محەمەد ناڕازی بوو لە هەڵوێستی د. مەحموود بەرامبەر خۆیان وەک سۆسیالیست.

***

لەگەڵ ئەبووعرووبە و کوردایەتی

لە لاپەڕەکانی ڕۆژمێرەکەی د. فؤاد معصومی ئەو مانگانە، کۆبوونەوەکانی تجمع "التجمع الوطني العراقي" لە دیمەشق گەرمە، "بە کورتی ئەو تەجەمووعە، کۆبوونەوە و هەڤاڵبەندییەکی کوردیی عەرەبیی چەپ و قەومی و فرەبۆچوونی عێراقییە" لەو

رۆژەدا، لە ١٠ شوبات وەک یەکێتیی نیشتمانی بوونەتە ئەندامی تەجەمووعەکە، "ابو عروبة" بەخێرهاتنمان دەکات و باسی یەکێتی دەکات، بەیانێک بەو بۆنەیە دەنووسن.

***

مام جەلال دەستی بۆ دەمانچەکەی برد

لە ١٢ی ئەیار ١٩٧٦

ئیمڕۆ هەر وەک دوێنێ ئێوارە لە قیادەی قەومی کۆبوونەوەی دووەمی تەجەمووع دەستی پێ کرد، هەر لە سەرەتای دانیشتنەکەدا دەرکەوت ئیبراهیم عەلاوی دەیەوێ ئیستیفزازی مام بکات.

گوتی: نامەیەکم بۆ هاتووە کە مام تەسریحی داوە دەڵێ:

من سێ ملیۆن کورد و شەش (منظمة)ی عراقیم لەپشتەوەیە، جا ئێمە نامانەوێ کەس بە ناوی من قسە بکات.

مام وەرامی دایەوە: من شتی وەهام نەگوتووە، ڕۆژنامەکانم لایە ئەوانەی تەسریحی منیان بڵاوک ردۆتەوە، بەم شێوەیە قسەم نەکردووە، گەر تۆ ڕۆژنامەیەکت لا هەیە وەک تۆ دەڵێی وا نووسراوە من (تکذیب)ی دەکەم.

بەڵام ئیبراهیم وازی نەهێنا... هەر هێنای و بردی، مام گوتی:

من مەعقوول نییە بە ناوی تۆ قسە بکەم، چونکە من دەزانم مەوقیفی تۆ وددی نییە. ئەویش گوتی:

ئەوە بۆ ئێمە باش نییە ئەگەر وات گوتبی.

مـامیش گوتی: من وام گوتووە، خۆ گەرچی حیزبیشـــی نەماوە.

ئیبراهیم گوتی: شـــەرەفە بۆ من، با بەتەنیاش بم ســـەرم بۆ فاشیـست نەوی نەکردووە. بەڵام تۆ و ئیبراهیم ئەحمەد وا بوونە و وا بوونە...!

ئیتر شتەکە تیر بوو، لێک هەستان... مام دەستی بۆ دەمانچە برد، باوەشـــم پێدا کرد و لێم ســـتاند، بەڵام دەنگەدەنگ هەموو بینایەکەی بەئاگا هێنا، کە لەو کاتەشـدا (عبدالله الاحمر) لەگەڵ وەفدێکی بێگانە کۆبوونەوەی هەبوو.

***

لیرە بە لیرە دیارە

٢٠ ئەیاری ١٩٧٦

حیسابات و پارە و وردەکارییەکانی دکتۆر

ئیمرۆ لە مام جەلال:

٥٠٠٠ پینج هەزار لیرەی لوبنانیم وەرگرت

١٤٠٠ ئیخراج بۆ عەلی مستەفا و فەرەیدوون

٣٦٠٠ لام ماوە.

١٥٠٠ بۆ کاک عادل

٢١٠٠ ماوە.

٢٩٠٠٠ بیست و نۆ هەزار لیرەی سووری

٥٠٠٠ ئیخراج بۆ کرێی خانووی (منذر)

٢٤٠٠٠

٥٠٠ بۆ یارمەتیی مونذیر هی مانگی ئایار

٢٣٠٠٠

٥٠٠٠ بۆ خانووی خۆم

١٨٥٠٠

٥٠٠ بۆ کاک نەوشیروان

١٨٠٠٠ هەژدە هەزارم لا ماوە.

***

(منذر) خائین دەرچوو!

٨ی تەممووزی ١٩٧٦ مونزیر سەفەری کرد بۆ ئیستانبوولّ که گوایە بەگوێرەی قسەی خۆی دەچێ ئامۆزایەکی دەبینی.

ئیمڕۆ بەیانی مام جەلال لە قامیشلی گەڕایەوە، عەسر تەلەفۆنی بۆ کردم، هەندێ قسەی زۆر گرنگ و نهێنیی کرد... "ئاشکرا بوو مونزیر نەقشبەندی که جاسووسێکی عێراقە لەناوماندا.

***

١٩ی تەممووز ١٩٧٦

بە مونزیر گوترا بچێ هەندێ چەک بۆ لوبنان ببات، سەعات دەوروبەری ٢-٣ چوو (عدم تعرض) وەرگرێ... گل درایەوە.

ئیمشەو تەلەفۆنم بۆ کرا که منذر "شریف الحاج عاید" دانی

بە هەموو شـــتێکدا هێنا. هەروەها وەلیدی براشـــی کە ناوی (منصور) بووە ئەویش گیرا.

***

دەبابە بە پێیان هاتبوو

٦ی تشرینی دووەم ١٩٧٦

ئیمڕۆ نیوەڕۆ کاکی کاکان[1] گەیشتە شام لە ڕێگای قامیشلییەوە کە ئەو مانگ و چەند ڕۆژێکە بە ڕێ کەوتووە لە لای حاجی ئۆمەرانەوە... تا هاتووەتە تورکیا و لەوێ د. خالید بە خۆی و هێزی ١٠٠ کەســـەکەی گەڕاوەتەوە بەرەو ناوچەی لای حاجی ئۆمەران.

ئەوانەی لەگەڵی هاتوون دوو کوڕەکەی عەلی عەسکەری و دوو برازای خۆی لەگەڵ جەوهەری برای د. خالید، هەروەها جەوهەر نامیقیشیان لەگەڵ هاتبوو...!

***

مەسعوود بارزانی: باوکم ئەسڵە.

٢٤ کانوونی یەکەم ١٩٧٦

ئیمشـەو ســەعات ٧، ئەندامانی دەســتەی دامەزرێنەر ئەوەی لێرە بووین چووینە لای م. ب "مەســـعوود بارزانی"، دانیشـــتنیکمان کرد. چەند پرســـیارێکی لێ کرا... لە هەموان گرنگ تر ئەوە بوو گوتی:

---

[1] کاکی کاکان: عومەر دەبابەیە.

گەر باوکم ڕەئییەک بدا و ق. م. ڕەئییەک بدەن، باوکم ئەسڵە.

***

هاوێژەر (القذافية)

١٩٨١/١٢/٢٢

ئیمڕۆ تەلەفۆنم بۆ عومەر دەبابە کرد گوتی:

د. ئیبراهیم "بلەڕەش -لیبیا" تەلەفۆنی بۆ کردووم، کە دۆستەکانی لیبیا ئەم قسانەیان ڕاسپاردووە.

١- سۆڤییەت چەکێکی زۆری بۆ عێراق ناردووە و دەرگای بۆ کردووەتەوە.

٢- فشاریش زۆرە بۆ سەر لیبیا و سەر سووریا کە عەلاقەیان لەگەڵ ڕژێمی عێراق باش بکەن.

٣- هاوێژەر "معمر القذافي" گوێ ناداتە فشارەکەیان.

٤- حیزبی شیوعی عێراقی گفتوگۆی هەیە لەگەڵ ڕژێمی عێراق لە فرەنسا، هەروەها لە لوبنانیش کۆ بوونەتەوە لەگەڵ نوێنەری ڕژێم بە ئامادەبوونی حیزبی شیوعی لوبنانی و یاسر عەرەفات، دیدارەکانی پاریس بەردەوامە.

- لەگەڵ دلێر قسەم کرد کە لە تارانە گوتی: وا نامەی سەرکۆمار بۆ مام جەلال دەبەم لۆک کراوە، نازانم چی تێدا نووسراوە. حاجی "د. موحسین ڕەفیقدۆست" گوتوویەتی: وەزع بەرەو باشی دەڕوا. وەزعی قیادە موەقەتە بەرەو خراپی دەڕوا.

بەشی نۆیەم

دەفتەری ڕۆژانە و نامەکانی مام جەلال

١

ساڵی ١٩٧٥

ڕۆژ بە ڕۆژ

١

دەڵێن میسریی دەنێرنە کوردستان

١٩٧٥/١/٢٢

ئەو پیاوە ماندووە، "فؤاد معصوم" وەک ئاو نەوەستاوە، وشک نەبووە، ڕۆیشتووە و ویستوویەتی دەربەند و بەنداوێک بۆ جوانی و دەربازبوون بدۆزێتەوە، بۆ ئەوە لە ڕۆژی ١٩٧٥/١/٢٢ دەچێتە کن عەبدولڕەحمان فەرید و سەمیر حیجازی" لە مەکتەبی کاروباری عارەبی/ سەرۆکایەتیی کۆمار/ قاهیرە. پێیان دەڵێت:

بەڕێزان؛ هەواڵێکم لە ڕۆژنامە گەورەکەتان، ناوداڕەکەتان دیوە؛ تەنگاوم، پەرێشانم و هاتووم بزانم هەواڵەکە چەندی ڕاستە، ئێوە بە نیازی چین؟! من وەک نوێنەری شۆڕشی کوردستان، حیزبەکەمان، سەرۆکمان مستەفا بارزانی، زانیومە کە عێراق دەیەوێت جووتیارە میسرییەکان، بباتە وڵاتەکەم، بباتە دەشتە بەرینەکان، سەر جۆگە و ڕووبارەکانمان. ئەو وڵاتەی

شەوی تێدا جوانە، لەگەڵ باران و خوناوی بەیانیان گەنم و جۆ بستێک بەرز دەبنەوە!

ڕاستە دەتانەوێ جووتیارە میسرییەکان، دیشداشە و ڕەنگی ئەسمەر و بەرائەتی جووتیارەکانتان ببەنە کوردستانەکەمان، لەوێ نیشتەجێیان بکەن؟!

کە ئەو هەواڵەی زانیوە، سەردانی نووسینگەی سەرۆکایەتی کردووە، مەترسیی پرۆسەکەی پێ ڕاگەیاندوون، هەستی بەوە کردووە، بەعس دەیەوێ کوردستان زۆرتر تەعریب بکات. ئەوان گوێ لە قسەکانی ڕادەگرن، ڕاسپاردەکانی ئەویان نووسیوەتەوە، سوپاسی دڵسۆزی و خەمخۆرییان کردووە. بۆیەش بیر لە بەشداریی دامەزراندنی حیزبێکی نوێی کوردستانی دەکاتەوە!

***

لەناو قاهیرەی زۆر جەنجاڵدا، فؤاد معصوم زانیویەتی، بەڵام من دەپرسم، سەرسامم لەو شارە گەورەیەدا، چۆن زانیویەتی "سیروان جاف" لەگەڵ وەفدێکی پارێزەرانی بەغدا هاتووەتە قاهیرە، لەوێ هەستی بەوە کردووە میسرییەکان ئاگاداری مەسەلەی کوردن، هاتنی ئەوانی لە لایەن ئەکرەم جاف لە ١٩٧٥/١/٢٥ بیستووە، نازانێت چ بڵێت، ئەو کورتە لەگەڵ وەفدێکی حکوومەت هاتووە، لەو دەمانە شەڕ لە چیاکانی زۆزک و هەندرین گەرم و سەخت بووە، حکوومەت بە هەموو هێزەکانی ویستوویەتی پێشڕەوی بکات.

بەڵام دڵی بەوە خۆش بووە، کە دەزانێت لە ١٩٧٥/٢/٦ دوو سەرکردەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان عادل موراد و جەلال خۆشناو هاتوونەتە قاهیرە، زووتر لە ڕۆژی ١٩٧٥/٢/١ لەگەڵ قوتابیانی عێراقی لە سووریا دانیشتوون، ئەوان وەک یەکێتیی قوتابیان چوونەتە ناو جەبهەی نیشتمانی. بەوەش دیارە شۆڕشی کوردستان و پارتی بێجگە لە شەڕە سەختەکان، بە هەموو کەناڵەکانی کاری کردووە، لە دەرەوەش بەردەوام چالاکیی هەبووە.

***

ئەو گومانی لە شۆڕشەکە نەبووە، بەڵام هەستی بە گەمەیەکی سیاسیی گەورە کردووە، لە ١٩٧٥/٢/١٧ یەکێک لە فەرماندە سەربازی و دیپلۆماتییەکانی میسر "عەبدولڕەحمان فەرید"ی دیوە، پێی گوتووە:

ئێران لە ڕووی عەسکەری و دارایی و ئابووری زۆر بەهێزە، ئەمریکا دەیەوێ میسر و سعوودییەش بەهێز بکات، بۆ تەوازنی ناوچەکە. هەروەها گوتوویەتی مەسەلەی ناردنی جووتیاری میسری بۆ عێراق ناکرێ سەر بگرێت، بەڵام بەوە دڵی گەش بووە کە دەزانێت لە ڕۆژی ١٩٧٥/٢/٢٧ مام جەلال چالاکە و بەشداری کۆنگرەی "الفكر الناصري" لە لیبیا دەکات.

***

فؤاد معصوم لە قاهیرە، بەتەنیا کاری کردووە، تا "حەسەن ڕافت" لە سەرۆکایەتیی میسری گەورەی عەرەب و پاڵەوانی

هەمووان بیر لە چالاکییەکانی بکەنەوە، لە ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٤ (أبو عروبة) گوتوویەتی:

حەســـەن ڕافت لە "رئاســـة جهموري" لەدوای ناردووم، کە چووم پێی گوتم:

ڕاپۆرتێک لەســـەرت هاتووە، تۆ خەریکی نەشـــرەیەکی دەوریی بۆ کوردەکان لە قاهیرە دەردەکەیت. "دیارە ئەوەش لە ئەنجامی ئەوە بووە بەیانێکی م. س پارتی هەبوو، دانەی زۆرم دەویست لەسەری چاپ بکەمەوە، داوای ئەوەم لە "ئەبووعرووبە" کرد، ئەویش بە چاپخانەیەکی ناســـاندم، بۆیان چاپ کردم. بەیانەکەم بردەوە، ئیشـــەکەم تەواو کرد، بەڵام دیارە مباحس "ئـاســـــایش" عەودالّی زانیـاریـیەکە بووە، بەدواچوونیـان بۆ چاپکردنەوەی بلاّوکراوەیەک کردبوو، تا گەیشتبووە برادەرەکەم، گلەیی و سەرکۆنەیان کردبوو.

***

ئەو لە ڕۆژی١٠/٣/١٩٧٥ دلّی خۆشـە، سـەرفرازە کە لەگەلّ "موحەمەد ئیســـماعیـل" چوویتە لای عەبـدولڕەحمـان فەریـد، گوتوویەتی:

یەکێ لە بڕیارە نهێنییەکانی کۆنگرەی ســـەرانی عەرەب لە ڕیبات، پێناویی ساداتە لە نێوان عێراق و شۆڕشی کورد.

لە ١٩٧٥/٣/١٥ ڕێککەوتنی جەزائیر کراوە، بۆیە هەردوو وەزیری دەرەوەی عێراق و جەزائیر کۆ دەبنەوە.

بەو هەواڵە، ئەو دڵی تونده، ترساوه، بەڵام نادڵێت پەشیمانم، ڕەخنەی زۆرە، هەستی بە چەپۆکە ترسناکەکە کردووە، بەڵام لە ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٦ ڕۆژنامەی (الاهرام) دەنووسێت؛ کە مەلا مستەفا بارزانی چەند کوردێکی وەک موراقیب ناردووە بەشداریی کۆبوونەوەی هەردوو وەزیرەکە بکەن! بەڵام ئایا ئەو چەند بەو هەواڵە زەردە بڕوا دەکات؟!

٢

ئاگرێکی ساردی نەورۆز

ڕۆژگارەکە تاڵ بووە، ناکرێ ئەوان ئاگری نەورۆز نەکەنەوە، جەژنەکە دەکەن، بەڵام بە ساردی بە ڕێی بکەن ئەدی چ بە منداڵەکان بڵێن، کە زووتر خۆیان بۆ نەورۆز ئامادە کردووە؟! بۆیە خەمبارانە فؤاد معصوم و نەجیب بابان و د. کامیل بەسیر لەپشت ئەهرامەکان بە ساردی یادەکە دەکەنەوە، ماچی جەژنانە لە منداڵەکانیان دەکەن.

ئەو دڵی سواره، ئۆقرەی نەماوە، یان بەدوای بڕووسکە و هەواڵێکدا وێڵە، لە ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٢٤ لەگەڵ موحەمەدی برای و منداڵەکان دەچێتە بەیروت! لەوێ لە ١٩٧٥/٣/٢٦ ئازاد مستەفا خۆشناو بە دروستی پێی دەڵێت: شۆڕش تەواو!

بەیانییەکەی بە ڕێککەوت، لەسەر شەقامێکی ناو بەیروت دکتۆر خدر هەورامیی دەبینێت! پێکەوە موحەمەد و منداڵەکانی بەرەو بەغدا بە ڕێ دەکەن.

لە بەیرووت هەڤاڵە کۆنەکان، ئەوانەی پێکەوە ڕۆژانێک بە دڵسۆزی و متمانە حیزبایەتییان کردووە، یەکتری دەبینن، ئەحمەد عەبدوڵڵا بەرپرسی پارتی لە کوێت دەبینێت، بەیانییەکەی لەگەڵ نوێنەری پارتی لە لوبنان، شێخ عەزیز شێخ ڕەزا دیداریان دەبێت.

٣

مام جەلال دەبینێت

ڕۆژەکانی نائومێدی زۆر ناخایەنێت لە ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٢٩ لەگەڵ ئەحمەد عەبدوڵڵا مام جەلال دەبینن. هەر ئەو ڕۆژە سەرۆکی یەکێتیی ئافرەتان و کەسایەتیی نزیکی "حەبیب موحەمەد کەریم" سکرتێری پارتی، زەکیە ئیسماعیل حەقی لە هوتێلی کونتینشال دەبینێت، ئەوەش دەزانێت کە سەفارەتی حکوومەت بایەخیان پێی داوە، بارگەی بەرەو بەغدا دەپێچایەوە، دیار بوو ویستوویەتی تەسلیم ببیتەوە، هەر لەو ڕۆژانە تەسلیم دەبێتەوە.

هەر لەو دەفتەرەی بە نووسینی کورت و جوان، دکتۆر فؤاد معصوم ڕۆژانە و یادەکانی نووسیوەتەوە:

لە ١٩٧٥/٤/٢ لەگەڵ خدری برام چوومە قاهیرە، بەڵام ڕۆژی پێشتر لەگەڵ مام جەلال دانیشتم و بابەتی زۆرمان باس کرد.

ئیمرۆ ١٩٧٥/٤/٧ چوومە سەردانی عەبدولڕەحمان فەرید بۆ ئەوەی لە میسر مافی پەنابەریی بدەنە سکرتێری حیزبەکەمان، ئەویش لە وەڵامدا پێی گوتبوو با هەفتەیەک چاوەڕوان بکات، وەڵامی دەدەینەوە. "دیارە مەبەست حەبیب موحەمەد کەریم"ە.

سەفارەتی ئێران لە میسر ڕاوێژکارەکەی "ئەرمانی"، دەچێت دیداری فؤاد معصوم دەکات و زانیاریی لەسەر کۆ دەکاتەوە و دەپرسێت: پاسەوانت هەیە؟ شەوانە لە ماڵەوەی یان دەچیتە دەرەوە، چەند منداڵت هەیە؟!

بەپێی وردەکارییەکان ئەو ئاگاداری وردی ڕۆژانەی هاتوچۆکانی مام جەلال بووە، دەزانێت لە ڕۆژی ١٩٧٥/٤/٢٦ دیداریان بووە، ئەو لە لیبیا بووە، پاش مانەوەی چەند سەعاتێک لە قاهیرە بەرەو دیمەشق ڕۆیشتووە. دابڕانیان زۆر ناخایەنێت لە ڕۆژی ١٩٧٥/٥/١٨ مام جەلال بە تەلەفۆن پێی دەڵێت بێتە دیمەشق.

٤

یەکەم دیدار

یەکەم دیداری مام جەلال و عادل موڕاد و عەبدولڕەزاق فەیلی لە ڕۆژی ١٩٧٥/٥/٢١ بووە لە دیمەشق، پێکەوە باسی بەرنامەی داهاتوویان کردووە، هەر لەو ڕۆژەوە ئیتر ڕۆژەڤێکی نوێی مێژووی کوردستان سەرهەڵدەدات. موژدەکە دواناکەوێ،

بەیانییەکەی دامەزراندنی "یەکگرتووی "یەکگرتنی" نیشتمانی کوردستان" بەو چوار کەسە لە ڕێستورانی "طلیطلة"، حیزبەکە، ڕێکخستنەکە، بەرنامەکە، موژدەکە... ڕادەگەیەنین، بەڵام پاش ئەوەی بەیانەکەی مام جەلال نووسیبووی شەرۆفە دەکەن. پرسیاریشی کردووە و نووسیویەتی:

"جا نازانین تا ساڵی داهاتوو، لە ئیمڕۆوە چەند قۆناغ دەتوانین ببڕین!"

ئەوە پەیڤێکی سادەیە، ڕستەیەکی کورتە، بەڵام بەرنامەکەیان دڵسۆزانە و ڕاستگۆیانە بووە، بۆیە سەر دەکەون و دەبێتە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان.

کاروانەکە سستیی تێ ناکەوێت، دواناکەوێت، سارد نابێتەوە، دوودڵی تێدا نابێت، بۆیە بەیانییەکەی بەیاننامەکە پاکنووس دەکەن، بەڵێ دەبووایە پاکنووسی بکەن، چونکە بەیانی دامەزراندنی حیزبێکی نوێی کوردستانیی سەرتاسەریی بووە. لەگەڵ نووسینی بەیانەکە، بڕیاری دامەزراندەکە، هەر لەوێش بڕیار دەدات؛ مافڵ، خێزان، منداڵ، کتێبخانە و ژیانی بۆ ئیشکردن و پەرەپێدانی یەکێتییە نوێیەکەیان بباتە دیمەشق، ئیتر لەوێ مێژوو و بەسەرهاتی نوێی دێتە ئاراوە!

بەڵام مام جەلال دووبارە دەڕواتەوە، دەیەوێ زۆرترین کەسایەتی ببینێت، بەیانەکە، موژدەکە بباتە زۆر وڵات و شار، بۆ زۆریان بخوێنێتەوە. لە ڕۆژی ١٩٧٥/٥/٢٨ دەچێتە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و لەوێش بۆ ڕۆژئاوا.

٥

زۆری نەمابوو لە کوێت بگیڕێم

١٩٧٥/٥/٢٩

ئیمڕۆ بەیانی چوومە بەیرووت، تکتم بڕی بۆ کوێت، بێ ئەوەی ڤیزا وەرگرم، گوتیان لە فڕۆکەخانەی کوێت وەریدەگرێت، گوتیان بە ٢٤ سەعات ڤیزات پێ دەدرێ.

لەوێ یەکێک لە کاتبەکانی جەوازات، هەر خەریکی پەڕپەڕکردنی پاسپۆرتەکەم بوو لەناکاو گوتی:

ناوی وڵاتی کوێت لە پاسپۆرتەکەتدا نییە، نەشنووسراوە "الاقطار العربية"، کەواتە ئەو ماوەی ٢٤ سەعاتەکەشت پێ نادرێت، ناچار تکتم بڕی بۆ بەیرووت، چونکە ترسم هەبوو بۆ عێراقم بنێرنەوە، چونکە ڕووبەڕوو پێیان گوتم دەتوانی بچییەوە عێراق!

هەندێ لە برادەرانی کوێت هاتبوونە فڕۆکەخانە، دوو سەعاتێک لەگەڵیان دانیشتم، باسی یەکێتییم بۆ کردن، کە تازە دامەزراوە. لەناو فڕۆکەخانەی کوێت شەوەکەم بەسەر برد، دەک کوێر بێتەوە، مێشوولەی زۆر بووا بەڵام دەستم دایە یادەوەرییەکانی کوامی نکروما "سەرکردەیەکی غانایە ١٩٠٩-١٩٧٢" زۆر شەخسییەتی موعجیب بووم، بووم، بەڵام لە

ڕۆژانەکەی دیارە نێرجسییەتی ئاشکرایە، زۆر بە خۆی موعجیبە.

سەعات ٤ی بەرەبەیان تاقمەکی یابانی وەژوور کەوتن، هەموو کچی قۆز و ڕێک و تۆزێک بەڕەلاّ. قاعەکەیان تۆزێ خۆش کرد و ئاوەدان کردەوە. لە هەمووی سەیرتر، لەبەر مێشوولە هەر لە قاچ و قۆڵی خۆیان دەدا.

٦

بەیرووت

ئەو لە کوێت دەربازی بووە، نەیانگێڕاوەتەوە عێراق، ئەگەرچی دەیان ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی و هەزارەها کادیر تەسلیم دەبوونەوە، دەچوونەوە، لە پێشمەرگە و سەرکردە و کادیر دەبوونە "عائیدون"ا بەلاّم دکتۆر فؤاد معصوم بەشداڕە لە دامەزراندنی حیزبێکی نوێ، لە ڕۆژی ١٩٧٥/٥/٣٠ دەگاتەوە بەیرووت، ئەو ڕۆژەش لەناو شارەکە تەقە و شەڕ بووە، ڕەنگە ڕۆژە یەکەمەکانی شەڕە خوێناوییە ناوخۆییەکانی بووە، لە فڕۆکەخانە دەربازی دەبێت و دەگاتە هوتێلێک. بەیانییەکەی لەناو ئاگرەکە بە تاکسییەک دەڕوات بەرەو دیمەشق، لەوێش دەچێتە قاهیرە. بە وردی ئاگاداری بەرنامە و ڕێکارەکانی گەڕانەوەی حەبیب موحەمەد کەریم بووە، خەم لەوەش دەخوات، چۆن سکرتێری حیزبەکەیان تەسلیم دەبێتەوە! هەر ئەو نەبوو تەسلیم

دەبووە، دەیان ئەندامانی سـەکردایەتی و چەندان فەرماندەی گەورەی لەشکری کوردستان چووبوونەوە.

***

ناوی لە "فؤاد معصوم"ەوە دەبێت بە "فؤاد محمد رشید"

زووتر لە کۆبوونەوەکەدا دەربازی بووە، ویستوویانە بینێرنەوە عێراق، ئەو بۆ ئەوە چووبوو، بەرنامەکانی حیزبە کوردستانییە نوێیەکەیان جێبەجێ بکات، بەڵام نەیتوانیوە بچێتە ناو کۆبوونەوەکە، بۆیە لە ڕۆژی ١٩٧٥/٧/٨، نەوەک کێشەی بۆ دروست بێت، بەرنامەکەی ناو کۆبوونەوەکە هەڵنەوەشێتەوە، مام جەلال لە سووریا پاسپۆرتێکی سووریی بە ناوی "فؤاد محمد رشید" بۆ وەردەگرێت، ئیتر دەڕوات و ئاسان سواری فڕۆکەکە دەبێت و ئاسانیش دادەبەزێت، لەوێش "تەڵعەت گلی" چاوەڕوانی دەکات و دەیباتەوە ماڵەوە، دیارە ئەویش پەرۆش بووە، زۆرتر باسی حیزبە نوێیەکەی بۆ بکات، داواکەی یەکێتیی نیشتمانی جێبەجێ بکات، پێکەوە دەچنەوە ماڵەوە.

٧

وەک یەک کەس

١٩٧٥/٧/١٣

لە گەرمەی چالاکییەکانی یەکێتی، فؤاد معصوم کەسێکی بە

ناوی (خالد المسعود) بینیوە، دیارە من نازانم ئەو کەسە کێیە، پۆستی نییە، بەڵام دیارە سیاسەتمەدارێکی عەرەب و دۆستی ئەوان بووە، ئێوارە پێکەوە بوون، پێی گوتووە:

لە بەغدا بووم سەعدوون شاکرم "ئەو یەکێک بوو لە سەرکردایەتیی بەعسییەکان و وەزیری ناوخۆی عێراق بووە، لە ساڵی ٢٠١٥، پاش دادگاییکردنی لە زیندان مرد" بینی، دوای ڕێککەوتنی تاران-بەغدا پێم گوت: بۆ لەگەڵ مام جەلال ڕێک ناکەون؟ سەعدوون شاکر وەڵامی داوەتەوە و گوتوویەتی: ئامادەین، بەڵام وەک یەک کەس، نەک کۆمەڵێک.

پاش گەشتێک و بوونی کێشەی تکت و سەفەر بۆ ئەبووزەبی، بەحرەین، کوێت، مەسقەت... لە ١٩٧٥/٧/٢٠ گەڕاوەتەوە دیمەشق. لە ١٩٧٥/٧/٢٣ لەگەڵ مام جەلال و عادل موڕاد چوونەتە لای برادەرانی "الجبهة الدیمقراطیة لتحریر فلسطین"، لە لایەن سکرتێرەکەی "نایف حواتمة" و (أبو لیلی) پێشوازییان لێ کراوە. بەیانییەکەی چوویتەوە قاهیرە.

٨

ئامانی، ئامانی نەبوو

پەیوەندیی فؤاد معصوم لەگەڵ "ئامانی" ڕاوێژکاری سیاسیی سەفارەتی ئێران لە قاهیرە، بەردەوام بووە! لە ڕۆژی ١٩٧٥/٩/٧ ئامانی سەردانی کردووە، ویستوویەتی بزانێت لە کوێ دەژیت؟

لیبیا چۆن یارمەتییان دەدات؟! پێی گوتووە، مەحموود زێباری هاتووەتە ناو یەکێتی. لە قامیشلی بە ناوی "ا. و. ک" ئێستگەیەک کار دەکات. هەر لەو دیدارەدا پێی گوتووە با مام جەلال لەبەر خەڵکە نزیکەکانی ئاگای لە خۆی بێت. دوایی پێی دەڵێت: لە پەیوەندییەکانمان با من ناوم "فائق مصـــطفی" بێت، تۆش لە جیاتیی فؤاد ناوت ببێتە "عبدالحمید مصطفی".

٩

ناوێکی تری نهێنی

١٩٧٥/١٠/١٣

ئیمڕۆ "ســمیر حجازي"یم دی، دوای تۆزێ "عەبدولڕەحمان فەریــد"یش هــات، بۆ خوداحــافیزی چووبوومە لایــان، عەبدولڕەحمان گوتی: ئێمە لەگەڵ ئێوە یەکین، حیزبی بەعس تا بڵێی حیزبێکی هیچپووچە، بەڵام چی بکەین، هەندێ زرووف دێتە پێش، وا دەکات دەستیان بۆ دریژ بکەین.

لە قسـەکانی عەبدولڕەحمان فەرید بۆم دەرکەوت، کە بەشـی کاروباری عارەبی لە سـەرۆکایەتیی کۆماری میسـر، مورتاح نین لە هەنگاوەکانی ســادات بەرەو عێراق، واش پێ دەچی هەندە کەس هەبێت، قسـەیان لە لای سـەرۆک سـادات دەڕوا، ئەوانە ڕۆڵی نزیکبوونەوەکە دەبینن. سەمیر حیجازی گوتی:

سبەی دێمە لات لە ماڵەوە. شەو قسەم لەگەڵ مام جەلال کرد.

١٩٧٥/٩/١٤ ئیمڕۆ سەمیر حیجازی هاتە لام لە ماڵەوە، گوتی ڕەنگە بچمە بەغدا بۆ سەرپەرشتیی مەکتەبی کاروباری خیبرە. کە مەکتەبێکی تازەیە دەکرێتەوە. گوتی: حەز دەکەم هەندێ لە کەسانی ئێوە لە بەغدا بناسم. چەند کتێبێکی مێژوویی کوردم پێ دا. ڕێک کەوتین ئاگامان لە یەک بێت، ناوی نهێنیی ئەو، "سمير فهمي" و ناوی نهێنیی منیش "فخري محمود" دەبێت.

١٠

پێشمەرگە دەگەنە دیمەشق

ئیمشەو ١٩٧٥/١١/٢٨ لە لایەن یەکێتیەوە مام جەلال، فؤاد معصوم، مونزیر نەقشبەندی، لە لایەن (وحدة القاعدة) عادل عەبدولمەهدی، حازم، فازیل مەلا مەحمود، لە ماڵی مام جەلال کۆ بوونەوە. بیروبۆچوونەکانمان زۆری وەک یەک وەها بوو، هەندێ لە خاڵەکانی باسکردن مابوون بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو بۆ ئێوارەی ١٩٧٥/١١/٣٠.

لە ڕۆژی ١٩٧٥/١١/٢٩ دەستەیەک پیشمەرگە بۆ مەشقکردن گەیشتنە دیمەشق.

١١

نەوشیروان هات

لە ڕۆژی ١٩٧٥/١٢/١٣ نەوشیروان مستەفا لە ڤییەننا‌وە گەیشتە دیمەشق. ڕۆژی دواتر د. کەمال فوئاد لە بەرلینەوە هات. لە ڕۆژی ١٩٧٥/١٢/١٧ لە ماڵی مام جەلال دەستەی دامەزرێنەر بۆ یەکەم جار کۆ بوونەوە. تەنیا عومەر شێخموس نەیتوانی بێتە دیمەشق، بەیانییەکەی لە ماڵی من بوون.

***

لە ڕۆژی ١٩٧٦/١٠/١٨ مام جەلال بەرەو لەندەن سەفەری کردووە، بۆ ئەوەی لەوێ مەسعوود بارزانی ببینێت.

لە ڕۆژی ١٩٧٦/١٢/٢٠ لەگەڵ مام جەلال چوونە هوتێل میردیان بۆ بەخێرهاتنی مەسعوود بارزانی، کە عارف تەیفوور و وریا سەعاتی لەگەڵدا بوو.

٢

دەفتەری ساڵی ١٩٧٧

١٩٧٧/١/١

ئێوارە چووینە لای مەسعوود بارزانی، نەوشیروان. د. کمال خۆشناو، فؤاد معصوم. زۆر شت باس کران ڕاز و گلەیی و هەندێ قسەی نابەجێی لەو بابەتانە:

١- پیان گوترا شتێکی جوان نییە، هەر کەس لای ئێمە بێتە لای ئێوە بە چەکەوە، ئێوە ڕایگرن. مەسعوود گوتی: ئێمە ٣ کەسمان ڕایان کردووە و لای ئێوەن: د. مەحموود عوسمان، شەمسەدین موفتی، قادر جەباری...!

٢- باسی پەیوەندیی دەرەوە کرا، مەسعوود گوتی: ئێمە چ گوناهێکی وامان نییە، هۆیەکەی هەرایەکەی ١٩٧٤ بوو.

١٩٧٧/١/٣

ئێوارە لەگەڵ نەوشیروان چووینە لای مەسعوود بارزانی، بلاّوکراوەکانی خۆمانی پێ بدەین، دیمان "مستەفا خوخی" و "حەسەن نەرمو" لە لای دانیشتبوون.

نامەیەکی تووڕە

١٩٧٧/١/٢٤

نامەیەک لە شاخەوە، لەناو پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێیەوە، دیار نییە لە کام گوند، لەبەر چرای کام مالّە جووتیارێک نووسراوە، بلەز وەلّامی دەوێ و کەمێک تووڕەش گەیشتووەتە دیمەشق.

نامەکە هاتووە "نەمپرسیوە و نازانم نامەکە ماوە یان نا"، گەیشتووەتە دەست فؤاد معصوم!

منیش وەک نووسەری ئەو دێڕانە، وەک کەسێک دەفتەر و بیرەوەری و پاکی و هەموو ئامرازەکانی دەفتەر و نووسینی کەسایەتیی ئەوم لەبەردەستە.

بەڵێنم لەگەڵ قەڵەم و نووسین وایە؛ دڵسۆزانە، ڕاستگۆیانە دەیانخوێنمەوە، نەرم نەرم سەرەپەنجەیان لێ دەدەم، لەدیاریان سەرسامم، بە جوانییەکانیان، بە ڕاستگۆییەکانیان شانازم!

لەدیار هەوالّەکە، باسی نامەکە ڕادەچڵەکێم و دەپرسم: چۆن ئەو نامەیە گەیشتووە؟ کێ هێناویەتی؟ بە دڵنیاییەوە هاتنی سەربردەی نامەکە، بەو جۆرە بووە، دیارە وا بووە، سەردەمەکە وا بوو، نامەکە بە دەستی مامۆستای گوندێک، یان بە دەستی لادێیەک هاتووە، کابرایەک یان پیرەژنێکی ڕەشپۆشی، هەگبە لە

شـانی ڕوومەت گەش و چاو ئەسـتێرە بۆ سـەردانێک، یان بۆ کڕینی جلی بووکێنی هاتووەتە شـار، پیاوەکان، براکانی پێیان گوتووە:

ئەو نامەیەش ببە شار، وریابە، ئاگات لە خۆت بێت!

ئەویش دوودڵ نەبووە، نەپرسـیوە، زانیویەتی باشـی زانیوە، چونکە ئەو شەوانە پێشمەرگە نان دەدات، کە ئەوان لە پەرژینەکە لە دیوارەکە بەبێ خشـپە ئاودیو دەبن، چراکە کز دەکات، دەرگەیان بۆ دەکاتەوە، گەرم و شـیرین بەخێرهاتنیان دەکات، هەسـت ڕادەگرێت، هەموویان دەناسێت، هەموویان بە ڕەنگ و ناو و ئاکارەوە دەناسێت! پێی دەڵێن:

لەوێ بەیانییەکی زوو، یان بەرلەوەی شەقام زۆر زۆر تاریکدا بێت، نامەکە ببە کن فلاّنە کەس، بدە دەسـتی فلاّنە کەس، بەرچاو و ئەمانەت و دڵسۆزی فلاّنە دۆست.

نامەکە تیژڕەوە، جەربەزەیە، موگناتیسـە، جۆگەیەکە دەڕوات، دەگاتە دەست دکتۆر فؤاد معصوم!

ئیتر ئەوانەی نامەکەیان گەیاندووە، دەسـتاودەسـتیان پێی کردووە، نەیانپرسیوە چۆن دەگات! کێی دەیبات! چەند دەست و گیرفان و ئۆتۆمبێل و فڕۆکەش دەکات، تا دەگاتە ئەو هەواره دوورە، دیمەشق!

نامەکە چۆن ناگات، ئەگەر باڵی هەبێت و بفڕیت، ئازایانە بشـاردرێتەوە، بچووک ببێتەوە، بکرێتە موورووێـک، دەنکە

مێخەکێک، بیێتە حەبێکی سەرئێشە، جێی بنیشتێکی بن ددانان. نامەیەکە بە کەس ناخوێندرێتەوە، کەس شەریتی زەرفەکەی پێ ناکرێتەوە، نایپچڕێنێت، نایەوێ بزانێت چی تێدا نووسراوە. ئەوەی نامەکەی وەرگرتووە، یەکەم کەس، کە نامەکەی وەرگرتووە، تا دەگاتە دواکەس بەڵێنیان داوە، بیر لە ونکردن و کردنەوە و کەمتەرخەمی و درۆکردن ناکاتەوە، تا دەگاتە دەستە نەرمەکەی فؤاد معصوم لە دیمەشق، کێندەرێ؟! دیمەشق! چۆن دەگات؟! کێ دەیبات؟!

نامەیەکی بچووکی پێچراوی ترسناکی شاخ، ڕاسپاردەیەکی گرنگی پێشمەرگە، فەرماندە، سەرکردەکانی شۆڕشە نوێیەکە دەگاتە شار، ناو هەولێر یان کۆیە، ئەوەی هێنابووی ئازا بووە، نەترساوە، هەرگیز وشەی ترسی نەدرکاندووە، دوودڵ نەبووە، زۆریش شاناز و سەرکەش بووە، کە نامەکەی لەناو دەست، گیرفان، بن کاریتەی ژوورەکەی داناوە!

نامەکە بۆنی حاجی ئامینەی دایکی دکتۆر فؤادی گرتبوو، بۆنی گوندەکانی پێوە بووە، ڕاستگۆ و بێگەرد وەک بەفری قەندیل، وەک ئەسپ سمکۆڵی کردووە، وەک کەو بە قاسپەوە هاتووە، نامە نەبووە، سیپارەی مزگەوتێک بووە، هاتووە و ملی لە چەقۆ ناوە، لە بەرداش نەترساوە، چەند پیتی بە ئارەقەی فیشەکدان و هەورازەکاندا کاڵ بوویتەوە، ئینجا هاتووە و گەیشتووە. ئەویش وەک نامەکانی لە شاخەوە بۆ هەواڵ و ڕێکخستن و نان دەنووسران، ئەوانەی بە دزی لە شارەکانەوە لەناو سەیتەرەکاندا دزەیان کردووە و دەچووە شاخ.

نامەکە لە ڕۆژی ١٩٧٧/١/١٥ نووسراوە، خێراتر لە با، لە باڵی فڕۆکە، لە سەردانی وەفدێکی حکوومەت ڕۆیشتووە، گەیشتووە! نامەکە بچووک، تەنک، نەرم بووە، بەڵام بە دوو پیاو، بە کەسایەتییەک هەڵگیراوە، دانراوە، پارێزراوە!

ئەو لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی:

لە کوێتەوە تەڵعەت گلی هات نامەیەکی هێنابوو کە "ابو تارا" موحەمەدی برام و "ابو ازاد" مەسعوودی ئامۆزام هێنابوویان، هەردووکیان چاوەنواڕی دیتنی منن لە کوێت. نامەکە لە لایەن" عەلی عەسکەری، خالید سەعید، مولازم عومەر عەبدوڵڵا" ئیمزا کرابوو، نامەکە باسی ناخۆشی وەزعیان دەکات و دەڵێت:" گەر چیتان پێ ناکرێ، وا خۆمان بە ئازاد دەزانین".

دوو لەوانەی نامەکەیان ئیمزا کردبوو، عەلی عەسکەری و خالید سەعید؛" لە ڕۆژی ١٩٧٦/٨/٨ لەگەڵ عومەر دەبابە، مولازم تایەر، یاسین قادر، سەعدی گچکە، سەید کاکە، قادر عەزیز، جەعفەر ئەسوەد، چووبوونەوە شاخ".

لە دواڕۆژەکانی دیدارەکەم، لە نامەکەم پرسی، دێڕەکانی نووسینەکەم بۆ دکتۆر فؤاد معصوم خوێندەوە و پرسیم، نامەکە ماوە! ئەو گوتی؛ لە بیرم نییە، نازانم! دەزانم نامەکە هاتووە، گەیشتووە، چونکە خۆم لە دەفتەری ساڵانەی خۆم نووسیومە! بەڵام بە داخەوە نازانم نامەکە چارەنووسی بە چی گەیشت! دیارە زۆری نەبردووە، پاش هاتن و گەیشتنی نامەکە ئەوانەی ئیمزایان کردبوو، ئەوانەی تووڕە ببوون، دێنە دیمەشق،

دیداریان دەبێت، بە چاوەکانی خۆیان بارودۆخەکە دەبینن، دەزانن چۆن یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەو ولاتە، لەناو ئەوانە کار دەکات، دەربازی دەبێت و دەژین و سەرکردایەتیی شۆڕشێک دەکات دژ بە حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی خاوەن سوپایەکی گەورەی و هاوسۆزی سۆڤییەت و لەبنەوەش هاوشانی خۆرئاوا. جوان و باش دەبینن، بۆیە بە حەماس و جۆشەوە دەگەڕێنەوە ولات، دواییش دوو لەو فەرماندانە دەبنە قوربانیی بارودۆخە ترسناکەکە، پیلانە گەورەکەی دژیان لە ئارادایە!

***

لە ڕۆژی ۱۹۷۷/۱/۲۸ چوویتە کوێت، لەوێ بە تەلەفۆن لەگەڵ حاجی ئامینەی دایکی لە بەغداوە قسەی کردووە.

***

۱۹۷۷/۲/۵ ئیمشەو مام جەلال مونزیر نەقشبەندیی دیوە، کە لە بەندیخانە دەستبەسەرە. ئەو لە ڕۆژی ۱۹۷٦/۷/۱۹ لە دیمەشق بە تۆمەتی پەیوەندیی بە "شریف الحاج عابد" گیراوە، ئیشی بۆ عێراق کردووە، سووریەکان ئەوەیان کەشف کردبوو، مام جەلال و فؤاد ئاگادار بوون.

عادل موڕاد ئاشت دەکاتەوە

١٩٧٧/٢/٢٢

لەو ڕۆژە کۆبوونەوەیەکی دەســـتەی دامەزرێنەری یەکێتی بووە، قســـە لەســـەر نوێنەرانی دەرەوەی یەکێتی و زیادکردنی ئەندامەکانی کراوە، لەو دەمانە مام جەلال لەبەر کارێکی تایبەت کۆبوونەوەکەی جێ هێشـــتبوو، دیارە دوای ئەو عادل موڕاد گوتوویەتی: چیتر بەشداریی کۆبوونەوەکان ناکەم!

بۆیەش شەو، دکتۆر فؤاد معصوم لەگەڵ دکتۆر کەمال فوئاد ســـەردانیان کردووە، بەو دیدارە دڵی دەدەنەوە و بەیانییەکەی بەشـــداریی کۆبوونەوەکە دەکات. ئەو هەندێ بۆچوونی هەبووە، قســـەکانی دەکات، بەڵام مام جەلال بە وەڵامەکانی قەرزاری دەکاتەوە. ڕاستە مام جەلال هەموو کاروبارەکانی زۆر ڕێکخراو نەبوون، بەڵام نەک بەو شێوەی عادل دەیگوت.

نەورۆزێکی تریش

نەورۆز لەگەڵ د. مەحموود و برادەرانی تر لە مـاڵی مـام جەلال بووین لە (غوطة). شـەویش دەعوەتی مەسـعوود بارزانی بووین لە هوتێل میردیان.

عەلی عەسکەری

ئیمرۆ ١٩٧٧/٨/٤ تەلەفۆنمان بۆ کرا لە لایەن حاجی عەباسەوە، کە مالّ و منداڵی عەلی عەسکەری گەیشتوونەتە ناو خاکی سووریا، لە "تل الابیض" لە لایەن پۆلیس گل دراونەتەوە، تەلەفۆنم لەگەڵ قیادەی قەومی کرد، دەستبەجێ ئەمریان کرد بۆ ئیهتیمامدان پێیان و ناردینان بۆ دیمەشق.

بەیانییەکەی عەلی عەسکەری گەیشتە دیمەشق.

پاریس

لە ڕۆژی ١٩٧٧/١٢/١٣ دکتۆر فؤاد معصوم دەچێتە پاریس، لەو سەفەرە بۆ کۆبوونەوەی یەکێتی نەبووە، بۆ دیداری تایبەتی نەڕۆیشتووە، چووە ئەرک و فەرمانێک جێبەجێ بکات، ڕێکارەکان تەواو بکات. بۆ کارێک زووتر هەرگیز ڕووبەڕووی کاری وا نەبوویتەوە. ئەرکەکە نوێ بووە، بەڵام ئەوە حیزبە و فەرمانە و ڕووبەڕوو و ئازایانە بۆی دەچێت.

لەوێ "ئەحمەد بامەرنی" لە فرۆکەخانە چاوەڕوانی کردووە، پێکەوەش بۆ پشوودان و نووستن چوونەتە شوقەکەی ئەو. بەیانییەکەی برادەرەکەی دیوە، ناوی نەنووسیوە، دیارە ئەرکەکە زۆر نهێنی بووە، بڕیاریش دەدەن بەیانی دووبارە یەکتری ببینەوە."مەبەست لەوەش ئەفسەرێکی موخابەراتی سووریا بووە،

کە لە دیمەشـــق، بڕیارە دیداریان لە کافتریای "دی پاریس" لەسەر شەقامی شانزلیزیە بێت، بەرنامەکە وا بووە، هەندێ چەکی بۆ عەمەلییەی کوشـتنی سـەدام حوسـێن، کە سـەفەر دەکا بۆ پاریس بداتێ.

ڕۆژی ١٩٧٧/١٢/١٥ کابرای بینیوە، شـتەکانی لێ وەرگرتووە، بڕیتی بوون؛ "لە جانتایەک قونبەلە و دەمانچە و ڕەشـاشـێکی بچووکی تێـدا بووە، لەگەڵ ٢٥ هەزار فرانکی فرەنسـی" کە شتەکانم وەرگرت لە لای کاک ئەحمەد بامەڕنیم دانان.

لە لەندەن بۆ ڤییەننا

لەو ڕۆژانە چالاکی زۆر بووە، چوویتە لەندەن، شـەو لە لای "عەبدولڕەزاق فەیلی" بووە، ئەو لەگەڵ کوڕێکی کوردسـتانی ئێرانی ژیاوە. شـەویش لەگەڵ برایم ئەحمەد سـەردانی "تۆفیق وەهبی"یان کردووە، بە دێڕێکی جوان نووسـیویەتی؛ مامۆسـتا وەهبی پیاوێکی بەڕێز و شارەزا و هێسکسووکە.

لەوێ چووەتە ڤییەننـا، "فؤئـاد مەلا مەحموود" چـاوەڕوانی کردووە، شـەو لای ئەو بووە، مەبەسـت لەو سـەفەرەش، چوونی بۆ ڤییەننا دیداری عەریف "عوسـمان یوسـف" بووە، "ئەو لە شۆڕشی ئەیلوول ئامیر بەتالیۆنی دووی هێزی دەشتی هەولێر و ئامیر هێزی قەندیلیش بووە، پاش نسـکۆ تەسـلیم بوویتەوە، لە باشـوور و بەغدا بووە، لە ڕێگەی بەغداوە چووبووە ڤییەننا،

ماوەیەک لەوێ بووە و گەڕاوەتەوە". لەوێش چوویتە میونشن و شەویش گەیشتووتە دیمەشق.

میوان و بەردەوام میوان

هەموو کە هاتوون، میوانی ئەو بوون. پێشمەرگە و بریندار و خێزانی شەهیدان. ئەوانەی کە هاتوونەتە دیمەشق، فؤاد معصوم پێشوازیی لێ کردوون، بێگومان گوزەرانیان باش نەبووە، ماندوو بوون، هەندێکیان دوودڵیش بوون، هەبووە هاتووە و زۆر ماوەتەوە، ویستوویەتی بچێتە دەرەوە، یان خوێنگەرم بووە و پەرێشان ویستوویەتی بچێتە شاخ و بیێتە پێشمەرگە، بەڵام بوار و سنوور و چەکی نەبووە، نەیزانیوە بەرەو کوێ بڕوات و چارەنووسی دەگاتە کوێ!

زۆریش لەوانەی میوانی ئەو بوون، یەکەم جار بووە بینوویانە، یەکەم جاریش بووە ناوی بیستوون، ئەوان پەیوەندییان بە هەموو ئەندام و پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانی بە هەموو باڵەکانییەوە هەبووە.

ئەو لەبەر خاتری حیزبەکەی، میللەتەکەی و بە ناچاری لەگەڵ عەرەبە چەپەکان، قەومییەکان، عێراقییەکانی کوردیان خۆش نەویستووە، دانیشتووە، قاوەی خواردیتەوە، یەکتریان دیوە و کۆبوونەوەیان کردووە، بە دەستخەتی ئەویش دەقی کۆبوونەوەکەیان نووسیوەتەوە، ئەدی ئەو خەتی خۆشتر نەبوو؟! زمانە عەرەبییەکەی لە عەرەبەکانیش باشتر نەبووە!

لە ڕۆژی ١٩٧٧/١٢/٢٤ سالار عەزیزی دیوە، کە لە ولاتەوە هاتبوو. لەگەڵ عومەر مستەفا چوونەتە میواندارییی د. نەجیب، کریستیانە کۆییەکەی لەبەر چاوی کیژێکی کۆیی بوویتە موسوڵمان و شەهادەی هێنابوو، خانەنشین ببوو، لە بەیرووت دەژیا. ئەویش بە دیتنی دوو پیاوە کۆییەکە شادمان دەبێت.

د. لەتیف ڕەشید لەگەڵ خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد زەماوەند دەکەن، لەگەڵ عومەر دەبابە بۆ پیرۆزبایی و میوانداریەکەی دەچنە ڕێستورانی (قصر).

د. مەحموود و شەمسەدین موفتی بەرەو بەیرووت بە ڕێ کردووە.

لە ١١/١٠/ ١٩٧٧ لەگەڵ خالید سەعید "دکتۆر" چوویتە عەممان، ئێوارەکەی هاتوونەتەوە دیمەشق.

لە ڕۆژی ١٩٧٧/١٢/٢٧ لەگەڵ عومەر دەبابە و سالار عەزیز سەردانی عەبدوڵڵا ئەلئەحمەر دەکەن.

بەیانییەکەی لەناو ماڵەکەی خۆی، هەرسێکیان لەگەڵ نوێنەرانی "الحرکة الاشتراکیة العربیة" عەبدولئیلاھ ئەلنەسراوی و عەونی قەلەمچی و جەواد ئەلدش دادەنیشن، قسەکانی ئەوانیان بە دڵ نەبوو، وای دەزانن وەک بەعسییەکان قسە دەکەن، بۆچوونەکان باش نەبووە.

لە ڕۆژی ١٩٧٨/١/١٢ بە هاتنەوەی عومەر دەبابە و سالار عەزیز و د. کەمال خۆشناو لە بەیرووت دڵی خۆشە، وا

دەزانێت سەردانەکەیان لەگەڵ لوبنانی و فەڵەستینییەکان باش بووە.

لە ١٩٧٨/١/١٧ چوویتە کوێت، لەوێ برادەران پێی دەڵێن؛ پێمان ناخۆشە عەلی عەسکەری چوویتە بەغدا.

ئەو یەک یەک و دوو دوو پیشوازیی لە برادەران کردووە، بەڵام لە ڕۆژی ١٩٧٨/٢/٣ پێشمەرگە هاتوونەتە دیمەشق، لە یەکەیەکی سەربازی مەشقیان پێ دەکەن.

دڵت باشە

هەر کۆبوونەوە و دیدار نەبوو، یان ئەوانە ماندوویان کردووە، بۆیە لە ١٩٧٧ /٢/٢٦ چوویتە لای دکتۆر موحەمەد خەددام ئەلجامع، پشکنینی بۆ کردووە و گوتوویەتی؛ خەمت نەبێت، دڵت باشە! ڕاستە نەخۆش نەبووە، بەڵام ماندوو بووە، سەرقاڵ بووە، دیداری ئەو هەموو کەسایەتیانە، دیداری هەمەجۆر، هەواڵی ناکۆکی و ململانێیەکان، بەدەگمەن هەواڵی شیرینی بیستووە، هەمووان ناخۆش و نائومێدی بوون، بەڵام بەردەوام بووە.

***

میوانەکانی ئەو کاروانێکی دوورودرێژ بوون، مااڵ و منداڵی شەهیدەکان، بریندارەکانی بە گوللەیەکی بچووک لە بناری شاخێکی زۆر دوور، لە شەڕێکی سەخت، بە کۆنە چەکێک

بەرامبەر نوێترین و دژوارترین چەک، ئاگر، ڕق... بریندار بووە، قۆناغ بە قۆناغ گەیشـــتووەتە ئەو، لەوێ تیمار کراوە، بە ڕێ کراوە، هەســـتایتەوە، ڕۆیشـــتووە! چوویتە شـــاخ، لەوێ بووە بە فەرماندەی نەبەردییەکان، بووە بە کادیرێکی بەتوانا! یان دووبارە لە نەبەردییەکی تر، لە کاروانی خەباتی نەپچڕاوەی پێشمەرگەکانی یەکێتی شەهید بووە!

میوانی زۆر بووە، هاتوون چوونەتە ولاتانی پێشـــکەوتوو و ئارام و خوێندوویانە بوون بە ئەکادیمیی بەرز، زمان فێر بوون، کاریان کردووە.

میوانەکانی ئەو لە دیمەشـــق زۆر بوون، ژن و پیاو هاتوون بچنە ئەوروپا، کەســـی چەپ هاتووە ماندوو بووە، متمانەی بە چەپ کەم بووە. کۆنە مەلایی میوانی بووە، بیری لەوە کردیتەوە یەکێتی حیزبێکە دریژەپێدانی جەلالییەت یان نوێیە! میوانەکانی زۆر بوون! دڵی زۆربەی ڕازی کردوون، ڕێنمـایی هەمووانی کردووە، هەمووش بڕوایان بەو کردووە، بە قسەیان کردووە!

***

پارتی و یەکێتی بە سودفە

لە ڕۆژی ١٩٧٦/٤/٦

ئیمڕۆ لە ڤیەننا لە کافتیریایەکی نزیک دانیشتگە دانیشتین:

لایەنی یەکێتی: مام جەلال، عادل، فؤاد

لایەنی پارتی: ســـامی عەبدولڕەحمان، وریا ســـەعاتی، عەبدولسەلام بەرواری، زوبێر سووری.

"دانیشتنەکە بە سودفە بووە، ئەوان لە کافتریایەک دانیشتوون، ســـامی و برادەرانی لەوێ ڕەت بوون و لایان داوە و قســـەیان کردووە، لەســەر دیدارێک ڕێک کەوتوون، کۆبوونەوەکە ساز کراوە، دیداری دووەمیان ڕۆژی ١٩٧٦/٤/٩ دانراوە، بەڵام ئەو زووتر گەڕاوەتەوە دیمەشق".

***

١٩٧٨/١/١٢

ئێوارە سەرسوورم "عبدالله الاحمر" دی، لە دیدارەکەی باسی ئەوەی بۆ کردم، کە سووریا و عێراق دیداریان بە سەرپەرشتیی ســەرکۆماری جەزائیر بومەدیەن هەبووە، لەوێ ســووریا باســی ئێوەی کردووە، لە وەڵامــدا عێراقییەکــان گوتوویــانە؛ ئەوانە ئینفیســـاڵی، ئینعیزالیین. ئێمەش گوتمان: نا ئەوانە بەشـــێکن لە بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقی.

عومەر دەبابە و ســالار عەزیز و کەمال خۆشناو لە بەیرووت گەڕاونەتەوە دیمەشق، دیداری باشیان لەگەڵ کەسایەتیی لوبنانی و فەڵەستینی هەبووە.

دەوام بەردەوام بوو پشووی نەبوو

دکتۆر فؤاد چالاکیی زۆر بوو، بەردەوام پێیەکی لە کۆێت بووە، برادەرانی زۆری بینیوە، هەموو پێیان باش نەبووە عەلی عەسکەری بۆ دانوستان چووەتە بەغدا. دوو ڕۆژ لەوێ بووە، لە ١٩٧٨/١/٢٤ گەڕاوەتەوە دیمەشق.

لە ڕۆژی ١٩٧٨/٢/٢ دکتۆر فؤاد، ئەبووجیهاد (١٩٣٥-١٩٨٨)ی دیوە "یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی (الفتح) و شۆڕشی فەڵەستینییەکان، ئیسرائیل لەناو تووندس و لە ماڵەکەی خۆی کوشتیان"، پێی گوتووە وا بزانم لەناو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانی دابڕان و ناکۆکی هەیە، ئەو وەڵامی بە نەخێر داوەتەوە، نەیویستووە لەبەر سەرکردەیەکی فەڵەستینی باسی ململانێیەکان و ناکۆکییەکان بکات! بەڵام ئەو یەکەم و دواکەس نەبووە، باسی ناکۆکییەکانی بزووتنەوەی کوردی کردووە، لە ڕۆژی ١٩٧٨/٢/١٩ چوویتە سەردانی عەبدولئیلاھ ئەلنەسراوی (نجف ١٩٤٢-٢٠٢٣) سکرتێری (الحركة الاشتراكية العربية)، ئەویش پێی گوتووە: وا دیارە وەزعتان لە وڵات زۆر خراپە، چونکە مام جەلال لە گوندی "نۆکان"ە، منیش وەڵامم دایەوە، شتی وا نییە! بەڵام کە دەچێتە ماڵەوە، سالار و دکتۆر کەمال هاتبوون، قسەکەم بۆیان گێڕایەوە، گوتیان ڕاستە! بەڵام دکتۆر فؤاد کۆڵی نەداوە، دیدارەکانی بەردەوام بووە، لە هەموو کۆبوونەوە و دیدارەکاندا بەشدار بووە، بە هەموو شێوازە دیپلۆماسییەکان

شکۆداری و خەباتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانی ڕاگرتووە و باسی کردووە.

***

ئەو بە دریژایی ئەو ساڵە بەردەوام لەگەڵ برادەرانی سەرکردایەتی و دامەرزێنەران و کەسایەتیی عێراقی و عەرەب لەناو دیمەشق و وڵاتانی عەرەبی و دەرەوە، کۆششی کردووە!

٣

مام جەلال بەردەوام و زۆر بۆی دەنووسێت

ژمارەیەک نامەمان لەبەردەستە، ئەوانەی لە مام جەلالەوە بۆ دکتۆر فؤاد معصوم نووسراون. گومان لەوەدا نییە نامەی زۆری تریان لە نێواندا هەبووە، چونکە ئەوان زۆر پێکەوە سیاسەتییان کردووە، پێکەوە لەیەک مەیدان و بەرنامەدا دڵسۆز و هاوکاری یەکتری بوون. نامەکانی ئەو ساڵانەی پێکەوە لە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە، تا ڕۆژانی خەبات و پێشمەرگایەتی و دانوستان و هەموو چالاکییە سیاسییەکانی ئەو ساڵانە هاتوچۆیان کردووە، لە؛ ئەوروپا، بەیرووت، دیمەشق، بەغدا، تەڕابلوس و... گوندەکانی سەرکردایەتی و ناوچە ڕزگارکراوەکانەوە نووسراون. نامەکان زۆر بوون، ئەوانەی گەیشتوون، پارێزراون! گومانیش نییە نامەی زۆری نێوانیان نەگەیشتوون! نامەکان زۆرن، ئەوانەمان بژار کرد، ئەوانەمان نووسیەوە! نامەوێ کتێبەکە بە نامەکان پڕ بکەینەوە!

لەبەر دڵسۆزی و بەرپرسیاریەتیی زۆری ئەو، لە بوارەکانی سیاسەت و دیپلۆماسی و پەیوەندییەکان، مام جەلال نامەی زۆری بۆ دکتۆر فؤاد نووسیوە! متمانەی زۆری پێ بووە، چونکە ئەو لە ڕووی دارایی و سەرپەرشتیکردنی سامانی حیزبەکە دەستی پاک بووە. ئەو لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ لایەنی دووەم،

عەرەبە بەعسییەکانی سووریا و عێراقییەکانی ناو جوقد و ناو سووریا، لە کۆنگرەکانی عەرەبی و عێراقی، شیوعییەکان، کوردی پارچەکانی تر، لەگەڵ ئەندامانی دەستەی دامەزرینەر، سەرکردایەتی و لایەنەکانی ناو یەکێتیی نیشتمانی و کورد و پێشمەرگەکانی لە دیمەشق دەبوون!

با ئەوەش بڵێم دکتۆر فؤاد معصوم بۆ بەرامبەرەکانیان؛ ئەوانەی کۆنتاکتی لەگەڵ کردوون، دیداریان بووە، بەرنامەیان هەبووە، کەسێکی ویستراو و داواکراو و متمانە بووە، لە قەناعەتکردن و دانوستانەکاندا نەرم بووە، بەڵام بۆ داواکانیش توند بووە! زۆر سەردانیان کردووە، ئەویش سەردانی زۆری کردوون!

***

نامەکان بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارە سیاسییەکانی ڕێکخستن و ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی دەرەوە بووینە، بۆ هاوکاریی ئەوانە بووە سنووریان دەرباز کردووە و گەیشتوونەتە ئەو، پێشمەرگە، بریندار، خێزانی شەهیدان، ئەندامی سەرکردایەتی، ئەفسەرەکان و زۆری ترا بەڵام بێجگە لە کار و چالاکییە سیاسییەکانی لەناو دیمەشق، مام جەلال لە ڕۆژی ۱۹۸۱/۱۰/۲۵ نامەیەکی بۆ نووسیوە، داوا دەکات یارمەتیی ژن و مێردێک بدات، بە ئازایەتی خۆی "لیسێ پاس"یان بۆ وەربگرێت، بلیتی چوونە شامیان بۆ ببڕێت و کۆشش بکات زەمالەیەکی خوێندنیان بۆ پەیدا بکات!

ئەو نامەیەش مانای ئەوەیە دکتۆر فؤاد لە سووریا پەیوەندییەکانی باش بووە، توانیویەتی لەبەر رۆشنایی داوا و بەرژەوەندیی یەکێتیی ئیش بکات، دیارە ئەو جۆرە کارانەی زۆر پێی کراوە، بۆیە مام جەلال بە نامەیکی کورت داوایەکی گەورەی لێ دەکات!

***

ڕایەلەی پەیوەندییەکان و دابینکردنی پێویستییەکان، چۆن و لە کوێ! سەختیش بوون، بۆیە پیاوێکی ئەفەندی، ئەکادیمی، دڵسۆزی حیزب و پەیامەکەی مام جەلال بە "برای خۆشەویستم کاک د. فوئادی بەڕێز" ناوی دەبات، بە نامەیەک داوای لێ دەکات، یارمەتیی کاکە هۆمەر بدات، شتەکانی زۆرتر نێردران گەیشتوونەتە سنە، تۆش ئەوانی تر بنێرە! بار و شتمان زۆرە، بە دەریاوە دەگەنە ئێران، بەڵەم پەیدا بکە، بڕۆنە سەر دەریا و چاوت لە داگرتن و هێنانیان بێت، دیارە ئەوانەش پێویستن، بەوەندەش مەوەستە، قەرزمان لەکن خەڵکە، "ابو وقاص" با پارەکەمان بداتەوە، پێویستیی زۆرمان پێیە.

مام جەلال لە نامەکانی کە بە نووسینی جوان نووسراون، کورت و پوختن! داوا و بەرنامەکانی زۆریان بە ژمارە و ناوی ورد و پێناسەش بووە، زۆریش بە ناوی نهێنی بوون، کە خۆیان دەیانزانی کێیە، مەبەستیان کام لایەن و کەسایەتییە! نامەکان زۆر دریژ نین، بابەتی لاوەکییان تێدایە، داوا و مەبەستەکان دژوار و گەورە و زۆریش بوون، بەڵام بە سادەیی نووسراون!

هەموو قسەکانی بۆ ئاشکرا کردووە، فەرموو نووسیویەتی: بۆ ئاگاداریتان لەوەی من بردوومن لەگەڵ خۆم، هیچی نەماوە! "واتە پارەمان نەما، چاوەڕوانی هیممەتی تۆ دەکەین".

***

لەبەر گرنگیی نامەیەکی مام جەلال، دەقی نامەکە دەنووسمەوە:

١٩٨١/٨/١٤

برایانی خۆشەویستم؛ کاک د. فوئاد و کاکە هۆمەری بەڕێز سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم...

شادی و سەرکەوتنتانم داوایە و ئێمەش باشین. وەزعمان لە هەموو ڕووێکەوە باشە، چەک نەبێت. خەڵکی باش ئەوەندە زۆرە چەندی چەک هەبێت کەمە!

بۆ هێنانەوەی چەکەکان! بۆ وەرگرتنەوەیان پێم وایە دەبێ هەم "صبری انقلابي" و هەم "فشاری انقلابي"مان هەبێت، دەبێ ئێمە هەوڵدەین لە لایەن خۆمانەوە، ئێوەش بەم شتانەی خوارەوە هەڵسن:

١- موزکەرەیەک بنووسن "گلەیی زۆر تێدا بێت" بۆ تیمسار داوای "تەسلیم فەوری" هەموو چەکەکانی هاتوو، قەرز بکەن، تەنانەت ئەگەر ئەوەی گەیشتووەتە سنەش درا پێمان، باس بکەن کە پلانی شەڕی دوژمن کردن و سەرکەوتن تێدا پێویستی هەیە "بۆ سەرکەوتن" بێ.

ا- چەکدارکردنی "۳-۵" هەزار کەسی تر.

ب- چەکدارکردنی خەڵکی گوندە ڕاگوێزراوەکان "۱۰-۱۵" هەزار.

ج- چەکی هجوومی "قوڕس و کاریگەر".

د-فیشەکێکی زۆر -گوللەی هەمەجۆر.

ه-هەماهەنگی و هاوکاریی ڕۆژانەمان.

۲- چەکەکانی ناو پاپۆڕەکە سوراغ بکەن و قەرزەکەش داوا بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی تیمسار وەعدی دابوو، بڕنۆ، ووکی تووکی، دووربین، چادر...

۳- داوای "۳-۵" کیسی خەوتن بکەن.

٤- ئەگەر زانیمان چەکەکانی سنەیان دا، ئەوا داوای هێنانی چەکەکانی شام بکەن.

۵- داوای یارمەتیی مالی و ئازووقەش بکەن، بە بۆنەی زیادبوونی پێشمەرگەوە و مەسرووفاتەوە "لیطمئنوا" ئەمەیان بۆ تەئمینکردنیان بەر لە هەموو شتێک.

هەڵێنە: داوای جەلسەیەکی ڕەسمی لە "ابو اسامە" بکەن و داوای لێ بکەن شتەکانمان بۆ دەربهێنێت، من پێم وایە دەستی کورتە و فشەی جەماعەتەکەی زۆرە، کاک ئەحمەد بامەرنی یا جاریێ نەیەتەوە، ئیمسالێش لە فرەنسە دەمێنێتەوە تا بەهاری داهاتوو - فرەنسییەکان "دووەکە" ئەندامانی ڕێکخستنی "ی. ن. ک" دەیانگرن، کە دەیانهێنن بۆ بنکەکان تووشی "پ. م"ی

حشع دەبن و دەیاندەنە دەست، کەچی بۆ خۆتانی دەفڕێنن -بە ڕاستی ئەمانەش دۆستی سەیرن بێئامانن!!

برایان: تکایە مشـــووری ناردنی هەموو پارەکەی لای خۆتان بخۆن، پـارەکەی تریش بـا دکتۆر "بلەڕەش" زوو بچێتەوە و بکەوێتە ســـۆراغ -خۆشـــم ماوەیەکی تر نامەیەکی تریان تێ دەگرم. بەتەمام نامەیەکی "مفصل" بۆ کاک "ئەبووبەکر" بنێرم.

"وانێکە"کەشـــم بۆ ناردووی: بەو بۆنەیەوە کاک زێڕۆمان ناردووە بۆ بەری ئاســـۆس و کاک وانێکیشـــی لەگەڵە، ئێمە و نامەیەمان هات دەڵێن؛ بوونەتە "١١٦" پ. م. بەســـرپێری لەگەڵ هەرێمی دوو و چوار و هێزی پشـــدەر و برێک لە لەشـــکری موسـوڵمان شـەڕێکی گەورەیان کرد، لەگەڵ پتر لە فەوجێک و جاشـــێکی زۆر و باشـــیان دوژمن شـــکاند و دەیان کوژراو و بریندارى دا، خۆشمان سەلامەت بووین.

ئێستە هیزەکانی ئاسـۆس، کۆسـرەت، دەشـتی کۆیە، دەشـتی هەولێر، خۆشناو، هەر زرمەیان دێت.

بۆ "صـــەلیبی ســـوور" کە ئیســـتمارەکان گەیشـــتن پڕیان دەکەینەوە.

وا مواســەفاتی ماتۆڕ و شـتی تری ئیسـتگەمان نارد و تکایە مشووری کڕینیان بخۆن.

***

"ئەو نامەی مام جەلال داوای بەرنامەیەکە بە وەزارەتێک، بە

حیزبێکی گەورە، دەزگەیەکی بە ســـەرمایەش ئاســـان جێبەجێ ناکرێت، زۆری داوای کردووە، بەڵام دڵسۆزیی ئەوان، کۆڵیان نەداوە، کۆششیان زۆر بووە".

***

بە داخەوە نامەیەکی مام جەلال لە شـــەوی ١٩٨١/١١/٢/١ نووسراوە، باس لە ناکۆکییەکان دەکات، دیارە بارە سیاسییەکان، گرژییەکان لەگەڵ پارتی زۆرتر بووە، لە بەشـــێکی نامەکەدا نووسیویەتی:

"ئێمەش نامانەوێ لەوێ لێیان بدەین، بەڵام هەر نزیک ببنەوە لە هێزەکانی خۆمان لێیان دەدرێت! وا خەریکین پتریش هێزیان لەســـەر کۆ دەکەینەوە. حشـــع دەڵێن؛ گوایە ئەوان ئامادەن ئێران چۆل کەن واز لە شـــەڕی حدکا بهێنن. ئێمەش باوەڕ ناکەین و ڕادیۆی حدکا هەر بەردەوامە لەســـەر پەلاماردانیان و تازە کتێبێکیان لەســـەر بڵاو کردوونەتەوە بە ناوی "خیانەتەکانی قیادەی موەقەتە بە نەتەوەی کورد"، بچنەوە بارزانی خۆیان و بادینان و بەری گرتکورۆست."

هەر لە بەشێکی نامەکە ئەوەی نووسیوە:

"لە ١٩٨١/١٠/٢٩ شـــەڕێکی قارەمانە لە پەنا سـلێمانی کراوە، دوژمن شکا و زۆری لێ کوژراو و بریندار کراوە. شەهیدێکمان هەیە."

***

مام جەلال بەشداریی "الدورة العادية الثانية لمؤتمر الشعب العربي طرابلس ١٥-١٩ يناير ١٩٨١"ی کردووە، لەوێ نامەیەکی بۆ نووسیوە:

"کارەکانمان باش دەڕوا، دەوروبەری سەری مانگ بۆ لای تۆ دێم!

کەریم ئەحمەد قسەی باشی کرد، زۆر باش باسی جوقدی کرد. من دۆستەکانی خۆم دیوە، ڕەنگە کاک موعەمەریش ببینم، ڕەئیمان لەسەر؛ عێراق، ئێران، شەڕەکە مەسەلەی کوردستان یەکە، بۆ یارمەتی بڕیاریان داوە، ئومێدە بەو زووانە جێبەجێ بکرێت.

"سعد مجبرم" دیت قسەمان کرد و گوتی وا بکەن دکتۆر فوئاد زوو زوو سەرم بدات. تکایە خەبەری برایانی وڵات بدە، کە ئەوانیش ڕەئی خۆیان بنێرن، تا بزانین چۆن لە تارانەوە بچمەوە و چی بکەین، لە شامیشەوە پارەتان بۆ دەنێرین و ڕەنگە لێرەشەوە بۆتان بنێرم، دیارە پێش هاتنەوەشم خەبەردارتان دەکەم.

دەنگوباسی ئێرە ئەوەیە کە گوایا ٢٣ی ئەم مانگە "حدکا" کۆمار دادەنێت، من لە دووڕەوە پێم باش نییە، ئەمە یارییەکی دوژمنانەیە، بۆ گەلەکەمان خراپە، ڕەنگە دەستی سەدام و بەختیاری تێدا بێت، بە برادەرانی وڵات "م. س" بڵێ تا من دەگەڕێمەوە لایان هەڵوێست دەرنەکەن.

بۆ مەسەلەی "حشع"یش وا دیارە دوو سێ باڵن ناکۆکییەکەیان

زۆر دیار و ئاشـــکرایە، هیوادارم نەتەقێتەوە، بەڵام گومانم نییە کە کاک کەریم و کاک عەزیز و چەندانی تر دۆستی ئێمەن، بەڵام نازانم چەندیان پێ دەکرێت و دەستیان چەند دەڕوا؟

بۆ کردنەوەی ڕێگە هەوڵی زۆر بدە، چەکی زۆرباشـــمان پەیدا کردووە، شتی نوێ لەوانەی خەونمان پێوە دەدیت. کاک ساميیش لێرە هەڵوێستی زۆر باشە".

هەنگوین بە چەک

مام جەلال لە ڕۆژی ١٩٨١/٦/٣٠ نامەیەکی بۆ دکتۆر فؤاد نووسیوە، لەو نامەیە بە شانازییەوە نووسیویەتی:

"وەزعێکی زۆر لەبار و باش هاتووەتە پێش کە تێیدا ی. ن. ک نەک هەر ڕێبەری کوردایەتی بێت، بەڵکوو ببێتە هێزێکی زلیش لە ناوچەکە - چەک و پارەش دوو شـــەرتە زاتییەکەن بۆ ئەمە.

یان دەڵێن بە ئەرز و ئاسمان چەکەکانمان بۆ بگەیەنن سەقز. ئەگەر چەکی باشـمان هەبێت شـارەکانی قەڵادزە، ڕانیە، کۆیەش دەگرین".

پێی دەڵێت:

"بچۆ ســەر لیبییەکان و ســەریان کەچەڵ کە بۆ مانگانەکانی کە دەڵێن ناردراوە با نەفەوتێ، ئەگەر لەوێ "تاران" وەرناگیرێت،

حەوالّەی ئەلّەمانی بکەین بە ناوی دکتۆر کەمال فوئاد. بۆ کاک سەعدیش بروسکە لێدە لەسەر ئەو مەسەلەیە".

مام جەلال لە نامەکە جەختی زۆر لەسەر چەک و تەقەمەنی دەکات!

"بۆ سەفیری ئەلّەمانیش: داواکان بە تایبەتی "یارمەتییە" مالییەکە سوور بە لەسەری، دیارە بە نەقدی باشترە، ئەگەر لاساریان کرد، ئەوا سێی بە نەقدی بێت. دووەکەی تر -کۆت، دەرمان، ئۆتۆمبێل "پیکەب" و مستەشفا مەیدان و خواردەمەنیی قووتوو و چاپ بێت. سلاّوی زۆرم بۆ "ابو ایمن" لە ناوەڕۆکی نامەکانم ئاگاداری بکە نەختێ هەنگوینم بۆ ناردووە، تکایە بیدەرێ".

***

ئەوەی شیاوی باسە مام جەلال نامەیەکی تری بە هەمان مانا و داوا ناردووە، بڕگەیەکی زیاترە کە پێشمەرگەمان زۆر بووە، "چل موهەندیس و حەوت هەشت محامی هاتوونەتە ناو شۆڕش".

***

مام جەلال لە ڕۆژی ۱۹۸۱/۸/۲۳ نامەیەکی بۆ دکتۆر فؤاد معصوم نووسیوە. لەو نامەیەدا مام جەلال نووسیویەتی ئێرانییەکان داوا دەکەن ڕێگەی هاتنی چەک و فیشەک لە عێراقەوە بۆ کوردستانی ئێران بگرین، کە دیارە ئەمە بەتەنیا بە ئێمە و بەم

ئیمکانیاتەی ئێستە ناکرێت. دیارە ئێمە بە "شەریف"مان گوتبوو، کە ئەگەر چەکەکانمان پێ بگات، ئەوا ئێمە پاش گرتنی دەوروبەری خۆمان "ڕێگەش" دەگرین، بەڵام بۆ گرتنی ئەو ڕێگەیانە، نەک هەر چەکەکانی خۆمان دەبێ زوو بدەنێ، بەڵکوو دەبێ دێهاتی "مەرزیش" پڕ چەک بکرێن، جا ئێمە هەڵوێستمان دیارە ئێمە قەت و قەت شـــەڕی "حدکا" ناکەین و مبادیء "سەرەتاکانی- خۆمان قەت نافرۆشین".

***

بۆ ڕۆژی دوایی نامەیەکی تریناردووە، بە هەمان ناوەڕۆک و هەواڵ، بەڵام بە دارشـــتنی جیاوازەوە، داواش دەکات پاش هەفتەیەک بۆ کۆبوونەوە بگەڕێنەوە کوردســـتان. گلەیی لە ئێرانییەکان دەکات وەڵامی بڕووســـکەکانی نادەنەوە، ئەوەش مانایەکی "منفي"یە، بەڵام جاران وا نەبوون.

***

ناردنی نامەی زۆر و بەردەوامیش بیانووی هەبووە، چونکە نامەکان بە دەست هاتوون، لەناو شڕە جانتا و گیرفانەکاندا بوون! دڵنیابوونی ســـەلامەتییان زۆر نەبووە، زۆریان نەگەیشـــتوون و دواکەوتنیان زۆر بووە. نامەی گرنگ و بەپەلەش هەبووە لەسەر ســـنوور لە بارەگەیەک، لە گوندێکی دوور نووســـراوە، بەڵام ئەوەی نـامەکەی بردووە، نەیزانیوە کەی دەڕوات، درکی بەوە نەکردووە نـامەکە داوای چی کردووە، بۆ گرنگە؟! کـابرای تەتەر، نامەهەڵگرەکە چۆن دەڕوات لە ڕێگە چارەنووسی دەگاتە

کێ، له لایەن ڕەبیبەکانی ئێرانی و کۆنترۆڵەکان دەیانپشکنن، دەردەچن یان نا! لەو ڕێگە ترسناکەدا دەرباز دەبن، یان لەناو دەچن! ئیتر چوون و دەرچوون گرەنتیی سەلامەتی تێدا نەبووە، بێجگە له ترسی ژەنڕاڵی بەفر و سەرما و تەسلیمبوونەوە و پەشیمانبوونەوە، هەموو ئەوانە پۆستی ناو ئێران و نامەکانی دەگەنە سووریا و موخابەراتی ئەوان! دەستی ناپاک و چاودێریی زۆریان، وای کردووە، نامەکان ئاسان و باش نەگەن، بەڵام مام جەلال چارەی ئەوەشی کردووە، نامەی زۆر ناردووە، گوتوویەتی ئەوەش نەگاتە دەست دکتۆر فؤاد، یەکێکی تری بە دەست دەگات!

***

ئەو نامانەی کە له لایەن مام جەلالەوە نووسراون، بۆ کەسێک بووە له تاران بووە، کەسێکی نزیکی حیزب و حکوومەت و سوپای کۆماری ئیسلامی بووە! ئاسان هاتوچۆی زۆری لای ئەوان کردووە، سەرۆکایەتیی کۆمار و سوپای دیوە، لەگەڵ حیزبە شیعە عێراقییەکان پەیوەندیی خۆش بووە، لەو دەمانەش لەگەڵ سەفارەتی لیبی و سووری نزیک بووە، کەم و زۆر هاوکارییان کردووە.

نامەی سادە بوون بەڵام داوای دەستکەوتی گەورەی کردووە، بە دوو دێرە نووسینی کوردی، داوای تۆپ و چەک و زەخیرەی بۆ پێشمەرگە کردووە، داوای کردووە ئێرانییەکان چەکە زەوتکراوەکانیان بدەنەوە، کۆماری ئیسلامی بە دەستی

قوتابیان ٥٢ ئەمریکی بۆ ماوەی ٤٤٤ رۆژ لەناو سەفارەتەکەیان لە تاران گەمارۆ داوە، حیجزی کردوون، چۆن وا بە ئاسانی چەکی یەکێتیی نیشتمانی دەداتەوە، بوار دەدات بگەنە دەست پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، بەڵام ئەوان کۆڵیان نەداوە، بەردەوام پێداچوونەوە و لێپرسینەوەیان لەسەر کردوون و خەمیان بووە.

***

شەوی ١٩٨٢/٤/٩/٨

برا گیان کاک د، فوئاد

سڵاوێکی گەرم...

لە نامەکەم بوومەوە و هەندێ شتم بیر کەوتەوە؛

١- خەبەرەکەی لە د. ئەسڵەعییەوە وەرتانگرتبوو، دەبووایە بە کاک حازمدا بیگەیەنن شێرۆ. چەندی حازم بەهێز بێت، ئێمە بە هێز دەبین. کارمان باشتر دەڕوات، بە ڕاستی دۆستە. بۆیە هەرچی ترت بۆ هات لە ڕێگەی ئەوەوە بۆ خودی شێرۆی بنێرە.

٢- لێرە میزانییە داندراوە، بۆیە دەبێ سەرفیاتی دەرەوەش بە میزانییە بێت. جا بڕیانی دەرەوە، جگە لە میزانییە حەقی سەرفیاتیان نییە. تکایە ئەمە هەمووتان باش کاری پێ بکەن. چیتان پێویستە بە بڕووسکە داوای بکەن. یان بە نامە بۆ مەکتەبی مالی.

تکایە بۆ هەڤالانی ئەوروپاشی بنووسە، با میزانییەی خۆیان رێکخەن و بینێرن.

٣- لەگەڵ برایانی "جوقد" زۆر تەبا بن، زۆریش زوو هاتوچۆیان بکەن -تۆ خۆت لەگەڵ؟ بە ڕەسمی و زۆریش بە جیددی وەریبگرن. بە چوونە لایان، هاتنە لاتان، سەریان لێ بدەنەوە، بەڵام زۆر کەم بۆ کاری زۆر زۆر پێویست، خولاسە لەگەڵ جوقد زۆر گەرم کەنەوە.

٤- سەر لە ئەبوونەواف بدە، بڵێ ئەبووشەلال سلاوی زۆر و عیتابی زۆری هەیە لەسەر "الجبهة الفضفاضة العريضة المتحدة"!

٥- خۆشت لەگەڵ هەموو لایەک هەڵوێستی وڵات بنووسە، هەڵوێستی جوقد، نابێ موویێک فەرقتان هەبێت لەگەڵ هەڵوێستی جوقد.

ئیتر هەر بژی بۆ برای دڵسۆزتان

مام جەلال

***

١٩٨١/٧/١٠

برای خۆشەویستم کاک د. فوئادی بەڕێز

سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

شادی و سەرکەوتنتانم داوایە و ئێمەش باشین...

نامەکانت هەموویان گەیشتن، سوپاس، بەڵام دیسان تکام

وایە "کاکمانی" بیانووسن، بۆ ئەوەی لێرەشەوە ئێمە بەو جۆرە داوا و بریارەکانی خۆمان بگونجێنین.

بۆ مەسەلەی ئەڵمانییەکان، کاک ع. شێخموس وەرامتان دەداتەوە. وا منیش ئەوەی لەبیرمە دەیخەمەوە بەرچاوتان.

١- بۆ ناردنی چەک و کەلوپەلەکان، نابێ ماندوو یان بێزار بیت. داوای هەمووی بکە بە ئاسمان، یان بە زەوی بیانێرن. پێیان بڵێ فرسەتی زۆرمان لەدەست دەدەن بە دواخستنی ناردنیان -خزمەتی حوکمی سەدام دەکەن- بەڵێنەکانمان پێ نایەنە دی. شەڕمان پێ گەرم و فراوان و کاریگەر ناکرێ. ماوەی بیانوویان مەدە، وەختی خۆی لیستی چەکەکانی خۆمانمان پێ داوی، وا دیسان بۆت دەکەمەوە، تۆش چەندین نوسخەی لەسەر دەرکە و هەمیشە با پێت بن.

"عند الایجاب" لە کاکە شا بپرسە کە ڕەنگە لەگەڵ نامەکەم ئەویش بگات، دەنا بە تەلەفۆن لێی بپرسن.

ئەگەر خۆیان بە وەجبە ناردیان، باشە، بەڵام تۆ هەر سوور بە لەسەر ناردنی ئەوەکەی تریش، بە وەجبەیەک ناردن سارد مەبەوە، پێیان بڵێ ئەمە کارەکە ئەنجام نادات.

ئەگەر زانیت دوا دەکەوی داوای دیتنی تیمسار فەلاحی بکە و هەموو شتێکی بە دەرد و ئازارەوە بۆ بگێڕەوە دوای جیبەجێکردنی "فەوری"ی لێ بکەن.

٢- داوایان لێ بکە لە هی خۆیان گلولەی خومپارە "٦٠" ملم

و "۱۲۰" ملمان بدەنێ لەگەڵ گلولەی ئار پی جی ۷ و فیشەکی "ژ.۳" و برنۆ - و نارنجۆک ئەنداز، "کە ڕەنگە خۆیان پێی بڵێن "بازوکا"مان بدەنێ.

۳- سەری کاک سەعدیش کەچەڵکە بۆ مانگانەکان! من خۆشم نامەم بۆ ناردبوو، ئەگەر لە تاران وەرنەگیرا ئەوا بینێرن بۆ لای کاک د. کەمال فوئاد، نەک بۆ بەرلین، بەڵکوو بۆ ڕەقەمی بانکەکەی د، کەمال لە سویسرا کە پارەکەی لێ داناوە، بە تەلەفۆن لێی بپرسە کە هاتە سەر ناردن.

٤- بۆ پارە هێنان و بردن چارەمان کردووە، پیاوێک هەیە لێرە لە لای خۆمان دەماندات، خۆشی دەینرین بۆ لات، تۆ پارەکەی دەدەیتەوە، بە سیعری ڕۆژ لای تۆ. جا بە نامە و خەت و ئیمزای من، یان کاکە نەوشیروان مستەفا.

٥- بۆ کڕینی ئازووقە "۳-٥" هەزار کەس وەرەقە وەرگرە، هی شەکر، ئارد، ڕۆن، موعەلەبات، نەوت، بەنزین، قوماشی جلی پێشمەرگە. ئەگەر خۆیان بماندەنێ زۆر باشە "لە تیمسار داوا بکەن" ئەگەر نایدەن خۆمان دەیکڕین.

٦- بەم زووانە کاک موحەمەد تۆفیق دەنێرین، عەبدولڕەزاقیش ئیش پێ بکەن لە دەفتەرەکەمان -معاشێکی موناسیبی بۆ ئیقتیراح بکەن و لەگەڵی باس بکە- کاک موحسین بنێرنەوە -ئیشی سنە و سەقز و سەردەشت بەو دەکەین.

۷- لێژنەیەکی ڕێکخستن لە موحەمەد تۆفیق، عەبدولڕەزاق، خەلیل، دوو کوڕی باشی تریان دروست بکەن بۆ بەڕێوەبەرانی ڕێکخستنمان لەناو پەناهەندەکاندا.

٨- سەر لە حاجی عباس مەبڕن. کە جوابی دامەوە زوو بۆم بنێرن، باسی خراپە و هەڵەشەیی پاسۆکی بۆ بکەن، تاکوو یارمەتییان نەدات.

داوای ناردنی هێزەکانی خۆی بۆ لای خۆمان لێ بکەن، پێشی بڵێ چەندی چەک بنێرێت زەلامی دەست دەکەوێ. با مەرکەز ثوقلی خۆی بێنێتەوە ولآت سەربازی فیرار گەلێ زۆرە، بەشی هەموو لایەک دەکەن. لەوانەی خۆشمان -هینەکانی لای کزی و خوارەوە- تاقمێکی باشی بدەنێ، با چەکداریان کات و بیانێرێتەوە. با کاک خەلیل بە تایبەتی بەم کارە هەڵسێ بە زوویی- جەماعەتەکەی لای ئەیادیش با بچنەوە لای ئەبووئوسامە. بە ئەبووئوسامە بڵێ "حوسێن فەیلی" لەگەڵ ئیدریس و ئەوانە. ئەو ڕاستییە بە سەعدیش بڵێ. شتەکانی مەتار بە گشتی "ئمپلیفارەکە" بە تایبەتی زۆر پێویستن.

٩- تەلەفۆن بکە ڕائید عەزیزمان بەپەلە بۆ بنێرێ بۆ "م. ع" کەڵکی زۆری دەبێت. هەروەها بە برایانی ئەورووپاش بڵێ، ئەگەر ئەفسەری باش هەنە بیانێرنەوە.

١٠- برایان بە کاکم، د. کەمال، سەیدا تەیب، ئازاد خۆشناو با بێنەوە بۆ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی کە لە دەوروبەری ٨/١٠ دەبەستریت.

١١- هەوڵدە دەنگوباسی حازم و ئەوان و جوقد و شام و برایانی خۆمانی ئەورووپا بنێرن — وا بکە برایانی شام هەرچی کۆنە نامەی ئەورووپا و ئەمریکایان لایە بۆتانی بنێرن.

١٢- با هەرچی پارەمان هەیە لە شـام بینێرن بۆ لاتان، ئەوەی کاکە شا هینابووی لەگەڵ خۆی، ئەوەی پێشتر داینابوو بینیرێن، یارمەتیی سـێ مانگی خۆمان لە ٧/١ەوە هەموویان بە هەمان نەوع و هەمان شێوەی ناردن.

لای خۆت داینێ، بەو جۆرەی بۆت دەنووسین بۆمان خورد بکەنەوە و بۆمـان بنێرن یـان بیـدەن بەو پیـاوەی ئێمە نـامەی دەدەینێ.

ئیتر هەر بژی بۆ برای دڵسۆزتان

مام جەلال

***

١٩٨١/١١/٥

برای خۆشەویستم کاک د. فوئاد

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

شادی و سەرکەوتنتانم داوایە و ئێمەش باشین.

لە هەمـوو ڕووێکەوە وەزعـمـان بـاشـــە، هیـوادارم لە سـەفەرەکەتاندا سـەرکەوتوو بن. مەسـەلە گرنگەکان بەلای منەوە بریتیین لەمانەی خوارەوە:

١- پەیـداکردنی پـارەی زۆر بۆ چەک و تەقەمەنـی و پێویســـتییەکانی تر، واتە بۆ کڕینیان لە بـازاڕی ڕەش. بۆ ئەو مەبەســـتەش نامەم نووســـیوە بۆ "هاوێژ". دیارە دەبێ تەرکیزتان لەسەر ئەمە بێت لەوێ.

٢- دریژەدانیان "شـــیرۆ، هاویژ" بە هەوڵدان لەگەڵ هەینی بۆ ئەوەی وا بکرێ چەکەکانمان بدەنەوە.

٣- هەوڵدان بۆ ناســاندنی هەینی باشــتر بە هاویژ، کە ئەوانە تاقمی تەقییە و بەتەمای خواردنی وڵاتەکەی "عێراق" ئێمەن.

٤- دریژەدان بە تەقەڵا و هەوڵ لەگەڵ ئەلەمــانەکــان بۆ یارمەتییەکان -هەروەها لەگەڵ "ئیشتیراکی"یش.

٥- بووژاندنەوە و خســتنەگەڕی "جوقد" و هەوڵدان لەگەڵیان بۆ یارمەتیدانمان وەک داوامان کردووە.

٦- وەفدەکەتان زۆر گرنگە و بەتوانایە "ئەگەر د. نازمیش بــاش بوو بیخەنە گەل خۆتــان"، بۆیە دەبێ زۆر چــالاک و بەتەئســـیر بن- هەوڵــدەن بە هۆی "الاخ الرائــد"ەوە -ئەوەی مافوورەکەمان بۆ کڕی- ئەو "الاخ"ە ببینن.

٧- (عمر الحامدي) بە تایبەتی ببینن، زۆر زۆر ســڵاوی منی لێ بکەن، بڵێی دەبێ تۆ پشـــتیوانی ئێمەی زۆرمــان بۆ هەوڵ بدەیت.

٨- مف درۆیەکی گەورەیە بۆمان هەڵدەبەســـتڕێ، مومکین نییە ئێمە لەگەڵ ســـەدامی خوێنڕێژ لە شـــەڕ زیاتر چی دیکە بکەین.

٩- هەوڵدەن لەگەڵ (ابو النوف) باش و کاکمان "وضـــع"ی تێبگەینن بە تایبەتی هەڵوێستە غەڵەتەکانی حشع.

١٠- هەروەها لەگەڵ "عەبە ســوور" و ئەبوموحەمەدیش زۆر

زۆر خەریک بن -پێیان بڵێ "(قوي البنية) دەیگوت وام دەزانی به چەکی ئەوان شـــەڕ دەکەین، نەک چەکی ئەوانەمـان پێوه دەندرێت". زۆر گلەیی بکەن لێیان.

١١- دیاریی شـام "و ئەوەی پێت دەچێ" بەرە بۆ (د. سـالم) و دکتۆر (احمد السـويسـي) و (الاخ العميد) -هی ئەو بدەن به د. سالم و پێشی بڵێ "مافوورەکه" ئامادەیه و چۆنی بێرین؟

ئێتر خۆم و "خوشـک" سـلاّومان هەیه بۆ مادامتان و چاوی منداڵان ماچ دەکەین.

برای دڵسۆزتان

مام جەلال

***

١٩٨١/٧/٤

برای خۆشەویستم کاک فوئاد

سلاّوێکی شۆڕشگێڕانه

شادی و سەرکەوتنتانم داوایه و ئێمەش باشین...

خۆزیا بۆ چەند ڕۆژێکیش با لێرە دەبوویت، به چاوی خۆت وەزعەکەت دەدیت که چەنده لەبار و باشـه، چەنده ئامادەیه بۆ گەشەکردن و سەرکەوتنی شۆڕش.

لە هەموو لایەکەوە جەماهیر ڕووی لێمانە، بە دەیان هەزار کەس ئامادەی چەکهەڵگرتنە!

هەموو هەرێمەکان لە گەشەکردنە: تەنانەت هەرێمی "٨" کە ئەو هەموو بەزمەی بەسەرهات، دوێنێ بە ڕێمان کردنەوە بە زابتێکی عەسکەری و معاونێکی پۆلیس و دوو مفەوەزەوە "تازە هاتوون نزیکەی "١٨٧" کەس، جگە لەوەی کە نزیکەی ٦٠-٧٠ کۆییش لە بارەگای "م. س" ماونەتەوە! ئەنجا بزانە وەزع چییە -لە مانگی ڕابوردوودا لە بەری مەرگە نزیکەی ٧٠ کەس بە چەکی خۆیانەوە هاتوون! سەدانی تری بێ چەکیش ئامادە و سازن...

جا کاکە گیان ئەگەر هیممەت نەکەین، هەموو ڕجا، واستە، کون و قوژبن و دۆست و ناسیاوێک نەخەینە گەڕ چەکمان پێ ناگات، بێ چەکییش ئەو هەڵچوونە جەماهیرییە زۆر و زەبەندە ناقۆزرێتەوە... سەیرە خەڵکەکە "زۆربەی هەر زۆری" چەکی "ی. ن. ک"یش نەبێت نایەوێت. بە ڕاستی کاک فوئاد ڕێکخستن سەیر پەڕەی سەندووە و گەشەی کردووە، خەتەکەی لای د. خدر ئێستە بەشی حیزبێکی موناسیبە، هەموو ئەو قسانەم بۆ ئەوەیە بیخەمە پێش چاوت کە هەموومان مەسئوولییەتێکی مێژوویی گەورەمان لە ئەستۆیە، ئەگەر پێی هەڵنەستین تاوانبار دەبین و دەبینە هۆی سەرنەکەوتن.

بۆیە تکایە زۆر زۆر زۆر هیممەت، هەوڵ، تکا، قڕە، واسیتە، ڕجا، هەرچی دەکرێ بکەن بۆ ئەوەی چەکەکانمان پێ بگات.

ئەو نامانەش بە هۆی "ئەبووئەیمەن"ەوە بەپەلە بنێرن بۆ شام -

یان بە هۆی یەکێکی باوەڕپێکراوی ئەبووئوسامە- ئەگەر بۆمان دەکات.

ئیتر هەر بژی بۆ برای دڵسۆزتان مام جەلال

نامەکەی بە شێخ دارادا ناردووتە نەگەیشتووە! شێخ دارا نەهاتووەتە لامان، ڕەنگە چوویێتەوە لای بلە بۆ دانان و دامەزراندنی مالّ و منالّەکەی.

٤

تاکە پەیوەندییەکانیان بە نامە بووە

پاریس

١٩٧٨/٦/٢

هەڤاڵانی کارگێڕی لیژنەی سەرکردایەتیی دەرەوەی وڵات سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم...

نووسراوەکەی د. فؤاد بە کاک حەمید دەرویشدا نووسیبووی، لەگەڵ پارە و نووسراوەکانی وڵات و ڕۆژنامەکانی "المنار"، شتەکانی ترم هەموو بە دەست گەیشت... لەسەر داواکەی ئێوە هاتمە ئێرە و هەر ئەو ڕۆژەش کاک حەمید و کاک شەمسەدین گەیشتن.

باش بوو تەلەفۆنەکەتان بۆ کاک د. کمال فؤاد کردبوو کە سەفەرەکەم دوابخەم، ئەگینا هەفتەیەک پێشتر دەهاتم. ئێمە ڕۆژی ١٩٧٨/٥/٢٩ گەیشتینە ئێرە، ئیمڕۆش ئیشەکانمان تەواو کرد، وا کاک حەمید گەڕایەوە، منیش لەگەڵ کاک شەمسەدین ماینەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ د. عەبدولڕەحمان و برادەرێکی تورکیا لێرەیە ببینین، کە ئەندامی "ئوزگورلک یولوو"ە، بۆ مەسەلەکە قسەی لەگەڵ بکەین. کاک حەمید بە دریژی باستان بۆ ئەکات. گفتوگۆیەکیشم بۆ ئیشەکەی بۆی هاتبووین، بەم شێوەیە بڕایەوە کە لە خوارەوە باستان بۆ ئەکەم:

١- لە پێشەوە د. عەبدولڕەحمان وێستی بزانێ، کە تا ئێستا لێژنەی ئامادەکردن چی کردووە، ج بەم بۆنەیەوە نوێنەرەکەی لێژنەی ئامادەکردن بە دووروودرێژی باسی بۆ کرد، ئەوانیش وتیان دەبووایە، تا ئێستا ڕەئی هەموو پارتییەکان لەسەر باسەکەی "ستراتیژی" بزانرایە، لەگەڵ ڕەئی و پێشنیازی تریان، بۆ ئەوەی ئەوانەی لە کۆبوونەوەکە ئامادە دەبن، بە ئاگاداری و بڕیاری تەواو بین.

بۆیە بڕیارمان دا لە ماوەی مانگ و نیوێکدا، لە ئیعتیباری یەکی ئەم مانگەوە، ئەو ئیشە بکرێت. بۆیە بە پێویستی ئەزانم، کە ئێوە زوو مەشرووعەکە بە تەواوی بۆ "س" بنێرن، تا زوو دیراسەی بکەن، ڕەئی خۆشیان لەسەری بنێرن، لەگەڵ هەر پێشنیازێکی تر هەیانە، پێش ئەو ماوەیە بگاتە دەستمان. وا دیار بوو، کە هەڵگری نووسراو ڕەئی خۆیان تەسبیت کردووە، هەر ڕەئی ئێمە و برایانی تورکیا ماوە. بە ڕاستی دەبووایە، ئێمە لە کۆبوونەوەکەی "لەندەن"ماندا، دیراسەیەکی تەواوی ئەو مەشرووعەمان بکردایە، ڕەئی خۆمان لەسەر بدابایە.

٢- لەپاش باسی ئیشوکارەکانی لێژنەی ئامادەکردن، داوایان کرد کە کاک شەمسەدین، بە بۆنەی ئەوەی کە تازە لە وڵات گەڕاوەتەوە، هەندێ وەزعی وڵات و پێشمەرگە و ئیشوکاریان بۆ بگێڕێتەوە، ئەویش ئەوەی بە پێویست زانی بۆی گێڕانەوە، پرسیارەکانیش وەڵام درانەوە.

٣- ئینجا هاتینە سەر باسی سەڵاح و د. عەبدولڕەحمان، وتی:

من نەموتووە کە ئەگەر سەلاّح بانگ نەکرێت، ئێمە ئامادە نابین، بەڵکوو وتوومە؛ ئێمە ئەبێ ئەساسێکی باش و کۆنکریتی بۆ ئیشەکەمان دابنێین، لەبەر ئەو چەند لایەک بانگ نەکرێت. ئەنجا لێرەوە کەوتینە ناو باسەکە، بێگومان مەوزووعەکە زۆر دوورودرێژی خایاند، کە پێویست ناکات، هەمووتان بۆ بنووسم و هەڵگری نامە دەتوانێ، هەمووتان بۆ بگێڕێتەوە، تەنیا ئەوەندە ئەڵێم، کە من وتم؛ ئەم کابرایە وەکوو ئەوانە نییە، چونکە ئەوانە جەماعەتی وەتەنین، بەڵام سەلاّح بەلای ئێمەوە جاسووسی عێراقە و پارە لە عێراق وەردەگرێت، بۆ ئەوان ئیش دەکات، ئەگەر دەعوەت بکرێت، هەرچی هەبێت ئەچێ لە کۆشی عێراق ئەکات.

واتە ئەبێت چاوی عێراق لەناو ئیشوکارەکانماندا، ڕابردووی ئەو کابرایەش ئیسپاتی ئەوە ئەکات، ئەگینا ئێمە هیچمان بەرامبەر ئەو شەخسە نییە، ئەوانیش دوای ئەوەیان کرد، کە چۆن ئیسپاتی ئەوە ئەکەین کە جاسووسە، منیش باسی عیلاقەیم لەگەڵ عێراق کرد، لە وەرامدا وتی ئەمە دەلیل نییە، منیش وتم:

باشە خۆ من لەگەڵی نەبووم، کە معاشی جاسووسی لە عێراق وەرگرتووە، بەڵام ئەم کابرایە کە بۆ عێراق ئیش دەکات، تەئیدی ئەوی کردووە، تا ئێستەیش هەر وایە و دژی شۆڕش ڕاوەستاوە، ئەو ڕابتەیە بە غەیری بۆ پارە نەبێت، هیچی تر نییە، چونکە ئەو کابرایە هیچ پەیوەندییەکی تری بە عێراقەوە نییە، زۆر شتی تریشم باس کرد، کاک حەمیدیش لەم ڕووەوە قسەی زۆر کرد، بەڵام بێسوود بوو.

که له کاک شەمسەدینم پرسی وتی:

به ڕەئی من، ئەو کابرایە جاسووس نییە، بەڵام با بزانین ئەو برادەرانە دەلیلیان چییە؟

که لێم پرسی باشە ڕەئیت چییە؟ ئەو پیاوە بانگ بکرێت یان نا، وتی با جارێ بزانم ئێوە دەلیلەکانتان لەسەری چییە، ئەنجا من ڕەئی خۆم دەدەم. خولاسە ئەویش وەک د. عەبدولڕەحمان قسەی دەکرد، لە پاشانا کە لە دەرەوەی کۆبوونەوەکە گلەییم لێ کرد، لەبەردەمی کاک حەمید گوتی:

نەخێر وام نەوتووە، بەڵکوو وتوومە، من ناپناسم، بۆیە ناتوانم بڵێم جاسووسە، یان لە کۆبوونەوەکەی دواییشدا، ئەم ئیزاحەی داوە.

بە ڕاستی برادەران ئەم جەماعەتە موشکیلەن، بە دەستی خۆمان موشکیلە بۆ خۆمان پەیدا دەکەین، هیچ گومانم نییە کە لە دواییدا ئەمان "لیژنەی تەحزیری"، دەبنە گەورەترین کۆسپ لەبەردەم ئێمە. لە دواییدا من لە "د. عەبدولڕەحمان"م پرسی؛ ئایا ئێوە زامن دەبن، کە ئەو کابرایە دەنگوباسەکان نەداتە حکوومەتی عێراق، هەر زوو وتی؛ نەخێر ئێمە زامن نابین. خولاسە لەپاش چەندوچوونییەکی دوو سێی ڕۆژی، من ئیقتیراحم کرد، کە ئەو مەوزووعە بدەینە دەست کۆنگرەکە، چی بڕیار دا وەها بکەین، بەو شێوەیە بڕیمانەوە.

٤- لە پاشانا ئەوان "واتە د. عەبدولڕەحمان" مەوزووعی "عیسمەت و شێخ باقی"ی هێنایە گۆڕێ، کە ئەوانە هەق نەبوو

دەعوەت بکرێن، بە تایبەتی کە ئەوانە، هەر خۆیانن و "عیسمەت"یش خۆی چووە، هەر ڕۆژی یەکەمی دوای کۆبوونەوەکە، قسەی بۆ سەلاّح کردووە، خۆی پێوە هەلّگێشاوە، کە لە کاتێکا بڕیار درابوو، بە کەس نەگوترێ.

منیش وتم با لێژنەیەکی تەحقیقی بۆ دابنێین، ئەگەر ڕاست بوو ئەو مەوزوعەی بە سەلاّح، یان بە هەر کەسێکی دیکەی وتبوو، ئەوا هەق وایە سزا بدرێ.

ئەوانیش وتیان ڕاستتر کاک حەمید وتی؛ من لەگەلّ کاک د. فؤاد ئەم مەوزووعەم باس کرد، ئەو خۆی واتە د. فؤاد پێی وتم؛ کە عیسمەت خۆی بە منی وتووە، بە سەلاّحی وتووە.

جا من هیچ قسەم نەما و ڕۆیشتم، محاوەلەم کرد، کە حەقی دیفاع بە سەلاّح بدرێ، ئایا ئەو بابەتە دیفاعی چییە، کەچی هیچ فایدەی نەبوو، چونکە هەموویان وتیان ڕەئی د. فؤاد کافییە، بۆیە بڕیارمان دا دووبارە لە کاک د. فؤاد پرسیار بکرێتەوە، ئایا عیسمەت شتی وەهای پێ وتووە، یان نا!

ئەگەر کاک د. فؤاد تەئیدی قسەکەی کاک حەمیدی کرد، ئەوا بانگ نەکرێتەوە. بە ڕاستی ئەو جەماعەتە موشکیلەن، بوونەتە بار بەسەر شانی ئێمەوە، زۆر دەمکورتیان کردووین، هەروەها زۆر ئیحراجمان ئەکەن، هەرچەندە مەبەستی د. عەبدولڕەحمان، ئەوەیە کە دەنگی ئێمە لە کۆنگرە کەم بکاتەوە، حەمیدیش دەیەوێ هەر خۆیان نوێنەری کوردی سووریا بن، بیکەنە دیعایە بۆ خۆیان، زۆر هەوڵی دا، ئەوانیش

بانگ نەکرێن، چونکە دەیوت؛ ئەوانە کەسیان نییە و عیسمەت دەمیشی بدووریت، هەر قسە ئەکات و... هتد

٥- بۆ جەماعەتەکەی "شێخ باقی"یش "کاک حەمید و شەمسەدین"یش هەردوولا تەئکیدیان لەسەر ئەوە کرد، کە ئەوان وتوویانە؛ ئێمە مومکین نییە، هێرش ببەینە سەر بارزانی، هەروەها لە خیلافی بەینی "ی. ن. ک" و "ق. م" ئێمە بێ تەرەفین، کە بە ڕاستی ئەوە لەگەڵ خەتەکەی ئێمە، واتە کۆنگرەکە ناگونجێت، د. عەبدولڕەحمان وتی؛ ئێمە شەرتمان ئەوەیە، کە ئەو پارتییانەی لەم کۆنگرەیە بەشدار دەبن، شەڕی بارزانی "ق. م" بکەن.

بە ڕاستییش ئەگەر ئەوانە ڕەئیان وەها بێت، هیچ هەق نییە بانگ بکرێن، بۆیە برِیارمان دا کە لێژنەی ئامادەکردن بانگی شێخ باقی بکات و لێی بپرسێت، کە ئامادەن شەڕی بارزانی "ق. م" بکەن یان نا؟ ئەگەر نایکەن، ئەوا بانگ نەکرێن، پێشی بوترێت، بە شێوەیەکی مەعقوول کە ئەو فیکرەی کۆبوونەوەیەمان لەغوو کرد.

٦- ئەمە بوو ئەنجامی کۆبوونەوەکەی "پاریس"مان، دەشتوانن تەفسیلەکەی لە هەڵگری نامە بپرسن.

***

خولاسەی ڕەئیم لەم کۆبوونەوەیەدا:

١- ح. د. ک دەیانەوێ، دەنگی ئێمە لە کۆبوونەوەکە، کەم

بکەنەوە و هی خۆیان زیاد بکەن، چونکە دەیانزانی کە ئێمە موعاریزی هاتنی "سەلاّح"ین، یەکسەر دەیگوت بۆچی لە سووریا سێ جەماعەت بین، منیش پێم وت؛ دەزانم تۆ مەبەستت چییە، چونکە تەناقوز لە ڕەئییەکەت هەیە، تۆ لە لایەکا ئەڵێی بۆچی سێ جەماعەت لە سووریا بێن، کەچی ئاگات لەوە نییە، کە تۆ ئەتەوێت بیانکەیت بە چوار جەماعەت، ئەویش شڵەژا و وتی؛ ئاخر نامەوێ فەرق و جیاوازی هەبێت.

ب - ڕەئی شەمسەدین بۆ هاتن و نەهاتنی سەلاّح ئەنجامەکەی هەروەکوو ڕەئی "ح. د. ک" بوو، چونکە تەئکیدی لەسەر خراپەی سەلاّح نەدەکرد.

ج - "حەمید و شەمسەدین"یش لە مەوزووعی عیسمەت و شێخ باقی، نەک هەر یارمەتییان نەدام، بەڵکوو دژی من و ڕەئییەکانی من بوون، ڕەئیان لەگەڵ ڕەئی د. عەبدولڕەحمان یەک خستبوو کە نەیەن.

د- ئەنجامی ئەو ئیشەمان ڕووناک نابینم، چونکە هەر لە ئێستەوە "ح. د. ک" مەشاکیل و عەراقیل دەخاتە پێش.

ه- بە ڕاستی ئەو کوردانەی غەیرە عێراقی، حەساسییەت و حەسادەتێکی زۆریان بەرامبەر بە کوردی عێراقی هەیە.

و- هەر وەکوو خۆتان نووسیبووتان، کە ئەو ئیشە، بە تایبەتی لەو زوروفە ناسکەی کە ئێستەی میللەتی کورد پێدا دەڕوات، زۆر گرنگە، بۆیە بە ڕاستی لەسەر هاتن و نەهاتنی جەماعەتی عیسمەت و شێخ باقی هەق نییە، ئەو ئیشە موهیمە تێک بدرێ،

بە تایبەتی ئەگەر ئەو قسانەی بەرامبەریان کراوە ڕاست بێت.

ز- ڕۆژی کۆنگرەکە هەڵگری نووسراو پێتان دەڵێت.

ح- بڕیارمان دا کە مەسـرەفی مهیممەی لیژنەی ئامادەکردن، تا کۆبوونەوەکە کە تەقدیر کرا بە پێنج هەزار لیرەی سـووری، ئێمە بیدەین، لە پاشـانا هەر تەرەفە و بەشـی خۆی ڕەد بکاتەوە. بۆیە تکایە ئەگەر داوای مەسرەفیان کرد پێیان بدەن.

***

هەندێ ڕەئی و مولاحەزات و دەنگوباسی تری خۆمان:

١- هەرچی نـاردووتـانە بۆ هەڤـاڵان هۆمەر و فەریـد و عەبدولڕەزاقی دەنێرم.

٢- نەدەبوو باسـی کاغەزەکەی مام، بۆ من لای شـەمسـەدین باس بکەن.

٣- شـەمسـەدین پیشـانی دا کە زانیویەتی لە کۆبوونەوەکەی لەندەندا کاک سـالار گوایە بە تونـدی قسـەی لەگەڵ من کردووە. بەڵای من، ئەبێ تەحقیق بکەن، بزانن کێ قسـەی وای لا کردووە و سزا بدرێت.

٤- بۆ گەڕانەوەی خۆم، هەر کـاتێ دکتۆر ئیزنی دام دەگەڕێمەوە.

٥- بۆ بەیانەکەی چلەی شـەهید سـەعدی، منیش ڕەئیم وەک ڕەئیی ئێوەیە، کە تێکەڵاو کراوە، بەڵام ئەوە تێپەڕ یووە و بڵاو کراوەتەوە.

٦- منیش وەکوو ئێوە، نازانم کاک عەبدولڕەزاق چی کردووە و چی دەکات؟! بە ڕاستی ئەو برایە بێ تامی کردووە. ئەوەتەی کاک د. فؤاد لە سەفەرەکەی دووەمی گەڕاوەتەوە تا ئێستا یەک جارم دیوە. تەلەفؤنیش لەپێش گەڕانەوەی د. فؤاد بۆ بەرلین لە سەفەرەکەیدا بۆ کردووم و بەس.

***

پاش تەلەفؤنەکەی بە بیست ڕۆژ، ئەنجا بە شەرمەزاریيەکەوە، جارێک هاتە لام و هەر ئەو کاتەیش د. لەتیف هات، بڕیارمان دا کە بۆ چارەسەرکردنی وەزعی یەکێتی، کۆبوونەوەیەک لە لەندەن بکەین، بانگی ئەندامەکان بکەین، هەموو لایەک چارەیەکی وەزعەکە بکەین، کات و شوێنمان دانا، کەچی نەک ئەو هەر نەهات، بەڵکوو تەلەفونێکیشی نەکرد، کە ئیعتیزار بهێنێتەوە، تا ئێستاش کە ئەوا پازدە ڕۆژ زیاتر ئەبێت، تەلەفۆنێکی بۆ نەکردم. ئێمەش کۆ بوونەوە و دەعوەتی هەشت برادەرمان کردبوو، جگە لە من، چواریان هاتن، د. فازیل وتبووی خەفەرم و نەهاتبوو، هەڵۆش سەفەری کردبوو، "د. سەرچل"یش خەبەرەکەی درەنگ پێ گەیشتبوو، عەبدولڕەزاقیش نەهاتبوو.

تەسەورکە، لە "سەرچڵ" ئێوارەی کۆبوونەوەکەمان لە شارێکی دووری لەندەن، تەلەفۆنی بۆ کردین، ئیعتزاری هێنایەوە، کە تازە کاغەزەکەمانی پێ گەیشتووە، کەچی ئەو تا ئێستا هەر بە خەبەر نەهاتووە.

بۆیە بە ڕاستی هەقە چارەیەکی ئەو برادەرە بکەن، چونکە هەر بە تەواوی شەرمەزاری کردووین، هیچ موبەریری بە لای منەوە لە لەندەن نەماوە، بۆیە بە ڕەئی من، بانگی بکەنەوە و بینێرنەوە وڵات، لەگەڵ برادەران بێت، بەڵکوو لەناوخۆیانا ئەیگرن و هەندێ ئیشی پێ دەکەن، ئەگینا هیچ چارەی نییە، ئێستەش بۆتە بیانگەی ئەو برادەرە، ئیشنەکەرانەمان و ئەڵێن:

ئێوە خۆتان قیادەی موحتەریفتان لێرە هەیە، بۆچی گلەیی ئیشنەکردن لە ئێمە دەکەن؟!

"کلمة حق یراد بها الباطل"ە، ئێمە لیژنەیەکمان بۆ ڕێکخراوی لەندەن دانا، کە بریتییە لە: "کاک لەتیف - مەسئوول، موحەمەد تۆفیق، حەمەسالح". پلانمان دانا کە چۆن ئیش بکەن، هەروەها میزانییەیەکیشمان بۆ ڕێک خستن و هیوادارم لەمەودوا ئیشوکاریان باشتر بڕوات، منیش تا لەوێ بم یارمەتییان ئەدەم.

٧- منیش ڕەئیم وایە، کە هەق نییە برادەرانی ئەوروپا، لەسەر قسەی خەڵکی کە بەبێ مەعلوومات ڕەسمی ناوخۆمان، دەنگوباس بڵاو بکەنەوە، چونکە نەک هەر غەڵەتە، بەڵکوو مەشاکیلیشمان بۆ پەیدا دەکات، وەکوو خەبەری ئیعدامکردنەکەی ئەو تاوانبارانەی کە دوو ئەندامە کادیرەکەی "ح. د. ک"یان داوەتەوە ئێران.

بەپێی قسەی شەمسەدین، کە بۆی گێڕاینەوە، کەس لەسەر ئەو ڕووداوە ئیعدام نەکراوە، چونکە فاعیلە ئەسڵییەکە کە "قادر" ناوەکەیە، چووەتەوە ئێران، ئەوا لەگەڵ سازمان ئیش دەکات، بابەکەشی هیچ ناوی نەهاتووە، لەگەڵیش نەبووە و سێ

پێشـــمەرگەکەش کە لەگەڵ قـادرە کە گرتوویـانن، وەکوو شـــەمســـەدین دەڵێ ئیعترافیان کردووە، کە لە نیوەی ڕێگادا، زانیویانە تەســلیمی ئێران دەکرێنەوە، وتووشـیانە کە گیراوەکان پێیان وتووین؛ ئێمە ئەندامی حیزبی دیموکراتین، ئەگەر تەســلیم بکرێینەوە ئیعدام دەکرێین و... هتد.

هەر فایدەی نەبووە، ئا ئەوانەش هەر چەک کراون، هیچی تریان لەگەڵ نەکراوە. جا برادەرانی پێویســتە بە شــێوەیەک لە "الشرارة" یان ڕۆژنامەی ئەوروپا تا لە چارەیەکی باشی مەوزووعە و تەکزیبی ئەو خەبەرە بکەن، ئەگینا ئێمە ناچارین، لەم ڕووەوە شتێک بنووسین.

جا بە ڕەئی من هەق وایە ئەم جارە لە ژمارەی ئەم دواییەی ڕۆژنامەکەی ئەوروپامان، چارەیەکی ئەو مەوزووعە، ئەو خەبەرە بکەین، ماددەی گلەییان نەهێڵین.

٨- بۆ مەسـەلەی ناردنی برادەرانی بەعسـی قوتری عێراقی بۆ لای هەڤـاڵانی وڵات، دوابخرێن، تـا چـارەی بـادینـان ئەکەن، جێگیر ئەبن لەوێ، ئەنجا بیانێرن، ئەگینا ڕەنگە ئەگەر بێردرێنە لای مام جەلال، تووشـــی ناڕەحەتییەکی زۆر ببن، لە ڕێگا و مەشـاکیلی زۆریان بۆ پەیدا ببێت، ئەگەر دەشـزانن بە سـەلامەتی دەگەن، یان کاک عەلی و د. خالید، ئەوا بیانێرن.

ئیتر بۆ پێشەوە

هەڤاڵتان

ئیمزا

٩ - دەمەوێ ئاگادارتان بکەم، کە گلەییەکی زۆر زۆری تریشم لە کاک عەبدولڕەزاق و کاک سالار هەیە، چونکە کۆبوونەوەیەکی دووەمی لەندەنمان کۆتایی پێ هێنا، کاک هۆمەر و کاک د. فؤاد گەڕانەوە و بڕیارمان دا کە د. کمال بڕیارەکانمان بنووسێتەوە، لە ڕۆژی سێشەممەی پێش گەڕانەوەکەی کاک د. کمال، کە پێنجشەممەکەی ئەو هەفتەیە دەگەڕایەوە بەرلین- کۆ ببینەوە، تەماشا بکەین و بیخوێنینەوە، ئەگەر کەم و زیادیەکی هەبوو، بیکەین پاشانا بلاّوبکرێتەوە، کەچی نەک ئەو ڕۆژە نەهاتن، بەڵکوو تا د. کمال لەوێ بوو، نە چوونە لای و نە تەلەفۆنیان لەگەڵ کرد. ناچار من و ئەو کۆ بووینەوە و تەماشامان کرد، بە ڕەئی من هەندێ تەعدیلاتی بچووکی پێویست کردمان، ئەوا بە هەڵگری نووسراودا وێنەیەکم بۆ ناردن.

- قەولیش وەهابوو، کە پێش ئەوەی کاک سالار بگەڕێتەوە، بە چەند ڕۆژێک ئاگادارم بکەن، تا منیش کاغەزەکان ئامادە بکەم بۆ ولاّت بیبات، بە تایبەتی بە کاک عەبدولڕەزاقم دەوت، کە ئەبێ دوو سێ ڕۆژ پێش گەڕانەوەی کاک..... ئاگادارم هەر بکەن، کەچی کاک سالار لەو ڕۆژەوە، کە کۆبوونەوەی دووەممان کۆتایی پێ هێنا، تا ئەو ڕۆژەی گەڕایەوە لە مەتار خواحافیزیی لێ کردم، هەر تەلەفۆنێکی بۆ نەکردم، کە گلەییم لێ کرد، وتی؛ ڕەخنە لە خۆم دەگرم؟!

کاک "عەبدولڕەزاق"یش، هەموو ئامادەییەی باسم کرد، تەنیا ڕۆژی پێنجشەممەکەی کە کاک..... دەگەڕایەوە دەوری سعات

یازدەی بەیانی تەلەفۆنی بۆ کردم، ژمارەی ژوور و تەلەفۆنەکەی..... پرسیم کە گوایە تەلەفۆنی بۆ ئەکەن، ئەگەر لەوێ بن ئەچنە لای، منیش گلەیی زۆرم لێ کردن..... کە شوێنی داندراودا، زۆر چاوەڕێی کردوون و نەچوون، ڕەنگە لەم وەختەش لەوێ نەبێت، ئەوە بوو هەر نەچووبوون چونکە ڕەنگ بێت، لەوێ نەبووبێت، هەر ئەو وەختەش لێم دووپات کردەوە، کە ئەگەر .....

.....

..... هەر ئاگادارم بکەن، تا نووسراوەکانم بۆ ولاّت ئامادە بکەم.

***

نامەکە دریژە، کۆنە، لە ڕۆژگاری خۆی گرنگ بووە، لەنزیکەوە پەیوەندیی بە کار و زانینی دکتۆر فؤاد معصومەوە هەبووە، ئاگاداری وردەکارییەکان بووە، بەویش چارەسەریان پێ کراوە، بۆیە بلاّوی دەکەینەوە! نووسەرەکەی یەکێکە بووە لە دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان.

نامەیەکی حیزبییە، باس لە وردەکارییەکانی حیزبەکە، بەشداربوونی کەسەکانی ناو کۆبوونەوەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دەکات، چۆن ئەندامەکانی، هەر چوار پارچەی کوردستانی تێدایە، ناوەکانی ناو نامەکە زۆرن! ڕووداو و ڕوونکردنەوەکان ماوەیەکی زۆریان بەسەردا ڕۆیشتووە، تێپەڕیوە، ئاماژەیەکە بە ململانێ و ڕاستییەکانی ئەو دەمانە هەبووە، لەم

کتێبە جێگەی بڵاوکردنەوە و ئاشکرابوونی بە پێویست زانراوە!

***

برای بەڕێز و خۆشەویستم کاکە د. فؤاد

هەموو کاتێکتان باش...

زۆر بە گەرمی هەواڵتان دەپرسم، هیودارم هەمیشە لە خۆشی و سەرکەوتندا بن. نووسراوەکەتم وەرگرت زۆر سوپاس، هەروەها لیموندزییەکەش.

ڕەئییەکەتان لەسەر نەناردنی مەسرەفی نەخۆشییەکەم، شەتری دووەم، منیش موافقم و بە ڕاستی بەتەما بووم، هەر ئەوساکە وتت حەواڵەی دیمەشق کراوەتەوە، پێت بڵێم، لێی بگەڕێ و باسی مەکە، بەڵام ترسام ئەگەر وا بڵێم تەسەور بکەیت کە عاجز بووم، بۆیە بێدەنگ بووم، بە شەرەفم ئەگەر ناردباشتان دەمناردەوە، بەڵام ئەوەی دەڵێن؛ کە مەسرەفی دیمەشقم بۆ سەرف کراوە و منیش لە لەندەن بووم، بۆیە با ئەو زیادەیە بەبەر ئەو مەسرەفە بکەوێت، ئەوە هیچ ڕاست نییە، ئەگەرچی بڕیارم دابوو، تازە جارێکی تر ئەو مەوزووعە باس نەکەمەوە و زۆریشم پێ عەیبە کە ئێوەش "واتە برادەران هەموتان"، هێندە لەو وەتەرە ئەدەنەوە، بۆ جاری ئەخیر ئەڵێم و لەم مەوزووعە ئەدوێمەوە، کە ئەبێ بزانن، کە من خۆم مەسرەفم لە لەندەن چۆنە، هەر تەماشای مەسرەفی هاتوچوون بکەن بەسە، دووەمیش ئەبێ بزانن کەوا بەبەرچاوی خۆتانەوە و بە ئاگاداریی تۆ، مانگی

هەزار لیرە دەدەم بە کرێی خانوو، جگە لە ئاو و کارەبا، واتە لەو ۹۰۰ لیرەیەی کە پێم ئەدەن ۲۰۰ی دەخەمە سەر کرێ خانوو کە دەمێنێتەوە ۷۰۰ لیرە، لەو ۷۰۰ لیرەیەش ۲۵۰ لیرە هی خۆمە، چونکە ئێوە هی هەردوو منداڵەکەم و دایکیان بە من ئەدەن. کەواتە هەموو زیادەکەی کە ئێوە بە من ئەدەن ٤٥٠ لیرەیە، جا ئایا من لێرە مانگی ئەوەندەم نەخواردووە؟

***

بۆ چارەی مەسرەفەکەی "پاریس"یشم، هەر ئەوەندەت بۆ دەنووسم، کە من بە بیتاقە و مەسرەفی ڤیزەکان و هاتووچوون نزیکەی ۱۰۰ پاوەنم چووە، چونکە هەر بیتاقەکەی هاتووچوونم بە ۷۸ پاوەن کڕی و لێرە لە هوتێلیشم، کاک ئەحمەد بامەڕنی و کاک د. عەبدولڕەحمان بۆیان گرتووین، شەوی بە ۱۲۷ فرەنکە کە دەکاتە ١٦ پاوەند، کەوا دیارە بە هەموو حاڵێک هەفتەیەکم پێ دەچێت، چونکە ئەوا چوار شەوە ئیشمان تەواو نەبووە، ئەو کابرایەش کە چاوەڕێی دەکەین، لە دەرەوەی پاریسە، قەولە ڕۆژی یەکشەممە بێتەوە کە ئەو ۷ شەوەش، هەر پارەی هوتێلەکە دەکاتە "١٦ جاران ۷ = ۱۱۲" پاوەند. ئەمە جگە لە خواردن و مەسرەفی هاتووچوون. جا لێرەدا هەر هێندە دەڵێم کە ئومێد دەکەم بەرامبەر هەموو لایەکمان ئاوا ورد و بە دیقەت بن؟!

بۆیە کە هاتمەوە حەز دەکەم، لیستەی مەسرەفی سەفەرەکەی کاک عادلم پیشان بدەیت، کە ناردمان بۆ هۆڵەندە بۆ دیتنی

برادەرەکەمان، شەوێک زیاتری پێ نەدەویست، دەبووایە یەکسەر بگەڕێتەوە، کەچی وەک هەمووتان دەزانن چووە بەلجیکا و لەندەن، وا بزانم سویدیش.

جا من لێرەدا ئەپرسم؛ ئایا کاک عادل لەسەر مەسەرەفی خۆی ئەو سەفەرانەی کرد یان نا؟ ئەگەر لەسەر مەسرەفی خۆی نەبووە، پرسی بە کێ کرد و کێ ڕازی بوو کە بچێت و بۆچی چوو؟! ئایا کە گەڕایەوە چ حسابێکی وەهاتان لەگەڵ کرد یان نا؟ حەز ئەکەم کە گەڕامەوە بەبێ زەحمەت لیستی مەسرەفی سەفەری ئەو برادەرە و سەفەرەکانی تری برادەران بۆ ئەورووپا و غەیری ئەورووپا پیشان بدەیت. حەز دەکەم ئەم کاغەزەم پیشانی "کاک کەمال و کاک عادل"یش بدەیت.

بە ڕاستی برادەران، من هیچ پێم خۆش نییە لەو مەوزووعانە بدوێم، بەڵام بە داخەوە ئێوە بەزۆر ڕامدەکێشن، منیش ناچارم کە بکرێمەوە.

ئیتر زۆر سەلام لە کاک د. کەمال دەکەم، زۆر حورمەتم بۆ دایکی شوان هەیە، چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم و سووڕەیا زۆر حورمەتی بۆ هەموو لایەکتان هەیە، چاوی منداڵەکان ماچ دەکات و منداڵەکان دەستتان ماچ دەکەن، هەرچی هەواڵمان دەپرسێت حورمەتمان بۆی هەیە.

ئیتر بە خواتان دەسپێرم

برای دڵسۆزتان

عومەر

تێبینی: نووسراوەکانم خستۆتە ناو زەرفێکی تایبەتیی هوتێلەکەمان کە ناوی "PAS DE CALAIS"ە بۆ ئاگاداریتان و بە شریتش و نایلۆن قەپاتم کردووە، پاش ئەوەی پۆخەکانیم ئیمزا کردووە، دیقەتیش لە خەتەکەی سەر زەرفەکە بدەن.

***

١٩٨٦/٢/٢٢

برای بەڕێز کاک.....

سڵاوێکی گەرمی برایانە و داوای خۆشیی سەرکەوتنتان دەکەم.

١ - زۆر سوپاست دەکەم لەگەڵ هەڤاڵانی سەرکردایەتیی شۆڕشگێڕان بۆ نامەی سەرخۆشییتان.

٢ - نامەکەت هی ١٩٨٦/١/١ بە دەستمان گەیشت. ڕۆژگاری هەتا ئێستا چوار ژمارەمان بە دەست گەیشتووە. زۆر باشن. مستەواشسیان باشە لەگەڵ مەوادەکان. لەسەر دەرکردنی بەردەوام بن، لێرە دیسان چاپ دەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە.

٣ - ئێستا ڕێگای ناردنی چاپکراو و پارچە ڕۆژنامە نەماوە. هەموو لایەن دەڵێن تەنیا نامە. هادییش قەول بوو ئاگادارم بکات، ئایا دەتوانین هیچی کە بنێرین، بەڵام هێشتا وەڵامی قەتعی نەداوە. لە کاتی گرتنی زەرفێک کە بۆم ناردبوو نامە و هیندێ چاپەمەنی تێدا بوو گیران، بەڵام نازانین چی تێدا بووە، چونکە هێشتان نەیکردبوو.

منیش نازانم کامیانە "هەتا ئێوە بۆم نەنووسم، کە چیتان بەدەست گەیشتووە بە تایبەتی پاش تاریخی ۱۹۸۵/۱۰/۲". هیچ تەحقیقیان لەگەڵ نەکردووە، لەسەر ئەو نامەیە "بۆیە مومکینە تەنها زەرفی چاپکراو بێت - خوا بکا وا بێت".

٤ - حەق نەبوو لەم کاتە ناسکەدا، ڕێ بەو هەموو کادیرەی ی. ش. ک بدەن بێنە دەرەوە. بە تایبەتی حاکم عومەر و د. خدر و سەربەست. حاکم عومەر تەلەفۆنی بۆ کردم لە ئورمییەوە. زۆر بەگڕی داچووم، لەسەر مەسەلەی سالار. دەیگوت وا نییە وەکوو تێگەیشتوون. هەڵوێستی باش بوو زۆر لە دژی سالار دەدوا.

خەبەرێکی تایبەتی دامێ و باسی ئەوەی کرد کە هەتا ئێستا "۱- ۲" نامەی بۆ باوکی فلۆی ناردووە. تەلەفۆنی بۆ ئەوە بوو، کە بزانێ کە ئایا هیچ ڕاسپاردەم هەیە یان نا، چونکە هیندێ پ. م دەگەڕانەوە لای ئێوە. بەڵام بە ڕاستی نەوێرام چونکە نەمدەزانی ئێستا وەزعی چۆنە!

٥- پێویستە دەربارەی حەوادیسی "چریک - اقلیت" بۆمان بنووسن، کە بۆچی ئەو شتە کراوە و چۆن؟ لێرە زۆر گلەییمان لێ دەکەن، کە وامان لێ کردوون. هەندە ئاگاداریمان هەیە کەچی بووە، بەڵام پێویستە لە ئێوەوە ڕوونکردنەوەمان بۆ بێت، میری داوای لە لێپرسراوی یەکەمیان کردووە، کە بچێت بۆ سەردانیان بۆ وەرگرتنی شتەکانی خۆیان لە ئێمە.

بەڵام کابرا نەوێرێت بە ڕاستی چاکتان کرد، کە ئیزگەکە

دەستتان کەوت. لێرە پێم گوتن کە پێویستە ئەو مەسەلانە هیچ موشکیلە نین، بۆ ئیزگەکە ئەگەر برادەرانی ولّات قبوولّیان کرد لە دەرەوە ئیزگەکەتان دەدەینێ، چونکە لەناوەوە پێویستمانە. ئەنجا ئەگەر قبوولّتانە و موشکیلە حەل بوو، پێمان بلّێن کە ئیزگەکە چ مارکەیە و چەند گەورەیە؟ ڕەئیتان چییە؟

٦ - نوسخەی نامەی مەلا بەختیار و ئەوان بە دەستمان گەیشت، زۆر زەرەریان لە خۆیان داوە و بە نووسینی ئەو نامەیە، بەلّام زۆر ئاشکرایە کە لەژێر زەغت نووسراوە، من تەوەقوع دەکەم، کە لەدوایە بەیانێک دەرکەن و بلّێن؛ ئەم نامەیە بەزۆر پێمان نووسراوە. لەدوایە تێ ناگەم بۆچی یارمەتییان دەدەن کە بێنە دەرەوەی ولّات. وازیان لی بێنن، ئێمە بۆچی یارمەتییان بدەین؟!

٧ - سالار گۆڤارێکی دەرکردووە بە ناوی "هەلّوێست"، کە پڕە لە جنێو و قسەی قۆڕ و درۆ و دەلەسە. لەم ئەخیرە کە هاتە شام، نوسخەیەکی نامەیەکی باوکی فلۆی پێ بوو کە بۆ باوکی شەهید موحەمەد نووسرابوو. نازانین کە چۆن دەستی کەوتووە.

٨ - هیچ ئەسڵ و ئەساسی ئەو مەسەلەیە نییە، کە گوایە کاک شازاد و کاک ئەحمەد دەیانتوانی پاپۆڕەکە دامەزرێنن، بەلّام نەهێشتووە چونکە پێم ناخۆشە لە دەستی ئەواندا بێت، ئەمە باشترین نموونەی عەقلّییەتی دواکەوتوو و عەسەبەویی ئەو برادەرانەیە.

لە کاتی خۆی تەنها باسی ئەوەیان کرد، کە وەکوو هادی

ئیمکانی دامەزراندنی لە فەرەنسـا و هۆڵەندا هەیە. منیش پێم گوتن کە کەمێک چاوەڕێ بکە، چونکە وەعدمان وەرگرتبوو لە لای خەزووران، بە شـێوەیەکی ڕەسـمی بۆمان جێبەجێ ببێت. بەڵام لەدوایە کە پێم گوتن؛ کە دایمەزرێنن هەمووی فشـە دەرچوو. لە چەندین وڵاتی تریش هەوڵم داوە و داوام کردووە کە موافەقەت بکەن، کە شـتی وا دامەزرێنن. من لە خوام دەویسـت، لە شـوێنێک برادەرێک بتوانێت، ئەو کارە جێبەجێ بکا، بەڵام ئێستا مۆدەیە هێرش بکرێتە سـەر من، چونکە گوێ هەیە گوێی بداتێ.

٩- نازانم بۆچی یارمەتیی ئەو بەستەزمانە عەلی حەوێز نادەن، نامەیەک لە ئێران بۆی بخرێتە پۆسـتە بۆ مالّ و منداڵەکانی. ئەگەر ئەوە نییە بیری حەلاوە خان دەکات، بۆچی نامەیان بۆ نانێرێت "هەتا ئێسـتا دوو نامەی ئەوانم بۆ ناردووە". دەتوانێت لەسەر سندوق بەریدی شێرکۆ و ئەکرەم "ئەوەی جارانی خۆت" بینێریت. پۆستە لە نێوان ئێران و سـووریا بێ موشـکیلە هاتوچۆ دەکات.

١٠- وەزعی مالّ و منداڵەکانت باشە. هەر لە شوێنی خۆیانن. برا بچووکیش لەگەڵ کاک مەقسوود وەزعیان باشە. برا بچووک کە تـازە چووبوو بۆ ئەو وڵاتە بۆ مـاوەیەک دەنگی نەبوو، ڕۆژێک کاک کەمال تەلەفۆن بۆ کاکمان دەکات، ئەحوالّی برا بچووک لێ دەپرسـێ، دەڵێت؛ دەنگی نییە، خەریکی چییە؟ کاکیشمان وەڵام دەدات:

دەڵێت خەریکی شمرتاغیاتە!

١١- برا گیان: چەندین جار نامەم بۆ ناردن، کە بۆ هیچ شتێک تەرشیحم نەکەن و بە ڕەسمی ئیستقالەم دا لە ی. ن. ک، هەموو باڵەکانی، بۆشم نووسین کە تەنها بە هیندێ کار هەڵدەسم و بەس، پاش ئەوە هیچ پەیوەندیم لەگەڵتان نامێنێت، کەچی هەر منتان هەڵبژارد بۆ سەرکردایەتیی ی. ش. ک، بۆ؟ بە ڕاستی قەراری من قەتعییە. ئەوە مەسەلەی لەندەن خەریکە ڕوون دەبێت. چونکەی لای هاواریش وا خەریکە جێبەجێ دەبێت. پاش ئەوەی چوونەکەی لای مالی مامی فاتح، ئیتر هیچ شتێکی تر نەکەم. تکایە ئێوەش حیسابی ئەوە بکەن، هیچ ئیحراجم نەکەن.

بۆ کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتیش، ئیقتراحم ئەوەیە کە برا بچووک، لەگەڵ کاکمان و کاک کمال بێنە ناو ئەو کۆمیتەیە، بۆ جێگاکە کە شاغر مابوو.

١٢- باوکی فلۆ نووسیویەتی لە نامەی ١/٢٧ کە هەندێ بێگانە دەبەن، ئەگەر وەزعتان پێویست بەوە دەکات، هیچ قسوور مەکەن. جیا لە وڵاتی حەکیم، هەر کەس دەبەن ببەن. لەدوایە نابێ خەڵکی عەینی شەریکەی ئیتاڵی و یابانی ببەن. بۆ خەڵکی تر ئازادن. ئەم سەگبابانە هەموو مستەحەقن. لە بەریتانیا هەتا فەرەنسا هەتا هۆڵەندا هەتا سوید هەتا ئەڵمانیا هەتا ئیتاڵیا هەتا کەنەدا و ئەمریکا. قسوور بە هیچ کەسێک مەکەن، "بە تایبەتی ئەوانەی لە کوردستان مەشاریعیان هەیە". بەڵام خۆتان گفتوگۆ بکەن، چونکە وەکوو جاری پێشوو بۆم نووسین، من ئامادە نیم، جارێکی تر گفتوگۆی وا بکەم، هەر کەسێک پەیوەندیم لەگەڵ

بکات پێیان دەڵێم که دەبێ له ولاّت قسەتان لەگەڵ بکەن.

خەریک بوو به خۆشم شتێکی واتان بۆ بنووسم، پاش ئەوەی له لای سەلاّح گەڕاینەوە، مومکینه برادەرانی تر موتەفیق نەبن لەگەڵ ئەو ڕەئییه. دەڵێن با برادەران قائیمەیەک به ناوی ئەو شەریکانه که له کوردستان مەشاریعیان هەیه بۆمان بنێرن، ئێمەش لێرە بچین داوای زەریبەیان لێ وەرگرین.

١٣ - له نامەی خۆت بوو کاک کەمال "١٩٨٦/١/١" گلەییت کردبوو، که بۆچی هیندێ له نامەکانی تۆ نیشانی برادەرانی کورک-مان داوه. برا گیان: هەردوولا نامەکانی غەیری تەنزیمی نیشانی یەکتر دەدەین بۆ سووڕەتی ولاّت له لای هەردوولا وازح بێت. بەلاّم لام سەیرە، برادەرانی کۆڕک له ولاّت گلەیی بکەن و شت له برادەرانی خۆیان بشارن. بەلاّم باشە لەوە دەرسێکی باشمان وەرگرت، ئیتر هیچ نیشانی یەکتر نادەین. تکایه لەسەر ئەو نامانه بەردەوام بە، چونکه نامەکانت لەوانی تر واقیعیترن و دەمانخاته سووڕەت.

١٤ - داوای ناونیشانی منت کردبوو. لام سەیرە، چوونەکەی لای باوکی فلۆ هەیه و شتیشم هەر به دەست دەگات، که لەودیو دەنێردرێت. ئەنجا هەر ناوێک بێت نامەکه بەدەستم دەگات:

p.o box 8160
stockholm 10420
Sweden

١٥- تکایە زۆر ئەحوالّی خال بپرسە و زۆر سلاّوی منی پێ بگەیەنە، تکایە لە نامەی ئایندە هیندێ دەنگوباســـی ئەوم بۆ بنێرە.

ئیتر هەر شاد و سەرکەوتوو بن...

٥

ئەو نامەیەش با بە زمانی عەرەبی بێت

١٩٧٨

اللجنة المركزية للحزب الشـــيوعي فى الاتحاد الســـوفيتي المناضل

تحية رفاقية

نقدمها لكم وللرفيق المناضـــل الامين العام الســـيد ليونيد برجنيف

ايها الرفاق:

لقد سبق وان اطلعتم على اوضاعنا وكذلک على رأينا تجاه مجمل الاحداث الجارية فى الشرق الاوسط وعلى موقفنا من النظام العراقي ايضا... سواء عبر رسائل الى لجنتكم المركزية ام عن طريق قناة اتصالنا فى بيروت.

واليوم نود ان نبدى راينا تجاه المبادرة العراقية لعقد موءتمر قمة عربى فى اوائل شهر تشرين الثانى ١٩٧٨:

فنرى ان سياسة النظام العراقي باتت مرتبطة بصورة واضحة بالسياسة العامة لكل من النظامين الرجعيين السعودي والايراني

حتى اصبح لا يقدم على خطوة تتعلق بالوضع العام للشرق الاوسط وعلاقة العراق بمختلف الدول دون مشاورة النظامين. وذلک ضمن تنسيق كامل لمحاربة الحركات التقدمية فى المنطقة والوقوف بوجه الدور الاممى للاتحاد السوفيتى، بغية لتثبيت الصعود الامبريالي الامريكي فيها.

فالنظام العراقي اقدم على هذه المبادرة بعد مشاورة كل من السعودية وايران. واطمانتانهما الى دوافعها التى يرى الاتحاد الوطني الكردستاني انها:

ا- تمييع لمقررات الجبهة القومية للصمود والتصدي والتقليل من شاءن الجبهة وبالتالى اهمالها.

ب- فكر العزلة العربية المخالفة التى يعيش فيها النظام العراقي نتيجة مواقفة السلبية.

ج- اعطاء مسحة من الشرعية او السكوت العربي عن التنسيق العراقي الايراني العملي لقمع الحركة الوطنية في كلا البلدين.

د- امتصاص السخط الجماهيري العراقي المتولد من فرض الارهاب الاسود على الشعب العراقي وحرب الابادة على المواطنين الاكراد وتصفية الحركة الوطنية العراقية وكان اخر هذه التصفيات الاعدامات بالجملة لرفاق فى الحيزب الشيوعي العراقى المناضل.

كما لنا ايضا ملاحظات على صيغة البيان الصادر من مجلس قيادة الثورة العراقية:

١- خلو البيان من التنديد بدور الامبريالية الامريكية فى صفقة كامب ديفيد اذ لاول مرة تدخل امريكا كطرف رسمي مباشر فى عملية التسوية لصالح الصهيونية.

٢- اهمال دور الجبهة القومية للصمود والتصدي ومقرراته.

٣- عدم تشخيص الاصدقاء والاعداء والموقف منهما.

كما نرى ان الهدف من هذه المبادرة ايضا هو محاولة تقليص دور الاتحاد السوفيتي الصديق فى حل قضية الشرق الاوسط هذا الدور الذى اقره المؤتمر الثالث للجبهة القومية للصمود والتصدي فى ديمەشق. وهذا الاتجاه يلتقي مع توجهات السادات واسرائيل لتثبيت النفوذ الامبريالي الامريكي فى منطقة الشرق الاوسط.

- عدم ورود اسم منظمة التحرير الفلسطينة الممثل الشرعي للشعب الفلسطيني في البيان.

ورغم كل ذلك فانه انطلاقا من دعم الاتحاد الوطني الكردستاني للثورة الفلسطينية وتثمين كل مبادرة صادقة تخدم قضية الشعب الفلسطيني بالتصدى للصهيونية والمخططات الاميريكية.. فان الاتحاد قد حدد موقعه المبدئي الثابت والدفاع عن الثورة الفلسطينية بتسهيل مهمة الجيش العراقى للتوجه الى الجبهة الشمالية والشرقية، وصد الموءمرات الامبريالية الاميريكية - الصهيونية السنتوية ضد استقلال وطننا. وقد وجهه الاتحاد الوطني الكردستاني رسالة بهذا المفهوم الى رئيس الجمهورية العراقية وكذلك الى رؤساء اطراف الجبهة القومية للصمود و التصدي.

الا ان فی الوقت نفسه فان الاتحاد الوطني الكردستاني يعلن انه مستمر فی نضاله من اجل الحريات الديمقراطية للشعب العراقي وحل القضية الكردية وفق بيان ١١/ اذار ١٩٧٠.

ايها الرفاق

ان الامبريالية الامريكية والصهيونية والرجعيات المحلية متكالبة لاعادة منطقة الشرق الاوسط الى حظيرة النفوذ الاستعماري وخنق الحركات الوطنية والديمقراطية فيها.

فحركتنا الديمقراطية المندلعة فی كردستان العراق قد حشدت الشوفينية العراقية والرجعيتان الايرانية والتركية وجماعة البارزاني "القيادة الموقتة" المراتبطة بالمخابرات المركزية الامريكية والايرانية والتركية... كل امكاناتها فی محاولة لاخمادها ومع ذلک فانها وقفت صامدة فی وجه هذه المؤامرات وهی سائرة فی طريق نضاله الشاق.

ومن هنا فان الاتحاد الوطني الكردستاني الذی يتولی قيادة هذه الحركة يوجه النداء الى لجنتكم المناضلة، انطلاقا من مبدا تحديد الاصدقاء الحقيقين و جبهة الشعوب والدور الاممي للاتحاد السوفيتي المساند للحركات الديمقراطية والتحررية للشعوب المضطهدة لدعمه ماديا ومعنويا. كما ونود اطلاعكم بهذه المناسبة باننا نرغب فی ارسال وفد الى الاتحاد السوفيتي للاتصال بكم للمذاكرة وتبادل الراي فی جميع المسائل الضرورية فنرجو ان تلقى رغبتنا هذه القبولّ من لجنتكم مع التقدير.

***

نامەی عەبدوڵڵا ئەلئەحمەر

جێگری سکرتێری حیزبی بەعسی سووریا

بۆ مام جەلال

١٩٧٨

دەقی نامەکە بە زمانی عەرەبی و دەستخەتی خۆی:

الاخ ابو شلال

انقل اليك تحيتي ومحبتي الخالصة، واهديك اشواقي الحارة وبعد: يطلعنا على الرسالة الموجهة من قبلكم الى قيادة العمل الوطني ومرفقاتها كما اطلع على مضمونها المعلم وكنا سعيدين للاطمئنان عنكم وعن وضعكم ومهتمين بما ورد برسالتكم فبعد القراءة والمناقشة نوضح اليكم رأينا حول ماورد لتكونوا بصورته.

١- ان المبادرة غاية فى النيل والاخلاص كان دافعها الوضع الناشىء فى المنطقة على أثر زيارة السادات الخيانية، تحملتم فيها مخاطر لدعم موقفنا من خلال الوضع الجديد ومع ذلک يتضح ان نوايا السلطة الفعلية لم تبادلكم نفس الشعور كما

يتضح من الجواب، والمبادرة كشفت نوايا هؤلاء من جديد.

٢- وضع المنطقة لا يؤثر على حركتكم، استمروا بنضالكم ونحن معكم.

٣- مهما سمعتم من أخبار او اتصالات، حتى اذا حدثت اتصالات بيننا وبين النظام بالعراق فسنبقى ضمن فهمنا المشترك نحن وانتم سلطة هناك.

٤- لدينا ما يؤكد الانطباعات التى حملها الاخ علي العسكري عن لقائه مع السلطة.

٥- تبقى تصوراتنا وتحليلاتنا المشتركة ثابتة، وكل تحرك لنا تم او سيتم سيبقى ضمن هذه التصورات المشتركة.

٦- اذا استجد اي شيء بالنسبة لهذه التصورات سيتم الاتصال وبحث الموضوع معكم قبل اية اجراءات عملية.

٧- النظام يحاول الخروج من العزلة عن طريق تمثيل دور انه ضد التحرك الساداتي ونحن نحاول ان نكشف هذه التمثيلية.

٨- نرى ان لا تثقوا باتصالات السلطة لانها ايضا ضمن محاولتهم لفك اطار العزلة عنهم داخليا وعربيا.

واخيرا نرغب ان تكون اتصالاتنا بأوقات متقاربة -لمتابعة مايحدث من تطورات بفهم مشترك- سنؤمن بسرعة بقية الاشياء التى طلبتموها.

رفاقنا دوما يفكرون بكم والمعلم بشكل خاص وابو عامر يرسلون تحياتم القلبية فى الختام تقبلوا تحياتى القلبية مع

تمنياتي بالصحة والسعادة لكم وللمناضلين جميعا من رفاقكم وامالى ان تحققوا النجاح فى نضالكم والى اللقاء.

امضاء

ابو جهاد

***

هەر لەو ئەرشیفە دوو نامەی تری ئەبووجیهاد

"عبدالله الاحمر الامين العام المساعد للقيادة القومية لحيزب البعث العربي الاشتراكي في سوريا".

ماوەتەوە، هەردووکیان بە دەستخەت، ئیمزای ئەبووجیهادیان لەسەر یەکێکیان ڕۆژەی لەسەر نووسراوە، ١٩٧٨/٥/٢٧ نووسراوە، بابەتەکان پشتیوانییە لە شۆڕشەکەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ڕابەڕایەتی دەکرد، دژایەتیی ڕژێمی بەعسی بەغدای تێدایە، دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە "ابو معلم" مەبەستی سەرۆکی سووریا (حافظ الاسد)ە. جەختیش لەسەر ڕزگاریی میللەتی عێراقیش دەکات.

***

برای بەڕێز کاک دکتۆر فؤاد

ڕۆژ باش

هیوادارم سەحەتتان باش بێت، سڵاوم هەیە بۆ خوشکە ڕووناک خان و چاوی منالەکان ماچ ئەکەم. پێش ئێستا کاغەزم بوو نووسیت، وەک کاک قادریش تەفسیلاتتان بۆ باس ئەکات وەزعی ئێرە باشە و زۆر بە ئینسجام لەگەڵ مام ئیش ئەکەین.

زۆر سوپاس بۆ هەر هاوکارییەک کە تا ئیستا بۆ مالّی ئێمەت کردووە زۆر مەمنوونتین. تکایە ئەگەر هەر کیشەیەکتان بوو دەربارەی خانوو تازەگرتنەوەیان، یان گواستنەوەیان لە ڕووی مالییەوە یارمەتیان بدەن، مومکینە خۆیان شەرم بکەن زۆر تەکلیفتان لێ بکەن، هەرچیان پێویستە بۆیان جیبەجێ بکەن، ئەگەر پارە پێویست بوو بیدەن و ئێمە لێرە لەگەڵ یەکیەتی حەل و فەسڵی ئەکەین، یان کە من و تۆ یەکترمان دی ڕێکی ئەخەین. هەروەها بە نسبەت سالّی تازە و دانانی منالەکانمان لە مەکتەب بو خوێندنی سالّی تازە.

وا بزانم هەر خۆت بەتەنهای، هەموو ئیشەکەت بەسەردا کەوتووە، خوا قوەتت بدات، لەبەر ئەوە سڵاوی برادەری ترم نەنووسیوە.

تکایە ئەو نووسراوە بدەنە دایکی هیوا... سوپاس.

ئیمزا

خۆشییت /۹/۱

برات: دکتۆر مەحموود

***

نامەیەکە کۆنە، لەســـەر لاپەڕەیەک نووســـراوە، ئەو جۆرە لاپەڕانە لە هیچ پەڕاوگەیەکدا نەماون، لە لایەن دکتۆر مەحموود عوسمان نووسراوە، دیارە لە شاخ، لە ساڵی ۱۹۷۸ بووە، دکتۆر مەحموود هاوســـەر و منداڵەکانی ناردووەتە ســـووریا، لەوێش دکتۆر فؤاد معصـــوم ئـاگـای لەوانە بووە، بۆیجگە لە کـارە حیزبییەکان، دیداری عەرەبە قەومییەکان، فەڵەستینییە چەپەکان و کاروبارەکانی شۆڕش، ئەو کارە کۆمەڵایەتییانەشی کردووە!

بەشی دەیەم
خانەوادە و خزم و کەس

١

ڕووناکی کچە خاڵم

لە نووســـینەوە و تۆمارکردنی یاداشـــت، ناکرێ باســـی هاوســەرت نەکەیت، کە باســی خۆت و شــار و حیزب و ژیان دەکەیت، ناکرێ ژن و پیاو باســی هاوژینەکەیان نەکەن! چونکە چێشــتەکە بێ خوێ دەبێت! بێ یەکتری و ناوهێنان و باســکردن کاروانەکە ناگات! ئەگەر باســی هاوبەشــی ژیان، ئەگەر باســی هەڵگری نهێنییەکــان و خەمخۆری بەرنــامەکــان نەکەیــت، نــابێتە نووسینەوەی کەسایەتی و ژیان و ڕۆژانەت.

لەو دیدار و نووســـینەوەیەدا، بە دەنگ و تۆمار دکتۆر فؤاد معصوم گوتوویەتی:

کە "ڕووناک عەبدولواحید مستەفا"ی هاوســەرم دەزانێت، وا خەریکە ڕۆژانەم دەگێڕمەوە، دەنووســـمەوە، یادیان دەکەم، چاو بە دەفتەرەکانی بیرەوەریم دادەگێڕم، ڕامانی لەسەر ئەو چالاکییەم هەبوو، بۆیە بە سۆزێکی جوانەوە ڕازێکی بۆم درکاند! گوتی:

"فؤاد لەو نووسینانەدا، لەو تۆمارانەدا، من لە بیر نەکەیت!"

بە دڵنیاییەوە، نەرم و شیرین، بە پیرۆزییەکی گرانەوە، قسەی کردووە، بە چاوە پڕ لە بەرائەت و دڵسۆزییەوە گوتوویەتی:

نا ڕووناک لە بیرت ناکەم، ناوت دەبەم، باست دەکەم، چۆن ئەوە ناکەم!

***

بەڵێ دکتۆر فؤاد معصوم "ڕووناک"ی لەبیر نەکردووە، باسی کردووە، ناوی دەبات. ڕووناک بۆ ئەو، بێجگە لەوەی کچە خاڵ و هاوسەر و هاوبیر و دایکی منداڵەکانی بووە، ڕووناکیی ژیان و پشتیوانی بەردەوامی بووە!

ڕاستە ئەو ژنە؛ نووسین و خوێندنەوەی کوردی نەزانیوە، زمانی نووسین و خوێندنەوەکانی عەرەبی بوون، ئەوە چارەنووسە! ئەو کچە کۆییە نووسینە کوردییەکەی باش نەبووە، چونکە باوکی ئەفسەرێکی سوپای عێراق بووە "پێش ئەوەش، بەر لە دامەزراندنی مەملەکەتی عێراق، لەناو سوپای عوسمانیش ئەفسەر بووە"، کەم لە کوردستان بووە، زۆرتر لە شارەکانی باشوور بووە، بۆیەش "ڕووناک" لە شاری دیوانیەی باشوور لەدایک بووە، لەوێش گەورە بووە، خوێندنی مامۆستایەتی تەواو کردووە.

ئەوان داخوازی و هاوسەرگیری و شەکراوەکەش لە دیوانییە دەخۆنەوە. ڕووناک بەو شووکردنەش هەر نەگەڕاوەتەوە کوردستان، لەگەڵ هاوسەرەکەی بەرەو؛ بەغدا، بەسرە، قاهیرە و دیمەشقیش ڕۆیشتووە! لەوێش چوویتە بەریتانیا، لە شاری بێرمینگهام ژیاوە، لە بەغداش لەگەڵی ژیاوە و لەوێش کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەیان هێناوەتەوە کۆیە، لەتەنیشت کوڕە تاقانە جوانەمەرگەکەی "شوان" نێژراوە.

***

دیداری گەورەی ڕووناک لەگەڵ ولاّت و هاتنەوەی لە پاش ڕاپەڕین بووە. بە داخەوە جارێکیش هاتووەتەوە تەرمی کوڕە تاقانەکەی لە لەندەنەوە هێناوەتەوە کۆیە، لە گۆڕستانی هەیبەت سوڵتانیان ناشتووە، خۆشی کە کۆچی دوایی کردووە، تەرمەکەیان هێناوەتە ئەو گۆڕستانە.

قەدەری ئەو وا بووە، لە کوردستان نەبووە، بەڵام بوویتە هاوژینی پیاوێک کوردایەتی و ولاّتپارێزی لە دڵ و خوێنیدا بووە، ئیتر لەگەڵ ئەو هاتووەتە مەیدان، بە شێوازی خۆی، وەک ژن و هاوسەر و دایکێک، بە دڵ و ژیان لە کوردستان بووە! لەناو مەترسییەکاندا بووە، بە دڵ لەگەڵ بۆردومان و کیمیابارانەکاندا بووە، ئەو ژنە لەناو ململانێیە سیاسییەکان بووە، نزیک شەڕەکانی ناوخۆ بووە، ئەگەرچی هاوسەرەکەی، دکتۆر فؤاد معصوم بە دریژایی ژیانی پێشمەرگایەتی و حیزبایەتی و مانەوەی زۆری لە بارەگەکانی پێشمەرگە و شاخان بووە، یەک تەقەی نەکردووە، خوێنی نەڕشتووە، بەشداریی ململانێیەکانی نەکردووە!

***

"ڕووناک" دەق و نووسینی ناو دەفتەرە پیرۆزەکانی ناو ماڵەکەی نەخوێندووەتەوە، کە بە خەتە جوانەکەی فؤاد معصومی هاوسەری نووسراون، بەڵام زانیویەتی قەڵەمە حوبرەکە چی نووسیوەتەوە، پیت و وشە جوانەکان باسی چییان کردووە! ئینجا

ناوەڕۆکی دەفتەرەکانی جوان و پیرۆز پاراستوون، ئەو نەبووایە ئاسان نەبوو ئەو هەموو دەفتەر و نووسینە کۆنانە بمێنن، مێژووی خەبات و سەرەتاکانی شۆڕشی نوێی بپارێزرێن، ڕۆژانەی هاوسەرەکەی شکۆدار بدرەوشێتەوە.

ژنەکە تێگەیشتبوو، باشیش دەیزانی، دکتۆر فؤاد چی دەنووسێت، دەفتەرەکان چیان تێدا نووسراوەتەوە، نووسین و لاپەرەکان چەند گرینگن، دیکۆمێنتی گەورەن! هەمووان لەبن باڵەکانی ئەو بوون، ئەو چاوی لێیان بووە، لەو ژیانەی پێکەوە بوون بارگە و مالّ و جانتایان کەم بووە، بەڵام ئەوانەی پاراستووە.

فؤاد معصوم بە دەنگ گوتوویەتی:

خۆشم دەویست، حەقی زۆر بەسەرمەوە هەبوو، بەختیشم هەبووە ڕووناک هاوسەرم بوو، ژیانێکی سەخت لەگەڵ من ژیا، ماندوو بوو، بە ئازایەتیی ئەو منداڵەکانم پێ گەیشتن، بە کابانیی ئەو، کاروباری خێزانەکەم لەو بارودۆخە دژوارەی من بە ڕێ کرد.

ڕاستە ڕووناک لە شاخ لەگەڵی نەبووە، بەڵام بە دڵ و ویژدان هەر لە شاخ بووە، خەمخۆری شاخەکانی وڵات بووە، دڵی لەو چیایانە بووە، منداڵەکانی وەک من دەمویست پەروەردە کردووە، لە دیمەشق بە منداڵەکانەوە ماندوو بووە، ئەو لەوێ نەدەبووە، نەچوویتەوە، نەگەڕاوەتەوە، ڕۆیشتووە و هیوای

گەڕانەوەی کەم بووە، دوور دەرچووە، بەختیار بووە گەڕاوەتەوە، بەڵام درەنگ.

***

منداڵەکان لە ١٩٨٤/١١/٢١ چوونەتە بەریتانیا، لەوێ لەگەڵ کوڕە نەخۆشەکە، دوو کیژەکەی چەندان ساڵە بە عەرەبی لە قوتابخانە خوێندوویانە، دەچنە بەریتانیا، لەوێ بە دڵسۆزیی دایکیان و پەرۆشییان بۆ فێربوون، زوو دەگەنەوە قۆناغە ئاساییەکانی خوێندنیان.

لە ساڵانی دواتر شوان باری تەندروستی خراپتر دەبێت، منیش بوارم هەبووایە دەچوومە ناو ژێران و تەلەفۆنێکم دەکرد، هەواڵم دەپرسی، قسەم دەکرد، نامەم بۆ دەهات، هەردوو براکەم و خزمەکانم سۆراخی دەکەن!

٢

"شوان"م نەما

ڕۆژی ١٩٨١/٨/٢٢، ئەمڕۆ تەلەفۆنم بۆ ماڵەوە کرد، ڕووناک گوتی شوان پەڵەی سپی لە دەموچاوی پەیدا بوویتەوە.

ڕۆژی ١٩٨٧/١/٢٧، لە دیمەشق نامەیەکی د. خدری برامم بە دەست گەیشت، کە لە ٢٠ی مانگ نووسیبووی، بە حەقیقەت باسی نەخۆشییەکەی شوان دەکات.

ئەمشەو ١٩٨٧/٢/١١، لە فرانکفۆرتەوە قسەم لەگەڵ دکتۆر دلاوەر عەلائەدین کرد، گوتی ئیمڕۆ شوان داخیلی خەستەخانە کراوە.

شەوی ١٤/ ١٩٨٧/٢، تەلەفۆنم لەگەڵ ڕووناک کرد لە خەستەخانە بوو، گوتی:

دوێنێ کە دکتۆرێک ویستوویەتی بۆ خوێنوەرگرتن دەرزی لە شوان بدات، شوان لێی هەڵگەڕاوەتەوە، شەقی لێ داوە، بە زمانی ئینگلیزی جوێنی پێ داوە!

خەستەخانە

ئێوارەی ١٩٨٧/٢/١٧، کە گەیشتمە لەندەن، یەکسەر چوومە خەستەخانە، تەندروستیی شوان بە ڕاستی زۆر تەئسیری تێ کردم، کە دیم وەزعی گۆڕاوە، دەستی چەپی نیمچە بێکارە و خۆی بۆ ڕانەگیرێ، بەر دەبێتەوە، گریانم لە قورگ بوو، ڕووناک دەستی بە گریان کرد، ڕۆژی دواتریش هەر لای شوان بووم.

ئێوارە نەشتەرگەریی سەریان کرد، کونێکیان لە لای چەپی لە هەورازی نێوچەوان کردووە، سۆندەیەکیان تێ خست و دایانخست، بۆ ئەوەی هەر جارێک دەرمانەکە لە ڕێگای ئەم سۆندەوە بە دەرزی لە سەری بکرێت. شەو کاریگەریی بەنجەکە زۆر ماندووی کرد. بۆ بەیانی تەندروستی باش بوو و نیوەڕۆ نانی خوارد.

ڕۆژی ١٩٨٧/٢/٢٣، دیسانەوە چوومەوە خەستەخانە بۆ لای شوان، شەو لە ژوورەکەی دکتۆر دلاوەر بووم، کە ئەو کاتە لەوێ پزیشک بوو. ڕۆژی دواتریش هەر لە نەخۆشخانە بووم. ئەو ڕۆژە شوان بە هۆی سۆندەکە ئەزیەتی زۆری خوارد، کە دکتۆرەکان شوێنەکەی نادۆزنەوە، بۆیە لە دکتۆرەکە زۆر تووڕە بوو و جوێنی پێ دەدا، بەڵام جوێنە پیسەکانی بە کوردی دەدا.

ڕۆژی ١٩٨٧/٢/٢٥، چارەسەری وەرنەگرت، سبەی ئەشعەی دەگرن، تا بزانن شوێنی سۆندەکە کوێیە!

ڕۆژی ۱۹۸۷/۳/۲۰، منـدالّەکـان پێیـان گوتم، دایکمـان تەلەفۆنی کردووە کە دکتۆرەکان ئاگادارییان کردۆتەوە، بەوەی شـــوان کەلّکی لە دەرمان و چارەســـەرییەکە بینیوە، دەرمانەکە هەندێک کاریگەری لەســـەر ڤایرۆســـەکە دەرکەوتووە. ئەمە هەواڵێکی خۆش بوو.

***

ڕۆژی ۱۹۸۷/۳/۲۱، ئەمڕۆ نەورۆزە و سەری ساڵی کوردییە، دوێنێش هەواڵی خۆشـــی شـــوانمـان وەرگرت، بۆیە لەگەڵ منداڵەکان و ماڵی خدر و مەقســـوود چووینە باخچەی ئاژەڵان، کە لە بێرمینگهام نزیکە، ئەو ڕۆژەمان بە خۆشـــی بەســـەر برد، شەو منداڵەکان جەژنی لەدایکبوونیان بۆ کردم، کە بۆ من شۆک بوو، چونکە لە ژیانم ئەوە یەکەم جارە ئەوەم بۆ دەکەن، بەڵام بێگومان وا کە ئیمشەو دەکەومە نێو پەنجا ساڵی، ترسی پیری و بێ تاقەتیم دێتە بەرچاو، هەســـت دەکەم زۆرم چووە و کەمم ماوە.

لە لایەکی دیکەش دڵم لای شـــوانە، کە هێشـــتـا لە خەســـتەخانەیە، نازانین چارەســـەری چۆن دەڕوات، دڵم لای ڕووناکە کە لەگەڵیدایە، بەشـــداریی خۆشـــیی ئیمڕۆی نەکردین. دڵم لای موحەمەد و منداڵەکانە، کە خۆی هەر لە زیندانە، ئەوان بارودۆخیان ناخۆشە.

بۆیە ڕۆژی دواتر نەورۆزم بە نەخۆشـخانە و شـوانەوە گرێ دا، لە لەندەن سەرم بە سەرینی ئازار و نەخۆشی و ناخۆشییەکانی

ئەو و دایکییەوە کرد. بەڵام لەنێو ئەم هەموو خەمە قورس و بارە دەروونییە ناجێگیرەش، بە هیچ کلۆجێک لە کێشەی نەتەوەکەم و ئازار و مەینەتییەکانی کوردستان و زوڵم ستەمی ڕژێمی بەعس بێئاگا نەبووم، بۆیە:

ڕۆژی ١٩٨٧/٣/٣٠، لە لەندەن بۆ دیدار و چاوپێکەوتن چوومە "میدل ئیست"، کە "Patrial Lancasten" چاوەڕوانمان بوو، دوای ئەوە چوومە لای "Judeth Pierra" لە گۆڤاری "South". کاتژمێر سێ وادەم لەگەڵ "John Bullock" هەبوو، کە کابرایەکی شارەزایە لە مەسەلەی کورد، ئێستا لە ڕۆژنامەی "INDEPENDENT" ئیش دەکات.

ڕۆژی ١٩٨٧/٤/٥، لە خەستەخانە، دکتۆرەکان پێیان گوتیان کە شوان ببەینەوە ماڵەوە، هەر شەش هەفتە سەر لە خەستەخانە بدات، پشکنینی بۆ بکرێت، هەر شەش مانگ جارێکیش بچێتە خەستەخانەکەی لەندەن بۆ پشکنینی گشتی، دکتۆرەکان لە قسەکانیان گەشبینن، بەڵام ناشیانەوێ دڵنیامان بکەن کە بەرەو چاکبوونەوە دەچێت.

هەر ئەوەندەمان پێ دەکرێ بڵێین: بە تەمای خودا.

***

* دوای نیوەڕۆی ١٩٨٧/٥/٣١، لە بێرمینگهام بەرەو فڕۆکەخانە چووم، کە ئامێرێکی "بێسیم"م بە هەموو کەرستەوە پێ بوو، ڕێکاری کێش و پشکنین تەواو بوو، هاتمە سەر دوعاخوازی کە شوان و دایکیشی هاتبوون بۆ بەڕێکردنم،

شوان تووشی جۆرە هیستریایەک هات، دەستی بە گریان کرد و دواتر پێدەکەنی، دەیگوت:

"لەگەڵ خۆتم ببە، دەمەوێ بێمە کوردستان!"

ئەوە زۆر کاری تێ کردم، منیش گریانم بۆی هات، هەوڵم دا تۆزێ هێورم کردەوە، کە دەچم جێگات بۆ خۆش دەکەم، ئەوجا دەتبەمە کوردستان!

٣

خەونم دیت

* شـــەوی ١٩٨٨/١/١٦، خەونی زۆر ناخۆشـــم دی، زۆر دەترسـم شـوان شـتێکی بەسـەر هاتبێت، خۆشـم ئەمشـەو هەر لەگەڵ مردووان بووم.

* دوای نـیـوەڕۆی ١٩٨٨/١/٢٠، لە کـاک ڕەفـعەتەوە بروسکەیەکم بۆ هات، دەڵێ:

"ماڵەوەتان ئاگادارییان کردین، کە شـــوانەی کوڕت وەزعی باش نییە!"

منیش بروسکەیەکم بۆ کردەوە: تکایە ئاگادارم بکەن شوان ماوە یان نا؟! لە هەردوو حاڵەت تەلەفۆنێکیان بۆ بکەن. دڵم زۆر لای شوانە، چونکە پێش چەند شەوێک خەونێکی ناخۆشم پێوە دی.

ڕۆژی ١٩٨٨/١/٢١، بروسکەی د. کەمالم بۆ هات دەڵێ:

ئیمشـــەو تەلەفۆنم لەگەڵ ماڵەوەتان کرد، ســـلاوێان هەبوو. دەڵێن ئەگەر بتوانێت بێت بۆ لامان زۆر پێویستە، د. ســەباحیش لە ماڵی ئێوە بوو. ئەویش گوتی: هاتنی زۆر پێویستە!"

منیش دوای نیوەڕۆ قسەم لەگەڵ د. کەمال کرد و پێم گوت: تکایە قسە لەگەڵ منداڵەکان بکە، بزانە حەقیقەت چییە؟!

ڕۆژی ١٩٨٨/١/٢٤، بروسکەی د. کەمالم بۆ هات دەڵێ: شوان دەست و لاق و زبانی جوولەی نەماوە، لە مااڵی ئێمە شینوگریانە، منداڵەکانت ناچنە خوێندن، چوونی من پێویستە.

بۆیە هەر ئەو ڕۆژە پاسپۆرتەکەم لەگەڵ نامەیەک بۆ کاک فەرەیدوون نارد تا مامەڵەی سەفەرم بۆ بکات.

شەوی ١٩٨٨/٢/١٥، قسەم لەگەڵ ڕووناک کرد، گوتی:

دکتۆر لە بەینی چوار هەفتە تا شەش مانگی بۆ شوان داناوە، جوولەی دەست و لاق و قسەی نەماوە، خواردن لە ڕێی کەپووی دەیدرێتێ.

ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١٥، لەگەڵ ڕووناک چووینە سەر گۆڕی جوانەمەرگ، بۆ دواجار سەردانیم کرد و گوڵم لەسەر گۆڕەکەی چاند!

ڕۆحی شوان دەفڕێت

پاش دانوستانەکان لە ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٨٤ ڕووناک، منداڵەکان لە سووریاوە دەباتە بەریتانیا، لەو سەفەرە "عومەر شێخموس" ئەندامی دەستە دامەزرێنەری یەکێتی هاوکارییان دەکات، ئەو دەمانە ئەو لە نێوان سوید و وڵاتە ئەوروپییەکان و شاخ و پێشمەرگایەتی هاتوچۆی بووە، بەرنامەی دەرچوونیان بۆ ساز دەکات.

لەوێ لە شـــاری بێرمینگهام دەگیرســـێنەوە، منداڵەکان دەچنە بەر خوێندن. ئەویش هەر لە وڵات بووە، لە بارەگەکانی مەکتەبی سیاسی و گوندەکان بووە. لەناو ئاڵوزییەکان، سیاسەت و لەگەڵ ناکۆکییەکان ژیاوە و بەرگەی گرتووە!

زۆر جار بە سۆزەوە گوتوویەتی:

سێ ساڵ بوو منداڵەکانم نەدیتبوو، سەردانم نەکردبوون، زۆر ســـەرقاڵبووم، مفاوەزات و حیزبایەتی و گۆڕینی بارەگەکان و بەســـتنی کۆنگرە و چەندان کێشـــە و بێنەوبەردەی منی ماندوو کردبوو، ئـاگـام لە کەس نەمـابوو، نەدەپرژامە ســـەر مـاڵ و منداڵەکانیشم!

ڕۆژانە لە خزمەکان، لە پەیوەندییەکانی جاروبار پرســـیاری ڕووناکم دەکرد، لەگەڵ کچەکانم قســـەم دەکرد، نامەم دەنارد و هەواڵی زیرەکی و جوانیی کوڕە تاقانەکەم دەزانی.

***

شـوان، پاش هەردوو کچەکەم "شیرین" و "جوان" لە جیزەی قاهیرەی پایتەختی میســـر، لە ســـاڵی ١٩٧٣ لەدایک ببوو، ئەو دەمانە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٢ تا ١٩٧٥ من لە قاهیرە بووم، پاش نسـکۆ و نەمانی نوێنەرایەتیی شـۆڕش لە میسـر، دوایی چوونەتە ســـووریا و بۆ کارکردن و مامۆســـتایەتی چووبوومە لیبیا و ئوردنیش، بەڵام زۆرتر لە میسر بووم.

***

شـــوان لەوێش لە خوێندن زۆر زیرەک بووە، لە ســـەرەتایی نمرەکانی یەکەم بووە. کوڕەکە نەخۆشـــە، تەندروســـتیی باش نەبووە، دیاریش نەبووە نەخۆشییەکەی چییە، من لە شاخم، لەناو کاروبار و ململانێ و کۆبوونەوەکانی مەکتەبی ســیاســیی بووم، لەناو گوندەکانی بنار شـــاخەکان، ســەرســنوورەکان، بارەگەکانی زۆر بۆردومانی لەســەر بوو، لە ساڵی ١٩٨٦ دەچمە خزمەت مام جەلال و پێی دەڵێم:

منداڵەکان لە بێرمینگهام دەڵێن: شوان نەخۆشە، دڵم خورپەی کردووە، هەست بە شتێک دەکەم، دەمەوێ سەردانێکیان بکەم!

دوایی دکتۆرەکان نەخۆشییەکەی دەستنیشان دەکەن، ماوەی زۆرتر لە یەک ســـاڵ کـار لە دەرکەوت و پێشـــهـاتەکـانی نەخۆشییەکان، جۆر و ژان و نیشانەکانی دەکرد، دکتۆرێکی زۆر لە نەخۆشـــخانەی "Great Ormind Street" ئیشـــی لەســـەر دەکەن، گەیشـــتوونەتە ئەو بۆچوونەی نەخۆشـــییەکەی ناوی SSPE"Subacute Sclerosing PanencEphalitis"یە، هەوکردنی زۆر و دژواری مێشکە، چارەسەری نییە!

کە چووم بینیم کوڕەکە نەخۆشـــە، دکتۆرەکان دەرمان و چارەســەریی نازانن! بەڵام دەیتوانی بڕوات، دەستی لەســەرشانم بە یارمەتیی من دەڕۆیشـــت، دەمبردە پیاســـە، هەناســـەیەکمان هەڵدەکێشـــا! ماوەیەک لەوێ دەبم، زۆر ناخایەنێت، برادەران لە مەکتەبی ســیاســی بڕووســکەم بۆ دەکەن، داوام دەکەن، دەڵێن کێشـــەمان هەیە، ئەوەش تۆی دەوێت، پێویســـتە کۆتایی بە

مۆڵەتەکەت بهێنێیت، ئیتر لە نێوان بڕیاری حیزب و کوڕێکی نەخۆش و خێزانێک و دوو کچەکەم، داوای حیزب هەڵدەبژێرم، دەگەڕێمەوە! دوایی دەزانم مەبەستیانە بزانم دێمەوە یان نا؟! دوایی تێدەگەم، زووش هەستم بەوە کردبوو، ویستبوویان ئازارم بدەن، بەڵام کوڕە نەخۆشەکەم جێ هێشت و چوومەوە.

کە چووم و گەیشتمەوە شاخ، ناو کۆبوونەوەکان، دەبینم داوا و ویستی من بۆ شتێکی سادە بوو، بەبێ منیش چارەسەر دەکرا، بیانوویان ئەوە بوو گوایە من دوو جار سەردانی خومەینیم کردووە، بە بوونی من و بەشداربیم پەیوەندییەکانمان ئاسایی بکەینەوە، ئەگەرچی گلەییم کرد بەڵام دادی نەدا، بەرانبەر ئەوەش نەخۆشیی شوان تەنگاوی دەکرد، ژیانی دەخستە مەترسییەوە، لە دووریی من ڕۆحی فڕی! نەخۆشی بواری بە ڕۆحە سپیە بەستەزمانەکەی نەدا باڵەفڕەی زۆر بە تەمەن بکات، سەرکەوتنی حیزبەکەی باوکی ئەندامێکی سەرەکیی دامەزراندنی بوو ببینێت، شوان نەیتوانی تا خوشکەکانی خوێندن تەواو دەکەن، تا دەبن بە دایک، لەبن باڵیان بێت.

***

شوان لە ١٩٨٨/٣/٢١ کۆچی دوایی دەکات، بەبێ ئەوەی باوکی لەسەری بێت، بەبێ ئەوەی باوکی لەو چرکەساتە ئاگاداری ئەوە بێت، کوڕە نەخۆشەکە چەند بە دەرد و ژان و تیمار و دەرمانەکانەوە دەینالاند، ئەوەندە هیوای بەوە بوو باوکی ببینێتەوە، لەسەر سەری بێت، بەڵام بەو کەسەرەوە گیانی سپارد، دێتن و دوا هەناسەکە بە بڕووسکەیەک، بە نامە و هەواڵی برادەرێک

دەگاتە فؤاد معصوم و ئیتر بە شڕە پاسپۆرتێکەوە دەگاتە بەریتانیا، ناو ساردکەرەوەی نەخۆشخانەکە و کوڕە مردووەکەی پاش دە ڕۆژ دەبینێت، بڕیار دەدات بە شێوەیەکی کاتی لە ناوچەی "مانهیل" گۆڕستانێک هەبوو بنێژرێت، کە بەشێکی تایبەتە بە موسوڵمانان، تا دوای ڕاپەڕین تەرمەکە دەبەنەوە کۆیە و بناری هەیبەت سوڵتان!

***

ئیتر ئەوە کوڕە تاقانەکەی فؤاد معصوم دەمرێت، زووش دکتۆر خدر هەورامی مامی، دەزانێت نەخۆشیی شوانی برازای سەختە، دەرمان و نەخۆشخانەکانی بەریتانیا دادی نادەن و دەمرێست، هەموو چاوەڕوانی مردن و تەواوبوونی ڕۆحە پەپوولەییە نەرمە سپیەکەی دەکەن، لەو بارودۆخەدا، بە دەنگی دکتۆر فؤاد، قسەکانی تەواوی بنەماڵەکەیان کۆکن لەسەر ئەوە، دکتۆر فؤاد لەبەر بارودۆخی سیاسیی ناو یەکێتی و ڕۆژگارە ئاڵۆزەکەی ناوچەکە بەدیار کوڕە نەخۆشەکەی نەبووە، لێی نزیک بووە، نەیتوانی لەسەری بێت، بەر لەوەی کوڕە بمرێت، بە چەند ڕۆژێک هەواڵی پێ دەگات تەندروستیی شوان تێک چووە، هیوای ژیانی نەماوە، بۆیە ئاگاداری مام جەلال دەکەنەوە، ئەویش بە هەر شێوەیەک بووە، ئاسانکاریی سەفەری بۆ دەکات، لە سەرکردایەتییەوە بگاتە دیمەشق و لەوێ بچێتە لەندەن، بەڵام بەر لەوەی پاسپۆرت و بلیت و ئاسانکارییەکانی دەرچوونەکەی بکات، پێش ئەوەی بگاتە سەر ڕۆح و دوا هەناسەی کوڕەکە، پێی دەڵێن:

دکتۆر، لەناو سەرکردایەتی، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی

یەکێتیی، قسەی وای هەڵبەستاوە کە تۆ ماندوو بوویت، تاقەتت نەماوە، لەو ململانێیەدا بێزار بووە، بۆیەش نەخۆشیی کوڕەکەی کردیتە بیانوو، دەیەوێ دەربازی بێت، بچێتە ولاتێک ئاسوودە و دوورە شەڕ، دوورە فڕۆکە و ژیانی سەخت دەربازی بێت!

کە دکتۆر فؤاد معصوم پاسپۆرتی لەناو دەستە، دەیەوێ دوا دیداری کوڕە نەخۆشەکەی بکات، ئەوانە دەبیستێت، یەکسەر دەگەڕێتەوە کوردستان، دەگاتەوە بارەگەی حیزبەکەی، خۆی نیشان دەداتەوە، لەولاشەوە کوڕەکەی دەمرێت! پاش چەند ڕۆژێک لە مردنەکەی دەگاتەوە سەر تەرمەکەی، دیار سەلاجەکەی تەرمەکەیان بۆ دیداری باوکی هەڵگرتبوو!

***

گوتیان، بە سۆزەوە قسەیەکیان گێڕایەوە، یەکێکیان گوتی: حەز دەکەم ئەوە بگێڕمەوە، ئیتر نازانم بەکەڵک نووسینەوە دێت یان نا! بۆ کێبەرکە باشە یان نا! بەڵام ئەوە ڕاستییەکەیە، لە بیرم ناچێت!

ئەو لە تەلەفۆنەکەی کە لە لەندەنەوە قسەمان دەکرد گوتی:

کە برام لە قاهیرە لەدایک بووە، باوکم دەست دەداتە شووشەیەک شەراب، دەڵێت؛ منداڵان ناکەمەوە، تا شوان تەمەنی دەبیتە هەژدە، لەو بۆنەیە و بە ئامادەبوونی هەموومان ئیتر شەرابەکە دەکەینەوە، تامی دەکەین، ئەوەش دەکەینە بەشێکی ئاهەنگەکە!

شووشە شەرابەکە لە میسرەوە چووبووە دیمەشق، لەوێش چووبووە شـــاری بێرمینگهام لە بەریتانیا، شـــەرابەکە دانرابوو، هەموان دەیانبینی، دەیانزانی بۆ دانراوە، چەند جاوەڕوان دەکات، کەی و چۆن دەکرێتەوە! بە چ بۆنەیەک دەخورێتەوە! بۆن و سۆز و تامەکەی چەند دەگۆڕێت! چەند خۆشتر دەبێت!

بەڵام هەواڵەکان زۆر جار خۆش نابن، نامەکان کورت بوون، نائومێدییەکە زۆرتر بوو لە هیوا، دەزانم دکتۆرەکان گوتبوویان ئەو نەخۆشییە کەمە، دەگمەنە چارەی نییە!

٤

ئەوانەش زۆر پێویستن

١

دکتۆر خدر هەورامی

بۆ دیدارەکەی فؤاد معصـوم و دکتۆر خدر هەورامیی برای، بە ڕێکەوت لەناو بەیرووت، تەلەفۆنم بۆ دکتۆر خـدر کرد، ویستم پرسیارەکەی لێ بکەم و هەڤپەیڤین بکەین، بەڵام ئەو بە نەرمی و شیرین گوتی:

ببووره ئێســـتا کۆبوونەوەم هەیە، خۆم پەیوەنـدییت پێوە دەکەمەوە!

چاوەڕوانم کرد، لەسەر بەڵێنەکەی هاتەوە، لە پەیوەندییەکە بە دەنگ و هەناســـەیەکی جوان و ڕوونەوە قســـەی بۆ کردم و گوتی:

بەڵێ وا بوو، پـاش هەرەس و ڕاگەیـانـدنی تەواوبوونی شـــۆڕش، من لە شـــیروان مەزن دکتۆر بووم، لەوێ دەڕۆم و ١٩٧٥/٣/٢٧ دەگەمە بەیرووت، بەڵام چۆن گەیشـــتنێک؟! بێ هیوا، نائومێد، هەموو شـوێنەوارەکانی شـکسـتەکەمان پێوە مابوو، لەو شـارەم، دەزانم دکتۆر عەبدولڕەحمان ڕەئیس لەوێ دەژیا و خانەنشـین بوو، لەو سـەردەمەی ڕەئیسـی سـەحەی سـلێمانی بوو

دەمناسی، بۆیەش ناوی ببوو بە عەبدولڕەحمان ڕەئیس، دۆزیمەوە و سەردانم کرد.

ئەو پرسی لە کوێ دێیت و چی دەکەیت و هەواڵت چۆنە؟!

منیش گوتم:

چ بگێڕمەوە! باسی چیت بۆ بکەم! دڵم پڕە، ماندووین، هیوای زۆرمان بە شۆڕش هەبوو، زۆر بەو شۆڕشەوە ماندوو بووین، بەڵام بە داخەوە لە نێوان شەو و ڕۆژێکیان ڕووخا، نەما، تێک چوو، بە پلانێکی نێودەوڵەتی خەونی کورد ڕووچوو، کەس نەما، پێشمەرگە هەموو تەسیلم بوونەوە، ئەوەی ڕاگەیاندنی بەعس دەڵێت هەمووی ڕاستە، کەس نەما، حکوومەت و بەعس هاتەوە سەر سنووردەکان، قسەکانم بە سۆز و سووتانەوە بۆ دەگێڕایەوە، بەڵام ئەو بڕوای نەدەکرد، سەرسام و تووڕەش سەیری دەکردم، لەو شۆک و گومانەوە گوتی:

دەزانی ئەگەر تۆ و بنەماڵەکەتانم نەناسیبوایە، دەمگوت پیاوی بەعسی، هاتووی لێرە ڕاپۆرتمان لەسەر بکەیت، ئەو قسانە چیبە دەیکەیت؟! باش نییە! لە لای من قسەی وا دەکەیت، لە شوێنی تر مەیکە، ئەوەی نەتناسێت سەرکۆنەت دەکات!

لەو ڕامان و قسانە بوو، سەیری یەکترمان دەکرد، من بە سۆزەوە ڕاستییەکانم پێی دەگوت، ئەویش بە گومانەوە سەیری ناو چاوەکانی دەکردم، لەو دەمانە زەنگی تەلەفۆنی پیاوێک هەردووکمانی لە گێژاوەکە دەرباز کرد، کابرا تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و گەرم یەکتریان پرسی و لەناو قسەکاندا، یان بڵێم هەر زوو بە کابرای گوت:

مام جەلال دکتۆرێکی کۆییم لە لایە، قسەی سەیر دەکات، ئەگەر نەمنانسیبوایە دەمگوت جاسووسە، ڕووخاوە! قسەی زۆر سەیر دەکات، دەڵێن شۆڕش تێک چووە، هیچ نەماوە! دیارە مام جەلال لە تەلەفۆنەکەی یەکسەر پێی دەڵێت؛ دکتۆرەکە دکتۆر خدرە؟!

ئەویش دەڵێت:

بەڵێ زانیت، دکتۆر خدری هاوڕێمە!

مام جەلال زوو پێی دەڵێت تەلەفۆنەکە بدە بە ئەو، قسەی لەگەڵ دەکەم!

سەماعەکەم وەرگرت، مام جەلال بە گەرمی بەخێرهاتنی کردم، زوو پێش ئەوەی من پرسیاریک بکەم، گوتی دکتۆر فؤادی برات لێرەیە، بەڵام من هێشتا نەمدیوە، مەڕۆ دەتبینم، زۆر بەخێرهاتنی کردم، بەڵام زووتر بە دکتۆرەکەی گوتبوو قسەکانی دکتۆر خدر هەموو تەواون، شۆڕش تەواو، ئاشبەتاڵیان ناو ناوە! کەس لە چیاکان نەماوە، بەڵام ئێمە دووبارە شۆڕش هەڵدەگیرسێنینەوە.

بە قسەکانی مام جەلال دەزانم کاکم لە بەیرووتە، چۆن بیدۆزمەوە؟! لە کێ بپرسم؟! تا ڕۆژێکیان بە ڕێکەوت لەناو شەقامی حەمرا دیتم، پاش دابڕنێکی زۆر بەیەکتری شادبووینەوە، زۆری نەبرد موحەمەدی براشم بەدوای من چووبووە نەخۆشخانەکەی شێروان مەزن، لەوێ زانیبووی من ڕۆیشتووم و چوومەتە بەیرووت، ئەویش هات!

پاش ماوەیەکی زۆر، لە بارودۆخێکی دژواردا هەر سێ برا لە بەیرووت کۆ بوونەوە! بەڵام ئەو کۆبوونەوە زۆری نەخایاند، من چوومە لەندەن و کاکم چووە قاهیرە بۆ ئەوەی بەیەکجاری لەوێ بار بکات و بگاتە کاروبارەکانی یەکێتی لە دیمەشق، زۆری نەبرد لە ڕێکار و کۆبوونەوەکانی دامەزراندن و ڕاگەیاندن و چالاکییەکانی یەکێتیی نیشتمانی یەکترمان دیتەوە، دوایی لە شاخ پێکەوە بووین.

***

سەبارەت بە سەرەتاکانی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانی، دکتۆر فؤاد معصوم پێداگریی ڕۆژی دامەزراندنەکەی لەسەر ١٩٧٥/٥/٢٦ دەکات نەک ١٩٧٥/٦/١، دکتۆر خدر هەورامی گوتی:

ڕاستە، ڕۆژەکە ١٩٧٥/٥/٢٦ تەواوترە، چونکە مام جەلال ماوەیەکی زۆر بوو ئیشی لەوە کردبوو، قسەی لەگەڵ کەسانی شایستە کردبوو، دیداری زۆری هەبووە، چوویتە وڵاتانی ئەوروپا نزیکەی سەد کەسی کۆ کردبووە، کۆبوونەوەی زۆری کردبوو، لە وڵاتەکان شانەی دانابوو، دیدارەکان گەرم بوون، بەڵام کۆبوونەوە سەرەکییەکە، دیدارە زۆرەکە لە بەیرووت بووە، لەو ڕۆژە بووە، حەوت کەسەکە لەوێ بوون! بەڵام دامەزرێنەرانی یەکێتیی نیشتمانی ژمارەیان زۆرتر بووە، سەد کەسایەتی دەبوون! ڕەشنووسەکە، دەقی کۆبوونەوەکە لە لایەن مام جەلال لە بەرلین نیشانی دکتۆر کەمال فؤاد دەدات، کە ئەویش ئاگادار بووە،

ئەویش یەک دوو دێڕی بۆ زیاد دەکات و لەژێرەوەی دەنووسێت ١٩٧٥/٦/١، ئیتر ئەوە زۆرتر لە بەیان و پەیامی یەکەم بلاّو دەبێتەوە، ڕۆژەکە باشتر دەچەسپێت، بەلاّم دیدار و ڕێککەوتنی یەکەم زووتر بووە، بەرنامەکەش ماوەیەکی زۆری ویستووە تا گەلاّلە بووە.

٢

شیرین بەهارە

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد

شیرین بەهارە، بەهاری شادان
بێ بەهرەن لە ژین، گەل ناموردان
جەژن و بەهار و سەیران و خۆشی
گشتی پیرۆزی گەردن ئازادان

فؤاد معصوم حەزی لەو گۆرانییە بووە، شیعرەکەی پێ جوان بوو، وشەی شیرینی ناو شیعرەکە هەستی بزواندووە، پێی جوان بووە، بۆیە کێژی یەکەمی ناو ناوە "شیرین".

٣

مرا ببوس

وەرە ماچم بکە، گۆرانییەکی فارسییە، کە گەورە سترانبێژانی فارسی بە جۆرەها دەنگ و سەدا و سۆزەوە خوێندویانە! ماوەی نیو سەدە لەناو ئێرانییەکان گۆرانییەکی شیرین و ویستراو بووە.

چیرۆکی گۆرانییەکە دوو سەربردەی لەسەر گوتراوە، دەڵێن پاش شۆڕشەکەی موحەمەد موسەدەق و شکستەکەی لە ساڵی ١٩٥٣ لە ئێران، دەسەلاتی شاهەنشاهی ئێران ڕەشبگیریی لەناو چەپ و ڕزگاریخوازەکان دەکات، گوایە لەو بارودۆخەدا کەسایەتیی چەپ "عیزەتوڵڵا سیامک" بەر لەوەی ببینە بەر پەتی سێدارە ئەو شیعرەی بۆ کچەکەی نووسیوە!

بەڵام دوایی گوتیان نەخێر شیعرەکە لە لایەن کەسایەتیی شۆڕشگێر و چەپی ئێرانی "حەیدەر ڕەقابی" نووسراوە، کە پاش ئەوەی لە ئێران دەربازی دەبێت و دەگاتە ئەمریکا ئەوەی بۆ سۆزی دڵدارەکەی نووسیوە، کە جێی هێشتووە، هەر بەو حەسرەتەوە لە ساڵی ١٩٨٧ لە ئەمریکا مردووە، بەڵام پەیف و شیعرەکەی ماوەتەوە!

ئەو گۆرانییەش پەیوەندیی نێوان فؤاد معصوم و کوڕە تاقانەکەی شوان پتەو کردووە، هەردووکیان ئەو دەمانە لەیەک نزیک بوون، سۆزی گۆرانییەکەیان پێ خۆش بووە، کە دکتۆر لە ماڵەوە بووە، بەو گۆرانییە لە یەکتری نزیکتر بوونەتەوە،

سۆزی ئاوازەکە هەردووکیانی هەژاندووە، بۆیەش ئێستا لەو کتێبە و دوور لە بابەتەکانی تر گەڕاینەوە سەر ئەو گۆرانییە.

دەقی گۆرانییەکە کە بە زمانی فارسییە

مرا ببوس، مرا ببوس

برای اخرین بار، تو را خدا نگهدار که می‌روم به سوی سرنوشت

بهار ما گذشته، گذشته‌ها گذشته، منم به جستجوی سرنوشت

ئەو گۆرانییە لە لایەن گوڵنەراغبی، گووگوش، موعین، هایدە و زۆری تریش گوتراوەتەوە، بە کوردییش لە لایەن هۆمەر دزەیی گوتراوە، ئەوەش نزیکمان دەکاتەوە.

ماچم بکە ، ماچی بێ دوایی

بە شیلەی لێوت مەستم بکە وەک بادەی خوایی.

٤

ئەوەش پێویستە بڵێم:

فؤاد معصوم لە شاری کۆیە لەناو خانوویەکی سادە لەدایک بووە و ژیاوە، باوکی زانا و مەلایەکی ناوداری کوردستان بووە، لەبەر ئیمانداری و دوایی لەبەر کوردایەتی و پەرۆشی بۆ شۆڕشی کوردستانیش بایەخی بە خانووبەرە و سامان نەداوە، ئەگەرچی دایکی لە باوکی و دایکییەوە مووڵکی هەبوو، ڕووناکی هاوسەریشی بەشی لە مووڵکەکانی باب و باپیرانی بۆ ماوەتەوە! بەڵام ئەو مەبەست و چاوی لەوانە نەبووە، ئامانج و کارنامەی ژیانی سەرەتا خوێندن و دوایی کوردایەتی بووە.

ئەو سالانەی لە زانکۆی بەسرە و لە بەغدا، کە سالانێکی کەم بووە، لەناو خانووی کرێ ژیاوە. لە قاهیرە و دیمەشق لەناو شوقە ژیاوە، شوقەی ئاسایی، لە قاهیرە لە گەڕەکەکانی "دقی و جیزە و زمالک" هەر کرێچی بووە.

کە بوویتە سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، ئەوێش وەک هەموو وەزیر و دەسەلاتدارانی حکوومەت و حیزبەکان، زەویی نیشتەجێبوونی بەر کەوتووە، ئەو خانووەی ئێستا کە شوێنەکەی باش و بەرچاوە، لەودەمانە وەریگرتووە، دیزاین و جێبەجێکردنی لە لایەن ئەندازیارێکی بەغدایی جێبەجێ کراوە، کچەکانی سەرپەرشتییان کردووە.

لە گوندی ساماقوولّییش بۆ خۆشی، هەر بە ئارەزووی ناوچەکانی وەک پێشمەرگە و سەرکردە، باخێکی ئاسایی کڕیوە،

پێشمەرگەیەکی ناسیار و دڵسۆزی خۆی چاوی لە باخەکەیە و مەسرەفی باخەکە دەکات، بەڵام کەم سەردانی کردووە.

ئەو ساڵانەی لە سلێمانی بووە، خانوو و هەواری هەبووە، بەڵام پاش ئەوەی لەوێ نەماوە، خانووی نەماوە، ئێستا لە هەولێر دەژیت. ئەگەر داوا بکرێت، یان کارێکی هەبێت، بچێتە میوانی کچەکەی دەبێت، ئەو لەوێ ڕاوێژکارە و لەکن ئەو دادەبەزێت. هەموو کۆشک و خانووەکانی لەناو بەغدا تێیدا ژیاوە، پاش گەڕانەوە و هاتنەوەی بۆ هەولێر، تەسلیم بە حکوومەت کردیتەوە!

بە پاسپۆرتی عێراقی دەچێتە بەریتانیا، لەوێ هەواڕێکی ماوە، بەڵام لەوێش زۆرتر میوانی کچەکانی دەبێت.

زۆرتر لە هەولێرە، ئاسوودە و ئاسایی دەژیت، دیدار و سەردانیشی لەگەڵ خزم و برادەرەکانی هەیە! زوو زوو کچەکانی سەردانی دەکەن، یەکێکیان بە دوو کیژی جوانەوە لەناو ماڵەکەی ئەو بە سادەیی دەژین.

ژمارەیەک برادەری بەڕێز و بە ئەتەکێت و خاوێن چاودێریی دەکەن، ئەوانەی قسەم لەگەڵیان هەبووە، دەڵێن لەمێژە لەگەڵ دکتۆرین! بیست ساڵ و زۆرتریش.

کە من دەچووم و دیدارمان دەبوو، وەک میوانێک پێشوازی دەکردم، بە دابونەریتی میواندارییی کوردەواریی گەرمەوە پێشوازیی لێ کردووم، زۆر بە پێداگرییەوە دەمگوت؛ فەرموون بۆ ژوورەوە، فەرموون دانیشە، بەڵام جەنابی پێش من

دانەدەنیشت، زۆر بە نەرمی و بەڕێزەوە دەیگوت؛ نابێت! بەوەش شەرمم دەکرد و خەجاڵەت دەبووم، ئێستاش شەرم دەکەم کە بە بیرم دێتەوە، من "شـــێرزاد هەینی -نووســـەر" پێش ئەو "دکتۆر فؤاد معصـــوم -یەکەمین ســـەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردســـتانی عێراق" چوومەتە ژووری دانیشتنەکە و پێش ئەو لەسەر قەفەنەکە دانیشتووم! ئەویش داوای قاوە، یان ئاوی بۆ من کردووە!

٥

هاوســـەری فؤاد معصـــوم ناوی ڕووناک بووە، دیارە بەپێی تەمەنی ناوە کوردییەکەی جوانە، لە کۆیە ئەو ناوانە ئاســـایی بووە، لەو دەمانە ناوی کوردییش زۆر بووە، بەڵام بیســـتم "فؤاد عارف" کەسایەتییە سیاسییە ناودارەکەی سەدەی ڕابردوو، ئەوەی لە بڕیارە سیاسییەکانی شێستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو نزیک و هاوشان بووە، ئەو پیاوەی زۆر لە بواری دیپلۆماسی و ســـیاســـی و کاروباری ناو حکوومەتەکانی عێراق ناوی هەبووە، "نـاو"ی لەو نـاوە، فؤاد عـارف لەگەڵ عەبـدولواحیـدی بـاوکی ڕووناک برادەر بووە! بۆیە ناوی لە کچەکەی ناوە.

دوایی زانیم ئەو پیاوە کچێکی تری، کە هاوســـەری دکتۆر خدری برای دکتۆر فؤادە، ناوی "ســـیروان"ە، کە ئیســـتا لە بەریتانیا دەژیت و منداڵەکانی ئاســـتی خوێندن و زانیارییەکانیان بـاڵایە! نـاوی ئەویشـــم پێ جوان و نوێ بوو، بە تـایبەتی بۆ

ڕەگەزی مێ، زۆرتر ئەو ناوە ناوی نێر بووە. ئەو ناوەش سەربردەیەکی هەبووە، بەڵام باسکردنی بۆ خۆیان جێ دەهێڵم.

٦

عەبدولواحید حاجی ئاغا مستەفا لە ساڵی ١٨٩٤ لە کۆیە لەدایک بووە، ڕوشدییەی لە موسڵ خوێندووە و چوویتە ئیستانبوول، لەوێ ئەفسەر بووە، لە شەڕەکانی عوسمانی بەشداریی زۆری کردووە، لەگەڵ لەشکری عوسمانی لە زۆر بەرەکاندا بەشدار بوو، لەوانەدا بریندار بووە، بۆ چارەسەریی ناردوویانەتە ئەڵمانیا و لەوێ لەگەڵ تیمارکردن خەریکی موزیک بووە، شارەزایی زۆرتری پەیدا کردووە، بۆیە بە درێژایی وەزیفە ئەفسەرییەکەی لە موزیک کاری کردووە، ماوەیەکیش لە سلێمانی بووە.

لە سلێمانی بناغەی موزیک هاوچەرخی داناوە، لەبەر چالاکییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی، وەک ئەفسەر لە سەربازگە و شاری سلێمانی دوور خراوەتەوە، هەر لە باشوور بووە، لە بەغدا ئەوەی کردووە، دۆستایەتی لەگەڵ ڕووناکبیرانی ئەو دەمانە هەبووە، لەگەڵ هونەرمەندان ژیاوە، لە ساڵی ١٩٧٠ بەیەکجاری هاتووەتەوە سلێمانی، لەوێش لە ساڵی ١٩٧٦ کۆچی دوایی کردووە، بۆ ئەو وردەزانیاریە سوودم لە وتاریکی دکتۆر خدر هەورامی وەرگرتووە، کە لە ژمارە ٥٦ی کوردستانی نوێی

لەنـدەن لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٩٨ بە دریژی و بە فۆتۆ بلاّو کراوەتەوە!

٧

ئەنوەر سادات

ئەنوەر ســـادات ســـەرۆکی میســـر بووە، لە پەلامارداندا یەکی ئیســـلامییەکانی میســـر و ڕووبەڕوو کوشـــتیان، ئەویش بوو ڕێککەوتنی ئاشـــتی لەگەلّ ئیســـرائیلییەکان مۆر کرد، ئەویش بوو... با بابەتەکە بگێڕینەوە ســـەر ژیان و ڕۆژانە و منداڵەکانی دکتۆر فؤاد معصـــوم لە قاهیرە! کیژەکانی دەگێڕنەوە، ئێمە لەوێ دەژیاین، باوکمان دەیخوێند و کوردایەتیی دەکرد، لە ســـاڵانی ١٩٧٢ تا نســـکۆکەی ئازاری ١٩٧٥ نوێنەرایەتیی شـــۆڕشـــی کوردستانی دەکرد، ئەوەش ئاسان نەبووە!

لەو ســـاڵانەی ئەوان لە قاهیرە ژیاون، بەپێی داوا و ویســـتی ڕۆژگارەکە دەبووایە وریـا بن، ئـاگـایـان لە خۆیـان بیـت، ئیتر ئەوەش بەرنـامە و وردەکـاریی زۆر بووە، کوردێـک لەگەلّ شـۆڕش و مەلا مستەفا بێت، نوێنەرایەتی ڕەسـمی ئەوان بکات، لەناو قاهیرە بژیت، ئاســـان نەبووە، بەلاّم زیرەکانە ڕۆژگارەکەی تێپەڕانـدووە، دەگێڕنەوە بۆ ســـەلامەتیی منـداڵەکـان و چوونە خوێندن و دیدارەکانیان "شـــیرین"ی کچی لەناو کۆلاّن و لەناو منداڵان "هودا" بووە، (هدی رشید!) لە جیاتیی شیرین محمدفؤاد

ببوو به هودا ڕشید. خوشکەکەی "جوان" ببوو به موونا، (منی ڕشید). بۆ ئەوەی ناوەکانیان لە بیر نەکەن، زووش لەبەریان بکەین، ناوی هەردوو کیژەکەی پیاوە بالآبەرزە ئەسمەرە ڕەشەکەی دەرگەوانەکەیان وەرگرتبوو، پیاوەکە دوو کیژی هەبوو هودا و موونا! ئەوانیش ببوون به هودا و موونا! ئەو دوو کیژەش حەزیان لە گۆرانییەک بوو ئەو دەمانە مۆدە و باو بووە لە قاهیرە؛

دلع یا رشید علی وجه ما

ئەو گۆرانییەمان دەگوتەوە، بۆیە ناوی ڕەشیدمان لەوە هەڵبژارد.

لەو سالآنە دەبووایە بڵێین ساداتمان خۆش دەوێت، قسەیەک نەکەین دژی ئەو بێت! بەڵآم ئەوە زۆری نەخایاند، خێزانەکە، نوێنەرایەتییەکە، کوردایەتییەکەی ناو میسر تەواو دەبێت، شۆڕش نامێنێت، نوێنەرایەتی نامێنێت! ئەوان بارگە تێک دەنێن، بەرەو هەواریکی تر، بۆ نوێنەرایەتیی حیزبێکی نوێ، بۆ دانانی بەرنامەیەکی تر، دەڕۆن، ناوی هودا و موونا نامێنێت!

***

٨

حافظ الاسد

فؤاد معصوم پاش نسکۆکە ناگەڕێتەوە بەغدا، نابێتە عائیدون، نایەوێ وەک گەڕانەوەی یەکەمی بۆ بەغدا، پاش ماستەرەکەی

وەزارەت بە وەزارەت بکات، بەدوای دامەزراندن و مامۆستایەتی وێڵ بیت، یان نایەوێ شۆڕشەکەیان دامرکێنێت. ئەو لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی ڕووی لە دیمەشـــق کردووە، بەڵام بەر لەوەی بڕوات، زوو بە هەردوو کێژە پارچەلەکەی دەڵێت:

چیتر ســادات ســەرۆک نییە، ناوی ئەو نەما، ناوهێنانی باش نییە، لێرە، لەو وڵاتە کولتوور و زاراوە جیاوازن، لێرە حافز ئەســـەد هەیە! ئەوەتان لەدەم دەرنەجێت، لەوێ فێریان کردوون ساداتمان خۆش دەوێت! ئەوە نەڵێنەوە!

فؤاد معصــوم بە ژن و منداڵەوە دەگاتە دیمەشــق، ئیتر وەک ئەندامێکی کارا دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کار دەکات، لە وردەکاریی ڕۆژانەکەی دیارە کارێکی سەخت بووە، دژوار بووە، کوردایەتی و پیشمەرگە ناردنەوە و هەڵگیرسانەوەی شــۆڕش لە ســووریاوە ئاســان نەبووە. بە پشــتیوانییەکی کەمی ڕژێمی ســـووری و حیزبە عێراقییەکــان و هەنــدێ لایەنی پێشــکەوتنخواز ســەخت بووە، بەڵام فؤاد معصــوم لە ســەرەتاوە شانی داوەتە بەر ئەو کارە سەختە، ئەوەش نیشانەی بیروباوەڕی زۆر گەورەی بووە بە کوردایەتی، هیوای زۆری بەوە هەبووە شۆڕشی ئەم جارە دەگاتە قۆناغێکی تر!

ئەو یەک دوو جار سەرۆکی سووریی حافیز ئەسەدی لە بۆنە تایبەتییەکاندا دیوە، لەگەڵ مام جەلالیش ســـەردانی کردووە، زۆرتر خەریکی ڕێکخســـتن و کاروبارەکانی ســـازکردنەوەی شـۆڕش بووە، زوو زووش لە کوردستان بووە، لەوێ ماوەتەوە،

تا دوای مفاوەزاتی ۱۹۸۳ بەیەکجاری هاتووەتەوە کوردستان و منداڵەکانیشی گەیشتوونەتە دەرەوە.

۹

ڕووناک بەردەوام خەمخۆری کاروبار و بەرنامەکانی دکتۆر فؤاد معصوم بووە، منداڵەکانی بردیتە قوتابخانەکان، دەرسی پێ گوتوونەتەوە، سەرپەرشتی کردوون، لە زۆر مەسەرەفەکانی ئاسایی دەستی گرتووە تا بتوانێت هەردوو کێژەکەی لە قاهیرە و دیمەشقیش بنێرێتە قوتابخانە باشەکان، ئەهلییەکان و بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن! ماندوو بووە، لە قاهیرە بووە باوکی مردووە و نەچوویتەوە و بەشداری ناشتن و پرسەکەی نەکردووە، دایکیشی مردووە لە دیمەشق بووە، نەچوویتەوە و لە کۆیە لەسەر گۆڕستانەکە نەبووە کە دایکی دەنێژن!

ژنەکە بۆ سەرپەرشتیی منداڵەکانی لە تەمەنی شێست ساڵی مۆڵەتی شوفێری لە بەریتانیا دەرهێناوە و هاتوچۆی بە منداڵەکان کردووە، کاروباری خێزانەکەی ڕاپەڕاندووە، بەتەنیا بووە، کەم دکتۆر فؤاد لەوێ بووە، لەوان نزیک نەبووە! بۆیە ئەو؛ باوک، دایک، برادەر، مامۆستا و شوفێری کچەکانی بووە، لەسەر کوڕە نەخۆشەکەی بووە، لە نەخۆشخانەکان بووە. لەدیاری بووە بۆ باوک کە مردووە!

ئەو ژنە لەناو کوردستان نەژیاوە، کەمتر کۆنتاکتی لەگەڵ

زمـان و کولتووری کوردی هەبووە، ئەوەی زانیویەتی و بینوویەتی لە دایک و باوکی بووە و بەس، زمانەکی زۆر باش نەبووە، بەڵام منداڵەکانی کە لە دەرەوەی کوردســـتان بوون و ژیاون و خوێندوویانە، فێری کوردیی کردوون، خۆشـەویسـتی کوردسـتانی لە دڵ چەسـپاندوون! بۆیە بە گاڵتەوە دەڵێن؛ ئەگەر زمـانە کوردییەکەمـان زۆریش نـابێـت، ئەوەمـان بۆ دایکمـان ماوەتەوە، چونکە ئەویش وەک ئێمە لە کوردســـتان نەژیاوە، کـوردســـتـانەکەی ئەو دایـک و بـاوکی بـووە، ئێـمەش کوردســـتانەکەمان دایکمان بووە، چونکە کەم باوکمان لەگەڵ ئێمەدا ژیاوە.

١٠

کێکەکەمان خوارد بەڵام!

فؤاد معصوم لە کۆیە لەناو خێزانێکی مەلا و زانایەکی ئایینی یادی لەدایکبوونی بۆ نەکراوەتەوە، کێک و مۆم و ئاهەنگیان بۆ سـاز نەکردووە، ڕاسـتییەکەی ئەو سـاڵانەش ئەو پڕۆسـەیە نەبوو، ئەو لە ١٩٣٨/٣/٢١ لە ڕۆژی نەوروۆز لەدایـک بووە، لەوەیـان بەختیـار بووە، ئـاهەنگی بۆ ئەو نەکردووە، بەڵام کۆییەکـان، خەڵکی کوردســـتان بە گشـــتی لەو ڕۆژە ئاهەنگیان گێڕاوە، جەژنیان کردووە، ئیتر...

بۆ یەکەم جار کێژەکانی لە لەندەن هاتنی ئەو بۆ بێرمینگهام

و مانەوەی لە ڕۆژی لەدایکبوونی کێکی بۆ دەکەن، مۆمی بۆ یادی بوونی لە ڕۆژی ١٩٨٧/٣/٢١ بۆ دەکەن، سەعات پاش حەفتی ئێوارە کێکەکە دەشکێنن، شیرینییەکە دەخۆن، مۆمەکە دەکوژێنەوە، بەڵام لە هەمان ڕۆژ و لە ساڵی دوایی مۆمی تەمەنی برا تاقانەکەیان، "شوان"ەکەیان دەکوژێتەوە و دەمرێت.

١١

ئەوە نووسینە و لەناکاو بابەتێک دەگاتە ناو هزرت و پەنجەکانت نەرم بەرەو نووسینی بابەتێکی تر، دوور لە سیاسەت، بابەتەکە، کەسایەتییەکە "بەڵام زۆر نزیک لە ناخی" دەبات، کە دەزانم دکتۆر فؤاد معصوم وەک زۆربەی کۆییەکان بێجگە لە مامۆستا تایەر تۆفیق و سێوە حەزی لە گۆرانیی "الربیع"ی "فرید الاطرش" دەکات؛

آدي الربيع عاد من تاني، والبدر هلت أنواره

وفين حبيبي اللي رماني من جنة الحب لناره؟

أيام رضاه يا زماني هاتها، وخد عمري

واللي ڕاعيته ڕماني، فاتني، وشغل فكري.

ئەو گۆرانییە تێکستەکەی لە لایەن مەئموون ئەلشناوی نووسراوە، بەڵام ئاوازەکەی لە لایەن فەرید دانراوە بەشێکی فیلمی "عفریتة هانم" کە لە ساڵی ١٩٤٧ بەرهەم هاتووە و سامیە

جەمال نمایشی سەماکانی کردووە، بەڵام گۆرانییەکە پاش ساڵی ١٩٧٠ ناوبانگی دەرکردووە!

دکتۆر فؤاد زۆریش حەزی لە گۆرانییەکانی موحەمەد عەبدولوەهاب بووە، منداڵەکانی دەڵێن گوێی لە گۆرانیی "لیالی الانس"ی ئەسمهانیش گرتووە!

عندما يأتي المساء، ونجوم الليل تنْثر

إسألوا لليل عن نجمي، متى نجميَ يظهر

عندما تبدو النجوم في السما، مثلَ اللآلئ

إسألوا هل من حبيبٍ، عنده علمٌ بحالي

گۆرانییەکانی ماملێی پێ خۆش بووە، ماوەیەک بوو ژنێکی ڕۆژهەڵاتی بە ناوی "پەری زەنگنە" گۆرانی کوردی و فارسی دەچڕی، ئەو حەزی بە گۆرانییە کوردییەکانی بوو. بەردەوامیش گوێی لە گۆرانییە بەسۆز و شۆڕشگێڕییەکانی شڤان پەروەر گرتووە!

١٢

ئەبووشوان، دیارە دکتۆر فؤاد معصومە، شوان کوڕە جوانەمەرگە تاقانەکەیەتی، عەرەبەکانی سووریا و لوبنان و زووتریش لە قاهیرە وا ناویان بردووە، بەو ناوە نامەیەکی

نووسراو بە دەستخەتی لە ڕۆژی ١٩٧٨/٦/١٧ لە بەیرووتەوە بۆ هاتووە، نامە سێ لاپەڕەییەکە ناوی سەلام و ئیمزاکەی لەژێرەوە دیارە!

دیارە لەو ڕۆژە شۆڕشی نوێ هەڵگیرساوە و پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانی نەبەردیی زۆریان کردووە، بە کۆششی سەرکردایەتی و پەیوەندییەکانیان چەک و زەخیرە و تەقەمەنییەکانیان بۆ دابین کراوە! لەوانەی هاوکارییان بوون، لایەن و دەستە فەڵەستینییەکان بووە.

نامەکە بە زمانی عەرەبییە، کراوەتە چەندان بڕگە، ورد و جوان و بە سادەیی و دوور لە دەستەواژە و دەربڕینی ڤالاّ نووسراوە.

لە بڕگەیەکی نووسراوە، بە دڵنیاییەوە "فتح" بڕیاری داوە پشتیوانیی دۆزی کورد بکات، لیژنەیەکی بۆ هاوکاریی میللەتی کورد و بزاڤە چەکدارییەکەی دادەنێت، چونکە پاش چەندان ڕووداو تێدەگەین ڕژێم لە عێراق دژایەتیی ئێمە دەکات، ئێمەش بە هەموو شێوەیەک بەرپەرچی دەدەینەوە.

ئامادەین و کار دەکەین هەڵمەتێکی گەورە دژ بە بەعسییەکان بەرپا بکەین، بە ڕوونی بە سەرکردایەتیی کوردمان گوتووە:

"ئاگادارمان کردوونەتەوە ئێمە لەگەڵ مافی چارەنووسی میللەتی کوردین، دەبین بە بڕبڕەی پشتی ئێوە و لیژنەی هاوکاریی فەڵەستینیمان لەگەڵ شۆڕشی کورد و بزاڤی نیشتمانیی عێراقی ڕاگەیاندووە".

لەگەڵ نوێنەری تـایبەتییمـان لە (الفتح) کـار دەکەین هاوکارییەکـانمـان چۆن بێت، پەیوەندییش دەکەین بە (الجبهة الديمقراطية) و (الجبهة الشـعبية) و (جبهة تحرير الفلسـطينية)، (الجبهة الوطنية الفلسـطينية) و (اتحاد الطلبة)، (الاتحاد العام للمرآة الفلسـطينية) و (الاتحاد العام لعمال فلسـطين)، (اتحاد الكتاب و الصـحفيين الفلسـطيني) و... هەموو ئاسـانکارییەکان دەکەین و کۆنتـاکتمـان لەگەڵ هـاوڕێیەکـانمـان لە بەیروت بەردەوام دەبێت.

پێویسـتە دوو نوێنەرتـان لێرە بێـت، "کەریم" ئەگەرچی تەمبەڵیشە بەڵام بێتەوە باشە، "زیاد" دەڕوات، کەسێکی دڵسۆزە بەڵام زمانە عەرەبییەکەی باش نییە.

بەشی یازدەیەم

بەیاننامە و یاداشتەکانی ڕۆژانە

١

بەیاننامەیەک

ئەو "بەیان"ەمان وەک پاشکۆیەک دانا، چونکە لەمێژە هەڵگیراوە.

دەنگوباسی شۆڕش

١- لە ڕۆژی ١٩٧٨/١/٢ ئەم هەڵخەڵەتاوانەی سەر بە کۆمەڵە خائینەکەی عەلی حەسەن ئاغای مەنگوڕی بوون، هاتنەوە ڕیزی شۆڕش، گەیشتنە بارەگای هەرێمی ئازادی بە چەکەکانیانەوە.

خدر پیرۆت زوودی- بڕنۆ، خدر حەمەقادر- بڕنۆ، ئیبراهیم حاجی عەبدوڵڵا- بڕنۆ، ئیبراهیم خدرەسوور- بڕنۆ کورت، عەلی ئەحمەد سۆفی- هۆڵەندی.

٢- ڕۆژی ١٩٧٨/١/٧ هێزێکی سەربازیی دوژمن لە گوجارەوە هێرشیان هێنایە سەر بنکەکانی هەرێمی ئازادی، پێشمەرگە قارەمانەکانمان پاڵەوانانە لێیان ڕاپەڕین، دوای شەڕێکی سێ سەعاتی، توانییان دوژمن بشکێنن و بیانگێڕنەوە شوێنەکانی خۆیان. لەم شەڕەدا سێ سەرباز کوژران و هەشت سەربازیش

بریندار بوون. ئیمەش پێشمەرگەیەکی قارەمانمان بریندار بوو، برینەکەی سووکە.

٣- ڕۆژی ١٩٧٨/١/١٧ پێشمەرگە قارەمانەکانمان لە پشتی شنەدەری لە چوار زیلی سەربازی قوە خاسەیان دا، دوای شەڕێکی پاڵەوانانە سێ ئەفسەر بە ڕوتبەی نەقیب و ملازم ئەوەل و ملازم سانی کوژران، لەگەڵ ٤٥ سەربازە و ١٠ سەربازێک بریندار بوون. دەستکەوتەکان ٣ کلاشینکۆف بوو.

٤ - لە ڕۆژی ١٩٧٨/١/١٢ دوژمن بە لیوایەک سەرباز و سربێک هەلیکۆپتەری شەڕکەر هێرشی هێنا، بە نیازی ئەوەی سەر شاخی "کولیتان و سیامیوە و خرنۆک" بگرێ و بچێ بۆ گوندی "کانی سیف" بۆ گواستنەوەی ماڵە جووتیارەکان.

پێشمەرگە قارەمانەکانمان وەک شێر لێیان ڕاپەرین، دوای شەڕێکی نۆ سەعاتی دوژمن شکا و گەڕانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان. لە ئەنجامدا فڕۆکەیەکی شەڕکەر پێکرا و لەنزیک "سەید سادق" کەوتە خوارەوە، زیانێکی زۆریش لە دوژمن درا. ئیمەش پێشمەرگەیەکی قارەمانمان بە ناوی "ئەحمەد زەنگی سەری" شەهید بوو و گیانی پاکی بە خاکی کوردستان سپارد، دوو پێشمەرگە و حەوت جووتیاری گوندی "کانی سیف" بریندار بوون.

٥- لە شەوی ٧٧/١٢/٣١ مەفرەزەیەکمان توانی بچێتە ناو سەیتەرەی سەربازگەی "قەرەگۆل"، چی لەناو سەیتەرەکەدا قەڵاچۆیان بکەن. مەفرەزەکە بە سەلامەتی گەڕانەوە.

٦- شـــەوی ١٩٧٨/٣٠/٢٩ مەفرەزەیەکمان چووە ناو شـــاری سلێمانی و بەرەنگاری بۆسەیەکی پۆلیس هاتن. توانییان بۆسەکە بشکێنن و پۆلیسێک بکوژن. دەستکەوتمان یەک کلاشینکۆف بوو، مەفرەزەکەمان بە سەلامەتی گەڕانەوە.

٧- لە ١٢/٢٦/ ٧٧ لە ســەعات ١١,٥ لە دەرەدوولی لەپشـت "بانیخێلان" نزیک دەربەندیخان، هێزێکی هاوبەشـــی قەرەداغ و هەورامان بۆســەیەکیان بۆ هێزێکی دوژمن نایەوە. دوژمن کەوتە ناو بۆسەکە، شەڕێکی توند ڕووی دا، تا ئێوارە دەوامی کرد. لە ئەنجامدا نۆ ســەرباز کوژران و ســەربازێکیش بە ناوی "کازم قاســم" کە خەڵکی بەسـرە بوو بە دیل گیرا. دەستکەوت یەک کلاشینکۆف بوو.

٨- ڕۆژی ١٩٧٨/١١/٢٦ مەفرەزەیەکمـان تووشـــی زیلێکی ســەربازی بوو لەنزیک گوندی "ڕەزگە"، کە شـازدە ســەربازی تێدا بوو، لەدوای شەڕێکی کورت، مەفرەزەکەمان توانی سێزدە سـەرباز بکوژێ و دووانیش بریندار بکەن. لاشـەی کوژراوەکان لە مەیدانی شەڕ تا ڕۆژی دوایی مانەوە.

١٠- لە شـــەوی ١٩٧٧/١١/١١/١٠ مەفرەزەیەکی هەرێمی قەرەداغ چوونە ناو شـــاری ســـلێمانی، بە ئارپیچی لە مەخفەری ســەر کارێزیان دا، زیانی زۆریان پێگەیاندن. هەر هەمان شـــەو، هەمـــان مەفرەزە توانیـــان دوو پۆلیس بە چەکەوە بگرن، کە یەکێکیان کلاشینکۆف، ئەوی تری سەمینۆف بوو. دوای ئەوەی ئامانجەکانی شۆڕشیان بۆ ڕوون کرایەوە بەڕەڵایان کردن.

ئەم دەنگوباسانەمان لە کاک حەمە مام سەلام پێ گەیشتووە:

١- شـــەوی١٤/١٥/٨/١٩٧٧ مەفرەزەیەکـمـان کەوتە نـاو کەمینێکی عەســـکەرییەوە لە ناوچەی شـــوان لەنزیک گوندی "ناســـرو میر"، بۆ ماوەی یەک ســـەعات شـــەڕ دەوامی کرد. لە ئەنجامـدا پێنج ســـەرباز کوژران و یەکێکیش بریندار بووە، مەفرەزەکەمان بە سەلامەتی دەرباز بوو.

٢- لە ڕۆژی ١٩٧٧/١٠/٢٩ مەفرەزەیەکمان لە گوندی "نقنق" بەرەنگاری چەند جاشـــێکی خۆفرۆش قادر فەرەج بوون، کە بەپاڵپشتی میری هاتبوونە دێی "شیوەجان". پێشمەرگە پاڵەوانەکان لێیان ڕاپەڕین، دوای شـەڕێکی یەک ســەعاتی دوژمن شـکا و زیـانێکی زۆری پێ گەیشـــت، ئێمەش لەو شـــەڕەدا دوو پێشـمەرگەی قارەمانمان شـەهید کران، کە ناویان ئەحمەد عەلی بەیانی و نەســرەدین حەمەئەمین بوو، گیانی پاکیان بە نیشـتمان بەخشی.

٣- لە شـــەوی ١٩٧٧/٩/١٠/٩ مەفرەزەیەکمـان چوونە نـاو نـاحیەی ســـورداش، دەســـتیـان کرد بە گوللەبـارانکردنی مەخفەرەکە، توانییان مسـەلەحەیەکی شـووڕتە تێک بشـکێنن، بە سەلامەتی بگەڕێنەوە.

٤- مەفرەزەیەکمان لە شـــەوی ١٩٧٨/١/٢٨/٢٧ توانییان بچنە ناو ناحییەی ســـورداش و دەســـت بەســـەر هەموو جەماعەتی "الجیش الشـعبي"دا بگرن، کۆیان بکەنەوە و ڕێبازی شـۆڕشـیان تێبگەیەنن. ئینجا کەوتە هوتافلێدان بۆ ڕووخانی ڕژێمی بەعس. مەفرەزەکەمان بە سەلامەتی گەڕانەوە.

٥- لە ١٩٧٨/١/٤ لە گوندی "گۆمەزەل" و "یاخیان"، دوژمن هێرشـی هێنا لە ئەنجامدا پێشـمەرگە قارەمانەکان لێیان ڕاپەڕین، دوای شـەڕێکی تونـد، توانییان جەیشـەکە بشـکێنن، ناوچەکەیان پێ چۆل بکەن، ئێمەش هیچ زیانمان نەبوو.

٦- لە شـەوی ١٩٧٨/١٢/٢٣ جەماعەتێک لە جاشـەکانی خۆفرۆش قادر فەرەج، هێرشـیان هێنایە سـەرمان بۆ ناوچەی شـەوگێڕ، لە ئەنجامدا پێشـمەرگە پاڵەوانەکان توانییان بەرەنگاریان ببن و سـێ جاشـیان لێ بکوژن، دووانیشـیان لێ بریندار بکەن، ئێمەش پێشـمەرگەیەکی پاڵەوانمان شـەهید بوو، بە ناوی تۆفیق عەلی بایز.

١٠- شەوی ١٩٧٧/١١/٢ مەفرەزەیەکمان لە نێوان سەرجادەی "باسـاک" و ڕەبایەی "ڕەشـۆڵە"دا، بۆسـەیەکیان داناوە، بۆ ئەو سـەربازانەی دێن بۆ ئاو، لە ئەنجامدا سـێ سـەرباز کوژران و مولازم ئیبراهیمیان بریندار کرد، کە ئامر فەسـیلّی ڕەبیەکەیە، دوای ئەوە جەندرمە خوێنمژەکان، جووتیارە بێتاوانەکانی گوندی باساک و چنارەیان گرت و ئازارێکی زۆریان دان.

١١- لە شـەوی ٧٧/١٢/٢١/٢٠ پێشـمەرگە قارەمانەکان بە ئارپیچی لە مەخفەری سـەر سـووراویان دا. زیانی دوژمن مەعلووم نەبوو.

١٢- لە شـەوی ١٩٧٧/١٢/٢٧/٢٦ مەفرەزەیەکی هاوبەشـی قەرەداغ و هەورامان، بە ئاڕ پی جی لە مەخفەری تیلەکۆ تابیعی سـەر قەڵای کۆیەیـان دا. لە ئەنجـامـدا ٧ پۆلیس کوژران. دەستکەوتەکان ٤ هێستر بوو.

١٣- لە ڕۆژی ١٢١٩٧٧٧٧/٢٥ هێزێکی دوژمن هێرشی هێنایە سەر گوندی کانی خان، پێشمەرگە قارەمانەکانمان، بە هاوبەشی هەورامان و تانجەڕۆ و شلێر ڕێیان پێ گرتن، شەڕ شەش سەعاتی خایاند، زیاتر لە ٥٠ سەرباز و پۆلیس کوژران. دەستکەوتمان ١١ کلاشینکۆف بوو. لەم شەڕە پێشمەرگەی دلێر و قارەمانمان حەمەحەسەن هاڕوونی گیانی پاکی بە خاکی کوردستان سپارد، کەوتە گەل کاروانی شەهیدانی گەلە نەبەزەکەمان.

١٤- لە ڕۆژی ١٩٧٧/٨/٢ شەڕێک لە نێوان پێشمەرگە قارەمانەکان و جاشەکانی سابیری ئەحمەدی مینە ڕەندان ڕووی دا، لە ئەنجامدا جاشێک بە ناوی "حوسێنەگێڕ" کوژرا و لاشەکەی لە مەیدانی شەڕ بەجێ ما، لە هەمان شەڕدا، ژنە جووتیارێک بە بێتاوانی شەهید کرا.

١٥- لە ڕۆژی ١٩٧٧/٧/١٨شەڕێک ڕووی دا لە نێوان پێشمەرگە قارەمانەکان و جاشەکانی سابیری ئەحمەدی مینە ڕەندان لە گوندی "چاش"، لە ئەنجامی شەڕەکە دوو جاش کوژران و چوار جاشیش بریندار کران، کە یەکێکیان برای سابیری ئەحمەدی مینە ڕەندان بوو. زیانی ئێمە تەنیا پێشمەرگەیەکی قارەمانمان بە ناوی "ڕۆستەم مستەفا میران" بریندار بوو، کە بریندەکەی سووک بوو.

١٦- لە ڕۆژی ١٩٧٧/٧/٧ سێ پێشمەرگەی قارەمان لە چایەخانەی "چاش" بوون، جاشەکانی میرزا مەحموود چوون بە نیازی گرتنیان، بەڵام پێشمەرگە قارەمانەکانمان هۆشیارانە فریای

خۆیان کەوتن، شەڕێکی پاڵەوانەیان لەگەڵ کردن، جاشێکیان بریندار کرد بە ناوی "تۆفیق هوبە سووتەیی".

١٧- لە شەوی ١٩٧٧/١٢/٣٠ مەفرەزەیەکمان چوونە ناو هیران، توانییان بە ئاڕ. پی. جی لە مەرکەزی شووڕتە و بارەگای حیزبی بەعسی هیران بدەن، زەرەرێکی باشیان لێ بدەن.

١٨- لە شەوی ١٩٧٨/١/١ مەفرەزەیەکمان توانییان بچنە ناو شاری کۆیە، بە ئاڕ. پی. جی. لە بارەگای حیزبی بەعس بدەن، زیانیان پێ بگەیەنن.

***

هەرێمی دەشتی هەولێر- سەفین

١٩- لە ڕۆژی ١٩٧٧/١٠/١٩ دوژمن هێرشێکی دڕندانەی کردە سەر پێشمەرگە قارەمانەکانمان لە گوندی"سناوە" لە چیای سەفین. پێشمەرگە قارەمانەکانمان شێرانە بەرەنگاری ئەو هێرشە بوونەوە، کە دوژمن تیایدا فڕۆکەی کۆپتەری زرێپۆش و سەربازهەڵگر و تانک و پیادەی تێدا بەکار هێنا، شەڕ تا ئێوارە دەوامی کرد.

لە ئەنجامدا فڕۆکەیەکی کۆپتەری سەربازهەڵگر خرایە خوارەوە، کە بیست سەربازی تێدا کوژران، لەگەڵ فڕۆکەوانەکە. هەروەها بەکرێگیراو "فەیسەڵ هەرتەلی" تێدا کوژرا. زیانی پیادەش ٢٠ کوژراو و بریندار بوو، لەگەڵ کوشتنی ئەفسەرێکی موغاویر. زیانمان لەو شەڕەدا شەهیدبوونی دوو پێشمەرگەی

قارەمان بوو، کە گیانی پاکی خۆیان بەخشی لە پێناو سەربەرزیی میللەتەکەیان، کە ئەم دوو هەڤاڵانە بوون. ملازم جمال خۆشناو و یاسین قادر "کادیری سیاسی هەرێمەکە".

٢٠- لە ڕۆژی ١٩٧٧/١٠/٢٩ دوژمن بە پاڵپشتی فڕۆکەی کۆپتەر، هێرشێکی هێنایە سەر پێشمەرگە قارەمانەکانمان لە چیای هەورێ. پاش شەڕێکی پێنج سەعاتی سەخت، توانیمان لەم شەڕەدا پێنج فڕۆکەی کۆپتەری لێ بخەینە خوارێ، یەکێکیان زریپۆش بوو. خەسارەی دوژمن تەقدیر دەکرا بە کوشتن و بریندارکردنی پەنجا سەرباز، لەگەڵ کوشتنی ئەفسەری زرێپۆشەکە بوو. لەم شەڕەدا هەرێمی سەفین بەشداریی کرد. زیانی ئێمە شەهیدبوونی پێشمەرگەی قارەمانمان "مەلا حاجی ڕەسوڵ" بوو کە پلەی ئامیر مەفرەزە بوو، گیانی پاکی بە خاکی کوردستان سپارد.

٢١- لە شەوی ١٩٧٧/١١/٢٤/٢٣ مەفرەزەیەکمان توانی بۆسەیەک بنێتەوە بۆ جاشەکانی خائین "قادر فەرەج" لە گوندی "سێکانی". لە ئەنجامدا توانیان جاشێکیان لێ بکوژن، سیانیشیان لێ بریندار بکەن.

٢٢- لە شەوی ١٩٧٧/١١/٢٣/٢٢ مەفرەزەیەکمان توانی بچێتە ناو شاری تەق تەق تاوانبار عومەر فتاح بێننە دەرێ.

٢٣ - لە شەوی ١٩٧٧/١١/٢٣/٢٢ مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی ناو شاری کۆیە توانیان پیاو خراپ "سەیفەدین" کە بەڕێوەبەری نەقابەی نەسیجی کۆیە بوو، لەناوی بەرن.

٢٤ - لە شەوی ١٩٧٧/١٢/٧/٦ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە توانی بچێتە ناو گوندی قەشقە، تاوانبار فەیسەڵ قەشقەیی بکوژن.

٢٥- لە شەوی ١٩٧٧/١٢/٢٨/٢٧ لە گوندی "حەسەن موتریب" لەنزیک دیدەوان، توانیمان دەست لە جاشەکانی کانەبی چاوشین بوەشێن، حەوت جاشیان لێ بکوژین و چواریشیان لێ بریندار بکەن.

دەستکەوتەکانمان سێ کلاشینکۆف بوو، لەگەڵ دوو هەویەی جاشایەتی. زانیمان لەم شەڕەدا شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو بە ناوی شەهید "موحەمەد ڕەسووڵ" و بریندارببوونی کاک "سەعدی عەزیز -سەعدی گچکە" کە برینەکەی سووکە. ئەم شەڕە بە بەشداریی هەرێمی سەفین کرا.

٢٦- لە شەوی ١٩٧٧/١/٦/٥ مەفرەزەیەکمان چووە ناو گوندی شیواشۆک، توانیان پیاوخراپ کوێخا عەلی موختاری گوندی شیواشۆک بکوژن.

٢٧- لە ڕۆژی ١٩٧٨/٢/٢ مەفرەزەیەکمان تووشی بوو بە تووشی هێزێکی دوژمنەوە، دەیانویست ناوچەی حاجی قەڵا بپشکنن. لەپشت گوندی شیواشان و قازبەگیان بەرەنگاریان بوون، شەڕ تاکوو ئێوارەی خایاند، کە دوژمن لەم شەڕەدا فڕۆکەی کۆپتەری زرێپۆش و سەرباز هەڵگری بەکار هێنا، توانییان زیانێکی باشیان لێ بدەن کە تەقدیر دەکرێ بە کوشتن و بریندارکردنی پازدە سەرباز. لەم شەڕەشدا هەرێمی سەفین و کەرتی حاجی قەڵاش بەشداریان کرد. "خوبەڕا"ی ئەجانب لە دووکانەوە سەیریان ئەکرد.

٢٨- لە شـــەوی ١٩٧٨/١/٢٢/٢١ مەفرەزەیەکمان لە شـــاری قەڵادزێ، توانییان خائین "موحەمەد فائیق عەرەب" گوللەباران بکەن.

٢٩- لە شـــەوی ١٩٧٨/٢/١٥/١٤ مەفرەزەیەکمان لە شـــاری قەڵادزێ، توانییان "ڕەسوڵ شینەیی" کە جەیشی شەعبی بوو گوللەباران بکەن.

٣٠- لە شـەوی ١٩٧٨/٢/٣/٢ مەفرەزەیەکمان توانی بچێتە ناو شـــاری بنگرد، گوللەباران مەنزومەی بەعس بکات، بۆ ماوەی یەک ســـەعات. لە ئەنجامدا پولیســـێک کوژرا بە ناوی "برایم عەبدوڵڵا کانەبی".

٣١ – بە هاوبەشی مەفرەزەکانی هەرێمی ئازادی لە بەرواری ١٩٧٨/١/٢٣ توانییان ٣٠ چەکدار لە جەماعەتی قیادەی موەقەتە، لە نـاوچەی بـاوزێ بە دیـل بگرن، دوای ڕوونکردنەوە و تێگەیاندنی ڕێبازی یەکێتی و دەوری تێکدانی بنەماڵەی بارزانی بەردران.

٣٢- لە شـــەوی ١٩٧٨/٢/١٣ چەند مەفرەزەیەکی هەرێمی ئازادی/ ئابڵووقەی مۆڵگای جاشـەکانی ڕەزگە و "ئەرکی"یان دا، لە بەرەبەیانـدا لێیان ڕاپەڕین. لە ئەنجامـدا دوای شـــەڕێکی کورت/ توانییان چوار جاشیان لێ بکوژن، یەکێکیان لێ بریندار بکەن و هەشـــتیشـــیان لێ بە دیل بگرن، لەگەڵ ڕەئیس جاش کوێخا خدر کوێخا برایم، کە مەشهوورە بە "خدرە بەسێ".

هەر لە هەمـان شـــەودا نۆ هەڵخەڵەتـاو بە چەکەوە خۆیـان

تەسلیمی شۆڕش کرد. دەستکەوتەکان ١٠ چەک بوو. زیانمان لەم شەڕەدا شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو کە ناوی "موحەمەد سوورە حاجی خدر" بوو، کە گیانی پاکی بە خاکی کوردستان سپارد، لەگەڵ بریندار بوونی پێشمەرگەیەکی ترمان.

٣٣- لە شەوی ١٩٧٨/٢/٢٢/٢١مەفرەزەکانی هەرێمی ئازادی، توانییان بچنە ناو گوندی "توتمە"، ئابڵۆقەی جاشەکان بدەن. لەدوای شەڕێکی کەم توانییان ١١ جاش بە دیل بگرن. دەستکەوتمان لەم شەڕەدا ١١ چەک بوو. ئێمەش هیچ زیانمان نەبوو.

٣٤- شەوی ١٩٧٨/٢/٢٥/٢٤ مەفرەزەیەکی بڕووسکەی نەبەز، مالّی نیشتمانفرۆش عەلی ئاغای حەسەن ئاغای دایە بەر ئارپیجی. ئارپیجی مالّەکەی پێکا و زیانی بە دوژمن گەیاند. پاشان مەفرەزەکە بەناو شاری قەڵادزەدا سوورانەوە، دەستیان کرد بە هوتافکێشان بە ژیانی ی. ن. ک.

٢

پاککردنەوەی کوردستان لە چریکەکانی کوردستان

دوابەدوای تاوانەکانی ق. م لە دژی شۆڕش، کۆمیتەی سەرکردایەتیی ی. ن. ک بڕیاری پاککردنەوەی کوردستانی دا لە چریکەکانی بارزانی. هەڕێمی سلێمانی، ئینجا هەڕێمی ئازادی کاری خۆیان تەواو کرد. لەوێیەوە نامەیان بۆ نووسرا، کە بێنەوە ژێر ئالای شۆڕش و ئامۆژگاری کران کە نەچنە ڕیزی خیانەتەوە بەیەکجاری.

لە ئەنجاما مەفرەزەکانی شارباژێڕ ١٨ کەس بە سەرکردایەتیی عەلی چوارتایی گەڕانەوە. هەروەها مەفرەزەکەی باوزێ بە سەرۆکایەتی موحەمەد سوور بە ٢٢ چەکدارەوە گەڕانەوە. قادرە سووریش نامەی نارد کە بە ١٢ پێشمەرگەوە دێنەوە ڕیزی ی. ن. ک و شۆڕشە پیرۆزەکەمان.

قالە سوور، خالّی شەهیدی نەمر باهرە، کە چریکەکانی بارزانی لەگەڵ قارەمانی نەمر مولازم حەسەن شەهیدیان کرد. ئەوانەی نەهاتنەوە لە لای هەورامان ١٤ بە دیل گیران، لە ناوچەی پشدەریش ٣١ کەسیان بە دیل گیران. لە بناری کۆسرەتیش ٥ کەس.

تاقمەکەی مەجید هەیبەش کە پەلاماری مەفرەزەیەکی

قارەمانی پێشمەرگەیان دا، هەر پێنجیان لەناوبران. لەلایەکی ترەوە ٣ چەکداری بارزانییش، کە دەیانویست بچنەوە ناو میرییەوە، لە دۆڵەڕووت کوژران. شێخ عەزیز و نەسرەدین و عەبدولڕەحمان حاجی عەلی بە ١١ چەکدارەوە چوونەوە ئێران. بازگەی قەڵەڕەشە بە زیل گواستنییەوە بۆ بەردەپان، پاشان چوونە ئەڵوەتان، لەوێوە بە زیلی ئێرانی گواستنرانەوە بۆ گوندی کانییە ڕەش لەنزیک ڕووباری گادەر.

تاقمەکانی جەوهر ئاغا و مەلا شێخ موحەمەد عەلی کوردەش، چوونە ڕیزی میری فاشیست و بوونە جاش.

تاقمی مولازم ستار و عەبدولمەلیکیش چوونەوە میری. مولازم ستار نامەیەکی بۆ هەڤاڵ مام جەلال و هەڤاڵ نەوشیروان ناردووە، تیایا ئەڵێ بە پێویستم زانی ساحە چۆل بکەم، چونکە ق. م ویستی بیکاتە عەمیل و بیکا بەگژ شۆڕشا و شەڕی براکوژی پێ بکات.

وێنەی نامەکەیتان بۆ ئەنێرین، کە تیایا دەرئەکەوێ چۆن خەڵک ئەکەن بە جاش.

هەروەها نامەیەکی عەبدولڕەحمان حاجی عەلیمان لایە، بۆ ڕەمەزان و عومەرە ڕەشی نووسیوە، تیایا ئەڵێت ئەگەر نەگەیشتنەوە لامان، بڕۆنەوە لای قادر فەرەج و تەحسین شاوەیس ببنە جاش تا بەهارێ.

هەروەها قادر فەرەج و تەحسین شاوەیس و گەلێک لە

جاشەکان، سوێند بە سەری بارزانی ئەخۆن و خۆیان بە چریکی ئەو ئەزانن، ئەڵێن بە ڕەزامەندیی ئیدریس بوونەتە جاش دژی شـــۆڕش، تا لەناوی ئەبەن، ئینجا گەر بارزانی هاتەوە ئەچنەوە خزمەتی.

٣

دەفتەری یاداشتی ڕۆژانەی ساڵی ١٩٨١

ئەو دەفتەرە لە باردۆخێکی جیاوازی کوردستان و عێراق تۆمار کراوە، شەڕی عێراق ئێران گەرم بووە، یەکێتییش چالاکیی زۆر بووە، ئیتر با بزانین دکتۆر چی نووسیوە؟

دەفتەرێکە؛ ماندووبوون، کۆششی ساڵێکی د. فؤاد معصوم تێدا نووسراوەتەوە. ئەوەی بینیویەتی، هەستی پێ کردووە، نووسیوە. دکتۆر لەو ساڵەدا زۆربەی ڕۆژەکانی لەناو ئێران بووە. لەو دەمانەی ولاتەکە لەناو شەڕێکی گەورەدا بووە، هۆکاری ململانیی سیاسییەکانی ناوخۆیان زۆر بوون.

لەو ساڵەدا خەباتی حیزبە کوردستانییەکان، چەپەکان لە کوردستان و ناو ئێران، بەردەوام بووە، سەرکەوتن و شکستیش هەبووە! ئەگەر دێڕ بە دێڕ لاپەڕەکانی ئەو ساڵنامەیە بخوێنێتەوە، چەندان ناو، ڕووداوی سەیروسەمەرە، سەرسوڕهێنەر، سەرکەوتن، سەرخستن دەدۆزیتەوە.

١٩٨١/١/١٢

تەلەفۆنم لەگەڵ "اصلعی (کەمال فوئاد)" کرد، گوتی:

هێشـــتا برادەرەکە "مام جەلال" لەولا ماوەتەوە، بڕیاری داوە جارێ ســەفەرەکەی ڕاگرێت، خەریکە ســەفەر بکات بۆ وڵاتی ســەوزەکتێب "لیبیا"، لەگەڵ نوێنەری پارچەکانی تر "کوردستان"، خۆشی تا ١٥ی مانگ لەوێ دەبێت.

***

یەدوڵڵا شەریفی موڕاد؛ فڕۆکەوانە ئێرانییەکە

١٩٨١/١/١٧

فڕۆکەوانەکە گەیشتە تاران، موحەمەد سیاسی لەگەڵی هاتبوو. "ئەم فڕۆکەوانە لە لایەن فڕۆکەیەکی شـــەڕکەری عێراقەوە لە فڕۆکەکەی درابوو، فڕۆکەکەی لە ناوچەی ئاکۆیان کەوتبووە خوارێ، ناوچەکانی دەسەڵاتی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردســتان، بۆیە ئاســان دەدۆزێتەوە، ســەلامەت دەگاتەوە ناو ئێران".

***

١٩٨١/١/١٨

ســـەعات ١١ دیداری وەزیری بەرگریی ئێرانمان کرد. ســـەرهەنگ "فاکووری"، "فەرزان" قائدی بنکەی تەوریز،

"گلچینی" قائیدی گشتی، لەگەڵ سەروان "یدالله شریفی مراد-فرۆکەوانە ئێرانییەکە" ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. "موحەمەد سیاسی" و ڕائید "عەزیز"یشم لەگەڵدا بوو.

ئەفسەرە ئێرانییەکان قسەی باشیان کرد، گوتیان یەکێتی چەکی دژە کۆپتەریان هەیە، زۆر شتیان پێ دەکرێ، ئەوان ستایشی زۆری یەکێتییان کرد.

دوایی سەرهەنگ فاکووریی وەزیری دیفاع گوتی:

ئێمە کۆبوونەوەی باڵای ئەنجوومەنی بەرگریمان هەیە، تێیدا باسی مەسەلەی یارمەتیی ئێوەش دەکەم، بێگومان ئەنجامەکەی باش دەبێت. شەویش لەگەڵ "داریووشی فرووهەر" قسەی ئاساییمان کرد.

***

١٩٨١/١/٢١

ئیمڕۆ لەگەڵ "شەریفی" چووینە لای پاسداران، "ئووەیسی"، لەگەڵ یەکێکی تر، کە جێنشینی هاشمی بوو، لەگەڵمان دانیشتن، بەڵام هەردووکیان دیار بوو ئاستی زانیارییان زۆر نەبوو.

***

١٩٨١/١/٢٣

لە مانگی ولاش زاواکەی "شەریفی" دەعوەت بووین، دەرفەتێکم هێنا قسەم لەگەڵ "فروزان" کرد، دوایی باسی گەڕانەوەی مام جەلالم بە ڕێگای ئێرانەوە بۆ کوردستان لەگەڵدا

کرد، گوتی؛ هەولّ دەدەم، ئەگەر نەشکرا، من خۆم یارمەتیتان دەدەم.

دوێنێ ئەو لەگەلّ شـــەریفی بووە بۆ دیتنی ئیمام خومەینی. ئەو نامەی نووسیبووم پێیان دابوو. فروزان گوتی لەگەلّ "سەید ئەحمەد خومەینی" قسەم کردووە، ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو ١٩٨١/١/٢٦ دووبارە قسە دەکەمەوە.

***

حسک نەوشیروان دەگرێت

١٩٨١/٨/٢٥

"ئیبراهیم جەلال" گەیشتە تاران، نامەی "عومەر شێخموس"ی هێنابوو، تێیدا نووسیبووی:

جەماعەتی حســیک "حیزبی ســۆسـیالیســت یەکگرتووی کوردستان" نەوشیروانیان بە خۆی و دوو پێشمەرگەوە دەستگیر کردووە، "تایەری عەلی والی" لەو کارەدا دەستی هەبووە.

حســـیک داوایـان کردووە بەیـانێکی هـاوبەش لە نێوان هەردوولامان یەکێتی و حســـیک و حیزبی شـــیوعی عێراقی دەربکرێت، بەلاّم حیزبی شـــیوعی عێراقی ڕەفزی کردووە و گوتوویەتی:

بێ قەید و شەرت دەبێ بەر بدرێت.

تەلەفۆنم لەگەلّ "اصـــلعی - کەمال فوئاد" کرد، هەوالّەکەم پێی ڕاگەیاند.

عادل موراد تەلەفۆنی بۆ ڕائید عەزیز کردبوو، دڵخۆشیی خۆی بە گرتنی نەوشیروان دەربڕیبوو. گوتبووی:

بۆیە گیراوە؛ چونکە بە شێوەی کەسێت بۆ براکوژی چووبووە ناوچەکە. ئێمەش تەماشای بڕیاری میللەت دەکەین، چی لێ بکەین! هەروەها گوتبووشی ئەوە دیارییەکی باشە بۆ مەسعوود بارزانی.

***

"جەواد"م لە ئەکسەریەتی "چ. ف - چریکی فیدائی خەڵق" بینی، دەربارەی وەزع لە عێراق و ئێران ئاڵۆگۆڕی ڕەئیمان کرد. ئەو ڕەئی وابوو، دەبێ بەرگریی لە ئێران بکەین، کە دژ بە ئیمپریالیزمە، ئەو جەنگەی ئێستا لە لایەن ڕژێمی فاشستی عێراق بەسەر ئێراندا فەرز کراوە، بەشێکە لە پیلانی ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدا.

***

١٩٨١/١/٢٦

چوومە سوپای پاسداران "ئووەیسی" و یەکێکی تر لەگەڵم دانیشتن. زۆربەی قسەکانیان پرسیار بوون، سێ جار لە پەیوەندیی نێوان یەکێتی و حسیکیان پرسی، دیار بوو حسیک لەسەر دەستگیرکردنی نەوشیروان ئاگاداریان کردبوونەوە، بەڵام من خۆم لەوە نەدا، داواکانی خۆمانم باس کرد.

لە هاتنە دەرەوەدا حاجی "موحسین ڕەفیق دۆست"م دی،

ڕێک کەوتین سبەی بۆ دیدارێکی دووقۆڵی تەلەفۆنم بۆ بکات.

***

١٩٨١/١/٢٧

لە سەردەشتەوە مامۆستا کەمال و ئاسۆ تەلەفۆنیان بۆ کردم کە:

١- حسیک نامەی بۆ مولازم تاهیر والی ناردووە، نەوشیروان بەر بدرێت. جەمال ئاغا و یەکێک لە حیزبی شیوعی چوونەتە شوێنەکە بۆ هێنانەوەی نەوشیروان.

٢- حەیدەر "سامان" شەربەتی پرتەقاڵی پێ دراوە، دەرکەوتووە ژەهری "جیوە"ی تێدا بووە، دەیننێرنە تاران.

ئیمڕۆ چوومە لای حاجی موحسینی ڕەفیق دۆست، گوتی: مام جەلال لە تەڕابلوسە "لیبیا". ڤیزای وەرگرتووە. بەڵێنی دا پاسدار دابنێت بۆ پاسەوانیی کە دەگاتە ناو ئێران.

داوام لێ کرد، نامەیەکمان بداتێ بۆ داخیلکردنی "سامان" بۆ خەستەخانە، یەکسەر نامەیەکی بۆ نەخۆشخانەی شوهەدا نووسی.

تەلەفۆنم لەگەڵ "سعد مجبر"ی باڵیۆزی لیبیا لە تاران کرد، ڕێک کەوتین سبەی یەکتری ببینین.

***

١٩٨١/١/٢٩

چوومە لای سەعد موجبیر "باڵیۆزی لیبیا لە تاران" گوتی:

مام جەلالم لە تەڕابلوس دیوە، دوایی گوتی: ئێرانییەکان گلەییان لێتان هەیە، بە تایبەتی کە نامەیەکی ئێوە بە دەستخەتی د. کەمال خۆشناو بلاّو کراوەتەوە، تێیدا نووسیویەتی: ڕژێمی تاران و بەغدا وەک یەکن.

دوایی کە هێندێ قسەم دەربارەی خۆمان بۆ کرد، وەعدی پێمان دا بۆ هاتنی مام جەلال بۆ ئێران، لەگەڵ "مەهدی هاشمی" قسە بکات، گوتی: حەز دەکەم سەرێک لە مەکتەبی شەعبی بدەیت "ناوی ڕەسمیی باڵێوزخانەی لیبیا"، لێژنەیەکی پێنج کەسی بۆ داندراوە.

منیش چوومە لایان، دیار بوو هیچ زانیارییەکیان لەسەر کورد و عێراق نەبوو.

***

ئەبووئەیمەن "لواء ابراهیم یونس" باڵێوزی سووریا لە تاران، خامنەیی دیوە، لە زمانی ئەو (خامنەیی) گوتوویەتی:

مام جەلالم قەبوولّە وەک ڕەهبەری ڕێکخراوێک، دەربارەی یارمەتیدان گوتوویەتی؛ من لە ئەنجوومەن دیفاع، بەرگری لێ دەکەم، حەزیش دەکەم چاوم پێی بکەوێت، ئەگەر لێرەیە، ئیبراهیم یونس گوتبووی نوێنەرەکەیان لێرەیە.

خامنەیی گوتبووی: با بێتە لام.

بڕیارە کۆتایی ئەم هەفتەیە، سەردانی بکەم.

بە دەســـتی ئیبراهیم جەلال، نـامەیەکم لەگەڵ ١٣٥ هەزار تومەن بۆ م. س نارد.

***

١٩٨١/١/٣٠

بەیـانی "ابو ضـــیف" هـاتە لام، لە تەڕابلوس گەڕابووەوە، نامەیەکی مام جەلال و نامەیەکی شـــازاد ســـائیبی بۆ هێنابووم. سبەی تەلەفۆنی بۆ دەکەم، سەردانیشی دەکەم.

***

١٩٨١/١/٣١

ئیمشـەو سـەروان شـەریفی "فرۆکەوانەکە" تەلەفۆنی بۆ کردم، کە فەرزان ئاگاداری کردیتەوە، ڕۆژی دووشـــەممەی داهاتوو ١٩٨١/٢/٢ ئامـادە بم، ئەگەر هەوا خۆش بوو لەگەڵ ئەو بچمە جنوبی ئێران. "ابو الحسن بني صدر (سـەرۆککۆمار)"[1] دەبینم و یاداشتێکی بۆ ئامادە دەکەم.

***

١٩٨١/٢/٢

لەســـەر وەعـدی "فەرزانە" چاوەنواڕ بووم شـــوێنێک بۆ

---

[1] ئەبوولحەســەن بەنی ســەدر (١٩٣٣-٢٠١٢): یەکەمین ســەرۆککۆماری ئیســلامی ئێران بووە، بەڵام ئەو زۆر نامێنێتەوە و تۆمەتباری دەکەن، ئەویش دەتوانێت لەناو ئێران خۆی دەرباز بکات، تا لە فەرەنســا دەمرێت. یەکێک بووە لە ســەرکردەکانی شۆڕشی ئێران دژ بە شاهنشا.

دیدارەکەمان دابنێرێت، بەڵام تەلەفۆنی کرد کە دیدارەکە دوا کەوت.

چوومە بەشی (حرکات التحرر)، سەر بە سەرۆکایەتیی ئێران، لەگەڵ جەواد و موحەمەد جەواد دانیشتم.

چوومە لای "عەزیز موحەمەد" سکرتێری حیزبی شیوعی عێراقی، "فاتیح ڕەسوول"ی لەگەڵدا بوو، باسی دیدارەکانی یەکێتی و سۆشیالیست و پارتیمان کرد، دوایی هاتە سەر ئەو باسەی کە مەسەلەحەت وایە، پارتییش بێتە ناو بەرەی "جوقد". لەم ڕووەوە قسەمان زۆر کرد، گوتیشی حەز دەکەم مام جەلال ببینم. گوتم ئاگاداری دەکەمەوە کاتێک دابنێین بۆ یەکتر دیتن.

***

١٩٨١/٢/٣

تەلەفۆنم بۆ مام جەلال کرد، دەربارەی گەڕانەوەی قسەمان کرد، گوتی: لەو ڕۆژانە ئیشم تەواو دەبێت.

نامەی "شازاد سائیب"م بۆ هات، لەگەڵ بڕێک پارە.

***

١٩٨١/٢/٤

ئەبووئوسامە "عباس شبک"م دی ، کە لەگەڵ چەند کەسێک "لەشکری ئیسلام، ل.ا"ی کوردستانیان دروست کردووە.

***

سەرۆککۆماری ئێران دەبینم

١٩٨١/٢/١٠

سەعات ٨ دیدارم لەگەڵ ئەبوولحەسەن بەنی سەدر، سەرۆککۆماری ئێران هەبوو، لەو دیدارەدا سەرهەنگ فەرزان و سەرهەنگ شەریفی لەگەڵمدا بوون، عەبدولڕەزاق فەیلی بۆ وەرگێڕانی زمانی فارسی لەگەڵمدا بوو.

فەرزان ڕاپۆرتێکی عەسکەریی شیکاریی دەربارەی بەسەرهاتی سەروان شەریفی بۆ ڕوون کردەوە. فڕۆکە ئێرانییەکەی لە ناوچەی ڕزگارکراومان کەوتبووە خوار، ئەویش بە سەلامەتی دابەزیبوو، پێشمەرگەکانی یەکێتی ڕزگاریان کردبوو، ئەوم تەقدیم کرد. ئینجا بەنی سەدر هەندێ قسەی عمومیاتی کرد و سوپاسی یەکێتی کرد.

سەرهەنگ فاکووریی وەزیری دیفاع هاتە ژوورەوە. سەروان شەریفی باسی وەزعی یەکێتی بۆ کرد، کە خەڵکێکی زۆری هەیە، توانای شەڕیان زۆرە، بەڵام کێشەی گەورەیان کەمیی چەکە.

فەرزان بۆ ڕوونکردنەوە و پشتگیری گوتی:

گەر هێندێ چەکی دژەفڕۆکەیان بدەنێ، فڕۆکەی عێراقی پێش ئەوەی بگاتە سەر خاکی ئێران، ئەوان تیربارانی دەکەن. لاسلکییان پێویستە بۆ ئاگادارکردنمان و تەنسیقکردن.

جا نۆرەی قسەکردنی من هات. منیش یاداشتێکم نووسیبوو،

دامە دەستی، ئەویش بە وردی خوێندییەوە، ڕووی تێ کردم و گوتی:

پەیوەندیی ئێوە و کۆمەڵەی "ئێران" چییە و چۆنە؟ ترس هەیە ئەو چەکانە کە داوای دەکەن، بگاتە دەست کۆمەڵە، لە دژی ئێمە بەکاریان بهێنن.

منیش گوتم: ئێمە و کۆمەڵە، لە چەند شتی بنەڕەتی، لە هەڵسەنگاندنمان بۆ ڕژێمی ئێران جیاوازین. لە هەڵوێستمان بەرامبەر ڕژێمی عێراق، بە خائینیان دەزانین، کە ئێمە خەبات بۆ ڕووخاندنی دەکەین. لە نێوان ئێتیفاق و ئیختیلاف و شەڕدا مەساحەیەکی فراوانمان لە نێواندا هەیە. لە ڕووی تەکتیکییەوە بەرژەوەندیی ئێمە، لەوەدا نییە شەڕیان بکەین.

کە هاتینە سەر باسی چەکەکانمان، کە ئێران دەستی بەسەردا گرتوون، ڕووی لە وەزیری دیفاع کرد، چەند دێڕێکی لەسەر کاغەزێک نووسی، دایە سەرهەنگ فاکووری و ڕووی لە من کرد، گوتی:

بە نیسبەت داواکارییەکانتان لە شووڕای دیفاع باسی لێ کراوە، موڕاجەعەی خامنەیی "نوێنەری ئیمام خومەینی لە شووڕای دیفاع" بکەن.

دیدارەکە کۆتایی هات لەسەر ئەو ئەساسەی کە پەیوەندییم پێوە دەکەنەوە. ژمارەی تەلەفۆنی "آقای شمسایی"م وەرگرت. لە هەستان و دوعاخوازیدا، مەهدی چمیران برای "مستەفا چمیران"م دی، گوتی:

من هیچ دەستم لە ڕاگرتنی چەکەکانتاندا نییە.

***

لەگەڵ ئەیاد ئەلمەحمەدانی "مستەشار و قونسڵی سووریا لە تاران" چووینە لای موحسینی ڕەفیق دۆست، سەید حوسێن "نەوەی خومەینی" لەگەڵ ئەیاد قسەیان کرد، زۆر موتەحەمیس بوو بۆ بەنی سەدر، گوتی: گەلی ئێران و جەیش، لەگەڵ بەنی سەدرە.

حاجی موحسین وەعدی ١٠٠% داینێ، ئیشەکەتان جێبەجێ دەبێت، گوتی؛ دوو ڕۆژی تر وەڵامتان دەدەمەوە. بەڵام پێکەنینەکەی موحسین ڕفیق دۆست، قسە و تێڕامانی نەهاتە بەردڵم، دەمێکیش بوو دەمناسی.

لە خەستەخانە سەردانی (اية الله أحوازی)م کرد، ئەو زاوای خومەینییە، وەک بیستوومە کۆپیی یاداشتەکەی دابوومە بەنی سەدر، دامە ئەویش، کە خوێندییەوە، گوتی: منیش پشتیوانیتان لێ دەکەم.

حاجی عەباس شەبەک تەلەفۆنی بۆ کردم، دیار بوو تەنگاو بوو، گوتی: ئێوە لەگەڵ چەند لایەک باسی گەڕانەوەی مام جەلالتان کردووە بە ڕێگای تاران، ئەگەر بڕواتان بە من نییە، من لە مەسەلەکە دێمە دەرەوە، چونکە ئەفسەرێک لەگەڵ مالّی ئیمام قسەی کردووە بۆ هاتنەوەی مام جەلال، ئەیاد ئەلمەحموود لەگەڵ موحسین ڕەفیق دۆست باسیان کردووە. منیش ئەوەم بە ئەیاد گوت، ئەویش گوتی:

حاجی عەباس خۆی موحتاجی حمایەیەا بۆیە ئەگەر لە حاجی موحسین دڵنیا نەکرێن، مەسەلەکە زەحمەتە.

***

١٩٨١/٢/١٧

لە ڕێئاسەی جمهووری موقابلەی "خواجە نووری"م کرد، سەرهەنگ فەرزان کە زانیبووی دەچمە بارەگای سەرۆککۆمار، ئەویش لەگەڵ سەروان شەریفی هات، لەگەڵ خواجە شەریفی گفتوگۆمان کرد، پوختەی قسەکانی:

١- نامەیەک لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی بنێردێت بۆ فەرماندەی بەرزی هێزی چەکداری ئێران، کە دەکاتە سەرۆککۆمار، داوای هاوکاری بکات لەگەڵ ئێران. کەوتینە گفتوگۆ، ئەم هاوکارییە چۆن دەبێت، دوایی گەیشتینە ئەم خاڵانە:

ا- ئاڵوگۆڕی زانیاری.

ب- ڕێککەوتن بۆ لێدانی هێندێ شوێن، کە ئێران بتوانێ لە ئاسمانەوە لێیان بدات.

٢- داوای کرد بەلاغەکانی ڕۆژانەمان، بە دریژایی شەڕی نێوان ئێران و عێراق بکەینە فارسی و بۆیان بنێرین.

٣- دوایی هەموو یارمەتییەک دەدرێین.

کە باسی چەکەکانی خۆمانم کرد، ئەوانەی لە ئێران دەستیان بەسەردا گیراوە. کە هاتوونەتە ناو ئێران، هەمووش بە موافقەتی ڕەسمیی ئێرانیش بووە... گوتی؛ ئێوە زۆر قسەتان لە دژ کراوە،

دەبێ هەنگاو بە هەنگاو بۆ مەسەلەکان بچین.

***

١٩٨١/٢/١٨

"دلێری سەید مەجید" گەڕایتەوە ولاّت، نامەیەکی دووروودرێژم بۆ م. س نارد. چاوەنواڕی هاتنەوەی دلێرم ڕەئی "م. س"م بۆ بێنێت.

جەماعەتی "ل. ا" دەیانەوێ بچنە کوردستان. حسیک بلاّوی کردۆتەوە. دیموکرات "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" نایەلێت تێپەڕ بن بۆ ولاّت.

***

١٩٨١/٣/١

چوومە لای سەعد موجبیر، گوتی:

ئێستا هاوپەیمانین، هەوڵ دەدەم پشتگیریی لە ئێوە بکەم، بەلاّم بە نیسبەت حەڕەس "پاسداران" هێشتا هەڵوێستیان ڕوون نەبۆتەوە، کێشەیە ئەوەیە دەزانن کە لە نێوان ئێوە و دیموکرات "ئێران"، هاوکاری هەیە. ئەم هەستکردنەیان خەتەرتر لە نامەکەی د. کەمال خۆشناو.

گوتی ئێستا بە نیسبەت ئەیادیش "ایاد سعید ثابت" کێشەکان هەر ماون، چونکە جەماعەتی "دەعوە" دژی ئەون، بەلاّم ئەیاد لە قۆناغی خەتەر دەرچووە.

***

١٩٨١/٣/٢

تەلەفۆنم بۆ خواجە نووری کرد، لە دائیرەی خۆی نەبوو، دوای نیوەڕۆ لە هوتێل هاتە لام، باسی تەقاندنەوەی بۆڕییەکانی نەوتی کرد، ئەوانەی لە عێراقەوە نەوت دەبەنە ناو بەنداوەکانی تورکیا.

***

١٩٨١/٣/٨

دارۆ لە دیمەشق بە هەگبەوە، واتە "پارە" هات، گوتی؛ سەفەرەکەی مام جەلال بۆ لیبیا باش بووە.

***

١٩٨١/٣/١١

دلێری سەید مەجید هاتە تاران، نامەیەکی بۆم هێنابوو، تا بۆ مام جەلالی بنێرم.

گوتیشی ژنهێنانی هاوڕێ جەبار "مفاوەزات لەگەڵ ڕژێم" هاتۆتە پێش، فەرەیدوون بۆ داخوازییەکە چووە، بۆ ئەوەی بزانێ چی لێ داوا دەکەن.

ئیمڕۆ لەگەڵ مام جەلال قسەم کرد.

وا دیار بوو ئاگای لە مەسەلەی "ژن داخوازییەکە" نەبوو، یاخود لە تەلەفۆنەکە، منیش نەمتوانی تێبگەیەنم، چونکە لە تاران هەموو تەلەفۆنێک کۆنترۆڵ دەکرێ.

جا من دەچمە شام، ئەویش لە تەڕابلوسەوە دێتەوە دیمەشق، عومەر دەبابەش لەوێیە.

***

١٩٨١/٣/١٢

لەگەڵ مام جەلال بە تەلەفۆن قسەم کرد، وا دیار بوو ئاگای لە مەسەلەی گفتوگۆ نەبوو. جا من دەچمەوە دیمەشق، ئەویش لە تەڕابلوسەوە، عومەر دەبابەش لە تارانە.

***

١٩٨١/٣/١٧

نامەیەکم بۆ هۆمەر "عومەر شێخموس" نارد، ڕەئی خۆم دەربڕی دەربارەی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم.

***

١٩٨١/٣/١٩

سەردانی باڵیۆزخانەی لیبیام کرد، چاوم بە ئەحمەد، ئەندامی پەیوەندییەکانە لە سەفارەت کەوت، گوتی:

١- (عبدالسلام التريكي) "وەزیری دەرەوەی لیبیا" زۆر باسی ئێوەی بە چاکە دەکرد، واتە یەکێتی.

٢- لە لیبیا لایەنی بڕیاردان و لایەنی جێبەجێکار هەیە، لایەنی جێبەجێکارتان لەگەڵدایە، بەڵام لایەنی جێبەجێکار، پێی وایە "ایاد سعید ثابت" هیچی پێ ناکرێت.

٣- کە هاتە سەر مەسەلەکە "مفاوەزات لەگەڵ ڕژێم"، گوتی: گەر تەنیا بمێنم دژی دەوەستم، خۆسووتانە گفتوگۆ لەگەڵ ئەم ڕژێمە.

٤- بە نیسبەت گەڕانەوە بۆ کوردستان بە ڕێگای تاران. گوتی: "موحەمەد مونتەزەری" و جەماعەتێک دەچنە تەڕابلوس "لیبیا" لەگەڵیاندا باسی لێ دەکەم. گوتیشی نامەیەکیش بۆ ولّات دەنووسم، واتە م. س.

***

١٩٨١/٣/٢٤

مام جەلال نامەیەکی بۆ م. س و هێندێ پارەی بۆ ولّات پێ دام، کە بڕی ڕوبع ملیۆن دۆلار بوو.

***

١٩٨١/٣/٢٥

مام جەلال ئیمڕۆ چوو بۆ تەڕابلوس "لیبیا".

لەگەڵ عومەر مستەفا دەبابە چووینە لای عەبدوللاّ ئەلئەحمەر یاریدەدەری سکرتێری گشتیی قیادەی قەومیی حیزبی بەعس.

***

١٩٨١/٣/٢٩

گەڕامەوە تاران، پێش چوونە ناو فڕۆکە، دیتم مەسعوود بارزانی، د. ڕۆژ نووری شاویس ، فازیل میرانی، د. جەرجیس

حەســـەن، غازی زێباری لەگەڵ عەلی ســـنجاری لە تارانەوە دەهاتنە دیمەشـق. ئەوان لەناو هەمان ئەو فڕۆکەیە بوون، کە من سەفەری پێ دەکەم بۆ تاران.

هەر لەو فڕۆکەی سـەفەری پێ دەکەم، ئەبووئەیمەن "باڵێوزی ســـووریا لە تـاران" بە خۆی و خێزانییەوەی تێدا بوو، لەناو فڕۆکەکە هاتە لام و گوتی:

ســـەرهەنـگ کیتبە لەگەڵمـانە، بەڵام تێـک نـاگەین، ئەو فەرەنســـی نازانێ، منیش ئینگلیزی دەزانم، وەرە تەرجەمەمان بۆ بکە، گوتم: باشە.

کەوتنە قسەکردن، قسەکانیان هەمووی شتی نەێنی بوون، دیار بوو ســـووریا چەکوتفاقی بۆ ئێران کڕیبوو، دەیگوت؛ لە ولاّتی چیک شـتەکان بەم زووانە ئامادە دەبێت. بەڵام لە ڕۆمانیا هێشـتا پارەکە نەگەیشتووە، پتر لە نیو سەعات تەرجەمەم بۆ کردن.

دوایی ئەبووئەیمەن هاتە سـەر باسـی چەکەکانی ئێمەش، کە تا ئێستا پێمان نەدراوە، گوتی:

ئەوە د. فؤادە، نوێنەری جەلال تـاڵەبـانییە، حەز دەکەم تەعاروف بکەن، مەبەستمانە چەکەکانیان وەربگرن، سەرهەنگ کەتینە کە مەســـئوولی "ڕوکنی دوو"ە، واتە ئیســـتخبـاراتی عەسکەری، ڕەنگێکی هێنا و ڕەنگێکی برد، لەوێ وەعدی دامێ یەکتر بدوێنین.

لە فڕۆکەخـانەی تـاران دەرچووین، ڕوبع ملیۆن دۆلارم پێ

بوو، له جانتایەکی دیپلۆماسییم دانابوو، بۆ باڵیۆزخانەی سووریا سواری تاکسییەک بووم.

به ڕێککەوت لەبەردەم سەفارەتی سووریا خۆپیشاندانێکی گەورە بۆ پشتیوانیی وەزیری نەوتی ئێران هەبوو، کە عێراق لە ئەهواز دەستگیری کردووە. هەر خواخوام بوو، زوو پارەکە ببەمە ناو حەوشەی سەفارەت.

لە پەلەپەلیی خۆم جانتایەکی بچووکم پێ بوو کە کامێرایەکی نیکۆن Fی تێدا بوو، لەگەڵ ٣ گلۆس جگەرە، لەناو تاکسییەکە بەجێمان هێشت، تاکسییەکەش یەکسەر ڕۆیشت، گرنگ پارەکە بە سەلامەتی گەیشت.

***

١٩٨١/٤/٢

لەگەڵ مام جەلال تەلەفۆنم کرد، ئەو لە تەڕابلوس بوو، گوتی: حاجی موحسینی ڕەفیق دۆست و شێخ موحەمەدی مونتەزیریم دیوە، دیدارەکەمان ئیجابی بووە. ئەبووئوسامە "عەباس شەبەک" ئەویش لێرەیە.

دەربارەی ڕائید عەزیز حاجی مەحمود کە مەفروز بوو لە تەڕابلوس بێت، وەک نوێنەرێک بۆ کاروباری عەسکەری، مام جەلال، گوتی: با لە شام بێت تا خۆم دێمەوە.

***

١٩٨١/٤/٨

نامەیەکم بۆ د. بەنی سەدر نووسی، داوام لێ کرد رێگای کەلوپەلەکانمان بداتێ بیانبەینەوە ولآت.

فازیل "فازیلی مەلا مەحموود" وەعدە وایە نامەکەیان بداتێ.

فازیل ئێوارەکەی تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی وەزعەکە باشە، هەر ماوە ئیمزای بکات.

***

١٩٨١/٤/٩

دلێری سەید مەجید گەڕایەوە. بە هەگبەی پارە و نامەیەکیشم بۆ برادەران نارد.

***

١٩٨١/٤/١٢

حوجەتوڵڵآ خامنەیيم لە"ستادی مشترک" دی، واتە هەیئەی ئەرکان.

پیاوێکی بالآبەرزی ڕووخۆش، بە عەرەبییەکی جوان قسەی کرد، پاپیی دەکێشا، قسەکانی خۆمان کرد و داوای هاوکارییم لێ کرد، لەسەر مەسەلەی کورد پێم گوت:

ئێمە لە کوردستانی عێراق بەشێکین لە جووڵآنەوەی نیشتمانی عێراقی، ئێمە لەم چوارچێوەیەدا خەبات دەکەین، نەک

بەشێک بین لە جوولانەوەی کوردستانی گشتی، دوای ئەوەی مژێکی لە پایپەکەی دا، گوتی:

ئاقای د. فؤاد، حەزەکەی کوردی لە هەر شـــوێنێک بێت، بەشێکە لە عمومی جوولانەوەی کوردی.

دوایی گوتی: لەگەڵ (مجلس الاعلی) قسە دەکەم، ئاگادارتان دەکەمەوە.

***

١٩٨١/٤/١١

چوومە لای موحسینی ڕەفیق دۆست، سەید حوسێنی نەوەی ئیمام خومەینی لا بوو.

***

١٩٨١/٤/١٩

دلێری ســـەید مەجید هاتبوو، لە نەوشـــیروانەوە نامەیەکی هێنابوو بۆ مام جەلال، نامەیەکیشـــی بۆ من هێنابوو، هەروەها نامەیەکی عومەر شێخموسی بۆم هێنابوو.

***

١٩٨١/٤/٢٤

چوومە لای د. ڕەشـــید لە مەکتەبی بەنی ســـەدر. دەربارەی هاتنی مام جەلال و هێنانی کەلوپەلەکانمان گوتی:

موافەقە کرا، بەڵام بۆ تەنفیزکردنی بڕیارەکە، دەبێت تۆزێک

چاوەنواڕ بین، تا مەســـەلەی ناوچەی ورمێ جێبەجێ دەکەین. هەروەها گوتی: خۆشـــحاڵین گەر بتوانن تەئسـیر بکەنە ســـەر مامۆستا مەلا شێخ عزەدین و دۆستەکانی.

هێرشی بردە سەر پاسداران، کە بۆم باس کرد قیادە موەقەتە هێرشیان بردۆتە سەر مەفرەزەیەکی ئێمە، پێم گوت:

ئێوە دەبێ حەددێک دابنێن بۆ قیادە موەقەتە، دەنا ئێمە ناچار دەبین هێز لە شوێنەکانی تر بهێنین بۆ ئەم ناوچەیە. دەبێ حەوت دیلەکەمان بدەنەوە.

د. ڕەشـید گوتی: بە دووری نازانم پاســداران دەســتیان لەم کارەدا هەبێت، بۆ ئەوەی کورد یەکتر بکوژن.

***

١٩٨١/٤/٢٣

بە تەلەفۆن قســـەم لەگەڵ "خواجە نووری" کرد. دەربارەی پەیوەندییەکەی لەگەڵ قیادە موەقەتە. گوتی:

ئێوەش دوو کەســـتان لەوان کوشـــتووە. جەلالی خاڵە و نەریمان ناوێک.

گوتی: هەوڵ دەدەین مەسەلەکە گەورە نەبێت.

***

١٩٨١/٤/٢٥

چوومە ســـوپای پاســـداران، دوای ئەوەی ئەم دوو هەفتەیە

دەمەوێ سەید هاشم ببینم، هەر دەڵێن لێرە نییە، سەفەری کردووە، ئەویشم دی، وەعدی دا وەرەقەی "عەدەم تەعەروز"مان بۆ بکات، بۆ هاتوچۆی برادەرانمان، بۆ چادرەکانیش وەرەقەمان بۆ بکات، بۆ ئەوەی بۆ ولاتیان ببەین.

***

١٩٨١/٤/٢٦

ئیمڕۆ لە تارانەوە چوومە دیمەشق، لە فڕۆکەخانە زانیم مەسعوود بارزانی دەگەڕێتەوە ئێران، لە ژووری ئیجرائاتی گومرگی هاتەدەر، موحەمەد حبووبیشی لەگەڵدا بوو.

عادل موڕادم دی بەلامەوە هات، گوتی: ئەوە ئیشە مام جەلال دەیکات؟! من لەسەر قسەی ئەو مەنع کراوم لە سەفەر، تازە دیومە بە خەتی مام جەلال کە من و تاڵیبی برام و دایکم و خوشکم مەنع کراوین لە سەفەر.

منیش تونـد وەڵامم دایەوە، دیتم ئەبووئوسامە "عەباس شەبەک" سەفەرەکەی دوا خراوە، بە بەهانەی پاسپۆرتەکەی بۆ تەئشیرکردن بردوویانە، دەڵێن بزر بووە. کە فڕۆکەکە ڕۆیی ئەوجا پێیان دایەوە، ئەمەش تا لە هەمان فڕۆکەکەی مەسعوود و وەفدەکەی سوار نەبن.

ئێوارە مام جەلالم دی.

***

١٩٨١/٥/٥

خامنەییم دی، گوتی (مجلس دفاع) موافەقەی کرد شتەکانتان بدەنەوە، بەڵام دەبێ لەژێر چاودێریی ئێمە ئیش بکەن، لەژێر فەرماندەی لەشکری ئێرانی، گوتیشی فەلاحی "تیمسار فلاحی - سەرۆکی ئەرکانی جەیشی ئێرانی" بینیوە، خۆم قسەم لەگەڵ کردووە.

زۆر لە قسەکەی دڵگران بووم، چونکە وا دیارە دەیانەوێ لەسەر ڕێبازی ئەوان و بۆ ئەوان خەبات بکەین. وەڵامی خامنەییم نەداوە، لە دڵی خۆمدا گوتم:

با فەلاحییش ببینم، بزانم ئەو جیهەتە تەعاموولی تەنفیزە، چی ئەڵێ!

***

١٩٨١/٥/٩

شەو قسەم لەگەڵ مام جەلال کرد، مەسەلەکەم تێگەیاند، گوتی: مەسلەحەت وایە لە ئەوروپا بم.

شەو هەوڵم دا د. ڕەشید ببینم، بۆ ئەوەی بزانم ئەو داوایە لە ڕێگەی ئەوانە یان نا، بەڵام دەستم نەکەوت.

چوومە بااڵێوزخانەی سووریا، دیار بوو تەعقیبی منیان کردبوو. گوتیان سەرهەنگ کیتبە، تۆتۆمبێلی بۆ ناردم، سەرهەنگ موحەمەدیم دی گوتی:

تیمسار فەلاحی دەیەوێ مام جەلال ببینێت، زۆر بەپەلەش.

گوتم: باشە پەیوەندیی پێوە دەکەم.

***

١٩٨١/٥/١٠

سەرهەنگ موحەمەدیم دیت، ئاگاداری کردم لە کۆتایی هەفتە مام جەلال دەگاتە تاران.

وا رێک کەوتین مام جەلال لە ڤیەننا وە یەکسەر بێت بۆ تاران.

***

١٩٨١/٥/١٢

مام جەلال تەلەفۆنی بۆ کردم. گوتی: لە فڕۆکەی ڕۆژی هەینی ١٩٨١/٥/١٥ شوێنم دەست نەکەوت، ناچار یەکشەممە تکتی ڕۆژی ١٩٨١/٥/١٧م حیجز کردووە. گوتیشی حەز دەکەم هەندێ پارە لەگەڵ خۆم بێنم.

***

١٩٨١/٥/١٣

تەلەفۆنم بۆ سەرهەنگ موحەمەدی کرد، گوتی: وا دەکەم سەرگورد ڕەبیعی فەر قسەت لەگەڵدا بکات.

لە مەکتەبی خامنەیی تەلەفۆنیان بۆ کردم، کە سەعات ١١،٣٠ کاتی موقابەلەی منیان لەگەڵ ئەو داناوە.

کە چوومە لای خامنەیی گوتی: ئەوە اقای تالەبانی دێ،

شتەکان لەگەڵ ئەو دەبڕێنینەوە، منیش سوپاسم کرد.

***

١٩٨١/٥/١٧

ئیمڕۆ بەیانی چوومە فڕۆکەخانەی میهرئاباد، ڕەزاق فەیلی و سەلاّح چاوشین و مەحموود فەرەج و لاوکۆم لەگەڵ خۆم برد. چووینە باڤیۆنی دەوڵەت، هەندەی نەبرد موقەدەم و نەقیب و کارمەندێکی فڕۆکەخانە بە چوار سەیارەی کادیلاک هاتن، کە فڕۆکەکە گەیشت، مام جەلال و هێرۆ خان دابەزین. سەیارەکەمان لەبەردەم فڕۆکەکە بوو، یەکسەر چووینە سالّەی شەرەف، لەوێشەوە یەکسەر بۆ لای تیمسار فەلاحی.

زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنیان کردین و کۆبوونەوەکەمان دەستی پێ کرد، لە لای خۆمانەوە مام جەلال و من "فوئاد معصوم"، لە لای ئەوانیشەوە: تیمسار فەلاحی و سەرهەنگ کەتیبە، سەرهەنگی دووەم موحەمەدی.

فەلاحی گوتی:

دەمەوێ بڕیاری ئەنجوومەنی دیفاعتان پێ ڕابگەیەنم، کە یارمەتیی ئێوە بدەین بەو شتانەی داواتان کردووە:

چەکەتینان لە دەرەوە بۆتان بچێتە ناو ولاّت و تۆڵەی چەکەکانی خۆتان بکەینەوە.

یەکێ لە قسەکانی فەلاحی: ئیمسالّ غەیری پارە، پار وەزع لێڵ بوو، بەلاّم ئێستا وەها نییە.

مام جەلالیش گوتی: ئێمە تەماشـــای موســـتەفبەل دەکەین، ئەوجا داوای کرد:

١- جۆشـــــدانی خەباتی چەکـدار، کە ئەمە نەوعییەت و کەمیەتیی چەکی دەوێ.

٢ - لە ڕووی ئیعلامەوە یارمەتیمان بـدەن، بەو جۆرەی کە سەدام سوودی لێ وەرنەگرێت، بە تایبەت بە نیسبەت جەیش.

٣ - پێویستە هەوڵدەین خەباتی چەکداریمان هەر لە شـاخ و لادێ نەبێـت، بەڵکوو بگـاتە نـاو شـــــارەکـانیش، کە ئەمەش پێداویستیی خۆی دەوێت.

٤- فەلاحی گوتی: بەرامبەر بەو یارمەتییە، کە شەڕی ڕژێمی عێراق دەکەن، کە دیمـان ئەو چەکـانەتـان هێنـا و چـالاکیتـان زیادی کرد، ئەو کات ئێمەش یارمەتیتان ئەدەین.

٥- لە کۆبوونەوەکە مولحەقی عەســـــکەریی ئێران لە لیبیـا هات، فەلاحی پێشـــنیاری کرد یەکێکیان هەبێت لە لای ئێمە بۆ تەنسیق.

***

١٩٨١/٥/١٨

لە بـارەگـای ڕۆکنی دوو، کۆبوونەوەی دووەم دەســـــتی پێ کرد، ئامادەبووان لە لایەن ئێران؛ سەرهەنگ کیتبە و سەرهەنگ ســـپید، ســـەرهەنگی دووەم موحەمەدی و کابرایەک خەریکی نووسینەوەی قسەکان بوو.

سەرهەنگ کیتبە پێشەکیی قسەکانی بابەتی پەیوەندییەکانی ئەوان لەسەر ئەساسێکی ئیسلامییە، کە غەدری تێدا نییە باسی کرد، ڕاست و بێپێچوپەنایە قسەی کرد، دوایی کە هاتینە سەر داواکارییەکانمان بە دریژی باسی لێوە کرا، بەڵام کیتبە گوتی:

ئێمە چەکەکانتان بۆ دەگەیەنینە تاران، لێرەوە خۆتان بەرپرسیار دەبن.

مام جەلال گوتی: یەعنی موافەقەنەکردن، ئێمە چۆن لە تارانەوە چەکەکان بگەیەنینە وڵات، ئەوە بە ئێمە ناکرێت، دانیشتنەکە تونديیەکی تێ کەوت، دوایی کیتبە گوتی:

من بۆ هەموو شتێک لایەنی جێبەجێکردن نییم، لۆریمان نییە، بە کۆپتەر زەحمەتە، مەسەلە و داواکانتان لەگەڵ لێپرسراوان باس دەکەم، گوتمان مەسەلەی هاتوچوونی برادەرانمان بۆ تاران، ئەویش بابەتێکە چاوەنواڕی وەڵامتان دەکەین.

ئەو گوتی: ئەمەش موناقەشە دەکرێ.

کۆبوونەوەکە دوو سەعات و نیوی خایاند.

***

١٩٨١/٥/١٩

سەرهەنگ سپیر تەلەفۆنی بۆ کردم، چوومە لای گوتی: ٢٠٠ کلاشینکۆف و ٢٠٠ بڕنۆتان دەدرێتێ، بۆ کێیان بنێرین.

من گوتم: بۆ سەردەشت، بە نیسبەت فیشەک هەر تفەنگێک هەزار فیشەکی لەگەڵدابێت.

ئەو گوتی:

ئەمە زۆرە، باشە بۆ هەر تفەنگێکی برنۆ ٥٠٠ فیشەک مومکینە، بەڵام کلاشینکۆف کەم ناکرێتەوە، چونکە پێویستی زۆرە.

***

١٩٨١/٥/٢٠

سەرهەنگ سپیر تەلەفۆنی بۆ کردمەوە، کە چوومە لای عەبدوڵڵایی لە لا بوو.

گوتی: بە نیسبەت شتەکانتان موافەقەی لەسەر کراوە، شتەکانتان بۆ دەبەینە سەقز، بەڵام باسی شتەکانی دەرەوەی نەکرد، کە بۆمان دێ، پێکەوە چووینە لای سەرهەنگ کیتبە، ئەویش گوتی:

ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چالاکیی خۆتان، سبەی سەرهەنگ پاکساری دێتە لاتان بە ناوی ئیدارە، جارێکی تر بە وردی بۆتان باس دەکات. لەبەر ئەوەی من بە سەفەر دەچم، ئەو وەکیلمە.

***

١٩٨١/٥/٢١

ئێوارە سەرهەنگ پازوکی و سەرهەنگ (أسدالله مسبوقي) و ڕوزایی و عەبدوڵڵایی هاتنە هوتێل "هوتێل حیاە" لەگەڵیان دانیشتین، جارێکی تر پێداچوونەوەمان بۆ مەسەلەکانمان

کردەوە، هەڵوێستیان ئیجابی بوو، بە نیسبەت شتە وردەکان، ئەو تفەنگ و ئارپێچی و دەمانچانەی دەماندەنەوە، مام جەلال لەگەڵ خۆی بیانباتەوە بۆ کوردستان، لەم ڕۆژانە جێبەجێ دەبێت، وەعدە وایە ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو ١٩٨١/٥/٢٤ وەڵاممان بدەنەوە، کەی دەست پێ دەکەن.

بەنسبەت چەکەکانی دەرەوە، ئیتفاق وەهایە، ئێمە هەردوولا سووریا و لیبیا ئاگادار بکەینەوە، بۆمانی ئامادە بکەن، بە دوو فڕۆکە بینێرن، لەگەڵ هەر فڕۆکەیەکیش برادەرێکی ئێمەی لەگەڵدا بێت.

بە گشتی ئێرانییەکان زۆر درۆیان لەگەڵ دەکردین، بە بەردەوامی وەعدی درۆیان دەدا، بە پێچەوانەی سووری و لیبییەکان، کە ئەوان خاوەن بەڵێنی خۆیان بوون.

شەو لەگەڵ مام جەلال چووینە سەردانی سەعد موجبیر، باڵیۆزی لیبیا لە تاران، حاڵەتی نەفسیی سەعد زۆر هاتبووە خوار، بە هۆی دەرکردنی ئەیاد سەعید ئابت لە ئێران. سەعد گوتی:

مەسەلەی ئەیاد، یەعنی عیلاقە لەگەڵ ئێران، گەر ڕەزامەندیی گەڕانەوەی نەکەن، ئێمە لە ٢٤ سەعاتدا، هەڵوێستمان دەگۆڕین بەرامبەر ئێران، لەمبەرە بۆ ئەوبەر.

ئەگەر ئەمەش نەبوو من ناگەڕێمەوە تاران.

***

١٩٨١/٦/١

بەیانیی ســـەعات ٩.٣٠ مەوعید داندرا بۆ مام جەلال، بۆ دیتنی د. سەید حەسەن بەنی سەدر، سەرۆککۆماری ئێران، کە چووینە ژوورەکەی، ئەو لەبەر مام جەلال هەڵســـا و بە پیلییەوە هات، ئەولا و ئەولای ماچ کرد، منیش لەگەڵ مام جەلال بووم. لەگەڵ بەنی سەدریش خواجە نووری ئامادە بوو.

مام جەلال باســـی عێراقی بۆ کرد، کە خەبات دژی ڕژێم چۆنە، وەزعی ڕژێم لە چ دایە، باسی تایبەتمەندییەکانی عێراقی بۆ کرد، هەروەها سوپاکەی، دیار بوو بەنی سەدر قەناعەتی بە بۆچوونەکانی مام جەلال هەبوو. دوایی بەنی ســەدر هاتە ســەر کوردەکانی ئێران، گوتی:

هەردەم قەناعەت پەیدا بکەین، ســـەرکردەکان بە دەرەوە نەبەســتراونەتەوە، ئێمە مافی کورد دەدەین، نەک حوکمی زاتی، بەڵکوو فیدراڵی بۆ ئێران. بۆ ئێران نەکەینە مەرکەز بۆ کورد، کە مافی خۆیەتی حەقی خۆی وەرگرێ؟! گوتی ئەم قســـەیان لەگەڵدا بکە، دەریخەن وابەســـتەییان بە دەرەوە نییە. پەرۆشـــن لەسەر یەکێتیی خاکی ئێران، ئێمە حوکمی زاتییان دەدەینێ.

دوایی هاتە ســـەر لیبیا، گلەیی لە قەزافی هەبوو، کە جۆرە دەستوەردانێکی هەیە لە کاروباریان، گوتی:

هەروەها پێویستە بە نیسبەت (موسی الصدر) مەوقیفیان ڕوون

بکەنەوە. گوتی:

من لەگەڵ (موســـی الصـــدر) نیم، زۆر دیکۆمێنت هەیە ئیدانەی دەکات، بەڵام ناکرێ عائیلەی ســەدرمان لە بیر بچێت، کە تەئسیریان زۆرە لەسەر شیعەکان. دوایی گوتی:

دەســتوورمان داوە ئیشــەکانتان هەمووی جێبەجێ بکرێت. لە کۆتایی دانیشتنەکە سەرهەنگ "تیبە" هاتە ژوورەوە.

دیار بوو بەنی سەدر قسەی دیکەشی هەبوو، بەڵام یەکسەر وەستا.

لە لای د. ســەدر هەڵســاین، ســەرهەنگ کیتبەش لەگەڵمان هات، چووینە لای تیمســـار فەلاحی، ئەویش زۆر بە گەرمی ئیستیقبالی مام جەلالی کرد و گوتی:

تا ئێستا کارەکانتان جێبەجێ نەبووە؟

مام جەلال گوتی:

نەخێر، جا ڕووی لە سەرهەنگ کیتبە کرد، گوتی:

من لەسەر کارەکە بووم، ئیتر یەکەیەکە سەرهەنگەکانی بانگ کرد، ئەوانەی عیلاقەیان بە مەســـەلەکەی ئێمەوە هەبوو، بڕیار وابوو، دووســبەی مام ســەفەر بکات و ئیشــەکانمان جێبەجێ بکەن.

***

١٩٨١/٦/٧

ئێوارە چەند فڕۆکەیەکی جەنگیی ئیسرائیل ڤانتۆم ١٥ و ١٦ هێرشیان بردە سەر مەرکەزی ئەتۆمیی عێراق، بۆردومانیان کرد. مەرکەزەکە بە تەواوی لە کەڵک کەوت. بێگومان ئەمە کارێکی خراپ بوو، کە ئیسرائیل دەستی بگاتە بەغدا، چونکە ئەم کارە عێراق لە پەراوێزیی دەهێڵێتەوە.

***

١٩٨١/٦/١٠

ئیمڕۆ بەیانی سەرهەنگ "سبوق"م دی. بە نیسبەت شتەکانمان کە لە لیبیاوە گەیشتوون، گوتی: لەگەڵ ئەوانەی کە لە لای خۆمان ئامادە کراون، ڕەوانەی سنەیان دەکەین.

***

١٩٨١/٦/١٤

چوومە ئیدارە "رکنی دوو" سەرهەنگ "شریف النسب"م دی، یەکەم جارە ببینم، لەگەڵ موحەمەدی بوو، گوتی:

من داندراوم بۆ کاروبارتان بێمە لاتان. باسی شتەکانی خۆمانم کرد، دیار بوو موتەجاوب بوو، گوتم حەز دەکەم ئێوارە سەردانی مام جەلال بکەیت.

ئێوارە خۆی و موحەمەدی هاتنە لای مام جەلال، مام گلەیی کرد، گوتی: دەترسم شتەکان وەک پارەکە دەستی بەسەردا بگرن، دەنا بۆچی هەر ئیمڕۆ نا سبەینێیمان پێ دەکەن، پارەکەش وەها بوو، زۆر حاڵەت هەیە ئەمە دەگەیەنێ.

(شریف النسب) گوتی: من داخیلی مەسەلەکە بووم، خۆم

تەعقیبی دەکەم. کە لە لامـان دەرچوو وا رێـک کەوتین کە سـبەی سـەعات ١٠ی بەیانی تەلەفۆنیان بۆ بکەم، هەر دوو سەعاتی پێ چوو تیمسار فەلاحی تەلەفۆنی بۆ مام جەلال کرد.

گوتی: بە گیانی خۆم و بە گیانی "ئیمام خومەینی"، کە من لەپشـت ئەو مێزەم، ئیشـەکانی ئێوە جێبەجێ دەبێت، لەگەڵ خۆشتان لە قەرزەکانتان، نەک ٣٠٠ بەڵکوو ٥٠٠ تفەنگ دەبەن.

***

١٩٨١/٦/١٥

بەیانی چوومە ئیدارە سەرهەنگ (مسبوق) و (شریف النسب) و موحەمەدی لەگەڵم دانیشـتن، باسـی سـەفەری مام کرا لەگەڵ شـتەکان، گوتیان بە نیسـبەت مام، بە فڕۆکە تا سـنە یان مەراغە یان تەبرێز یان کرمانشـان دەیبەین، بەڵام بە فڕۆکە بۆ شـوێنی تر ناتوانین، چونکە ئەگەر فڕۆکەکە موشـکیلەیەکی بۆ پەیدا بوو، لەبنی دەرناچین دەڵێن: ئێران دەستی تێدا بووە.

جا رێک کەوتین مام بە فڕۆکە لەگەڵ کلاشینکۆفەکان بچێتە مەراغە، لەوێشـەوە بە سـەیارە بۆ میاندواو، ٢٠٠ برنۆکە لەگەڵ دووربینەکـان و چـادر و هۆکی تۆکییەکـان، بە وەجبەیەکی تر لەگەڵ چەکەکانی لیبیا پێکەوە بنێرن.

شەو (شریف النسب) تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی:

ئەو ئیشـوکارانەی ئیمڕۆ باسـمان کرد، هەندێ تەسـهیلاتی تر هەیە، سبەی تەلەفۆنت بۆ دەکەمەوە.

***

١٩٨١/٦/١٦

بڕیار وایە مام جەلال ئیمڕۆ سەفەر بکات، بەڵام گوتیان تەرتیباتی ماوە.

ئیمشەو ڕۆژنامەنووسی فەرەنسیی ناودار "ئەریک ڕۆلۆ" هاتە لای مام جەلال.

***

١٩٨١/٦/١٨

ئیمڕۆ بەیانی چوومە ستاد، کەلوپەلەکان بار کران و ناردرانە فڕۆکەخانە. منیش چوومە هوتێل لەگەڵ مام جەلال چووینە فڕۆکەخانە، فڕۆکەیەکی عەسکەریی تایبەت تەرخان کرابوو بۆ مام جەلال، ئەوانەی لەگەڵیدا چوون بەرەو سنە.

***

١٩٨١/٦/٢٠

ئیمڕۆ ئاگادار کرامەوە مام جەلال لە سنەوە سەعات ٩ی بەیانی بەرەو سەقز بە ڕێ دەکەوێت.

دلێر دوای نیوەڕۆ لە سەردەشتەوە تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی مام بە فڕۆکە هاتە سەقز، شتومەکەکانیش بە ڕێگای زەوییەوە نێردراون. گوتی هاتووم بۆ ڕێکخستنی دەرچوونیان لە سەقزەوە بەرەو نێوزەنگ.

ئیمڕۆ لە تاران موزاهەرەیەکی گەورە دەستی پێ کرد،

موجاهیدینی خەلق و پەیکار و لایەنگرانی بەنی ســـەدر بوون، لەگەڵ "حیزبوڵڵا"کان کەوتنە لێکدان، لە مەیدانی فیردەوسی و جادەی (طالقانی) تینی سەند، تەقەیەکی یەکجار زۆر کرا، بەپێی بەلاغ، ١٦ پاسـدار کوژراون، ژمارەی کوژراوەکان لە هەردوولا گەیشتۆتە ٣٥ کەس.

ئەمشەو میران تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی:

لە بـاڵیۆزخـانەی ئەڵمـانیـا تەلەفۆنیـان بۆ کردم دەربـارەی گیراوەکانیان. گوتم: پێیان بڵێ مەسەلەکە لە تاران لەگەڵ باڵیۆزی ئەڵمانیا باس دەکرێت.

***

١٩٨١/٦/٢١

چوومە ئیـداڕە، بۆ تەعقیبی ئیشـــوکارەکانمـان، وەعـدە وایە دووســبەی بچمە لای عەبدوڵڵایی، بەڵکوو مەســبووقییش بێتە وێندەرێ، گوتی: ئێمە چاوەنواڕی ئەوانین بۆ کوردستان.

لای ئەبووئەیمەن بووم "باڵیۆزی سووریا لە تاران" گوتی:

مەعلوومـاتی تەواو هەیە، کە حیزبی دەعوە و ئەلحەکیم لێک دوور کەوتوونەتەوە، دەعوەش هێرش دەبەنە سەر حەکیم.

ســـەعات ٤ی دوای نیوەڕۆ مەوعیدم لەگەڵ باڵیۆزی ئەڵمانیا بوو لە تاران، کە موستەشاری سێیەمی باڵیۆزخانەی لەگەڵدا بوو. دانیشـــتنەکە لە مـاڵی بـاڵیۆز بوو. عەبـدولڕەزاق تەرجەمەی بۆ دەکردم.

دوای موجامەلە و بەخێرهاتنی، باڵیۆز گوتی:

کۆماری ئەڵمانیای ئیتحیادی، بڕیاری داوە تونـد بوەستێت، لە ڕووی هەر کارێکی تیرۆریستی لەسەر خاکی ئەڵمانیای ئیتحادی، ئەمەش کاردانەوەی لەسەر کارێکی وەها لە ئایندەدا دەبێت، گوتی مەبەست لەمەدا ئیرهابی عێراقییە، تا ئێستا ئەڵمانیای فیدراڵ، هیچ چەکێکی نەداوەتە عێراق، هیچ نیازێکی نییە بۆ گۆڕینی ئەم هەڵوێستەی.

حکوومەتی ئەڵمانیای ئیتحادی دڵخۆشیی خۆی نیشان داوە، بەرامبەر ئەو پێشنیارەی کە کوردەکان تەقدیمیان کردووە، وەک بەڵگەیەک بۆ نیازپاکی بۆ سەردانی گیراوەکان، هەروەها بەردانی یەکێکیان، ئەمە بە عامیلێکی ئیجابی دادەنێ بۆ گەیشتنە چارەسەرێک، گوتی:

حکوومەتەکەم بەردەوامە لەسەر لێکۆڵینەوە لەسەر داواکانتان، هەروەک بە بەڕێز تاڵەبانیم گوت، دەترسم ئەم مەسەلەیە، وا بێتە بەرچاو گەلی ئەڵمانیا، لەدژی ئەو کراوە و سۆزی لەسەر کێشەی کورد نەمێنێ.

منیش گوتم: ئێمە ئیرهابی نین، نە مومارەساتی ئیرهابیمان هەیە، بەڵکوو دەمانەوێ شەڕی ئیرهاب بکەین. هەردوولامان با تەعاون بکەین بۆ ئەوەی جارێکی تر عێراق، بیر لەوە نەکاتەوە دەستدرێژی بکاتە سەر هاوواڵاتییەکانی لە دەرەوەی عێراق، بەڵگەی دۆستایەتیشمان بۆ گەلی ئەڵمانیا ئەوەیە، کە ئەو ئەندازیارانە نەگیراون و هەڕەشەی کوشتنیان لەسەر نییە، ئازاری

جەستەیی و دەروونی نەدراون و نادرێن.

گوتی: لە ڕووی وەزعی تەندروستییان چۆنە؟ گوتم:

زۆر باشـــن. خەســـتەخانەیەکی ســـادەمان هەیە، دکتۆری باشـیشـمان هەیە، ئەگەر تووشـی نەخۆشـییەک بوون، لە لایەن خۆمان چارەسەر دەکرێن، ئەگەر نەخۆشییەکەش لەوانە بوو لای ئێمە چارەی نەبوو، ئەو کات لە ڕووی ئینسانییەوە، لە سەرووی هەموو ئیعتباراتێکەوە دەیانهێنینە تاران بۆ عیلاج.

گوتی: سبەی نامەیەک، هەندێ کتێبیان بۆ دەنێرم.

گوتم: زۆر باشە بۆیان ڕەوانە دەکەم و دەگاتە دەستیان.

دوایی گوتی: تۆ لە بەرلین ژیاوی؟

گوتم: نەخێر، ئەوەی لە بەرلینە د. کەمال فوئادە، نەک من.

***

١٩٨١/٦/٢٤

دەنگوباسی گرتنی ئەڵمانەکـــان لە لایەن یەکـــێتی لە هەموو ئەوروپا بڵاو کرایەوە.

***

١٩٨١/٦/٢٢

سەعات ٨,٤٥ لە ژووڕەکەی خۆم بووم، ئێوارەکەی گوێم لە دەنگێک بوو، وەک ئەوەی بە چەکووچ ســـەندوقێک بزمارڕێژ بکەن، فیعلەن هەندێ ســـندوقمان هەبوو لە ژوورێکی بنەوەی

هوتێلەکەمان دانابوون بۆ ولاتیان بنێرین، بەڵام سەیرم لێ هات بەم ئێوارەیە ئەو چەکووچکارییە بکرێ.

لە خوارەوە تەلەفۆنیان بۆ کردم، گوتیان عەلی کەوتۆتە خوارەوە، منیش بەپەلە دابەزیم، بینیم مامۆستا موحسین هەردوو قاچی خوێنی لێ دێت و بریندارە. عەلی "لە جەیشی شەعبی عێراقی" میوانمان بوو، ئەویش ساچمەیەکی بە چاوی کەوتبوو، بریندارێش بوو.

مامۆستا موحسین گوتی: من و عەلی لەبەردەم دەرگای هوتێل بووین، سەیارەیەکی کرێم ڕەنگی لەبەردەممان وەستا، تەقەی لێمان کرد. گوتی:

خۆم هاوێشتە ژوورەوە، بەڵام گوللەی یەکەمم پێ کەوت، عەلییش خۆی بە ئەرزەکە دادا، تا گوللەی بەرنەکەوێت.

گوللەکان بەر دیواری هوتێلەکە کەوتبوون و ببوونە ساچمە، ساچمەیەک بە چاوی چەپی عەلی کەوتبوو. مامۆستا موحسین عەلی ئەکبەر گوللەیەک بە قاچی کەوتبوو، چەند ساچمەیەکیش بەر هەردوو قاچی کەوتبوون، جێگای فیشەکیش بە قاندرمەی هوتێلەکەوە دیار بوون.

ئەم کردەوەیە هی قیادەی موەقەتەیە، پێش چەند ڕۆژێک پێیان گوتین قیادەی موەقەتە تەعقیبی هوتێل و هاتوچۆتان دەکات. هاتن هەردووکیان بردنە خەستەخانە، شەو مامۆستا موحسینیان هێنایەوە، کە برینەکانی خەتەر نەبوون، بەڵام عەلی مابووەوە.

***

١٩٨١/٧/٦

مەحموودی حاجی فەرەج لە نێوزەنگەوە گەیشتە تاران، چەند نامەیەکی مام جەلالی هێنابوو، دوویان بۆ من بوون، ئەوانی تر بۆ سووریا و لیبیا بوون.

مام جەلال گلەیی لە دواکەوتنی چەکەکان کردبوو، وا دەزانێ من کارەکەم پشتگوێ خستووە، خۆی کە لێرە بوو بینی وەزع چۆنە و ئیشوکار چۆن دەڕوات! خوا دەزانی ئەگەر لە پێناو ئەوە نەبێت، کە دەبێت خەبات لە گەلە چەوساوەکەمان بکەین و واجبی سەرشانمانە، دەنا بە هیچ جۆرێک ئەوەم قبوول نەدەکرد.

هەندێ جار لە ئەنجامی هەڵسوکەوتیان بێز لە خۆم و کوردایەتی دەکەمەوە.

ئیمڕۆ مامۆستا کەمال "پیرە" لە سەردەشتەوە تەلەفۆنی کرد، کە خۆسازکردنێکی گەورە لە کۆیە هەیە، بریتییە لە لیوایەک جەیش و کەتیبەیەک دەبابە و کەتیبەیەک تۆپی قورس و٢١ تۆپی دژی هەوا. گوتی: هێزەکە بەرەو قەڵادزێ دەچێت.

***

١٩٨١/٧/٩

فەرەیدوون لە سەردەشتەوە تەلەفۆنی کرد، کە من و د. کەمال و ئازاد خۆشناو و سەیدای تەیب لە هەفتەی یەکەمی مانگی داهاتوو لە ولاّت بین بۆ کۆبوونەوە.

لە شـــەقامی میهران شـــوقەیەکم، مانگی بە ٥٠٠٠ تومان بە کرێ گرت.

***

١٩٨١/٧/١٠

د. کەمـال تەلەفۆنی بۆ کردم. گوتی: موقـابەلەکەت لەگەڵ بـاڵیۆزی ئەڵمـانیـا لە ڕادیۆی خۆمـان بڵاو کراوەتەوە، BBC لە نەشرەی خۆی بڵاوی کردۆتەوە، شتێکی باش بووە.

گوتی: لێرە لە هەنـدێ ڕۆژنـامە ویســـتیـان وەک کـارێکی تیرۆریســتی لە قەڵەمی بدەن. بەڵام زۆریان بە باشـــە لەســـەریان نووسیبوو. ئەوانەی قسەیان لەگەڵ د. کەمال کردووە، گوتوویانە: حکوومەت لایەنە ماددییەکە جێبەجێ ناکات، چونکە ئەم دەرگا دەکاتەوە، ســـبەی هەر کەســـە بچێت خەڵک بڕفێنێت و داوای پارە دەکات، بەڵام مومکینە شـــەریکەکان لە ڕێگای جیهەتێکی ئینسانییەوە، داواکان جێبەجێ بکەن.

د. کەمال گوتی: شەبیبەی قوبرس دەعوەتی ئێمەیان کردووە بۆ کۆنگرەکەیان، کە لە ٢٨- ١٩٨١/٧/٢٩ دەبەســـترێت. نازانین کێ بنێرین، منیش پێشنیاری ئەحمەد بامەڕنیم کرد.

د. کەمال گوتی: دوو ڕۆژنامەنووس لە گۆڤاری "کویک"، ڤیزای ئێرانیـان وەرگرتووە دەیانەوێ بێنە ئێران، ئەگەر بتوانن لە تارانەوە بیانێرنە لای خۆمان.

ئیمڕۆ قســـەم لەگەڵ شـــازاد کرد، لە شـــامە، گوتی: ئەم یەکشەممە نا یەکشەممەی داهاتوو دێمە لاتان.

شەو لەناکاو ١٥ پاسدار هاتنە ناو هوتێلەکەمان، ژوورەکەی منیان پشکنی، قسەی ناشیرینیان کرد، لە ژوورەکەم دەمانچە و غەدارەیەکیان برد، لە لای مامۆستا موحسین هەندێک فیشەک و ٢ هۆکی تۆکی، لە ژوورەکەی مەحموودی حاجی فەرەج دەمانچە و شووشەیەک عەرەقیان دۆزییەوە، بردیان.

کە پاسدارەکان هاتنە سەرمان، هاوار و گلەییم کرد، پێم گوتن؛ ئێمە فەرمانبەری سەفارەی دەوڵەتی سووریاین، بە چ مافێک بەم شێوەیە مامەڵەمان لەگەڵدا دەکەن؟ ئەوە بوو لە شەرمان ژوورەکەیان جێ هێشت، من ئەوەم کرد بۆ ئەوەی ئەو هەموو نامەیەی مام جەلال، کە لە لام بوون بە دەستیان نەکەوێت! ئەگەر ئەو نامە و دیکۆمێنتانەیان بدۆزیبایەوە، ئەوا کار لە کار دەترازا، کێشەی گەورەم بۆ دروست دەبوو. باش بوو بەو دەمانچە و غەدارەیە کۆتایی بە پشکنینەکەیان هات، هیچیان نەدۆزییەوە.

***

١٩٨١/٧/١١

چوومە ئیدارە لەسەر کردەوەکەی دوێنێ شەوی، شکایەتم کرد، داوام کرد چەکەکانمان بدەنەوە.

تیمسار فلاحی بڕیاریدا شتەکانمان بار بکرێن، گەر ئیمڕۆش نەبێت، دەبی سبەی بێت.

***

١٩٨١/٧/١٤

بەشێک لە کەلوپەلەکانمان بە رێککەوتن بەرەو کرمانشان و سنە. بڕیارە بەیانییەکەی بەشێکی تریان بنێرن.

***

١٩٨١/٧/١٥

شتەکانی تریشمان بەرەو کرمانشان، لەوێشەوە بۆ سنە نارد.

مەحموودی حاجی فەرەجم نارد سنە، بۆ ئەوەی لەوێ بێت کە شتەکان دەگەن.

دڵخۆش بووم کە شتەکان بە ڕێ کران بەرەو وڵات.

***

١٩٨١/٨/١

پەیوەندییم دەربارەی بردنی شـــتەکانمان بۆ کوردســـتان بە ئیدارەوە کرد. گوتیان پێنجشەممە بروسکەمان کردووە بۆ سنە و سەردەشت، شەریف هاتۆتە ئێرە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ستاد دەربارەی کارەکانتان.

خەبەرم بۆ شەریف جێ هێشت تەلەفۆنم بۆ بکات.

***

١٩٨١/٨/٣

ســـالار عەزیز بۆ جاری دووەم لە ســـەردەشـــتەوە تەلەفۆنی

کرد، گوتی ســـەرهەنگ کشـــاوەرزی تەلەفۆنی بۆ ســـتادی مەرکەزی "هیئة الارکان" کردووە، دەربارەی کەلوپەلەکانمان گوتوویانە ٨-١٩٨١/٨/٩ دەگەڕێتەوە، ئەنجام لای ئەوە، دلێری سید مەجید تەلەفۆنی بۆ کردم، کە سالار قسەی لەگەڵ ئەوانیش کردووە.

باڵێۆزی ئەڵمانیام دیتەوە.

***

١٩٨١/٨/٤

عەبدوڵڵاییم دیت، پێم گوت: تا ئێستا چ شتێکتان بۆ ئێمە نەکردووە. هەموو کارەکانتان هەر فەردوا پەس فەردا "سبەی یان دوو سبەی"، لەم هەفتەیە بۆ هەفتەی داهاتوو بووە... لە چەک ناردن، تا ڤیزاوەرگرتن و خانووگرتن. لەسەر ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە، ناڕەزایی خۆم دەربڕی. داوای دیتنی تیمساری دەکەم، یان سەرهەنگ کیتبە، بۆ ئەوەی ئێمە چیتر بەو جۆرە هەڵواسراو نەبین.

گوتی: سبەی جوابت لێ دەگێڕمەوە.

***

١٩٨١/٨/٦

لە لای عەبدوڵڵایی، "شریف النسب"م دی، لە قسەکانیان وا تێگەیشتم مەسەلەی ئێمە، جارێکی تر موافەقەی شووڕای باڵای دیفاعی دەوێت، واتە ناردنی کەلوپەلەکان و شـتەکانی دیکەمان

هەمووی موافەقەتی تازەی دەوێت، وەزعەکە گۆڕاوە بە گشتی. "پاش وەزعی هەڵاتنی بەنی سەدر".

***

١٩٨١/٨/١٨

مولازم عومەر لە سنەوە تەلەفۆنی بۆ کردم، لێپرسراوەکەی سنە داوای لێ کردووە، برادەرەکەمان "مام جەلال" ئاگادار بکاتەوە، دەبێت بۆ هەندێ کاروباری داخلی هاوکارییان بکەین. ئەگەر موافق نەبوو، بچێت بۆ تاران بۆ دیتنی گەورە لێپرسراوان. دەنا هیچ هاوکارییەکمان ناکەن.

د. کەمال فوئاد چەند ڕۆژێکە گەیشتۆتە تاران، ئیمڕۆ بەرەو وڵات بە ڕێ کەوت.

میر غەنی تەلەفۆنی بۆ کردم "باڵێۆزخانەی لیبیا لە تاران" مەسەلەکەمان لە لیبیا تەگەرەی تێ کەوتبوو، چارەسەر کرا.

***

١٩٨١/٨/٢١

مامۆستا کەمال لە سەردەشتەوە تەلەفۆنی بۆ کردم، کە برادەرانمان لە هەولێر لە چالاکییەکدا ١٨٠ هەزار دیناریان دەستکەوتووە، بەڵام وردەکاریی عەمەلییەکەی لا نەبوو.

تەلەفۆنم بۆ دکتۆر ئیبراهیم کرد "بلەڕەش نوێنەری یەکێتی لە لیبیا" پێداچوونەوە لە کاروبارەکانمان بکات.

***

١٩٨١/٨/٢٢

چوومە لای عەبدوڵڵایی لێم پرسی:

ئایا بێجگە لەو دوو کەناڵەی هەیە، کە پەیوەندییان پێوە دەکەین، چ کەناڵی تر هەیە یانە نا؟! ئەگەر لە غەیری ئەم دوو کەناڵە، چ قسەیەکمان بۆ هات بە ڕەسمی وەریگرین، یان نا؟

چوو تەلەفۆنی کرد، کە گەڕایەوە گوتی: غەیری ئەو دوو کەناڵە، هیچ کەناڵی تر نییە پەیوەندی بە کاروباری ئێوەوە بێت.

تەلەفۆنم بۆ مامۆستا کەمال کرد لە سەردەشت، مام لەسەر ئەم قسەیە ئاگادار بکاتەوە، ئەو نامە زارەکییەی بە مولازم عومەر گوتراوە، گوێی نەدەنێ.

***

١٩٨١/٨/٢٤

نامەیەکم بۆ مام جەلال نووسی وەزعی جەماعەتەکەی ئەبووئوسامە "عەباس شەبەک"م بۆ باس کرد، کە ئەوان سێ باڵن.

ئەو محاوەلەی هەیە، لە لایەن باقر یاسین و قیادەی موەقەتە بۆ ئەوەیە، لەگەڵ ئێران ڕێک بکەون بۆ هێرشبردنە سەر "وانیکلۆ-قاسملوو".

بە داخەوە هەواڵی کوژرانی جەمالی عەلی باپیر هات، لە شەڕێک لەگەڵ شێرکۆی شێخ عەلی کە ئەویش کوژراوە، بەڵام وردەکارییەکانی تا ئێستا نازانم!

***

١٩٨١/٨/٢٦

عومەری حەمەد بەگ هاتە تاران، نامەیەکی مام جەلالی بۆ هێنابووم، تێیدا نووسیبووی:

وا وردەورده دەردەکەوێ، ئەم جارەش شـــتەکانی بۆمان هاتوون نەماندەنێ، هەروەها نووســیبووی: بۆ دوو ســێ مانگی دادێ لە کوردستان بیت باشە.

ســەید عەبدولعەزیز حەکیم تەلەفۆنی بۆ کردم، ســوپاســی یەکێتی کرد لەســـەر یـارمەتیـدانی جەمـاعەتەکەی بۆ چوونە ناوچەی قەرەداغ، ئەنجامدانی ئیشـــوکارەکانیان. ئێوارەش ســـێ کەسیان نارده لام، بۆ چوونە ناو ولاّت یارمەتییان بدەین. منیش گوتم گەر چەکتـان پێ بێـت زۆر زەحمەتە، بەلاّم ئەگەر بێ چەک بن، لە مەهابادەوە بۆ ســەردەشـت، لەوێوە بۆ لای خۆمان دەتوانین بیانبەین.

***

١٩٨١/٨/٢٩

عەبدوللاّیی تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی:

مەســـبووق دەیەوێ بتبینێت، کە چووم گوتی: پیاوچاک "تیمســار" ســلاّوی هەیە، مەســەلەکە تا ئێســتا نەهاتۆتە پێش بۆ باسکردن، ئێمە لە قسەی خۆمان دەرناچین.

ڕەنگە ڕۆژی هەینیی داهاتوو قســـەی لێ بکرێت، بڕیاری لەسەر بدرێت.

گوتی: بۆیە سەفەرەکەت بۆ شەممەی داهاتوو دوابخە، واتە هەفتەیەکی تر.

***

١٩٨١/٩/٣

د. ئیبراهیم "بلەرەش" تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی:

بۆ مەسەلەی چەکەکان، تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە لیبیا. دەبێ قیادەی سیاسی بڕیار بدات، کە هی ترمان لە جیاتی بدەنێ. شەممەی داهاتوو "دووسبەی" مەوعیدم هەیە لەگەڵیان.

بە نیسبەت کۆنگرەی جیهانی بۆ پشتگیریی لیبیا، بڕووسکەی زۆر نێردرابوون، بەڵام هەشت بڕووسکە خوێندرایەوە، بڕووسکەی یەکێتی یەکێک بوو لەو هەشتە بڕووسکەیە. حیزبی شیوعی عێراقی وەفدی ئامادەبوو، بەڵام بڕووسکەیان نەخوێندرایەوە.

فەسائیلی مقاومە لەگەڵ قەزافی دانیشتوون، پێشنیاریان کردووە، هەوڵ بدات فەسائیلی عێراقی یەک بگرن، هاوکاریی یەکتر بکەن. ئەویش بەڵێنی داوە لەم ڕووەوە، دەست بە هەوڵەکانی بکات.

***

١٩٨١/٩/٤

تەلەفۆنم لەگەڵ عومەر دەبابە کرد، پێم گوت؛ کۆبوونەوەکان

دەستی پێ کردووە. پێویستە ئامادە بیت، گوتی: هەوڵ دەدەم بەم زووانە بێم.

***

١٩٨١/٩/٥

وەعدە وا بوو، دەربارەی کەلوپەلەکانمان وەلاّم وەربگرمەوە، بەلاّم گوتیان تا ئێستا لە مەجلیسی ئەعلای دیفاع، هیچ مەعلوومات‌مان بۆ نەهاتووە.

هەر ئیمڕۆش زۆر لە مەسئوولە عەسکەرییەکان چوونە لای ئیمام خومەینی.

د. ئیبراهیم تەلەفۆنی کرد، نامەی وەرگرتنی شیکەکەی وەرگرت، بەلاّم بە ناوی برادەرەکەمانە، بەڵێن وایە یەک دوو ڕۆژی تر بیگۆڕن، بیهاوێنە سەر ناوی "جونی".

***

لەگەڵ ئەبووئوسامە "عەباس شەبەک" دانیشتم، باسی وەزعی خۆیانی کرد. گوتی: باڵەکەی من، لەناو لەشکری ئیسلامی دۆستی یەکێتییە، بەلاّم حیزبی دەعوە، قیادە موەقەتە، لەناو ئێرانییەکان بە تایبەتی "تەهرانی" دژایەتییم دەکەن.

***

١٩٨١/٩/٦

"عەبدولڵاّیی"م دی، گوتی:

مەجلیس، واتە مەجلیسی ئەعلای دیفاع بڕیاری لەسەر ئەوانە داوە:

١- پەیوەندیی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ئەوانی تر.

٢- ڕێگە لە چەک هاتنە ناو ئێران بگرن، "واتە لە عێراقەوە".

٣- هەر چالاکییەکی دەیکەن بە ئاگاداری ئێمە بێت، تەنسیق هەبێت لە نێوانماندا.

٤- چەکتان پێ بدرێت بەپێی چالاکییەکەتان.

لەســـەر ئەوانە گفتوگۆمان کرد، بۆ ئەوەی زیاتر لە خاڵەکان تێبگەم. داوای دیتنی تیمسار یان مەسبووقم کرد. تەلەفۆنی کرد و پێی گوتم: دەربارەی ئەم خاڵانە هەمووی حەوالەی سەرهەنگ سەیادی شیرازی کراوە، لەگەڵ ئەو قسە بکە.

بۆ نیوەڕۆ قسەم لەگەڵ مولازم عومەر کرد، گوتی بە ئێمەیان گوتووە: دوو هەفتەی تر کارەکانتان جێبەجێ دەبێت. پێم گوت؛ وا بکە مەوعیدێک لەگەڵ شیرازی دابنێیت، ئەو کات من و تۆ و ئازاد هەورامی بەیەکەوە ئەیبینین.

هەر ئەوەندە دەتوانین بڵێین، لەعنەت لە ئەژدادت ســـەدام حوسێن.

***

١٩٨١/٩/٧

بەها گەیشـــت، نامەیەکی مام جەلالی پێ بوو دەڵێت: گەر چەکەکانمان نەگاتێ، تووشـــی نســـکۆیەک دەبین. پەیوەندی بە حازم "عبدالجبار الكبيســـي" بکە، با بێتە تاران، لە لای ئێمەش فشار ببەینە سەر ئەبووتوسامە و "جوقد"یش، تا ئێستا وەفدێکیان نەهات، ئێمەیان بەتەنیا بۆ جوود و ســـەگ و گورگەکان جێ هێشتووە.

دوو جار تەلەفۆنم بۆ مالّی برادەران کرد لە شـــام، کەســـم دەست نەکەوت.

قســـەم لەگەڵ ڕووناکی خێزانم کرد، وا بکـات دارۆ چاوەنواڕی تەلەفۆنم بۆ بکات، ســـەعات پێنجی ئێوارە، دیســـان تەلەفۆنم کردەوە و وەڵامی نەبوو.

***

١٩٨١/٩/١٣

دوو نامەی مام جەلال هات، وا دیارە ناهومێدە لە ئێرانییەکان. دەڵێت:

داوای حـازم "فوزي الراوي" بکە، یەکێکیـان بێتە تـاران. لە هەردوو نامەکە باســـی ڕووداوەکەی حیزبی شـــیوعی عێراقی دەکات.

تا ئێسـتا گەشـبینم، بەڵام دەترسـم وەک سـاڵح یوسـفییم لێ بێت، هەر دەیگوت: "انا متفائل!".

***

١٩٨١/٩/١٤

مەسبووقم دی، گوتی:

لەبەر ئەوەی ئێمە لێرە ئیشـوکارمان زۆرە، ناتوانین موتابەعەی هەموو شـتێک بکەین، هەر دەتوانین کاروباری جەنگیی خۆمان تەماشـا بکەین، جا بۆیە مەسـەلەی ئێوە حەوالّەی قیادەی غەرب کراوە.

لێم پرسی: جارێکی تر دەکەوینەوە مفاوەزات لەگەلّ قیادەی غەرب؟

گوتی: نەخێر... تەنیـا تەنفیز لەوێ دەبێـت. نوێنەرتـان بچێتە لایان و شەریفیش ئێستا لێپرسراوی مەهابادە.

گوتم: ئیتفاقمان وەها بوو ئیشـــوکارەکانمان بە چەند ڕۆژێک دروست بێت، هیچ مەرجێک لە ئاردا نەبوو. ئێستاش دووبارەی دەکەینەوە ناو بابەتی هاوکاریمان نیســبەت بە عێراقە، بە چیی تر نییە.

گوتی: ئەمە ڕاســـتە، ئێمەش چیترمـان نـاوێ لە ئێوە، بەس یارمەتیی ئێمە بدەن چەک لە عێراقەوە نەیەتە ناو ئێران، ئەمە بۆ ئێمە کارێکی گرنگە.

***

١٩٨١/٩/١٩

دلێر و عومەری حەمەد بەگ هاتنە تاران، نامەی مامیان هێنا بوو، دەڵێ موشیر دەچێتە لای شەریف، ڕۆژی دواییش مولازم عومەر دەچێتە وێندەرێ بۆ تەعقیبکردنی کاروبارەکان.

مام جەلال سێ نامەی ناردبوو، یەکێکیان بۆ (حافظ الاسد) و دووشیان بۆ لیبیا، یەکێکیان بۆ قەزافی، ئەوی تریان بۆ ئەبووبەکر یونس وەزیری دیفاعی لیبیا بوو.

***

١٩٨١/٩/٢٢

ئێوارە مولازم عومەر تەلەفۆنی کردبوو، مامۆستا موحسین لە هوتێل بوو، وەڵامی دابووەوە. گوتبووی:

چوومە لای سەیادی شیرازی گوتی: هەموو ئیشوکارەکانتان لای منە، بەڵام دەبێت مام جەلال خۆی بێت بۆ لام.

هەروەها گوتی: قەناعەتی تەواوم هەیە، ئێرانییەکان چیمان بۆ ناکەن. سبەی دەگەڕێینەوە مهاباد، لەوێشەوە بۆ سەردەشت.

***

١٩٨١/١٠/٢١

ئێوارە شێخ موحەمەد ئاسەفی لێپرسراوی حیزبی دەعوە، ئەبووهومام بە شوێنمان هاتبوون، گوتیان:

ئیسلام گەر تەتبیق بکرێت، کەس موشکیلەی نامێنێت، حوکمی زاتی ڕد فیعلی قەومییەی عەرەبییە، بەڵام لە ئیسلام وەها نییە، ڕەئیس جمهووری با کورد بێت ئاساییە!

منیش گوتم: جارێ کورد لە زەمانی عوسمانییەوە خەبات دەکات، لەو کاتەوە تا ئێستا مافی خوراوە، بۆیە لە ئەنجامی ئەو

مەعاناتە زۆرەی کە دیویەتی، حوکمی زاتی بە چارەسەرێکی سادە دادەنێت. ئێستا ناتوانی وازی لێ بهێنێت، هەردەم ئێوە هاتنە سەر حوکم و زیاترتان لە حوکمی زاتی دا بە کورد، واز لە حوکمی زاتی دەهێنین. دووەم بۆ لە حوکمی زاتی دەترسن؟! ئێوە لەسەر ئەوە لەناو لایەڕەکانی مێژوو و لە فیقهی ئیسلامی شتێک بدۆزنەوە، ئەو کات تەماشای دەکەین.

گوتی: مەفهوومتان بۆ دیموکراتییەت و حوکمی زاتی چییە؟

گوتم: نامەوێ بکەوینە مەسائیلی نەزەری، زۆر بە سادەیی دیموکراتییەت یەعنی گەل زۆری لێ نەکرێ، ئازادیی هەبێت، ئازادیی بیروباوەڕ و تەعبیر، میللەت خۆی چ ڕژێمێکی دەوێت ئەوە هەڵبژێرێت، حوکمی زاتی ئێمە دەڵێین:

جەیش، سیاسەتی دەرەوە، پلانی عام، ئابووریی عام لە دەستی حکوومەتی مەرکەزی بێت، ئەوی تر بۆ حکوومەتی زاتی دەبێت، پارەش بەپێی نفووس لەسەر عێراق دابەش بکرێت.

گوتی: ئەمە نەرمی تێدایە و باشە.

گوتم: با خەریک بین شێوازێک بدۆزینەوە بۆ کۆکردنەوەی موعارەزەی عێراقی.

***

١٩٨١/١٠ /٢٩

نامەی مام جەلالم بۆ هات. دەڵێت:

سەرێک لە سووریا و لیبیا بدە بۆ هێندێ ئیشوکار. گەر فڕۆکەت دەست ناکەوێ بۆ دیمەشق، بڕۆ ئەوروپا لەوێیەوە بڕۆ بۆ دیمەشق.

ئەمە وا دەگەیەنێت:

مەعلوومانێک هەبێت گەیشتبێتە برادەران، کە مەترسم لە سەر هەیە.

***

١٩٨١/١١/٥

نامەیەکی مامم بۆ هات دەڵێ:

قیادەی موەقەتە لە لای پشتئاشانەوە چەند سەد کەسێکیان کۆبوونەتەوە لەپاڵ حیزبی شیوعی. ئێمەش هێزمان کۆ کردۆتەوە بۆیان، لە نامەکەدا داوا دەکات خەریک بین "جوقد" شتێک بکات.

***

١٩٨١/١١/٨

لە تاران بە ڕێ کەوتم بە خەتی سووری بۆ دیمەشق، ئەبووئەیمەن بالیۆزی سووریا لە تاران لەگەڵم هات بۆ فڕۆکەخانە، مایەوە تا فڕۆکەکەم هەڵسا.

***

دەفتەری ســـــاڵەکە تەواو بوو، بەڵام دەفتەری تر زۆر ماون، بیانووســـمەوە، بیانخوێنمەوە، کۆشـــش و ململانێیەکانی دکتۆر فؤاد معصـــوم لەناو ئێران، لەگەڵ ئێران کە لەو دەمانە، دەوڵەت و ســـوپا و شـــەقام و حیزبەکانیان فرەجەمســـەر بوون، ولاتەکە ئاڵۆزیش بوو، شـــەڕێکی گەورەی لەبەردەم بوو، خاکی زۆری گیرابوو، بێجگە لە هەموو ئەوانەش؛ بڕوا و قەناعەتیان بە دۆزی کورد و مافە ڕەواکانیان نەبوو، متمانەشیان بە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کەم و لاوازیش بووا

بە دڵنیاییەوە ناو و شـوێنەکانی ناو دەفتەرەکە دەگۆڕین، بەڵام قەڵەم، کەس، بۆچوون و تێکۆشـــــانەکە لە لایەن دکتۆر فؤاد معصوم بەردەوام و نەگۆڕ بووە.

دوو وێنە بۆ چاو



د. فؤاد معصوم لە ١٩٨٩/٦/٥



مام جەلال، د. خدر هەورامی، د. فؤاد معصوم

دەفتەری ســـاڵەکە تەواو بوو، بەڵام دەفتەری تر زۆر ماون، بیانووســـمەوە، بیانخوێنمەوە، کۆشـــش و ململانێیەکانی دکتۆر فؤاد معصـــوم لەناو ئێران، لەگەڵ ئێران کە لەو دەمانە، دەوڵەت و ســـوپا و شـــەقام و حیزبەکانیان فرەجەمســـەر بوون، ولاتەکە ئاڵۆزیش بوو، شـــەڕێکی گەورەی لەبەردەم بوو، خاکی زۆری گیرابوو، بێجگە لە هەموو ئەوانەش؛ بڕوا و قەناعەتیان بە دۆزی کورد و مافە ڕەواکانیان نەبوو، متمانەشیان بە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کەم و لاوازیش بووا

بە دڵنیاییەوە ناو و شـوێنەکانی ناو دەفتەرەکە دەگۆڕین، بەڵام قەڵەم، کەس، بۆچوون و تێکۆشـــانەکە لە لایەن دکتۆر فؤاد معصوم بەردەوام و نەگۆڕ بووە.

دوو وێنە بۆ چاو



د. فؤاد معصوم لە ١٩٨٩/٦/١٥



مام جەلال، د. خدر هەورامی، د. فؤاد معصوم

٤

دەفتەری یاداشتی ساڵی ١٩٨٢

١٩٨٢/١/٦

لە دیمەشـــق چوومە لای ئەبووســـەلیم "کەریم ئەحمەد، ئەندامی حیزبی شـــیوعی" باســـی پەیوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراقی و بارودۆخەکانمان بە گشـــتی کرد، ئەو گوتی: بۆچوونەکانی حیزبمان لەو خاڵانە کۆ دەکەینەوە:

١- ســـڕکردنی ئەندامێتیی حیزبی شـــیوعی عێراقی لە لایەن جوقدەوە، لەسەرمان هەڵگیرێت.

٢- بەرەی "جوقـد" کراوە بێـت، بۆ هەر لایەک بڕوای بە پەیڕەو و بەرنامەکانی هەبێت.

٣- هیچ لایەنێک مەرج بەسەر لایەنی تردا، فەرز نەکات.

ئەو کات ئێمە ئامادەین بگەڕێینەوە ناو "جوقد".

دەربارەی بارودۆخی ناو ئێران، ئەو لەگەڵمان هاوبیر بوو، کە ڕژێمی ئێران خۆی فەرز دەکات، وەک دەڵێن؛ دەیانەوێ "باقر الحکیم" پێش بخات و پەیامی شۆڕشی ئیسلامی ڕابگەیەنن لە

عێراق، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە. هەروەها دژی "حسن النقیب" قسەی کرد.

گوتیشی؛ کوڕەکانی مەلا مستەفا سوودیان لە ئەزموونەکانی پێشوو وەرنەگرتووە، مەلا مستەفا کوردی تەسلیم بە شا کرد، ئێستا ئەوانیش کورد بۆ حکوومەتی ئێران دەکوژن.

***

١٩٨٢/١/٦

ئیمشەو "دارۆ" گوێی دابووە ڕادیۆکەی خۆمان لە کوردستان... لە بەرنامەکانی بە بۆنەی ڕۆژی سوپا، هێرشێکی زۆری بردبوو بۆ سەر سەدام و ڕژێمەکەی... ئەمە خەبەرێکی خۆش بوو... کە دەڵێن مفاوەزاتمان هەیە لەگەڵ ڕژێم، ئەوە هەواڵەکانی مفاوەزات بە درۆ دەخاتەوە.

***

١٩٨٢/١/٧

"سامی عەبدولڕەحمان"م دی، باسی مەوزووعی خۆیانی کرد، کە بەرەو باشی دەڕوات، گوتی: برادەرانمان لە ناوچەی بادینان، لە بازنەی ترسناکی دەرچوون، تووشی شەڕێک هاتوون لەگەڵ چەکدارانی مالّی بارزانی، کە ئامیر مەفرەزەیەکیان لێ بریندار کردوون.

بۆ بادینان گوتی: بەرژەوەندی لەوەدایە ئێمە "سامی" بچینە شوێنی خۆمان و خۆمان قایم کەین، ئەوجا لایەنەکانی تر بێن

بۆ وێندەرێ، چونکە جەماعەتی مەلا شــەڕی ئێمە ناکەن، بەڵام ئێوە یان بەعس "چەپی سەر بە سووریا" لەگەڵماندا بن شەڕمان دەکەن.

دوایی زۆر باسی ئەوەی کرد، کە خۆی بە دۆستی یەکێتی دادەنێت، حەز دەکات ڕێککەوتن لە نێوانماندا هەبێت.

***

١٩٨٢/١/١٣

ئێوارە وەک وەفدی "تجمع" بۆ بەشــداری لە کۆبوونەوەی ئەمانەتی عامەی کۆنگرەی شــەعبیی عەرەب، بەرەو تەڕابلوس-لیبیا بە ڕێ کەوتین.

***

١٩٨٢/١/١٧

ئێوارە دلێری ســـەید مەجید لە تارانەوە تەلەفۆنی بۆ کردم، نامەیەکی لە مام جەلالەوە بۆ خامنەیی پێ بوو. دەربارەی نامەکە گوتی:

هەر ئەوەندەی تێدا نووســـراوە: دۆســـتەکانتان لێمان دوور دەکەونەوە، واتە مەبەستی سووریا و لیبیایە.

***

١٩٨٢/١/٢٢

لە تەڕابلوسـەوە چوومە بەرلین، دوای ئەوەی فڕۆکەم گۆڕی،

شەو گەیشتم، چوومە هوتێلەکەی برادەرانی لێ بوون، عومەر و هۆمەر و د. کەمال.

***

١٩٨٢/١/٢٤

بەیانی کۆبوونەوە چوار قۆڵییەکەمان دەستی پێ کرد: کەمال، هۆمەر، دەبابە، فوئاد.

شەو تەلەفۆنیان بۆ کردین، بە داخەوە فوئادی مەلا مەحموود لە ڤییەننا وەفاتی کردووە.

مەسەلەی سامی عەبدولڕەحمان هاتە گۆڕێ، ئایا جوقد وەریبگرێت یان نا؟

عومەر دەبابە تووڕە بوو، گوتی؛ لە هیچ کۆبوونەوەیەک بەشدار نابم سامی تێدا بێت، بە توندی هێرشی بردە سەر هۆمەر و د. کەمال کە لەگەڵی دانیشتوون.

لەو کۆبوونەوەیەدا ئیشوکارمان دابەش کرد. نەمویست خۆم وەک لێپرسراوی یەکەم دابنێم، ئیشوکارەکان بە پلەی یەکەم ئاڕاستەی بارەگای شام کران. مەفرووز بوو دەبابەش لە سووریا بێت، بەڵام داوای ئیجازەیەکی دوورودرێژی کردبوو، گوتی؛ لەبەر منداڵەکان و مەکتەبەکەیان لە لەندەن دوورە، خۆم هاتوچۆیان پێ دەکەم، ناتوانم لە دیمەشق بم.

عومەر دەبابە پیاوێکی خەباتکارە، ماندووە، حەقە لە لەندەن ئیشێکی پێ بدرێت، تا تووشی ئەو ئیحراجییە نەبێت.

***

١٩٨٢/١/٢٦

لە بەرلینەوە گەڕامەوە تەڕابلوس، د. ئیبراهیم "بلەڕەش" لە فڕۆکەخانەوە چاوەنواڕم بوو.

***

١٩٨٢/١/٣١

ئیمشەو تەلەفۆنمان بۆ ئەبووئوسامە "عەباس شەبەک" کرد لە تارانە، گوتی:

"شێخ موحەمەد خالید" لەگەڵ مەسعوود و ئیدریس زۆر توند بووە، مام نامەیەکی بۆ شێخ موحەمەد خالید ناردووە.

تەلەفۆنم بۆ ئەبووئەیمەن "لیوا ابراهیم یونس، بالْیۆزی سووریا لە تاران"کرد. سەعید موجبیر "بالْیۆزی لیبیا لە تاران"ی لە لا بوو، هەردووکیان گوتیان بەردەوامین لە هەوڵەکانمان بۆ بەردانی چەکەکانتان.

***

١٩٨٢/٢/٣

ئیمشەو حازم "عبدالجبار الکبیسي" ئەندامی قیادەی قەومی حیزبی بەعس لە سووریا و سەرکردایەتیی "جوقد" گوتی؛ قەزافییم دیوە، دیدارەکەمان ڕاشکاوانە و باش بووە، باسی مەسەلەی سوپامان کرد بۆ ئەگەری لادانی سەدام حوسێن، بە تایبەتی ئەفسەرێکی زۆری بەعسی و وەحدەوییەکان دژی سەدامن لەبنەوە.

باسی ئیمەی بە باشی کردبوو، واتە یەکێتی، مەسەلەی بەرەش هاتبووە ئاراوە.

حازم گوتی: هێرشێکی تۆندم کردە سەر شیوعییەکان. بە نیسبەت کوڕەکانی بارزانی. حازم گوتبووی: ئەگەر هاوکاریان بکەین، سوپا دژمان دەبێت.

گوتیشی: بە قەزافییم گوتووە؛ یارمەتییەکەی تەرخانتان کردووە بۆ یەکێتی، ئەوە دە مانگە نەدراوە. قەزافی گوتبووی؛ جێبەجێی دەکەین.

***

١٩٨٢/٢/٦

من و حازم بە ڕێ کەوتین بۆ دیمەشق. لە فڕۆکەخانەی تەڕابلوس عەزیز موحەمەد و تەلاڵ سەلمان، سەرنووسەری "السفیر"مان دیت.

***

١٩٨٢/٢/١٥

ئیمشەو ئەبووجەنگۆ "ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی سووری"یم دی، کە تازە لە مۆسکۆ هاتبووەوە. گوتی: لە ڕادیۆی عەرەبی مۆسکۆ، لە بەرنامەی کوردی لە یەریڤان بە کوردی قسەم کردووە.

دۆستانی ڕووس خۆشحاڵ بوون بە کۆبوونەوە چوارقۆڵییەکەی؛ "یەکێتی، دیموکراتی ئێران، سوسیالیستی

کوردستانی تورکیا، دیموکراتی پێشکەوتووخوازی سووریا"، ئەوان گوتیان، با نوێنەری هەردوو حیزبی شیوعیی عێراق و سووریایشی تێدا بێت، بەڵام گرنگ چوارقۆڵییەکەیە.

گوتیشی گلەییم لە حیزبی شیوعی عێراقی هەیە، کە پەیوەندیی بەهێزیان لەگەڵ "سەڵاح بەدرەدین" هەیە، ئەویش پەیوەندیی لەگەڵ ڕژێمی بەغدا هەیە.

گوتیشی: شەش حەوت زەماڵە بۆ مانگێکی تر بۆ یەکێتیی سۆڤیەت ئامادە بکەن.

***

١٩٨٢/٢/١٧

لەگەڵ "دارۆ"، "عەزیز موحەمەد"مان بینی. باسی کۆبوونەوەکانی "ل. ت" کوردستانییەکەمان کرد، دیار بوو پشتیوانیی دەکرد، گوتی:

ئەگەر لە وڵاتێکی خۆرهەڵاتی بووایە، ئامادە بووم بەشداریی بکەم. باشە ئێستاش هەوڵ دەدەم بخرێتە یەک لەو وڵاتانە، ئەمە بۆ ڕەحمان "قاسملوو" زەحمەتە ڤیزای پێ بدرێت.

هاتینە سەرباسی بەرە، گوتم:

دانوستان دەست پێ بکات، ئێمەش دەمانەوێ بگەینە ئەنجامێکی ئیجابی، ئایا ئێوە ئەو کات واز لە "جود" دەهێنن و دێنە ناو "جوقد" بەبێ قیادەی موەقەتە؟

گوتی: حەز دەکەین گفتوگۆ بکەین، بەڵام بە نیسبەت جود

وەعد نادەین، ئەگەرچی لەناو جود داوای کۆبوونەوەمان لێ کراوە، بەڵام قبوولّمان نەکردووە، مەسەلەی جود عائیدی خۆمانە، بۆ گەڕانەوە بۆ ناو جوقد، ئێمە هیچ شەرتێکمان نییە.

بە کورتی حەماسەتم لا نەدیت بۆ گەڕانەوە بۆ ناو جوقد، گوتیشی سامی عەبدولڕەحمان پێشنیاری هەبووە، کە بەیانێک دەریکەین، جوقد تەنیا قیادەی حەرەکەی وەتەنی عێراقییە، ئەویشمان قبوولّ نەکردووە. دوایی عەزیز موحەمەد هاتە سەر وێنەکەی لەگەلّ "حافظ الاسد"، گوتی:

هەستم بە خەجالّەت کرد، کە موعارەزە لە ١٧ی ئەو مانگە چی کردووە؟ گوتیشی بۆچوونی لەسەر موەقەتە باش بووە.

لەدوایی باسی ئەوەمان کرد، کە هاوکاری دووقۆڵی لە نێوانماندا هەبێت، لەگەلّ سامی هاوکاریی دوو قۆڵی ئیمزا دەکەین.

برووسکەی برادەران هات، داوای پارە دەکەن.

***

١٩٨٢/٢/١٨

د. مەحموود عوسمان هاتە لام، زۆرمان قسە کرد، گوتی:

لە تاران حەرەکەی ئیسلامی عێراقی دروست بووە، ئەمین عامەکەی "محمد باقر الحکیم"ە. لە لایەن ئێرانەوە هیچ حیزبێکی عێراقی هاوکاری ناکرێت، ئەگەر ستراتیژیەتی ئەم حەرەکەیە قبوولّ نەکات. عەباس شەبەک و شێخ موحەمەد خالید بارزانی

بەلای ئەم حەرەکەیەوە دەچن. جا وا دیارە مەسعوود و ئیدریس بە ناوی حیزب ئیش دەکەن، موحەمەد خالید بە ناوی ئیسلام، عەباس شەبەک دەورێکی ئینتیهازی لەم ناوەندەدا هەیە. دیارە "تەوزیعی ئەدوارە".

هەروەها "قادر عەزیز" گێڕایەوە کە "سالار عزیز" دەست بەسەرە لە نێوزەنگ. سەید کەریم تەجمید کراوە، سەید کەریم مامۆستا حەمیدی کوشتووە.

***

١٩٨٢/٢/٢١

چوومە لای "حازم"، باسی سەفەرەکەی کرد بۆ وڵات. دوایی هاتە سەر باسی وەزعی خۆیان، کە دەستەیەکی کاروباری عێراق داناوە. ئێستا ئەم دەستەیە کاروباری عێراق جێبەجێ دەکات، لەم دواییەش یارمەتییەکی ئێمەش حەوالەی قیادەی قەومی دەکرێت.

***

١٩٨٢/٢/٢٣

ئیمشەو لە ماڵەوە عەزیز موحەمەد و ئەبووجەنگۆم دەعوەت کرد، تا درەنگ دانیشتین.

***

١٩٨٢/٢/٢٤

ئیمشـــەو کۆبوونەوەی جوقد هەبوو، بڕیار درا من ســـەرۆکی مەکتەب بم، ڕۆژی شەممە واتە ١٩٨٢/٢/٢٧ لەگەڵ ئەبووشەوقی ڕێکاری وەرگرتنی کارەکان وەربگرم.

یەکێک لەو بابەتانەی هاتە پێش، دەعوەتکردنی ســـامی عەبدولڕەحمان و (احمد الحبوبي) و عەباس بوو بۆ جوقد.

بە نیســـبەت ســـامی، داوای ماوەی هەفتەیەکی کرد، بۆ ئاگادارکردنەوەی برادەرەکانی و بزانێت ڕەئیان چییە، ئەگەرچی ئەم هەڵوێســـتە لە لایەن لایەنەکانی ناو جوقد بە خۆشـــییەوە وەرناگیرێت.

دووشـــەممە بروسســـکە بۆ برادەران دەنێرم، کە بۆ چوارشەممەی داهاتوو لە هەڵوێستیان ئاگادارمان بکەنەوە.

***

١٩٨٢/٢/٢٧

لەســـەر داوای ئەو، مەوعیدم هەبوو لەگەڵ ســـەفیری لیبیا لە سووریا. باسی وەزعی عێراق بە گشتی و کوردستانمان کرد.

ئەو پرسیارێکی کرد، گوتی:

ڕەئیتان چییە لەســـەر کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ مەعارەزەی عێراقی.

گوتم: ئەمە باشـــە، بەڵام دەبێت بۆ موعارەزەی وەتەنی بێت،

ئیتفاقیش بکەین لەسەر مانای وەتەنییەت، میقیاس لە لای ئێمە، تەنیا شەرکردنی سەدام نییە و بەس، بەڵکوو وەتەنی ئەو بەرەیە، کە خزمەت بۆ وڵاتەکەی دەکات و خەبات بۆ سەربەخۆیی و پێشکەوتن بکات، بەستراوە نەبێت بە لایەنێکی دەرەکی و ناوی پاک بێت. بە دروستی ئێمە لەگەڵ قیادەی موەقەتە کۆ نابینەوە، لەبەر هۆی نیشتمانی، هەروەها لەبەر هۆی نەتەوەییش، ئەگەر ئیدانەی عیلاقاتی پێشوویان لەگەڵ ئێران کرد و چەکدارەکانیان لە ئێران بردە دەر بۆ ناو عێراق، ئەو کاتە مومکینە لەگەڵیان دابنیشین.

دوایی هاتە سەر باسی "طالب السهيل" و "سيد مهدي الحكيم" و ئەو جەماعەتە. پێم گوت:

موشکیلەتان زۆر دەبێت، ئەگەر بۆ ئەم کۆنگرەیە هەوڵ بدەن، جارێ:

١- لایەنە ئیسلامییەکان هەڵوێستیان لە لیبیا سلبییە، لەبەر مەسەلەی مووسا سەدر.

٢- ئێران نایەوێ کەس دەستی بکەوێتە ناو کاروباری عێراق، تا بۆی بکرێت خۆی بە خاوەن ماف دەزانێت. هەستم بەوە دەکرد، سەفیر قسەکانمان بە مسەجل تەسجیل دەکات. پرسیارێکی کرد، ئایا سامی چووەتە ئیسرائیل؟ حیزبی ئیشتیراکی واتە عێراقی هەیە؟

***

١٩٨٢/٢/٢٧

نامەیەکی دوورودرێژم بۆ مام جەلال نووسی، نامەکەم بریتی بوو لە ٢٥ خاڵ و ٣٦ لاپەڕە.

هەروەها نامەیەکی تایبەت گلەییم بۆ خۆی -شەخسی لەسەر دوو بڕووسکەکەی ناردبووی نووسی، کە دەڵێت: وەزعمان باشە، گەر کەمتەرخەمی برادەرانی دەرەوە نەبێت.

نامەیەکی دیکەم بۆ کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی سەرکردایەتی نارد، ڕەئی خۆم دەربارەی زۆر شت دەربڕی. حازم نامەکانی لەگەڵ هەندێک پارە بۆ بردم.

***

١٩٨٢/٣/١٣

ئێوارە چوومە لای ئەبووشەوقی "جواد الدش، م. س الحركة الاشتراكية، وەزعی خۆیانی کرد، کە چۆن لە شام دژایەتیان دەکەن، گوتی:

چوومە لای "فوزي الراوي"، نەویست لەو هەڵمەتی دژمان دەکرێت، یارمەتیمان بدات.

بە ئەبووشەوقی نامەم بۆ مام و د. خدر و دلێری سەید مەجید نارد. کۆنووسی دانیشتنی خۆمان "چوار ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر لە دەرەوە"، ویستم پێی بنێرم، بەڵام ئەبووشەوقی کە بینی گوتی ئەوە دیکۆمێنتە، دەترسم لە فڕۆکەخانەی تاران تەفتیش بکرێم و کاغەزەکان ببەن.

***

١٩٨٢/٣/١٥

ئیمشەو بەپێی تەلەفۆنی دلێری سەید مەجید بۆ دارۆ:

١- لەگەڵ حازم لە نیوەی ڕێگای سەرەکیی سەقز گەڕاونەتەوە، چونکە تەرتیباتی ڕێگا مسۆگەر نەبووە.

٢- حازم، عەبدولحەلیم خەدامی دیوە لە تاران گوتوویەتی:

وەزع بەرەو باشی دەڕوات، بابەتی ئێمە لەگەڵ ئێرانییەکان باس کراوە.

٣- لەگەڵ حازم وەفدێکی حکوومەتی ئێرانی دەچێتە لای برادەرانمان، بە ئەندامییەتی مەکتەبی ئیمام، مەکتەبی سەرۆک کۆمار و پاسداران. جا ئومێدەوارین وەزع لەبەینی ئێمە و برادەرانی ئێران، بەرەو باشی بڕوات.

***

١٩٨٢/٣/١٧

تەلەفۆنم بۆ د. کەمال کرد گوتی:

١- کوردەکان دیداریان لەگەڵ قەزافی کردووە، لە دیتنەکەی قسەی باشی کردووە، دوایی لەسەر ئەو بابەتە نامەیەکتان بۆ دەنێرم.

٢- د. کەمال خۆی سەعاتێک قەزافی دیوە، باسی کردووە کە ویستوویەتی مام جەلال و مەسعوود و حازم و عەزیز موحەمەد بچنە تەڕابلوس، بەیەکەوە دانیشتن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک.

٣- دەربارەی پڕۆیشتنی شەش قۆڵی قسەی لەگەڵ کردووە.

٤- دەربارەی پارە دواکەوتووەکەمان، گوتبووی؛ باسم نەکرد، چونکە هۆی دواکەوتنی "فني" بووە، نەک هەڵوێست.

***

١٩٨٢/٣/١٩

ئێوارە چوومە لای ئەبووجەنگۆ، گوتی:

چوومەتە براغ، لەوێ ڕەحمان "قاسملوو"م بینی، قسەکانمان ئەمانە بوون:

١- کۆنووسەکە ئێمزا ناکەین، ناکرێ بڵاو بکرێتەوە.

٢- ڤیتۆمان لەسەر کەس نییە، بە نیسبەت قیادە موەقەتە. ئەگەر وازمان لێ بهێنن، لەسەر ئەوانیش ڤیتۆمان نامێنێت. ئێمە وەک یەکێتی نین، هەر کەس تەدەخولی کاروبارمان نەکات، دوژمنی نابین.

٣- موەقەتە گەر لەناو ئێران دەرنەچن، ئێمە لێیان دەدەین، وەزعی موەقەتە خراپ بووە، لە ئەنجامی ئەو سێ ئاغایەی کە عیلاقەیان لەگەڵ موەقەتە هەبووە، دەرکەوتووە لەبنەوە لەگەڵ دەستەیەکی سەر بە شا بوونە، وەزعیان لە ئێران تێک چووە.

٤- کۆبوونەوەی داهاتوو لای ئێمە بێت.

تێبینییەکانی ئەبووجەنگۆ لەسەر قاسملوو:

١- جددی نییە.

٢- دەیەوێ مەسەلەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆی ڕابکێشت.

٣- دەیەوێ ئەوان بەکاربهێنێت لە دژی موەقەتە.

ئیمڕۆ لە زوبانی سەرکۆ دەگێڕنەوە، هەندێ لە برادەرانمان لە تاران بەردراون، ئەوانی دیکەش دوو ساڵێ ڕۆژی تر ئازاد دەکرین.

***

١٩٨٢/٣/٢٠

چوومە سەفارەتی لیبیا، ئەمین مەکتەبەکەیان "وەجی"م بینی، ئەو نامەیەم پێ دا، کە بۆ قەزافیم نووسیبوو؛ مام جەلال ناتوانێ لەم زرووفەدا بچێتە تەڕابلوس، سوپاسی عەقیدم کرد، کە ئیستیقبالی د. فؤاد کەمالی کردووە. نووسیم من ڕێێدراوم بۆ گفتوگۆ، گەر دەیەوێ بچمە لای، بۆ مەبەستی کۆبوونەوە فراوانەکە. دوایی باسی کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکەی "ل. ت"م بۆ کرد، کە دەیانەوێ سەردانی لیبیا بکەن.

***

١٩٨٢/٣/٢١

چووینە غوتە بە بۆنەی نەورۆز، دەعوەتی (فوزي الراوي، ابو صلاح، عوني قلمچي، احمد صبور، حسن الهز و فوزي الربيعي)مان کردبوو، سەیرانێکی خۆش بوو.

***

سوپای عێراق دەشکێت

١٩٨٢/٣/٢٣

نیوەڕۆ لە ماڵەوە؛ نووری شاوەیس و سامی عەبدولڕەحمان و عەبدولڕەزاق ســـافی و ئەبووجەنگۆم دەعوەت کردبوو. هەندێ قسە کرا دەربارەی جەبهە، بەڵام نەکەوتینە ناو قوواڵایی بابەتەکە.

ئیمڕۆ ڕادیۆ بڵاوی کردەوە، کە ســـێ کورد لە تیپێکی هونەریی بووینە لەگەڵ وەفـدی حکوومەتی بەغـدا چوونەتە نەمسا، داوای مافی پەنابەرییان کردووە.

***

١٩٨٢/٣/٢٤

دەنگوباسی شەڕی عێراق ـــــ ئێران تا دێ گەرمتر دەبێت. ئێران بڵاوی کردەوە کە لە سێ ڕۆژی ڕابردوودا، شەش لیوای عێراقییان تێک شـــکاندووە. ناوی چەند عەقید و موقەدەمێکیان بڵاو کردەوە بەدیلگیراون، یەک لەوانە عەقید نەریمان بووە.

عێراقیش وا بڵاو دەکـاتەوە، کە ١٢ لیوای ئێرانی لەنـاو بردووە. بەڵام وا پێ دەچێت، ئێرانییەکان ڕاست بکەن.

شەویش دەنگوباسی شەڕەکان هەر بە گەرمی بڵاو کرایەوە، بەڵام هەواڵەکە هێشتا هەواڵی یەکەم نییە.

***

١٩٨٢/٣/٣٥

چوومە لای "صفا الراوي"، گوتم: دەنگوباسی شەڕ گەرمە، باس لە شکستی سوپای عێراق دەکرێت. ئەم هەفتەیە وا بڕوات بە دووری نازانم، ئێرانییەکان تا بەغدا نەوەستن. ئایا سووریيەکان مومکینە تەدەخول بکەن. ئەگەر ئێمە لە "جوقد" داوا بکەین یارمەتیمان بدەن، چەند شارێک بگرین وەک شاری سلێمانی؟

گوتی: قسەیان لەگەڵ دەکەم.

بە قسەی ئەو، تا ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو ١٩٨٢/٣/٣١ وەڵام وەردەگرینەوە.

قەناعەتم وایە، گەر ئێران بەغدا، یان شوێنێکی دیکەی عێراق بگرێت، مەسەلەی کورد پێش دەکەوێ.

بیستم لیوا حەسەن نەقیب نێردراوە بۆ ئێران.

***

١٩٨٢/٣/٢٧

ئێوارە کۆبوونەوەی جوقد بوو، هاتینە سەر باسی ئیحتیمالی گەیشتنی ئێران بۆ ناوەوەی عێراق، لە لایەکی دیکە دەستوەردانی سعوودی و ئوردنی و میسری باس کرا. ئەگەر ئەوە بوو، ئێمە هەڵوێستمان چی دەبێت؟ لە سووریا داوای دەستوەردان و کۆمەک بکەین؟ چۆنە؟ لەسەر چ بنەمایەک؟

بۆ ئەم بابەتە دووسبەی ١٩٨٢/٣/٢٩ کۆ دەبینەوە.

***

١٩٨٢/٣/٢٩

لە کۆبوونەوەی ئیمڕۆی بەرەی جوقد، گەیشتینە ئەو بڕوایەی ئەگەر ئێرانییەکان گەیشتنە ناو عێراق، ڕژێم دەسەڵاتی لەناوەوە نەما. وەک جوقد داوا لە دۆستەکانمان بکەین یارمەتیمان بدەن، ئەوکات دەتوانین حکوومەتی کاتی ڕابگەیەنین.

لەگەڵ ســـەفا ئیتیفاقمان کرد لەناوەوە برادەران ئاگادار بکەینەوە، بزانین ئەوان ڕەئیـان چییە! دەبێ ئەوان هەنگـاوە بهاوێین بۆ گرتنی هەولێر و سلێمانی لەم حاڵەتەدا.

***

١٩٨٢/٣/٣٠

ئیمڕۆ ســـەدام نامەیەکی ئاڕاســتەی فەیلەقی چوار کرد، کە بکشێنەوە بۆ ناوەوە لە بەرەی خواروو، وا دیارە هێرشە ئێرانییەکە زۆر بەهێزە، کە لە شـــەوی ڕابردوو ســـەعات دوازدە بە کاتی ئێران دەستی پێ کردووە، وەک ئێرانییەکان ئیعلانیان کردووە.

مەلیک حوسێن چوو بۆ بەغدا، دیارە شتێکیان بە دەستەوەیە، بەڵام هەر چۆنێک بێت، دیارە سوپاکە شکاوە، چەند ئەفسەری گەورەی عێراقی قائید فیرقەیشی تێدا گیراوە.

وتاری خامنەیی پێرێ ١٩٨٢/٣/٢٨ باســـی ئەوەی کرد، کە دەبێ گەلی عێراق خۆی بڕیاری شێوەی حوکمی خۆی بدات " کە ویلایەتی فەقیە دەســـتووری بێت، ڕەهبەر ئیمام خومەینی

بێت". ئەو کات سنوور لە نێوان ئێران و عێراق نامێنێت، چونکە هەردووک ولاتی موسڵمانن.

***

دکتۆر جەعفەری شەفیعی

١٩٨٢/٤/٣

من و دارۆ چووینە بەیرووت. ئەبووڕەشـــیدمان لەگەڵدا بوو. د. عەزیز "د. جەعفەر شـــەفیعی- کۆمەڵەی ئێران"مـان دی، ماوەیەکی زۆر لەگەڵی دانیشتین، ڕازی بوو لە دیدارەکەی لەگەڵ "جبهة الشـعبية"ی "جورج الحبش" و "جبهة التحرير"ی "غوشـة" ببینێت. دوایی هـاتینە ســـەر وەزعی خۆیـان، کە دەیـانەوێ حیزبێکی شیوعیی ئێرانی دروست بکەن.

لەم ڕووەوە موناقەشەم کرد، گوتم:

ئەگەر هەوڵی دروســـتکردنی ئەم حیزبە بدەن، ئەرکی خۆتان زیاد دەکەن، چونکە سێ ئەرکیان دێتە پێش:

١- دیموکراتی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان.

٢- دامەزراندنی حیزبێکی شیوعی.

٣- خەبات بۆ کوردستان.

گوتی: ئەرکی دووەم لەسەر حیسابی ئەرکی سێیەم دەبێت.

چونکە دیارە بنکە جەماوەرییەکەتان کوردستانە.

لەگەڵ ئەو زۆر شتی دیکەشمان باس کرد.

ئێوارە گەڕامەوە دیمەشـــق، بەڵام دارۆ لەســـەر داوای د. شەفیعی لە بەیرووت مایەوە، تا هاوکاری و چاوساغیی بۆ بکات.

***

١٩٨٢/٤/٧

لە دانیشـــتگای دیمەشـــق بە ســـەرۆکایەتیی "حافظ الاســـد" ئاهەنگێکی وتاری گەورە ســـاز کرا. وتاری یەکەم هی جەبهەی ســـووریا بوو، دووەم وتار هی جوقد بوو، کە من وتارەکەم خوێندەوە. کە گەڕامەوە شـــوێنەکەی خۆم، کە کەوتبووە دوای ڕیزی (الاسد) و لەپشت ئەو بووم، ئاوڕی دایەوە، ڕووی لە من کرد، دەستخۆشی وتارەکەی لێ کردم.

***

١٩٨٢/٤/١١

بە ناوی پشـــتگیریی گەلی عێراق، لە کولییەی هەندەســـەی جامیعەی دیمەشـــق، میهرەجانێکی ڕێکوپێک لە لایەن "جبهة طلاب العراقية" ڕێک خرا.

چەنـد چـالاکییەکی تێـدا بوو، لەوانە هەڵپەڕکێ و گۆرانی، چەند جار ناوی کوردستان هات، بۆ سووریا ئەمە شتێکی تازە بوو. هەنـدێ لە کچە کوردەکـانی خۆمـانی تێـدا بوو، چەپڵەی زۆریان بۆ لێ درا.

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام لە جوقد تەنیا من چوو بووم.

شەو دارۆ تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی:

حازم و برادەران گەیشتوونەتە تاران. شازاد قسەی لەگەڵ کردووە، گوتوویەتی بە قسەی "عەباس شەبەک" جەماعەتی قیادە موەقەتە نیازی هێرشیان هەیە بۆ سەر برادەرانمان لە کوردستان.

***

١٩٨٢/٤/١٣

لە جەبهەی جوقد سامی عەبدولڕەحمان هاتە لام، باسی کرد کە چۆن ئیدریس بارزانی لە نادیی ئەفسەران قسەی کردووە، هێرشی کردووەتە سەر مام جەلال و حازم. چوومە لای ئەبووجەنگۆ "ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی سووریا"، گوتی:

ئەبووسەلیم "کەریم ئەحمەد، ئەندام مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی عێراق"، نامەی بۆ ناردووە دەڵێت؛ عیلاقەمان لەگەڵ یەکێتی باشە، بەم زووانە "ڕێککەوتنی هاوکاریی دووقۆڵی" ئیمزا دەکەین.

***

١٩٨٢/٤/١٦

ئیمڕۆ دەعوەتی مالّی عەلی عەسکەری و د. خالیدم لە بەسری و تەل شیهاب کرد، ڕۆژێکی خۆشمان بەسەر برد.

***

١٩٨٢/٤/١٧

شـــــەوی ڕابردوو حازم "عبدالجبار الكبيسي" لە ئێرانەوە لە ڕێگای تورکیاوە گەڕایەوە دیمەشق.

لەگەڵ دارۆ چوومە لای، هەســـتم کرد بە بڕوایەکی باش گەڕاوەتەوە. زۆر ڕازی دڵخۆش بوو بە ســەفەرەکەی. نامەی مام جەلالی هێنابوو، لێم وەرگرت، لەگەڵ نامەیەکی د. خدری برام.

بە داخەوە لە نامەکەی د. خدر باسی وەفاتی خاڵۆژن عەیشێی دەکات، کە دەکاتە خێزانی خاڵم، دایکی ڕووناکی خێزانم.

***

١٩٨٢/٤/١٨

لە ماڵی مام جەلال لەگەڵ دارۆ و حازم و ئازاد خۆشـــناو دەعوەت بووین.

فیلمێکی ڤیدیۆ، کە حازم هێنابووی لێی درا، زۆر خۆش بوو.

شەو چوومە لای ئەبووجەنگۆ، حەمید درووشی لە لا بوو.

***

١٩٨٢ /٤/١٩

لیژنەی تەنسیق کۆ بووینەوە:

حەمیـــد دەرووێش، ئەبووجەنگۆ، فؤاد، ئەحمەد لە حیزبی

سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا. ڕێک کەوتین پەیوەندی بەو حیزبانەوە بکەین:

کوک، ئالآی ڕزگاری، د. د. ق. د، دەستەیەک لە ح. ح. ق. ح جیا بوونەتەوە.

بە نیسبەت پ. ک. ک، سوسیالیستی کوردستانی تورکیا موخالیف بوون، بە نیسبەت کوردستانی سووریا پەیوەندیی لەگەڵ ئەو حیزبانە بکەین:

کەمال، شیخ باقی، عیسمەت.

بە نیسبەت سەلآحەدین بەدرەدین، ئەبووجەنگۆ قسەی لەگەڵ دەکات، ئەوجا بڕیار دەدەین.

ئەبووجەنگۆ گوتی: سەلآح هێشتا لە عێراقە، پارە لەوێ وەردەگرێ. ئەگەر سبەی قاسملوو لەگەڵ عێراق تێک بچێت، ئەوا هێرش دەکاتە سەر قاسملوو.

بە نیسبەت ئێران، یەکێتی قسە لەگەڵ کۆمەڵە دەکات، لە عێراقیش سامی عەبدولڕەحمان و حیزبی سوسیالیست، ڕەئی ئێمە ئەوە بوو، جارێ پەلە نەکەین.

بڕووسکەی ڕادیۆکەمان بۆ ئێمە لە دیمەشق دەڵێت: سێ کەسی ئەڵمان لە لایەن ئێمەوە گیراون، نادرێنەوە ئەڵمانیا، تا مەرجەکانمان جێبەجێ نەکرێت.

***

١٩٨٢/٤/٢٩

عەزیز موحەمەد تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی: ئێوارە ســـەعات چوار حەز دەکەم بێمە لات.

کە هـات، مەلا ئەحمەد بـانیخێلانی لەگەڵـدا بوو. دوای موجامەلە و قسـەی گشـتی، عەزیز موحەمەد پرسـی بە نیسـبەت جوقد و جود چ بڕیارێکتان داوە.

منیش گوتم: هێشتا نەگەیشتووینەتە بڕیار.

***

١٩٨٢/٤/٢٩

دارۆ گوتی: دلێری ســـەید مەجید تەلەفۆنی بۆ کردووم، کە پەیوەنـدییەک لە نێوان یەکێتی و قیـادە موەقەتەدا هەیە. بەم زووانەش کۆبوونەوەیەک لە نێوان هەردوولا دەبێت.

***

١٩٨٢/٥/١

بەیانیی کۆبوونەوەی جوقد هەبوو، حازم و ئەبووشـــەوقی باسی سەفەرەکەی خۆیان کرد، ڕێک کەوتین چەند هەنگاوێک بۆ پێشخستنی ئیشوکارەکانی جوقد بچینە پێش.

***

١٩٨٢/٥/٢

بەیانێکم دەربارەی ڕاپەڕینی سلێمانی و هەڵەبجە بە ناوی جوقد نووسی و بڵاویش کرایەوە.

سەعات ٧,٣٠ بەیانی لەگەڵ صفا "فوزي الراوي"، ابو شوقي "جواد الدش" بەرەو حەلەب بە ڕێ کەوتین. لەوێ لە ڕۆژی پشتگیریی عێراق، قوتابیانی عێراقی سیمینارێکیان لە کولیەی پزیشکیی جامیعەی حەلەب ساز کردبوو.

سیمینارەکە سەعات پێنج دەستی پێ کرد، هۆڵەکە پڕ ببوو، وتارەکان دابەش کران، ئەبووشەوقی وەزعی عێراق و بزووتنەوەی نیشتمانی عێراق، جەنگی عێراق-ئێران. فەوزی ئەلڕاوی خەباتی گەلی عێراق و منیش وتارم دەبێت.

دواییش پرسیار هەبوو، سیمینارەکە تا سەعات ٨,٣٠ دریژەی کێشا.

دیار بوو ژمارەی ئامادەبووانی کورد لە سیمینارەکە زۆرتر بوون، چونکە کە ناوی کوردستان دەهات، چەپڵەی زۆر و گەرم لێ دەدران.

***

١٩٨٢/٥/٤

ئێوارە "داود"، ئەندامی لیژنەی مەرکەزی "بیت نەهرین"ی ئاسوورییم بینی، باسی وەزعی خۆیانی کرد، گوتی:

کێشەی ئێمە بادینانە، گەر ئێوە لەوێ دەبوون کێشەمان

نەدەبوو، بۆیە دەبێ خەریک بین جۆرە پەیوەندییەکتان لەگەڵ دابمەزرێنین.

هەستم کرد داود لە مانەوەیان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێمەش دوودڵە.

نیوەڕۆ عادل حبة "شیوعی" تەلەفۆنی بۆ کردم، پرسی مەسەلەی پۆڵۆنییەکان چی بەسەر هات. باسی ئەوەی کرد یارمەتییان بدەین و بەرەڵایان بکەین. گوتیشی:

لە سەفارەتەکەیان دەیانەوێ قسەت لەگەڵدا بکەن، گەر موافیقی ژمارەی تەلەفۆنەکەتیان پێ دەدەم.

***

١٩٨٢/٥/٥

ئیمڕۆ نامەیەک و کتێبەکەی هەیکەل لەسەر ئێرانم، بۆ مام جەلال نارد.

***

١٩٨٢/٥/١٠

ئیمڕۆ سامی عەبدولڕەحمان هاتە لام لە ئۆفیسەکەی بەرە. گوتی:

بڕیارمان داوە بێینە ناو بەرەی جوقد، ئیمڕۆ بەعسییەکانیش ببینین "بەعسی چەپی سەر بە سووریا"، ئینجا کاتێک تەرخان بکەین بۆ ئیعلانکردنی.

ئێوارە دارۆ هاتە لام، نامەکانی هێنابوو، حازم لە ولاتەوە لەگەڵ خۆی هێنابووی. نامەکەی مام جەلال زۆر ناڕەحەتی کردم، کە لە ڕۆژی ١٩٨٢/٤/٢٤ نووسرابوو.

هەندی قسەی تێدا نووسرابوو، ئەگەر بڕوایەکی قوواڵم بە خەباتی کوردایەتی نەبووایە، یەکێک لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نەبووام، وازم لە کاری سیاسی دەهێنا.

مام جەلال دەڵێت: دیفاعم لێ کردوویت، گومانم لەوەدا نییە، چونکە بە قەناعەتەوە خۆم بڕوام پێت هەیە، بەڵام جۆری ئیشکردن وەها نابێت.

***

١٩٨٢/٥/١٢

ئێوارە کۆبوونەوەی بەرە بوو. وا دانراوە دوای سەعاتێک وەفدی حیزبی گەل بێن، قسەیان لەگەڵدا بکەین.

وەفدەکە بریتی بوو لە سامی عەبدولڕەحمان، عەلی سنجاری، یەزدین، یەکێکی دیکەش ناوەکەی نازانم.

ڕێک کەوتین ڕۆژی شەممەی داهاتوو ١٩٨٢/٥/١٥ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەیی هاوبەش ئیعلانی هاتنە ناو بەرەی "جوقد" بکرێت.

ئێوارە کۆبوونەوەی بەرە بوو. ئەبووشەوقی کە لە سەفەری ولات هاتبووەوە، گوتبووی من چیتر ناتوانم کاروباری ڕاگەیاندن بەڕێوەببەرم. دیارە پەشیمان بوویتەوە. یەکێک گوتی،

با د. فؤئاد ببێت بە مەســـئوولی ڕاگەیاندن، مادام لە لایەن یەکێتییەوە بۆ ئەم کارە دەستنیشان کراوە.

***

١٩٨٢/٥/١٥

لە سەرکردایەتیی بەرە، کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسیی جەبهە لە سەعات ١١ی بەیانی دەستی پێ کرد. حازم، ئەبووشەوقی، من بووین، سامی لەگەڵمان دانیشت.

من ئیـدارەی کۆنگرەکەم کرد، ئەبووشـــەوقی "بەیـان"ی جەبهەی خوێندەوە، کە حیزبی گەل بووە ئەندام لەم جەبهەیە. سـامی "بەیان"ی خۆی خوێندەوە، حازم و ئەبووشەوقی وەڵامی ڕۆژنامەنووسانیان دایەوە.

***

١٩٨٢/٥/١٦

دوای نیوەڕۆ دەوروتەسـلیمی سـەرۆکایەتیی مەکتەبی جەبهەم لەگەڵ صـفا "فوزي الراوي" کرد. ڕۆژنامەکانی ئیمڕۆ سـووریای باسی کۆنگرەکە ڕۆژنامەنووسییەکەی دوێنێی ئاماژەیان کردبوو.

***

١٩٨٢/٥/١٧

سەعات ٣ی دوای نیوەڕۆ لە شام بە ڕێ کەوتین بۆ لیبیا.

بەیانییەکەی لەگەڵ حازم و سەفا دانیشتم، لەگەڵ حازم باسی

سەفەرەکەم کرد، بۆ تەڕابلوس کە بڕیارە هەفتەی داهاتوو ئەویش بێت.

لێدوانێکی ڕۆژنامەنووسییم نووسی، دامە ئەو بە ناوی جەبهە بلاّو بکرێتەوە، کە خۆپیشاندان و ناڕەزایی لەناو ولاّت بەردەوامە.

بە نیسبەت ئەوانەی بڕیار بوو حازم، لەگەڵ خۆی بیانبات بۆ تەڕابلوس گوتی:

جەماعەتەکە موافق نین، ئێستاکە بە تایبەتی کە جەماعەتی حەسەن ئەلنەقیب و ئیدریس بارزانی چوونەتە وێندەرێ.

نامەیەکم بۆ ولاّت نووسی، دامە دارۆ بینێرێت.

***

١٩٨٢/٥/١٨

سەعات ١٢ "د. موفتاح"م دی، کە لە شوێنەکەی "علي التريكي" دانیشتبوو، واتە ببوو بە بەڕێوەبەری مەکتەبی عەقید قەزافی. گوتی قائید قەزافی لە سەحرایە زۆر سەرقاڵە، من وا لەگەڵت دادەنیشم، چیتان هەیە باسی بکەن، منیش بە قائیدی ڕادەگەیەنم.

منیش لە نامەکەدا تەرکیزم کردە سەر ئەو خاڵانەی خوارەوە:

١- وەزعی ولاّت لە ڕووی زۆربوونی چالاکییەکان و ئامادەیی خەڵک زۆرە، ڕاپەڕینی تازەش پێویستی بە پشتگیریی سیاسی و ماددی دەبێت.

ب- مەسەلەی دواڕۆژی عێراق، کە ئێستا دوو هەڕەشەی لەسەرە، یەکێکیان داگیرکردنی ئەمریکایە، لە ڕێگای هێرشی چەکداریی جەیشی میسری و ئوردنی و سعوودی بۆ پشتیوانیی لە سەدام. دووەم داگیرکردنی ئێرانییەکان. جا پێویستە ئێمە وەک جوقد، لەگەڵ لیبیا و سووریا بەرنامەیەکمان هەبێت، کە جوقد تەمسیلی شەرعی دەکات. لەو ڕووەوە ی. ن. ک ئامادەیە هەندێ شارەکانی کوردستان بگرێت.

پاش ئەوە د. مفتاح گوتی:

ئێمە لەگەڵ قسەکانتان هاوڕاین، بەڵام ئەگەر ئێران سەدام نەڕووخێنێت چۆن بڕووخێت؟!

گوتم: ئەمە بەرنامە و ئامانجی ئێمەیە، ئێوە یارمەتیمان بدەن.

نامەکەی مام جەلالیشم پێ دا بۆ قەزافی. گوتی:

نامەکە و قسەکانت، ئیمڕۆ ئێوارە دەگەنە عەقید قەزافی.

دەربارەی یارمەتییەکانمان گوتی: هۆی دواکەوتنی ڕۆتینی بۆرجوازییانەی "د. علي التريكي" بووە.

بە نیسبەت عەقید "سالم بوشريدة" و "منير وادي" دەوام ناکەن، خۆیان ئامادە دەکەن بۆ تاقیکردنەوە و پلەبەرزکردنەوە.

***

١٩٨٢/٥/٢١

لەگەڵ مالّی سەعید کەتانە چووینە گۆمی دەریا، شوێنەکە

٣٥ کم لە تەپابلوســـەوە دوور بوو. دار و درەختی زۆر بوو، هەوایەکی خۆش، شوێنێکی جوان.

***

١٩٨٢/٥/٢٢

لەگەڵ عومەری شێخموس قسەم کرد، قسەکانی لای ئەو، ئەوانەی خوارەوە بوون:

١- دیمەشـــق لە ڕێگای دارۆوە زانیویەتی، ڕۆژانی ٥ و ١٩٨٢/٥/٦ لە مەعهدی تەکنەلۆژیای بەغدا قوتابیە کوردەکان کۆبوونەتەوە، بـاســـی وەزعیـان کردووە. بڕیـاریـان داوە لە تاقیکردنەوەکانان مان بگرن و بچنە کوردسـتان بۆ بەشـداربوون لە ڕاپەڕینی ئەوێ، هەندێ لە قوتابیە عەرەبەکانیش پشـــتیوانییان کردوون.

***

١٩٨٢/٥/٦

لە زانکۆی تەکنەلۆژی کۆبوونەوەیەکی تری وەهـا بووە، لەوێش قوتابیە عەرەبەکان پشتیوانییان لێ کردوون.

***

١٩٨٢/٥/٧

قوتابیە کوردەکانی کولیەی ئاداب هەمان هەڵوێســـتیان هەبووە، عەرەبەکانیش بە شێوەیەکی گشتی پشتیوانییان کردوون.

ئینجا ۱۵۰۰ قوتابی کورد و عەرەب لە جامیعەی تەکنەلۆژیا و کولییەی ئاداب چوونەتە کوردستان بۆ بەشداربوون لە ڕاپەڕینی کوردستان.

۲- شارۆچکەکانی کوردستان خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەستی پێ کردووە، لەوانە شەقلاوە و مەسیف.

۳- حکوومەتی بەغدا، ئیعلانی مەنعی تەجەولی کردووە لە شارەکانی کوردستان و کەربەلا و بەسرە.

***

۱۹۸۲/۵/۲۳

لە "ئەنوەر"م زانی ئیدریس بارزانی ۷۰۰ هەزار دۆلاری لە لیبیا وەرگرتووە، بەڵێنی ناردنی ۲۵۰۰ کلاشینکۆف و ۵۰ ئاڕ پی جی و ۲۰ دۆشکە، هەندێ ساروخی ستریلای وەرگرتووە. ئەوانەی تری لەگەڵیان بوونە، لە لایەنی هاوپەیمانانی پارتی هەر یەکە ۱۰۰۰ کلاشینکۆفیان وەرگرتووە.

وەفدەکە لە ۱۰ کەس پێک هاتبوو، هەر یەکەی ۷ هەزار دۆلاریان پێ دراوە.

***

۱۹۸۲/۵/۲۵

قسەمان لەگەڵ د. مفتاح کرد، گوتی قسەکانی ئێوەم بە قائید ڕاگەیاند. دەستمان کردووە بە پەیوەندی لەگەڵ "الجهات المعنية" لە تاران بۆ هاتنی مام جەلال، کە قائید دەیەوێ هەندێ قسە هەیە لەگەڵی بکات.

گوتمان مەســـەلەکە ئەوەندە بە ئاســـانی نییە، بێجگە لەوەی دەبێت خۆی لە کوردستان بێت، سەرپەرشتی ڕاپەڕینەکانی ناو وڵات بکات، لەنزیکەوە ئاگاری لە بارودۆخەکە بێت، ئێمە دەتوانین لە جیاتیی ئەو پەیوەندییەکان بکەین. پێم گوت:

بە نیازم بچمەوە کوردســـتان، نامەوێ بە دەســـتی بەتاڵ بچمەوە.

ئەو لە وەڵامدا گوتی: ستراتیژیەتی ئێوە چییە؟

گوتم: ڕووخانی ڕژێم، پاراستنی سەربەخۆیی عێراق.

ئێمە لە لایەن خۆمانەوە، هەندێ مەترســـی دەبینین، ئەگەر میسر و ئوردن و سعوودیە بۆ یارمەتیدانی سەدام سوپایان هێنایە عێراق، کە ئێستا قسە لەوە دەکرێت، لە لایەکی دیکەوە، ترسمان لە ئێران هەیە، بیەوێ چەند شارێک و ناوچەی گەورە بگرێت، ئێمە حەز بە هاوکاری لەگەڵ ئێران دەکەین، کە گەیشتینە ســەر حوکمیش بە هەمان شێوە.

دوایی هاتینە ســـەر باســـی ڕاپەڕینەکانی وڵات، کە نابێت هەڵوێســتیان بەرامبەری ســەلبی بێت، ئەوەش ســەرپەرشــتی و پێداچوونەوەیان دەوێت بەرامبەری. ئەویش پێویستی بە یارمەتیی سیاسی و ماددیی ئێوە دەبێت.

***

١٩٨٢/٥/٢٧

لە بەشـــی (حرکات التحرر) لەدوویان ناردم، کە گەیشـــتینە شـــوێنەکە، دیمان (عقید ســـالم بو شـــریدة) لەگەڵ (یاســـر عبد ربة)ی فەڵەســـتین دەهاتنە دەرەوە. دوای چاک و چۆنی ســـالم گوتی:

نامەکەی عەمیدم لایە، ئێســـتا بۆی دەبەم "عەمید ئەبووبەکر یونس، وەزیری دیفاع" لە مام و وەزعی ولاّتی پرسی، یاسریش هەڵی دایێ و گوتی: وەزع باشـــە. دوایی ســـالم گوتی؛ دێمە لاتان.

چووینە لای ڕائیـد مونیر، دیـار بوو فەرمـانی بۆ هـاتبوو دەربـارەی کـاروبـارەکـانمـان، کە فـایلەکەی بەردەمی کردەوە یاداشتێکی منی تێدا بوو، کە داوای چەکم کردبوو، بۆ کڕینیان پارەمان بدەنێ. گوتی:

کەمی کەوە نرخەکەی زۆرە، بۆ ئەمە دەبێ قیادەی ســیاســی بڕیار بدات.

شـــەو "مظفر النواب" چووبووە لای د. ئیبراهیم "بلەڕەش، نوێنەری یەکێتی لە لیبیا"، گوتبووی: عەمید ئەبووبەکر شـــەممە یان یەکشەممە دەمانداتێ.

***

١٩٨٢/٥/٢٩

چووینە مەکتەبی "حرکات التحرر"، "سالم بو شریدة"مان دی.

دانیشتنەکە زۆری کێشا، باسی وەزعی عێراق و موعارەزە، ئەو پیلانانەی لەسەر عێراق هەیە کرد. دیمان سالم زۆر بۆ ئێران بەجۆشە.

گوتی: (عبدالسلام جلود) چۆتە ئێران بۆ مەسەلەی هاوکاریکردن لەگەڵ موعارەزەی عێراقی لە لایەن ئێرانەوە.

گوتی: ئێران ڤیتۆی لەسەر ئێوە هەیە، دەمانەوێ ڤیتۆکەیان لەسەرتان هەڵگرن.

***

١٩٨٢/٥/٣١

بەیانیی چووینە مەکتەبی "حرکات التحرر" بۆ لای "سالم بو شریدة"، گوتی:

یوسفی و حجازی چاوەنوارتان بوون، تەلەفۆنمان بۆ هوتێل کرد، ئێوە لەوێ نەبوون. بەڵام ئێمە لە هوتێل بووین، دەرنەچووین، کەسیش تەلەفۆنی بۆ نەکردووین.

لەگەڵ سالم دانیشتین، کە موزەفەر نەوابیشی لێ بوو، باسی دوو مەسەلە کرا، عیلاقەی ئێمە و ئێران. عیلاقەی ئێمە و قاسملوو. بۆمان باس کردن کە ئێمە مەوقیفمان نییە لە دژی ئێران، بەڵکوو ئەو مەوقیفی هەیە بەرامبەرمان لە چەند ڕوویەکەوە، مومکین نییە ئێمە سازش لەسەر سەربەخۆیی عێراق و خۆمان بکەین، سەبارەت بە قاسملوو، ئێمە تەماشای کوردی وا ناکەین، کە قاسملوو بێت و بەس. دەبێ ئێران خۆی تووشی هەڵە نەکات، کە وایان دانابوو جووڵانەوەی کوردی واتە بارزانی.

ئێوارە لەگەڵ د. سەعید کتانە، موحەمەد فرکاشمان بینی کە نەقیبی زراعییەکانی لیبیایە، خەزووری عەقید قەزافییە.

دوای باسکردنی وەزعی وڵات، ئەو بابەتانەی هەڕەشەمان لێ دەکات، گوتی:

حەز دەکەم دیدی خۆتانم بۆ بنووسن، تا بیدەمە قەزافی، بەڵێنم پێ دا بۆی بنێرم.

***

١٩٨٢/٦/٢

لەگەڵ عومەر شێخموس بە تەلەفۆن قسەمان کرد، پێی گوتم:

نابی تووڕە بیت و مەسەلەکە فراوانتر تەماشا بکەم. بە ڕاستی برادەران لە وڵات شتی وەها دەکەن؛ ئەز تێدا خەجاڵەت دەبم.

***

١٩٨٢/٦/٥

لە "حرکات التحرر" لەگەڵ عەقید سالم و عەبدوڵڵا حیجازی دانیشتین.

حجازی ئەم قسانەی کرد:

١- ئێمە دەبینین موعارەزەی عێراقی، لە ئەنجامی ناکۆکیی نێوخۆیاندا، ناتوانن ببن بە بەدیلی حکوومەتی عێراق، لە زۆر لاوە ئیبتزاز دەکرێن. ئێرانییەکان دەیانەوێ ئەوەی حوکمی عێراق دەکات، دەبێت ڕەوت و بەرنامەیان دیار و ڕوون بێت، چونکە

موعارەزەی سیاسی لەو ناکۆکییەی نێوان خۆیاندا، هەر لایەن و کەسێک دەیەوێ هەر خۆی بێتە سەر حوکم.

٢- کورد بەتەنیا چی پێ ناکرێت، هەر دەتوانێ حوکم ماندوو بکات، ئەحزابە عەرەبییەکان کوان؟!

٣- ئێوە هێزی سیاسیی بەری جوقدن، خەباتی ئێوە چی بووە بۆ یەکبوونی موعارەزەی عێراقی.

٤- ئێمە لەگەڵ خستنی سەدامین، هەر کەس بێتە شوێنەکەی، لای ئێمە گرنگ نییە، هەر ئەوە گرنگە هەڵوێستی چی دەبێت لە مەسەلەی فەڵەستین، لەگەڵ "جبهة الصمود والتحدي" مەوقیفی چی دەبێت. ئێمە عیلاقاتمان لەگەڵ هەموو لایەنەکانی موعارەزەی عێراقی هەیە، لەم ماوەیەدا حەسەن نەقیب و ئیدریس بارزانی هاتبوون، جاران ئێمە دژی مالّی بارزانی بووین، کە لەگەڵ ئیمپریالیزم بوون. بەڵام ئیمڕۆ لەگەڵ کۆماری ئێرانن، دەیانەوێ شەڕی سەدام بکەن.

ئێمە وەک لیبیا، دژی هەموو جۆرە حیزبایەتییەکین گەر بۆمان سەر بگرێت، دەمانەوێ ئەفکاری خۆمان بڵاو بکەینەوە.

دوایی گوتیان ئیمڕۆ یان سبەی عەمید ئەبووبکر یونس وەزیری دیفاع ئەبینی.

من، عومەر دەبابە و د. ئیبراهیم لەو دیدارە بەشدار بووین.

***

١٩٨٢/٦/١٢

کۆبوونەوەی "الامانة العامة لمؤتمرات الشعب العربي" بەسترا. وەفدی جوقد بریتی بوون لە: عبدالجبار الکبیسي، عوني قلمچي، عزالدین قۆجە لە دیمەشقەوە هاتبوون، لێرەش لە تەڕابلوس من و عومەر دەبابە بەشدار بووین.

کۆبوونەوەکە بە وتارێکی "عومەر الحامدي" سکرتێری گشتیی "مؤتمر الشعب العربي" دەستی پێ کرد، دوای ئەو "تیسیر متعة" لە الجبهة الشعبیة لتحریر فلسطین "جورج حبش"، مروان فارس لە جەبهەی وەتەنیی لوبنانی قسەیان کرد. گوتیان:

ئیمڕۆ دوو شت پێویستە؛ یەکەم لێدانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکی و کۆنەپەرستی عەرەبی. دووەم یارمەتیدانی جەنگاوەرانی هێزی هاوبەش لە لوبنان. پاش ئەوانە خمیسي "شیوعی/ میسر"، بە شێوە شانۆگەرییەکەی خۆی قسەی کرد.

کە نۆرە هاتە سەر د. فەواز سەرۆکی وەفدی سووریا، قسەی کرد و باسی زۆر لە نهێنییەکانی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و سۆڤیەتی کرد، کە چ خەسارەتێکی گەورەیان لە مقاوەمە داوە، هەروەها سووریيەکانیش. کە نۆرە هاتە سەر "عبدالرحمن الکبیسي، عمر الحامدي" کۆبوونەوەکەی دواخست و ئیشی دابەش کرد بەسەر لێژنەکان، حازم تووڕە بوو، بەڵام تازە بڕیارەکە درا.

***

دەچمە سەحرا

١٩٨٢/٦/٢٣

"عبدالجبار الكبيسي"یم بینی، لەو دیدارەدا گوتی: شەو بە ئۆتۆمبێل منیان بۆ لای قەزافی برد، کە لە سەحرا لەژێر خیوەتێک دانیشتبوو. چەند مەسەلەیەک هاتە پێش، قسەکانی قەزافی دوا موناقەشەکانمان، بەو جۆرە بوون:

١- بڕیاری دا چەک نەدرێتە جەماعەتی بارزانی و هاوپەیمانیان، کە لە هاتنی ئیدریس بارزانی هەندێکیان وەرگرتووە. لەو سەردان و دیدارەدا گوتبووی: ئێمە لەگەڵ جوقدین.

٢- گەر پەلە نەکەن، ئێران پێشتان دەکەوێ، عێراق داگیر دەکات.

٣- عەبدولسەلام جلوود لە تارانە بۆ لابردنی ڤیتۆی ئێرانی لەسەر جوقد و یەکێتی.

٤- لە مام جەلالی پرسی.

٥- باسی دامەزراندنی "السلطة الوطنية العراقية" کرا، گوتی: ناکرێ ئێستا ئیعلان بکرێت.

ئەگەر ئێران پەلاماری عێراق دا، ئەو کات مومکینە، بەڵام ئێستا زەحمەتە.

٦- هەر شتێکتان دەوێ من ئامادەم، پێویستیشە زوو زوو هەردووکمان یەکتر ببینین.

***

١٩٨٢/٦/١٧

کۆبوونەوەی "المؤتمر الشـــعبي" ببوو بە کۆبوونەوەیەکی گشتی و خەڵکێکی زۆر لە هەموو کیشوەرەکان بانگهێشت کرا بوون، من وتاری جوقدم خوێندەوە.

***

١٩٨٢/٦/١٨

ئێوارە دوو کۆبوونەوە کرا، منیان بۆ "منصـــة الرئاســـة" کە دانابوو، کە پێک هاتبوو لە:

ســـەرۆک عەبدوڵڵا نەهری، نوێنەری کووبا، نوێنەری ئێران، نوێنەری بنین "ئەفریقیا"، عێراق کە من نوێنەرەکەی بووم.

دوایی ئیقراری "میثـاق اعلان طرابلس" کرا، ١٨ دەوڵەت دەستنیشان کران، دوایی بوو بە بیست دەوڵەت، هەموو لەپشت پەردەکانەوە دانرابوو.

ســامی عەبدولڕەحمان داوای وتاری کرد، کە من ڕێگام پێ دا، باســـی گەلانی زۆرلێکراوی کرد. کیشـــەی کەمینەکانی وروژاند، کە قەزافی زۆر پێی گرنگە.

گوتی: بۆیە من خۆم کاندید دەکەم، بۆ "الامانة العامة"، ئیتر پاش ئەو قسەیەی بوو بە پێکەنین.

ســـامی دەبووایە داوای کردبووایە عێراقی تێدا بێت، یاخود کورد، لە ئەمانە بێت یان حیزبەکەی، بەڵام ئەو گوتی: من.

ئەوەش خودی کەســـایەتیی خۆی دەنواند، دیار بوو زۆر مشەوەش بوو، کە هاتە بەردەم مایکرۆفۆن.

شـــەو عومەر دەبابە و عەبدولجەبار گەڕانەوە دیمەشـــق، من مامەوە.

***

١٩٨٢/٦/١٩

وەفدی ئەمانەی گشتی عەرەبی بۆ جەزائیر بە ڕێ کەوت. لە عێراق عەونی قەلەمچی بەشـــدار بوو، بۆ دیتنی "شـــاذلي بن جديد" ســـەرکۆماری جەزائیر، بۆ ئەوەی کۆنگرەی "التحدي والصمود" لەوێ ببەستریت.

***

١٩٨٢/٦/٢٢

ئیمڕۆ عەونی قەلەمچیم دی، کە لە جەزائیر لەگەڵ وەفدەکە گەڕابووەوە، گوتی:

سلێمان هوفمانم بینی، کە باوکی ئەڵمانە و دایکی فەرەنسییە، وەک دوو کەڵەشێر لەگەڵ عومەر ئەلحامیدي لێک هەڵشاخان و گوتی:

ســـووریا و "منظمة التحرير الفلســـطينية" لەبنەوە پڕۆژەی "مەلیک فەهد"یان قبوول کردووە، ئێمە ئەو هێرشەی ئیسڕائیلمان تەوەقوع کردووە، ئامادەین لەشـــکرمان بنێرین بۆ ســـووریا، بە فڕۆکە و تۆپەوە، بەڵام ئەوان شەڕ ناکەن.

دوایی کە لێیان پرسی بۆ دە هەزار نانێرن سەرباز بۆ سووریا، گوتی:

ئێمە لەگەڵ مەغریب لە ڕووبەڕووبوونەوەداین. عەونی گوتی:

سەرکەوتنی تیمی فوتبۆڵی جەزائیر بەسەر ئەڵمانیایان زۆر لا گرنگتر بووە، بە گەورەترین دەستکەوتی دادەنێن.

***

١٩٨٢/٦/٢٨

من و سامی عەبدولڕەحمان و د. ئیبراهیم چووینە لای "مونیر" لە بەشی "حركات التحرر"، سالم تەلەفۆنی بۆ کرد، سبەی سەعات ١ی دوای نیوەڕۆ چەکەکانیان وەردەگرن.

***

١٩٨٢/٦/٢٩

لەسەر وەعدی دوێنێمان چووینەوە لای منیر، دیار بوو هیچ لەگۆڕێدا نەبوو، سالم ئیمڕۆ چوو بۆ دیمەشق، "يوسف دبري" لە ئەدیس ئەبابایە 'ئەسیوبیا". ئیتر مەسەلەکە ماوەتەوە تا گەڕانەوەی ئەو.

شەو لە ماڵی منیر دەعوەت بووین. من، سامی عەبدولڕەحمان، د. ئیبراهیم و خێزانەکەی.

***

١٩٨٢/٦/٣٠

د. ئیبراهیم تەلەفۆنی کردبوو بۆ د. مفتاح، کە د. فؤاد و سامی عەبدولڕەحمان دەیانەوێ بێنە لات، گوتبووی کەی هاتوونە، پرسی قیادە دەکەم.

***

١٩٨٢/٧/١

کۆبوونەوەی لەناکاوی "مؤتمر الشعب العربي" دەستی پێ کرد، بە ناوی جوقد من و سامی عەبدولڕەحمان و د. ئیبراهیم بەشداریمان کرد. چاوەنواڕ بووین ئەندامانی تری وەفدی جوقد بگەن، کە بریتی بوون لە من و سامی عەبدولڕەحمان و عوني قلمچي و مبدر الويس و فوزي الربيعي، شەو لە دیمەشقەوە وەفدەکە گەیشت، بەڵام ئەوانی تێدا نەبوو.

لە کۆبوونەوەکە چەند وتارێک هەبوو، وتارەکەی ئێمە کەوتە سبەی.

***

١٩٨٢/٧/٢

کۆبوونەوەکە دەستی پێ کرد. عامر عەبدوڵڵا بە ناوی حیزبی شیوعی عێراقی بەشداریی کرد، ئەویش وتاری تەسجیل کردبوو، لە کاتی وتارەکەی و قسەکردندا پێنج جار قسەیان پێ بڕی، جارێکی یەکەم کە کەوتە ناو بابەتی تیۆری، دواییش کە بە ڕوونی بەرگریی لە سۆڤیەت کرد، چونکە کەسیان لە

وتارەکانیان سۆڤیەتیان تۆمەتبار نەکردبوو.

وتاری من چوار دەقیقەی برد، بە چەپڵەڵێدانەکە قسەکانی منیان قبوولّ کردبوو.

کێشەی ئەو جۆرە کۆنگرانە، زۆر قسەکردن و قسەجوینەوە و دووبارەکردنەوەیە، بێ ئەوەی بایەخیان هەبێت.

ئێوارە دوو لیژنە داندران، یەک بۆ پشتیوانیکردن لە گەلی فەڵەستین و بزووتنەوەی نیشتمانی لوبنانی، سامی عەبدولڕەحمان بوو بە ئەندامی ئەم لیژنەیە.

لیژنەی دووەمیش بۆ لێدانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بوو.

سەعات ١٢ی شەو کۆبوونەوەکە دەستی پێ کردەوە، تا ٣،٥ی بەیانی بەردەوام بوو، بەڵام کۆتایی نەهات.

پێشنیازێک هاتە پێش، وەفدێک بە ناوی کۆنگرەکە بچێتە مۆسکۆ، بەڵام وەفدی سووریا موافق نەبوو، موناقەشەیەکی زۆری برد، لە ئەنجام سەر نەکەوت.

شتی سەیری کۆنگرەی ئەم جارە، ئەوە بوو لە تووندس ئەندامێکی حیزبی دەستووری حوکمڕان هاتبوو.

***

١٩٨٢/٧/٦

سامی تەلەفۆنی بۆ د. مفتاح کردبوو، گوتبووی؛ ئیشوکارەکانتان بەرەو ڕووی "د. علي التريكي" کراونەتەوە، دوایی تەلەفۆنی بۆ

تریکی کردبوو، گوتبووی من ئاگام لە هیچ نییە. جا ئەمە دەستی دەستییە یان شتێکی تر...!

بەپێی تەلەفۆنی شازاد بۆ د. ئیبراهیم، ڕادیۆکەمان بلاوی کردۆتەوە، سبەی بەیانێکی هاوبەش لە نێوان یەکێتی و حیزبی شیوعی عێراقی دەردەچێت.

***

١٩٨٢/٧/٨

شەو تەلەفۆنم بۆ دارۆ کرد گوتی: بەیانی هاوبەشی نێوان یەکێتی و حیزبی شیوعی عێراقی لە ڕادیۆ خوێندرایەوە، بەڵام ڕادیۆکە خشەی زۆر بوو، باش بابەتەکەم نەبیست و تێنەگەیشتم، بۆیە داوام لە برادەرانی قامیشلی کرد سبەی شریتەکەم بۆ بنێرن.

بە گشتی باسی تەنسیقی عەسکەری و سیاسیی نێوان هەردوولایان کردبوو.

شەو قسەم لەگەڵ "ڕووناک" کرد، تێگەیشتم کە زانیویەتی دایکی لە وڵات وەفاتی کردووە، ئەوەشی لە نامەیەکی عەباس خوێندبووەوە، کە بۆی ناردبوومە دیمەشق، بە ڕێککەوت نامەکەی خوێندبووەوە، یان دڵی خەبەری دابوو، دایکی مردووە.

***

١٩٨٢/٧/١٠

تەلەفۆنم بۆ دلێری سەید مەجید کرد، کە لە کوردستان هاتبووە تاران، گوتی:

"دەســـتگیرانەکەی جەبار" داخوازی کراوەتەوە، ئەو جارە "نەسرین" لە نێواندا هاتوچۆیەتی.

منیش ڕەئی خۆم بۆ دلێر دووپات کردەوە، کە موافق نیم لەسەر ئەو خزمایەتییە.

تەلەفۆنم لەگەڵ عومەر دەبابە و هۆمەر کرد.

***

١٩٨٢/٧/١٢

ئیمڕۆ لە ڕێگەی سەید ڕەسوولّ بروسکەیەکم بۆ مام نارد:

١- لەم ڕۆژانە دوو و نیو وەردەگرم "دوو ملیۆن و نیو دۆلار".

٢- مەڕی مردار بەسەر ئێمە ساغ نەبێتەوە. نە ئەو بۆ ئێمە، نە ئێمە بۆ ئەو هیچمان پێ ناکرێ.

٣- شـــوێنی پیرۆت لە زەبروزەنـــگ دووڕە، بـــا نەبێتە کەواسووری بەر لەشکر.

٤- دەرفەتە لە ناوچەی ئازادکراو و چەند شارێکیش ئیعلانی شتێ بکرێت بە ناوی حدع یان جوقد.

٥- دیسانەوە دەرفەتە بۆ مەسەلەکە، گەر "وانێک- قاسملوو" واز لە خۆپەرستی بهێنێت.

سەید ڕەسوولّ گوتی: سبەی بروسکەکە دەگات.

***

١٩٨٢/٧/١٤

ڕاگەیاندکاران بلاّویان کردەوە، ئێرانییەکان لە لای بەسرەوە هێرشیان بردۆتە سەر عێراق، ناوی هەڵمەتەکەیان ناوە "ڕەمەزان".

بەپێی ئەم دەنگوباسانە، خەتی دیفاعی یەکەم لە عێراق شکاوە.

نامەی مامم بە دەست گەیشت، کە لە ڕۆژی ١٩٨٢/٦/٦ ناردبووی.

***

١٩٨٢/٧/١٦

شەو لەگەڵ عومەر دەبابە و عومەر شێخموس قسەم کرد، باسی کۆبوونەوەکانی "اکسا" و کۆمەڵەکانی ترمان کرد، دیار بوو لە هەڵوێستی "زەردەشت"، نوێنەری سامی عەبدولڕەحمان ناڕەحەت بوو.

گوتیان قسە لەگەڵ سامی بکە.

***

١٩٨٢/٧/١٧

دوای نیوەڕۆ "علي التريكي" هاتە لامان لە هوتێل، من و سامی عەبدولڕەحمان لەگەڵی دانیشتین.

بە نیسبەت یارمەتییەکەمان گوتی:

بە تەواوی جێبەجێ کراوە.

دوایی هاتینە سەر وەزعی سیاسی، بۆچوونەکانی ئەلتریکی:

ا- هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێرانییەکان ئاسان نییە، پیاو دڵنیا نابێت ئەگەر سەدامیان ڕووخاند، لەناو عێراق دەکشێنەوە، یان نا.

ب- بە نیسبەت دەستوەردانی تورکیا ئەوەیان ئیحتیمالێکە. دەستوەردانی میسر مومکینە، کەنداو ئیمکانیاتی ئەوەیان نییە، بەڵام ئەگەر ئێران دەستدرێژی بکات، ئەمریکا یەکسەر تەدەخول دەکات... ئوردن زەحمەتە بتوانێ تەدەخول بکات بۆ بەرژەوەندیی سەدام، گەرچی ڕووخانی سەدام، واتە ڕووخانی مەلیک حوسێن. سووریا ناتوانێ هیچ بکات، کاتی خۆی عەبدولحەلیم خەدام هەندێ قسەی وای کرد، بەڵام چی پێ ناکرێت. بەس ئەگەر بۆ بەرژەوەندیی جوقد تەدەخول بکات، لەو ڕێگایەوە مومکینە.

سامی گوتی:

ئێمە دژی پەیوەندیی ئێوە و ئێران نین، بەڵام بۆ ئەو پەیوەندییە پێویستیتان بە هەندێ سازش هەیە، جا ئێمە لە بیر مەکەن.

منیش گوتم: گەر دەستوەردان کرا لە لایەنی تر بێجگە لە ئێران، ئێران بەرەو پێشکەوتن دەڕوات... گەر ئیعلانی حکوومەتێکی عێراقی بکەین، لەسەر خاکی ئازادکراودا، ڕەئیتان چییە؟

لە وەڵامدا عەلی ئەلتریکی، گوتی:

ئیمشـــەو قائید دەبینم، ئەم مەســـەلەیەی لەگەڵ باس دەکەم، مەسەلەکە گرنگە.

***

١٩٨٢/٧/١٩

من و ســامی، عەقید عەبدوڵڵا و یوســف ئەحمەدمان بینی، کە ســـەرۆکی کۆمیتەی تەنفیزی جەبهەی دیموکراتی ڕزگاری نیشتمانی سۆماڵە.

باسی وەزعی خۆمان بۆ کرد، ئەویش باسی وەزعی سۆماڵی بۆ کردین و گوتی:

دە هەزار جەنگاوەرمان هەیە، شـــەش پارێزگا لەبەردەســـتی خۆمانە، ٣٠٠ کم لە مەقادیشـــۆوە دوورین، تانک و تۆپمان هەیە، بیســـت و پێنج دەبابەمان لە شـــەڕ لەگەڵ حکوومەت، گرتووە. چاوەنوارین لە دوو ســـێ مانگی داهاتوودا ڕژێم بڕووخێنین، بەڵام ترسمان هەیە میسر تەدەخول بکات، سوپاش بۆ ســـۆماڵ بنێرێت، ئەو کات ئەســـیوپیا و هی تریش ڕەنگە تەدەخول بکەن. لەم تەدەخولانە ئەو کـات ڕۆڵی ئێمە لاواز دەبێت.

تەلەفۆنم بۆ دلێر کرد، گوتی:

کوێخا "باڵیۆزی ســـووریا لە تاران، لیوا ئیبراهیم یونس" بە نیسبەت عەبدلڕەزاق فەیلی نائومێد بووە.

ئیرانییەکان گوتیان موافقین هێرۆ خانیش بێرەدا سەفەر بکات

بۆ دەرەوە. وا دیارە مەوقیفی ئێرانییەکان تونـدتر دەبێـت لە بەرامبەرمان.

***

١٩٨٢/٧/٢٠

دوو چەکی پـارەم لەژێر هەردوو رەقمی ٨٩٢٨٧٨/٢٢ و ١٦٨٤٦٩٢/٨٨ وەرگرت.

***

١٩٨٢/٧/٢١

ئیمرۆ یەکەم رۆژی جەژنی رەمەزان بوو، ویستم سەفەر بکەم بە فڕۆکەی سووری بۆ دیمەشق، جێگام دەست نەکەوت، قسەم لەگەڵ باڵیۆزی سووری کرد لە تەڕابلوس، گوتی:

فڕۆکەی دووەم هەیە، وا دەکەم لەوێ شـــوێنت بۆ حیجز بکرێت. گوتیشی بە بۆنەی جەژنەوە ئیمرۆ سێ گەشت هەیە.

لە فڕۆکەی دووەم جێگام بۆ داندرا بۆ دیمەشق.

***

١٩٨٢/٧/٢٤

"فوزي الراوي" هـاتە لام لە مـاڵەوە، بـاســـی کۆبوونەوەی جوقدی کرد، ڕێک کەوتین دووشـەممەی داهاتوو ١٩٨٢/٧/٢٦ سەعات ٦ی ئێوارە کۆ ببینەوە.

شـــەو چوومە لای حـازم "عبـدالجبـار الکبیســـي"، دوای

موجامەلە، هەندێ قسەی گشتی، گوتی:

ئەم بەیانە هاوبەشەی ئێوە و حیزبی شیوعی چییە؟ ئێمە ئەوە بە خەنجەرێک دادەنێین لە پشتی ئێمەتان داوە.

کەوتە قسە، ئەمە قسەکانی بوو:

١- برادەرانتان بە ئیســـرارەوە داوایان دەکرد، دەبێ بایکۆتی حیزبی شـــیوعی عێراقی بکرێت، تەنانەت دەعوەتیان قبوول نەکرێ، بەڵکوو ســـەلامیشـــیان لێ نەکرێت، کەچی ئەوا بەیانی هاوبەشیان لەگەڵ دەردەکەن.

٢ـــ حیزبی شیوعی عێراقی هەموو هێرشی بۆ سەر جوقد لە ڕووی سیاسییەوە بۆ سەر ئێمە بووە. سەرۆکی ئێرە "الاسد" ٤٥ دەقیقە قســـەی لەگەڵ کردم، بۆ قبووڵکردنی دیداری حیزبی شیوعی و نزیکبوونەوە لە قیادە موەقەتە، دوای ئەو ٤٥ دەقیقەیە گوتم: نەخێر!

چۆن من وا بەجێ دەهێڵن بەتەنیا، ڕاستە فشاری عەسکەریتان لەسەر بووە، بەڵام فشاری سیاسی زۆر لەسەر ئێمەش بووە.

٣. ئێستاش با بەیانێک دەرچێت، بەیانی پێشوو هەڵوەشێنێتەوە. یان ئەوەتا ئێمەش ئازاد دەبین، بڕوا بکە سبەی کوڕانی بارزانی یەکیان بێتە لام، منیش ئیتفاقیان لەگەڵدا دەکەم.

٤ـ عیلاقەمان لە چوارچێوەی جوقد دەمێنی وەک لایەنەکانی تر، بەڵام تایبەتمەندیی پەیوەندییەکانی نێوانمان نامێنێت، بە تایبەت کە "میثاق" لە نێوان هەردووڵامانداهەیە.

***

١٩٨٢/٧/٢٥

"عبدالله الركابي"یم دی، له قسەکانی وا دیار بوو خەریکی پەیوەندییە بۆ هێنانی هەندێ کەس له عێراقەوە، لەگەڵ خۆیان بیانبات بۆ لای "عیدالسلام جلود".

***

١٩٨٢/٧/٢٦

ئەمشەو کۆبوونەوەی جوقد هەبوو. ئەبووعرووبە "مبدر الویس" سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکەی کرد.

ئەبووشەوقی "جواد الدش" گوتی باسی وەزع له عێراق بکەین، "فوزي الربيعي" گوتی: باسی بێئیلتیزامیی قیادەی مەیدانی بە قیادەی سیاسییش بکەین، کە د. فؤاد دەتوانی مەسەلەکان ڕوون بکاتەوە. لەم ڕووەوە چ مەعلوومات‌ێکی پێیە بۆمانی باس بکات.

ئەبووشەوقی گوتی: زانیارییەکانی لای د. فؤاد ئەمە خاڵێک بێت.

ئەبووشەوقی لەسەر خاڵی یەکەم قسەی کرد، بە گشتی باری سیاسی بوو.

فەوزی ئەلڕاوی پێشنیاری کرد، پێویستە یاداشت‌ێک دەربارەی هەڵوێستمان بدەینە هێزە سیاسییەکان.

عەبدولجەباریش گوتی: من لەگەڵ یاداشتەکەم، بەڵام بەیانێکیش هەبێت، ئینجا تەرکیزی کردە سەر ئێران، گوتی:

مەبەستی ئێران نەوتی بەسرەیە.

نۆرەی قسەی من هات، گوتم:

من لەگەڵ قسەکانی ئەبووشەوقی و فەوزی ڕاوی و حازمم، بەڵام هەندێ شتی عەمەلی هەیە، پێویستە ئێمە باسی بکەین.

شەڕی پێشمەرگە لە دژی ڕژێم، تەنیا شەڕی ئیستینزافە، ئەمەش ئێران سوودی لێ وەردەگرێت، پێویستە هەڵوێستمان بەرامبەر ئێران دەربببڕین، چونکە لەژێر داگیرکردنی وڵاتان، هەموو ئاسانکارییەک بۆ داگیرکەر قبووڵ نییە.

ئەبووشەوقی خێرا خۆی پێ نەگیرا گوتی: یەعنی چی؟! قسەکەت موتڵەقە.

منیش گوتم: ئەبووشەوقی ئێمە لەژێر دروشمی ڕووخانی ڕژێم کۆ بووینەتەوە، با لەیەکتر لە سەنگەر نەبین.

من دەڵێم سەبەی ئێران هێرش بێنێتە سەر کوردستان، پێشمەرگە بچێتە لای ئێرانییەکان، وەک قیادەی موەقەتە، بەشدار بێت، بۆ ئەوەی ئێران وڵاتمان داگیر بکات، یا ناوچەکان بەجێ بهێڵین، بڵێین "علي وعلى اعدائي"، یان شەڕی داگیرکار بکات؟

گەر شەڕی داگیرکەری کرد، حاڵەتێکی ئاڵۆز و نامەفهووم دروست دەبێت، بە تایبەتی لە دەرەوە. ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە.

فەوزی ڕاوی پشتگیری قسەکانی کردم، هەروەها حازمیش.

موناقەشەکە زۆری برد لە کۆتاییدا گەیشتینە بڕیارێکی مەبدەئی:

مقاوەمەی داگیرکەر لە ناوچەی سـۆران "بەرانبەر بادینان" لەپێش شـەڕی جەیشـە، نابێ لە جەیش بدرێت، کە دەیەوێ شـەڕی ئێران بکات بۆ دەرکردنی لە خاکی عێراق، بەڵام نەک لە ژێر ئاڵای ڕژێم. بەڵکوو ئەو کات زیاتر ئەمە سۆزی جەیش بەلامانەوە دەهێنێت.

بڕیار درا لێدوانێک بە ناوی سەرکردایەتیی سیاسی دەربچێت "عەقڵانی و ڕزین"، داگیرکردنی خاکی عێراق شـەرمەزار بکات، هەروەکوو بڕیار درا کە لە سـەفەرەکەم لە سـویسـڕا گەڕامەوە یاداشـتێک بنووسـم، بە ناوی قیادەی سـیاسـیی جوقد بۆ حیزبە سـیاسـییەکان، دەربارەی هەڵوێسـت و پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئێران.

***

١٩٨٢/٧/٢٧

چوومە لای ئەبووجەنگۆ، حەمید دەرویشی لە لا بوو. لەگەڵ حەمید ڕێک کەوتین ئێوارە ئەو و کمال بورقای "سـکرتێری حیزبی سـوسـیالیسـتی کوردسـتانی تورکیا" و من، هەرسـێکمان وەک لیژنەی تەنسیق دانیشین.

باسـی کۆبوونەوەیەکی کوردسـتانمان کرد، من گوتم بێجگە لە قیـادە موەقەتە هەموو حیزبەکـان تێیـدا بەشـدار بن، لەوانە حیزبی سـوسـیالیسـتی کوردسـتان "عێراق"، مانعمان نییە گەر د. مەحموود نوێنەریان بێت.

بورقای موعارز بوو بۆ بەشداری ئاپۆچییەکان، گوتیشیٚ ئێستا هەڤاڵبەندییەکەمان فراوان بووە، بووە بە پێنج حیزب، ڕەئی چواری دیکەش وەردەگرم. ئەو کات ئاگادارتان دەکەمەوە.

بۆ کۆبوونەوەیەکی تر، دوای ئەم کۆبوونەوەیە، بە ئامادەبوونی هەرسێ لامان. مەفرووز بوو کۆبوونەوەکە لای ئەبووجەنگۆ بێت، گوتی: "فەخری" لە لوبنانە هێشتا نەهاتووە.

نامەی مام جەلال گەیشت کە لە ١٩٨٢/٧/٤ نووسیبووی.

***

١٩٨٢/٧/٢٨

لە دیمەشقەوە بە خەتی پاکستانی بە ڕێ کەوتم بۆ ڕۆما، لە ئەسینا مامەوە، لەوێشەوە بە خەتی ئیتاڵی چوومە زیوریخ/سویسرا، عومەر شێخموس لە فڕۆکەخانە چاوەنواڕم بوو.

***

١٩٨٢/٧/٢٩

بەیانییەکەی چووینە ئەو بانکەی، کە پارەکەمانی لە لیبیاوە بۆ تەحویل کرابوو، گوتیان: ئەمە دوو ڕۆژێکی دەوێت بۆ تەئکیدکردن لە پاسپۆرتەکەی من.

- وەرگرتنی ٢،٥ ملیۆن دۆلارەکەی لیبیا لە سویسرا.

***

١٩٨٤/٧/٣٠

لەگەڵ شێخموووس چووینە ژنێف، یەکسەر چووینە "مجلس کنائس" کە غەسان "لوبنانی"، مەوعیدمان لەگەڵی هەبوو، وای نیشان دا هەوڵ دەدا یارمەتیمان بدات، بەڵام قسەکانی ئیستیخباراتی بوون، لە کوێ ئەو دوو موستەشفا مەیدانییەتان پێ دەوێ؟! بۆ کوێی دەبەن؟! چۆنیان دەبەن؟!

لەگەڵ هۆمەر ڕێک کەوتین جارێ لێیان دوور کەوینەوە، بە تایبەتی ئەڵمانەکان تەئکیدیان دەکردەوە، دەبێ مەسەلەکان زۆر نهێنی بن.

لە ژنێف گەڕاینەوە زیوریخ، لە ڕێگا لە لۆزان دابەزین، کە مەوعیدمان لەگەڵ صارم خان هەبوو "کەسایەتیی کوردی ئێران". دوایی د. نورالدین زازامان دی. صارم خان پیاوێکی زیرەک بوو، ڕەدفیعلێکی تۆندی بەرامبەر مارکسییەت و چەپ هەبوو.

***

١٩٨٢/٧/٣١

عومەر شێخموووس چووە بەرلین.

نیوەڕۆ سامی عەبدولڕەحمان هاتە لام، دوو ڕۆژ بوو لە زیوریخ بوو.

ئەو لە قسەکانیدا باسی ئەکسا و کۆنگرەی خوێندکارانی کرد. گوتی:

برادەرانمان بڕیاریان داوە کۆنگرەی خۆیان لە ١٩٨٢/٨/١١ لە بەرلین ببەستن.

گوتیشی: ئێمە و کوک و هێزێکی کوردی سووریا پەنگە پەکەکەشمان لەگەڵ بێت. "وا دیارە سەلاّح بەدرەدینیشیان لەگەڵە".

باسی ئەوە کرا هەردوولا وەفد بۆ لای یەکتر بنێرن، گوتی:

خۆشم نامەیەک بۆ ئەکسا دەنێرم، لە لایەن ئێمەشەوە کەموکوڕی هەبووە، بەلاّم برادەرانی ئێوەش، دەبووایە زیاتر هەوڵیان دابووایە.

***

١٩٨٢/٨/٨

شەو حازم هاتە لام، پوختەی قسەکانی ئەمانە بوون:

- گەر هاتوو ئێران خاکی عێراقیش داگیر بکات، لە قیادەی قەومی بڕیاری تازە نییە. قسەی ئەبووجیهاد "عبدالله الاحمر" هەڵوێستی حکوومەتی سووریایە. نەک هەڵوێستی قیادەی حیزبی بەعس.

کە هاتینە سەر عیلاقاتی دووقۆڵیی خۆمان، گوتی:

تایبەتمەندی لە پەیوەندیی نێوانماندا هەبوو، بەلاّم دوای دەرکردنی بەیانی هاوبەش لەگەڵ حشع، ئەو تایبەتمەندییەی هەڵگرت، کە لە ولاّت بووم، مام جەلال خۆی نووسینەکانی حیزبی شیوعی عێراقیی پێ دابووم، هێرش دەبەنە سەرمان وەک

کەســـایەتی، چۆن عیلاقەیان لەگەڵ باش دەکات، دوای ئەوەی داوای تۆندڕەوی دەکرد.

ئێمە وەک عێراقی شـارسـتان نین، میسـالی تەماشـای شـت بکەین، تا تۆڵەی خۆمان نەکەینەوە، دڵمان ئاو ناخواتەوە. سبەی کوڕەکانی بارزانی هەر کامێکیان بێنە دیمەشـق، دەچمە لایان و ئیتیفاقیشـــیان لەگەڵ ئیمزا دەکەم. جا عیلاقەی ئێمە لەگەڵ ئێوە هاوپەیمانییە، بەڵام وەک لایەنەکانی تر، خسووسییەت نەما. ئێمە یەکێتییمـان بە خەیمەیەکی گەورەی جوولانەوەی نیشـــتمـانی دادەنا، کە خۆمان لەژێرییەوە ببینینەوە، بەڵام ئێستا دەرکەوت، وا نییە تەنیا ڕەشمالّی خۆیەتی.

ئێمە بـایەخ بە جوقـد نـادەین، چونکە نـاتوانی هیچ بکـات، تەنیا ئیشوکاری پڕوپاگەندەیی نەبێت، لێتان ناشارمەوە چاوەنواڕی ئەوە نیمە، بە بەڕەکە حوکم بڕووخێنین، ئێمە لە فورســـەت دەگەڕێین، لەناکاو بتوانین دەســتی خۆمان بوەشـێنین. ئەو کات مەسەلەکە هێزە. هەر بڕوام بە هەڤاڵبەندی نییە، هەروەک کەسی تریش بڕوای پێی نییە. ئەم قسەیەی کرد کە:

داوام کرد هەندێ ئاســـانکارییمان بۆ کوردەکانی تورکیا، وەک پســـوولەی هاتوچۆ و مانەوە و ئیقامەمان بۆ بکەن. ئەو گوتی:

ئێمە نایکەین، خسووسییەتی نێوانمان نەماوە.

بە عەبدولجەبارم گوت: گەر وا بزانی ئەم بەیانە هاوبەشـە لە دژی تۆ کراوە، زۆر هەڵەی، کەس لەناو یەکێتی وا بیر ناکاتەوە،

زەبریکت پێ بکەوێت. گوتی:

من قەناعەتم وایە، ڕەنگە ئەوەیان هەر بە خەیاڵدا نەهاتبێت، بەڵام ئەوە دەرئەنجامەکەیە.

دوایی پێم گوت:

مەسەلەی عیلاقاتمان لەگەڵ ئێوە تایبەتی نییە، لەسەر ئەوە نییە تۆ لە مەکتەبی کاروباری عێراقی، بەڵکوو لەسەر ئەساسێکی واقیعی و مەوزووعییە.

***

١٩٨٢/٨/٢١

سەعات ١٠ی بەیانی ڤیزای ئەڵمانیام وەرگرت. خۆم و ڕووناک "خێزانم" یەکسەر چووینە فڕۆکەخانە، جێگاکانمان گیرابوون، چونکە درەنگ چووبووین. ئێمەیان بردە نمرە یەک. فڕۆکەکە چوو بۆ میونش. بۆ ئەوەی لەوێ بە فڕۆکەیەکی دی بچینە فرانکفۆرت، دەستم نەکەوت. دیم ئەوا عەونی قەڵەمچی ئەویش لەسەر هەمان فڕۆکە حیجزی کردووە، کە بە ناوی جوقد بەشداریی کۆنگرەی خوێندکارانی کوردستان بکات.

د. کەمال لە فڕۆکەخانە چاوەنوارمان بوو، بەرەو شوێنی کۆنگرە ڕۆیشتین، لەبەر دەرگا عومەر شێخمووسمان دی، گوتی:

لە هوتێلەکە دەرکراین، چونکە هەندێ لە برادەرانمان لەگەڵ

چەند فەڵەستینییەک شەڕیان کردووە کە بە عێراقییان زانیبون، شەو کۆنگرەمان بردە بارەگای کۆمکار.

***

١٩٨٢/٨/١٧

کەمال فوئاد تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی:

خولە "شێخ مەحموود سەرگەڵویی" تەلەفۆنی کردووە، ئەم خاڵانەی پێ ڕاگەیاندم کە ڕاسپاردەی مام جەلالن:

١- باوکی دەستگیرانەکە موافەقەتی کردووە، بەڵام جەبار = یەکێتی پەشیمان بووەتەوە.

٢- ڕەسوڵ "ڕەسوڵ مامەند" خەریکی مفاوەزاتە، تایەری عەلی والی بۆ ئەم مەسەلەیە چۆتە بەغدا.

٣- زۆر بە تۆندی دژی "مف" مفاوەزات بوەستن.

٤- لەگەڵ فاتیح "حیزبی شیوعی عێراقی" بەم جۆرەیە، کە خۆمان دەمانەوێ.

٥- لەگەڵ فاتیح "حیزبی شیوعی عێراق " بۆ توانا "عبدالجبار الکبیسي" باشە.

٦- برادەرانی توانا "بەعسییە چەپەکانی سووریا" لە بەیانەکە ڕازین.

٧- لەگەڵ حەمەدۆک "مالّی بارزانی" خەریکین بۆ جێبەجێکردنی شتەکانی خۆمان.

٨- ئەگەری ناکۆکی هەیە لە نێوان شـێرۆ "حافظ الاسـد" و توانا هەیە، خۆتان دوور بخەنەوە لە ناکۆکییەکە، هەوڵدەن لەگەڵ هەردووڵا عیلاقەتان باش بێت.

٩- گفتوگۆ لەگەڵ پاسۆک هەیە لەسەر داوای خۆیان.

١٠- رێگای دکتۆر و نەسـرین زۆر باشـە "مەبەسـت حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە".

١١- عیلاقەمان باشـە لەگەڵ حیزبی شـیوعیی عێراق، حیزبی سـۆسـیالیسـتی کوردسـتان، پاسـوک، مالّی حەمەدۆک... لەگەڵ وەفامان بۆ جوقد.

١٢- تکایە پەلە بکەن بۆ ناردنی کتێبەکان "پارە، کە لیبیا پێی داوین".

١٣- نامەیەکی مام بۆ شیرۆ "حافظ الاسد" تەسلیم بە کوێخا کرا "باڵێوزی سووریا لە تاران".

ئیمرۆ لە فرانکفۆرتەوە تەلەفۆنمـان بۆ بـانکەکە کردەوە، گوتیان: حازرە، زۆر دڵخۆش بووین.

دوای نیوەڕۆ یەکسەر من و ڕووناکی خێزانم چووین، هۆمەر "عومەر شێخموس" پێش ئێمە گەیشتبوو.

***

١٩٨٢/٧/١٨

ئیشەکەمان جێبەجی بوو، دوای نیوەڕۆ هۆمەر بۆ فرانکفۆرت

بە ڕێ کەوت، لەوێشەوە بەرەو بەرلین، کە هەندێ پارەی لەگەڵ خۆی برد، لە ڕێگای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بگاتە دەست برادەران.

تەلەفۆنم لەگەڵ موحەمەدی برام و دایکم کرد، زۆر دڵخۆش بووم، لەگەڵ نیزامەدین عەبدولحەمیدیش کە میوانیان بوو.

***

١٩٨٢/٨/١٩

ئیمڕۆ د. کەمال فوئاد لە بەرلینەوە هاتە لامان، لەگەڵ ڕووناک بە شەمەندەفەر چووینە ژنێف، ئێوارە گەڕاینەوە زیوریخ.

***

١٩٨٢/٨/٢٠

سەعات ٣ی دوای نیوەڕۆ نیو ملیۆن دۆلارم وەرگرت. چاوەنواڕم تا ڕۆژی دووشەممە بەیانی بە فڕۆکە یەکسەر بەرەو دیمەشق بڕۆمەوە.

***

١٩٨٢/٨/٢٨

"سامی عەبدولڕەحمان"م دی، پوختەی قسەکانی:

١- من هیچ گومانم نییە ڕێککەوتنی ئێوە لەگەڵ پارتی لە دژی ئێمە بێت، بەڵام ئایا بەرامبەر هەڕەشەی ئەوان، ئێوە ڕەئیتان چییە؟

٢- ئێوە ڕۆڵێکی گرنگتان لە جوقدا هەبووە، چ بۆ دروستکردنی، چ بۆ بەردەوامی، زۆر تەنازولتان لە مافی خۆتان کردووە بۆ جوقد، بەڵام ئێستا جوقد بەرەو لاوازی دەڕوات، کە یەکێک لە هۆکارەکانی بەیانی ئێوە بووە لەگەڵ حشع و ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی، هۆکارەکەشی ئەو لێدوانەی دوایی بوو، کە بە ناوی جوقد بڵاو کرایەوە. جا من حەز دەکەم مام جەلال شتێکی وەها بکات، ئەو وەزعەی جوقد بەرەو جۆشوخرۆشی بباتەوە.

منیش پێم گوت:

بە نیسبەت خاڵی یەکەم؛ ئەم ڕێککەوتنەی ئێمە لەگەڵ پارتی، نە لە دژی ئێوە، نە لە دژی هیچ هێزێکی عێراقیی موعارەزە نییە.

ئێمە مەبدەئییەن دژی ڕێگاگرتنین، لە هەر هێزێک بیەوێ خەبات لە دژی ڕژێم بکات. ئەگەر لەناو جوقد مەسەلەکەت باس کرد، ئێمە پشتگیریت لێ دەکەین، لە ئەدەبیاتی خۆمان کەمتر لەوە نانووسین، کە تۆ نووسیت لە کاتی ناکۆکی و شەڕی حدکا و حدک.

دووەم: بە نیسبەت ئیتفاق لەگەڵ پارتی، بڕیاری جوقد هەیە، بەڵام مەسەلەی ئێستا بەیانی هاوبەشە لەگەڵ حشع، کە ئێمە ئەمە لە بەرژەوەندیی جوقد دادەنێین.

گوتی:

باسی جوقد کراوە، ڕاستە باسی جودیش کراوە، بەڵام ئەگەر بگوترێ هەردووک بین بە یەک.

گوتم: ئەمە پێشنیاری حیزبی شیوعیی عێراقی بوو، ئێمە موافق نەبووین.

***

عەبدوڵڵا ئۆجەلان

١٩٨٢/٩/٣٠

لەگەڵ دارۆ، ئاپۆ "عەبدوڵڵا ئۆجەلان"مان دی، باسی هاوکاریی نێوان هەردووکمان کرد، گوتی:

ئێمە چەند برادەرێکتان لەگەڵ دەنێرین، هەر ژمارەیەک بتانەوێ، بەڵام حەز دەکەین بە تەفاهووم لەگەڵ پارتی بێت، ئەگەر ئەمە نەبوو، ئێمە لەگەڵ خۆمان دەیانبەین بۆ ئەودیو، هەر جارەی چەند پێشمەرگەیەک. دەبێ دڵنیابین لە ڕێگا، هەندێ برادەر چوونەتە ئەودیو، دەبێ چاوەنواڕ بین، بە دووروودرێژی ئاگادارمان بکەنەوە.

گوتی دوای ئاشبەتاڵی فەڵەستینییەکان، دەبێ تەرکیز بکەینە سەر کوردستانی عێراق، کە ئەساسە، ئێمە حەز بە هەموو هاوکارییەک دەکەین لەگەڵتاندا.

دوایی هاتە سەر بەرەی کوردستانی و گلەیی لە کەمال بۆرقای و جەماعەتەکەی کرد، کە زۆر لە مەسەلەکان بە شەخسی وەردەگرن. مانعمان نیە، بۆیان بنووسین ئێوە ولاتپارێزن، گەر ئەمەیان لا گرنگە.

لەگەڵ ئاپۆ وا ڕێک کەوتین، ئەو لە لای خۆیەوە، ئێمەش لە لای خۆمانەوە، بۆ ئەوەی بتوانین مانگی ئەیلوولی داهاتوو، مەفرەزەیەکمان بچێ بۆ بادینان، ئێمە لەم ماوەیە، قســـە لەگەڵ حیزبی شـــیوعی و پارتی بکەین، کە دیمان هەڵوێســـتی پارتی ئیجابییە، ئاپۆش ئاگاداریان بکاتەوە، کە لەگەڵ ئێمە هاوکاریان دەکەن.

ئێوارە برووسکەیەکمان لە مام جەلالەوە بۆ هاتووە، دەڵێ:

لە ســایەی جەنابتانەوە ئەوا بۆ ســێ مانگ دەچێت ئازووقەی پێشـــمەرگە نادرێت، زۆر ناڕەزاییمان لە د. فؤاد هەیە، لەســـەر ئەوەی پارەکەی هێناوەتە لای خۆی لە شـــام، لە جیاتیی ئەوەی بۆمانی بنێرێت.

داوا دەکەین دوا فلس بنێرن بۆمـان، هیچ دۆلارێـک لای خۆتان گل مەدەنەوە، نەناردنی بە خواردنی حیساب دەکەین!

***

١٩٨٢/٩/١

لەگەڵ دارۆ دانیشـــتم، دوا ئەوەی دوای ئەوەی ڕد فیعلی برووسکەکە تووڕەییم نیشتەوە پێم گوت:

برووسکەیەک بۆ برادەران بنێرە، کە پارەکە چەندی ناردراوە و چەنـدی لای منە و چەنـدیش لە ئەوروپـایە و خەریکین بینێرین، کە ڕێگامـان دۆزییەوە بۆ نـاردنی. هەروەهـا نـاڕەزایی شێوەی برووسکەکەش دەکەم. ئەمە کوردستان نییە لە گوندێک

پارەی وەها بۆ گوندێکی تر ببەیت!

***

١٩٨٢/٩/١٥

دلێری ســـەید مەجید لە تارانەوە تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی: ئەمە ڕاسپاردەی برادەرانە:

١- ٤٠٠ هەزار دۆلار گەیشتووە.

٢- ڕادیۆیەکمان بۆ پەیدا بکەن، ئێستگەکە.

٣- لە شام یان تەڕابلوس جیهازێک دانێن بۆ پەیوەندییەکان.

٤- هەوڵی نەخۆشخانەی مەیدانی بدەن.

٥- ئۆفسێتێکمان دەوێت.

٦- زەمالەکان چیان بەسەر هات؟

٧- ئایا لە لیبیا خەڵکمان بۆ وەردەگرێت بۆ کولییەی عەسکەری.

***

کە لە کۆنفرانسم پرسی، دلێر گوتی:

زۆر باش بوو، دەرچووەکان ئەوانەی پێشوو و عەلی بچکۆل و مامۆستا جمال.

هەروەها گوتی: مولازم فوئاد ٢٥ ڕۆژە بە ڕێ کەوتووە، وەجبەی دووەمیش دە ڕۆژە.

ئێوارە برووسکەیەک هات لە برادەرانەوە، دەڵێ:

ئەو بەلاغەی لە کۆبوونەوە کوردستانییەکە بە ڕێوە چووە زۆر کرچوکاڵە، کۆبوونەوە کوردستانییەکە لە ولاتەوە دەبێت، ئێوە وازی لێ بهێنن، بێ پرسی ئێمە لەم ڕووەوە هیچ مەکەن.

جارێ لە دیمەشق هیچ بەلاغێکی لەم جۆرە دەرنەچووە، لە بەرلین د. کەمال فوئاد لە کۆبوونەوەکە بوو لەسەر ڕەئی ولاتا

برووسکەی سەیر لە ولاتەوە دێ... هەمووی ئینفیعالاتە.

***

١٩٨٢/٩/٢١

١٥٠ هەزار دۆلارم لەگەڵ نامەیەک نارده ولات.

***

١٩٨٢/٩/٢٣

من و "فوزی الراوي و عوني قلمچي و فوزی الربیعي" چووینە لای "احمد جبریل"، زۆر بە کراوەیی قسەی کرد:

١- ڕەخنەی زۆری لە ڕەفتاری مقاوەمە هەبوو.

٢- هێرشی زۆری بردە سەر عەرفات و فەتح و گوتی: تەنسیقی تەواو لە نێوان عەرفات و کۆنەپەرستی عەرەبی هەیە.

٣- هەندێ ڕەخنەی لە سووریا هەبوو.

٤- گوتی، گەیشـــتووینەتە قۆناغێک، دەبێ مقاوەمە ببێت بە دوو مقاوەمە.

***

١٩٨٢/٩/٢٦

ئێوارە بروسکەیەکی برادەران هات، دەڵێ:

ناردنی پارە لە ڕێگای دکتۆر و نەسرین باشە.

بەلاغی کوردســـتانییەکەمـان لە حیزبی شـــیوعی عێراق وەرگیراوە، کە لە ١٩٨٢/٨/٥ دەرچووە.

ـــ بە نیسبەت هۆمەر موافق نین، لە مەکتەبی بەرەی جوقد لە لەندەن، لە وڵات ئیشـــیان پێی هەیە. کاکمـان عومەر دەبابە تەرشیح کەن.

بۆ بەرپرســـی مەکتەبەکەی لەندەن پارەکەشـــمان هەموو بۆ بنێرن.

***

١٩٨٢/١٠/١٢

لەگەڵ دارۆ چووینە لای حازم "عبدالجبار الکبیســي"، دوای هەندێ موجامەلە داوای پاســـپۆرتێکمـان لێ کرد بۆ فـاتیح کەریم، گوتی: نـایکەم هەر کەس لە بەرژەوەنـدیی خۆی دەگەڕێت، لێرە بەدواوەش من وا هەڵسوکەوت دەکەم.

***

١٩٨٢/١٠/٧

"فوزی الراوي"یم دی، باسی هەڵوێستی "عبدالجبار"م بۆ کرد، لێم پرسی: ئایا ئەم تەسەرپۆفە شەخسی خۆیەتی، یان بڕیاری مەکتەبی کاروباری عێراقە، یان بڕیاری قیادەی قوتریی عێراقە؟ گوتی شەخسییە، ئێمە بڕوامان بە گفتوگۆ هەیە، نەک ئەم شێوازە.

ئەمانەتی گشتی کۆنگرەی گەلی عەرەب لە شام کۆ بوونەوە. من سەرۆکی وەفدی جوقد بووم. ئەندامەکانیش ئەبووسەڵاح و عەلی سنجاری بوون.

لە کۆبوونەوەی ئێوارە هەندێ مودا‌خەلەم کرد.

***

هەڤاڵانی بەڕێز لە یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانی نەبەز سەڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

لەدایکبوونی یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانمان، بێگومان ڕووداوێکی گرنگی ڕەوشەنە لە ڕێگای خەباتی گەلەکەمان، کە ماوەیەک خەباتی بۆ دەکرا و جەماوەریش بە پەرۆشەوە چاوەنواڕی لەدایکبوونی بوو.

من وەک ئەندامێک لەم یەکیەتییەدا، کە لە زۆر موناقەشە و لێدوان بۆ دروستبوونی بەشدار بوومە، لەگەڵ هەڤاڵان چ لە خەتی گشتی و چ لە بزووتنەوە... هومێدەوارم کە شانبەشانی

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، گونجاو لەگەڵ یەک... یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان بپارێزن وەک ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی کوردستاندا و پەیوەندیی پتەوی نێوان هەردوولا لەناو چوارچێوەی یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان و ببێتە نموونە بۆ هەموو ڕێکخراو و پارتەکانی کوردستان کە بە داخەوە ئەمڕۆ جوودابوونەوە و لێکدابڕان بۆتە زاهیرەیەکی ئاشکرا و تا ڕادەیێ جەماوەری سارد کردۆتەوە و دۆستانی میللەتەکەمانی ناهۆمێد کردووە.

دڵنیام بە هۆی دڵسۆزیی هەڤاڵان ئەم ڕێکخراوە کۆرپەیەمان ئەبێتە یەکێ لە کۆڵەگە ئەساسییەکانی خەباتی میللەتەکەمان لە پێناوی مافی چارەنووسی خۆی.

ئیتر هەر سەرکەوتووبن لە ڕێگای خەباتدا...

١٩٨٢/١٠/١

واژۆ

هەڤاڵتان فؤاد معصوم

***

١٩٨٢/١٠/٨

جارێکی تر ئەمانەتی کۆنگرە کۆبووەوە، سەعات ١٢ کۆتایی هات.

عومەر ئەلحامیدی گوتی: موداخەلەکەی دوێنێت زۆر باش بوو.

شەو لای شێخ مەنسووری حەفید دانیشتبووین، سەعات ١١،٣٠ شێرکۆ هات گوتی: ڕەزاق فەیلی گەیشتووە لە مالّی ئێمەیە. خەبەرێکی خۆش بوو.

***

١٩٨٢/١٠/١٥

هادی لە تارانەوە تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی: ١٥کەمان وەرگرت، واتە ١٥٠ هەزار دۆلار، "دلێری سەید مەجید" دەگەڕێتەوە کوردستان، ئێمە و نەسرین هەڵوێستمان یەکە، لەمەودواش چی دیکە لە ڕێگەی کوێخا مەینێرە. "لە ڕێگای باڵیۆزی سووریا لە تاران".

***

١٩٨٢/١٠/١٣

"توفیق سالّح" ، ئەندامی قیادەی قوتریی سووریام دی، باسی بابەتی زۆرمان کرد، یەک لەوانە عیلاقەمان لەگەڵ یەک هەبێت، زوو زوو ئالّوگۆڕی بیر و بۆچوون بکەین دەربارەی وەزع.

قسەم لەگەڵ "فارس باوە" کرد، کە برادەران دەڵێن یارمەتی بدە.

***

١٩٨٢/١٠/١٩

ئیمڕۆ و پێڕێ کۆبوونەوی "جوقد" بوو.

قسەم لەگەڵ فەوزی ڕاوی کرد، دەربارەی هاتنی فارس باوە. گوتی:

ئەو مەعلوومانەی لەسەر هەیە موشەجیع نییە، با ناوی ئێمە و ئێوەی پێ بەد نەبێت. با جارێ بوەستین، دەڵێن لەگەڵ حسک "حیزبی سوسیالیستی کوردستان" پەیوەندی هەیە. ئەمە چییە گومانلێکراوەکان هەموویان لە حیزبی سۆسیالیستی کوردستان کۆ بوونەتەوە؟!

***

١٩٨٢/١٠/٢١

ئەو فڕۆکەی سواری بووم لە دیمەشقەوە چووە حلب، لەوێیەوە بۆ میونش، ئینجا پاریس، کە گەیشتمە فڕۆکەخانەی ئوورلی، ئەحمەد بامەرنی چاوەنواڕم بوون. شەو چووینە هۆتێل، عومەر شێخموس لەسەر جانتاکەی دانیشتبوو، سبەش عومەر و د. کەمال فوئاد دەگەن.

***

١٩٨٢/١٠/٢٢

نیوەڕۆ چووینە شوقەیەک، لە مەنتیقەی ١٥ کە مامۆستا شێخ عزەدینیش لەو عیمارەیە بوو.

مامۆستامان دی که هێرشی لا بوو "ئەحمەد، موحسین" لەگەڵ موحەمەدی موهتەدی.

د. کەمال فوئادیش ئیمڕۆ گەیشت.

***

١٩٨٢/١٠/٢٦

بڕیارمان دا پاریس بەجێ بهێڵین و کۆبوونەوەکە تەواو. عومەر دەبابە و من چووینە لەندەن. کە گەیشتین مەسعوودی ئامۆزام و عەباس لە فڕۆکەخانەی هیترۆ چاوەنوارم بوون، لەگەڵ ئەوان چووم بۆ بێرمینگهام.

شەو قسەم لەگەڵ دایکم و موحەمەد کرد، هەروەها مەقسوود و نەسرینی خوشکم، فیلمێکی ڤیدیۆشم بینی کە لە هەولێر لە ماڵی موحەمەدی برام گیرا بوو.

***

١٩٨٢/١١/٣

ئێوارە دارۆ تەلەفۆنی بۆ کردم، کە چووەتە قیادەی قەومی. داوای کتێبی کردووە بۆ چاپخانەکەی ڕۆژنامەی "الشرارة"ی لێ چاپ بکەین، لەسەر قسەی عەبدولجەبار کوبەیسیی بەرپرسی چاپخانەکە، کە ناوی مومتازە داوای ماددەکانی کردووە، ئینجا ڕێگای چاپکردنی دەدرێت.

دارۆ گوتی: ڕەئیت چییە؟

گوتم: فەوزی ڕاوی دەبینم، بزانم مەسەلە چییە. ئێمە ڕەفزی ڕەقابە دەکەین لەسەر نووسینەکانمان.

***

١٩٨٢/١١/٩

لە جوقد فەوزی ڕاوییم دی، پێم گوت ئەوە چییە دەڵێن دەبێ تەماشای ماددەکانی جەریدەکەمان بکەین، ئینجا ئیجازەمان پێ بدرێت چاپی بکەین؟

قسەی لەگەڵ مومتاز کرد، دیار بوو کابرا پێی گوت، ئەمە بڕیارە، ڕەنگە مەبەستی بڕیاری عەبدولجەبار بێت، منیش بە ناوی ئەوەی دەچم دەستم دەشۆم ژوورەکەم جێ هێشت، تا بە ئازادی قسەی لەگەڵ بکات، کە گەڕامەوە گوتی:

دارا سبەی بچێت بۆ لای مومتاز ڕۆژنامەکەتان چاپ دەکرێت.

***

١٩٨٢/١١ /١٥

شەو لە مالّەوە بە گیپە دەعوەتی قیادەی جوقدم کرد. عەبدولجەبار نەهات. دارۆ و عەبدولڕەزاقیش ئامادە بوون، بەڵام لەسەر خواردنەوە، هەندێ قسە هاتنە پێش خەریک بوو وەزعەکە تێک بدات، بە تایبەتی لە لایەن عزەدین قۆجەوە. خێرا نانەکەمان دانا، لەسەر نانخواردنەکە عزەدین پارچە گۆشتێکی دا بە فەوزی ڕاوی، کە لەو کاتە لە ژوورەکە چووبوومە دەرەوە بۆ

مەتبەخ، تەعلیقی لێ دەدا کە ئینتیماییە، هەر چۆنێک بێت قسەکانیان لە دڵدا مابوو، گەیشتینە چاخواردنەوە، دیار بوو عزەدین و عەونی هەردووکیان سەرخۆش بوون، بەڵام لەناکاو ئەبووشەوقی "جواد الدش" پراست بووەوە یەک زللەی لە عزەدین دا، عەینەکەکەی دەرپەڕی، عەونییش لێی پراست بووەوە، فەوزی پاوی و عەونییش لێک گەرم بوون.

فەوزی گوتی: من دەزانم عەونی قەلەمچی کێیە، هەستا بۆ دەستشوشتن، دوایی چوو بۆ دەرەوە، عەونی کەوتە جنێودان.

خوڵاسە دەعوەتەکە بۆ ئەوە بوو ساردییەکە نەمێنێت، کەچی عەکس دەرچوو، عزەدین بە گریان دەرچوو.

***

١٩٨٢/١١/١٧

ئیمڕۆ قسەم لەگەڵ ئەبووڕەشید کرد، قسەی لەگەڵ "الجبهة الدیمقراطیة لتحریر فلسطین"ی "نایف حواتمة" کرد، بۆ چاپکردنی ڕۆژنامەکەمان، نەمانویست خۆمان؛ من یان دارا لەو ڕووەوە قسەیان لەگەڵدا بکەین، لەبەر ئیحراجی، ئەبووڕەشید وەڵامی هێنایەوە، کە بۆمانی دەکەن، لە کێ دەمانەوێ، دیمەشق، بیقاع، قوبرس... زۆر سوپاسیان دەکەین، لە منەتی جەبار و فەوزی دەرچووین.

***

١٩٨٢/١٢/٩

ئیمڕۆ "ئازاد بەرواری"یم دی، دەربارەی چوونی هەندێ لە برادەرانمان لە قامیشـــلییەوە بۆ بادینان قســـەم لەگەڵ کرد، کە ماوەیەکە پارتی هەر ئیمڕۆ و سبەینێمان پێ دەکات.

***

١٩٨٢/١٢/١٥

ئێوارە کۆبوونەوەی کۆنگرەی عـارەبی دەســـتی پێ کرد، وەفـدی جوقـد "مبـدر الویس، عونی قلمچي، فؤاد معصـــوم، ســـامی" بوون، ئەبووعرووبە وتـاری جوقـدی خوێندەوە، کە ئەبووعومەر "عوني" نووسیبووی، منیش دووبارە دامڕشتبووەوە.

ســـەیر ئەوە بوو، ســـەرلەبەیانی دانیشـــتین، کە لەناوخۆماندا یەکێک دابنێین بە ســـەرۆکی وەفد، ســـامی پێشـــنیاری "مبدر الویس"ی کرد. "مبدر"یش دالّغەی ســـەرۆکایەتیی وەفدەکەی لە مێشـــکدا هەبوو، هەر لەناکاو گوتی: ســـەرۆکی وەفدی عێراق دەبێ عەرەب بێت.

***

١٩٨٢/١٢/١٧

لە کۆبوونەوەی ئیمڕۆ مـاجـد موداخەلەیەکی جوانی هەبوو، لە یەکێک لە برگەکانی باســی کورد و مەســەلەی کوردی کرد، کە مەســـەلەی میللەتێکە زیـاتر لە ٢٠ ملیۆنە لە رۆژهەلّاتی ناوەڕاســت. دوای ئەو "ســەعادە" کە لوبنانییە لە حیزبی ســووری

ئیجتماعییە، تەعقیبێکی هەبوو، کوردی هێنایە ڕێزی عەلەوی و کلدانی و ئاشـــووری. گوتی: کورد لەگەڵ عەرەبە، کەواتە عەرەبە.

داوای قســـەم کرد، کە ئیمڕۆ "مبدر الویس" بەرپرســـی ســـەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکە بوو، پێش منیش هەبوون ناویان نووسرابوو، ئەوەی قسەی بەرنەکەوت مایەوە بۆ سبەی.

چونکە کۆنگرەکە دوو ســـەعاتی بۆ تەرخان کرا بوو، بۆ پشتیوانیی جەزیرە و خەلیج.

بۆ ڕۆژی دوایی کۆبوونەوەکە تەواو بوو.

***

١٩٨٢/١٢/٢٣

نامەیەکی پیرۆزبایی بە ناوی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانم بۆ حەمید درویش نارد، بە بۆنەی کۆنگرەی حیزبیان کە ئیمڕۆ لە قامیشلی دەبەسترێت.











٥

دەفتەری یاداشتی ساڵی ١٩٨٣

دوو خەتن

١٩٨٣/١/٢٢

ئیمشەو سەعد مەجرووم، باڵیۆزی لیبیام لە تاران دی.

گوتی: کۆبوونەوەی سێقۆلییەکەی نێوان ئێران، سووریا، لیبیا دەربارەی عێراق بووە. یەکێ لە بابەتەکانی باسی لێ کراوە هەوڵدرێ موعارەزەی عێراقی یەک بگرن، ببن بە لایەنی چوارەم لە تەنسیقی ئێستای ٣ لایەنیدا.

گوتی؛ ئێران ڤیتۆی لەسەر حشع هەیە، لەسەر ئێوەش تا ڕادەیەک گوتی؛ برادەرانتان هەڵەی گەورەیان کردووە بەگژ ئێراندا چوون و باسی خەتی خامنەیی و خەتی ڕەفسەنجانیی کرد کە دوو خەتی لێک جیاوازن، گوتیشی خەتی ڕەفسەنجانی مونتەظری لە ئێمە نزیکە.

***

کۆنفرانس نا سیمینار

١٩٨٣/٤/١٣

ئیمڕۆ کاکان عزیز موحەمەد، حەمید دەرویّش، ڕەشید حەمۆ، عەزیز تاهیر "لەگەڵ حەمید دەرویّش" دەعوەت بن لای من، کاک دارۆش ئامادە بوو.

باسمان لە کۆبوونەوە کوردستانییەکە کرد، هەرسێ لا لەو باوەڕەدا بووین کە لەو کاتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نایەوێ بەشدار بن لەو کۆبوونەوەیەدا، ناشیەوێ کارەکە سەر کەوێ، جا بۆیە ڕەئی هەرسێ لامان وا بوو، بەردەوام بین بۆ پیکهێنانی ئەو کۆبوونەوەیە و شوێنی حدکاش داندرابێ هەردەم بریاری دا بەشدار بن، گەر لە ئێستاوە لە لیژنەی تەحزیری نەیەوێ بێتە ناو، بەڵام کە کۆنفراسەکە گیرا ناچار بەشداری دەکا.

پێشنیارم کرد "ئەگەر نەشمانتوانی ئەو کۆنفرانسە ببەستین دەکرێ سیمینارێک بکەین لەسەر مەسەلەک، ئەمەیان لا مەقبوولّ بوو".

***

١٩٨٣/٤/٢٢

ئیمڕۆ ئێوارە لەسەر داوای خۆی، ئۆجەلانم دی. دەریخست نارازییە لە ڕەفتاری قیادە موەقەتە بە نیسبەت عێراق، ئێران، تورکیا.

***

پیاوی عێراقە

١٩٨٣/٤/٢٤

لەگەڵ "فوزي الراوي، "عبدالله الاحمر"مان دی و باسی وەزعی کوردستانم کرد، چۆن شەڕمان بەسەردا فەرز کراوە، ترس هەیە ئێران بێتە ناو شەڕەکە، پەلاماری ناوچەی سەرکردایەتیمان بدات.

عەبدوڵڵا ئەحمەر گوتی: بە نیسبەت ئێران هیچیان پێ ناکرێ، کەوتوونەتە گومان لە مەوقیفمان، لەدوو د. مەحموود دەنێرم قسەیان لەگەڵ دەکەم دوایی گوتی:

موشکیلەی سەرەکی قاسملووە، ئێمە لەگەڵتان موتتەفیق نین، بەرامبەر بە قاسملوو، بە ڕەئی ئێمە بە تەواوی پیاوی عێراقە. تا عەلاقەتان لەگەڵ قاسملوو هەبێت زۆر زەرەر دەکەن. گوتیشی: لە ڕاگەیاندن و قسەکانتاندا هجووم مەبەن، هێرش مەکەنە سەر ئێران، سەلامیش لە مام جەلال دەکەم.

***

کەریم ئەحمەدیش دیلە

١٩٨٣/٥/٨

ڕادیۆکەمان بڵاوی کردووە ٣٦ دیلی حیزبی شیوعیمان لایە، لەوانە کەریم ئەحمەد جێگری سـکرتێری یەکەم و ئەحمەد بانیخێڵانی ئەندامی سەرکردایەتی.

***

نەهاتنە پێشوازییمان

١٩٨٣/٥/٩

ئیمڕۆ من، فوزي الراوي، عوني القملچي، سـامی عەبـدوڵڕەحمـان چووینە تەڕابلوس کەس لە فڕۆکەخـانە نەبوو بەپیلمانەوە هاتبێ جگە لە د. ئیبراهیم "بلەڕەش" نوینەری یەکێتی لە لیبیـا. گوتی: کەس ئـاگـادار نەکراوە لە مەسـئوولەکـان لە هاتنتان، چووینە هوتێلی "باب البحر" گوتمان لەسـەر حیسـابی خۆمان دەبین.

"عقید سـالم جو شـریدة" کە تەلەفۆنمان بۆ کرد ئێوارە هاتە لامان خولاسەی قسەکانی:

- نە من، نە مەکتەبی جلوود ئاگادار نەکراوین کە دێنە ئێرە.

- جەبهەی گشتییەکە سەر نەکەوت، چونکە "جوقد" و بە تایبەتی حازم و ئەبووشەوقی رۆڵی پیلانگێڕییان هەبووە، هەروەها "جود"یش پیلانگێڕ بووە.

- کێ لەگەڵ جەبهەی ئێمەیە، ئێمە لەگەڵ ئەوین.

- ئێرانییەکان دەرگایان دانەخستووە ئیتیسالاتمان بەردەوامە لەگەڵیان، "مجلس أعلى اسلامي" وەفدی بۆ لای یەکێتی ناردووە.

- لەو رۆژانە "حافظ الاسد" دێتە ئێرە، مەسەلەی جەبهەیەکی عێراقی لە پێش بابەتەکانی گفتوگۆ دەبێت.

دوایی بە تایبەتی بە منی گوت: ئەو کەریم ئەحمەدە سەگبابە بەر مەدەن، گوتیشی ئەمە ڕەئی خۆمە نەک ڕەئی ڕەسمی.

چەند ڕۆژێک چاوەڕوانمان کرد بماندوێنێ، شەممە و یەکشەممە فڕۆکە نەبوو بۆ سووریا، ڕۆژی دووشەممە گەڕاینەوە سووریا پارەی ئوتێلی خۆشمان دا.

***

قرون وسطی

١٩٨٣/٧/٢٥

سێ ڕۆژ لە لیبیام، ئیمڕۆ لەگەڵ مووسا کوسا دانیشتم کە لێپرسراوی پەیوەندییەکانە لەگەڵ حەرەکاتی تەحروور باسی وەزعی عێراق و کوردستان و یەکێتیم بۆ کرد.

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام گوتی: ڕاستە لە ڕووی سیاسییەوە لەسەر ئاستی دەرەوە، لەبەر بارودۆخی ناوچەکە بە شانوبالّی ئێران هەر دەڵێین، بەڵام لە ڕاستیدا ڕژێمێکی کۆنەپەرستی "قرون وسطی"یە.

***

پاریس

١٩٨٣/١٢/٥

ئیمشەو عومەر شێخموس تەلەفۆنی بۆ کردم، کە گفتوگۆ لە نێوان یەکێتی و میری هەیە، دەڵێن؛ مام جەلال خۆی لەگەڵ وەفدەکەدایە، ڕەنگە سێ لە ئەندامانی وەفد بێنە پاریس بۆ دیتنمان، دەبێ ڕۆژی شەممە یان یەکشەممە ١٩٨٤/١/١٠ لە پاریس بین.

***

مام جەلال موشکیلەیە

١٩٨٣/١٢/٦

ئیمڕۆ لەگەڵ دارۆ، "حازم"، "عبدالجبار الكبيسي"مان دی قسەمان لەگەڵ کرد، پیاوانە هاتەپێش گوتی: پاسپۆرتتان سبەی حازرە، گوتی؛ گەر مام جەلال لەگەڵ نەبێ موشکیلە نییە، بەڵام ئەو موافق بێ لەسەر موفاوەزات موشکیلەیە.

***

١٩٨٣/١٢/١٠

لەگەڵ دارۆ چووینە پاریس، فەرەیدوون هاتووە لە بەغداوە.

بەشی دوازدەیەم

دانوستانەکانی یەکێتی لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٨٤



١

بۆ دانوستان؟

ساڵی ١٩٨٣، بۆ یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ساڵێکی ناخۆش و پڕ لە ماندووبوون بوو، لە لایەکەوە ڕووبەڕووی شەڕی ناوخۆ ببوو، بە تایبەتی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان. دوو بەرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی هەبوو، یەکێکیان: "الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية- جوقد"، لە ڕێکەوتی ١٩٨٠/١١/١٢ دامەزرا و پێک هاتبوو لە: یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، حیزبی بەعسی چەپ "قيادة قطر العراق - سەر بە سووریا"، الحركة الاشتراكية العربية، الحزب الاشتراكي الكردستاني، حیزبی شیوعیی عێراقی، حیزبی ئیشتراکی کوردستان، حیزبی سۆشیالیستی کوردستان و جیش التحریر الشعبي. بەرەی دووەمیش کە دوای ئەو دروست بوو، لە ڕێکەوتی ١٩٨٠/١١/٢٨، "الجبهة الوطنية الديمقراطية- جود"، لایەنەکانی بریتی بوون لە: پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی سۆشیالیستی کوردستان، حیزبی شیوعی، دواتر پاسۆک، حزب التجمع العراقي "صالح دگلة" و حزب الاشتراكي العربي "منذر الويس".

لە سەرەتای دروستبوونی جوقد، حیزبی شیوعی زۆر هەوڵی دا، پارتیش بێتە ناو ئەو بەرەیە، بەڵام ئەو کات یەکێتی

و بەعسی چەپ ڕازی نەبوون، گوتیان دەبێت پارتی بە ڕابردووی خۆیدا بچێتەوە، بە تایبەتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل مەحکووم بکات. دیارە پارتییش ئەوەی نەدەکرد و جودیان بەرانبەر دروستبوونی جوقد دروست کرد، بەڵام لێرەدا حیزبی شیوعی کە لە جوقددا بوو چووە ناو جودیش، هەروەها د. مەحموود عوسمان بە ناوی حیزبی سۆشیالیست بەیانی جوقدی ئیمزا کرد، کەچی سەرکردایەتیی سۆشیالیست چوونە ناو جودیش، ئەوە بوو جوقد دوای هۆشیارکردنەوەی هەردوو حیزب کە دەبێت لەناو یەکێک لەم دوو بەرەیەدا بن، لە ئەنجامدا هەردووکیان "شیوعی و سۆشیالیست" لەناو جوقددا سڕ کران.

لێرەدا ململانێ لە نێوان ئەو دوو بەرەیە دروست بوو، دیارە هێزی چەکداریی سەرەکی ئەم دوو بەرەیەش یەکێتی و پارتی بوون. شەڕ کەوتە نێوانیان ئێرانیش پشتگیری بەرەی جودی دەکرد، یان بە واتایەکی تر؛ پشتگیری لە پارتی دەکرد، ئەوەش لە ئەنجامی پشتگیریی یەکێتی بوو بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران و ڕێکخراوی کۆمەڵە.

٢

هێزی پشتیوان

لە لایەکی تریشەوە حکوومەتی تورکیا دوژمنایەتییەکی توندی یەکێتی دەکرد، هەر لە کارەساتی هەکارییەوە ١٩٧٧ تا ساڵانی دواتریش، لە هەمان کاتدا یەکێتی ڕووبەڕووی شەڕی سەخت ببووەوە لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمی عێراق، کە جگە لەو شەڕە سەربازییە ئابڵۆقەی ئابووریشی هاتبووە سەر.

هەر لە ساڵی١٩٨٣، لە چەند شەڕێکی گەورەدا سوپای عێراقی بەرانبەر بە هێزەکانی حکوومەتی ئێران تووشی پاشەکشە هاتبوو و زیانی زۆری پێ کەوتبوو. د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ حکوومەتی عێراق هەبوو، لە هەمان کاتیشدا ئەو و حیزبەکەی بە هێزەکانی یەکێتییان دەگوت:

"هێزی پشتیوان."

لە سەردانێکیدا بۆ بەغدا لەگەڵ سەدام حوسێن دادەنیشێت، باسی یەکێتی دێتە پێش، بە سەدام دەڵێ:

"بۆ گفتوگۆ لەگەڵ یەکێتی ناکەن و لەگەڵیان ڕێک ناکەون؟ چونکە یەکێتی حەز بە سەرکەوتنی ئێران ناکات، لەو شەڕەی ئێستا هەیە لە نێوان ئێوە و ئێراندا، هێزێکی گرنگیشە بۆ عێراق."

سەدامیش پێی دەڵێ:

"قسەیان لەگەڵ بکە و منیش لام باشە."

قاسملوو ئەم قسەی سەدامی گەیاندە یەکێتی، هەر لەو ماوەیەشدا دوو جار شاندی حکوومەت لەسەر ئاستی موخابەڕات لە ڕێگای حیزبی دیموکراتەوە سەردانیان کرد، یەکەم جار هاتنە بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، دووەم جار هاتنە بارەگای یەکێتی لە ناوزەنگ.

مام جەلال و هەڤاڵانی لەگەڵیان دانیشتبوون، دوایی فەرەیدوون عەبدولقادر "ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی" لە ڕێگای دیموکراتەوە چوو بۆ بەغدا بۆ دیالۆگ لەگەڵ هەندێک لە لێپرسراوانی حکوومەت، لە ئەنجامی ئەم گفتوگۆ سەرەتاییە لە ڕێکەوتی ١٩٨٣/١٢/٤، شاندێکی یەکێتی بە سەرکردایەتیی مام جەلال و ئەندامیەتی فەرەیدوون عەبدولقادر، دکتۆر خدر مەعسووم، مولازم عومەر عەبدوڵڵا و مەلا بەختیار بەرەو بەغدا بە ڕێ کەوتن. لەو سەفەرەدا د. قاسملووش لەگەڵیان چوو، بەشداری لە هەندێ لە کۆبوونەوەکان کرد.

مام جەلال هەشت ڕۆژ لە بەغدا بوو

لە کۆبوونەوەی یەکەمدا بە ئامادەبوونی دکتۆر قاسملوو، سەدام حوسێن ستایشێکی زۆری مام جەلال دەکات، لەسەر ئەم هەڵوێستەی، کە بۆ عێراق بە دلێرانە و دڵسۆزانەی دادەنێت.

لەم کۆبوونەوەدا هەر قسەی گشتیی کرابوو، مام جەلال هەر وەک چەند جارێک بۆی باس کردین، نەیویستووە لەم

سەفەرەیدا رێکەوتنێک ئیمزا بکات و مەسەلەکان ببڕێتەوە، چونکە وای زانیوە خەڵکی کوردستان حەز بەم رێکەوتنە ناکەن، لە لایەکی دیکەوە مام جەلال حیسابی بۆ هێزە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق کردووە. ئەمە جگە لەوەی بەپێی لێکدانەوەی خۆم مام جەلال هەر لە بنەڕەتدا گەشبین نەبوو بە رێکەوتن لەگەڵ حیزبی بەعس، بە تایبەتییش لەگەڵ خودی سەدام، کە ڕەنگە رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بەبێ ئاگادارکردنی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی، کە کەوتبوونە شەڕ و ململانێ لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی و پەیوەندیی بەهێزیان لەگەڵ حکوومەت هەبوو، ڕەنگە ئەمەش کاردانەوەی خۆی هەبووبێت لەسەر مام جەلال بەرانبەر بە سەدام.

***

مام جەلال لە رێکەوتی ١٩٨٣/١٢/١٢، گەڕایەوە کوردستان و بارەگای خۆی بردە گوندی زیخان، کە دەکەوێتە سەر رێگای قیرتاوکراوی دۆڵی بالیسان. فەرەیدوون و مولازم عومەر و د. خدر دەستنیشان کران بۆ باسکردنی دانانی لیژنەکانی هەماهەنگی و سەرپەرشتی و چاودێریی شەڕاگرتن و ئاڕاستەی میدیا، ئەوانیش لە رێکەوتی ١٩٨٣/١٢/٢٣، گەڕانەوە زیخان.

من ئەو کاتە لە دیمەشق بووم کە شاند چووبوو بۆ بەغدا، ئاگادار کراینەوە کە فەرەیدوون عەبدولقادر دەچێتە پاریس بۆ

ئەوەی باسی ئەم گفتوگۆیانەمان بۆ بکات. لە دیمەشقەوە من و دارۆ شێخ نووری، لە ئەوروپاش عومەر مستەفا "دەبابە"، د. کەمال فؤاد و عومەر شێخموس "ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر"، لە لقی ئەوروپاش وەک لە یادم بێت موحەمەد سابیر، ئەحمەد بامەرنی، شازاد سائیب و حەمە تۆفیق بەشدار بوون.

فەرەیدوون بە دووروودرێژی باسی گفتوگۆکەی بۆ کردین، تۆزێک بە گرۆگۆشەوەش، ئێمەش لە دەرەوە بە گومان و ترسەوە تەماشای مەسەلەکەمان دەکرد.

من نامەیەکی دووروودرێژم بە دەستی فەرەیدوون عەبدولقادر بۆ مام جەلال نارد، کە پوختەکەی ئەمە بوو "ئەگەرچی لە بارودۆخێکی زۆر ناخۆشدا دەژین، بەڵام خۆبەستنەوە بە حیزبی بەعس ئەنجامەکەی هەر تێکشکان دەبێت!".

کۆبوونەوەکەی پاریسمان تەواو بوو، هەریەکەمان گەڕاینەوە بۆ شوێنی خۆمان، من و دارۆی شێخ نووری کە گەیشتینەوە دیمەشق، دیمان دەنگوباسی گفتوگۆی یەکێتی و حکوومەتی بەغدا بڵاو بووتەوە، ئێمەش کەوتینە بیرکردنەوەی چۆنیەتیی بارودۆخی خێزانەکان کە ژمارەیەکی بەرچاو لە دیمەشق و قامیشلۆ بوون، ڕێوشوێنمان بۆ دانا.

٣

عبدالله الاحمر

به نیسبەت خۆم تەنیا پاسپۆرتی سووریم هەبوو، کە پێی دەرچم، ئەویش پاسپۆرتی "خدمة" بوو. چووم لای عەبدوڵڵا ئەحمەر "جێگری سکرتێری گشتی سەرۆکایەتیی نەتەوایەتیی حیزبی بەعسی سووری" پێم گوت:

"من دەمەوێت سەفەر بکەم بۆ لەندەن، پاسپۆرتی یاسایی تەنیا ئەوەی ئێوەم لایە".

ئەو گوتی:

"جارێ گلەییمان هەیە، ئێمە هاوپەیمانتان بووین، بەڵای کەمەوە ئێمەتان لێ ئاگادار بکردایەتەوە".

منیش گوتم:

"مام جەلال دوو نامەی بۆ ناردن، کە باسی بارودۆخی ناخۆشی لای خۆمانی تیدابوو".

ئەو گوتی:

"ڕاستە، بەڵام نەینووسیوە کە ئەگەری دیالۆگ لەگەڵ حکوومەتی بەغدادا هەیە".

گوتی: "تۆ چی دەکەیت؟"

منیش گوتم: "هێشتا لە بارودۆخی ناوەوە نەگەیشتووم و بڕیاری خۆم نەداوە، دەچمە لەندەن، لەوێ لە بارودۆخەکە تێدەگەم".

ئەو گوتی: "پاسپۆرتەکەت با لابێت، بەڵام ئەگەر چوویتەوە عێراق، بۆمانی بنێرەوە".

ڕۆژی دەرچوونم لە دیمەشقەوە بۆ لەندەن، کە کاتی ئەوە هات لە ماڵەوە دەرچم بۆ فڕۆکەخانە، دیم سەیارەیەکی مارسیدیسی ڕەش لەبەر دەرگای بیناکە وەستاوە، سەرم سوڕما ئەوە چییە؟! یەکێکی تێدا بوو گوتی:

"من لە قیادەی قەومییەوە هاتووم لەگەڵت بێم بۆ فڕۆکەخانە!"

بە ڕاستی کەوتمە گومانەوە، تەلەفۆنم بۆ عبدالجبار الکبیسي "حازم" کرد "ئەندامی قیادەی قەومی"، ئەو گوتی:

"هەندێک لایەن هەیە، دەترسێین ڕێگات پێ بگرن!"

دوایی زانیم بەشی "الامن السیاسي"، کە حەزیان بە یەکێتی نەدەکرد بەتەمابوون لە ڕێگای فڕۆکەخانە بمگرن. منیش کە گەیشتمە لەندەن تەلەفۆنم لەگەڵ د. خدری برام کرد، کە ئەندامی شاندەکە بوو، هێشتا لە بەغدا مابوو، بە هەندێک وشەی تایبەتی تێگەیاندم، ئەم وتوێژە تەنیا تاکتیکە و ئێمە نابینە بەشێک لە حوکم. منیش بڕیارم دا لەسەر داوای مام جەلال و برادەران بگەڕێمەوە.

عومەر شێخموس پەیوەندی بە "پەری جاف" کرد، کە

کارمەند بوو لە بالّیۆزخانەی عێراق، لەگەلّی ڕێک کەوت کە ڕۆژی دوایی بچمە بالّیۆزخانە، وێنە و زانیاریی پێویست بدەم بۆ دەرکردنی لیسیە پاسیە " laissez passer " کە پاسپۆرتێکی کاتییە. منیش لە جیاتیی کاتژمێر ١٠ی بەیانی بڕۆم سەعات سێی دوای نیوەڕۆ چوومە بالّیۆزخانە. پەری جافم لەوێ دی. ئەو گوتی:

"بالّیۆز و لێپرسراوانی بالّیۆزخانە چاوەڕوانت بوون!"

منیش گوتم:

"بوارم نەبوو، بۆیە دواکەوتم".

لەوێ ڕێک کەوتین سبەی کاتژمێر دەی بەیانی بچم لیسیە پاسەکەم وەرگرمەوە، دیسان دوای نیوەڕۆ درەنگ چووم، پەری جاف گوتی:

"داوا لە من کراوە ئەگەر درەنگتریش بهاتیتایە چاوەڕوانت بکەم!"

عومەر مستەفا دەبابە و عومەر شێخموس لە دەرەوەی بالّیۆزخانە چاوەڕوانم بوون. بە پاسپۆرتی سووری چوومە فڕۆکەخانەی هیپرۆ - لەندەن، لە ناوەوە پاسپۆرتە سوورییەکەم، بە نامەیەکی ئەمین بۆ عومەر شێخموس نارد، کە ئەوسا نوێنەری یەکێتی بوو لە لەندەن، تا بیدات بە بالّیۆزخانەی سووریا، لەگەلّ نامەیەکی سوپاس بۆ عەبدولّلاّ ئەحمەر

"کەسایەتی دووەمی حیزبی بەعسی سووریا بوو، ئێستا لە ژیاندا ماوە، تەمەنی ٨٨ ساڵە".

بە لیسیە پاسەکەش سواری فڕۆکە بووم بۆ پاریس، لە پاریسیشەوە بۆ بەغدا. لە ڕێکەوتی ١٩٨٤/١/٥ لە فڕۆکەخانەی بەغدا فەرەیدوون عەبدولقادر و ئەفسەرێکی موخابەرات، بە ناوی "ابو سرحان" چاوەڕێم بوون. ڕۆژی دواتریش لەسەر پێداگریی ئەبووسەرحان تا بەغدای "نوێ" ببینم، کە چەند ساڵ بوو چاوم پێی نەکەوتبوو، ماوەیەک مامەوە، لەوێشەوە چوومە هەولێر بۆ سەردانی دایکم و خوشک و براکانم.

٤

لە بەغداوە بۆ هەولێر دیسان بۆ بەغدا

ڕۆژی ١٩٨٤/١/٨ چـــوومە گوندی زیخان، مـــام جەلال بە گەرمی بەرەوپیرم هات. ڕۆژی ١٩٨٤/١/١٥ لەگەڵ مـــام جەلال چووینە پیرەمەگروون بۆ ناشـــتنی تەرمی نووســـەری گەورەی کورد "تۆفیق وەهبی"، کە لە لەندەن وەفاتی کردبوو، لەســـەر ڕاسپاردەی خۆی لە پیرەمەگروون بە خاک سپێردرا، خەڵکێکی زۆر لەگەڵ تەرمەکە هاتبوون، مـام جەلال لە وتارەکەیدا هێرشی توندی کردە سەر حکوومەت، لێمان پرسی:

"بەڵێن وانەبوو، بۆ وا توند قسەت کرد؟!"

ئەو گوتی:

"شـیعرەکەی شـێرکۆ بێکەس"لەسـەر گۆڕەکەی تۆفیق وەهبی" کاری تێ کردم!"

ڕۆژی ١٩٨٤/١/١٦ کۆبوونەوەی ســەرکردایەتیی یەکێتی بوو لە گوندی سەرگەڵوو، لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا شاندێک بۆ بەغـــــدا پێک بێت لە؛ نەوشـیروان مسـتەفا، فؤاد معصـوم، فەرەیدوون عەبدولقادر، مولازم عومەر، مەلا بەختیار، عومەر عەزیز "ناسراو بە حاکم عومەر، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی". مـــام جەلالیش نامەیەک بنووسێت بـــۆ سەدام، نامەیەکیش بـــۆ

تاریق عەزیز، یەکێکیش بۆ د. "فاضل البراک"، کە تازە بووبوو بە بەڕێوەبەری موخابەرات.

دەچینەوە بەغدا

شاندەکە لە نێوان خۆماندا کۆ بوونەوە بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەک بۆ حوکمی زاتی. نەوشیروان هەندێک سەرەقەڵەمی ئامادە کردبوو، دوای هەندێک دەستکاری و زیادکردنی بابەتی تر لەسەری ڕێک کەوتین.

ڕۆژی ١٩٨٤/١/٢٤ بەرەو بەغدا کەوتینە ڕێ، ڕۆژی دواتر کۆبوونەوەکەمان لەگەڵ حکوومەت دەست پێ کرد، لە لایەن ئەوانەوە فازیل بەڕاک لەگەڵ چەند لێپرسراوێکی موخابەرات و ئیستیخبارات، لەوانە عەقید ڕوکن خەلیل شاکر (ابو احمد)، عەقید ڕوکن سالّح موحسین، موقدەم فەرحان "ابو سرحان" و موقدەم حەمید ئامادە بوون. باسی بەرنامەی کۆبوونەوە هاتە پێش، فازیل بەڕاک گوتی:

"دانیشتنی ئەمڕۆمان دۆستانەیە "ودیە"یە، بۆ ئەوەی بزانین ئەو بابەتانەی دەتانەوێت باسی لێ بکرێت چییە؟"

ڕۆژی ١٩٨٤/١/٣٠ کۆبوونەوەی سیاسیی نێوانمان دەستی پێ کرد، لایەنی حکوومەت بە سەرۆکایەتیی تاریق عەزیز و ئەندامێتیی فازیل بەڕاک، لیوا ڕوکن مەحموود شوکر شاهین "بەرپرسی ئیستخبارات"، ئەبووئەحمەد و سالّح موحسین لە

موخابەرات. تاریق عەزیز دوای بەخێرهاتنی ئێمە گوتی:

"لەسەر ئاستی سەرکردایەتیی حیزب و شۆڕش، بە پشتیوانیی سەرۆک سەدام، هەموومان بە شێوەیەکی ئیجابی تەماشای کۆبوونەوەکەی پێشوومان کرد، تکام وایە هیچ دڵەڕاوکێیەکتان لا دروست نەبێت. بە ڕاستی ئارەزوو دەکەین لەسەر ئاستی عێراق مەسەلەکان چارەسەر بکەین، ئێمە دڵنیاین و بڕوامان وایە کە یەکەم شت هەموومان عێراقین، دوای ئەوە ئینجا ناسنامەی نەتەوایەتی دێ".

ئەو زۆر لەم ڕووەوە قسەی کرد، دوایی گوتی:

"من ئەرکێکم پێ سپێردراوە بچمە میسر بۆ تاوتوێکردنی هەندێ بابەت کە لە کۆنگرەی لوتکەی ئیسلامیی چوارەمدا باس کراون، چەند ڕۆژێکم پێ دەچێت. حەز دەکەن هاوڕێیەکی تر لاتان دانیشێت، بەڵام دەبێت چەند "مجلد"ێک بخوێنێتەوە، تا ئاگاداریی پەیدا بکات، یان دوای بخەین تا دەگەڕێمەوە؟!"

ئێمە تێگەیشتین کە کۆبوونەوەکە دوا دەکەوێت، گوتمان با دوا بکەوێت. لەنێو خۆمان ڕێک کەوتین پێی بڵێین:

"مادام پێت خۆشە فایلی گفتوگۆ لای تۆ بێت، ئێمەش دەگەڕێینەوە بۆ لای خۆمان و چاوەڕوان دەبین تا کاتی گەڕانەوەت."

٥

سەردان و میواندارى

بەرنامەیەکیان بـــۆ داناین، کە سەردانی چەند لێپرسراوێکیان بکەین، نەعیم حەداد "لە قیادەی قەومی و سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشـــتمانی" زۆر ڕووخۆشـــانە پێشـــوازیی لێ کردین، لەگەڵی دانیشتین.

دوای نیوەڕۆ ســـەردانی تەها یاســـین ڕەمەزان "فەرماندەی گشتیی (جیش الشعبي)مان کرد، گلەیی لە مـــام جەلال کرد، کە قسەی تۆندی لەسەر کردووە و گوتوویەتی دژی گفتوگۆیە، پاکانەی دەکرد.

ڕۆژی دواتر سـەعدوون شـاکری "وەزیری ناوخۆ"مان دیت، ئەویش پەرۆشیی خۆی نیشان دا بۆ ڕێککەوتن.

دوا کۆبوونەوەمـان لە ڕۆژی ١٩٨٤/١/٣١ لەگەڵ فـازیـل بەڕاک بوو، ئەویش گوتی: "حەز دەکەین بزانین شـــانـدی داهاتووتان کەی دێت بـۆ بەغـدا، بە سەرۆکایەتیی کێ دەبێت؟ ئەوە خۆتان بڕیار دەدەن، ئەبووزیاد "طاریق عزیز" ســـەرۆکی ئاگادار کردووە لەسەر دانیشتنەکانمان. دوا ڕێککەوتن پێویستی بە گەڕێکی تر هەیە. دەربارەی مەســـەلەی ســیاســی و بـــۆ چەکپێدان، بزانین ئێوە دەتوانن چ شـــوێنێک بپارێزن؟ دیارە

دەبێت سەرۆکی ئەرکان و بەڕێوەبەری ئیستیخباراتیش ئامادەی کۆبوونەوەکە بن".

ئێمە وەک شاندەکە هەستمان کرد شتێکی تازە هەیە. لێژنەی هەماهەنگی لە کەرکووک لە لایەن حکوومەتەوە دروست کرا، نوێنەری ئیستیخبارات و موخابەرات و ئەمن دانـدرابوون، نوێنەری یەکێتیش عومەر عەزیز "حاکم عومەر" و دوو یاریدەدەری بوون.

***

ڕۆژی ١٩٨٤/٣/٧ لە سلێمانی ١٦ سەربازی هەڵاتوو لە سێدارە دران، دیارە حکوومەت مەبەستی بووە ئەم کارە ئەنجام بدات، کە شوێنەوارێکی خراپی دروست کرد لەسەر ناوبانگی یەکێتی. لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بڕیارمان دا هەڵوێست وەرگرین، بەیانێکی توند بە ناوی مەکتەبی سیاسی بڵاو کرایەوە، کە تێیدا داوا لە سەربازە هەڵاتووەکان کرا خۆیان بگەیەننە ناوچە ئازادکراوەکان. بۆ ڕۆژی دواتر "ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش" فەرمانی دەرکرد بۆ بەرپرسانی سلێمانی کە لە سێدارەدانی سەرباز ڕاگرن، چونکە ژمارەیەکی تریش دانـدرابوون بۆ لەسێدارەدان. کەسوکاری ئەوانە ڕۆژی ١٩٨٤/٣/١٠کە چووبوون لاشەی لەسێدارەدراوەکان وەرگرنەوە، دیبوویان هەموویان بەرگی سەربازییان لەبەرکراوە، هەر یەکەش دە ڕۆژ مۆڵەتی پێ دراوە، دوای تەواوبوونی مۆڵەتەکەشیان بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنانەی پێش هەڵاتنەکەیان لێی بوون.

٦

تاران نیگەرانە

هەر ئەو رۆژە لە رادیۆی تاران وتارێکی ئیمام خومەینی بڵاو کرایەوە و دەڵێت: "حکوومەتی عێراق ناچار بوو لەگەڵ جەماعەتی تاڵەبانی "مـــام جەلال" رێک بکەوێت و دەست لە نەوتی کەرکووکیش هەڵگرێت، ئەوان واتە "یەکێتی" شەڕی ئێمە ناکەن".

لە رۆژی ١٩٨٤/٣/١١ عەقید ڕوکن سـاڵح موحسـین هات و موقدەم "ضیاء"یشی لەگەڵ بوو، کە شاڵوشـەپکی لەبەرکردبوو، موحسین بە مام جەلالی گوت:

"حکوومەت جـددییە لە گفتوگۆ، تـاریق عەزیز هۆی دواکەوتنەکە بووە، ئێســـتا فایلەکەی لای عزەت دورییە. تکایە گفتوگۆ مەپچڕێنن، لە رادیۆکەشـتان شـتی وا بڵاو مەکەنەوە کە بارودۆخەکە بەرەو تووندوتیژی ببات".

بۆ رۆژی دواتر موحسین هاتەوە لامان و گوتی:

"عزەت دووری ســـەرۆکی شـــاندی حیزب و حکوومەت دەبێت و د. فازیل بەڕاک حەز دەکات لە لایەنی یەکێتییەوە مام جەلال خۆی سەرۆکایەتیی شاندەکە بکات".

مام جەلال لە وەڵامدا گوتی:

"لەم بارودۆخەدا چوونمان بۆ بەغدا مەسەلەکە بەرەو پێشەوە نابات. وا باشە بۆ ئەوەی بارودۆخی دەروونی و ڕای گشتی ئارام بێتەوە، چاکترە ئێوە هەندێک هەنگاو بنێن".

منیش هەڵم دایە و گوتم:

"پێویستە چەند بڕیارێک لە لایەن حکوومەتەوە دەربچێت، تا ئەم حاڵەتەی ئێستا هەیە بیرەوێنێتەوە، یان عزەت دووری بێتە لامان".

مام جەلالیش گوتی:

"سەرکردایەتیی یەکێتی لەم دوو سێ ڕۆژەدا کۆ دەبینەوە و لە بڕیارەکانی ئاگادارتان دەکەینەوە".

***

لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بڕیار درا ئەگەر موحسین گەڕایەوە بە هەواڵ و بڕیاری هاندەر بۆ گفتۆگۆ، ئەوا شاندەکە بچێت بۆ بەغدا، ئەگەر شتی هاندەری وای پێ نەبوو شاندەکە نەچێت و یاداشتێک بدرێتە حکوومەت، ناڕەزایی خۆمان دەربڕین لە هەڵوێستەکانی، لەگەڵ نامەیەک لە لایەن مام جەلالەوە بۆ عزەت دووری، ئەگەر زانیمان مەسەلەکە دەستیدەستییە، پێویستە هەندێک هەنگاو بنێین و هەوڵدەین شەڕیش لە نێوانماندا دروست نەبێتەوە. پێشمەرگە ڕێک بخرێت بۆ ئەوەی شەڕ هەڵنەگیرسێتەوە، هەوڵدەین لە نێوان ئێمە و حکوومەتدا ئاگربەست "هدنة" هەبێت و بەرانبەر بەم

ئاگربەستەش حکوومەت یارمەتیمان بدات، دامودەزگای ڕاگەیاندنی خۆشمان بیر و بۆچوون و هەڵوێستی یەکێتی بڵاو بکاتەوە، جاش و چەکداری حکوومەتیش وەربگرین کە دەیانەوێت بێنە لامان.

٧

لەسێدارەدان

بۆ ڕۆژی دواتر عومەر عەزیز نوێنەری یەکێتی لە لیژنەی هەماهەنگی کە مەرکەزەکەی کەرکووک بوو، بە بێسیم ئاگاداری کردینەوە کە موحسین گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا و دەڵێ:

"بڕیار دەرچووە بە ڕاگرتنی لەسێدارەدانی سەربازی هەڵاتوو لە کـــــوردستاندا تا وتوێژ بەلایەکدا دەکەوێت، گیراوەکانی یەکێتی لە ماوەی دوو ســێ ڕۆژ هەموویان بەردەدرێن، ئەوانەی لە ژیان نەماون ناوەکانتان پێ دەدەین. ئەوانەشـــی یەکێتی نین، بەڵام یەکێتی داوایان دەکات، تاوتوێی لەسەر دەکەین".

لە ئەنجامدا خەڵکێکی زۆر کە حوکم درابوون، ئازاد کران.

هەمان ڕۆژ کۆ بوونەوە "مـــام جەلال، نەوشیروان، فؤاد، فەرەیدوون، مولازم عومەر، د. کەمال خۆشـــناو"، ڕێککەوت وابوو ئازاد هەورامی و پێشـــەوا تاڵەبانی هاتبوونە بارەگای مەکتەبی سیاسی، ئەوانیش لە کۆبوونەوەکە بەشدار بوون. بڕیار درا شاندی یەکێتی پێک بێت لە: مـــام جەلال، کەمال خۆشناو، عومەر عەزیز... ئەوە بوو ڕۆژی ٣/١٦ شاندەکە بەرەو بەغـــدا بە ڕێ کەوت.

بۆ نەورۆزیش مـــــام جەلال گەڕایەوە بۆ کوردســـتان، لە

ناوچەی سـوورداش نەورۆزێکی وا گەورە کرا، ڕەنگە شـتی وا نەکرابێت، زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لە سەرتاسەری کوردستان هاتبوونە ئەو ناوچەیە. مـام جەلال وتارێکی پێشکەش کرد کە ٥٦ خولەکی خایاند، وتارێکی هەمەلایەن بوو، تێیدا هێرشـی نەبردە سـەر حکوومەت، بەڵام ئومێدیشـی بە خەڵک نەدا کە وتووێژ زۆر بەرەوپێش چـووبێت. دوای نەورۆز مـام جەلال چـووەوە بەغـدا. قسەم لەگەڵ د. کەمال خۆشناو کرد و پێی گوتم:

"مـام جەلال تێڕوانینی باشە بەرانبەر بە کۆبوونەوەکە"، بەڵام لەم هەفتەیەدا هەندێک وردە کێشە دروست بووە، بە تایبەتی لە نێوان پێشمەرگە و چەکدارانی سەر بە حکوومەت.

٨

جەیشی شەعبی ناکەین

شـــتێکی تازە هاتە پێش، کە گوتیان حکوومەت دەیەوێت خوێندکاران بکات بە جەیشـــی شـــەعبی، دەرکەوت لێیان داوا دەکەن مەشـقی سـەربازی بکەن. خوێندکاران گوتیان نایکەین، چونکە لە کاتی مەشـقکردندا هوتافکێشـان هەیە "بژی سـەدام، بژی بەعس". من لەگەڵ ژمارەیەکیان دانیشتم و پێم گوتن:

"مەشـــقی ســـەربازی قازانجی هەیە نەک زیان، من خۆم لە قاهیرە ئـــەم مەشقەم کردووە، کە تەنها لەسەر میسرییەکان فەرز کرابوو. ئێوەش لەناو زانکۆکان لە جیاتیی بژی سەدام بڵێن "بژی گەل" و لە جیـاتیی بژی بەعس بڵێن: "بژی نیشـــتمـان". گەر مەشـــقەکە نەکەن لە کۆلێژ و پەیمانگاکانتان دەردەکرێن، بەڵام لەســـەر بژی گەل و نیشـــتمان ناتوانن دەرتان بکەن. بە داخەوە هەندێک برادەر هەبوون لە مەکتەبی ســـیاســـی هانیان دەدان ڕەفزی مەشـقکردن بکەن، قسـەیان لەسـەر هەڵوێستی من دەکرد کە ناشۆڕشگێرانەیە!

ئەنجامەکەش بەوە گەیشـــت گفتوگۆی ئێمە لەگەڵ ڕژێم سەری نەگرت، زۆر لەو خوێندکارانەش ناچار بوون پسـوولە لە

ئامیر سرییەکانی سەر بە حکوومەت وەربگرن، کە چەکەلگری ئەوانن! وا بزانم دوو لەو خوێندکارانە هاتنە دەرەوە بـــــۆ ناو یەکێتی، کە یەکێکیان ناوی لوقمان بوو، دوایی یەکێتی ناردی بـۆ مۆسکۆ بـۆ خوێندن. دیارە ڕادیۆی پارتی "قیادە موەقەتە" و بەیانی هێزە سیاسییەکانی کـــــوردستانیش بـــۆ سەرنەکەوتنی گفتوگۆی یەکێتی لەگەڵ ڕژێم، ڕۆژانە هـانی خوێنـدکـارانیـان دەدا، مان بگرن و دەوام نەکەن و خۆپیشاندان بکەن.

٩

سلێمانی دەقلیشێتەوە

ڕۆژی ١٩٨٤/٤/٢٤ بە بۆنەی یادی بۆردومانکردنی قەڵادزێ، ڕادیۆکەی یەکێتی بەیانێکی خوێندکارانی بڵاو کردەوە، نووسیبوویان:

"ئەو کاتیش هەمان ئەو حکوومەتەی ئێستایە، هەمان ئەو حیزبەش لەسەر حوکم بوون کە بۆردومانی قەڵادزێیان کرد، چەندین لاوی کورد بە کوڕ و کچەوە لە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی شەهید بوون".

ڕۆژی ١٩٨٤/٤/٢٧ مام جەلال لە بەغداوە گەیشتەوە کوردستان، دوای چەند ڕۆژێک لیوا ڕوکن نزار خەزرەجی (فەرماندەی فەیلەق) هاتە سورداش، چەند ئەفسەرێکی گەورەی لەگەڵدا بوو، ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردووش کێشە و پێکدادان لە نێوان پێشمەرگە بەرانبەر بە سوپا و چەکدارانی حکوومەت لە چەند شوێنێک ڕووی دابوو.

ڕۆژی ١٩٨٤/٥/٤ مام جەلال لەگەڵ د. کەمال خۆشناو و د. خدر، چووەوە بەغدا. دوای دوو ڕۆژ قسەم لەگەڵ د. کەمال و د. خدر کرد و پێیان گوتم:

"کۆبوونەوەی دوێنێمان زۆر تونـدوتیژ بوو، بەڵام هی ئەمڕۆمان باش بوو، باسی هەماهەنگیی سەربازی کراوە".

ڕۆژی ١٩٨٤/٥/١٣ بارودۆخ لەناو شاری سلێمانی زۆر ئاڵۆز بوو، لە بەردەم پارێزگا تەقە لە سێ خوێندکار کرا و شەهید بوون. ئەمە سەری کێشا بۆ پەلاماردانی بارەگای "عثمان بن عفان"، کە بارەگای جەیشی شەعبی بەعس بوو، پێشمەرگەش کەوتە نێو خۆپیشاندانەکەوە و لە ئەنجامدا بیست جەیشی شەعبی کوژران، لە سەربانی بیناکەوە فڕێ درانە سەر شەقام، کە مام جەلال لەو کاتەدا لە بەغدا بوو.

ڕۆژی ١٩٨٤/٥/١٣ مام جەلال گەڕایەوە کوردستان، لە قسەکانی دەرکەوت کە بارودۆخی گفتوگۆ تەواو نییە، نیو ملیۆن دیناریشی لەگەڵ خۆی هێنابوو، بۆ ڕۆژی دواتریش لە کەرکووکەوە، ٣٥٠ هەزار دۆلاریان بۆ ناردین.

ئەم پەلاماردانەی بارەگای جەیشی شەعبی لە سلێمانی جەماوەریەتیی یەکێتی بەرزتر کردەوە.

مەکتەبی سیاسی یاداشتێکی بۆ عزەت دووری نارد، پوختەکەی ئەوە بوو کە لە بەندەکانی بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ نایەنە خوارەوە. دوای چەند ڕۆژێک د. قاسملوو و شاندێکی دیموکرات هاتنە لامان، کە بۆ بەغدا بانگهێشت کرابوون، مام جەلال پێی گوت:

"بە حکوومەت بڵێ، ئێمە ئاشوبووین لە ئەنجامی گفتوگۆکانمان، دیارە هیچمان بۆ ناکەن، ئێمەش بڕیارمان داوە لە بەیانی ١١ی ئادار نایەینە خوارەوە. سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانییش، بە هەموو توانامان موقاتەعەی دەکەین، گەر حکوومەت مەسەلەکان چارەسەر نەکات".

١.

دەرگە داخراو نییە

قاسملوو چوو بۆ بەغدا و نامەیەکی مام جەلالیشی بۆ عزەت دووری برد، لە گەڕانەوەیدا قاسملوو لە ڕۆژی ١٩٨٤/٦/١٨ هاتە لامان و گوتی:

"عزەت دووریم دی، نامەکەم پێ دا، ناوەڕۆکی نامەکەی زۆر پێ باش بوو. گلەییان لە ڕادیۆکەتان هەیە"، هەروەها گوتی: "وەک تێگەیشتم کێشەکان چارەسەر دەکرێن، تەنیا مەسەلەی سنوور نەبێت، کە گیروگرفتی زۆرە. من دەرگە نابینم داخراو بێت، وەڵامی یاداشتەکەشتان دەدەنەوە، ڕەنگە شێوازەکەی تۆند بێت".

ڕۆژی ١٩٨٤/٧/٢٠ سەعدی مەهدی سالح "ئەندامی سەرکردایەتیی بەعس" هاتە لامان، دوو ئەفسەری موخابەراتی لەگەڵدابوو، عەقید غەسان و ئەبوونەحمەد، وای نیشان دا کە هاتووە بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ، ئێمەش "مام جەلال، نەوشیروان، فؤاد، فەرەیدوون، مولازم عومەر، د. خدر مەعسوم و عومەر عەزیز" لەگەڵی دانیشتین. دوای گەڕانەوەی شاندەکەی حکوومەت بۆ بەغدا، لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بڕیار درا شاندێک پێک بێت لە: فؤاد معصوم، فەرەیدوون عەبدولقادر، مولازم عومەر و عومەر عەزیز، کە بچێتەوە بۆ بەغدا بۆ دریژەپێدانی گفتوگۆ.

١١

ئێمە تووڕە نەبووین

ڕۆژی ١٩٨٤/٧/٢٨ لە بەغدا لە بارەگای قیادەی قوتری لەگەڵ شاندی حکوومەت کۆ بووینەوە، کە پێک هاتبوو لە: عەلی حەسەن مەجید "ئەندامی یەدەگی قیادەی قوتری و بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی"، د. فازیل بەڕاک "سەرۆکی دەزگای موخابەڕات"، د. مونزیر ئەلشاوی "وەزیری داد"، عەبدولفەتاح یاسین "سکرتێری لێژنەی کاروباری باکوور" و لیوا ڕوکن مەحموود شوکری "لێپرسراوی ئیستخباراتی عەسکەری". لە یەکەم دانیشتن دوای بەخێرهاتن و سوپاس، عەلی حەسەن مەجید گوتی: "من بە سیفەتی حیزبی لە شاندەکە دام بۆیە کۆبوونەوەکە لە قیادەی قوتریيە"، منیش گوتم:

"لەو ماوەی دواییدا هەندێک کێشە دروست بووە، سەرپێچییش لە هەردوو لاوە زۆر بووە و باسی ناکەین، ئێمە هاتووین بۆ ئەوەی مەسەلەکە ببڕێنینەوە. هەندێک بابەتی گرینگ هەن لە گفتوگۆکان تا ئێستا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، وەک ناوچەی حوکمی زاتی، ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، پابەندبوونی یەکێتی و هەندێک بابەتی تریش...".

کاتێک هاتینە سەر باسی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان پرسکیان دەهاوێشت، هاتینە سەر باسی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

گوتیان؛ شێخان هەر مومکین نییە، نە ئێستا نە لە دواڕۆژدا باسی لێوە بکرێت. دیار بوو دەیانویست بماندۆشن، ئێمەش بە مۆراڵێکی ساردەوە، قسەی خۆمان دەکرد و هەڵنەدەچووین.

***

نامەکەی مام جەلال هەر لەم دانیشتنەدا تەسلیم بە عەلی حەسەن مەجید کرا، دیارە عزەت دووڕییش، سەدامی لێ ئاگادار کردبووە، شەو عەلی حەسەن مەجید تەلەفۆنی بۆ فەرەدوون کردبوو، داوای لێبوردنی کردبوو کە لە کۆبوونەوەکەدا قڕەقڕی کردووە، پێی گوتبوو من تەبعم وایە، لێم ببورن!

لە کۆبوونەوەی ڕۆژی دواتر عەلی حەسەن گوتی:

"کە ڕێک کەوتین دەبێ نەرمی بنوێنن، چاو بنووقێنن لە مەفرەزە تایبەتییەکان و ئەوانەی لەگەڵ ئێمە هاوکارییان کردووە، ئێمە ئەوانە بە بەکرێگیراو دانانێین. دەزانین حیزبی بەعێز و گەورە ئێوەن، جەماعەتی ئێوە پێیان دەڵێن کارتۆنی "واتە حیزبە کوردییەکانی دەستکردی ڕژێم"، دەشزانین کە بێهێزن، هەندێکیان خۆمان لە بەغدا دروستمان کردوون، دەبێت یارمەتییان بدەین، چونکە لە کوردستان جەماوەریان لەگەڵ نییە".

لەناو قسەکانیدا گوتی:

"ئێمە هەندێک شوێنمان هەیە ڕازی نین ببێت بە بەشێک لە

حوکمی زاتی، سبەی گەر لێمان هەڵگەڕانەوە پشتمان دەشکێنن. لە قسە و نووسین و دەربڕین نامانەوێت شتی وا هەبێت کە جیابوونەوە (انفصالية) بگەیەنێت".

منیش وەڵامی عەلی حەسەنم دایەوە و گوتم:

"جیابوونەوە بە پشتیوانی دەقی یاسایی ناکرێت، سبەی کە ویستمان جیابینەوە ناچینە دادگای لاهای سکاڵا بکەین، جیابوونەوەکە هاتە کایەوە، مەوادی یاسایی ڕاپاگرێت".

١٢

شێخان

ڕۆژی دواتـریـش کـۆ بـووینـەوە، زۆربەی کـۆبـوونەوەکە کاتکوشـتن بوو لە لایەن شـاندی حکوومەتەوە، کە دەیانویسـت بە زۆر شـتی خۆیان بەسـەرماندا بسـەپێنن، یەکێک لە بابەتەکان شێخان بوو، عەلی حەسەن گوتی:

"زۆربەی دانیشتوانی شێخان عەرەبن نەک کـــــورد، چونکە ئێزیدی و مەسیحی کورد نین، با لە خۆیان بپرسین!"

هەر شـــتێک دەهاتە پێش، عەلی حەســـەن دەهاتەوە ســـەر ئیسـتگەی ڕادیۆکەمان کە هێرشـیان دەباتە سـەر و بە خراپترین حکوومەت ناویان دەبات. ئینجا بابەتی باس ناوچەی حوکمی زاتی و یاســـای ئۆتۆنۆمی و چەکدارانی حکوومەت و گرتنی پێشمەرگە بوو، بەڵام کۆبوونەوەکە بێ ئەنجام بوو، پێم گوتن:

"ئەوەی دەمانبەســـتێت بە جەماوەرەکەمانەوە ڕادیۆکەمانە، نامانەوێت جەماوەر لە خۆمان بکەین. ئەوە چوار جارە مـــــام جەلال بێتە بەغـــــدا و هیچ شتێک گەڵاڵە نەبووە، ئایا نابێت بە خەڵک بڵێین لەم ماوەیەدا چیمان کردووە؟ خەتای چ لایەنێکە کە تا ئێستا ڕێککەوتن واژوو نەکراوە؟!"

لە کۆبوونەوەی دوو ڕۆژ دواتر، بابەتی تاوتوێکردن بریتی

بوو لە پابەندبوونی یەکێتی، ئەو نووسراوەی کە ئامادەمان کردبوو، بڕگەیەکی تێدا بوو کە یەکێتی کاری سیاسی لەنێو سوپادا نەکات، بەڵام نابێت لەناو سوپادا فەرق و جیاوازی هەبێت "واتا نابێت هیچ لایەنێکی سیاسی چالاکیی لەنێو سوپادا هەبێت".

عەلی حەسەن گوتی:

"ئەگەر وابێت، واتە گفتوگۆ پچڕا، مومکین نییە لەسەر ئەوە ڕێک بکەوین، وای دانێن کە گفتوگۆ تەواو بوو. سڵاو لە برادەرانتان دەکەم".

١٣

بە توندی قسەمان کرد

منیش هەستم کرد ئەوانە دەیانەوێت بماندۆشن، نەفرەتم لەو رۆژەش کرد کە تێیدا تووشـــی ئەو دانوســـتانە هاتووین، بێدەنگییم بە سووکایەتپێکردن زانی بۆ رێکخراوەکەم. برادەرانی ئەندامانی شـــاندەکەی خۆمان ســـوور بووبوونەوە، بە دەنگێکی بەرز و بە توندی گوتم:

"ئێمە هاتووین بە تەواوی تاوتوێی هەموو شـــتێک بکەین لە ڕوانگەی چارەنووسی هەردوولامان، تا بەیەکەوە چارەسەری بۆ ببینینەوە، ئـەم پرۆژانەمان ئامادە کردووە بـۆ ئاسانکاریی ئیش و کارەکان، دەکرێ تاوتوێی لەســـەر بکرێت، بەڵام وا دیارە، تۆ دەتەوێت مومارەســـەی ئیرهابی فیکری بکەیت. مەبەســـتی ئێمە تێکدانی گفتوگۆ نییە، بەڵام حاڵەت زۆرە کە سەرباز و ئەفسەری کـــورد ڕێگەی پێ نادرێت پێش بکەوێت و سەر کەوێ، هەر لەبەر ئەوەی کـــــــوردە. واش مەزانە کە ئێمە هاتووینەتە ئێرە تەســـلیم بووین یان ڕووخاوین، یان ئێمەتان شـــکاندووە. ئێمە گفتوگۆتـان لەگەڵ دەکەین لە پێنـاو ڕزگـارکردنی عێراق لە شـەڕێکی کوشـندە کە تووشـی بووە لەگەڵ ئێران، ئەگینا لەگەڵ یەک دانەدەنیشتین!"

فەرەیـدوون هەولّی دا تۆزێک کەشـــەکە هێمن بکـاتەوە، ڕووی کردە عەلی حەسەن و گوتی:

"من کەسێکی هەستیارم، گەر تۆ بەو شێوەیە تووڕە بیت ناچارم بچمە دەرەوە"، دوایی کە لە کۆبوونەوەکە دەرچووین فەرەیدوون پێی گوتم:

"پێشبینیم نەدەکرد، بەو توندییە وەڵامی بدەیەوە".

دوای دوو ڕۆژ کە گفتوگۆکەمان وەستابوو، عەلی حەسەن مەجید هاتە لامان بۆ هۆتێل بۆ موجامەلە و جۆرێک لە داوای لێبوردن.

ئیتر کەوتینەوە سەر گفتوگۆکانمان، ڕۆژێکیان هیچ بەرنامەمان نەبوو، لەناکاو سەعات دوازدەی نیوەڕۆ ئەفسەری مرافق، بە ئۆتۆمبێل و پاسەوانەکانییەوە هات و فەرمووی لێ کردین بۆ کۆبوونەوە. گوتمان:

"ئاگادار نەکراوینەتەوە، کە کۆبوونەوە هەیە، بەڵکوو سبەینێیە!"

ئەفسەرەکە گوتی:

"لە قیادەی قوتری چاوەڕوانتانن!"

تەلەفۆنمان کرد، جەختیان کردەوە و گوتیان:

"جیاوازیی ئەمڕۆ و سبەی چییە؟! با ئیمڕۆ بێت!"

کاتێک گەیشتینە شوێنی کۆبوونەوە، بابەتی تاوتوێ وەک دایاننابوو، وەرەقەی "ئاساییکردنەوەی بارودۆخ لە کەرکووک" بوو، کە خۆمان وەرەقەکەمان ئامادە کردبوو. بۆمان دەرکەوت ئەمە پیلانێکە. ئەوان نانی خۆیان خواردووە و خۆیان ئامادە

کردووە، بەو ئومێدەش ئەگەر دریژە بە تاوتوێکردن بدرێت، ئەوا هەست بە بێتاقەتی و ماندووبوون دەکەین، بەم شێوەیە ئەوان دەتوانن هەندێک شتمان بەسەردا بسەپێنن! ئەوە بوو تا نزیک سەعات پێنجی ئێوارە گەیشتینە ڕێککەوتن لەسەر "ئاساییکردنەوە لە کەرکووک: التطبیع فی کرکوک"، دەقی نووسراوەکە چاپ کرا. لە لایەنی حکوومەتەوە: عەلی حەسەن مەجید، لە لایەنی یەکێتی من، واژوومان لەسەر کرد. بڕگەی یەکەم لەو نووسراوە بریتی بوو لە:

یەکەم: رفع الحظر عن اطلاق الاسماء الکردیة علی الاحیاء والمحلات التجاریة فی کرکوک.

دووەم: رفع الحظر عن ترمیم وتعمیر دور السکن. کە ئەمە لامان شتێکی گرنگ بوو.

بە دڵێکی خۆش گەڕاینەوە هۆتێل، لە ڕێستۆرانتەکە دانیشتبووین، هێشتا نانمان بڕۆ دانەنرابوو، بەڕێوەبەری نووسینگەی عەلی حەسەن مەجید هات و گوتی:

"دەزانن هەندێک هەڵەی چاپ هەیە؟ هاتووم نووسراوەکەم پێ بدەنەوە، چاپی دەکەینەوە و ئیمزای دەکەن و بۆتانی دێنینەوە!"

یەکسەر گوتم:

"برادەرانمان لە هۆتێل چاوەڕوان بوون، دەستبەجێ بڕۆ مام جەلالمان ناردا!"

ئەو گوتی: "وا بەپەلە؟!"

گوتمان: "دەبووایە زوو ئاگاداریان بکەین!"

دوایی زانیمان، کە وەرەقەکەیان بۆ سەدام بردووە، پێیانی گوتووە:

"چۆن هەڵەی واتان کردووە؟ "رفع الحظر" یانی ڕێگری هەبووە، چۆن ئەو دانپێنانە لەسەر حکوومەت تۆمار دەکەن؟!"

ئەم شەوە ئێمە بە تۆرە نووستین، نەوەک بتوانن وەرەقەکەمان لێ بدزنەوە، چونکە هەر لای خۆمان بوو، هێشتا پێ ڕانەگەیشتبووین بۆ مام جەلال و مەکتەبی سیاسیی بنێرین.

١٤

موجامەلە

ڕۆژی ١٩٨٤/٨/٢٠ وادەمان لەگەڵ عزەت دووری بۆ داندرا، عەلی حەســـەن مەجیدیش لەگەڵمان ئامادە بوو، کۆبوونەوەکە زیاتر بۆ هەواڵپرسین و موجامەلات بوو، سڵاوی بۆ مام جەلال هەبوو." دڵنیای کردینەوە کە ئەوان گفتوگۆیەکەیان بە جددییە." بـــۆ ئێوارەکەی دوا کۆبوونەوەمان بوو لەگەڵ لایەنی حکوومی، باسی ئەو شەڕەیان کرد کە لە نێوان پێشمەرگەکانی ئێمە و سوپا و چەکدارانی ســـەر بە حکوومەت لە گوندی ســـەید خەلیلی ناوچەی کەلار ڕووی داوە، کە نۆ چەکداریان لێ کوژراوە و ٣٢ بریندارییش هەیە. گوتمان:

"لێی دەکۆڵینەوە، ئێمەش لەو بڕوایە داین، کە نابێت شتی وا دووبارە بێتەوە"، بەپێی ئوســـوولێ و موجامەلات بـــــۆ ســـبەی ســـەردانی ئەندامانی شـــاندی حکوومەتمان کرد، هەریەکە لە شوێنی دەوامی خۆی.

لە ڕۆژی ١٩٨٤/٨/٢٥ دوای ٣١ ڕۆژ مانەوەمان لە بەغـــــدا، گەڕاینەوە سورداش. ئەو یاداشتەی هەردوولا واژوومان کردبوو، بریتی بوو لە:

١. هەموارکردنەوەی یاسای حوکمی زاتی.

٢. ئاساییکردنەوە لە کوردستان.

٣. ئاساییکردنەوە لە کەرکووک.

٤. ڕێکخراوە دیموکراتییەکان.

٥. بەرەی نیشتمانی.

سەبارەت بە مەسەلەی دەستنیشانکردنی ناوچەی حوکمی زاتی، لایەنی حکوومەت گوتیان ئەمە لە دەسەلاّتی ئێمەدا نییە و دەیهێلّینەوە بۆ سەدام حوسێن و مام جەلال، دیارە سەدامیش لە یەکەم کۆبوونەوەی لەگەلّ مام جەلالدا پێی گوتبوو:

"شتێکی وات بۆ دەکەم لەنێو کوردان سەرت بەرز بکاتەوە."

لە دلّی خۆمان دەمانگوت مەبەستی سەدام لەم قسەیە ئەوە بوو هەندێک لەو ناوچانەی دەرەوەی حوکمی زاتی بخاتە پاڵ پارێزگاکانی حوکمی زاتی.

بۆ ڕۆژی دواتر لە ١٩٨٤/٨/٢٦، عەلی حەسەن مەجید هاتە سورداش بۆ دلّنیاکردنی مام جەلال و سەرکردایەتیی یەکێتی، کە دەیانەوێت ڕێککەوتنەکە سەرکەوتوو بێت و هەردوولا هەوڵ بدەن شتی وا ڕوو نەدات، کە بارودۆخەکە ئاڵۆز بکات.

١٥

شەڕ هەر هەبوو

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ لە ماوەی دانوستاندا پێکدادان لە نێوان پێشمەرگە و چەکدارانی حکوومەت زۆر بوو، بەڵام لەگەڵ سوپا کەمتر بوو. هەفتە نەبوو چەند کەس نەکوژرێن، کە زۆربەیان لەو چەکدارانە بوون، کە کێشەیان دوژمنایەتیی شەخسییان لەگەڵ پێشمەرگەدا هەبووە، هەندێک جاریش شەڕەکە گەورەتر و فراوانتر دەبوو، زۆر جاریش زانیاریی هەڵەمان بۆ دەهات.

ڕۆژی ١٩٨٤/٩/١٧ هەواڵێکمان بۆ هات، کە هێزێکی چەکداری حکوومەت لە تاسڵوجە کۆ کراوەتەوە، وەک پێ دەچێت مەبەستیان سوورداش بێت. ئەو ڕۆژە فەرەیدوون و مولازم عومەر و من، لە سورداش لە مەکتەبی سیاسی بووین، عومەر وەک لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری هەموو ئەو لێپرسراو و کادیرە عەسکەرییانەی لەو دەوروبەرە بوون کۆی کردنەوە بۆ دانانی نەخشەیەکی بەرگری، نەوەک ئەم هەواڵە ڕاست بێت، دواتر دەرکەوت هێزێکی سەربازی هاتۆتە تاسڵوجە، بۆ ئەوەی ڕێگر بێت لە نێوان پێشمەرگە و چەکدارانی حکوومەت تاکوو هیچ پێکدانێک ڕوو نەدات.

١٦

دێنە سورداش

لەم کات و ساتە کابرایەک لە کەرکووکەوە هات، کە نامەیەکی عزەت دووری بۆ مام جەلال هێنابوو، کە ئەم کۆبوونەوەی سوپای لە تاسلۆجە دیبوو و لە دەوروبەری سورداشیش هێزێکی خۆمانی دیبوو، ڕانەوەستابوو نامەکە بۆ مام جەلال ببات، کە لە سەرگەلۆو بوو، بەڵکوو خواخوای بوو زوو لە ناوچەکە دەربازی بێت، نامەکەی دابوو بە یەکێک بیگەیەنێتە دەست مام جەلال.

ئێوارە چووینە لای مام جەلال، نامەکە خوێندرایەوە، دیار بوو پاشەکشەی حکوومەتی تێدا بوو. شێوەی نووسینەکە تا ڕادەیەک توند بوو، لە کۆتایی نامەکە دەڵێت:

"ئامادەین بۆ دەستپێکردنەوەی دیالۆگ، ئەگەر واش دەزانن نەهاتنی من بۆ سورداش هەڵوێستە، من ئامادەم بێمە لاتان "لاقطع الشک بالیقین" بڕیار درا لە لایەن مام جەلالەوە وەڵامی نامەکە بدرێتەوە، ئەو لێدوانەی ئامادە کرابوو لە بارەی بەشدارینەکردنی هەڵبژاردن ڕابگیرێت، ئەمشەو بڵاو نەکرێتەوە وەک بڕیار وا بوو. مام جەلال وەڵامی نامەکەی ئامادە کرد و خوێندییەوە، دوای تۆزێک دەستکاری چاپ کرا و واژووی کرد. نامەکە بە تۆندی وەڵامی نامەکەی عزەت دووری دابووەوە،

لە کۆتاییشدا نووسیبووی کە یەکێتییش ئامادەیە بۆ دریژەپێدانی دیالۆگ. دوای دوو ڕۆژ نامەی عەلی حەسەن مەجید هات، کە دەڵێت: "٢٢ی مانگ لەگەڵ عزەت دووری دێین بـۆ لاتـان لە سورداش".

١٧

ناچمە بەغدا

مەکتەبی سیاسی کۆ بووەوە بۆ کاندیدکردنی برادەرانی خۆمان و خەڵک بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی. مام جەلال داوای لە من کرد، کە ببمە سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی نیشتمانی.

منیش گوتم:

"ناتوانم ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەم، حەز ناکەم بچمە بەغـــدا، چونکە ئەم ئەنجوومەنە هیچ ڕۆڵێکی نابێت، بۆیە من ناتوانم ئەم ئەرکە وەرگرم".

مـــــام جەلال تۆزێک بە تووندی گوتی: "ئەمە هەڵوێستێکی سیاسییە".

منیش گوتم:

"ئەگەر هەڵوێستم جیا بووایە لەگەڵ ئێوە نەدەچـوومە بەغـدا، ڕێککەوتنەکانیش واژووی منی لەسەرە، بەڵام کاری بەغـــدا بە تەجمیدکردنی خۆمی دادەنێم".

کاک فەرەیدوونیش گوتی:

"من کاری بەغدا وەرناگرم."

دوای نیوەڕۆ مـــام جەلال هـــاتە لام و هەمان بابەتی باس کردەوە، گوتم:

"مـــــام جەلال من بە تەواوی دژی گفتوگۆ نیم، بەڵام بە پێویستی دەزانم تەرکیز بکەینە سەر کوردستان و خزمەت بە خەڵکی وڵاتەکەمان بکەین، ئەوە گرنگە، لە کـــوردستان هەر کارێکم بۆ دادەنێی ئامادەم بیکەم".

ئەو گوتی:

"باشە، قەناعەتم بە قسەکانت کرد، بەڵام دەبێ کەسانێکیش لە بەغدا دابنێین، کە دڵنیابین لە دەستمان دەرناچن".

١٨

هاتنه سورداش

ڕۆژی ١٩٨٤/٩/٢٢ عزەت دووری و عەلی حەسەن مەجید، بە یەک کاروانی دووروودرێژ هاتنە سورداش. دوای پێشوازی لێ کردنیان، کۆبوونەوە دەستی پێ کرد، عزەت دووری وای نیشان دا سەدام فەرمانی پێ داوە بێتە لامان لە سورداش. قسە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە:

بابەتی چەکدارانی سەر بە حکوومەت، ناوچەکانی حوکمی زاتی، بەشداربوون لە هەڵبژاردن و لیستی ئەندامانمان بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی.

لە بارەی چەکدارەکانیان زۆر قسەی تۆندی لەسەر کردن، مام جەلال گوتی:

"بۆ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەیان نادەن؟! ماوەیەک دیاری بکە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە، بە نیسبەت ناوچەکانی کوردستان، کە لە دەرەوەی حوکمی زاتییە، سەدام وەک ناوبژیوان تەماشای مەسەلەکە بکات و لە بەیانەکەدا ڕابگەیەنرێت" لە ئەنجامدا عزەت دووری خۆشحاڵیی خۆی بۆ کۆبوونەوەکە دەربڕی، دوای وێنەگرتن دە هەلیکۆپتەر بە شوێنیاندا هاتن و بۆ کەرکووک بردنییانەوە.

مام جەلال بۆ ڕۆژی دوایی چوو بۆ بەغدا، منیش بۆ هەولێر، فەرەیدوون بۆ سلێمانی، ئازاد هەورامی بۆ کەرکووک و سەربەست بامەڕنی بۆ دهۆک، بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ ئەو کەسانە بکەین، کە لە مەکتەبی سیاسیین، بڕیارمان دا ناوی پالێوراوەکان دەستنیشان بکەین بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی.

ڕۆژی ١٩٨٤/٩/٢٦ هەر چوارمان گەڕاینەوە بۆ بەغدا بۆ لای مام جەلال، دوای ئەوەی لەگەڵ ئەو کەسانە دانیشتین و هەمووشیان ئامادەیی خۆیان نیشان دا بۆ هاوکاریمان. دوای دوو ڕۆژ عزەت دووری و عەلی حەسەن مەجیدمان بینی، عزەت گوتی:

"ناوی پالێوراوەکانتانمان پێ بدەن".

مام جەلال گوتی:

"تا ئێستا ڕێککەوتنەکە ڕانەگەیەنراوە، تا ناوەکانتان پێشکەش بکەین".

عزەت دووری گوتی:

"وا دەچمە لای سەرۆک."

کە ئەو ڕۆژە ئەویش لە باڵەخانەی ئەنجوومەنی نیشتمانی بوو. دوای چارەکە سەعاتێک هاتەوە لامان، کە لە ژوورەکە دانیشتبووین، وەک سەتڵە ئاوێکی بەسەردا کرابێت، گوتی:

"ئێمە شتێکی گرنگمان لە بیر چووە، ئەویش هاتنتانە بۆ ناو بەرە و ڕەزامەندیتانە لەسەر بەرنامە (میثاق)ی بەرە".

مام جەلال گوتی:

"کوا بەرنامەی بەرە؟"

عزەت دووری گوتی:

"ئێستا ئامادە نییە، ئومێد دەکەم تا ئێوارەی ١٩٨٤/١٠/١ بگاتە دەستتان".

ڕۆژی ١٩٨٤/١٠/٢ چاوپێکەوتنتان لەگەڵ سەرۆک سەدام هەیە. ڕێککەوتنی سەرەتایی ئەوە بوو، ڕۆژی ١٩٨٤/١٠/٦ بانگەوازی ڕێککەوتنەکە بکرێت، هەموو بەشەکانی ڕاگەیاندن خۆیان بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە بکەن.

مام جەلال گوتی:

"با سبەی لەسەر وردەکارییەکانی هەندێک بابەت دانیشین تا لەسەریان ڕێک کەوین."

لەسەر پێشنیازی مام جەلال هەردوولا دانیشتین، شاندی ئێمە: مام جەلال، فؤاد معصوم، فەرەیدوون عەبدولقادر، مولازم عومەر، عومەر عەزیز، ئازاد هەورامی، سەربەست بامەڕنی بوون. لایەنی حکوومەت: عزت الدوري، علی حسن المجید، د. منذر الشاوی، عبدالفتاح یاسین، لیوا محمودی بەڕێوەبەری ئیستخبارات، بوون. بابەتی باس بریتی بوو لە:

بەشداریی لە هەڵبژاردن، بەشداریی لە حکوومەت، چوونە ناو بەرەی نیشتمانیی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز.

عزەت دووری گوتی:

"لە بەرە بەشـــدار دەبن، بەڵام لایەنەکانی بەرە وەک خۆیان دەمێنن، ئێمە پابەندبوونی ڕەوشـتی و بنەمایی سـیاسـیمان هەیە بەرانبەریان. بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشـــتمانی دوو ڕێگا هەیە:

ڕێگای یەکەم: وەک بەرە لیســـت پێشـــکەش دەکەین و پڕوپـاگەنـدەی بۆ دەکەین، ئەویش بەم جۆرە لەســـەر هەر کورســـییەک دوو کەس پێشـــبڕکێ بکەن. حیزبی بەعس ٢٢ پاڵێوراوی دەبێت، یەکێتی ١٢، گرووپەکانی دیکە کە لە بەرەن: "هاشـم عەقراوی ٦ پاڵێوراو، گرووپی شـێخ سـتار ٦ پاڵێوراو، بێلایەنەکان ١٢ پاڵێوراو، ئەمە بۆ ناوچەکانی حوکمی زاتی.

ڕێگـای دووەم: خۆتـان لە هەموو شـــوێنێک پـاڵێوراوتـان هەبێت، بەڵام ئەمە نابێت و کێشـــەیە بۆ بەشـــداریی لە حوکم، چونکە تەنیا دوو وەزیرتان دەبێت".

ئەم قســانە بووە هۆی قڕەقڕێک، من هەندێک قســەم کرد دەربارەی ڕێککەوتنەکەمان لەســەر بەرە "ئەم قســەیە شـــتێکی تازەیە"، مام جەلال لەسەر قسەکانیدا توند بوو، عزەت دووریش تۆزێک بە هەڵچوونەوە گوتی:

١. لانفرط بانسان قاتل معنا، کل فرد یبقی معزز مکرم.

٢. دوو پۆست لە وەزارەت.

٣. بەرە لەگەڵ هەموو لایەنەکان.

مام جەلال گوتی:

"ئەگەر پاڵێوراوی لایەنەکانی بەرە لە کوردستان دەرنەچوون هەر لە بەرە دەمێنن؟ ئەگەر ئەم لایەنانە دەرنەچوون لە هەڵبژاردندا، یەکێتی هەر دوو وەزیری دەبێت؟"

عزەت دووری گوتی:

"دوایی وەلاّمتان دەدەینەوە، بەڵام بۆ ناوچەکانی دەرەوەی حوکمی زاتی مافی خۆپاڵاوتنتان نییە!"

سەیرەکە لەوەدا بوو، کە داوامان کرد بەرنامەی بەرەمان پێ بدەن، بۆ هەفتەیەک دوایان خست، بە بیانووی ئەوەی ئەو کەسانەی کاری تایپێستی و فۆتۆکۆپی دەکەن، هەموویان لە مەشقی جەیشی شەعبی دان! بینینی سەرۆک کۆمار کە دەبووایە سبەی بێت، کەوتە دووسبەی.

١٩

دەچنە لای سەدام حوسێن

لەگەڵ مام جەلال، هەر یەکە لە؛ فەرەیدوون عەبدولقادر، مولازم عومەر و من چووین بۆ لای سەدام حوسێن، کە لە بەردەرگای هۆڵەکە بۆ پێشوازیمان وەستابوو، ئەملا و ئەولای هەمووماني ماچ کرد. دوای موجامەلات لە نێوان ئەو و مام جەلال، سەدام کەوتە باسی عێراق لە ڕووی میژوویییەوە و کەسایەتییەکانی عێراق: "بابلی، سۆمەری، ئاشووری، ئەکەدی و تا ئەمڕۆ"، ئینجا هاتە سەر باسی بارودۆخی کوردستان و گوتی:

"بارودۆخی کوردستان وەک لوبنان و چادە، هەموو لایەک هەوڵ دەدەن دەست بخەنە کاروباری!"

ئینجا من پوختەی گفتوگۆکانی خۆمانم باس کرد و ئاماژەم دا بەوەی کە ئێمە لەسەر بابەتە گشتییەکان و پرینسیپە بنەڕەتییەکان ڕێک کەوتووین، بەڵام کە وردی دەکەینەوە و دێینە سەر وردەکارییەکان، ناکۆکییەکانمان وا قووڵ دەبێتەوە، وەک ئەوەی لەسەر شتە سەرەکییەکان ڕێک نەکەوتبین! بۆیە لێرەدا پێویستمان بە گەڕەنتی هەیە، چونکە کە ڕێک کەوتین جێبەجێکردن دێتە پێش، ئەو کات هەمان ئەو کێشانە زەق دەبنەوە، وەک ئەوەی لەسەر هیچ ڕێک نەکەوتبین. دوای ئەوە ناوچەکانی حوکمی زاتی بۆ وا تەنگ کراونەتەوە؟!

سەدام گوتی:

"بە نیسبەت گەرەنتی، ئەگەر ئیمرۆ بە شێوەیەکی دیموکراسیی لیبرالّی دەنگ وەرگرم لەنێو سەرکردایەتی، ئەوا بۆ ڕێککەوتن لەگەڵتاندا تەنیا من و دوو کەس دەمانەوێت ڕێک کەوین -وا بزانم مەبەستی لە عزەت دووری و عەلی حەسەن مەجید بوو، کە هەردووکیان لە کۆبوونەکە بەشدار بوون- واتە زۆرینەم لەگەڵ نییە، کە ڕێک کەوتین پەیمان دەدەم تا ئیستیقالەی خۆم لەگەڵتان بم، نابێ کەس لە حکوومەت پاشەکشە لە ڕێککەوتنەکە بکات، گەر دیتم گیروگرفت زۆرە، دەڵێم فەرموون ئەوە چەکەکانی خۆتان و هی دیکەشتان پێ دەدەم، پازدە ڕۆژیش کاتتان دەدەمێ تا دەگەنەوە شاخ و خۆتان ساز دەدەن. من ناهێڵم پڕۆسەی غەدر لە دژتان بکرێت. کاتی خۆی لە ساڵی ١٩٧٤ وەزیرەکانی -مەلا مستەفا-مان لابوون، هەموویانم بە ئۆتۆمبێلی وەزارەتەکانیان ناردەوە، هەندێکیان دەیانویست موجامەلەیان بکەین و بڵێین بمێننەوە تا بەهانەیان هەبێت لای مەلا مستەفا، بەڵام من ڕەتم کردەوە کەس ڕێی لێ بگیرێت. سەبارەت بە ناوچەکانی دەرەوەی حوکمی زاتی، ئەوانیش مافی ڕۆشنبیریان هەیە، ئەوەتا بەغدا گەورەترین کۆڕ و کۆمەڵەی کوردیی تێدایە."

دواتر فەرەیدوون هاتە قسە، دەبووایە باسی خوێندکاران و زانکۆ بکات، بەڵام چوو بۆ سەر باسی سیاسی. خێرا سەدام قسەی لێ وەرگرتەوە، ئینجا فەرەیدوون گوتی: "جەنابتان ئەمین سڕی قوطر"ن، چۆن بۆ بەعس ئیش دەکەیت و یارمەتیی دەدەیت، پێویستە بۆ ئێمەش هەوڵ بدەیت".

سەدام گوتی:

"تا ڕادەیەک ڕاستە."

کاتێک هاتینە دەرەوە لەنێو خۆماندا دانیشتین بۆ هەڵسەنگاندنی دیدارەکە، من ڕام وابوو کە ئەو ڕێککەوتنە سەر ناگرێت، چونکە سەدام گوتی:

"ئەگەر ڕێکیش نەکەوتین، ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر پابەندبوونەکانی خۆمان بەرانبەر بە ئێوە"، خۆ دیارە بڕیارێش هەر لەدەست خۆیەتی، کە ئەو بەردەوام بێت لەسەر پابەندبوونەکانی خۆی -یارمەتیی ماددیمان پێ دەدات-، دەبێت ئێمەش بەردەوام بین لەسەر پابەندبوونەکانی خۆمان، نابێت کێشە دروست بکەین و چالاکیی پێشمەرگایەتیمان هەبێت.

یەکسەر مام جەلال گوتی: "باشە بۆ چوویت؟"

٢٠

بەردەوامین

دوای چەند ڕۆژێک لەگەڵ شـــاندی حیزبی و حکوومی دانیشـــتین، لایەنی ئێمە بریتی بوو لە شـــاندەکەی خۆمان، بە سەرۆکایەتیی مام جەلال، لایەنی ئەوانیش: "عزت الدوري، علی حســـن المجید، نعیم حداد -کە بۆ یەکەم جار بوو لەگەڵمان دانیشـــت بۆ گفتوگۆ- بەرپرســـی کاروباری بەرە بوو"، عزەت دووری گوتی:

"بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشـــتمانی دەتوانن بۆ هەر ٢٩ کورسییەکە خۆتان هەڵبژێرن، دەبێت ئێستا بەشدار بن لە بەرە و ببنە ئەندام تێیدا، ئێمە ویستوومانە کارئاسانی لەگەڵ ئێوە بکەین، یەکەم جـار لەگەڵ ئێوە دادەنیشـــین و دوایی لە نێوان ئێوە و لایەنەکانی دیکە هاتوچۆ دەکەین - واتە دەبێت ئەوانیش ڕازی بن ئینجا بچنە ناو بەرە- بۆ حکوومەتیش دوو وەزیرتان دەبێت".

لەســـەر ئەوە کەوتینە تاوتوێ، من قســـەم کرد، بەوپێیەی ڕێککەوتنی نێوانمان هەیە و من واژووم کردووە، گوتم:

"بە دیکۆمێنت وەرەقەیەکمان هەیە، ئەو قســـەیەی ئێســـتا پێچەوانەی ئەو وەرەقەیەیە!"

وەرەقەکەم دەرهێنا و گوتم:

"شتێکی سەیرە وا دەکشێنەوە لە ڕێککەوتنی واژوکراوا!"

مام جەلال ڕووی لە عزەت دووری کرد و گوتی:

"ئەگەر ئەو حیزبانە لە ناوچەی حوکمی زاتی هیچ کورسییەکیان بەدەست نەهێنا، ڕاتان چییە؟!"

عزەت دووری گوتی:

"بە ڕای شەخسیی خۆم، مافیان نییە لە بەرەدا بمێنن."

مام جەلال بە توندییەوە گوتی:

"من ڕای ڕەسمیم دەوێت، ئەگەر ئەوانە لە ناوچەی حوکمی زاتی لە هەڵبژاردن دەرنەچوون، هەر تەنیا دوو وەزیرمان دەبێت یان زیاتر؟!"

عزەت دووری گوتی:

"دوایی وەڵامت دەدەمەوە."

مام جەلالیش لە کاتی هەستاندا گوتی:

"چاوەڕوانی وەڵامتانم، برادەرانیش کە لێرەن دەگەڕێنەوە مەکتەبی سیاسی بۆ ئەوەی بزانین بیروبۆچوونی برادەرانی سەرکردایەتی چییە."

عزەت دووری بۆ بەڕێکردنمان هاتە دەرەوە، مام جەلال لێی پرسی:

"شاندێکی تورکی لە بەغدایە، هاتنی ئەوان چ پەیوەندی بە مەسەلەی ئێمەوە هەیە؟"

عزەت دووری بە دەنگێکی ســـەیر جنێوێکی بە تورکیا و تورک دا، واتە بەوپێیە مەســـەلەی گفتوگۆی ئێمە، بـابەتێکی گفتوگۆی شـاندی تورکی بووە لەگەڵ حکوومەتی عێراق! ڕەنگە ئەمە تا ڕادەیەک ڕاست بێت، بەڵام حیزبی بەعس خۆی باوەڕی بە ڕێککەوتنەکە نەبوو، بە تایبەتی لەگەڵ یەکێتییەکی سەرگەرم و چاونەترس.

دوای نیوەڕۆ عەلی حەســـەن مەجید تەلەفۆنی بۆ مام جەلال کرد و گوتی:

"سەبارەت بە پرسیارەکانی ئەمڕۆت:

"١. لانفرط بانســـان قاتل معنا، كل فرد يبقى معزز مكرم فى الجبهة وانتخاب مندوب واحد عن أى حيزب فى أى مدينة عراقية، سبب لبقائه فى الجبهة".

٢. الاشـــتراک فقط بوزيرين "لكم" فى الحكومة ولا تعديل فى الوزارة فى هذه الدورة."

واتە وەزیرەکـانی ئەو گرووپە کوردانەی لە حکوومەتـدان، وەک خۆیـــان دەمێننەوە. لێرەدا بە تەواوەتی دەرکەوت کە نایانەوێت لەگەڵمان ڕێک کەون، چونکە لە لایەک هەســـتیان کرد یەکێتی دەستەمۆ نابێت، لە لایەکی دیکەشەوە خەریک بوو بارودۆخی شـــەڕ لەگەڵ ئێران بە قازانجی حکوومەتی عێراقدا بڕوات.

٢١

پاشەکشەکردن

لە هۆتێل داوامان لە مام جەلال کرد، کە ئەو بگەڕێتەوە بۆ کوردستان بە ناوی ڕازیکردنی برادەران لە وڵات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ گفتوگۆکە، تا بەعسییەکان وا بزانن مام جەلال لەگەڵ ڕێککەوتنە، ئێمەش دوای دوو سێ ڕۆژ دەگەڕێینەوە، چونکە مەبەستمان بوو مام جەلال بە سەلامەتی بگەڕێتەوە، بەڵام مام جەلال قبوولّی نەکرد و گوتی:

"ئێوە برۆنەوە، منیش لێرە هەوڵ دەدەم، بارودۆخەکە سارد بکەمەوە، دوای دوو سێ ڕۆژی دیکە منیش دەگەمەوە لاتان."

بە کورتی پێی داگرت، کە ئێمە پێش ئەو برۆین.

دوای گەڕانەوەی مام جەلال بە چەند ڕۆژێک، لە ڕێکەوتی ١٩٨٤/١١/١٥ عەلی حەسەن مەجید، دکتۆر فوئاد تاڵەبانی -کە پزیشکێک بوو لە بەغدا- بۆ لای مام جەلال نارد و ئەم قسانەی پێ بوو:

١. جاش حەل ناکرێت، بەڵام لە سەربازگەکان دەبن، لە دەرەوەی سەربازگەکان نابێت چەکیان پێ بێت.

٢. بۆ چوونە بادینان گەر بێ ڕەزامەندیی ئێمە بچن، لێیان دەدەین، واتە گەر یەکێتی بیەوێت بچێتە ئەو ناوچەیە.

٣. ئەم جارە شـــەڕ دەســـت پێ بکاتەوە زۆر توند دەبێت، کوردستان دەبێت بە یەک پارچە ئاگر.

٤. ســـەبارەت بەو لایەنانەی لە بەرە بوون، ئێســـتا وەک کێشەیەک نەماون، چونکە لە ئەنجامی هەڵبژاردن دەرنەچوون.

بڕیـار درا عـومەر عەزیز "نوێنەری یەکێتی لە لیژنەی هەماهەنگی بالا"، بە هەندێک پێشـــنیازەوە بچێت بۆ بەغدا و عەلی حەســـەن مەجید ببینێت، پێشـــنیازەکانیش شـــتێک بوو لە بابەتی ئاگربەست.

لە ڕێکەوتی ١٩٨٤/١١/١٦ ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشـــتمانی لە هەر ســـێ پارێزگاکانی ناوچەی حوکمی زاتی ڕاگەیەنرا، کە بەم جۆرە بوو:

١. ژمارەی دەنگدەرانی ســـلێمانی: ٣٠٠٢٥٤، لەمە ٨٨٤٣٥ دەنگیان داوە.

٢. ژمارەی دەنگدەرانی هەولێر: ١٠٨٨١٧، لەوانە تەنیا ٢٩٤١٥ دەنگیان داوە.

٣. ژمارەی دەنگدەرانی دهۆک: ٦٨٥٩٩، لەمە تەنیا ٥٥١٦١ دەنگیان داوە.

لەگەڵ ئەو هەمـوو تونـدوتیـژییەی حیـزبی بەعـس و دامودەزگاکانی حکوومەتەکەیان، ئەم ڕێژە کەمە بەشـــداریی دەنگدانیان کرد.

ئەم مانگە هەر یاداشـت و یاداشـتکاری بوو لە نێوان ئێمە و

حکوومەتدا، کە زۆربەیان لە بارەی پێشێلکاریی یەکتر بوون.

ئێمە سوودمان لە گفتوگۆ وەرگرت، پشوودانێکی باش بوو بۆ پێشمەرگە، هەوڵیشمان دەدا پەیوەندیمان لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان باش بکەین. هەندێک پارەمان پاشەکەوت کرد، یارمەتیی پێشمەرگە دەدرا، ماڵە شەهیدەکانمان بەسەر کرانەوە و یارمەتیی دران، ئەو پێشمەرگانەی ژنیان هێنا، کۆمەکی هەر هەموویان کرا.

***

٢٢

شەڕ دەبێتەوە

سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، بڕیاری دا لە ڕۆژی ١٩٨٥/١/١٥ پچڕانی گفتوگۆ ڕابگەیەنێت.

ڕۆژی ١٩٨٥/١/١٧ یەکێک لە کادیرە لێپرسراوەکانی مەڵبەندی سێ هاتە مەکتەبی سیاسی و داوای تەقەمەنی کرد، پەلە بوو گوتی:

"تا بە برادەرانی ڕابگەیەنم، چونکە بڕیارتان داوە ڕۆژی ١٩٨٥/١/١٥ پەلاماری ڕەبیەکان بدەین."

منیش کە خۆم کارگێڕی مەکتەبی سیاسی بووم، ئەم قسەیەم لا سەیر بوو، چوومە لای مام جەلال و گوتم:

"وا دیارە ناڕوونییەک هەیە، دەبێت ئاگاداری مەڵبەندەکان بکەینەوە، کە بڕیاری پەلاماردانمان نیە، هیچ لایەک لە خۆیەوە هیچ چالاکییەک نەکات. پەیامی پچڕانی گفتوگۆ لە جیاتیی ڕۆژی ١٩٨٥/١/١٥ با بکرێتە ڕۆژی ١٩٨٥/١/١٧. بۆ ئەوەی پێ ڕابگەین ئاگاداریان بکەینەوە، وا دیارە هەموویان چاوەڕوانی بەیانەکەن"، ڕازی بوو لەسەر ئەم پێشنیازە.

حکوومەت لە سەرەتای ساڵی نوێ "سعدي مهدي صالح"، ئەندامی سەرکردایەتیی قوترێ و بەرپرسی ڕێکخستنەکانی

باکووری نارده لامان، ئەوە بوو کە بارودۆخەکە نەوروژێنین و ئارامیی ناوچەکە تێک نەدەین. دیار بوو هەندێک زانیاریان بۆ چووبوو، کە نەخشەی پەلاماردانی هێزەکانی حکوومەتمان هەیە، بەڵام لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٥/٢/١٥ گەورەترین چالاکیی پێشمەرگە ئەنجام درا، کە گرتنی زنجیرە شاخەکانی دابان بوو، بە سەرۆکایەتیی مولازم عومەر لە ماوەی چەند سەعاتێک هەموو ڕەبایە و هێزەکانی حکوومەت، لەمدیو و ئەودیو هەمووی کەوتە دەست خۆمان.

کە شاندی ئێمە "فؤاد معصوم، فەرەیدوون عەبدولقادر، مولازم عومەر، عومەر عەزیز" دانران بۆ گفتوگۆ، داوای کۆنووسی دانیشتنی گفتوگۆکانی مام جەلال و حکوومەتم کرد. دیتم بە چەند جارێک نزیکبوونەوە هەبووە بگەینە ئەنجام، بەڵام مام جەلال یەکسەر بازی داوە بۆ سەر بابەتێکی دیکە، بۆم دەرکەوت لە دڵدا لەگەڵ گفتوگۆدا نەبووە، هەر لە سەفەری یەکەم کە چووە بەغدا، ئەو کات کە بارودۆخی ڕژێم لە شەڕەکانی ئێران باش نەبوو، دەیتوانی تەنانەت بە ڕای خۆم، هەندێک لە کێشەکانی لە ناوچەکانی کوردستان، کە کەوتوونەتە دەرەوەی سنووری حوکمی زاتی چارەسەر بکرێت.

کە لێم پرسی بۆ جاری یەکەم تەواوت نەکرد؟ عەبدولڕەحمان قاسملوو کە لە کۆبوونەوەی یەکەم ئامادە بوو هەمان بۆچوونی هەبوو، گوتی:

"ئەمدەزانی خەڵک وا حەز بە ڕێککەوتن دەکەن، بەڵام

ڕۆژی نـــەورۆز بـــۆم دەرکەوت کە ئـــــەو خەڵکە حەز بە ڕێککەوتن دەکەن. گفتوگـــــۆکانی دواییش قەناعەتی پێ نەدام بتوانین ڕێک بکەوین، ئەوان ڕێککەوتنیان دەویست بە مەرجی خۆیان و ئێمەش دەمانویست بە مەرجی خۆمان، دیارە لێرە مام جەلال لەسەر حەق بوو، ئەو ڕژێمە جێگەی باوەڕ نەبوو.

دوێنێ وا بوو

حیساباتی شام

١٠٨٥٠ ل. س یارمەتی مانگانەی ١٧ عائلەی شـــەهید لە قامشلی + بوزی + علی خان.

٢٢٠٠ ل. س یارمەتی شیرکۆ + ئەکرەم + کرێ خانوو.

٢٢٥٠ ل. س یارمەتی مالّی شەهید خالد لەگەڵ کرێ خانوو.

٢٠٠٠ ل. س یارمەتی مال و منداڵی شەهید سید کریم.

٤٠٠٠ ل. س یارمەتی مانگانەی جەماعەتی شەهید نەجۆ.

٦٠٠٠ ل. س یارمەتی مانگانەی ئالّای رزگاری"خالد".

١٥٠٠ ل. س یارمەتی مانگانەی سەرکۆ عوسمان.

٢٧٥٠ + ١٦٠٠ = ٤٣٥٠ ل. س یـارمەتی مـانگـانەی منداڵەکانی علی حوێز لەگەڵ کرێی خانوو.

١٠٠٠ ل. س یارمەتی مانگانەی خوشـــکە بەیان "لە مالّی کاک علی حوێز دەمێنێت".

تێبینی: مالّی شـــەهید خالد دەبێ دوو مانگ جارێک، کرێ خانوو بدەن. مالّی کاک "علی حوێز" ســـێ مانگ جارێک "مقدما".

رێکخراو پێویســـتی بە یارمەتی هەیە بۆ چاپ و فۆتۆکۆپی ئەدەبیاتمان، چونکە موراقەبەی شـــتەکانمان دەکرێت، ئەگەر لە نوســـخە زیاتر بۆیان چوو. لەدوایە ئەنســـاتیان هەیە، شـــتمان بۆ چاپ دەکەن و پێویستیان بە نەسریە هەیە.

لەدوایە هەندێ مەســـــروفی تریان هەر دێتە ســـــەر، وەکو تەلەفۆن یـان لەپڕ کوردێک لەئیران پەیـدا دەبێ و هتـد. ئەمە پوختەی میزانیەی شـــــامە کە دەکـاتە نزیکەی ٣٥٠٠٠ ل. س مانگێ.

بۆ ئاگـاداریـت: برادەری ئەزیز لەناو ئەو فڕۆکەیە بوو، کە چوو بەزۆر دایبەزاند لەلای خۆیان. ئەوەی ســـوورەی تێدا بوو، ئێمە ئەو کـات لە شـــــام بووین، چـاومـان پێ کەوت پـاش گەڕانەوەیان بە سەلامەتی.

بۆیە تەنها لە شام پەیوەندی لەگەڵ هەینی دەکەین، چونکە بالیۆزخانەی ئەوەی موختەســـە بە شـــئوونی عیراق و موعارەزەی عیراقی. ئەوانەی دەرەوە ئاگایان لە هیچ نییە.

* * *

نامەی "هێمن"

١٩٧٨

بۆ کۆمیتەی ســەرکردایەی یەکیەتی نیشـتمانی کوردســتان لە دەرەوەی وڵات

سڵاوێکی شۆڕشگێرانە

لەبەر ئەوەی کە هەســـت دەکەم ئیســـتە شـــۆڕشـــەکەمان بە قوناغێکی زۆر ناســـک و تاریکدا ئەروات، بەتایبەتی پاش ئەو

کارەساتە گەورەیەی بەسەر هەڤالآن عەلی عەسکەری و خالید سەعید و هاوڕێ یانی تر داهات، بەشی هەرە زۆری کادرە عەسکەری و سیاسییەکانی شورش لەگەڵ "٤٠٠" چوار سەد پێشمەرگەی بژاردەی لەلایەن بەکرێگیراو و نۆکەر و دەستێژەکانی ئیمپریالیزم بەدیل گیراو، ژیانی کادرە عەسکەری و سیاسییەکانیشمان کەوتووتە مەترسییەوە، بۆ رزگارکردنی شورشەکەمان و ئەو کادرە چالاک و دلسۆزانەی لە بەری خەبات و تێکۆشانی نزیکەی "٣٠" ساڵی میللەتەکەمانە، تا ئەوانەی پێگەیاندووە، بۆ ئەوەش کە وەزعیی کورد و کوردستانی عیراق بە دەردی کورد و کوردستانی تورکیا و ئیراندا نەچێت، دەمەوێ زۆر بە صراحەت و ئازادانە رەئی خۆمتان بۆ بنوسم، ئەگەرچی ئەو رەئیەی من، رەنگە لەگەڵ رەئی زۆرتان ڕێکنەکەوێت و زۆریشتان بڵێن "هێمن" دیارە رووخاوە یان شۆرشگێر نەبووە و نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش من بە پێویستی دەزانم، کە بەئاشکرا و جەسارەتەوە رەئی خۆمتان بۆ دەربېرم، هیواداریشم کە ئێوەش زۆر ورد لە مەسەلەکە بکولنەوە و رەئیەکانی منیش هەڵبسەنگێنن، بە چاوی واقع تەماشای وەزعەکە و دوارۆژی بکەن.

بەرەئی من، پاش ئەوەی کە ئێمە لە تورکیا ئەو ضربە گەورەیەمان خوارد، بەشی هەرە زۆری کادرە عەسکەری و سیاسییەکانمان گیران، ئەو هێزە بژاردەیە گەورەیە کە نزیکەی "٧٠٠" پێشمەرگە بوون لەناوچوون، گلۆرەی ئێمە کەوتە لێژی و پارسەنگی قیادەی موقەتە گران بۆوە، ئیستە معنویاتی ئەوان

بەرزە و بەپێچەوانەش هی باقی برا پێشمەرگەکانی ئێمە نزمە، قیادەی موقەتەش لەسەر ئەو سەرکەوتنە ئەروات، هاندانی ئێران و ئاغاکانی تریان هەولئەدەن دەستبەکەوتی تر دەستبەنن و بێگومان هێزێکی گەورە ساز ئەدەن، ئەنێرنە سەر هەڤالانمان لە ناوچەی سۆران و ئیران یارمەتییان ئەدات، عیراقیش چاویان لێ ئەپۆشێت و بێگومان تا ماوەیەکی زۆریش ئێمە ناتوانین چەک و پارە بۆ هەڤالانمان بنێرین، بۆیە هەڤالانمان لە سوران ناتوانن تا ماوەیەکی زۆر شەری عیراق و ئیران و قیادەی موقەتە بکەن، بۆیە تازە ئێمە وەکو هێزێکی کاریگەر و توانا ناتوانین لەناو شۆرشدا بمینێنەوە، بۆیە بەرەئی من ئەبێ؛

هەولبدەین لەگەڵ قیادەی موقەتە راستەوخۆ بکەوینە گفتوگۆ، لەگەڵیان رێکبکەوتن بۆ دانانی جبهەیەک، وەک ئەوەی ئەوان لەپێشەوە داوایاندەکرد، بۆ ئەوەی وا بکەین ئەو هەڤالانەمان هەموو بەربەدەن و احتفاظ بە هێزەکەی خۆمان بکەین، هەولبدەین هەمیشە گەشەی پێ بکەین، لەرووی چەندایەتی و چۆنیەتییەوە بۆ ئەوەی هەر وەختێک قیادەی موقەتە، ویستی شۆرشەکە بخاتەوە سەوداسەوداکاری یان لە ئەنجامی داوای ئاغاکانی دیسان کۆتایی بە شۆرشەکە بهێنن، ئەوا ئەو وەختە ئێمە، کە بە هێزێکی باشەوە لە مەیدان ماوینەتەوە رازت نابین، لەسەر پەرەپێدانی شۆرشەکەمان ئەروین. واتە ئێمە ئەگەر بەهێزێکی باشەوە بمینینەوە، ئەوا هەمیشە ضمانی بەردەوامبوون و سەلامەتی شۆرشەکە ئەبین.

یان ئەگەر ئەوم رەئیەم قبول ناکەن و ئامادە نین، لەگەڵ

قیادەی موقەتە رێکبکەون، ئەوا من وای بەباش دەزانم، کە خۆمان لە مەسئولیەتی شۆرشەکە دەربهێنین، هەموو ئۆبالەکە بخەینە سەرشانی قیادەی موقەتە، بەوەی کە بەیانێکی دوور ودرێژ دەربکەن، تێیدا باسی هەموو چالاکییەکانی خۆمان و تضحیە و فیداکاری یەکانمان بکەین، هەروەها باسی هەموو خراپەکارییەکانی قیادەی موقەتە لە رۆژی یەکەمی شۆرشەوە بکەین، لە دواییدا پیشانبدەین کە ئەوانە بە پشتیوانی ئیران و تورکیا و عیراق و ئەمریکا بەرهەڵستی ئێمە ئەکەن، نایەلین پەرە بە خەبات و تێکۆشانمان بدەین، رێگەی چەک و هەموو یارمەتییەکیان لێ گرتووین، بۆیە ئەوا ئێمە خۆمان کشاندەوە بۆ ئەوەی چی تر، نەبینە هۆی یەکتری کوشتن و ئەوان شۆرششمان چی بەسەر بێت، ئۆبالەکەی وەک شۆرشەکەی پێشوو ئەکەوێتە ئەستۆی ئەوان.

ئەو رەئیەی دوانییەم بۆیە پەسند ئەکەم، چونکە وەکو لە پێشەوە باسم کرد، پاش ماوەیەکی تر ئێمە، وەکو هێزێکی کاریگەر و موثر ناتواین بمینێنەوە، چونکە ئیمکانیاتمان زۆر کەمتر ئەبێت، سەرەرای ئەوەی کە ئەو کارەساتە بێگومان تاثیرێکی زۆر خراپ ئەکاتە، سەر معنویاتی برا پێشمەرگەکانمان، بەپێچەوانە، وەزعی قیادەی موقەتە باشتر ئەبێت، چونکە ئەو سەرکەوتنە گەورەیان دەست کەوتووە و سەرەرای ئەوەش کە ئیمکانیاتی مالییان لە ئێمە گەلی زۆرترە، ئیرانیش بۆ لەناوبردی ئێمە لە یارمەتیدانیان دریخی ناکات.

ئەمە سەرەرای ئەوە کە ئەگەر ئێمە لە مەیدان نەماوین، ئەوا

بێگومان ئیران گوییان ئەگرێت و ئەیانباتەوە ئەو دیو بۆ زیاتر مەمنونکردنی عیراق، تا زیاتر بۆ لای خۆیانی رابکێشن.

ئیتر ئەمە رەئی منە ، لە عەینی کاتدا من ملکەچی رەئی زۆرینەم و ئێوەش چی پەسند بکەن رازیم، حەزیش ئەکەم ئەگەر پۆستەتان بۆ "س" ی بەرێز نارد، لەو رەئیە ئاگادارم بکەن.

ئیتر بۆ پێشەوە ١٩٧٨/٧/١٥

هەڤاڵتان هێمن

تێبینی بە رەئی من، بەبێ رێککەوتن لەگەڵ قیادەی موقەتە راستەوخۆ، هیچ مومکین نیە ئەو برادەرانە بەربدەن.

* * *

"نامەکە "هێمن" نووسیویەتی، باس لە باردۆخی یەکێتیی و کوردستان و جیهانیش دەکات. نووسەرەکەی سەرکردەیەکی یەکێتییە"

* * *

ئەلبووم



دکتۆر فؤاد و ڕووناک و منداڵەکان لەناو هۆڵی
بەرگریکردن لە نامەی دکتۆراکەی - قاهیرە.



گەلی عەلی بەگ ١٩٦٨/٩/١٧

ڕووناک و شوان و کیژەکانی

ڕووناک و شوان و کیژەکان

ڕووناک؛ دایک، مامۆستا



دکتۆر فؤاد و ڕووناک لەگەڵ منداڵەکان





دکتؤر فؤاد له قاهیره







فرانکفورت - ۱۹۷۷/۸/۱۵







گشتی ی شۆرشگێڕانی کوردستان
١٩٨٩/٦/٥-٢



لەندەن ١٩٨٧/٣/٢٧











چەند نامەیەک لە ئەرشیفی
دکتۆر خدر مەعسووم هەورامی

[illegible] ... [illegible]

[illegible] ... [illegible]

[illegible] ... [illegible]

بود از وظایف و اهداف خویش دور شده و به سوی کسب قدرت و کرسی‌های مجلس و وزارت گام برداشته و به تدریج ماهیت مبارزاتی خود را از دست داده و به یک حزب سیاسی تبدیل شده بود.

در این دوران بزرگ‌ترین ضربه از طرف دولت مصدق بر پیکر نهضت وارد شد. دولت مصدق با تصویب قانون منع مداخله نظامیان در سیاست، عملاً نیروهای مسلح را از صحنه سیاست کنار گذاشت و با این کار ضربه بزرگی بر پیکر نهضت وارد کرد. زیرا بخش عمده‌ای از نیروهای مسلح را افسران ملی‌گرا و مذهبی تشکیل می‌دادند که در جریان قیام سی تیر نقش مهمی ایفا کرده بودند. با این قانون، دولت مصدق عملاً این نیروها را از صحنه سیاست کنار گذاشت و آنها را در موقعیت انفعال قرار داد.

در همین دوران بود که دولت مصدق با تشکیل کابینه ائتلافی از نیروهای ملی و مذهبی، سعی در حفظ وحدت نیروهای مبارز داشت. اما این ائتلاف نیز دوام چندانی نیاورد و به زودی از هم پاشید. در این دوران، دولت مصدق با اتخاذ سیاست‌های اقتصادی نادرست، از جمله ملی کردن صنعت نفت بدون برنامه‌ریزی کافی، اقتصاد کشور را با بحران جدی روبرو کرد. این بحران اقتصادی، که ناشی از تحریم نفتی انگلستان و کاهش شدید درآمدهای نفتی بود، زمینه‌ساز نارضایتی گسترده در میان مردم شد.

در این شرایط، دولت مصدق برای مقابله با بحران اقتصادی، به اقدامات سرکوبگرانه روی آورد. از جمله این اقدامات می‌توان به تعطیل روزنامه‌ها، محدود کردن آزادی‌های سیاسی و دستگیری مخالفان اشاره کرد. این اقدامات، که در تضاد آشکار با شعارهای اولیه نهضت ملی شدن نفت بود، باعث شد که بسیاری از نیروهای مذهبی و ملی‌گرا که در ابتدا از حامیان دولت مصدق بودند، به مخالفان او تبدیل شوند.

در این دوران، جبهه ملی دوم نیز که توسط کسانی مانند کاشانی و بازرگان تشکیل شده بود، نتوانست نقش مؤثری در صحنه سیاست ایفا کند. این جبهه نیز به جای بسیج نیروهای مردمی برای مقابله با کودتا، به مذاکره با دولت مصدق روی آورد و در نهایت نتوانست مانع از وقوع کودتا شود.

در روز ۲۸ مرداد، نیروهای ارتش و عوامل سازمان سیا و انگلستان، با بسیج اراذل و اوباش و با همکاری برخی از نیروهای نظامی، کودتا را علیه دولت مصدق به اجرا درآوردند. در این کودتا، دولت مصدق سرنگون شد و محمدرضا پهلوی به قدرت بازگشت. این کودتا، که به کودتای ۲۸ مرداد معروف است، نقطه پایانی بر دوران نهضت ملی شدن نفت و دولت مصدق بود.

پس از کودتا، سرکوب گسترده‌ای علیه نیروهای ملی و مذهبی آغاز شد. بسیاری از رهبران و فعالان این نیروها دستگیر، زندانی و یا مجبور به ترک کشور شدند. در این دوران، فضای سیاسی کشور به شدت بسته شد و هرگونه فعالیت سیاسی مستقل سرکوب شد. این سرکوب، که تا سال‌ها ادامه داشت، ضربه بزرگی بر پیکر نیروهای ملی و مذهبی وارد کرد و باعث شد که این نیروها برای مدت طولانی از صحنه سیاست کنار گذاشته شوند.

در این دوران، نهضت مقاومت ملی (ک.م.) و (پان‌ایرانیست‌ها) که بیشتر به نام‌های گارد مقاومت ملی و نهضت مقاومت ملی شناخته می‌شدند، تلاش کردند تا با سازماندهی مخفی، به مبارزه با رژیم ادامه دهند. اما این تلاش‌ها نیز با شکست مواجه شد و بسیاری از اعضای این نهضت دستگیر و زندانی شدند.

ناصرخان ایلخانی قاسم تا شانزده نفر به کمک زور عزل کردن و رسیدن ما تصمیم گرفته ایلخانان
تقریباً لرستان تصفیه کردن نادرخان که لرزنی به تهران ... کرستی
دیدیم که من نمانده و دشمن نابود شده عراق ، جنگ لرها ایلخانان بیوه کرده بانور
به سلیمان روز صد تومان جارچی ۳۷ صد کلاه هاشمی و جایی کمتر ... صد کلاه
چرک کرده و شیشه صد تومان لرها گرفته بازار گرفته و لگرتن
گرفتن کاخ خدمان به تابعیت تهران مستقل خوش . تجمعات قاسم شیشه لرستان
لرکمایی و صد سوسنوری تهران به ریشه خودمانده .

در بستی باش اردو شصت و پنجاه نفر تهران به لرستان به بیرون و نگو با کاخ
بر یکدیگر بلاد نابینا شده ، لرها رهبران نیازمان دارم صد سوار و کاخ ایلخانی
تهران دوستان دیگر شده چاپ بگیرند . جنگ لرها تهران با بودن تهران و با تهران
با بودن شیشه بودن تهران و چاپ گرفتن لشکر تهران ناخوش شیشه لرستان کوه شیشه
به بودن ناخوش خدمان پیشکش کنند صد سوار بلاد کرده کاخ ای تاک
صد شواره و بیابان نوش و کرانه تهران چاپ کرده شده .

بدانستی زور سوره که نادرخان شورشی کرد لرستان گذاشته و به تهران
جدا یک تاخت ، نه گذرچی نه صد سوار داده گرفتن از کوه رستم به دشمن
به لکه صد دل بدون صد نفر روزنامه نوس ، نوشتن سالنامه و ده با
انبار کرده بودند .

حکومت سوره دانستن لرستان تهران تعریف و تمجید ، اعلام و گرفتار کردن ما
به لام رفته کاخ نادرخان نابود به نام شده کرد و نه گرفتن تهران بود تصفیه کردن
یکدیگر لرستان تقاعد کردن و گرفتن دشمن لی سوره نشده ده .

یکدیگر نادرخان به کاخ باش و بیهوده پیشکش گرفتن .

شیشه خدمان یکی یکدیگر صد ملیه یکی گرد و تهران بود با دشمن بر

(۲) کاخ لرستان تصفیه کرده

جیه ئاماژه ی بۆ کراوه ئیوه ش بۆتان هه یه له لای خۆتانه وه له گۆشته وه ی چۆن،
دروستکردنی مرۆڤ، چۆنیه تی کۆکردنه وه ی کۆمه ڵان و ئاردنه وه ی بۆ ناو ئاماده کاری
نان و چۆنیه تی چێشت لێنان و ئاماده کردنی شتومه کی پێویست بۆی.

واته له سه ر ئیوه پێویسته که :

(١) - به زووترین کات پێشکه شی بکه ن نه وه ک نزیک بکه نه وه له سووتان.

(٢) - ده فره ڕه قه کانی لای عوسمان و فارس و محمد حسن
چه کداربکه ن و ساڕێژیان بده ن بۆ ئه وه ی هاوکاری
ئیمه بکه ن له نانهێنان دا.

(٣) - پارێزگاری سه ر به پارێزگا و یاوه ری ئیمه
به که فالێتی ده ره نامه ی پارێزگا چه کدار بکه ن
به پێشڕه وی له نانهێنان دا هاوکاری ئیمه بکه ن

(٤) - بڕیاری لای ئێوه ی کاک سالار عه بدوڵڵا که مال،
ملازم عه بدوڵڵا و بڕیاری ئێره ی کۆمه ڵه ی ژیانه وه
هێزێکی بگه یێنه ته ورگیا بۆ سه رپه رشتی کردن و
هاوبه شیکردن له نانی (٣) شته ی سه ره وه دا.

(٥) - به ره سمی نامه بنێرن بۆ عه بدولحه مید یا ملا عه بدوڵڵا
یان ملا یاسین که چه ند ره کابێکی ساڕه ڕه ن بۆ
ئێمه له ناوچه ی عه گیدا به هاوکاری ئێمه کار بکه ن

(٦) - تکایه زۆر پێویسته بکه ن له ناردنی ئه ندامی دژی ده ره
وه ی شاری سوک و نه وچه کانی که به کار
دێت دژی هه لیکۆپته ره کانی دژی ڕژێم
کۆنکرێت که له ئاوایی جه کارێته وه نه وانه
که نه هه ڵ ده نه نۆ پێدا کردنی هه ده ها

ملەکان گرتن و ئیدام بەردەوام ، و ئێستە بەکۆمەڵ بۆ ئێران کەوتوونەتە
سەردەمی سەرکوت و ئەنفال و ئامۆژگاری خۆشکردن لە کوردی ئێران
ڕۆژانە ئیدام کراون ، ژمارەیەکی زۆر ئافرەتن کە دوای ئەنفالەکان
لای کەڵەکرا و ئێستا ئیدامدەکرێن ، ئەو ڕەفتارە لەگەڵ مرۆڤایەتی
خراپترە کە ئەمریکا لەگەڵ ئەفغانستان دەیکات بۆیە ئێمە
پێویستە ئەم ڕەفتارە بە توندترین شێوە ڕەتبکەینەوە.

بەگشتی ئەتوانین هەڵمەتێکی ڕێکخراو دژی ئیدامەکان بەهەموو
شێوەیەکی شارستانی و لەچوارچێوەی حقوقی مرۆڤ و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

دەبەگشتی ئێمەی ئەکرد بەم هەڵمەتە هەندێک بیرۆکەی دەخستەڕوو:

هەروەها هەوڵدەدەن کەلەگەڵ
ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی
دۆستدا کاری لەگەڵ بکەن
بۆهەماهەنگی.

کوردستانی یان نەمان ۹۷۷/۹/۱۷

بۆ ئەوەی بەڕێز وەفدەکەی یەکگرتووی ئەمریکا
پێشکەش بکرێت

دوای سڵاو و ڕێز هیوادارم خۆشبێتەوە. ئێمەش باشین. بەڕاستی زۆر دڵتەنگ بووین کە نەیانتوانی وەک جارانی تر بێنە هەرێمەکەمان بۆ دیدار. ئەوەی کە ئێستا ئێمە دەیبینین ئەوەیە کە هەرێمەکەمان بەرەو ڕووی ئاڵۆزی و تەنگژەی زۆر گەورە دەڕوات. ئەوەی کە ئێمە لە ۹/۱ کۆبوونەوەمان دەستپێکرد تا دەگاتە ۹/۱۰ کۆتایی پێ هێنرا لە هەموو ڕوویەکەوە بارێکی سیاسی هەستیارمان هەبوو و هەموو هێزەکانی سیاسی بەشداری تێدا کرد. هەروەها ئێستا هێزە سیاسییەکان بەشداری دەکەن لە ڕێکخستنەوەی بارودۆخەکە.

۲. ئێستا هێزە سیاسییەکان لە ۱۴ ئەندام پێکهاتووە کە دەستەی سەرکردایەتی پێکدێنن کە ۱۲ ئەندامی هەیە و ۲ ئەندامی یەدەگ. هەروەها ۱۴ ئەندامی ئەم دەستەیە بەشێوەیەکی هاوبەش ۶ ئەندامی کۆمیتەیەکی جێبەجێکاری هەڵبژاردووە کە ئەمانەن: ۶ ئەندامی ئەم کۆمیتەیە بەشێوەیەکی هاوبەش ۶ ئەندامی کۆمیتەیەکی جێبەجێکاری هەڵبژاردووە کە ئەمانەن: هەڵبژێردراوەکانی کۆمیتەی جێبەجێکاری بەم شێوەیەی خوارەوەن:

هێزە سیاسییەکان لە ۵ ئەندام پێکهاتووە کە هەڵبژێردراوەکانی کۆمیتەی جێبەجێکاری بەم شێوەیەی خوارەوەن:

هەروەها ئێستا هێزە سیاسییەکان لە ۵ ئەندام پێکهاتووە کە هەڵبژێردراوەکانی کۆمیتەی جێبەجێکاری بەم شێوەیەی خوارەوەن:

به‌راستی ئەم کوبوونەوانە بونیادێکی پێویستیان بو بە تایبەتی کە ئەم کوبوونەوە بو ئەوەی پێروت وە هەڵوێستی ئێستای کاربەدەستانی ئەم وڵاتە بەرەو

٤ - وەزیری بەسەرچوی کۆرستان (جگە لە بادینان) کرا بە ئەندامی ئەم وەفدە جگە لە ئامادەبوونی سیاسی بوداز کە وەکیلی بەسەرچوی ئامادەیی . جگە لەوە تەوەتیکی گەورەکیشی کە بریتی بو لە ٥٠ چەکدار لە ژێر کاربەدەستی ئەمنی . ئەم وەفدە هاوکاری لە ژێر دکتۆر خالد عەبدوڵا ئەنجا

له رای ئه‌ی ئیمه‌وه‌ئه‌وان . خوشتان له‌وی ضمناً قسه‌تان له‌گه‌ل دکتور
کرد وه . وه‌ئه‌گه‌ر بتوانم بگه‌ره‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی تا ئه‌مرۆ لیره‌ کۆتایه‌ وه‌ قسه‌ی
ته‌واو بکه‌ین وه‌ ببینمه‌وه‌ ئایا ئه‌وان وه‌ضع ئه‌یه‌ له‌گه‌ل بزوتنه‌وه‌یان وه‌ کو
لێژنه‌ی تحقیق ئه‌ینێره‌وه‌ . وا لیره‌ چاوه‌ڕوانتانینه‌ وه‌ ضمناً هه‌موشتانه‌ نوسراو
نانوسریت که‌گه‌رانه‌وه‌ به‌ تفصیل قسه‌ له‌هه‌موی ئه‌که‌ین .

۷ - نوسراوی فضیلتان وه‌ ڕیاره‌یی وه‌ڵامی به‌گشتی نوسیوه‌ تقاریه‌ له‌وه‌ی بینه‌ لوی
براده‌رانه‌ وه‌ زیاتر به‌ تفصیل هه‌موجاره‌ وه‌ نه‌یکی سیکرتیر وه‌ئه‌گه‌ر تیاروه‌ گراوه‌ته‌وه‌ .

۸ - به‌راستی سه‌رۆکه‌تان بو ئاوه‌ڕیانه‌ به‌ زیاده‌یی ئه‌زانیه‌ به‌تایبه‌تی
له‌م زووه‌دا . له‌ره‌وه‌ هاسه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌یه‌ که‌ بوشتان له‌م کۆبونه‌وه‌دا
زور پیویست بو . ئێستاش بوشتان له‌یره‌ زور زووه‌ چونکه‌ کاتی ئه‌نجومه‌ن
بو باردیان به‌ڕێ قرارما کۆبونه‌وه‌ . وه‌ کاک فائه‌له‌ ره‌وه‌یه‌ . وه‌ ئه‌گه‌ری
سیاسی بلیغ ئه‌دا ئێمه‌ بزوتنه‌وه‌یه‌کی ناصیحی . سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ش زور شتمان
له‌یه‌ پیویسته‌ ئاماده‌ بکریت بۆکۆبونه‌وه‌یه‌ ئاینده‌ . له‌به‌ر ئه‌وه‌ زور
به‌تاکیده‌وه‌ داوای لیکردنه‌وه‌تان ئه‌که‌ین . وه‌ ضمناً ئه‌گه‌ر دکتور محمود ئیش
له‌گه‌ل فوتالی بهینه‌وه‌ زور باشتره‌ بو ئه‌وه‌یه‌ له‌گه‌ل ئه‌وانیش گه‌یشتبینه‌
له‌یچه‌ .

ئینجا له‌کوتاییدا هیوامان وایه‌ کاتیکی خوشتان بۆ دیته‌سه‌ر له‌گه‌ل براده‌ران
له‌وی وه‌ زور سلاوه‌ دینه‌ماله‌یه‌ بو کاک محمد و دکتور . ئۆاز وه‌هه‌مو
براده‌رانتر .

سلاوه‌ دینه‌ماله‌یه‌ بو دکتور محمود . له‌ره‌یه‌

هه‌ژاتان

ماله‌ئاوای

۱۹۷۸/۱۰/۱۱

برای تیکوشه رو هنوشه دیتم گماکم د. فوتادی به ریز
ـــــ لاویکی شورشگیرانه ی گرم

ستادی وسه رکه وتنتانم داوایه وئیمه ش باشیین. نادری ۱۴/۹ ئان
گه یشتن زور سوپاس. واده زانه که یه تی له هواره وه نیشانتان نه دری!
① وه زعی ی. ن. ن. له بگشتی زور سه وله باشیه. له بری سیاسی و جه ماهیریوه
به لام ئیمه خوعان مات و ضقیر کردبوو!! وا ماوه یه کی که وتوینه ته هنوسان،
ئیمه له هه مو ریکخراوه کان به لازمار و ریکخستن و نفوذی جه ماهیری زیاتر ین،
هاتنه وه ی هندی هه قالی ده رچوه ش کارمان زور باشتر نه کات.
② گوشه کردنی تیارات له هنویا نه وه و به یارمه تی ئیمانان و پروژه ی
(هنری تیارات) وه ئه بیت. پیشنیاره کانت هه مویان به سنده
گماکم نه وه ش و برایان کمله یشن له یاده پسندبوون. ئیمش قبول نه کرد
ره فتاریان تی بکه ن. ③ له سه ر ی دکتورا یاغیشت وه. به راستی دکتور ئیسته
زور باشه. ۲ مانگ نور ریکیه. له سه ر هه مو شه ئه سایه کان ریکیه.
هاویشتی له ی. ن. ک و خه تی گشتی زور باشه. ئیسته زور جیاوازه له
هه له سه ول به کو له ه ندی براده ری هوشیاره. به راستی دکتور زور
به لاسه زی و مه عقوولی و به روشه وه ملی داوه ته هه رباتی له گه لمان.
جا من دکتور به شخسیه تیکی کومه لی ئیکوشه ر ئه ده مه قه لهم، گه ر تاگر و
هنزیشی نه بیت هه ر خوی شتیکی زور به که لکو پیویسته. به راستی
زور یشی تازاوه نه به زو جه دایه. زور یشی قالیو و هاوژه له گه ل ی. ن.
ئیسته ش سه ر دکتور زور یکین تا نه ی نامه کانتم نیشان دا
بوئه وه ی بزانی که ئه ی (مکاله) و (جه ماوه ری) ی انطباعیکیان داوه
به ئیوه. به راستی دکتور زور له توش رازی یه و دلی نور بیت خوش.
بویه تکایه هاویشتی له کار و هه لسوکه وتی له گه ل سه رکرده کان،
ئیمه ته نانه ت بو سائیلی ده ره وه ش ئه سیه مان به دکتور ده یه ین. که له ی
دوایی ره سوول دیسان لیمان ها ته وه شتی و بزوه ته وه که وته وه
هه لبوته قه لاقی جه ربه له گه ل ی. ن. دکتور زور (صلب) ره باش
له ره یاده وه ستا، وه به ته واوی پیکه وه یکان گرته وه. به راستی
هه لویستیشی له بزوتنه وه که گرنگه و یادگرمان لی کرا وه که ی
نه که ا شه. باشتریش له سه ول گه یشتوه و زوریش

ملتزمه بود اتفاقاتی که بود ماند. بویه تکایه دکتور وک گلخانیکی هزبای و
یه‌له و نزیکیکی زور له‌هزمان (له ظ تی هزمان) حساب بکه‌ن.
بوبونه‌یه وه‌ئه‌یخه‌سه‌وه بیرت که یارمه‌تی مالوه‌یان بده، وبه‌قسه‌ی
هوجان نه‌بیت بقسه‌ی خه‌لکی تر باوه‌ر مه‌که بهه‌لانا صحیحیشه وه.
نیسته من وکان دکتور وکاکه‌سه‌وه بیکه‌وه (واده بیکه‌وه) کارئه‌کرین
ریلوکراوه‌کانی، ن. له بیکه‌وه ده‌رئه‌کرین و زور متالاتی دکتوری
تیدایه. به‌راستی نیسته وه‌ک یه‌له خت بین واین. تکایه
توشی ئه‌مه بکوبینه له‌قه و دوانتا له سه‌ر دکتور محمد.

٤) ئه‌و دوونامه‌ی نامه‌بووم ئه‌بوایه هه‌ر براستیشه‌وه که‌مان بگه‌ییشن. ئه‌وان‌ترش
زور باشه که ئه‌مجاره باش بوو وه. شیرینتمام به ٣٠ش بده وبه‌یوه‌شدی
بگه‌ل به‌هیزبکه. ئه‌م زانی کابرای‌تر کابووه که کتیبه‌کوی وه‌ک کاکه سه‌ور ولیه!
تکایه شتم رونتر بو بنووسه (مع مزید من التفاصیل والشروح والبیان!)

٥) ئیمه‌ش علاقه‌مان زور باشه له‌گه‌ل هیزه شوڕشگیره دیمکراته‌کانی سه‌ر به‌ی.
دوو ریکخراوی کوردیی‌ی هه‌یه یه‌کیکیان وه‌ک کومه‌لی هزمانه به‌لام ڕیزانه‌تر و
به‌استقلالتر، وا دیاره به‌هیزیشن. تایستا (ده) هه‌زار دینارمان بو نارد بوی
بگه‌ل بایین هه‌زار دینارتریش به‌هاره‌وه ده‌ستی ئه‌گه‌ن. بگه‌ل هیزه‌کانی پیشمه‌رگه
هه‌یه و یارمه‌تیمان ئه‌ده‌ن. ئومیده‌وار زور زیاتریش ببیت.

٦) وه‌زعی ئیران زور شلوقه. هیزه دیمکراته‌کان وبه‌شکه‌وتنخوازه‌کان زیاد ده‌بن.
بزوتنه‌وه‌ی شوڕشگیرانه له‌گه‌ل شه‌کردن و هه‌لچوون وا به‌ره‌و پیش ده‌ڕوا.
زور جیگای ئومیده. نیمه‌ش نامه‌مان بو جبهه‌ی ملی و آیات عظام
نارده‌وه به‌ناوی (ی. ن. ك) وه. به‌گشتی دلمان به‌وی خوشه.

٧) بوشتن هیناس ئیوه گه‌ر بیگه‌ییننه سنووری قه‌ره‌غان ئه‌وا
هیناسی زور ئاسان ئه‌بیت. نیمه له ویوه چه‌ند جار هاتمان ده‌رچوو کردوه.
شیخ سولیمانی براس ماجد محمد بو سه‌ردانکردنه‌وه هاتبوو ده‌ولسوویله که‌ی
یارمه‌تیمه‌یه. گه‌ر بچه سنیت ئه‌وا سنوورمه‌که ئه‌کوییته وه دوستمان
نیسته نامه‌که‌ی ماکه سه‌ور تان بو نه‌نارده‌وم که وه‌کمال باس کرد بوو؟

٨) نازانم بوچی تا

٩) تکایه له‌گه‌ل جبارس زور بهم بن. گه‌ر ره‌فتاری هه‌یه ئه‌لی گرن
تاکو دیته‌وه نیمه لیره قسه‌ی له‌گه‌ل ئه‌کرین. بیژه‌ش نه‌خشی
زیاتر دیمکراتی بن و سنگنان فره‌وان‌تر بیت بو ره‌فتار.

۹) تکایه له نارد ی بروزه ی پروگرامی ی . ن . ژ به کوردی دلگرل ببو دکراوه کانی
تری هوتانه ده ربخی مه کن . به تایبه تی پروگرامی به کوردی و بو کاروبکان نه وربا
۱۰) کامیره کان گه یشتن زور باشه . زور بیشم "ی هوشه که پاره کانی به شیوه
نیه هاوده و هه لگیراوه . تکایه به یه له بومان بنیرن چونکه زور پیویسته .
۱۱) هاشنوه ی عاده اسالار ما د گه مال هوشنا و ا گه ریم فیلمی زور پیویسته .
هزر یا تو وکاله عه مه ریش بو سه ر دانیلوه نه هاتن و نه گه را ینه وه یا ن ؟
به چاوی هوتان ستت ببینن زور باشتره له بیسه و گوتن ! .
۱۲) نامه ماله بو عباس و خوش و نزمو نزسیوه بینیه وه . هه رچی نه ضافه ی هه
لی تان یا هن بوو بیخه ا تاق له گه ل بکه ن .
۱۳) زور سلام له نه بو جه نگو نه کرم ، زور سوپاسی بکه به ناوی نیمه وه . خوش
به تمام نامه یه کی بو بنوسم . ۱۴) سلام له نه بو ئیسماعیل نه کرم . نامه کم
بو ناردبو . ۱۵) زور سلام له نه بو زیاد نه کرم . "ی ی بلی ما هه رچه
پرس حالی نه زانم به و زمانه نامه یک بو نه نیم ، تکایه بلاوه ی بکه ن
۱۶) بلاوکراوه کانی جماعاتی عراقیان بو بنیره ن (وه ئه لفاعده) هی تیت وه هم
نیه هامه ته کانی تر) ۱۷) چونتان بو کرنگره ی پاریزه ران زور باشو
به لام نه بوایه حکومه تیک بنیره ، کاک عومه ر ، زیاد ... هیته .
۱۸) شیله سه ر مفاوضات ره شیان وه ک خویه به لام به ئیجابی نه وه
چونکه هزباتی سیاسیش وه ک عسکه ری پیویسته .
۱۹) تجمع هه ته گه شه بکات و ببیته ، ببیه گه نج و تا ارض الرلمن .
نه روه ها نامه مان بو بعث لیبار و کاکه سوور نوسیبو
ئیواوام پیتان گه یشت ۲۰) تکایه به تفصیل له سه ر
دوسته کانی ما و اسکندر و ارشاد سوریه و کاکه سوور و نه وان
راپورتمان بو بنوسن . ۲۰) بیشمل زور زه روری نیه . رادیویه کم
زه روریه ، نه و جهازه ی لای هوتانه ساده ن و بو ما ف
بنیرن ! لیره هومان که لکی لی وه رنه گرین . ۲۱) نامه کانی
دایکی قه باد و شمره کان گه یشتن که پیشتریش بو مان هاتبوون .
۲۲) دلنیا بن له (مسعود رقشه) نیمه و له هوگرتن و سه رکه وتنان
چاوه ری شوان و فه شکه کانی ماهه نه کرم و نیمه ش ماتم له یه
بو دایکیان و نیته که سه ربکن بو
سلام له دکتور عه لی و هه موبرایان نه کم)

١٩٧٧/٩/٢٥

هەڤالانی ئیکوشەر ئە نژاعاتی کومیتەی سەرکردایەتی
سلاو دیکی شۆرشگێرانە (لە دەرەوە)

شادی و سەرکەوتنتان بە ئاوات ئەخوازم.
وا دکتور عەلی مان نارەوە بو یەلەکردن لەو کاروبارانەی
خوارەوە تکایە بە یەلە بومانی بنیرنەوە.

① جی بەجی کردنی هەموو بڕیارەکانی کومیتەی سەرکردایەتی
بەندە بە هاتنی چەکو پارەوە: بەتایبەتی چەک چونکە
هەموئە رکو پلانەکانی لەسەر بەندە. بویە نەدەبوایە
ئەو دوو مانگە بەفیرو بدەن وەهیچمان بو نەنێرن
چونکە ئێتە (٣-٤) هەفتەماوە پێش ریگە گیران.
بەتایبەتی چونکە ریگەی صلاح ریگەیەکی باش بوو، دەبوایە
کەلکی لێ وەرگرن. هەروەها دەبوایە زور زووتر مصطفی
هوش بەری کەنەوە، چونکە هەرچەندە ئەو ئیشیکی
زور قورسی کردوە کە ریگەکەی بەکامان نەگوتوەتەوە، بەلام
نرخی قورێ و چەوتی هەلویستی ئەو نانی شۆرشەکە
بیدانەوە!. هەرچونێ بێت تکایە بە ① ریگەی صلاح دا
② ریگەی مصطفی ③ ریگەی پارتی کوردستانی ئێران
④ ریگەی یەزیدیکانی خزمی شیخ حسین ⑤ ریگەی
برایەکی کاک موحتەرەم، بە یەلە چیتان لێ بەرەوستە
بومان بنێرن لە: کلاشنیکوف و دوشیلەوئاژەنی
گرینوف و رەشاشو وفیشەکو ئەلغام. تکایە
تکایە، تکایە یەلەبکەن. وەلەسەر یەلە ریگە یەکی
ریگەکانی ترەخەن. وەهەرشتێکە بەتەمای پارتی بەجێمەهێلن.

(٢) بەشی یەکەم لەو بارەیەوە لای ئیوە یە لەگەل دکتۆرەکەی، دکتۆر کەمال خۆشناوا بنێرن. بەشی یەکەم تاکو سەرەتای سالی کە دەکاتە (٢٠٠٠) هەزار. گەرلێی گەلی ئەنەیوە تقایە ئەم جارە نەبێت. خۆتان باکاکم حەسەن بکەن بۆ بخوا بە ریگەکەی لەمەر سەلاح و درەوەدا. لەو پارەیە (١٠٠) هەزارەی بەدینار بنێرن و (٢٠٠) هەزارەی بە مارک. تقایە زۆر ناحەکەم بدەنە (أبو جهاد) کە کاک حەمەد پاشی ئەناسێ بۆ جی بەجی کردنی ئەم هەسەلەیە. هەواڵەکەمان ئەلێ (٥٠) دینارەی بۆ ئەگینا بەکەڵکی نایەت.

(٣) تقایە تایپێکی فارسی (بچووک) بەرگ ناپلۆنەکەمان بۆ بنێرن. رۆنیۆیەکێش بکەن بۆمان بنێرن لەگەڵ دەرمانە کانی دڵی خۆتان. بیان نێرن بۆلای یەزیدیەکان هەسەن نەرمۆ لەوێیە وەریان ئەگرێت.

(٤) تقایە چی لەبەردەستە هەشوارت بۆمان بنێرن. نەدەبوایە دەرچواندی (الشارة) ئەوەندە دوا بخەن. پاشان بۆچی ئیوە عەقڵیەت بەدیهایە ئەوەستێنن؟ لێرەوە گەر موجب بابۆمان ئەنوسێ عەقڵیەت زۆر وەکەن. بۆیە زۆرم لاسەیر بوو کە کاکە فۆئاد بۆکاکە نەوەس نوسیوە ئیلی (الشارة) یان راگرتۆوە لەسەر کفتۆگۆلای ئیمە لەگەڵ ق.م. بەڕاستەدەبوایە دەمێک بادەرێش چەبادەو نەدەبوایە دواخرێت. نوسراوەکانی لێرەن پێویستن: الاتحاد لماذا؟ بارەی ئیستا خەباتمان؟ الشارة؟ ڕیبازی نوێیەو بەزووی.

(بیرەوەری ١٤ ساڵە)

تێبینی: بیانی یەکەمی یەکێتی، هۆڵی ئۆرەی ئەیلول، ساڵی ١٩٧٠
بۆ ئەو هاوڕێیانەی (دوای یەکگرتنەوەی بەعس) لە کۆڵ
چەندین هێڵی حەشیمەتی الثورة و دریبازی بۆی (هێڵی وحدة
الصف الوطنی الکردی -- دەهێڵەکەی ئێمە جارەکی لە سەرئێسکا و
ئێران (هێڵی حزبی دیموکراتی کوردستان) شکێنن)
لە گەڵ (ولقد اتینا موسی الکتاب) وەچەندەی ترێ ئیوە پەیوەندی
ئەکەن) لە کاسێتی جوانداوە، هێنانەکەی کاکە شێخ مووسا
پێنگەیزی لەبەر کردبو) چاپی بکەن. بەڵام زۆر بەگرنگی
وە بۆمانی بنێرن. ئەمەمان بۆکاکە عادڵ لیشانبۆ بنووسە
تێبینی گەرکەدوێتی باپەڕەی لێ بڵا. وانەلێن ئاگادارین.

⑤ تێبینی لەمەودوا لە ناردنی چەک زۆر زۆرتر بێ لە بڵێن.

⑥ نامەکەم بۆ (الاخ العقید) بنێرن باشە. باشتر
ئەوەیە بزانن برادەرەکەی (ابو أمین) کێیە ئێمەی ئەیناسێ
بە نامەیەکی هۆیەوە. ئەگینا هۆشتان بێنێرن.

⑦ نامەی بنووسن بۆ (عالی عامان) داوایی یارمەتی بکەن
وە بەزووبی بۆیان بنێرن بەهۆی کامبراکەی بیرۆتەوە.

شێرکۆ بێکەس

بۆ ی دڵسۆزی

جەلال تالەبانی

سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

۱۹۸۷/۹/۲۰

برای خوشه ویستم د. هلوی

سلاو یکی شوشگیرانه ی گهرم

شادی و سهرکه وتنتانم داوایه وئیمه ش باشین.

نامه ی ۸/۷ تان پیرگه یشت. ئه جاره یان نیزوته سهل بوو سوپاس.

بهم نامه یهم دهعوه یی لهم شتانه ی خواره وه ئاگادارتان بکهم:

۱- بلاغه کوردستانیه که ی کوبونه وه ی ۸/۵ تان به هوی کاکه عهزیزه وه گهیشت: ئیمه وهه مو هاوکاریمان زور کالوکرچ و ناته واو بوو. ئیمه وهه کا زور ناره زین له هیشه کهتان بو سهر (الاشتراکیه الدولیه) و له هه ولتان بو به گشتی. هیوادارم ئیمه ده میکه ئه وکاره مان گواستوته وه بو وولات؛ له وولات له سهر ستوان (الاصناف العاملین) تا ئیستا چه ندین کوبونه وه مان بوکردوه. بویه ئیوه چیکه لهم جوره کوبونه وانه به شداری هه کهن. هونکه له وولات ده کری به به شداری هه کا شی. هه موتان له کوبونه وه یی ۹/۱۷ دا هیوادارم که بلاغه که ئاماده بکهن (کاتی لم یکن) - بویه توش له گهل چوونه سهر له که ی ۱ و ۲ ی پیشنه ره نگه ئه ویش هه مان تعلیماتی) بو بیت.

بو ئاگادارتیان لیره کومیته یه ک پیکهاتوه بو ئاماده کردنی (وثائق) ی کوبونه وه گه وره ی یه که که هه ولده ده ین له نیهایه تی سالدا بیگه ین، دیاره له وولاته ئه به سهرئه چی. بو ئه بوچه نگوش هه ولده ده ین ابو سعود نامه بو ابو عمار بنوسیت تا بیینیریت بو مان له وولات.

- هاتنه وه ی د. عمر شیخوه س بو ده ره وه جیمان بکهم (شتیکی هه ر هوت) ئیمه هه ر ده مانی تر زور زور زوریسوله ته. تکایه هه ولده ن

بەم دوو شەرتەی خوارەوە، بچوتارن و وەرەوە: ١) - ئەرنینەکان وەک بەرەن کە ناگیرێت ٢) - بەو مەرجەی ئامادەکەیت وەیشی بلیم بچو. ئەگینا ناڵێ بچیت نەوەکا بتگرن. چونکە زۆر بێ ئامان زۆریشن. بێ بارو بێ وەعدن.

٣ - ئیستگەیەک مان بوکدن، مودیرن بێ، ئەمیرن فایەرس لەگەڵن بێ (١-٢) کیلو بێت، بچوون بیت یا بەهوس نەسرین یان بەهوس ئامۆزادە بوەڵ بنێرن.

٤ - چوارسەد لیرەگەڵ ئامۆزادە، سەد لیرەگەڵ نەسرینەوە گەیشت. هەوێ بەوندا بنێرن بوەڵ: کاکەلیان ئیستە ژمارەی پ.م لە ئەشکەوتەرا کردووە، ٢ بنکەر جارێ شتگرانە، مەسرەف زۆر زۆر زیادی کردووە، ماڵمانە لە (١٥٠) هەزار دینار زیاتر مەسرەفمانە! زۆریش پارە قەرزارین: (٥-٦) ماڵێک لە هەولێر و (٣) ماڵمان لەسەرکردایەتی ئانزووقە نەداوە. جگە لەمانەش وشتی تر، بۆیە زۆر زۆر تەنگانەن لێی وەکەم هەمو پارەکە، بێلێ هەوس بێ گەڵەنە بنێرن بوەڵ، زۆریش بەپەلە. بەهوس نەسرین وئامۆزادە بۆیدەتی ئەمسایش. بچوونە سەر (هاوێژ). منیش لێرەوە نامم نوسیوە بۆی و داوام لێ کردووە. بۆهینەکەی لای فەرۆرێ ئەسلەعیش و ئەسلەحی هەلیان بێ چێت. تکایەشم ناڵیە شێ بوبنێرە بەپەلە.

٥ - (جوود) لەناوخۆیانداز زۆر ناتەبا: هەمو زۆر نازارین و زۆریش پەستن لەبەرهاتنی (مەریانی) ئێمەوە. نازارین لەنیوان وەکوقسەیەوە. زۆریش بوونەتە بیلوس هەرێن. لەگەڵ هالی نەسرین بەینیان زۆر خراپە.

وشه به که یه‌کمان بو بکرن ، به‌تایبه‌تی ئیسته به هوی مالی نه‌بوونی
ئاموژاوه پیمان ده‌گات : تکایه مشوری بخون . رێز
۱۱) - ده‌نگوباسیه ده‌ره‌وه ، فعالیاتی ئه‌ورویا هه‌ر یه‌ک وه‌ک خوینده‌وار
ئه‌وه‌ی روژنامه‌کان ده‌ینووسن بعه‌ک بینین ، به هوی
مالی نه‌بوونی وئاموزاو وکویخاوه ده‌گه‌ل .
۱۲) - جله‌یه‌کی شه‌هری ده‌رکه‌ن : ده‌نگوباسیه‌وه‌لات له‌ئه‌ورویاوه‌ده
+ ده‌نگوباسیئه‌ورویا + وه‌رده تعلیقاتی هه‌وتان + مقابلات
وشتیتر . هوت سه‌یه‌رشتی بکه‌ و که‌لک له‌ناصر و برایانی
ئه‌ورویا وه‌رگرن بو ده‌رچوندنی . لیره ئه‌مه‌ره‌ی یه‌کم‌ی شماره
ده‌وسه‌ل روژی‌تر ده‌رده‌چیت : ئیتر هیوادارم نه‌یسیته‌وه :
۱۳) - له‌وه‌لات ئیمال چه‌ندین ئه‌مه‌ره و پیمانی نوی ، + کومله‌ی بنوسته‌ری
+ رابه‌رین ، چه‌ندین نامیلکه و بلاوکراوه‌ی ده‌رچوون : هه‌ولده‌ده‌ین
بوتانی بنیرین . ئیوه‌ش هه‌ولده‌ن له‌ئه‌ورویاش شتیک
ده‌رچیته‌وه وه‌ک جاری جاران .
۱۴) - وانیم نامه‌ی بوقه‌د بو مه‌سه‌له‌ی هوتان و داوای پاره‌ی بو
هه‌ر بوله‌ین هه‌زار جه‌ک : ملیونیک دولار به‌لای که‌مه‌وه داوا که‌ن
بلی بوچی پاره‌که له‌بانکی بیت و پیمه‌ر گه‌ش نه‌گاته‌ ده‌ستی
قه‌ره‌ترێش .

ئیتر هه‌ر ئه‌مابو برادەرتان

ئه‌مه‌ی کۆتایی

شیرکۆی الجواهری - نامه‌که‌ی بوهۆم - له‌گه‌ل
یادداشتیدا - شه‌ریفه‌که‌ی مظفر که به‌ده‌نگی هۆی بوهۆمانی تحویل کرابوو -
ڕاپۆرتی لیبیی زۆری شیدایی وشه‌ره‌ی هۆی له‌نیوایه‌تی - بنیرین بو ئه‌م

بەم جۆرە بەرگی یەکەمی کتێبەکەم تەواو کرد، لەوەش ڕەچاوی ساڵ و ڕووداو و کەسایەتی و شوێنەکان نەکراوە. بەرگی یەکەم و دووەم پێکەوە یەکتری تەواو دەکەن! هەردوو بەرگ بەیەک هەناسە، بە یەک داڕشتن و ڕێنووس نووسراون، هەردووکیان سەرچاوەکانیان دەفتەر، بۆچوون، نامە، پەیڤەکانی "دکتۆر فؤاد معصوم"ە.

PREPARATION AND EDITING
SHERZAD HEINI

THE FIRST PRIME MINISTER OF KURDISTAN

لەبەر زۆریی، گەورەیی و پێویستیی هەنووکەیی، دیمانە، ئەرشیف، دەفتەر، ڕۆژانەکانی دکتۆر فؤاد معصوم. ئەو لاپەڕانەی لەو کتێبە سوودیان لێ وەرگیراوە، یان ناماژەیان پێ دراوە، کتێبەکە گەورە دەرچوو، لاپەڕەکان زۆر بوون، بۆیە بڕیارمان دا بیکەین بە دوو بەرگ، کە یەکترییش تەواو دەکەن، هیچیان پاشکۆی ئەوی تریان نییە.

ئەو دەق و نووسینانەی پێویست بوون بڵاو بکرێنەوە، وەک خۆیان دانراون، بەڵام کەمێک دەستکاریی ڕێنووس و خاڵبەندییان پێویست بووە، هیچ دەستکاری، هاوێر، بژار نەکراون.

لەو یادنووس، بیرەوەری، هەڤپەیڤینەدا، ناو، بابەت، ڕووداو، ڕاستییە نوێیەکان... ئازایانە، ڕاشکاوانە، یەکەم جارە بڵاو دەکرێنەوە.

15,000 IQD
9 789922 709420

فام
دەزگای فام
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

FAM PUBLICATION
+964 750 773 71 76
FAMpublication
info@fam.pub • www.fam.pub

COVER DESIGN BY
Bavan Rebwar